# شەپۆلی چوارەم

رامین جهانبەگلو

# شەپۆلی چوارەم

وەرگێڕانی

مەهدی خوون دل

پێداچوونەوە و بەراوردکردن

سۆران بەها ئەحمەد

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **شەپۆلی چوارەم**
- **نووسینی:** رامین جهانبەگلو
- **وەرگێڕانی:** مەهدی خوون دڵ
- **پێداچوونەوە و بەراووردکردن:** سۆران بەها ئەحمەد
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** ئاسۆ مامزادە
- **چاپ:** یەکەم ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ٩١٥
- **نرخ:** ٣٠٠٠
- **تیراژ:** ١٠٠٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٣٨٨)



هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com




**پێشکەشە بە هاوڕێی شاعیرم**

**ئیقبال موعتەزیدی**

**رامین جیهانبەگلوو**

**پێشکەشە بە هاوڕێی ژیانم**

**پەروین حوسێن زادە**

**مەهدی خوون دڵ**

# ناوەرۆک


پێشەکی .......... ٩

**بەشی یەکەم: مۆدێرنێتە و بەرهەڵستکارانی لە ئێراندا .......... ١٣**

مۆدێرنێتە و نەریتی دابڕان .......... ١٥

سیاسەتی مۆدێرنێتە و مۆدێرنێتەی سیاسی .......... ٢٦

نەریت و چارەنووسی مۆدێرنێتە لە پرۆسەی بەجیهانیبووندا .......... ٣٤

کورتە روانینێک بۆ چەمکی پۆست مودێرنیزم .......... ٦٥

مۆدێرنێتە و بەرهەڵستکارەکانی لە ئێراندا .......... ٧٢

**بەشی دووەم: نەوەی چوارەمی رۆشنبیرە ئێرانییەکان .......... ٧٩**

رۆشنبیرە ئێرانییەکان و تاکخوازیی دیموکراسی .......... ٨١

رۆشنبیرە ئێرانییەکان و نەوەی وتووێژی شارستانییەتەکان .......... ٩٣

نەوەی نوێی رۆشنبیرانی ئێرانی لە کێشە لەگەڵ میراتدا .......... ١٠٧

رۆشنبیرە ئێرانییەکان لە وەرچەرخانی سەدەیەکدا .......... ١١٢

نەوەی چوارەمی رۆشنبیرە ئێرانییەکان: ئیمکانی ئاڵوویری پشتبەستوو بە وتووێژ ... ١١٩

وتوێژی شارستانییەتەکان و بەرپرسایەتیی رۆشنبیرە ئێرانییەکان .......... ١٢٧

**بەشی سێیەم: گەلاڵەی پرسیاری فەلسەفی و پرۆژەی رۆشنگەری .......... ١٣٣**

مۆدێرنێتە و گوتاری رۆشنبیران لە ئێراندا .......... ١٣٥

ئەقڵی مۆدێرن، رۆشنبیری و کۆمەڵگەی شارستانی .......... ١٥٢

رۆشنبیران و مۆدێرنێتە .......... ١٦٦

مودێرنیزم، کۆچبەریی نێونەتەوەیی و سکیزۆفرنیا .......... ١٨٢





ساناگیری و دوورەپەرێزی لە توندوتیژی .......... ١٩٠

گەلاڵەی پرسیاری فەلسەفی و پرۆژەی روشنگەری لە ئێرانی ئەمڕۆدا .......... ٢١١

وتووێژ لەگەڵ خود و ئەوی دی (لایەنی بەرامبەر) .......... ٢٢٣

وتووێژی سوقراتی .......... ٢٣٩

شارستانی بوون و هاووڵاتی بوون .......... ٢٤٥

**بەشی چوارەم: توندوتیژیی مۆدێرنێتە و جێگرەوەکانی توندوتیژی .......... ٢٦٩**

توندوتیژی مۆدێرنێتە .......... ٢٧١

نەبوونی توندوتیژی و حاکمییەتی دیموکراسی .......... ٢٨٢

توندوتیژی لە روانگەی فانۆن و گاندییەوە .......... ٢٩٠

جێگرەوەکانی توندوتیژی: دەلاقەیەک بەرەو سیاسەتی نا توندوتیژی .......... ٢٩٩

پێکەوە هەڵکردن و پلۆرالیزم .......... ٣١٧

ئازادی لە روانگەی «کانت» و «هیگڵ»ەوە .......... ٣٢٢

حەقیقەت لە روانگەی«نەسر» و «تاگوور»ەوە .......... ٣٣٠

لەوپەڕی پێکدادانی فەرهەنگەکانەوە .......... ٣٣٧

وتووێژ پاش یازدەی سێپتەمبەر (ئەیلول) .......... ٣٤٢

## **پێشەکی**

هزر، بریتییە لە ئازادی پێوەندی لەگەڵ ئەو کارەدا کە جێبەجێی دەکەین. واتە جووڵانەوەیەك، کە بەپێی ئەو جووڵانەوەیە خۆمان لە کارەکەی خۆمان جوێ دەکەینەوە و دەیکەینە بابەتێك و پاشان لە قاڵبی پرسیارێکدا ، بیری لێدەکەینەوە.

میشل فۆکۆ

**شەپۆلی چوارەم** کۆمەڵێك وتار و گوتار و وتووێژە کە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، لە ئێران ، ئەمریکا و کەنەدا نووسراون و پێشکەش کراون. ژمارەیەك لەم وتار و گوتارگەلە باسی مۆدێڕنێتە ، توندوتیژی، لێبوردەیی و دیموکراسی دەکەن و ژمارەیەکیش تایبەت بە مەسەلەی ئازادی، حەقیقەت، بەرپرسایەتی ، سیاسەت و وتووێژی کولتورەکان. بەڵام بەشی سەرەکیی ئەم کتێبە هەروەك لە ناوەکەیدا دیارە، بە کێشەی رۆشنبیری لە ئێراندا گرنگی ، بە تایبەت نەوەی چوارەمی رۆشنبیری ئێران. **شەپۆلی چوارەم** لە راستیدا ئاماژەیەکە بۆ شەپۆلێکی نوێ لە رۆشنبیرانی ئێرانی کە لە روانگەی نووسەری ئەم کتێبەوە کۆمەڵگەی رۆشنبیریی ئێرانییان لە ماوەی ئەم دەساڵەی دواییدا خستۆتە بەردەم گۆڕانکاریی مێتۆدناسانە و مەعریفەیی گرنگ. ئەم گۆڕانکارییە رۆشنبیرییانەی کە لە نێوان باسەکان ، وتارەکان و کتێبەکانی نەوەی چوارەمی رۆشنبیریدا خۆ دەردەخەن ، بۆخۆی ئەنجامی دوو هۆکاری گەورەی مێژوویی - کۆمەڵایەتین ، یەکەم: کۆتایی جەنگی سارد و داڕمانی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم و پرۆسەی بەجیهانیبوونی ئابووری و سیاسی و کولتوری. دووهەم کاروکاردانەوە کۆمەڵایەتی ، سیاسی و کولتورییەکانی کۆمەڵگەی ئێران کە پاش پاشاگەردانیی سیاسی ، ئاڵۆزیی بەهایی و بۆشایی ئەگزیستانسیێلییەوەیە کە شۆڕشی ئێران بەرهەمی هێناوە. شکستی هەڵچوونە سیاسی - حیزبییەکانی قۆناغی یەکەمی شۆڕش و ئەزموونی جەنگی عێراق، هەستێکی نوێی لە نێوان خوێندەوار و رۆشنبیرە ئێرانییەکانی دەیەی دووهەمی شۆڕشدا چێکرد. ئەمجارەیان ئیدی بابەتی



بە یەك شەو بوون بە پاڵەوان و گەڕان بە دوای ئامانجە خەیاڵییەکان لە ئارادا نەبوو، بەڵکو رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ راستییەکان و ئەو پرسیارە بێ وەڵامانە بوو کە مێژووی ئێران و هەوراز و نشێوە سیاسییەکانی لە بەردەم نەوەی نوێی رۆشنبیریی ئێرانیدا دای دەنان. ئەمجارەیان مەسەلەکە روونکردنەوە و شیکاریی رووداوە مێژووییەکان بوو نەك پاساودانی ئەو کردەوانەی کە بە پێی پێویستیی مێژوویی و یان بە پێی بڕیارێکی سەرو-مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەبوو بێنە ئاراوە. باسی سەرەکی هێنانەگۆڕی پرسیارگەلێکی جیددی سەبارەت بە مێژوو و کۆمەڵگەی ئێران بوو ، لە ئاراستەی رزگاربوون لە تابۆکان و ئەو دەمارگرژییانەی کە بۆ ماوەی نیوسەدە وەك دێوەزمەیەکی ترسناك قورسایی خستووەتە سەر ویژدانی چارەڕەشی رۆشنبیرە ئێرانییەکاندا. کە ئەمجارە ئەوەی خۆی بە گرنگ دەنواند، بەرگری لە حەقیقەتی رۆشنبیری بوو نەك پشتیوانیی چاوبەستراوانە لە ئارمانج یان پارت یان وانەیەك کە جگە لە مەرگ و درۆ هیچ شتێکی دیکەی بۆ هیچکەس بە دیاری نەدەهێنا. زۆربەی رۆشنبیرانی دەیەی (١٣٧٠)، کە توانیبوویان بەجۆرێك لەجۆرەکان خۆیان لە دەمارگرژییە ئایدۆلۆژییەکان رزگار بکەن ، بەم بابەتەیان زانی کە گەلاڵە کردنی پرسیارگەلێك سەبارەت بە شوناسی ئێرانی و مێژووی سیاسیی ئێران ، گەلێك گرنگترە لە وەڵامی لەپێشدا دیاریکراو لەمەڕ ئەم مەسەلانە. رەنگە هەموویان لەم بابەتەدا هاوڕا بووبن کە لاساییکردنەوەی چاوبەستراوانە و گوێڕایەڵبوونی مۆدیلەکانی رۆشنبیری بەس نییە و دووپاتکردنەوەی تووتی ئاسای وتەکانی مارکس و لێنین و یان لایەنگری لە هایدگەر و فۆکۆش گرنگ نییە ، بەڵکو پرسی راستەکی تێگەیشتنی قووڵی کولتوری رۆژئاوایە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکانی کۆمەڵگەی ئێران. بێگومان هەڵە نییە ئەگەر بڵێین کە ئەمڕۆ لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆشنبیریی ئێران هەڵدراوەتەوە و باسگەلێکی وەك دیموکراسی، سێکۆلاریزم، نەریت و مۆدێڕنێتە و بەجیهانیبوونی ئابووری و سیاسەت بوونەتە جێنشینی چەمك و بابەتگەلێکی وەك گەڕانەوە بۆ خود، دیکتاتۆریای پرۆلێتاریا، شۆڕشی کرێکاری و ماتریالیزمی مێژوویی. کۆمەڵگەی لاوی ئەمڕۆی ئێران تینووی ناسین و مەعریفەیە و بە دوای دەرککردن و هەست پێکردنی قووڵی بابەتە زانستی ، فەلسەفی و هونەرییەکانی جیهانەوەیە. رەنگە گەورەترین خزمەتێك کە رۆشنبیرانی نەوەی چوارەم دەتوانن پێشکەشی ئەم لاوە هۆگرانەی بکەن ، ناساندنی وردبینانە و دروستی رووداوەکان و داتاکانی ئەمڕۆی جیهان بێت، لە رێگای هێنانەکایەی میتۆدی بیرکردنەوە سەبارەت بە واقیعییەتی. بیرکردنەوە هونەری بەرگری لە حەقیقەتە، لەو کات و ساتەدا کە درۆ و تەزویر خۆی لە تەشك و سیمای سیاسەتدا بە هاووڵاتیان دەناسێنێت. چونکە لەوێڕا کە هەمووشتێك خراپە و رەنگی سیاسی بە خۆیەوە دەگرێت ، سیاسەت بەواتا راستەقینەکەی لە نێواخنی سەرەکیی

خۆی بەتاڵ بووەتەوە و ئەرکی رۆشنبیر لە بەرگری لە حەقیقەت لە بەرامبەر درۆدا ، گەڕاندنەوەی ڕێز و واتای راستەقینەی سیاسەتە. بەرگری کردنی رۆشنبیران لە پانتایی گشتی بە واتای بەرگری لە ئەزموونی ئازادی لە رووبەری سیاسەتدایە. ئەم ئەزموونەی ئازادی تەنیا لە پرۆسەی وتووێژیکدا دەلوێ کە تێیدا ئایدیا جۆربەجۆر و جیاوازەکان پێکەوە رووبەڕوو ببنەوە. پاراستن و پتەوکردنی بونیادی پلۆرالیست و وتووێژیی کایەی گشتی لە ئەرکە گرنگەکانی نەوەی چوارەمی رۆشنبیری لە ئێراندایە. چونکە بابەتی رۆشنبیر حاکمییەت لە رێگای سەپاندنی ئایدیاکان و ئەو نۆرمە رەهاگەلە رەتنەکراوانە نییە کە بەسەر کۆمەڵگەوەن، بەڵکو جەختکردن لە سەر چییەتیی حەقیقی رووبەری گشتییە لە رێگای بەرگری لە حەقیقەتەوە. بەڵام گرنگ هەستکردنە بەوەی کە حەقیقەت بۆخۆی بابەتێکی فرەییخوازە. بەرگری لە حەقیقەت بەرگری لە تاکوێژی، تاکخوازی و تاك هزری نییە. گەڵاڵە کردنی پرسیاری حەقیقەت لە بەرانبەر درۆدا، وەدەرخستنی پرسیارێکی چەند دەنگییە. هەروەك «هانا ئارێنت» دەڵێت: سیاسەت کەشوهەوایەکە کە مرۆڤەکان لەیەکتر خۆیا و دیار دەبن ، واتە بە واتایەکیتر لە قسە و کردەوەدا پێکەوە دەبنە هاوبەش. هەربۆیە بۆ «هانا ئارێنت» بە پێچەوانەی «کارڵ شمیت»ەوە ، بابەتی سەرەکیی سیاسەت پێکدادانی دۆست و دوژمن نییە ، بەڵکو سیاسەت ئەنجامی کرداری کۆیی ئەو هاووڵاتیانەیە کە لە رووبەرێکی گشتیدا لەپاڵ یەکتر دادەنیشن. تەنیا لە کرانەوەی جیهانێکی هاوبەشی لەم چەشنەدایە کە ئێمە دەتوانین دووبارە واتای تاکێتیی لەدەستچووی خۆمان بدۆزینەوە. لە هەر کات و شوێنێکدا کە شەڕ و خراپەی سیاسی دەتوانێ ئێمە بکاتە تاك گەلێکی خەیاڵاوی و بێ مانا، ئەرك و بەرپرسایەتیی رۆشنبیری نوێ نەك هەر پیشاندانی ئەم بابەتەیە کە چۆن میراتی هزری و شارستانی دەتوانن بۆخۆیان ببنە بەڵگەی وەحشیگەری ، بەڵکو بەرگرییەی لە پێگەی ئەقڵ لە بەرانبەر شەڕی سیاسیدا. هەربۆیە دەرخستن و شاندنی پرۆژەی رۆشنگەری لە ئێراندا لەگەڵ پرۆڤەی رۆژانەی دیموکراسی لە نێوان هاووڵاتیانی کۆمەڵگەدایە. رەنگە ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت کە نەوەی چوارەمی رۆشنبیری ، وەڵامە لەپێش دیاریکراوەکان وەلاوە بنێت و خۆی بۆخۆی ببێتە پرسیارێکی فەلسەفی. گەڕانەوە بۆ ئەم پرسیارە سوکراتییە «خۆت بناسە» ، بۆ ئەو رۆشنبیرە لاوەی کە ئەمڕۆ لە ئێراندا لە مەیدانی بیرکردنەوەدا هەنگاو دەنێت ، بەو واتایەیە کە هیچ وەسیەت نامەیەك چارەنووسی ئەوەی لە پێشدا دیاریی نەکردووە. رووناکبیرانی نەوەی چوارەم بەرپرسی مێژوویەکن کە بۆخۆیان دەتوانن ئەکتەرە گرنگەکانی ئەو مێژووەبن. ئەمەش بە واتای ئەوەنییە کە نرخێکی زیادە لە حەد بۆ ئەم نەوەیە دابنرێت ، بەڵکو جەختکردن لەسەر ئەو بەرپرسایەتییەیە کە ئەمڕۆ هەموومان لە بەرانبەر ناسکیی ئەزموونی سیاسی لە ئێراندا هەمانە و گوست راکێشان بۆ ئەم



کارەی کە ئامانج کردنەوەی چاوی هاووڵاتیانە نەك کوێرکردنیان. لەو سەردەمەدا کە رۆشنبیرەکان پێیان وابوو بە کوێرکردنی چاوی هاووڵاتیان یارمەتیی رەوتی مێژوویان داوە ، لە راستیدا هەم پشتیان لە مێژوو کردبوو هەم لەو هاووڵاتیانەی کە بە هاونرخێکی ئەوتۆیان بۆ قایل نەبوون. خەباتی ئەمڕۆی رۆشنبیرانی نەوەی چوارەم ئەو جیاوازییانەیە کە بەرامبەر مانەوە بە ژیانی ئێمە دەبەخشێت لە رووبەری گشتیدا. لێ خۆشبوون بە رەها مێژووییەکان. لەوێڕا کە بابەتی رەهامێژووییەکان لە گۆڕێدا نییە ، دەتوانێت یەك لە ئاسۆکانی روانینی ئێمە بۆ مێژووەکەمان بێت. رەنگە بەخشین ، نەك لەبیرکردن یەك لە رێگاکانی کۆتایی هێنان بە سووڕانەوەی پوچی توندوتیژییەك بێت کە رۆشنبیری ئێران گیرۆدەی بووە. بە وتەی هانا ئارێنت: «بەخشین هێمای کردەوە و ئازادییە» لە وێڕا کە دەسەڵاتی بەخشین نییە ، رق و قین لە گۆڕێدایە و رق و قین زادەی شەڕ و خراپەی سیاسیە لە رووبەری گشتیدا. بەرپرسایەتیی رۆشنبیران تەنیا خەبات دژی شەڕی سیاسی نییە ، بەڵکو پێشگرتن بەو شەڕەشە. ئەم پێشگرتنە تەنیا لە سنووری کراوەی باس و وتووێژدا دەلوێ ، واتە کەشوهەوایەك کە لە هەستی قین و رق و توندوتیژی بە دوور بێت ، بە وتەی **مارتین لۆتەرکینگ:** «لە رێگای توندوتیژییەوە دەتوانرێ بکوژێك ، بکوژرێت ، بەڵام ناتوانرێ کوشتن بنەبڕ بکرێت. لە رێگای توندوتیژییەوە دەتوانرێ درۆکردن بکوژرێت ، بەڵام ناتوانرێ جێگایەك بۆ حەقیقەت بکرێتەوە. لە رێگای توندوتیژییەوە دەتوانرێ رکوونی و قین لە دڵی بکوژرێت بەڵام ناتوانرێت قین خاشەبڕ بکرێت. تاریکی ناتوانێ تاریکی لەناو ببات تەنیا رووناکایی دەتوانێت کۆتایی بە تاریکی بهێنێت».

خەباتی نەوەی چوارەمی رۆشنبیریی ئێران لەگەڵ رەشبینیدایە نە لەگەڵ ئەو رەشبینانەی کە لاپەڕەکانی مێژوو پڕ دەکەنەوە. خەباتی نەوەی چوارەمی رۆشنبیریی ئێران بۆ رووناکایی و رۆشنگەرییە کە گەڕان بە دوای حەقیقەتی لەگەڵدایە. بابەتەکە لێرەدا گەڕان بە دوای حەقیقەتدایە نەك بەدەستهێنانی. چونکە بە وتەی **ئاندێرەژید:** «دەبێ بڕوامان بەو کەسانە هەبێ کە بە دوی حەقیقەتەوەن و خۆمان بە دوور بگرین لەوانەی کە دۆزیویانەتەوە».

بەڵام بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتانە قەرزداری هاوڕێ خۆشەویستم **مەنسووری گودەرزیم** کە ئەرکی وەرگێڕانی ئەم بابەتانەی لە ئەستۆ گرت. هەروەها بە پێویستی دەزانم سوپاسی خۆم ئاراستەی دایکی خۆشەویستم **خوجەستە کیا** و دەزگای بڵاوکردنەوەی «نەی» بۆ پێداچوونەوەی بابەتەکان بکەم.

واشنتۆن، پووشپەڕی ١٣٨١

## بەشی یەکەم:

# مۆدێرنێتە و بەرهەڵستکارانی لە ئێراندا

## مۆدێرنێتە و نەریتی دابڕان

«پۆل ڤالێری» لە نووسراوەکەیدا لەژێر ناوی «دۆخی بۆدلێر» دەنووسێت: «مرۆڤی مۆدێرن کۆیلە و بەندەی مۆدێرنێتەیە». مەبەست ئەوەیە کە مۆدێرنێتە بووەتە چارەنووسی ڕێگەلێنەگیراوی ئێمە. چارەنووسێك کە وەك ڕووداوێکی بوونناسانە پێوەندیی نێوان **مرۆڤ و جیهان** و **مرۆڤ و مرۆڤی** گۆڕیوە.

ئەم چارەنووسە هەمیشە لە شێوەی **شەڕێکی بەردەوام** (شەڕی نێوان نەریت و مۆدێرنێتە) و بزاوتێکی بێ پسانەوە و هاوشانی یەکدی، هاتۆتە پێش چاو کە بە وتەی مرۆڤناسی فەرەنسی **ژۆرژ بالاندیە** نا ڕەهایی و نادیاریکەرێتیی لەگەڵدایە. ڕەنگە هەر بەم هۆیە بێت کە بە وتەی **ئۆکتاڤیۆ پاز** «مۆدێرنێتە بەردەوام تەشکی و شێوەی خۆی دەگۆڕێت و ئێمە هیچ کات ناتوانین بە دەستی بهێنین.»

مۆدێرنێتە **نۆژەنکردنێکی** بەردەوام بە واتای هۆشیاری لە دەسپێکردنی سەردەمێکی نوێیە.

بۆ تێگەیشتنی ئەم بابەتە دەبێ بۆ چاوگی دوو وشەی «مۆدێرن» و «مۆدێرنێتە» بگەڕێینەوە. مۆدێرن لە وشەی لاتینی (modus) وەرگیراوە بە واتای **پێوەر** و **هاوکێشی** و هاوسەنگی. **Modo Modera Modus**

**نوێ هاوکێشی و هاوسەنگی مۆدێرنبوون بە واتای نوێ بوونە**، بەڵام بە ڕەچاوکردنی پێوەری کات، بەواتای هاوچەرخبوون، بەڵام بە هۆشیاری و هاوسەنگی بەرامبەر سەردەمی خوێ.

لێرەدا سێ بابەت لە چەمکی گشتیی «مۆدێرنێتە»دا گرنگن:

**١- بابەتی کات** - هاوچەرخبوون

**لۆیی ئاراگۆن** لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «پێشەکییەك بۆ ١٩٣٠» لە **گۆڤاری شۆڕشی سووریالیستی**دا دەنووسێت «مۆدێرنێتە کارکردی کاتە».

**٢- بابەتی نوێ بوون** - کە مۆدێرنێتە لە مۆد نزیك دەکاتەوە، چونکە مۆد دیاردەیەکە دەبێ هەمیشە تازە و نوێ بێت. نوێخوازی و نوێبوونی هەمیشەیی دەتوانێت ببێتە شێوە و شکڵی وەهمێك. **وەهمێك** کە نیتچە وەك «گەڕانەوەی وەکیەکی» ڕەخنەی لێدەگرێت. یان **والتێر بێنیامین** لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی passagenwerk وەك ژەهرێك باسی دەکات کە لە هەموو چەشتێك بۆ ئێمە گرنگتر دێتە بەرچاو و ئێمە هەر جارەو ئەم ژەهرە زۆرتر دەکەین.



**٣- بابەتی هاوسەنگی و هاوکێشی** - مۆدێرنێتە هاوسەنگییەکە کە لەگەڵ ناهاوسەنگی و دابڕان دایە. وەك **ڕۆلان بارت** دەڵێت: «مۆدێرنبوون، یانی زانینی ئەو شتەی کە ئیدی مومکین نییە.» بە واتایەکی‌تر، دابڕان لە ڕۆحی مۆدێرنێتەدا جێگای خۆی کردۆتەوە. دابڕانیش هەم دەبێتە هۆی پێشکەوتنی مۆدێرنێتە و هەم لە یەکسانبوونی ئایدۆلۆژی دووری دەخاتەوە.

مۆدێرنیتە = نەریتی دابڕان

مەبەست تەنیا دابڕان لەگەڵ نەریت نییە وەك چێکردنی ڕەتکردنەوە لە سەردەمی نەریتدا، بەڵکو بە واتای چێکردنی ڕەتکردنەوە لە دەروونی مۆدێرنێتەدا مۆدێرنێتە دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی خۆی لە خۆیدا هەیە.

کاتێ **ئارتوور ڕەمبۆ** دەڵێت: «دەبێ بە شێوەی ڕەها مۆدێرن بین»، مەبەستی ئەوەیە کە شاعیری مۆدێرن دەبێ خۆی و کۆمەڵگاکەی خۆی ڕەت بکاتەوە و ڕەخنەی لێبگرێت.

ڕەنگە هەر بەم هۆیەوەبێت کە **مالارمێ** دەڵێت: «شاعیر لە بەرانبەر کۆمەڵگاکەی خۆیدا لە مانگرتن دایە».

بەم شێوەیە ڕەنگە بتوانین بڵێین کە مۆدێرنێتە واتایەکی تاقانەی نییە، چونکە خۆی بەردەوام بە دوای **دۆزینەوەی واتادا** دەگەڕێت. تایبەتمەندیی«گەڕان بە دوای واتادا» لە مۆدێرنێتە تۆخمێکی قەیرانساز دروست دەکات. مۆدێرنێتە بۆخۆی زادەی قەیرانە، چونکە بە جوێبوونەوە لە نەریت چییەتیی خۆی وەدەر دەخات. مۆدێرنێتە بۆخۆی قەیرانسازە، چونکە بە شێوەی بەردەوام ڕوخساری خۆی دەگۆڕێت و خۆی جوێ دەکاتەوە. ڕەنگە هەر بەم هۆیەوە بێت کە باسی دەسپێکردنەکان و کۆتاییە جۆربەجۆرەکانی مۆدێرنێتە دێتەکایەوە.

ئەم **دەسپێکانە** کامانەن؟ ئایا دەتوانین بۆ مۆدێرنێتە مێژووی لەدایکبوون دیاری بکەین؟

١ - ١٤٣٦، دروستبوونی دەزگای چاپ.
٢ - ١٤٥٣، داڕمانی ئیمپراتۆریای بیزەنتا.
٣ - ١٤٩٢، دۆزینەوەی ئەمریکا.
٤ - ١٥٢٠، بزاڤی مارتین لۆتەر.
٥ - ١٧٨٩، شۆڕشی فەرەنسا

هیگڵ لە ساڵی ١٨٠٠دا مۆدێرنێتە بۆ ٣٠٠ ساڵ پێش خۆی دەگەڕێنێتەوە: واتە لە دۆزینەوەی دونیای نوێ و پاشان رینێسانس و پاشتریش چاکسازیی لۆتەر.

هایدگەر لەڕاستیدا مۆدێرنێتە و متافیزیکی زەینگەری وەك یەك لە ئەژمار دەدات کە بە دیکارتەوە دەسپێدەکات و بە نیتچە کۆتایی پێ دێت.

بۆ فەیلەسوفانی وەك **فۆکۆ** و **هابرماس** سەرەتای مۆدێرنێتە **کانت** و سەردەمی رۆشنگەرییە. ئەوەی بۆ فۆکۆیاما لە وتارە بەناوبانگەکەی کانت لەژێر ناوی رۆشنگەری چییەدا؟ گرنگە بنەڕەتێکی مۆدێرنێتەیە. رۆشنگەری لە بارەی **ئێستاکیبوونی** خۆی قسە دەکات. لە روانگەی فۆکۆوە مۆدێرنێتە وەك رامانی **کردەنیبوون** و **ئێستاکیبوون** ، سەبارەت بە کردەنیبوون و ئێستاکی بوونە.

رەخنەی فۆکۆ لە مۆدێرنێتە لەم پرسیارە کانتییەدا کورت دەکرێتەوە کە«چۆن دەتوانین مۆدێرن بین؟» یان «فەیلەسووفی رۆشنگەری بوون واتای چییە؟»

**ژان پۆل سارتەر** پێی وابوو کە مودێرنیتە لە ئەدەبیاتدا بە نووسەرانی جیلی ١٨٥٠ دەسپێدەکات. واتە «سەردەمێك کە هونەرمەند لە نامۆبوونی خۆی لە بەرانبەر بەها زاڵەکانی کۆمەڵگەی بورژوایی هۆشیار دەبێتەوە».

سارتەر **مادام بواریی** گوستاو فلۆبێری بە نوێنەری ئەم مۆدێرنێتە ئەدەبییە دەزانی. ئەڵبەت ژمارەیەکیش وەك **میلان کۆندێرا** پێیان وایە کە رۆشنگەری راستەقینە بە کەسانی وەك **دیدرۆ** و **مارکی دۆساد** ساز دەبێت.

بۆدلێر لە وتارێکدا لە رۆژنامەی **فیگارۆ** لە ساڵی **١٨٦٣**دا، لە وتارێکی بەناونیشانی «نیگارکێشی ژیانی مۆدێرن» سەبارەت بە نیگارێکی **کونستانتن گیز** بۆ یەکەمجار چەمکی «مۆدێرنێتە» بە کار دەبات.

بە بڕوای بۆدلێر مۆدێرنێتە بە واتای وێرانکردنی ئەو تەشکە قاڵبی و سواوانەیە کە بوونەتە لەمپەڕ و رێگری گۆڕانی هزر و رەوشتەکان. بۆدلێر مۆدێرنێتە لە پەیوەندی لەگەڵ چەمکی«ئێستا»دا وەسف دەکات. لە روانگەی بۆدلێرەوە مۆدێرن ئەو کەسەیە کە خاوەنی **زاکیرەی ئێستا** بێت. بابەتی مۆدێرن لە دەلاقەی دید و تێڕامانی بۆدلێرەوە کەسێکە هەست بە جوانیی مۆدێرن و ژیانی مۆدێرن دەکات. بۆدلێر سەرچەشنی سەرەکی نیگارکێشی مۆدێرن بە تابلۆی «مەرگی مارا»ی بەرهەمی **ژان لویس دەیڤید** دەزانێت، لەبەر ئەوەی بە وتەی



**هابرماس** لێرەدا«ئەزموونی جوانیناسی و ئەزموونی مێژوویی مۆدێرنێتە پێکەوە هەڵاوێز دەبن.»

ئەم بۆچوونەی بۆدلێر لەگەڵ بۆچوونەکەی **هۆیسمەن** دا تەواو دەبێت کە لە نووسراوەیەك بە ناوی **پیشانگای ١٨٧٩**، تێڕوانینی ئیمپرسیۆنیستەکان لە ژیانی سەردەمی خۆیان، بە نازناوی مۆدێرن وەسف دەکات. لێرەدا دەبینین کە بابەتی گرنگ ژیانی مۆدێرنە کە لە بەرهەمی هونەرمەندیدا رەنگ دەداتەوە. مۆدێرنبوون یانی مرۆڤ زادەی سەردەمی خۆی بێت واتە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چارەنووسی مۆدێرنێتەدا. ئەم چارەنووسە لە شێوەی جیهانبینیدا خۆیا دەبێت کە لە پێنج تەوەری جۆربەجۆردا خۆی دەردەخات:

١- پێشکەوتنی سەرمایەداری و تەکنۆلۆژیا بە خۆ بنەمایی بکەری مەعریفەیەك کە دەبێتە خاوەن و سەروەری سروشت.

٢- پێشکەوتنی لیبراڵیزم و تاکگەرایی لە رێگای بەستنی گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە.

٣- پێشکەوتنی زانیاریی نوێ لە رێگای گەیشتن بە زانستێکی نوێ لەسەر بنەمای ئەزموون.

٤- پێشکەوتنی بوروکراسی و پرۆسەی بە ئەقڵانیکردنی جیهان لە رێگای «جادووسڕینەوە» کە وەك ماکس ڤێبەر دەڵێت بە دروستبوونی« قەفەزی ئاسنین»ی جیهانی مۆدێرن کۆتایی دێت.

٥- پێشکەوتنی فەلسەفەی مێژوو لە رێگای ئایدیاگەلی وەك پێشکەوتن، گومان، رەخنە و قەیران وەك ئایدیاگەلی رێکوپێك کەری مۆدێرنێتە.

دەکرێ ئەم پۆلێنبەندییە بە شێوەیەکیتریش پێشکەش بکرێت، لە راستیدا دەتوانین بڵێین چوار واتای سەرەکی لە مۆدێرنێتە بوونیان هەیە:

١- **مۆدێرنێتەی سیاسی:** کە لە قاڵبی چەمکی مۆدێرن لە **دیموکراسی** و **هاووڵاتیبوون** دروست دەبێت.

٢- **مۆدێرنێتەی زانستی و تەکنۆلۆژیك:** کە ئەنجامەکەی دابڕانی مەعریفەییە لەگەڵ گەردووناسی ئەرەستۆیی، چێکردنی زانستی نوێ، شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژیای مۆدێرنە.

٣- **مۆدێرنێتەی جوانیناسی:** کە لە پێوەندیی نوێی مرۆڤ لەگەڵ جوانی و چەمکی نوێی بەهرە و سەلیقەوە سەرچاوە دەگرێت.

**٤- مۆدێرنێتەی فەلسەفی:** مۆدێرنێتە بە واتای هۆشیاریی بکەری مەعریفە تاکی لە سروشت و چارەنووسی خود و دانانی ئەم سووژەیە وەك بنەمای هزر و ئەندێشە.

لەم چوار بابەتەدا مۆدێرنێتە وەك بابەتێکی خودبنەما خۆی دەردەخات. هەم لە پلەی **ئەقڵی ئامێریدا** کە بە زاڵبوونی ئەقلانی و زانستی -- تەکنۆلۆژیکی بە سەر جیهاندا دروست دەبێت و هەم وەك **ئەقڵی رەخنەگرانە** کە لە سەربەخۆیی و خودئاییینی بکەری مەعریفەدا رەنگ دەداتەوە. **مۆدێرنێتە** بۆ قەوارەمەندکردنی مەنزومەی زەینی و هزری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆی، خۆی وەك دیتن و شێوەی بوونێکیتر لە بەرانبەر نەریت و جیهانی کەونارا دادەنێت.

هەروا کە لە سەرەتادا گوتمان **مۆدێرنێتە** وەك توخمێکی نوێ لە بەرانبەر **جیهانێکی کۆندا** خۆی قیت دەکاتەوە.

دابڕان لە **جیهانی کۆن** بۆ **جیهانی نوێ**، ئاواز و مۆسیقای مۆدێرنێتە پێك دەهێنێت تا رادەیەك کە بە وتەی ئۆکتاڤیۆپاز: «مۆدێرنێتە هیچکات یەکسان و یەك رەوت نییە، بەڵکۆ هەمیشە دیکەییە».

ئەگەر پۆست مۆدێرنیزمیش واتایەکی هەبێت، هەر لەم دیتری بوونەی مۆدێرنیتە دایە. پۆست مۆدێرنیزم **مۆدێرنێتەیەکیترە** کە بە نیگایەکیتر و نوێوە چاو لە مۆدێرنێتە دەکات. پۆست مۆدێرنیزم نەریتی رەتکەرەوە و رەخنەگرانەی مۆدێرنێتە بۆ مۆدێرنێتە بەکار دەهێنێت. بەڵام دەبێ بزانین ئەم نەریتە چۆن لە رۆحی مۆدێرندا جێگای کردەوە و بوو بە بزوێنەرێك بۆ جووڵانەوەی دیاردە ناسی - لۆژیکی مۆدێرنێتە.

لە قاڵبی بزاوتێکی دیاردەناسانەی لەم چەشنەدا بوو کە مۆدێرنەکان واتاگەلی نوێ لە جیهان - خودا و مرۆڤیان تاقی کردەوە. ئەم ئەزموونە زەینی - هزرییانە کە لەگەڵ ئەزموونگەلی کۆمەڵایەتی سیاسیدا بوون، بوونە هۆی دوورکەوتنەوە لە شێوە تێڕوانینی کەونارا و داڕشتنی فەلسەفی و سیاسیی جیهانێکی نوێ.

لەڕاستیدا دەتوانین مۆدێرنێتە وەك پرۆسەی تێپەڕبوون لە جیهانێکی **گیتی تەوەر** (لە سەردەمی یۆنانی کەونارادا) و **خودا تەوەر** (لە جیهانی مەسیحییەت و سەدەکانی ناوەڕاستدا) بۆ جیهانێکی **ئەقڵ تەوەر** و تاك تەوەر سەیر بکەین.

یۆنانییە کۆنەکان لە جیهانێکی **گیتی تەوەردا** دەژیان. cosom یان گیتی، جیهانێك بوو لە مێژوو بەتاڵ (خاڵی) کە یوونانییەکان وەك بارەگای خوداکانی خۆیان لە ئەژماریان دەدا.



هەر بەم هۆیەوە ئێمە لە یۆنانی کەونارادا شتێك بە ناوی **فەلسەفەی مێژوو** بە واتای مۆدێرنی وشە بەدی ناکەین. چونکە مێژوونووسی لە لای کەسانی وەك **تۆکیدیدس** یان **هیرۆدۆت** شێواز و ئامێرێك بۆ تێگەیشتنی مەیلی رەوشتی سیاسیی ئەسینییەکان یاخود دوژمنەکانیانە.

کەواتە مێژوو پیشەکییەك بوو بۆ کردەوە و رەوشتی سیاسی. بەڵام ئەم رەوشتە سیاسییە بۆخۆی لە قاڵبی **جیهانێکی پۆلێنکراو** و دامەزراودا دەبووە خاوەنی واتا و دروست دەبوو. لە راستیدا پێوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان تاك وەك هاووڵاتیی ئەسینی، کۆمەڵگە واتە دەوڵەتشار و دامەزراویی گێتی ناسانەدا هەبوو.

بە پێچەوانەی دونیای مۆدێرن **دەوڵەتشار** ئەنجامی رێککەوتنێك یان هێزێك نەبوو. دەوڵەتشار شتێکی سروشتی بوو کە لە قاڵبی دامەزراویی گێتیدا دادەنرا و وەك دیارییەك بوو لە لایەن خوداکانەوە. ئەسینییەکان بە ئەرکی سەرشانی خۆیانیان دەزانی کە بە کەڵکوەرگرتن لە بیرمەندی و لێهاتوویی و فەزیلەت و دانامەییەکانی خۆیان بیپارێزن. بەم هۆیە یۆنانییەکان جیهانیان وەك سیستەمێکی تەواو دەزانی کە تەشکگەلێکی بێ هەژمار لە مومکینەکان لە **قاڵبی سروشتدا** دەخاتە بەردەستی ئەوان.

پێوەندی مرۆڤ لە گەڵ ئەم سروشتەدا هەلومەرجی ئاکاری و سیاسیی مرۆڤی لە قاڵب دەدا. هەلومەرجێك کە بە وتەی ئەرەستۆ لە سێ چەشنی چالاکیدا دروست دەبوو:

١ - زانست (theoria) یان تێگەیشتنی گەوهەرەکان.

٢ - کردەوە (praxis) کە پێوەندیی نێوان مرۆڤەکانی دەگۆڕێ

٣ - بەرهەمهێنان و نوێکاری (poiesis) کە لاساییکردنەوەی تەشکە سروشتییەکان بوو.

سیاسەت بۆخۆی جۆرێك نوێکاری بوو. دامەزراندنی دەوڵەتشار بۆ ئەم مەبەستە بوو کە ژیانی تاکەکان لەگەڵ دامەزراوەیی گێتیدا هاوجووت بێت. لە فیزیکی ئەرەستۆییدا مرۆڤ لە جیهان، لەژێر مانگدا (جیهانێك کە تەواو نییە و گیرۆدەی لەدایکبوون و تێداچوونە) لە ناوەندا بوو، بەڵام ئەم ناوەندێتییە لەگەڵ ناوەندێتیی بکەری مەعریفەی هۆشیاری مۆدێرندا جیاواز بوو.

بە بۆچوونی یۆنانییەکان **یاساکان** زادەی زەینخوازیی تاکی نەبوون، چونکە بکەری مەعریفەی تاکی جیهانی لێك نەدەدایەوە، بەڵکو بکەری مەعریفەی تاکی لێکی دەدایەوە.

کەواتە ئامانج یان رامان و قووڵبوونەوە و بیرکردنەوە دروستکردنەوەی دیسپلینی (نظم) گێتی لە مرۆڤدا لە رێگای شێوازی لاساییکردنەوەوە بوو. ئامانجی دەوڵەتشار گەیشتن بە پێگەیشتنی مرۆیی بوو. واتە بە پێی بۆچوونی ئەرەستۆ مرۆڤ بوونەوەرێك بوو کە لە نێوان خوداکان و ئاژەڵەکاندا دادەنرا. سروشتی ئەم مرۆڤە سروشتێکی سیاسی بوو. بەوتەی ئەرەستۆ مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە، واتە بە شێوەیەکی زاتی وابەستە بە ژیانی دەوڵەتشارە. تەنیا «بەربەرەکان» و «سیکلوپەکان» لە دەرەوەی دەوڵەتشاردا دەژیان. مەسیحییەت لە رۆژئاوادا ئەم دۆخە گێتی تەوەرەی لەگەڵ دۆخی خوداتەوەریدا گۆڕییەوە. واتە سروشتی بەرتەسك و رادەداری مرۆڤی لە بەرانبەر سروشتی بێ سنوور و بێ کۆتایی خودادا دانا. لەڕاستیدا سەدەکانی نێوەڕاست فیزیکی ئەرەستۆیی لەگەڵ تیۆلۆژیی (الهیات) مەسیحیدا پێکەوە گرێدا، کە ئەنجامە بەرچاوەکەی فەلسەفەی کلێسایی «سێنت تۆماس ئاکویناس» بوو. بۆ سەدەکانی ناوەڕاست جیهان رەنگدانەوەی کەماڵی خولقێنەری خولقاوەکانە و بە واتایەکیتر هۆکارەکی بوون (علیق) لە دونیای سەرەوە دەستی پێدەکرد و بە شێوەیەکی زنجیرەیی بە دونیای خوارەوە دەگەیشت.

ئەو ئەقڵەی لەم سەردەمی پێش مۆدێڕنەدا قسەی لێدەکرا، ئەقڵێك بوو کە هێشتا سێکولار نەببوو و هێشتا لە تەوەری جیهاندا دانەنرابوو.

لە راستیدا مۆدێڕنێتە و تێڕوانینی مۆدێڕن بە سێکۆلارکردنی ئەقڵ، لە دونیای سەرەوەیی و نابەردەستەکەیدا هێنایە نێوان مرۆڤەکان.

ئەوەی کە ماکس ڤێبەر بە «جادووسڕینەوە»ی جیهانی مۆدێڕن ناوی دەبا، لە راستیدا تەنیا ئەوە بوو کە رۆحی مۆدێڕن ئەقڵ و بکەری مەعریفەی مۆدێڕنی کرد بە تەوەری پێوەندییە ئابووری - کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

ئەم رەوتە ئەقڵ تەوەرییە زیاتر لە ٥٠٠ ساڵ درێژەی کێشا و وەك رەوتێکی دیاردەناسی وا بوو کە بە تێڕوانینی نوێ بۆ سروشت و مرۆڤ دەستیپێکرد و بووە هۆی سەرهەڵدانی فەلسەفەگەلی زەینخواز و شۆڕشگەلی زانستی و گرێبەست و پەیمانگەلی سیاسی - کۆمەڵایەتیی مۆدێڕن.

گرنگ ئەوەیە کە لە سەرتاسەری ئەم رەوتەدا تاك و تاکێتی رۆڵێکی پڕگرنگیان هەیە. ئەم رەوتی تاکێتی و تاکگەراییە لە سەردەمی رێنێسانسەوە تا هەنووکە لە جیهانی رۆژئاوادا دەبینرێت کە لەراستیدا دەتوانرێت بگوترێت ناوەندی قورسایی و بارستایی رۆحی مۆدێڕنێتەیە.



بیرمەندان و هونەرمەندانی سەردەمی رێنیسانس مەیلێکی زۆر کەمیان هەبوو کە خۆیان لە قاڵبی جیهانێکی گێتی تەوەر یان خوداتەوەردا دابنێن. بابەتی سەرەکی ئەوان دووبارە هزرینی بیرکردنەوە و تێفکرینی و جەستەی مرۆیی بوو. بۆ نموونە «داڤینشی» دەیگوت: «زەینی مرۆیی مۆدێلی جیهانە و ئەرکی سەرشانیەتی کە سروشت بگەیێنێتە ئاستی ئەقڵ.»

چونکە داڤینشی پێی وابوو جیهان جوانە و مرۆڤ دەسەڵاتی ئەوەی هەیە جوانتری بکات. نیگاری «میخایل ئانجێلۆ» لە نوێژخانەی «سیستن Sistine» راڤەی هونەرمەندێکی مۆدێڕنە لە سفری تکوین و خولقانی مرۆڤ. نیگارکێشی سەدەی شازدەهەمی ئەوروپا رەنگدانەوەی مەودایەکە کە لە نێوان تاکی مۆدێڕن و گێتی ئەرەستۆییدا وەدی دێت.

بە سێکۆلاربوونی ئەقڵ،ئەو تەناهی و ئاسوودەییەی کە مرۆڤ وەك تاك لە چوارچێوەی جیهانی گێتی تەوەر و خوداتەوەردا هەیبوو،لە دەستی دەدات و بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کە بونیادگەلی زەینی یان سیاسیی نوێ بدۆزێتەوە کە ئەو تەناهییەی لە کیسی چووە، بۆی بگەڕێنێتەوە.

بەم شێوەیە لە مۆدێڕنێتەدا واتای ژیان داتایەکی لە پێشدا دیاریکراو نییە بەڵکو خودی بوون دەبێتە گەڕانێك بە دوای واتادا.

لەم ئاراستەیەدایە کە نووسەرێکی وەك «مونتین» لە بەرگی سێهەمی وتارەکانیدا دەنووسێت: «هەموو مرۆڤێك سەرجەم دۆخی مرۆیی تێدایە».

مونتین لە سەر ئەو بڕوایەیە کە کاتێك خۆی لە رێگای کتێبەکەیەوە بە دیتران دەناسێنێت، روخسارە سروشتییەکەی بە شێوەیەکی باشتر دەناسرێت، پێشەی من دۆزینەوەی چوارچێوەیەکە بۆ ژیانم.

ئەمەش واتاکەی ئەوەیە کە بە دەسپێکردنی رۆحی مۆدێڕن دابڕانی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا دەبێتە هۆی دارمانی چوارچێوەکان و پێوەرە سیاسی، ئاکاری - فەلسەفی و جوانیناسییەکان لە قەیران دادەنرێن. تا رادەیەك کە لە رومانێکی وەك «دۆن کیشۆت»دا ئێمە نازانین راستی لە کوێیە و وەهم لە کوێ؟ «سروانتس» بەردەوام خوێنەری خۆی لە نێوان ئەم راستی و وەهمە دادەنێت و کەسایەتیی «سانچو پانزا» وەهمی دۆن کیشۆت پتەوتر دەکات.

ئەقڵ تەوەریی مۆدێڕنێتە لەگەڵ خۆیدا قەیرانی ئەقڵیشی لەگەڵدایە. بە خوێندنەوەی دۆن کیشۆت ئێمە لە خۆمان پرسیار دەکەین کێ ئاقڵە و کێ شێتە؟

ئەوەی گۆمانی تێدا نییە ئەوەیە کە تاکی مۆدێڕن دەچێتە مەیدانی شەڕی بتە زەینییەکان و هەروەك «دێکارت» و «بێکەن» بابەتی دەسبەسەرداگرتنی سروشت و خاوەن و سەروەر بوونی دەهێنێتە گۆڕێ.

بێکەن دەڵێت: «پەیڕەوی لە سروشت بۆ ئەوەیە کە بەسەریدا زاڵ بین». دیکارت دەڵێت: «دەبێ مرۆڤ ببێتە سەروەر و خاوەنی سروشت». بۆ دەبێ مرۆڤ ببێتە سەروەر و خاوەنی سروشت؟ بە دوو هۆ:

١- بە شۆڕشی کۆپەرنیکی - گالیلۆیی تاکی مۆدێڕن بەم ئەنجامە دەگات کە ئیدی زەوی ناوەندی جیهان نییە. کەواتە دەبێ پێوەندییەکی نوێ لەگەڵ سروشتدا ساز بکرێت.

٢- بۆ چێکردنی ئەم پێوەندییە تاکی مۆدێڕن بەرەو چەمکێکی نوێ لە زەینییەت دەڕوات.«من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم».

دێکارت دەبێتە بنەما و بنەڕەتی جیهانی سروشتی و سیاسەتی مرۆڤەکان. وەك هایدگەر دەڵێت «من هەم، من بوونم هەیە دێکارت، سەرجەم واتای هەبوون دیاری دەکات».

لەوێڕا کە مرۆڤ لە سروشت دوور دەکەوێتەوە و بە دیتنێکی ئەقلانی و بەربین سەیری سروشت دەکات، یاساکانیش ئیدی سروشتی نین.

لە سەردەمی کۆندا سروشت دیاریکەری پێوەرە ئاکاری و سیاسییەکان بوو. ئەرەستۆ لە کتێبی سیاسەتەکەیدا دەنووسێت: «سێ شت مرۆڤ چاك دەکەن و پێیدەگەیێنن: سروشت، عادەت و ئەقڵ». شیشرۆیش پێی وایە «یاسا بەرزترین ئەقڵە کە لە سروشتدایە و ڕێبەرایەتیی کارەکانی ئێمە دەکات».

لە جیهانی ئەقڵ تەوەری مۆدێڕندا ئازادی شتێکی سروشتی نییە. بۆ گەیشتن بە ئازادی و تەناهی دەبێ دەسبەکاری چێکردن و داهێنانی جەستەی سیاسی بین.

ئەوەی کە لە یۆتۆپیای تۆماس مۆر، ئاتلانتیسی نوێی بەیکۆن و شاری خۆری کامپانلادا گرنگ و مۆدێڕن خۆی دەردەخات، گەیشتن بە بەختەوەریی خەیاڵی نییە، بەڵکو دۆزینەوەی دامەزراوەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی پێویستە کە ئەم بەختەوەرییە خەیاڵییە فەراهەم دێنێت.

لێرەدا تێڕوانینی مەسیحییانەی سەدەکانی نێوەڕاست جێگاکەی خۆی بە تێڕوانینی داهاتووبین و ئاکامناسانەی مۆدێڕن دەدات، بەڵام ئەمجارەیان داهاتوو بە دەستی مرۆڤەکان و ئەقڵی مرۆیی کۆنترۆڵ دەکرێت.



بەسێکۆلاربوونی چەمکی ئەقڵ، چەمکی پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوونیش سێکۆلار دەبێت. تاکی مۆدێڕن لە ڕێگای پرەنسیپەکانی مێژوویيخوازییەوە واقیعییەتی دەبینێت. ئازادی ئیرادەی مرۆڤەکان دەبێتە بنەمای مەعریفەناسیی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان. دەوڵەتشاری مۆدێڕن ئیدی ئاوێنەی دامەزراوەی گێتی نییە، بەڵکو ئەنجامی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە کە لەلایەن بکەری مەعریفەی مۆدێڕنەوە دەبێتە خاوەنی دیسپلینی.

دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێڕن و گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان، لەڕاستیدا ڕەنگدانەوەی دیتنێکی نوێیە کە مرۆڤی نوێ یان تاکی مۆدێڕن نەك هەر بۆ جیهان هەیەتی، بەڵکو بۆ شەخسی خۆی وەك بکەری ناسێنەر هەیەتی. لەمەش دەتوانین ئەو ئەنجامە بگرین کە مۆدێڕنێتە تەنیا گۆڕانێکی گێتی ناسانە نییە، بەڵکو هاوکات گۆڕانێکی مرۆڤناسانەشە.

بابەتی سەرەکی تاکی مۆدێڕن پێناسەکردنی خۆی وەك res cogitans بوونەوەرێکی هزرمەندە، بەڵام هاوکات لەگەڵ پێناسەکردنی خۆیدا لە بەرانبەر خودهۆشیارێکیتردایە.

سەرجەم پرۆژەی دیاردەناسیی هیگڵ دۆزینەوەی دۆخێکی مێژوویی - لۆژیکی و سیاسییە کە ئەم دوو خودهۆشیارە وەك ڕاستییەکی بە ئەقلانیکراو دان بە یەکتردا بنێن. ئەم ناسینەوەیە بە بۆچوونی «هیگڵ» بۆخۆی ئەنجامی ڕەوتی خودهۆشیاربوونی تاك لە ئازادییە مۆدێڕنەکەی خۆیەتی. لە مەکیاڤێلییەوە تا هیگڵ دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە ئەزموونی ئەقڵ تەوەریی مۆدێڕن، ئەزموونی ژیانی سیاسی لە چوارچێوەی ئەقلانیەتی مۆدێڕندایە. لەوێڕا کە ئەفلاتون و ئەرەستۆ و سەدەکانی نێوەڕاست زۆرتر باسی بەختەوەرییان دەکرد، مۆدێڕنەکان زیاتر باسی ڕەزامەندی و تەناهی دەکەن.

لە مەکیاڤیلی بەدواوە بیردۆزە سیاسییە مۆدێڕنەکان لەسەر ئەو ئایدیایەن کە ژیان لە کۆمەڵگەی سیاسیدا بابەتێکی سروشتی نییە، بەڵکو شتێکی زەرورییە. ئەم زەرورەتە لەگەڵ ترس و توندوتیژیدایە، چونکە وەك هابز دەڵێت: ئەوەی یاساکان دیاری دەکات حەقیقەت نییە، بەڵکو دەسەڵاتدارێتییە. حەقیقەت ئیدی شەرعیبوونی نییە، لەبەرئەوەی بابەتێکی بەرزە و لەڕاستیدا بۆ مۆدێڕنەکان شەرعیبوون لە بکەری مەعریفەی ئەقلانی و پێوەندیی نێوانیانە.

مەسەلەی حەقیقەت لە پێوەندی لەگەڵ تاکێتیدا دێتە گۆڕێ: ئێمە ئەمەیان لە سێ ڕەهەندەوە دەبینین:

١- تاکگەرایی دەسەڵاتدارێتیخوازانەی «هابز» لە لۆیاتان دا وەك کۆکراوەیەکی ئیرادەکان (تاکی مۆدێڕن گوێڕایەڵی یاسایەك دەبێت کە خۆی بە سەری خۆیدا سەپاندویەتی).

٢- تاكگەرایی ئابوورییانەی ئادام سمیت.
٣- تاكگەرایی مونادۆلۆژیكی لاییب نیتس.

لەم سێ دیتنەدا ئێمە لە گەڵ چەند پرەنسیپدا رووبەڕوو دەبینەوە كە تاكی مۆدێرن بە پشتبەستن بەوانە جیهانی خۆی دیاری دەكات:

١- كۆتایی هاتنی جیهانی داخراوی زەنجیرە پلەییەكان و تێپەڕبوون بۆ جیهانی بێكۆتایی.
٢- كۆتایی دۆخی خودایی - سیاسی.
٣- تێپەڕبوون لە كۆمەڵگەی ئورگانیك بۆ كۆمەڵگەی گرێبەستی.
٤- دیتنی تاكی بۆ جوانی و سەلیقەی شەخسی دەبێتە جێنشینی ئایدیای ئەفلاتونیی جوانی.

«مونتسكیۆ» لە نامیلكەی سەبارەت بە سەلیقە دا دەڵێت: «سەرچاوەكانی جوانی، باشی و خۆشی لە ئێمەدان».

لە سەدەی ١٧ تا كۆتایی سەدەی ١٩ ئێمە بینەری زەینیبوونی جوانین. جوانی بۆ فەیلەسووف و هونەرمەندی مۆدێرن ئەزموونێكی زیندوویە، هەروا كە دیموكراسیش ئەزموونێكی تاكی‌یە.

بە زەینیبوونی سەلیقە و جوانی، تاكە مۆدێرنەكان وەك مۆناد پێوەندییەكی نوێ لەگەل یەكتردا لەرێگای هونەر و فەلسەفەوە چێدەكەن. لە دایكبوونی جوانیناسی لەگەڵ كۆتایی هاتنی سەردەمی خودایی - سیاسی و جادووسڕینەوەی جیهاندایە.

جوانیناسیی مۆدێرن، ئێمە لە بەرانبەر ئەم بابەتەدا دادەنێت كە حەقیقەت لە خودی خۆیدا بوونی نییە، بەڵكو ئەوەی ئێمە لە بەرانبەر خۆماندا دەیبینین، بێ هەژمارێكە لە دیتنە جۆربەجۆرەكان. ئەمە دەقاودەق ئەو تاكگەراییە هەوسار پچڕاوەیە كە فەلسەفەی «نیتچە» پێشكەشی ئێمەی دەكات. «هایدگەر» دەڵێت «فەلسەفەی نیتچە مۆنادۆلۆژییەكی بێ خودایە»، چونكە «لاییب نیتس»یش سەبارەت بە دیتنەكان و دووربینییە جۆربەجۆرەكان قسە دەكات، بەڵام «لاییب نیتس» بەدوای چێكردنی هارمونییەكی لە پێشدا دیاریكراو بۆ چێكردنی پێوەندیی نێوان مۆنادەكانەوەیە. جوانیناسیی مۆدێرن لەسەر جیهانی هەستی و سەلیقەیی جەخت دەكات كە جگە بۆ تاكێتیی تاك، شەرعیبوونی نییە. بەم پێیە، بابەتی سەرەكی كە مۆدێرنەكان لە بواری هەبوونناسی و جوانیناسیدا لەگەڵیدا دەستەویەخەن، دۆزینەوەی پردێكی پێوەندی لە نێوان زەینە مۆدێرنەكاندایە، واتە لەوێندەر كە«هەستی» من



دەبێتە «هەستی گشتی»، مەسەلەی رەچاوكردنی مافەكانی تاك لە هەمان كاتدا چێكردنی گرێبەستێكی كۆمەڵایەتییە. ئەمە پرسیارێكە كە هێشتا بۆ ئێمە زیندوویە. ئەوەی كە مۆدێرنێتە دەكاتە بابەتێكی بزۆز و بێ وچان ئەوەیە كە وەڵامی ئەو پرسیارە بە ناتەواوی ماوەتەوە. (ئاخاوتن لە یانەی هونەرمەندان، بەفرانباری، ١٣٨٠)

## سیاسەتی مۆدێرنێتە و مۆدێرنێتەی سیاسی

هەموو سیاسەتێك ئایدیایەك مرۆڤی لەگەڵ دایە. سیاسەتی مۆدێرن یان باشتر وایە بڵێین مۆدێرنێتەی سیاسی وەڵامی سیاسی و كۆمەڵایەتییە بۆ ئەم پرسیارە سەرەكییەی مۆدێرنێتە كە مرۆڤی مۆدێرن كێیە؟ و ژیانی مۆدێرن چییە؟ لێرەدا ئەو پرسیارەی كە بەزەینی مرۆڤدا دێت ئەوەیە كە: ژیانی سیاسیی مۆدێرن چ جیاوازییەكی بنەڕەتیی لەگەڵ ژیانی سیاسیی سەردەمی یۆنان و رۆمی كۆندا هەیە؟ و چ جیاوازیگەلێك لەنێوان ئارمانجەكان و نۆرمەكانی سەردەمی كۆن و سەردەمی مۆدێرندا هەن؟

مۆدێرنێتە رووداوێكی مێژوویی، سیاسی و هزرییە. لە هەمان كاتیشدا رووداوێكی مرۆڤناسانە و گیتی ناسانەیە. لەم روانگەیەوە، مۆدێرنێتە رەوتێك و پرسیارێكە كە پێنج سەد ساڵ درێژەی كێشاوە و هێشتاش درێژەی هەیە. كەواتە دەتوانین بڵێین پۆست مۆدێرنیزم خولێكی گوتاری - فەلسەفییە كە بە چەشنێك دەستەویەخەی قەیرانەكانی مۆدێرنێتەیە. بەم پێیە پۆست مۆدێرنیزم لە چوارچێوەی رەوتی مۆدێرنێتەدا دادەنرێت. ئەم رەوتەی مۆدێرنێتە لەڕاستیدا بە دابڕانێك پێك دێت كە بۆخۆی دەبێتە نەریت. كەوابوو مۆدێرنێتە نەریتی دابڕانێكە كە هەمیشە قەیرانی لەگەڵدا بووە، چونكە وەك «بالاندیە» دەڵێت جووڵانەوەیەكە لەگەڵ نەبوونی دیاریكەرێتی و نارەهایەتیدا. مۆدێرنێتە بەردەوام پرسیار لە خۆی دەكات و ئەم بابەتەش دەقاودەق بابەتێكە كە لە مۆدێرنێتە نەریتێكی دابڕان دروست دەكات.

مەسەلەیەكی‌تریش كە دەكرێت لێرەدا باسی بكرێت ئەوەیە كە مۆدێرنێتە شتێكی خودبنەمایە، واتە لە راستیدا گوتارێكە كە جەوهەری خۆی وەك بنەمای خۆی وەدەردەخات. بەم پێیە دەتوانین بڵێین كە مۆدێرنێتە هەم گوتارێكی فەلسەفییە و هەم چوارچێوەیەكی زەینی كە زانست، هونەر و فەلسەفەی مۆدێرن دەگرێتەوە. لەم رووەوە مۆدێرنێتە هەمیشە بنەما و ئەستوونی گوتاری مۆدێرن لە جەوهەری خۆیدا دەدۆزێتەوە. لێرەدا ئێمە باسەكەی فۆكۆ سەبارەت بە وتاری رۆشنگەری چییەی؟ كانتمان وەبیر دێتەوە و ئەم بابەتە كە بە بۆچوونی فۆكۆ

باسی کانت باسی ڕۆشنگەری سەبارەت بە ڕۆشنگەری یان باشتر بڵێین باسی مۆدێرنێتە سەبارەت بە مۆدێرنێتەیە. باسی مۆدێرنێتە سەبارەت بە مۆدێرنێتە بە واتای ئەوەیە کە هزری مۆدێرن ئێستاکیبوون و هاوچەرخبوونی خۆی بەلاوە گرنگە. هاوچەرخبوونی مۆدێرنێتە لەگەڵ هزری مۆدێرندا بە واتای خۆبنەماییی مۆدێرنێتەیە. ئەم خۆبنەماییەی مۆدێرنێتە لە بەرانبەر گێتی تەوەریی سەردەمی کۆندا و دۆخی خودایی - سیاسیی سەدەکانی نێوەڕاستدا خاوەنی دۆخێکی ئەقڵ تەوەرە. مۆدێرنێتە لە ڕێگای ئەم ڕەوتی ئەقڵ تەوەرییەوە بنەما سیاسییەکەی خۆی دێنێتە گۆڕێ و بۆ مرۆڤ لە جیهانی بێ کۆتاییدا جێگایەکی نوێ دەدۆزێتەوە. بەم چەشنە مرۆڤ بە لەدەستدانی دۆخی گێتی ناسانەی خۆی (کە لە فیزیا و میتافیزیکی ئەرەستۆدا هاتووە) دۆخێکی مرۆڤناسانەی نوێی دەستدەکەوێت و ئەمجارەیان سیاسەتی خۆی نەك لە پێوەندی لەگەڵ سروشتدا، بەڵکو لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی ئەقڵخوازیدا پێك دەهێنێت. بەم شێوەیە ئێمە لە دونیای گێتی تەوەر و پاشان دۆخی خودایی - سیاسی بە جیهانی ئەقڵ تەوەری دەگەین کە تێیدا مرۆڤ وەك ناسەر (بکەری مەعریفە)ی سەربەخۆ پێناسە دەکرێت. ئەم تێپەڕینە لە جیهانی کەوناراوە بۆ جیهانی مۆدێرن تێپەڕینێکە لە گێتییەکی پۆلێنکراو (کە تێیدا مافە سروشتییەکانی مرۆڤ بە پێی سروشت پێناسە دەکرێن) بۆ جیهانێکی بێکۆتایی و بە ماتماتیکی کراو (کە تێیدا مافە سروشتییەکان لە پێناسە و واتای نوێی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن). ئەم پێناسە نوێیە لە مرۆڤ لە جیهانی مۆدێرندا لە دۆخی نوێی تاك و تاکێتیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەم تاکێتییە لە سێ ڕەهەندی فەلسەفی، ئابووری و سیاسی - کۆمەڵایەتیدا خۆی دەردەخات. لێرەدا ئێمە بە ئەم دابڕانە هەبوونناسی و سیاسییەی مۆدێرنێتە دەزانین. لە جیهانی سیاسیی مۆدێرندا سەرچاوەی ماف و دەسەڵات بە پێچەوانەی فەلسەفەی ئەرەستۆیی و فەلسەفەی سەدەکانی نێوەڕاست نە جیهانە و نەخودا، بەڵکو تاکێتیی بەسێکۆلاربووی میرە. بۆ مەکیاڤێلی ئاخێزگەی دەسەڵات سیستەمە کۆمارییەکان و بە میربوونی خەڵك یان میرەکانن. بەم چەشنە دەتوانین ئەو ئەنجامەی بگرین کە دەسەڵات لە مۆدێرنێتەی سیاسیدا نە ئاخێزگەی سروشتی هەیە و نە ئاخێزگەی خودایی، بەڵکو دەسەڵاتێکە بە دونیایی بوو کە لە تەشك و سیمای گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا وەدەردەکەوێ. سیاسەتی مۆدێرن بە ئایدیایەکی نوێ لە مرۆڤ تاکێتیی مۆدێرن و کۆمەڵگەی سیاسیی مۆدێرن دەکێشێت. ئەم ئایدیا نوێیە لە مرۆڤ دەتوانرێت لە تێڕوانینی مرۆڤی ئەوروپایی بۆ هونەر، زانست و سیاسەت لە سەردەمی ڕێنێسانس بەم لاوە ببینرێت. مرۆڤی ڕێنێسانسی ئیدی مرۆڤی گوناهباری سەدەکانی



نێوەڕاست نییە. لە ڕوانگەی فەلسەفەی سەدەکانی نێوەڕاستەوە مرۆڤ هەمیشە بابەتی گوناهی لە ئافراندنی حەزرەتی ئادەمەوە تا ڕۆژی قیامەت لەگەڵدایە. بە واتایەکیتر تێڕوانینی سەدەکانی نێوەڕاست لە مرۆڤ دیتنێکی هێڵی بووە کە لە یسفری تکوین دەستی پێدەکرد و بە ڕۆژی قیامەت دەگەییشت. دابڕانی فەلسەفی، هونەری و زانستیی ڕێنێسانس لەگەڵ سەدەکانی ناوەڕاستی ئاگوستینی و ئاکویناسی، ئایدیای گۆڕانکاری»ی کرد بە جێنشینی ئایدیای ((هێڵی)) لە مرۆڤ. بە دەستپێکردنی ڕێنێسانس ئێمە لە گەڵ مرۆڤێکدا ڕووبەڕوو دەبینەوە کە خولقێنەرە نەك گوناهبار. هەروەها ئەو مرۆڤە مۆدێرنەی کە لە ڕێنێسانس بەم لاوە باسی لێوە دەکرێ، مرۆڤێکە خاوەنی خەسڵەتی مێژوویی، ئەو مێژووەی کە دواتر لە هزرەکانی کانت و هیگڵ و مارکسدا دەبێتە فەلسەفەی مێژوو. هونەرمەندان و بیرمەندانی ڕێنێسانس ڕەهەندی کۆمەڵایەتی - سیاسیی مێژوو لە بەرانبەر ڕەهەندی خودایی-مەعادناسانە سەدەکانی نێوەڕاست دادەنێن. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی - سیاسیی ڕێنێسانس بنەما و ئەستوونی هەبوونناسییەکەی لە دەسەڵاتی ڕاڤەیەکدا دەبینێت کە ڕێنێسانس لە ڕابردووی مێژوویی خۆی و ئێستای خۆی دەیکات. ڕێنێسانس یەکەمین سەردەمی مێژووییە کە بەرامبەر بە مێژووییبوونی خۆی هۆشیارە و بە پشتبەستن بەم هۆشیارییە خەریکی ڕاڤەی ڕابردووی میرۆیی دەبێت. ڕێنێسانس لە ڕابردوویەکی دوور کە جیهانی یۆنان و ڕۆم پێك دەهێنێت، ڕاڤەیەکی نوێ وەبەردەنێت،چونکە خۆی بە خولقێنەرێکی نوێ لە جیهانێکی نوێ دەزانێت. باشترین نموونەی ئەم دەسەڵاتی خولقاندنە و ئیرادە بە نوێخوازییە لە بەرهەمەکانی «میخایل ئانجێلۆ» و «لیئۆناردو»دا دەتوانین تاوتوێ بکەین. نیگارە بەناوبانگەکەی میخایل ئانجیلۆ لە «نوێژخانەی سیستین»دا لەڕاستیدا ڕاڤەیەکی نوێ و بەهێزە لە ئافراندنی مرۆڤدا. بەم پێیە ئەم بەرهەمە هونەرییە تەنیا لە ڕەهەندی هونەری و جوانیناسییەوە گرنگ نییە، بەڵکو خاوەن بایەخێکی هەبوونناسانەشە. میخایل ئانجیلۆ سەرجەم ئەندێشە و ڕۆحی ڕێنێسانسی خۆی لەم بەرهەمەدا بەکار هێناوە. ئانجێلۆ هەروەك زۆربەی بیرمەندان و هونەرمەندانی سەردەمی ڕێنێسانس بەدوای داهێنانی جیهانێکی نوێدا دەگەڕێت. بەڵام بۆ داهێنانی جیهانێکی لەم چەشنە لە میراتی کەونارا کەڵك وەردەگرێت. ڕەنگە هەر بەم هۆیەوە بتوانین بڵێین ڕێنێسانس تەنیا دەسپێکردن نییە بەڵکوو دووبارە دەسپێکردنە، لەدایکبونەوەیە، واتەدووبارە دیتنەوە و پێداچوونەوەی ڕابردووی ڕۆژئاوا و چێکردنی پێوەندییەکی چڕوپڕ لەگەڵ ئەو ڕابردووە و ئێستادا. لەڕاستیدا بەرەبەیانی مۆدێرنیتە بە ڕاڤەیەکی نوێ لە نەریتە مرۆییەکان و سەردەمی کۆن

دەسپێدەکات. ئەم دەسەڵات و بوێرییەی ڕاڤەی نوێ دەتوانرێت لە سەرجەم مێژووی مودێرنیتە و بە تایبەت مۆدێرنیتەی سیاسیدا تاوتوێ بکرێت. ئەوەی کە ئەمڕۆ وەك «هزری ڕەخنەگرانە» دەیناسین،خەسڵەتی سەرەکی جەوهەری مودێرنیتە و پێشەوا هزری و هۆنەرییەکانیەتی. بیرمەندە پۆست مۆدێرنەکانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان لەم تایبەتمەندییە ڕەخنەگرانەیە بۆ هێنانە مەیدانی مۆدێڕنێتە و وەڵامدانەوەی قەیرانەکانی کەڵکی لێوەردەگرن. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە هزری ڕەخنەگرانە، کە لە دەسەڵاتی پێداچوونەوە بە ڕابردووی مرۆیی و وەبەرنانی ڕاڤەیەکی نوێدا ڕەنگ دەداتەوە، پارادایمی سەرەکیی مۆدێڕنێتەیە. ئەوەدەمی کە سەبارەت بە سەردەمی ڕێنێسانس بیر دەکەینەوە، دەبینین کە مرۆڤی ڕێنێسانسی بە پێچەوانەی مرۆڤی سەدەی نێوەڕاستی بکەری مەعریفە کارەکانی خۆیەتی. ڕەنگە بەم هۆیە بێت کە لە ڕێنێسانس و پاش ئەوەش ئیدی وتەزایەك بەناوی «مێژووی خودایی» و چەمکی «گوناح» لە گۆڕێدا نییە. گوناح لەم سەردەمە بەدواوە بابەتێکی مەعادناسانە نییە، بەڵکو وتەزایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. مێژوو خەریکی سروشتی مرۆڤ دەبێت و چەمکگەلی وەك «مافی سروشتی» لە جێگای مێژووی خودایی دادەنرێن. ئەم تاوتوێکردنە نوێیە لە جیهان و مرۆڤ لەگەڵ چەمکگەلێکی نوێدایە کە مۆدێڕنێتەی سیاسی یان باشترە بڵێین سیاسەتی مۆدێڕنێتە سازدەکات. ئەمانە چەمکگەلێکن وەك سروشت، مەرگ، دەسەڵات و حاکمییەت. ئەو کەسانەی کە ئاشنایەتییان لەگەڵ کتێبە سەدەنێوەڕاستییەکاندا هەیە دەزانن کە چەمکی «مەرگ» هەروەك چەمکی «گوناه» یەك لە چەمکە کیلیەکانی ئەم سەردەمەیە. ئەم وتە بەناوبانگەی «ئالکوین» لە سەدەی هەشتەمی زایینیدا کە دەڵێت: «مرۆڤ تەنیا و تەنیا کوێلەی مەرگە، وەك شەمێك لە بەربادا» نیشای ئەوەیە کە مەرگ لە وێنای مرۆڤی سەدەکانی نێوەڕاستدا گرنگیەکی لە ڕادەبەدەری هەیە. بۆچی مەرگ گرنگە؟ چونکە بە پێی مێژووی خودایی مەسیحییەت کە لە حەزرەتی ئادەمەوە تا ڕۆژی قیامەت درێژەی هەیە، ژیانی ڕاستەقینە پاش مەرگ دەسپێدەکات. سەدەکانی نێوەڕاست بە ڕوانین بۆ مەرگ و گوناح سەبارەت بە ژیان بیردەکەنەوە. لە سەردەمی ڕێنێسانسدا، جوانی و ژیان جێگای مەرگ و گوناح دەگرنەوە. لەوێڕا کە باسی مەرگ و ژیان دەکرێت، بە چەمکی پێشکەوتن لە بواری کولتور و جوانیناسیدا گرنگی دەدرێت. ئێمە بە گۆڕانی چەمکی «ژیان» بۆ قەڵەمڕەوی سیاسەت و ئابووری دەگەڕێینەوە. کۆماری «فلۆرانس» و «ڤینیسیا» لە چەقی ئەزموونی سیاسیی مۆدێڕندا دادەنرێن و چەمکی سروشت لە چوارچێوەی خودایی بۆ چوارچێوەی سیاسی



و جوانیناسی دەگوێزرێتەوە. لە مۆدێڕنێتەی سیاسیدا مەبەست لە سروشت، ئیدی فۆسیسی یۆنانی نییە بەڵکو مەبەست سروشتی مرۆیی‌یە. مەبەستی مۆدێڕنەکان لە«سروشت» ئیدی «سروشت»ی ئەرەستویی نییە. یەك لەو بیرمەندانە کە ئەم باسە نوێیە دەسپێدەکات، «فرانسیسکۆ ڤیتۆریا»یە. ڤیتۆریا (بەشوێنکەوتنی «ئەراسموس» کە لە بەرهەڵستی لەگەڵ «سەپۆل ڤێدا»)، باسی زاتی سوورپێستەکانی ئەمریکای باشوور دەکات و بەم هۆیە دژی قەڵاچۆکردنیان لە لایەن ئیسپانییەکانەوە، ڕادەوەستێت) بۆ یەکەمجار چەمکی مافی سروشتی دێنێتە ئاراوە. لە ڕوانگەی ڤیتۆریاوە مافە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە مافە سروشتییەکەیدا پێوار و پەنهانن. بە واتایەکیتر ئەگەر مرۆڤ خاوەنی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم مافانە بە شێوەی سروشتی بە ئەو دراون. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە مرۆڤ بە هۆی ڕەوشتی مرۆڤانەی خۆیەوە خاوەنی مافگەلێکە. بە بۆچوونی ڤیتۆریا ئەم مافانە گشتی و جیهانین و تەنیا لە میللەت و نەتەوەیەکدا کورت ناکرێنەوە. ئەمەش تەنیا بۆ ئەورووپییەکان نییە، بۆ سوورپێستەکانیش ڕەوایە. لێرەدا دابڕانێك لە گەڵ هزری ئەرەستۆییدا دروست دەبێت کە پاشتر لە سەدەی شازدەهەمی زایینیدا لە لایەن «گرۆسیۆس»ەوە تەواو (کامل) دەبێت. گروسیۆس بەشبەحاڵی خۆی لە کتێبێکدا سەبارەت بە شەڕ و ئاشتی ئەم بابەتی مافی سروشتییە وەك مافێکی گشتی و مرۆیی ڕەچاو دەکات. بەڵام گرۆسیۆس لە پەرتووکی ئەفسانە بۆ چەمکی «مافی سروشتی» باسی چەمکی «ئیرادە»ش دەکات. گروسیۆس دەڵێت: «لەڕاستیدا ئەوە تاکی سروشتییە کە خاوەنی دەسەڵاتێکی خۆویستە». ئەو دەسەڵاتە خۆویستەی کە گروسیۆس باسی دەکات، بنەمای سەرەکیی گرێبەست و پەیمانە کۆمەڵایەتییەکانە کە کەسانی وەك هۆبز، جۆن لوك و ڕۆسۆ باسی لەسەردەکەن. لێرەدا تاك بۆ یەکەمجار لە ناوەندی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکاندا دادەنرێت. لە ڕوانگەی بیرداڕێژەرانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بیرمەندێکی وەك مەکیاڤێلی کە پێش ئەوان باسی سەربەخۆیی سیاسەت لە بەرانبەر ئایین دەکات، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان دوو چەمکی «حاکمییەت» و«ئیرادەی تاك»دا هەیە. بە بۆچوونی مۆدێڕنەکان حاکمییەت واتە حاکمیەتی سیاسی و بە بۆچوونی بیرمەندێکی مۆدێڕنی وەك «بودێن» کە نووسەری کتێبی شەش نامیلکە سەبارەت بە کۆمار لە ساڵی ١٥٧٦ دایە، حاکمییەتی مۆدێڕن سەربەخۆ و خودبنەمایە. بودێن لە دژایەتی لەگەڵ ئاگوستین و تۆماس ئاکویندا بابەتی گشتی بە بابەتێك نازانێت کە لەگەڵ دونیای سەرەوەدا لە پێوەندیدا بێت. بە بۆچوونی بودێن حاکمییەت شتێکی ڕەها، بەش بەش

نەکراو و بەردەوامە. بە واتایەکی‌تر سیاسەتی مۆدێرن بە هیچ پرەنسیپێکی سەرەوەییەوە نەبەستراوەتەوە و ئێمە لە دۆخێکی خوداتەوەر بۆ دۆخێکی ئەقڵ تەوەر تێپەڕ دەبین. ئەو ئەقڵەی کە لە ناوەندی جیهاندا دادەنرێت، خودبنەمایە و جیهانی سیاسەت رەنگدانەوەی ئیرادەکەیەتی. ئێمە لێرەدا رووبەڕووی سیاسەتێکی سێکۆلاریزە دەبینەوە کە بە شێوەی گشتی خۆی لە جیهانی سەرەوەیی و جیهانی ناسیاسی جوێ دەکاتەوە. یەك لە ئەستوونە گرنگەکانی ئەم سیاسەتە بە دونیایی کراوە، بابەتی دامەزراندنە. ئەوەی کە بۆ مۆدێرنەکان لە سیاسەتدا شایانی گرنگی پێدانە، دامەزراندنی دامەزراوەکان و دامەزراندنی حاکمییەتە. کەواتە سیاسەت شتێکە کە دەبێ دابهێنرێت. سیاسەتی مۆدێرن بەشێکی سروشت نییە، دەسکردە. سیاسەت بە شێوازی سروشتی (فوسیس) لە دونیای غەیبەوە بە ئێمە نادرێت، دەبێ دابهێنرێت. ئەمەش دەقاودەق ئەو کارەیە کە مۆدێرنەکان دەیکەن. مۆدێرنەکان بە گەڕانەوە بۆ چەمکە مۆدێرنە ئەقڵییەکان سیاسەتی مۆدێرن دروست دەکەن. بۆ مۆدێرنەکان ئیدی مەودایەك راستەکیی کۆمەڵگە لە رەهەندی ئارمانجی کۆمەڵگە جوێ ناکاتەوە. مۆدێرنێتە سیاسەتی مۆدێرن لە یەکسانی نێوان ئەم دوانەدا دەبینێت. هیگڵ ئەو فەیلەسووفەیە کە دەڵێت راستی ئەقڵانییە و ئەقڵ راستەکی‌یە. لە راستیدا بۆ هیگڵ لە سیستەمە هزرییەکەیدا سەردەمێك دەگات کە ئەقڵ و واقیعییەت لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەبنە یەك شت. دەتوانین هیگڵ بە تەواوکەری فەلسەفی بیردۆزەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی هۆبز، جۆن لوك و رۆسۆ بزانین. گەرچی ئەم سێ بیرمەندە جیاوازیگەلی سەرەکییان پێکەوە هەیە، بەڵام هەرسێکیان بەدوای چێکردنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی لە کۆمەڵگە و دۆزینەوەی دامەزراوەیەکی سیاسییەوەن. کاتێ کە هۆبز و لۆك تێپەڕین لە دۆخی سروشتی بۆ دۆخی شارستانی بە بابەتێکی ئایاو(پۆزەتیڤ) تاوتوێ دەکەن، رۆسۆ بە پاشەکشە ناوی دەبات. لە روانگەی رۆسۆوە شارستانییەتی مرۆیی لە بنەڕەتدا بابەتێکی نایاوە (نێگەتیڤە) کە بۆتە مایەی گەندەڵی مرۆڤ. کەوابوو روانینی رۆسۆ زیاتر بۆ رابردووە و ئەو سەردەمەی کە مرۆڤ لە سروشتدا بەختەوەر بووە. بەرگریی رۆسۆ لە کۆمەڵگەکانی ئەسینا و ئەسپارتە وا لە زۆرکەس دەکات کە وەك «مۆدێرنێك کە رۆحێکی کەونارایی هەیە»، باسی بکەن. رۆسۆ بیرمەندێکی بە تەواوی مۆدێرنە بەڵام ئامانجەکەی لە جیهانی کۆندایە. چونکە مرۆڤە نموونەییەکەی رۆسۆ هاووڵاتییەکی ئەسینی وەك سوکراتە کە دژایەتییەك لە نێوان ژیانی تایبەتی و گشتیی ئەودا نی‌یە. لە روانگەی رۆسۆوە، هاووڵاتییە کە وەك مرۆڤە و مرۆڤ وەك هاووڵاتییە. بەم پێیە



بابەتی رۆسۆ هێنانە ئارای مۆدیل و نموونەی هاووڵاتیی ئەسینی لە سەردەمی مۆدێرندایە و ئەمەش لە راستیدا پرۆژەی سەرەکیی رۆسۆ لە کتێبی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدایە. بەڵام رۆسۆ بیرمەندێکی مۆدێرنە، لەبەرئەوەی کە رەهەندی مێژوو جێنشینی رەهەندی سروشتی دەکات. رەهەندی مێژوویی هزری رۆسۆ دەتوانرێ لە چەمکی «دانامە هەڵگریی» مرۆڤدا بدۆزرێتەوە. رۆسۆ لە سەر ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤ دانامە (پێگەیشتوو)یی هەڵگرە و بەم پێیە دەتوانێت بە ئازادییەکی تەواو و رەها بگات. ئەم ئازادییە رەهایە کە رۆسۆ باسی دەکات لە راستیدا حاکمیەتێکە کە لە پێوەندی لەگەڵ «ئیرادەیەکی گشتی»دا دێتە گۆڕێ و هیچکەس و هیچ شتێك نوێنەری نییە. لە روانگەی رۆسۆوە ئەم ئیرادە گشتییە رەهایە و بەش بەش ناکرێت و بەم هۆیە لە هیچ نوێنەر و نێوبژێکدا رەنگ ناداتەوە. ئەو دیموکراسییەی کە رۆسۆ باسیدەکات، دیموکراسییەکی راستەوخۆ و بێ نێوبژییە. ئەو دیموکراسییەی کە زۆربەی بیرمەندانی سەدەی بیستەم وەك «تالمۆن» وەك «دیموکراسیی گشتخواز» باسیان کردووە. رەنگە بەم هۆیە بێت کە لە سیستەمی هزری رۆسۆدا بەختەوەریی تاك نەك لە تەشکی تایبەتیدا بەڵکو لە تەشکی گشتیدا دابین دەکرێت. رۆسۆ یەك لە گەورەترین بیرمەندانی مۆدێرنێتەی سیاسییە و کاریگەری رۆسۆ لەسەر کانت، هیگڵ و مارکس حاشاهەڵنەگرە. سەرجەم باسەکانی کانت لە بارەی ئەخلاق و هێنانەگۆڕی بابەتی بکەری مەعریفەی سەربەخۆ لە ژێر کاریگەری چەمکی «ئیرادەی ئەقلانی» رۆسۆدا پێك دێن. تەنیا وێنەیەك کە کانت لە ژوورەکەیدا هەڵیواسیبوو، وێنەی رۆسۆ بوو. ناسەری سەربەخۆ کانتی لە سەرچاوەی یاساگەلێك دادەنرێت کە بۆخۆی بە شێوازی ئەقلانی دایدەنێت و بە دانانی ئەوانە لە مێژوویەکی گشتیی جیهاندا وەك ئایدیایەك یان ئەرکێك، بابەتی ئاشتیی بەردەوام و دامەزراوەیەك وەك کۆمەڵی نەتەوەکان تەرح دەکات. لەم سۆنگەیەوە فەلسەفەی مێژووی کانت کە لە دڵی موێرنیتەی سیاسی دانراوە، بە شێوەی دیاریکەرێتیخوازی پیشان نادرێت. خوێندنەوەی کانت لە رۆسۆ ئێمە بەرەو دیتنێکی ئەگەری لە مێژوو دەبات. لە کاتێکدا بە پێچەوانەوەوە، خوێندنەوەی هیگڵی لە رۆسۆ و کتێبی گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئێمە بەرەو ئەم باسە دەبات کە ئیرادەی ئازادی رۆسۆیی لە راستیدا بکەری مەعریفەی سەربەخۆ کە هۆشیاری لە ئازادیی خۆی لە رەوتێکی دیاردەناسانە لۆژیکی و یاسایی وەدەست دێنێت و لە خاڵێك لە مێژووی سیاسی و دیاردەناسانەدا، مرۆڤ ئەم ئازادییە لە سیستەمی دەوڵەتدا وەدەست دێنێت. بە واتایەکی‌تر بۆ فەیلەسووفێکی مۆدێرنی وەك هیگڵ مۆدێرنێتەی سیاسی لە یەکسانی هاووڵاتی سیاسی و دەوڵەت و بورژوازی ئابووریی کۆمەڵگەی

شارستانیدا (بە واتای سیستەمی پێداویستییەکان) پێك دێت. هیگڵ یەکەم فەیلەسووفە کە ئاگاداری جیایی نێوان کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەتە. بەڵام بە پێی بۆچوونی هیگڵ ئەم جیاییە دەبێ لە سیستەمی دەوڵەتدا بڕەوێتەوە. ئامانجی هیگڵ گەیشتن بە دامەزراوەیەکی سیاسیی مۆدێڕنە کە تاك لە بنەمادا زیاتر لە بورژوایەك واتە هۆکارێکی ئابووری کاربکات. دەوڵەت لە روانگەی هیگڵەوە رەنگدانەوەی ئیرادەی ئەقڵانی تاکە وەك هاووڵاتی سیاسی. مارکس بە رەخنەگرتن لە دەوڵەتی هیگڵی، رێگاکە بۆ چێکردنی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی ئامانجی نوێ خوش دەکات. لە ماوەی ١٥٠ ساڵی رابردوودا باسی نێوان تێڕوانینی هیگڵی بۆ سیاسەتی مۆدێڕن و تێڕوانینی مارکسی بابەتی سەرەکی مۆدێڕنێتەی سیاسی بووە. باسێکیتریش کە لە ناو مۆدێڕنێتەی سیاسیدا هاتۆتە گۆڕێ، باسی نێوان «بێنجامین کونستان» و ژان ژاك رۆسۆیە. باسی دووهەم باسی ئازادییە. رۆسۆ بڕوای بە دیموکراسی بێ نێوبژی و بەشداریی راستەوخۆی هاووڵاتیان لە کارەکانی کۆمەڵگەی سیاسیدا هەیە. هەروەك باسمان کرد رۆسۆ بە نیگایەکی نوستالوژیك و رۆمانتیکەوە سەیری دەوڵەتشاری ئەسینی دەکات. کونستان بە پێچەوانەوە دژی مودێلی رۆسۆیی لە سیاسەتە. کونستان پێی وایە کە بابەتی گرنگی مۆدێڕنەکان بەختەوەری لە ئاقاری تایبەتیدایە و کەشوهەوا سیاسییە مۆدێڕنەکان ئیزنی بەشداریی راستەوخۆی هاووڵاتیان لە بابەتە سیاسییەکاندا نادەن. کەواتە ئازادی و دیموکراسی بە بێ نێوبژی مومکین نییە و ئازادی رۆسۆیی وەك نەبوونی ئازادی وایە. لە راستیدا ئەگەر بمانهەوێت ئەم باسەی رۆسۆ و کۆنستان لەگەڵ چەمکە فەلسەفییەکانی ئایزایا بێرلین وەدەرخەین، دەتوانین بڵێین کۆنستان لە رەخنەکەی لەسەر رۆسۆ نیگەرانی«ئازادییە نایاوەکانی» تاکە مۆدێڕنەکانە و رۆسۆش بە دوای چێکردنی «ئازادییە نایاوەکانەوە»یە. بابەتی رۆسۆ بابەتی حاکمییەتی ئازادی لە چوارچێوەی ئیرادەی گشتیدایە، لە کاتێکدا بابەتی کۆنستان، بابەتی بەرگری لە کەشوهەوای تایبەتی تاکێتی مۆدێڕنە. کۆنستان چەمکی مۆدێڕن لە بەختەوەریی مرۆیی لە دژایەتی لە چەمکە کۆنەکەیدا دادەنێت و پێی وایە کە سیاسەتی مۆدێڕن دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ تاکێتی مۆدێڕن و ئیرادەی تاکی مۆدێڕندا کاربکات. لە راستیدا کۆنستان لە حاکمییەتی خەڵك و ئەو ئازادییە مۆدێڕنەدا کە شۆڕشی فەرەنسا بەدەستی هێناون، بەرگری دەکات، بەڵام رەنگدانەوەی راستەکی ئەم ئازادییانە لە حاکمیەتێکی نێوبژیداردا دەبینێت. هەروەك دەبینن کۆنستان و رۆسۆش بەشبەحاڵی خۆیان هەروەك مارکس و هیگڵ باس لەسەر پێوەندی ئازادی و حاکمیەت دەکەنە مانشێتی ئەندێشەکەیان. رەنگە



بتوانین ئەوەش بڵێین کە ئەم باسە تا ئەمڕۆش هەروا لە ناوەندە هزرە سیاسییە مۆدێڕنەکاندایە و هەر کاتێك باسی مۆدێڕنێتەی سیاسی دەکرێت، ئەم رستەیەی «تۆماس جێفرسۆن» لە زەینی ئێمەی مۆدێڕن دەدات کە: «هەر ولاتێك کە دەیهەوێت ئازادییەکانی خۆی بپارێزێت، دەبێ خاوەنی فەرمانڕەواگەلێك بێت کە لە رۆحیەی بەرگریکارانەی خەڵك هۆشیاربن». ئەم رۆحیەی بەرگریکردنە ئەنجامی مۆدێڕنێتەی سیاسییە کە سیاسەتی مۆدێڕنێتە لە ئاخێزگەکەیدایە.( ئاخاوتن لە یانەی هونەرمەندان، بەفرانباری ١٣٨٠).

## نەریت و چارەنووسی مۆدێڕنێتە لە پرۆسەی بەجیهانیبووندا

### بەشی یەکەم:

تایبەتمەندی ئەوروپا لە سەدەکانی نێوەڕاستدا ئایین بوو. ئەم هۆکارە زیاتر لە هەر شتێکی تر سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستی، لە سەردەمە کۆن و نوێیەکان جوێ دەکاتەوە. رووبەری تەشەنەکردنی مەسیحییەت لە سەرتاسەری کۆمەڵگەی ئەورووپیدا بڵاو ببووەوە و کاریگەرییەکەی زیاتر لە هەر شتێك بەسەر ژیانی هزری و کولتوری ئەوروپاوە هەست دەکرا. فێرکاری سەدە ناوەڕاستییەکان، هونەری، موسیقا و بیناسازی، لە هەندێ رووەوە، لە ژیانی ئایینییەوە ئاخێزی دەکرد، یان لە ژێر کاریگەرێتی ژیانی ئایینیدا بوو. لە راستیدا گرنگترین لقی فێرکاری، تیۆلۆژی بوو، کە لەو سەردەمەدا وەك پرەنسیپی زانیارییەکان[1] ناوی دەرکردبوو.

بە کۆتایی هاتنی سەدەی چواردەهەم، رێنێسانس یان لە دایکبوونەوە (١٣٥٠-١٦٠٠) زیاتر لە هەموو شوێنێك لە ئیتالیادا، کە یەك لە ناوەندە سەرەکییەکانی مەسیحییەت بوو، خۆی دەرخست. ئەم بزاڤە شەپۆلگەلی نوێ لە زانست بەتایبەتی میراتی شارستانییەتی یۆنانی کەونارا[2]ی وەرێ خست و بەرەو پێشەوەی برد. رونیا دەنووسێت: «رێنێسانس سەرەتا، وەك پێکهاتەیەك لە ئەندێشەی یۆنانی و مەسیحی دەهاتە پێش چاو... تاڕادەیەك تەنانەت بە بوونی رێنێسانس، رێککەوتن و کۆبوونەوە باوەکانی مەسیحییەت هەروا لەسەر جێگای خۆیاندا بە بێ گرفت مانەوە. کاری توێژینەوەی ئازادانە و رەخنەی ئەقڵانی کە نیشانەی تێپەڕین بەرەو خواست و مەیلە نائایینییەکان بوو(سێکولاریزم)، قەبووڵ کرا.[3]

ڕەنگە یەك لە گرنگترین خزمەتەکانی ڕێنێسانس، پشتیوانیکردنی بنەڕەتی لە مۆدێرنێتە بوو بێت، مۆدێرنێتە وەك لەوازە و نوێڵی بزاوتنی مۆدێرنێتە و وەلاوەدانی دیاردەکانی پێش مۆدێرنێتە لە ڕێگای نوێکردنەوەی هەرئەوەی کە بۆن و بەرامەی کۆن بوونی لێدەهات، کاری دەکرد.[٤]

سەردەمی ڕێنێسانس و دۆزینەوە زانستییەکانی، بوو بە بەستێن و زەمینەیەك بۆ خۆیابوون و دەرکەوتنی ڕۆشنگەری[٥]یان سەردەمی ئەقڵ کە لە تەشکی شۆڕشی پیشەسازیدا خۆی دەرخست و بڵاو بوویەوە. بەم چەشنە ئەو شێوازەی کە مرۆڤ سەبارەت بە خود و خودا و جیهان بیری دەکردەوە بۆ هەمیشە و بە شێوەیەکی بە بێ گەڕانەوە ئاواژی بوو.

دیارترین ڕوخساری سەدەی حەڤدەهەم(*)، «ڕێنەدێکارت» (١٦٥٠-١٥٩٦) بوو کە ئەقڵگەرایی مۆدێرن وەك ناوەندی مەعریفە ناسی سەردەمی مۆدێرن لە ئەندێشەکانی ئەوەوە ئاخێزی کردووە. ئەم ئەندێشەیە بە گومانکردن سەبارەت بە سەرجەم بوونەکان دەستی پێکرد و دواجار لەسەر ئەم پرەنسیپە ئاشکراو بەڵگەنەویستە ڕاوەستا کە: «من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم». بڕوای دێکارت بە ئەقڵی سەربەخۆی مرۆیی، هەروەك شەکاندنەوەی پەیکەری مەعریفەناسی وابوو کە بوو بە هۆی ئاواژیبوون و گۆڕانی گشتی ئەم مەعریفەناسییە. مەعریفەناسی ئیدی لەسەر ئەم گریمانی دەسەڵاتی خودایەوە کە: زانستی مرۆیی تەنیا بەشێکی زۆر کەمە لە زانستی بێپایانی ئەو ڕانەوەستا. بەڵکو لەسەر ئەم بنەمایە ڕاوەستا کە مەعریفە بە شێوەیەکی سەربەخۆ دروست دەبێت و وەك حەقیقەتێکی بەڵگەمەند و سەرەکییە و لە ژێدەرەکانی‌تری دەسەڵات بێنیازە.[٦]

پرەنسیپی سەرەکی سەردەمی ڕۆشنگەری لە ڕاستیدا لێهاتوویی و دەسەڵاتی ئەقڵی مرۆیی بوون. ئەوەی کە ئیمانوێل کانت دەیگوت: ئازادی لەسەر بنەمای سەربەخۆیی لەو تاکانەیدا هەیە کە لە تۆژینەوە و ناسینەوەی جیهان، بەبێ بەستران بە دەسەڵاتێکی دەرەکی (چ خودا و چ مرۆڤ)، ئازادن و ئازادانە لە سێبەری ئەو یاسایانەیدا کە بۆخۆیان دروستیان کردوون،

---

(*) لە ئەساسدا بەکارهێنانی ڕێنەدێکارت وەك فەیلەسووفێکی سەدەی شازدەهەم شتێکی بە ڕەها هەڵەیە و لە هیچ پەرتووکێکی مێژوویی فەلسەفەدا ڕێنە دێکارت سەر بە سەدەی شازدەیەم نییە، بەڵکو سەر بە سەدەی حەڤدەیەمە و ئەمەش لەبەر ماوەی ژیانیەتی کە لە ١٥٩٦ لەدایك بووە و لە ١٦٥٠ مردووە، کەواتە سەر بە سەدەی حەڤدەهەمە.



دەژین. ئامانجی ڕۆشنگەری ئەوەبوو کە مرۆڤ لە هەڕەشە و تووڕەیی سروشت ڕزگاری بێت و بە سەریدا زاڵ بێت. ئەقڵ بۆ مرۆڤ ئامێرێك بوو لە ناسینی سروشتدا. ڕۆشنگەری پەردەی لە ڕووی ئەو چەمك و ڕووداوانە لادا کە تا ئەو سەردەمە سەر بە میکانیزمی ئاسمانی لە ئەژمار دەدران. تەکنۆلۆژیا لایەنێکە کە ئەم پرۆسەیە تەواو دەکات و سیستەمێکە کە خاوەنی ڕێکخراوە، شێوازە، دامەزراوە، زاراوەگەلی نوێ، هاوکێشەگەل و بۆچوونەکانی خۆیەتی.

کارامەیی ڕۆشنگەری لەسەر بەستێنی ئەم بڕوایە هێزی دەگرت کە: زانست و مەعریفە، بەربین و عەینییە و توێژەر بینەر و شایەتی بێ لایەنە. نەریت ببووە هۆی وەستان و بەستانی ڕۆژئاوا. ئەم بابەتە، لە پلەی یەکەمدا لە مەڵبەندی نەریتە ئایینییەکاندا بوو کە لە سەر ڕوانگەگەلی جیاواز بۆ تۆێژینەوەی ئازادانە(کە پێویستییەکەی گەڕان بە دوای زانستی زۆرترەوە بوو) جەختی دەکردەوە.[٧] لە ئەنجامدا، زانست و میتۆدناسی زانیارییانە ناچار بوو بە خاوەنی پێگەیەکی بێ نەیار و دیاریکەری کۆتایی بەهاو ئەرزشی حەقیقەت.[٨] ئەقڵانییەتی ئامێری بوو بە کردەوەیەکی ستراتێژیکی بەربین و ئامانجخواز و وەك هێزی بزوێنەری زاڵبوونی مرۆڤ بە سەر سروشتەوە کاری کرد.

لە ڕێڕەوی زانستە نوێیەکاندا، مرۆڤ دەبوو بە سەرجەم داواکاریە کۆن و پێوەندیدارەکانی ڕابردوودا بچێتەوە و چاکسازییان تێدا بکات. لەبەر ئەوەی کە ئەم کۆت و بەندە زەینییانە دەبوو لە چاخی ڕۆشنگەریدا تێك شکابان، سەرجەم بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانیش دەبوو بچنە ژێر پرسیارەوە. ئەوەی کە سەردەمێك وەك ئەفسانەیەك لە ئەژمار دەدرا، هەنوکە بە هۆگەلی ئەزموونی شیاوی ڕوونکردنەوە بوو و لەم پرۆسەیەدا نەناسراوەکان و ئەو سیڕ و هێماگەلەی کە تا ئەو سەردەمە لەبەر دەم مرۆڤدا بوون، وەلاوەنران. هەمووشتێك دەبوو بە شتێکی پەتی و گرنگایەتیەکەشی تەنیا پێوەندی بەو سوودەوە هەبوو، کە بۆ مرۆڤ هەیبوو.

ئەو بڕوایەی کە سەرەنجام مرۆڤ زاڵبوونی کرداری خۆی بە سەر سروشتدا وەدەست دەهێنێت، بەرەو ئەوە دەچوو کە ببێتە حەقیقەت و لەم ڕێگایەدا تەنیا تەنگەبەرییەکانی بە ئاسانکارییەکان و ئاستی پێشکەوتنی زانستدا بەسترابوونەوە. پزیشکی خورافی، بە بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆژیا و لە ژێر تیشکی ئەم پرەنسیپە ئەقڵانییەدا کە هەرشتێك هەر ئەوەیە کە هەیە، وەلاوە دەنرا. زانستی نوێ بوو بە هۆی گۆشەگیری و تێداچوونی باوەڕە کۆن و خورافییەکان. بەرنامەی ڕۆشنگەری بەم چەشنە بوو و ئەنجامەکەشی، لە ژێر پرسیاردانانی ئەو

بڕواگەلە بوو کە تا ئەو سەردەمە وەك پرەنسیپگەلی دوگماتیزی قەبووڵ کرابوون. ئەم ڕۆشنگەرییە لە ڕاستیدا ئازادیی زەین، جەستە و ڕۆحی مرۆڤ بوو.

بڕوا نەریتیەکانی کۆمەڵگەی ئەوروپا کە بە هۆی داب و نەریتەکانی کلێسای کاتۆلیکی ڕۆمەوە دەپارێزران، دارمان و بوون بە نەریتگەلێکی نوێ کە لەگەڵ دیاردەگەلی شارنشینی، فێرکاری هەموان و باشتربوونی پێوەندییەکان و ئەندێشەکانی ڕۆشنگەریدا هاوکات بوو.[٩]

سەردەمی ڕۆشنگەری بە بەکگراوەندێکی لەم چەشنەوە پێی نایە سەردەمی مۆدێڕن. ئەودەم ئەم پرسیارە سەری هەڵدا کە: «مۆدێڕنێتە چییە؟» مێژینەی وشەی ئینگلیزی «مۆدێڕنێتە» بۆ سەدەی شازدەهەم دەگەڕێتەوە. بەڵام لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا بوو کە واتای تەواو و ئێستاکیی خۆی دۆزییەوە... مۆدێڕنێتە لەگەڵ سەردەمێکدا هاودەنگە کە تێیدا ئارمانجەکان و پێگەیشتنی دڵخوازی ڕۆژئاوا پێوارە. سەردەمێك کە تا ڕادەیەکی زۆر نوێیە. مۆدێڕنێتە دەگەڕێتەوە بۆ دوو شت: یەکەم بزاڤی تایبەت لە تیۆلۆژی و هونەردا و دووهەم جیهانبینی. لە بابەتی دووهەمدا مۆدێڕنێتە بە سانایی ئاماژە بە داوەرییەکان و جیهانبینییە نوێیەکان دەکات. لەم ڕێگایەدا مۆدێڕنێتە فەلسەفەیەك و تەنانەت بیروبڕوایەکی ئایدیاییە. هەروەها لایەنێك لە شارستانییەت کە بەسەر شارێی ئەو نوێکارییانەوەیە کە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمەوە دەستی پێکرد و لە سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەمدا بە دۆندی گەشەکردنی خۆی گەیشت. مۆدێڕنێتە هەم ئارمانجە و هەم واقیعییەت و لە هەر لایەنێکی ژیان، زانستەکان، هونەر، ئابووری، هزر، ژیانی خێزانیی و هتد... بە کار دەبرێت. ڕەنگە ساناترین ڕێگەی دەربڕینی، بەم جۆرە بێت کە بڵێین: مۆدێڕنێتە گواستنەوە و تێپەڕینێکی گەورەیە لە شێوازی نەریتییەوە بۆ شێوازی نوێ.[١٠]

بەم شێوەیە دیارە کە نوێخوازی تەنیا سەردەمێك نییە بە تەمەنێکی کاتییەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە سەردەمێکی لەباری گەشەسەندن و بەرەو پێشەوەبردنی پرەنسیپەکانی ڕۆشنگەریی بە کۆڵەوەیە. «هۆرکهایمێر» و «ئادۆرنۆ» دەڵێن: ئەم بابەتە بۆ ئەم سەردەمە ئەزموونێکی یەکپارچە و یەکگرتوو نییە،بەڵکو واقیعییەتێکە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و بەسەر مرۆڤدا دێتەوە. پێوەندی نزیکی ڕۆشنگەری و سەردەمی مۆدێڕنێتە وەك پێوەندی هۆکار و هۆکرد وایە. ئەمە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتیی بێکۆتاییە کە لە نێوان قەرز وەرگرتن، تێکەڵاوبوون و چاکسازیی نەژاد لە لایەکەوە و تەییدی بایەخ و ڕەوابوونی کولتور لە لایەکیترەوە، لە هەڵبەز و دابەز دایە. فەلسەفە وەك شەکاندنەوەیەکی هزری بۆ مۆدێڕنێتە



کاری کرد و شارنشینی و سەرمایەداری ڕەنگدانەوەی ماددی و بەربینی بوون و تەکنۆلۆژیا لەم نێوەدا ئامێرێك بوو کە گەڵاڵەکەی وەبەرهەم دەهێنا. فەلسەفە تاقە دۆست و هاوڕێی مۆدێڕنێتە نەبوو. «وێلز» ژمارەیەك لەم هێزە بەدەسەڵاتانە دەسنیشان دەکات: ئەوەی جیهانی نوێ پێك دەهێنێت، تەنیا زەینە بەهێزەکان نین. هێزە بەدەسەڵاتەکان نەك فەلسەفە بەڵکو شارنشینی، سەرمایەداری و تەکنۆلۆژیان.[١١]

پتەوترین ڕواڵەتی ڕۆشنگەری ڕۆحی سەرمایەداری بوو. وانەکانی «جۆن کالڤن»ی چاکساز و خولقێنەری ئاکاری پرۆتستانی و ئەو پرەنسیپە ئایدیایانە بوو کە سەرمایەداری نەشو نما پێکرد و بڵاوی کردەوە. ئەم ئەندێشەیە هاتەکایەوە کە: قازانجخوازی بە شێوەیەکی پەتی لەسەر بنەمای تەماح نییە، بەڵکو دەربڕی پێوەندییەکی ئابڕوومەندانە لە نێوان ژیان و داڵغەکانی بوونەوەرێکی بەرهەمهێن دایە.[١٢] ئەم مەسەلەیە، پاشتر بوو بە هۆی ئازادی ڕکەبەرایەتی لە بازاڕی ئازاد و دابەشبوونی خاوەندارێتی بەسەر ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و چێکردنی مافە تایبەتییەکان بۆ سەرمایە.[١٣] ڕۆشنگەری دەبوو دەرگاکە بەڕووی مۆدێڕنێتەیەکیتردا بکاتەوە.

شێوازی نەریتیی ژیان، لەسەر بنەمای پێکهاتەیەك لە کشتوکاڵ، دەوارنشینی و هاوڕێ لەگەڵ دەستەبژێران و هەڵکەوتووە سەربازی و زەویندارەکان و ناوەندێتی ئاییی خەڵکی ڕاوەستابوو[١٤] نوێخوازی شێوازێکیتری نوێی لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا دروست کرد. نەریتگەلێکی نوێ لە بازرگانیدا دروست دەبوون و نەریتی ئایین و نەریتە کولتورییەکان هەموویان بەرەو گۆڕانکاری و چاکسازی دەچوون.

لایەنێکی هەڵگۆزراو لە نەریت ئەوەیە کە مافی بژاردن لە مرۆڤ زەوت دەکات و هێزی داهێنان لە مرۆڤ دەستێنێتەوە. بەڵام ئەم پێناسەیە دەبێ بەم شێوەیە نۆژەن بکرێتەوە کە: ئەو جۆرە نەریتانە کە ئەنجامگەلی لەم چەشنەیان هەیە، دەبێ وەلاوە بنرێن و کەشوهەوا بۆ چێکردنی نەریتگەلی نوێ لەبار بکرێت. هزری نەریت، ئەم واقیعییەتە کوێر دەکات کە: نەریت خۆی بەرهەمی هەڵبژاردنی مرۆڤە کە پاشان دەبێتە لەمپەرێك بۆ هەڵبژاردنی پاشتری مرۆڤ.[١٥] گەرچی لەوانەیە کە نەریت بووبێتە هۆی بەرتەسکایەتی، گەڕانەوە، یان خێرابوون و وەرچەپین یان باشتربوونی پرۆسەی مۆدێڕنێتە، بەڵام نەیتوانیوە ڕەوتی مۆدێڕنیزاسیۆن یان نۆژەنکردنەوە لە ڕێگای سەرەکی خۆی بترازێنێت.[١٦]

جیاوازیی نێوان مۆدێڕنێتە و مۆدێڕنیزاسیۆن یان نۆژەنکردنەوە لەوەدایە کە نۆژەنکردنەوە ئاماژە بەو هەڵبەز و دابەز و هەوڵدانە جۆربەجۆرە مێژووییانە دەکات کە هەموو وڵاتێك لە

سەرەتای گەیشتن بە مۆدێرنێتە ئەنجام دەدات. لەم ڕەهەندەوە، نۆژەنکردنەوە لەباری چییەتییەوە فرەییخوازە. لە کاتێکدا مۆدێرنێتەش لەباری ئەزموون و واقیعییەتەوە تاڕادەیەك ڕەنگدانەوەگەلێکی هەیە کە لە نۆژەنکردنەوە دەچن.[17]

ئامانج و دیمەنی ڕۆشنگەری، مەزنایەتی و سەروەریی مرۆڤ بوو بە سەر سروشتەوە. هیوای ڕۆشنگەری بە یەکگرتن لەگەڵ سروشت و سڕینەوەی هەرچەشنە نامۆبوون بوو لە ڕێگای بیرمەندی و تێگەیشتنی بابەتەکانەوە. ئامانجی لەسەر بوونی تاکی کۆمەڵی لە کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز و خاوەنی مافی دوولایەنە بوو. مەبەستی جوێکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت بوو. واقعییەتی بەرنامەی ڕۆشنگەری لە کردەوەدا لە ئاراستەی بێداری و هۆشیاریی مرۆڤ لە بەرانبەر ئەنجامەکانی خودی مۆدێرنێتەدایە. مەخابن کە پێوەندییەکان و گرێدراوییەکانی ئێمە و بەها تیۆری و ئایدۆلۆژیکەکانی ئەو پێشکەوتنانەی کە تا ئێستا کراون، لە بازاڕی پەرشوبڵاوی ئەمڕۆییدا ون و بزر بوون. ناڵە و هاوارە کە ڕۆشنگەری لەسەر بنەمای هەمان ئەو تایبەتمەندییە ئەفسانەییە پێشوانەدا کە وەلاوەنراون، ڕێ کەوتووە. لە باتی ئەوەی کە بەرەو دۆخێکی مرۆیی هەنگاو بنێین، مرۆڤ لە زەلکاوی چەشنێکی نوێ لە بەربەرییەت و وەحشیگەریدا نوقم بووە. ئیدی فەلسەفەیەك بە ڕێساگەلی دیار و لە پێشدا دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، لە کۆمەڵگەدا بوونی نییە. ئەم ڕاستییە ڕەشبینانەیە پەریدا بووە کە: مرۆڤ قازانجی خزمەت بە فیۆداڵەکان یان نەجیبزادەکانی پێشکەش بە ئاغاکان کردووە و لە باتیی ئەوە ڕێگای سەردانەواندن و نۆکەری بۆ تەکنۆلۆژیا و ئەقڵ تەوەریی وەبەرگرتووە.

هایدگەر دەڵێت کە مرۆڤ لە ڕێگای سەرکەوتن و ئاغایی (بەسەر سروشتدا) چاوی دووربینی خۆی لە دەست داو و لەم ڕێگایەدا لە جوێکردنەوە و جیاوازیدانانی دروست لە هەڵە کۆڵەوار بوو. پۆست مۆدێرنەکان[18] باسی هەلومەرج و سەردەمی پاش جەنگی جیهانی یەکەمیان کردووە.[19] فیلیپس لە پێناسەکردنی پوست مۆدێرنەکان دەڵێت: پۆست مۆدێرنیزم لە ڕاستیدا کاردانەوەیەك دژ بە مۆدێرنێتەیە کە لە چاخی ڕێنێسانس و ڕۆشنگەرییەوە سەری دەرهێناوە.[20] جگە لەوەش پۆست مۆدێرنیزم بە بۆچوون و شێوازێکی هزری دەڵێن کە پرسیار لە ئارمانجەکان، هزروبیرەکان و بەهاکانی نوێخوازی دەکات.

«پاژێت» ئەوەش دەخاتە سەر ئەم پێناسەیە کە: «پۆست مۆدێرنیزم بە پێچەوانەی مارکسیزمی کلاسیك و یان سەلماندنگەریی لۆژیکی، وەبەرگری هیچ کۆمەڵەیەکی کرداری و تیۆری کە یارمەتی یەکگرتوویی بدات، نییە، مەگەر ئەوەی کە ڕوانگەی پوست مۆدێڕنی پێ



دەڵێن»[21]. ڕوانگەی پۆست مۆدێرن بە خوویەکی دژبەرەوە بە گەڕان بەدوای دروستییەکی ئاکامیدا، لەسەر مەرگی دروستی و هەموو گێڕانەوە گەورە گشتخوازەکان هەڵپەرکێ دەکات و حەز بە هاتنی فرەییخوازی، ناوچەگەری و مێژووخوازی دەکات. باسی تێکشکاندنی متمانەی ڕاستەقینە لە بەستێنی خۆیدا دێنێتە گۆڕێ تا چارەنووسی خۆی ڕێك بخات. ڕوانگەی پۆست مۆدێرن بە لەکیسچوونی متمانە لە پرۆسە جیهانییەکانی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها لە ڕێسا جیهانییەکانی ئەقڵانییەتدا ئاماژە دەکات. لە هەمان کاتیشدا وەبەرگری بەرهەمگەلێکی لاوەکیی وەك توندوتیژی، نامۆیی، نیگەرانی، نەژادپەرستی و ڕەگەزخوازییە.[22]

بەم چەشنە، ئایا پۆست مۆدێرنیزم بەسەر مۆدێرنێتەدا زاڵ بووە و قووتی داوە یان تەنیا ڕەنگدانەوەیەك لە قۆناغێکی تایبەتی (تەنانەت ڕەنگە تێك شێواو و ئاواژی)ی مۆدێرنێتەیە؟[23] «ئالیسۆن» دەرکەوتنی پۆست مۆدێرنیزم بە ئەنجامی کاریگەری فەلسەفە دەزانێت و سێ هۆکاری کاریگەر و سەرەکی فەلسەفی لە پۆست مۆدێرنیزمدا دەسنیشان دەکات.[24] یەکەم هۆکار، خودتەوەری (تاقیکاری، شیکاری و کێشە لەگەڵ خود)ە. بەم تەرحە فەلسەفیە کە لە دێکارتەوە دەستی پێکرد و لە لایەن بیرمەندانی وەك کانت، هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) و شلایرماخر (١٧٦٨-١٨٣٤) هاتە قۆناغی کرداریە و لە لایەن بیرمەندانی وەك زیگمۆێند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩)، کارڵ ڕاجێرز، ئالفرێد ئادلێر (١٨٧٠-١٩٣٧)... و جۆن براد شاو، گەورە بوو و بڵاو بوویەوە. زەینیەتگەری، ڕێژەییگەری و دژی ڕەهاگەری، بوون بە هێماگەلی ناسێنەر و ڕاڤەکەری ئەندێشەکانی ڕۆژئاوا. چەمکی خود لە باتی خودا، بوو بە جێگای گەڕانەوەی مەعریفەناسی و بەدوای ئەوەشەوە، چەمکی خود لە شوناس و دەسەڵاتدارێتی ئایینیدا چووە ژێر پرسیارەوە. بەم شێوەیە، خود گرنگیەکی خودائاسای پەیداکرد و دواجار، خودگەرایی وەك ئایینێکی فەرمی لێهات بۆ پۆست مۆدێرنیزم. ئەنجامەکەشی سەرهەڵدانی چەمکی ژوور مرۆڤ لە لایەن نیتچەوە (١٨٤٤-١٩٠٠) و ڕاگەیاندنی ئەم تێڕوانینە بوو کە خودا مردووە.

بزاڤی فەلسەفی و پێشکەوتن لە خودتەوەرییەوە بۆ بوونگەرایی شتێکی ڕێگە لێنەگیراو بوو. بیروڕاکانی «کێیەرکێگارد» (١٨١٣-١٨٥٥) سەبارەت بە پووچی، نائومێدی، ترس، نیگەرانی، تاکخوازی، گۆشەگیری و هەست و سۆزە دەروونییەکان، لە تێرامانەکانی «سارتەر» (١٩٠٥-١٩٨٠) و «کامۆ» (١٩١٣-١٩٦٠)وە سەبارەت بە خودتەوەری، گومان، بێهودەیی، بە

گومانی، بێدەرەتانی و نامۆیی، راپێچ کرا و رەنگی دایەوە. لە چوارچێوەی بوونگەراییدا، چەمکی بەهای کرداری و ئاکاری جیهانی وەك چەمكگەلی پووچ و ئەفسانەیی لە قەڵەم دەدرێن. گێڕانەوە گەورەکانیش بە سانایی هاوتەریبی ئەفسانەی پەریلان و جنۆکەکان تاوتوێ دەکرێن.

هەر ئەم پرۆسەیەش وەك بەشێك لە درێژە و یامتکۆی رۆشنگەری لە هەر سەردەمێك، لە کەوناراوە تا ئێستا، هەڵسەنگێندراوە. گوتوویانە: ئەودەمی کە زانست و ئەندێشە دەکەونە داوی وتەزا متافیزیکییەکانەوە، گیرۆدەی خۆوێرانی دەبن. حەقیقەتەکان بە شێوەیەکی ناچارانە سەرەنجام دەچنە نێو قەڵەمڕەوی ئەفسانەکانەوە. بنەماکانی زەرورەتی غایی، دەبێ بە حەقیقەت بڕازێننەوە. هەموو پەیکەری رۆشنگەریش بۆ دواجار وێران دەبێت. جگە لەمانەش، بوونگەرایی شۆڕشێگ بوو دژی ئەقلانیەت، سیستەمە ئایدیاییە سەربەخۆیەکان و تیۆلۆژی و فەلسەفە رستەییەکانە. بونیادشکێنی لە راستیدا کوڕی راستەقینەی بوونگەراییە.

لەوێڕا کە ئەفسانەکان لە راستیدا رۆشنگەریگەلی رابردوون، کەواتە رۆشنگەری لە هەر هەنگاوێکدا، بە شێوەیەکی قووڵ بە بەستێنی ئەفسانەکاندا رۆدەچێت. تایبەتمەندییەکانی بوونگەرایی، وەك گومان بەرامبەر واقیعییەتی غایی، بەرزکردنەوەی ئەزموونە دەروونییەکان و مافی بژاردنی تاکی، هەموویان لە هزری پۆست مۆدێرنیزمدا خۆیا دەبن و دەردەکەون. هایدگەر دەڵێت: ئەم پرۆسەیە رێگەلێنەگیراوە. لەبەر ئەوەی تەکنۆلۆژیا (لووتکەی زانست لە بەرنامەی رۆشنگەریدا)، کە تاقە ئامێری گەیشتن بە ئامانجە مرۆڤ سازەکانە، سەرجەم پێداویستییە مرۆییەکان دابین ناکات. هەروەها پێی وایە مرۆڤ، ئەودەم کە لە بەستێنی ئارامی و تەناهی (کە لە ئاییندا هەیە) ریشەکێش دەکرێت، گیرۆدەی نامۆبوونێکی دیاریکراو دەبێت. مەسیحییەت بوو بە لقێك لە ئەبستراکتە میتافیزیکییەکان و زانستیش نەیتوانی ئەو بۆشاییەی کە لە تەرحی رۆشنگەریدا دروستببوو بوو، پڕ بکاتەوە. مرۆڤ لە رەوتی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا پێی وابوو وەك مۆرەیەکی پەتی وایە. وەك ئامێرێکی خەزن کردن یان بەو جۆرەی کە هابرماس دەڵێت: مرۆڤ تەنیا لەرێی پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی رێنوێنی دەکرێت و کاریش لە راستیدا نیشانەی ئامانجی غاییە لە بوونی مرۆڤدا.

ئایدیای چەند لایەنەی ئێمە لە مۆدێرنێتەی رۆژئاوا، بە شێوەیەکی گشتی لە دیتن و پێناسەکانی مارکس لە سەرمایەداری، ڤێبەر لە پێناسەی ئەقلانیەت و دیوانسالاری و ئاکاری پرۆتستانی، یان لە کارەکەی «راستۆ»دا لە دیاریکردنی قۆناخەکانی پیشەسازی و تەنانەت لە کارەکەی «مەك لۆهان» سەبارەت بە کاکەشانی «گۆتێنبرگ» و کاریگەری فراوانی لە



بەرهەمهێنان و دابەشکردنی زانستی مرۆییدا خۆی دەرخستووە. لەم گریمانەیەدا تێبینییەك بەرچاو دەکەوێت بەم شێوەیەکە لە خوێندنەوەکانی مۆدێرنیزاسیۆن و نۆژەنکردنەوە لە جیهانی رۆژئاوادا تەم و مژگەلێك لە پێواردان.[٢٥]

«شتراوس» روونیدەکاتەوە کە مۆدێرنێتە تێگەیشتنێکی نوێ لە هەستی هەبوون و بوونە: ئەم هەستە زۆرتر تێکەڵ بە ئەزموونێك لە ترس و نائۆمیدییە تا ئەوەی کە روونکەرەوەی ئاشتی و هاودەنگی بێت. هەستێك لە هەبوونی مێژوویییە.[٢٦] لە ژێر تیشکی داڕووخانی بەهاکان یان رێسا جیهانیەکانی نەریت، خودی پۆست مۆدێرن بۆخۆی دەبێتە چەشنە خودێك (کە وەبەرگری دژیەکی گەلێکی چەند لایەنە و پڕئەژمار لە پۆست مۆدێرنیزم)، کە وەك دیاردەگەلی رۆژانەی رەگەز، نەژاد، چین و ئەو شوناسانەی کە لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی نەژاد چێکراون، خۆ دەردەخات.

پووچگەرایی سێهەمین هۆکاری کاریگەر لە پۆست مۆدێرنیزمدایە. پووچگەرایی لە هزروبیردا «داپلۆسێنەری»ی سەرجەم سیستەمە ئەقلییەکانە، وەك سیستەمگەلی بیروباوەڕی، بەو واتایەی کە ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە حەقیقەتەوە هەیە، دەبنە بابەتگەلی کەلامی.[٢٧] ئەنجام و جێگرەوەی لۆژیکی و یان فەلسەفی خودتەوەری و بووتگەرایی، پووچگەراییە. پووچگەرایی ئەوەمان فێردەکات کە هیچ، لە کۆتایی واقیعیەتدا و واتادارە و هیچ بەهایەکی کرداری و واقیعی یان حەقیقەتی رەها، بوونی نییە. ژیانی مرۆڤ و هەبوونەکەی، سڕگەلێکی تێکچنراون کە شیاوی تێگەیشتن نین و گێتی نە هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە و نە هیچ روونکردنەوەیەکی روونی بۆ خۆی هەیە. تاقە واتا و حەقیقەتێك کە ئێمە دەتوانین دەرکی پێبکەن، لە خودی خۆماندا پێوار و شاراوەیە.[٢٨]

«دینسۆن» باسی ئەم بابەتەی کردووە کە: لە چوارچێوەی ئەنجامگرتنە کانتییەکاندا، تۆخمێکی زەینی هەیە کە لە لایەن زۆربەی شوینکەوتوانیەوە، رەچاو نەکراوە.[٢٩] بەم شێوەیە پرسیاردەکات کە ئەگەر مەعریفە ئەنجامێکی راڤە تاکییەکانی ئێمە سەبارەت بە ئەزموونە هەست و سۆزییەکانی خودی ئێمەیە، کەواتە ئەم مەعریفەیە لە چ تەشك و واتایەکدا بەربین دەبێت؟

کانت و کێیەرکێگارد لە گۆشەنیگایەکیترەوە سەیری ئەم بابەتە دەکەن و دەرگاکە بە رووی زەینگەریدا دەکەنەوە. ئەم زەیینگەریە، پاشتر لە ئاستی پۆست مۆدێرنیزمدا شێوەیەکی تەقینەوەیی بە خۆیەوە دەگرێت. فریدریش شلایر ماخر (١٧٦٨-١٨٣٤)، باوکی هێرمنۆتیك، دڕدونگی گەلێکی زۆر جیددی سەبارەت بە بەربینی (عینی) دەقی ئینجیلی دێنێتە گۆڕێ کە

بوو به هۆی دەسپێکردنی پرۆسەی وێرانیی سەرچاوەی نەریت ئایینی (وەك ژێدەرێکی بێ هەڵە و ڕاڤەیەکی دروست) لە ڕەوتی ئەندێشەی ڕۆژئاوادا.[٣٠] بەڵام بەرپرسایەتی تەواوکردنی ئەم ئەرکە کەوتە سەرشانی فردریش نیتچە (١٨٤٤-١٩٠٠) وەك بیرمەندی سەرەکی پوست مۆدێرنیزم و بەم بیردۆزییەوە دەستی پێکرد کە زمان توانای گواستنەوەی حەقیقەتی غایی هەیە. نیتچە ئەم ئەندێشەیەی هێنایە پێشێ کە هەر شتێك بۆ ئێمە بە جێ ماوە، تەنیا ڕاڤەیە.[٣١]

جگە لەوەش، ڕەنگدانەوەگەلێك لە پۆست مۆدێرنیزم لە هێرمنوتێکی نوێی «ئێرنێست فۆکس»، «گێرهارد ئێبلینگ» و پاشان لە کارەکانی «مارتین هایدگەر»دا خۆیان وەدەر خستبوو. هێرمنۆتیکی مۆدێرن بە داکۆکیکردن لەسەر ڕووداوی زمان و خودفامیی، واقیعییەتی بەربین بوونی حەقیقەتی ڕەتدەکردەوە.[٣٢] هێرمنوتیکی مۆدێرن بە توندی بە خوێندنەوە پێوەندیدارەکانی شیکاری زمانییەوە گرێدرابوو. بۆ نموونە، «گادامر» لە تۆژینەوە زمانناسییەکانی خۆی گەیشتە ئەم ئەنجامەوە، کە پێوەندی نێوان دەق و ڕاڤە، تێکەڵاوێری ئاسۆکانە.[٣٣] بڕوای گادامر بە یاریی زمانی، پرسیارگەلێکی نوێی سەبارەت بە توانستی زمان لە دابینکردنی واتاکان و بەهاکاندا هێنایە گۆڕ.

ئەم گۆڕانکارییە زمانناسییانە، ڕێگایان بۆ داگەڕانگەلی بیناشکێنانەی پۆست مۆدێرنیزم خۆش کرد. ڕاستە کە چەککردنی مۆدێرنێتە و بزاوتنی پۆست مۆدێرنیزم لە ڕاستیدا بەرهەمی هیچ بزاڤێکی تاکی و تاك نییە، بەڵام بە مەزەندە دوو تایبەتمەندی بەرچاو لە تێپەڕبوون لە مۆدێرنێتەوە بۆ پۆست مۆدێرنیزم دەبینرێن. تایبەتمەندی یەکەم بزاوتێکە لە ئەدەبیاتدا کە بە بونیادگەرایی ناسراوە و سەرەتا بە خوێندنەوەی بونیادی زمان دەستی پێکرد. بەڵام پاشتر بە گەشەسەندنی ئاسۆی ڕوانین و وەبەرگرتنی بابەتگەلی زمانناسی و مێتۆلۆژییایی، گەورە بوو و بڵاو بوویەوە. بونیادگەرەکان بەم ئەنجامە گەیشتن کە زمان بینایەکی کۆمەڵایەتی‌یە. هەر کولتورێك، بۆ گەیشتن بە بونیادگەلی واتایی، گێڕانەوەکان و یان دەقەکان بەربڵاو دەکات و گۆڕانکاری بەسەریاندا دەهێنێت.[٣٤] بەم شێوەیە خەڵك دەتوانن ئەزموونەکانی خۆیان ڕێك بخەن و واتاداریان بکەن.

سێ کەس لە دیارترینی ڕوخسارەکانی پۆست مۆدێرنیزم،دوو فەرەنسین بە ناوەکانی «میشێل فۆکۆ» و «ژاك درێدا» و کەسێکی ئەمریکایی بە ناوی «ریچارد ڕۆرتی». ناوبانگی فۆکۆ لەوەدایە کە یەکەم کەسە گریمانەی ڕۆشنگەریی سەبارەت بە عەینی بوونی مەعریفە چەك



کردووە. فۆکۆ ڕایگەیاند کە زمان حەقیقەتی جیهانی ناگێڕێتەوە بەڵکو ڕەنگدانەوەیەکی ئەزموونی شەخسی تاکە.[٣٥] فۆکۆ لە خوێندنەوە مرۆڤناسانەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە لە نێوان دەسەڵات و کەڵکوەرگرتن لە زمان، گرێدراوی هەیە، بە چەشنێك کە زمان بۆ دەسەڵاتداران و خاوەن ئیمتیازاتەکان لایەنێکی ئامێری هەیە و لە ئاراستەی پاراستن و پشتگیری پێگەی کۆمەڵایەتی -- سیاسی ئەواندا دەجووڵێتەوە.[٣٦] لای فۆکۆ ئەرکی هێرمنوتیك سەندنەوەی دەسەڵاتێکی شاراوەیە لەودیوی ئەو دەقە کە ئێمە دەیخوێنینەوە. لە ئەنجامدا سەبارەت بە ئەو بەڵگە مێژووییانەی کە پێشکەش دەکرێن، ڕای وایە کە هەموویان زەینی و وەرچەپیون و لە ڕاستیدا جیهانبینی نووسەر و خوێنەر دەخەنەڕوو. ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە ئێمە تۆماریان دەکەین، ئەوانەن کە لە ڕاستیدا لەگەڵ حەو مەیلی ئێمە بۆ دەسەڵات هاوکێش و گونجاون.

ژاك درێدا، لەگەڵ ئەو بزاوتەوە کە بە ناوی بونیادشکێنی ناسراوە،نزیکایەتی و گرێدراوییەکی پتەوی هەیە. ئامانجی سەرەکی دریدا لە ڕاستیدا پووچەڵکردنەوەی شتێکە کە بۆ خۆی ئەقڵ تەوەری (یان حاکمیەتی ئەقڵ)ی ناو ناوە.[٣٧] دریدا ئەم بۆچوونەی بونیادگەرەکان کە واتا لە زاتی دەقدایە، ڕەتدەکاتەوە و قەبووڵی ناکات کە وشەکان هەڵگری واتابن، بەڵکو پێی وایە کە وشەکان تەنیا ئاماژە بە وشەگەلی‌تر دەکەن. واتا بە زانەرەوە بەستراوە نەك دەق، و کاتێك دەردەکەوێت کە ڕاڤەکار لەگەڵ دەقدا خەریکی گفت و گۆ بێت.[٣٨] کەواتە هۆگەلێکی بنەمایی کە بتوانرێت پشتیان پێ ببەسرێت، بوونیان نییە.[٣٩]

دریدا تاك هان دەدات تا دەسبەرداری ئەندێشەی واقیعییەتی سەرو (متعالی) بێت و لە باتی ئەوە لەسەر دەق وردببێتەوە. بە چەشنێك کە دەق بۆخۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ مرۆڤدا بێتە زمان و قسەی لەگەڵدا بکات. «ڤان هوزێر» پلە و پایەی بۆچوونێکی لەم چەشنەی هەڵسەنگاندووە و دەڵێت: «درێدا لە توانای ئەقڵ بۆ گەیشتن بە هەڵێنجانێکی هەمووەك واتە ڕوونکردنەوەیەکی جیهانی لە هەندێك لە لایەنەکانی واقیعییەت، گومانی هەیە. دریدا دژە بونیاد و پووچەڵکرەوەیەکە و شتێکی وەك گرێبەست و پەیمان لە نێوان زمان و ڕاستیدا پووچەڵ دەکاتەوە. واتە شتێك کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا بڕوای پێیەتی و لە ڕوانگەی ئەم فەلسەفەوە، توانای ئاشکراکردنی حەقیقەتی هەیە».[٤٠]

سێهەمین کەس کە لە گۆڕانی نموونەی پۆست مۆدێرنیزمدا کاریگەر بووە، ریچارد ڕۆرتی‌یە. ڕۆرتی دەڵێت: «لە قووڵایی و دەروونی ئێمەدا هیچ شتێك جگە لەوەی کە ئێمە خۆمان

دامانناوە، بوونی نییە. نە پێوەرێك کە خۆمان دروستمان نەکردبێت، نە ڕێساگەلێك بۆ ئەقڵ،... و نە باسێکی جیددی کە ملکەچی دابەکان و ڕەوشتی ئێمە نەبێت. لە هەڵویستگرتنی توندتری ڕۆرتیدا وادەردەکەوێت کە تاك دەبێ لە کاری درێژەپێدانی گوتاردا خوشحاڵتر بێت لە کاری گەڕان بە دوای حەقیقەتدا.[٤٢] ئەم تێڕوانینە شوێنی هانداوە تا سەبارەت بە ئەندێشەی ڕۆرتی ئاوا بڵێت: تێڕوانینی ڕۆرتی لەسەر ڕەتکردنەوەی ڕاستێتی (عینیت) و پیاهەڵدانی دەرککردنی دیداری و ڕواڵەتی ڕاوەستاوە.[٤٣] ڕۆرتی وێڕای هاوڕابوون لە گەڵ فۆکۆ و دریدا لەسەر ئەوەی کە: زمان ڕەنگێنەری واقعییەت نییە، لەوانیش پێش دەکەوێت و لەسەر ئەم بیردۆزەی پراگماتیکە جەخت دەکاتەوە کە: حەقیقەت ئەوەیە کە بەکار بێت.

یەکێکیتر لە پۆست مۆدێڕنە پڕ لایەنگر و زاناکان، «ژان فرانسوا لیۆتارد» (١٩٢٤-١٩٩٨)ە. لیۆتارد پێی وایە کە ئیدی دەری ناهێنێت کە بۆ ڕوونکردنەوەی گێڕانەوە گچکەکان، گێڕانەوەیەکی گەورە قەبووڵ بکەین.[٤٤] ئەوەدەم کە مەعریفەی زانستی، لە گێڕانەوەی دەسەڵاتخوازی خۆی ڕزگار ببێت، لەبەر ئەوەی کە شەرعیبوونەکەی تەنیا لەسەر ئەستوونی کۆمەڵێك لە ڕێسا زەینی و دەروونییەکان ڕاوەستاوە، سەرجەم ئەو شتانەی کە دەمێنێتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە یارییە زمانییەکانن.[٤٥] بەم شێوەیە لیۆتارد لەو بیردۆزەیە بەرگری دەکات کە مەعریفەی زانستی، پێش ئەوەی لە هەوڵی فەراهەمکردنی حەقیقەتدا بێت، دەبێ بە دوای توانایەکی جێبەجێکردندا بێت.

یەکەم ئەستوونی پۆست مۆدێڕنیزم، واتە ئەم بڕوا مەعریفەناسانەیە، ئەوەیە کە هیچ واقیعییەتێکی سەربەخۆ لە ڕاڤە زمانییەکان لە ئەزموونە شەخسییەکانی ئێمەدا بوونی نییە. ئەستوونی دووهەمی پۆست مۆدێڕنیزم ئەم بڕوا زمانناسییەیە کە ئێمە جیهانەکانی خۆمان دەقاودەق لەڕووی ئەو گوتانەوە ساز دەکەین، کە بۆ ڕوونکردنەوە و ڕاڤەی ئەزموونە شەخسییەکانی خۆمان بەکاریان دەبەین. ئەستوونی سێهەمی پۆست مۆدێڕنیزم، تێڕوانینە پراگماتیکەکەیەتی.

**بەشی دووەم: ڕەتکردنەوەی بونیادگەرایی (فەنداسیۆنیزم).**

پۆست مۆدێڕنیزم فەنداسیۆنیزم ڕەتدەکاتەوە. فەنداسیۆنیزم پێی وایە کە مەعریفە دەتوانێت لە بەستێنی هەندێ پرەنسیپی سەرەتایی و بێ چەندوچون و حاشا هەڵنەگر (ئەریکسۆن ١٩١٨-١٩٨٨) پێش بکەوێت. ئەو ڕاستییە کە پۆست مۆدێڕنەکان بە نیسبەتی هەموو جۆرە ((گێڕانەوەگەلێکی)) چاوەدێر و کۆنترۆڵکەر دەنگ هەڵدەبڕن، حاشا هەڵنەگرە. «والش»



دەڵێت: «لێرەدا زۆر گرنگ نییە کە ئەو تەرحە پێوەندی بە سیستەمێکی ئەبستراکتی متافیزیکییەوە هەبێت و یان گێڕانەوەیەکی گەورە لە مێژوو، هەردووکیان وەکیەك لە ژێر گومان و دڕدۆنگی زەینی پۆست مۆدێڕندان».[٤٦]

لەوێڕا کە دریدا و فۆکۆ هەردووکیان دژی ئەندێشەی واقیعییەتی عەینێن و قەبووڵ ناکەن کە واقیعییەت وەك بینایەکی کۆمەڵایەتی وایە، کەواتە مەسەلەی مەعریفەی نایاب لە گۆشەنیگای پۆست مۆدێڕنیزمەوە بێ ئاکام و بێ مانا دەبێت. بە ڕەتکردنەوەی لەم چەشنەی ڕاستییەکان و زانستی بەربین، قەیرانێك لە تێڕوانینی مۆدێڕندا دێتە ئاراوە کە: حەقیقەت چییە؟

ئەقڵانییەتی ئامێری و دیالکتیکی سەردەمی ڕۆشنگەری: هەر ئەوەی کە وەك هەلومەرجی مرۆیی لە ئەژمار دەدرا، زۆربەی هەرە زۆری بووە بە دژی خۆی. کەڵك وەرگرتن لە زانستە سروشتییەکان و تەکنۆلۆژیا و گەشەسەندنی کارەساتباری ئەوانە، بووەتە هۆی دروست بوونی بازاڕی ئابووری ئازاد و هەوسارچڕاو. بەم پێیە بۆ دۆزینەوەی ڕیشەی ئەم ئەنجامانە دەبێ لە نەریتەکانی ڕابردوودا بگەڕێین. گەرچی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا هەنگاوی گەورەی ئاکاری وەك مافی مرۆڤ و هەڵوەشاندنەوەی بازرگانیکردن بە کۆیلەکانەوە هەڵگیرابوون.[٤٧]

پاشان لە شەپۆڵەکانی دواتری سەردەمی ڕۆشنگەریدا، ڕیشاڵگەلێك لە هەستەوەرییەکان، جیهانبینییەکان و ئەندێشە جۆربەجۆرەکان سەریان دەرهێنا کە تاك و مرۆڤایەتی بە ڕێگاگەلی جۆربەجۆردا بەدوای خۆیدا دەکێشا و ئەنجامەکانیشی بە ڕاستی گێچ و وێجکەر بوون.

جگە لە مۆدێڕنێتە سەرەتاییەکان، مۆدێڕنێتەگەلیتریش ڕوویان دا. پرۆسەی مۆدێڕنیزاسیۆن یان نۆژەنکردنەوە بۆ ئەو شارستانییەتانەی کە پێوەندییان بە بەها لیبراڵی و پیشەسازییەکانی ڕۆژئاواوە نەبوو، زیاتر ئەزموونێکی وێڵ و سەرگەردانکەر و توندوتیژبار بوو. لێرەدا مۆدێڕنێتە بە سانایی وەك ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆمەڵە ئەندێشەیەکی جێگرەوە لە ئەژمار نەدەدرا، بەڵکو بەشێك بوو لە پرۆسەیەکی دەسەڵاتخوازی، تەشەنەکردن لە کۆمەڵگەدا، دەسکاری و قەوارەبەندی بنەما خەڵکییەکان و جێبەجێکردنی چەشنە تەبایی و ئاشتییەك لەگەڵ دامەزراوە سیاسی و ئابوورییە نوێیەکان، کە کارگ ئاسا لە سەرتاسەری جیهاندا هەڵتەقیبوون لە قەڵەم دەدرا.[٤٨]

ئابووریزانەکان نۆژەنکردنەوەیان بە واتای بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا لە لایەن مرۆڤەوە بۆ چاودێری و زاڵبوون بە سەر سەرچاوە سروشتییەکانەوە، لە ئەژمار دەدا. توێژەرانی زانستە

سیاسییەکان جەختیان لە سەر لایەنە ئاژاوەگێڕییەکانی دەکردەوە لە بینای نەتەوەدا. پێکدادانێك، پێوەندیی بە گواستنەوەی مرۆیی کولتور و بزاوتن و جێگورکێگەلی خێرا بوو. لێرەدا، نۆژەنکردنەوە وەك پێشمەرجی گەشەسەندن لە قەڵەم دەدرا. بۆچوونێکی جیاوازیتریش لە لایەن ئەمریکای لاتینەوە دەهاتە گۆڕێ کە دەیگوت: مۆدێڕنێتە سەردەمێك وەدی دێت کە گەشەکردنی بەکارهێنان و بڵاو بوونەوەی بەشی مامناوەند لایەنی راستەکی بەخۆیەوە بگرێت. لە وڵاتانی دیکەی جیهانی سێهەم، نەریتی نوێیان بەوە دەزانی کە شارنشینی تا ئەو جێگایە بڵاو بێتەوە کە کۆمەڵگە بە تەواوی گوند سڕینەوە بکرێت.[49]

نەریت و نۆژەنکردنەوە وەك بەربژێرگەلی ئایدۆلۆژیك بەسەر رێگای مۆدێڕنێتەوە لە ئەژمار دەدران. هەنووکە بە چاوپۆشی لەوەی کە چ بەربژێرێك راست بووە، قەیران هاتۆتە پێشێ. بەڵام سەردەمێك کە ئەوروپییەکان باسی ئەم قەیرانی مۆدێڕنێتەیە دەکەن، بە پێچەوانەی ئاسیاییەکان مەبەستیان مەترسییەکە کە هەڕەشە لە سیستەمە بەهاییەکانی ئەوان دەکات.[50]

پێك گەیشتنی سەرەتایی کولتورە نارۆژئاواییەکان لەگەڵ مۆدێڕنێتەدا وای دەردەخست کە بە کارێکی دڵخوازی دەزانن و وەك رێگایەکی ئیلهام وەرگرتن و وەدیهاتنی ئاواتەکانیان دەزانی و کەمتر وەك ئەزموونێکی ناهاوڕەگەز لە ئەژماریان دەدا. «نلوفەر گۆلێ» گوتویەتی کە: «چ لە رێگای پرۆسەی کۆلۆنیخوازانەی بانگهێشتکارانی شارستانییەت و چ ئەمڕۆ بە هۆی هۆکارگەلی وەك ئیمپریالیزمی جیهانی، میدیاکان و کۆچبەری، میکانیزمەکانی مۆدێڕنێتە دەبنە رەوتێکی ناهاوڕەگەز لە بزاوتنە مێژووییەکان(دامەزراندنی دەوڵەت -- نەتەوەکان)، زەینییەتە کۆمەڵایەتییەکان (داگەڕانگەلی نائایینی، یەکسانیخواز و دیموکراسی) و بەرهەمە کولتورییەکان (هونەر، جوانیناسی و زانیارییەکان)دا. گۆلێ مۆدێڕنێتە وەك بابەتێکی«ئێستاکی» دەناسێنێت کە نەك هەر رێکخراوە و دامەزراوەکان، بەڵکو «زەینییەتی کۆمەڵایەتی»، ژیانی رۆژانە و نەژاد و رەگەز و مافی دیاریکردنی چارەنووس دەباتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.[51]

لە نیگای یەکەمدا، نەریتەکان وەك لەمپەڕگەلێك بەسەر رێگای مۆدێڕنێتەوە لە قەڵەم دەدران. ئەم دەستەیە لە نەریتەکان یان تێدا چوون یان لە بیرچوونەوە. بابەتی رەزامەندی بەکارهێنەر وەك ئامانجی کۆتایی مۆدێڕنێتە، ئەودەم کە لە سەرەی مێژوویی خۆی دابنرێت، مەیلەکان و هۆیەکانی قەیران روون دەکاتەوە.[52] گرفتی ئەو کۆمەڵگانەی کە لە حاڵی گەشەسەندندان، پێوەندیی بە گونجایشی زاتی ئەوان لە نۆژەنکردنەوەدا نەبوو، بەڵکوو زیاتر



بەرهەمی نەبوونی کۆمەڵە دامەزراوەگەلی نوێ، میکانیزمە رێککەرەکان و بڕیار و یاساگەلی نۆرماڵ بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها نەبوونی گونجانیشت بۆ رەواندنەوەی ئەو کێشەگەلە بوو کە لە سیاسەتەکانیاندا سەریان هەڵدەدا.[53]

مۆدێڕنیزەشین یان نۆژەنکردنەوە (بە واتای نائایدۆلۆژیك و پەتی خۆی) لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی تەکنۆلۆژیکە نەك زاراوەیەکی بەهایی. نۆژەنکردنەوە لەم واتایەدا، دەربڕی دانانی مەکینە لە باتی هێزی کاری مرۆیی، خێراکردنەوەی رایەڵەکانی پێوەندی و هەڵخڕاندنی خێرای خەڵك و کارەکانە. خودکاربوونی خزمەتگوزارییەکانیش هەندێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی دەگێڕێتەوە.[54] بەڵام بزاوتنی مۆدێڕنێتە لە زۆربەی وڵاتانی نارۆژئاواییدا هیچ چەشنە کاریگەرێتیەکی گواستنەوەیی بە سەر نەریتە کۆنترەکانەوە نەبوو. سەرچاوەگەلێك بۆ گۆڕانکاری هەبوون، بەڵام رەق و نەگۆڕ بوون. دەسەڵاتی نایاو و نەگۆڕییان بەوهۆیەوە بوو کە لە سەرەتای ژیانی سیستەمێکەوە یان هاوتەریب و شانبەشانی تەشکە نوێیەکانی مۆدێڕنێتە بوون.[55] بەم شێوەیە هەر شتێك کە نوێ بوو، دەبوو بە تەشکە دەست لێنەدراوەکەی خۆیەوە رەت بکرێتەوە، چونکە کاریگەری کاولکارانەی مۆدێڕنێتە لەم کۆمەڵگە نارۆژئاواییانەدا لە کاریگەرییە ئایاوەکانی زیاتر هەست پێدەکرا.

یاسا و رێسا نەریتییەکانی رابردوو، کاتێك لە بەردەم دەسکاریدا بوون، قازانجمەند دەهاتنە پێش چاو. کاتێك ئەم رەسم و یاساگەلە کارکردێکی نوێیان پەیدا دەکرد و یان واتایەکی نوێیان پەیدا دەکرد، بۆخۆیان بەرگی نوێیان دەکردەبەر.[56] بەم چەشنە ئەو نەریتە نوێیانەی کە پێڕەوکە دەبن، لەگەڵ ئەم تێڕوانینەدا هاوکاتن کە بەکارهێنانی دەقاودەق و چاوبەستراوانەی ئەزموونەکانی رۆژئاوا و قەبووڵکردنی بێ چەندوچۆنی نوسخە رۆژئاواییەکان وەك رێگای باشتر بەڕێوەبردنی نۆژەنکردنەوە، لە راستیدا بۆ مۆدێڕنێتە شێوازگەلێکی کارامە نین.

چەشنە فیزفرۆشی و خۆ بە زلزانینێکی کولتوری لەلایەن ئەورووپییەکان و ئەمریکییەکانی باشوورەوە بەرامبەر سەرجەم نەریتە نائەورووپییەکان دەستی پێکرد کە بۆن و بەرامەی خۆخوازیی کولتوری پێوە بوو و لە رواڵەتیشدا زۆر بە دەسەڵات دەهاتە پێش چاو.[57]

رەتکردنەوەی فەنداسیۆنیزم لە ناوەوەی خۆیدا رەتکردنەوەی دەسەڵاتدارێتیشی لەگەڵدایە. ئەم بابەتە دەتوانرێت لە میانەی زمانە دوو دیو و نابەردەستەکییەکەی پۆست مۆدێڕنەکانەوە فامبکرێت. وشەگەلی وەك «ئیمپریالیست» و «ترسەکان» بۆ روونکردنەوەی گێڕانەوە گەورەکان بە کار دەبرێن.[58] ئەمە یەکێك لە گەورەترین لایەنەکانی ئەندێشەی پۆست مۆدێڕنە.

ئەگەر حەقیقەتی بەرین و عەینی رەت بکرێتەوە، ئەنجامە رێگەلێنەگیراوەکەی رێژەخوازی‌یە. ئەو تاکخوازییە پتەوەی کە لە ئەندێشەی پۆست مۆدێرندا بوو، لە پێگەی حەقیقەتە بەرینە میراتییەکانەوە بۆ دونیای «کەشف و شهود» گوێزرایەوە. «کارێل» گوتوویەتی: «ئەگەر خودا وەلاوە بنێین، جێگایەکی کەم بۆ ئایین دەمێنێتەوە، ئەگەر ئایین وەلاوە بنێین، جێگایەکی کەم بۆ بەها رەهاکان دەمێنێتەوە. کۆمەڵگەیەك لەوانەیە ئەندێشەگەلێکی جوانی بۆ دروستی و نادروستی و یان سەبارەت بە واقیعییەتی باش و خراپی ئەهریمەنی هەبێت، بەڵام سەرجەم ئەمانە لە کۆمەڵگەیەکی نائایینیدا لایەنێکی رێژەیی پەیدا دەکەن».[59] لەم دۆخەدا، جیهانێکی ئاکاری و ئەخلاقی خۆڵەمێشیمان هەیە.

بەڵام ئەم فرەییخوازییە لە نەبوونی رەهاکاندا، شێوەیەکی زەروری و پێویست پەیدا دەکات و لە گەڕان بەدوای حەقیقەتی رەهادا وەك سەرچاوەیەك کاردەکات. لە نەریتی رۆژئاواییدا لێکترازانی بەهاکان و ئایدیاکان وەك فەزیلەتێکی کۆمەڵایەتی لێ هاتووە و سەرەڕای بوونی یاسا یان ئایین، سەرجەم لایەنەکانی ژیانی ئێمەی بردۆتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە. ئازادییەکانی تاك لە لایەن هەموانەوە رێزیان لێدەگیردرێت. پرەنسیپەکانی «جان ستوارت میل» بە شێوەیەکی بەرچاوتەنگانە دەپارێزن، ئەم ئەندێشەیە لە ئارادایە کە: «تاقە ئامانجێك کە دەسەڵات دەتوانێت بە هۆی ئەو ئامانجەوە بە شێوەیەکی دروست و بێدڕدۆنگی بەسەر هەرکام لە ئەندامانی کۆمەڵگەی شارستانیدا بسەپێنرێت، پێشگرتن لە خەسارمەندبوونی خەڵکانی دیکە. مەیل و بەرژەوەندییەکانی تاك، چ ئاکاری یان ماددی، دەستەبەرییەکی ئەوتۆیان نییە.» (بەڵام ئیزنە سیاسییەکان بۆچوونێکی خێرخوازانەتریان بۆ ئەم بۆچوونەی دوایی هەیە).

دەبێ کەمێك دوور بکەوینەوە تابتوانین بەرتەسکایەتییە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکان لە نەریتی سیاسیدا کە بۆ پێشگرتن لە دارمانی مرۆڤایەتی لە قاڵبی پاشاگەردانی تێکەڵ و پێکەڵی وەدەرخراون، وێنا بکەین. سێ جۆر ئازادی بنەمایی بە تێڕوانینی ستوارت میل لە رەوتی دیموکراسییە لیبراڵییەکاندا پێك هاتوون: ئازادی ویژدان کە وەبەرگری ئەندێشە، هەست، بیروباوەڕ، عاتیفەکان و هتد، لە سەرجەم بوارەکاندا (ئاکاری، ئایینی، زانستی و فەلسەفی)یە. ئەم ئازادییە وەبەرگری ئازادی رادەربڕین و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانە. دووهەم ئازادی سەلیقە و داڵغەکانە کە تێیدا هەرکەس دەتوانێت گەڵاڵە و بەرنامەی ژیانی خۆی، بە چاوپۆشی لەوەی کە دیتران چۆن بیردەکەنەوە دابرێژێت. ئازادی سێهەم ئازادی بەشداری و هاوگری‌یە، کە تێیدا مرۆڤەکان ئازادن یەك بگرن یان لەگەڵ هەرکەسدا کە پێیان خۆشە بەشداری بکەن (بە



رەچاوکردنی بەردەوامی ئەو خاڵەی کە تا دەتوانن زەرەر لە دیتران نەدەن). باسەکە لێرەدایە کە بە بێ ئەم ئازادیگەلە هیچ کۆمەڵگەیەك ئازاد نی‌یە. دەبێ ئەوەش زیاد بکرێت کە ئەم بابەتە تەنیا پارادایمێکە و بە نیسبەتی ئەو هەلومەرجە تایبەتەی کە تێیدا کاردەکات، لایەنێکی ئامێری هەیە. لەو کولتورانە**ی** کە خاوەنی نەریتێکی سیاسی لەم چەشنە نین، بەکارهێنانی خێرا و بێ زەمینەی پرەنسیپگەلێکی لەم چەشنە بۆ کۆمەڵگە و بەبێ لەباربوونی بەستێن لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە پرۆسەی وەرگرتن ناتەواو بمێنێتەوە و نابەجێیگەلی دەردمەندی مرۆیی تێیدا روو بدەن.

بەم شێوەیە کۆمەڵگەی رۆژئاوایی لە کەشوهەوایەکی فرەییخوازدا دەژی کە ژمارەیەکی زۆر کولتور و ئایین و شێوازگەلی ژیان دەگرێتەوە. لە کۆمەڵگەدا رەنگاڵەیی (تنوع) وەك شتێك کە دەبێ ستایش بکرێت و پشتیوانی لێ بکرێت، لە ئەژمار دەدرێت. بەڵام ئەم کارە دەتوانێت ببێتە هۆی قەیرانێك: «مەك گراس» لەو دەلاقەیەوە سەیری فرەییخوازی دەکات کە دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵکو لە رابردوو و لە درێژەیساڵگەلێکی درێژدا بە دامەزراوەکان و توێژەکان و چینەکانەوە نووساوە.[60] جیاوازی لەوەدایە کە ئەمڕۆ بە بێ بوونی ئاسۆکان و دیمەنە ئاکارییەکان و لە نەبوونی دەسەڵاتدارێتییەکان و رەهاکانی پرەنسیپە ئاکارییەکان، ئێمە بە ناچار دەبێ لە نێوان سیستەمە بەهاییە جۆربەجۆرە ناتەباکاندا دەست بە بژاردن بکەین و لە ئەنجامدا دەبێ تەنیا بۆ خۆمان بەرپرسایەتییەکان لە ئەستۆ بگرین.[61]

لێرەدا، تاقە خاڵی نوێ ئەو وەڵامە رۆشنبیرانەیەیە کە پێی دەدرێتەوە: وەڵامەکەش ئەوەیە کە فرەیی بیروباوەڕەکان بەشێوەی پەتی بابەتێك نییە لە چوارچێوەی ئەو واقعییەتانەدا بێت، کە شیاوی بینینن، بەڵکو لە باری تیۆرییەوە (نەك هەر بە شێوەی گشتی لە ژیانی هزری و کولتوریدا، بەڵکو بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئاییندا) لەبارە. لەوانەیە وا بگوترێت کە چەمکی«مرۆڤی کۆمەڵی»ی نیتچە، پێی وابووە کە«خودا مردووە» و یان لانیکەم، وەك جاران گرنگ نییە. بەم چەشنە ئیدعای هەر تاك یان گرووپێك لەسەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی پاوەنکراو حەقیقەت لە دەستی ئەودایە، وەك بابەتێکی یەکسان و هاوتای فاشیزم لە ئەژمار درا.

فرەییخوازیی کولتوری، ژمارەیەکی جۆربەجۆر لە کولتورەکان دالّدە دەدات و ئیدعای ئەوە دەکات کە بە دەوڵەمەندی و بەرهەمداری کۆتایی دێت. فرەییخوازیی ئایینی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە جیاوازی نێوان ئایینەکان بابەت و مەسەلەی حەقیقەت و نادروستی نییە، بەڵکو دیتن و دیمەنگەلێکی جیاوازن لە یەك حەقیقەت.[62] ئەنجامەکانی رۆشنگەری لەو جێگایانە بە

فرەییخوازیی هزری کۆتاییان دێت کە سەرەتا رەهاکان، بڕوا وشکەکان یان بنەماکان دەخەنە بەر نکۆڵی و رەتکردنەوەوە. سیستەمە بیروباوەڕییەکان وەکیەك بەڕەوا و بڕوا پێکراو دەزانرێن و هەموویان بە چەشنێك بایەخدارن. حەقیقەت لە کانگەی بیروباوەڕەکاندا نییە، بەڵکو ساناگیری لە سەرەوەی هەموو شتێك دایە.[٦٣]

راکێشاو بەوادانەوەی میراتی رۆشنگەری تاقە نموونەیەکی فرەییخوازی لە پانتایی بەها ئاکارییەکان و راستێنیەکانی کۆمەڵگەی ئێمە دایە.[٦٤] ئەم بابەتە وای لە «چارلز تایلۆر» و «بێنجامین لی» کردووە تا بپرسن کە ئایا ئیمکانی چێکردنی مۆدێڕنێتەیەکی مەزنتر و نۆرماڵ هەیە یان نا؟ یان ئەم پرسیارە گەڵاڵە بکەن کە ئایا فرەییخوازی لە بەستێنی مۆدێڕنێتەی کولتوری جیاوازدا، دەتوانێت بوونی هەبێت؟[٦٥] بە هەرشێوە ئەم گرفت و دڕدونگییانە بوونەتە ژارێکی کوشندە بۆ کۆمەڵگەی رۆژئاوایی.

## بەشی سێیەم: رەسەنایەتی و چاکسازیی

سەرەڕای ئەمانەش مۆدێڕن و مۆدێڕنێتە ئیدی پاوانکراوی رۆژئاوا نین. جگە لەوەش رێگای مۆدێڕنێتە وەبەرگری ئەزموونگەلی جۆربەجۆرە و دیاردەیەکی یەکسان نییە. نەریت پێگە و پێویستیگەلی زۆر جیاواز لە کۆمەڵگەدا پەیدا دەکات. نەریت لە راستیدا بۆ بەبەرکردنی مۆدێڕنێتە، دەور و لایەنێکی ئامێریی هەیە. بەم پێیە مۆدێڕنێتە دەبێ لە روانگەی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەزموونە نارۆژئاواییەکانەوە بخرێتە بەر تیشکی پێداچوونەوە.[٦٦]

پۆست مۆدێڕنیزم نەك هەر تێکەڵ بە فرەییخوازییە، بەڵکو بە پراگماتیزمیش رازاوەتەوە. لە جیهانبینی نوێدا دەبێ هەمووشتێك ئەقڵانی بێت. ئەمڕۆ تەنیا ئەم روانگەیە کارامەیی هەیە. ئەم دیتنە گەرچی پراگماتیستیە، بەڵام لەگەڵ پۆست مۆدێڕنیزمدا یەکسان و وەکیەك نییە. هۆ هێنانەوەکەی بەم چەشنەیە کە: لەبەرئەوەی کە حەقیقەتی عەینی بەربین لەبەر دەستی ئێمەدا نییە، کەوا بوو دەبێ ئێمە کرداریترین رێگا ببڕین. چونکە مەبەست گەڕانێکی نوێ بۆ حەقیقەت نییە، بەڵکو بۆ دەرمان و خۆشگوزەرانییە.[٦٧]

«موحەمەد ئێقباڵ»، باسی رۆڵ و قازانجی نەریتە ئیسلامییەکان وەك ئامێری رۆشنگەری لە نوێخوازیدا دەکات و پێی ئەقڵانییەتی ئامێری دێنێتە مەیدانەوە. ئێقباڵ نموونەیەکی هاوشان لەگەڵ سیستەمی ئاکاری پرۆتێستانی پێشکەش دەکات و پێویستی موسڵمانەکان لە دونیای نوێدا بەوە دەزانێت کە بەردەوام لێڵیەکان و وەهمەکان بشکێنن و ناوکی سەرەکی



بزاوتنێك کە بە ناوی گەوهەری ئیسلام و راسپێردراوی پێغەمبەرانە ئاماژەی پێدەکات، دووبارە رێك بخەنەوە.٦٨ بەم چەشنە نەریت لە دەروونی خۆیدا توانای جێبەجێکردنی گۆڕانکاریی هەیە. نەریت و زۆرجار لە ناوەوە، ئامێری گۆڕانکاری و تێپەڕین لە کۆنەوە بۆ نوێ پێك دەهێنێت. هەرچەشنە خۆڕاگرییەك لە بەرانبەریدا کارێکی پراگماتیك نییە و بە شێوەیەکی ناچارانە بە قەیران لە نوێخوازیدا کۆتایی دێت.[٦٩]

پراگماتیزم لە روانگەی پۆست مۆدێڕنیزمدا، لەسەر بنەمای چەمکی کارامەیی‌یە. بە چەمکێکی مەزنتەری دەزانێت و تەکنۆلۆژیاشی بۆ زیاد دەکات. پرسیاری هەرەگرنگ ئەوەیە کە: ئایا بە کار دێت؟ یەك لە پراگماتیستەکان بە ناوی «ویلیام جێمز»، بۆ یەکەمجار رایگەیاند کە تاك دەبێ هەر روانگەیەك لەسەر بنەمای بەهای رەخنەی ئەو روانگەیە بخاتە بەر داوەریی خۆیەوە.[٧٠]

رەسەنایەتی کولتوری لە جیهانی سێهەمدا وەك پێویستی سەردەم لە ئەژمار دراوە. ئەم پێویستییە پەرچەکردارییە لە بەرانبەر تێك شکانی گەشەسەندن خوازیدایە کە سەرەتا بۆ باشترکردن و چاکسازی هەڵە کولۆنیاییەکان لەبەرچاو گیرا. گرنگیدان بە رەسەنایەتی، رەنگدانەوەیەك لە تێکشکانی سەرهەڵدانی ئەو لیبراڵیزمە حەقیقییە بوو کە وەك دۆست و هاورێی گەشەسەندنخوازی دەزانرا. وەڵامێك بوو بۆ کۆڵەواریی مۆدێڕنێتە لە تەدارەکی لۆژیکێکدا کە هەڵنەوەشێتەوە. لەکاتێکدا کە کۆلۆنیالیزم، گەشەسەندنخوازی و ئازادی خاوەنی ئەم لۆژیکە بوون.[٧١] ئەوانەی بە دوای رەسەنایەتیدا دەگەڕان، رێچارەی خۆیان لە وەلاوەنان و چاوپۆشیکردن لە رێسا دیاریکراوەکانی گەیشتن بە مۆدێڕنێتەدا زانی و بۆ دیمەنی داهاتوو چاویان لە نەریتە خۆجێیی و ناوچەییەکان بڕی. بڕوا وا بوو کە رەسەنایەتی تاقە ئامێری کردەنی و بڕواپێکراو بۆ خۆدزینەوە لە دژبەریەکان و دڕدونگییەکانی زەینگەرایی و ئەو بێ واتایی و هیچگەرییەیە کە زۆربەی کات بە دیمەنەکانی پۆست مۆدێڕنیزم لە بابەتە مرۆییەکاندا گرێدراوە.[٧٢]

هەرچەندە ئەم کارە رەتکردنەوەی گەڵاڵەی ئەو بنەماگەلە بوون، کە لە جیهاندا قەبوڵ کرابوون، بەڵام بە کردە بە دوای دروستکردنەوەی ئەزموونی مرۆیی لەسەر بەستێنێکی قووڵتر و دەروونی و نائەقڵانییە تا تاك یان کۆمەڵگەی تاکی بە شێوەی «رەسەن» فامی بکات. گەڕانێکە بە دوای ئەوەدا کە«ئێمە» چین و لەگەڵ ئەم خاڵەدا کە «ئەوان» دەیانەوێت چی بین، لە دژایەتی دایە.[٧٣] تا ئەو کاتەی کە کاریگەری بە رۆژئاوایی بوون لە هیچ لایەنێکی ژیان بارگەی نەپێچابێتەوە و هەمیشە نیشانەکانی دیاربن، نەریت ناتوانێت بۆ دۆخی هەنووکەیی بگەڕێتەوە. هەنووکە ئیدی تەکنۆلۆژیا بەسەر رکەبەرایەتی خوازییەکانی نەریتدا زاڵ بووە و

گەیشتووەتە دۆخێکی بێ نەیار کە نیشانەی شوناسێکی جیهانی‌یە.[٧٤] ئەمڕۆ ئیدی بەربژێرگەلی وەك ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاَت یان نەریت و مۆدێرنێتە بوونیان نییە. پرسەکە ئەوەیە کە دەبێ بە چ شێوەیەك مۆدێرن بین کە هی خۆمان بێت.[٧٥] لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جیهانی دەبێت، دەبێ نەریتە کۆنەکان بە چەشنێك دابڕێژرێن کە هەم گۆڕانکارییەکان وەربگرن و هەم خەسڵەتێکی تاقانە پەیدا بکەن کە نوێنەرایەتی بەها دڵخوازەکانی هەبێت.

بەم پێیە، بە شێوەی باو، ڕەسەنایەتیخوازی بە واتای ئاوات و هیوا بۆ پێشگرتن لە بلاَوبوونەوەی مۆدێرنێتە و پاراستنی کۆمەڵگەیەکی نەریتی (کە گەلێك ساڵ لەمەو پێش ون بووە)، نییە. بەڵکو هاوارێکە بۆ ڕامکردنی پڵنگی نۆژەنکردنەوە. بە واتایەکی‌تر بەدوای جۆرە مۆدێرنێتەیەکەوەیە کە کەمتر بۆیاخی ناکارکردن و سەرەڕۆیی و هاروهاجیی هەیە. هەمەگیرتر و لە هەموو شتێك گرنگتر، لە ئافراندنی ئەو شێوازەی ژیاندا کە لە باری مادی و مەعنەوییەوە زۆرتر جێگای ڕەزامەندی بێت، داهێنەرێتی زۆرتری هەیە.[٧٦] ڕەسەنایەتی، وەلاَمێکە بۆ ئەو هەلومەرجە کە لە هێرشی مۆدێرنێتەوە سەری هەڵداوە. لە دیمەنی ڕۆشنبیریشەوە هەڵقەی پێوەندیی ئەو ئەندیشانەیە کە سیاسەتەکانی مۆدێرنێتە لەسەر بناغەی ئەوان چێکراون.

لە ئاستی تاکدا، ڕەسەنایەتی خاوەنی ریشەگەلێکە کە ئافراندنە شەخسییەکان، بونیاد و دۆزینەوەی چیەتییەکی ڕەسەن، لەو ریشەگەلەوە دروست دەبن و لە ڕواڵەتدا لەگەڵ ڕێسا نەمر و زیندووەکانی کۆمەڵگە و هەر شتێك کە بە شێوەیەکی کردارییانە وەك ئەخلاقییات دەناسرێت، دژایەتیی هەیە. بەلاَم ئەم کارە لایەنێکی پاك کەرەوە و سوودمەندیشی هەیە کە ئاسۆ واتاییەکان دەکاتەوە و«خود» لە پرۆسەی گفتوگۆدا، بۆ گەیشتن بە پێناسەیەکی لەبار لەوەی کە«خود» کێیە، ئامادە دەکات. ڕەسەنایەتی بۆ خۆی ئەندێشەیەکە سەبارەت بە ئازادی. ئەم باسە وەبەرگری چەمکێکە لە«من» کە گەلاَڵەی«ژیانی من» لە بەرانبەر پێویستی گونجان لەگەڵ دەرەوەدا شیدەکاتەوە.[٧٧] لە ئاکامیشدا تێڕوانینێکی نوێ دێتە دەست کە کەسایەتییەك لە ڕاستیدا کێیە و بەم جۆرە تاك دەتوانێت جێگای خودێکی بەرپرسانەتر پەیدا بکات. ئەم بابەتە دەبێ بە تاك دەرفەت بدات تا تەواوتر و ڕەنگاڵەتر بژی، بە چەشنێك کە ژیان هی ئەو بێت و هاوسەنگییەکی زۆرتری لە گەڵیدا هەبێت.[٧٨]

گەڕان بە دوای ڕەسەنایەتیدا لەگەڵ چاکسازی لە نەریتە ئایینی و نا ئایینیەکاندا هاوکات بووە: «ئێمە سزێر» و «لئوپۆڵدسنگۆر»، چەمکی ڕەشبوون یان پێشنیار کردووە، کە لە سەر



کولتور داکۆکی دەکات و کاری بە ئیمانەوە نییە. «جولیوس نیررە»، وەلاَمەکەی لە هاندانی نەریتە هاوبەشەکان بەرەو مەڵبەندەکانی ئەخلاَق و ئایین دا دۆزیوەتەوە. «گۆستاڤ گوتیەرز» ئەندێشەی تیۆلۆژی ئازاد بەربلاَوتر دەکاتەوە کە توانی لە ناو کلێسای کاسۆلیك لە ئەمریکای لاتیندا، بە مەسیحیەت ڕەنگ و بۆیەکی شۆڕشگێڕانە ببەخشێت.[٧٩]

دەبێ دابڕان و درزی نێوان نەریت و مۆدێرنێتە لە بەستێنە نارۆژئاواییەکاندا پڕ بکرێتەوە. دەبێ وتووێژێك لە نێوان ئەو شتانەدا کە وەك بەشە ناهەماهەنگەکان دەبینرێت و تەباییەکی زۆر کەمی هەیە، بێتە ئاراوە.[٨٠] «ئەکبەر عەباس» بە گەرمی و حەماسەتەوە ڕای دەگەێنێت: «لە هەر جێگایەکدا گۆڕانکارییەکان ئاراستەیەکی ڕوونـاك و دیاریکراویان نەبێت، «شوێن» بەخێرایی و لە بەستێنگەلی زەمانی جیاوازدا بلاَو دەبێتەوە. چەمکی کاتناسی و سەردەمبەندی مێژوویی لاواز دەبێت، بە چەشنێك کە کۆن و نوێ دەبنە هاوچەرخ و پێکەوە لکانەکان و دابڕانەکان لە پاڵ یەکتری دادەنرێن... پێش نوێ و پاش نوێ، دەست لە نێو دەستی یەکدی دەخەن، بە بێ ئەوەی ناتەباییەك لە نێوانیاندا هەبێت، پێکەوە هەڵدەکەن».[٨١]

ژیاندنەوەی نەریتی ڕابردوو، بەشێك لە ڕێچارەکان و ئەرکی پراگماتیزمە. ئەم ئەرکە پێویستی بە چەمکی خۆڕاگری و پێکەوەلکان، بەرز بوونەوە و بەدەستهێنانی شۆناسێکی جیاکار دابین دەکات و ڕێچارەگەلێك بۆ گرفتە هاوچەرخەکان پێك دەهێنێت.[٨٢] نەریت و مۆدێرنێتە دوو جەمسەری یەك نموونەی دڵخواز نین، بەڵکو پرۆسەگەلی لێك ئالاَون و خاوەنی توخمگەلی جیاواز بە کاریگەرێتیی دوو لایەنەوەن.[٨٣]

نەریت، ڕەنگێنەری ڕاکێشانێکی بەهێز لە یەکگرتوویی خودکار لە نێوان کولتوری هەنووکەیی و پاشکەووتویی بوو. ئەم دواکەوتووییە، بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی تایبەتمەندیگەلی وەك پێوەندیگەلی هێواش و هەڵگری بەرتەسکایەتی لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵگەدایە. نەریت هەروەها لەگەڵ چەمکی دینداری (بە واتای بەربلاَوی وشە)، وەك جیهانبینییەك یان ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵەکان، تێکەڵاَو ببوو. «فێرناندۆ هێنرۆك کاردسۆ» ئەم چەمکەی بە ناوی هەستی شوناسی کولتوری ناو بردووە. بەلاَم بە خاوەنی بەهاگەلی بەرز و بڵندی نازانێت، بەڵکو پێی وایە کە خاوەنی بەهاگەلی میراتیی نائایینی‌یە. نەتەوەخوازیی کولتوری پیشاندەری بەڵێندەری بەردەوام و خۆڕاگری کۆمەڵە بەرفراوانەکان بۆ جیهانبینییەکی کۆنە.٨٤ لەوانەیە کاتی کە ئەم دیاردەیە ڕەسەنایەتی لەگەڵ چەمکی گەشەسەندن لە جیهانی نارۆژئاواییدا خەریکی ڕکەبەرایەتی دەبێت، بگاتە ڕادەی زێدەڕۆیی خۆی.

کەڵك وەرگرتنی دروست لە نەریت هەمیشە ناتوانێت دیترخوازانە بێت. چونکە کارکرد و بە قازانجەکەی هەمیشە لایەنێکی ئامێریی هەیە و دەتوانرێت بۆ وەدەستهێنانی ئەنجامگەلی سیاسی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵەکان و ملکەچ کردنیان و یان وەك ئامێرێك بۆ چێکردنی هێمنی و ئارامی کەڵك وەربگیرێت. بەرەو پێشەوە بردنی هاوکاتی نۆژەنکردنەوە و نەریت لە لایەن ئاستە جیاوازە دەوڵەتییەکانەوە، زۆربەی کات وەبەرگری ئەنجامگەلی دژبەر و شەڕهەڵسێنە.[85] لە شیکاریی ئاستی دەوڵەتی یان گەورەتر، لەوانەیە سەرجەم دامەزراوە نەریتییەکان بەرز ببنەوە و یان تێك بشکێن و بەسانایی بکەونە بەر مەترسی گەندەڵییەوە. لە ئاستی تاکیدا (تاك یان خێزان) کارگەلێکی لەم چەشنە بە شێوەیەکی گشتی، هۆشیارانە یان ناهۆشیارانە بە چەشنێکی سەربەخۆ وەردەگیرێن، یان رەت دەکرێنەوە.[86] لە ئاستی تاکیدا، لەم دواییانەدا بە هۆی بەکارهێنانەکانی ئاکاری تیۆری و کرداری زانستەکان و تەکنەلۆژیای نوێ، شەڕی نێوان نەریت و نوێخوازی وەك بابەتێك لە پێشکەوتن، بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا بەرز بۆتەوە. هەستی بەرپرسایەتی تاك دەرهەق خەڵکانیتر لە رێگای وەرگرتنی سەرجەم ئەنجامەکانی بڕیارەکانی تاکێك، لە راستیدا چوارچێوەی بەڵێنە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکانی بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی دیاری دەکات. تاك لە نێوان تەقەلا بۆ ئەمەکدارمانەوە بە خۆی و دوورەپەرێزی لە نوسخە ئاکارییەکانی رەوشت و رێگاگەلی وەدەستهێنانی سەرکەوتنی دەرەکی و هەروەها پێبەندی بە سرووش و مەیلە دەروونییەکانی خۆی، سەرگەردانە.[87]

بۆ ئەو گەلانەی کە لە حاڵی گەشەسەندندان و ئەزموونی کۆلونیالیزمیان تێپەڕ کردووە، گەشەسەندن وەك بابەتێکی بە تەواوی گومانلێکراوی لێ هاتبوو. چونکە نۆژەنکردنەوە بە ئیمپریالیزمەوە دەناسرا. مۆدێڕنبوون دیاردەیەکی دەرەکی بوو و دەرەکیش، لەڕاستیدا بە واتای فڕێدان و سڕینەوەی نەریتە نەیتقیەکان (بومی) لەلایەن ئێمپریالیزمەوە لە ئەژمار دەدرا. ئەم کارە پێویستی دۆزینەوەی شوناسێکی بێ لایەنی رادەگەیاند.[88] وا زانرابوو کە کۆمەڵگە دەبێ بەرنامەیەك بۆخۆی و گونجانی ئەو پێداویستییانەی کە لەلایەن نەریتە کولتورییەکانەوە رادەگەیێنرێن، دابڕێژێت و لە تەشەنە و کاریگەرێتی هۆکارە بەرنامەرێژە نێونەتەوەییەکان بەدووربێت.[89]

**گلۆربوونەوە بەرەو زەینگەرایی:** چییەتیی کۆمەڵگەی ئێمە هەرچی بێت، تاك دەتوانێ جێگۆڕکێی تێدابکات و داگەڕانی بزاوتنە وردیلەکان بەرفرەوان دەکات. زۆربوونی هەڵسوکەوتی



خەڵك لەگەڵ یەکتریدا لەسەر بنەمای رێکەوتی پەتی، تاك لە چێکردنی پێوەندی و قووڵکردنەوەی عاتیفی بێبەریی دەکات و بەم چەشنە، شێوازی روانین بۆ گشت کۆمەڵگە دەکاتە روانینێکی ئامێری.[90] مرۆڤایەتی هەنووکە ئەوەیە کە ئێمە بە کردەوە و قسەی خۆمان پێشانی دەدەین. ستایشکردنی جوانیناسی لە لایەن فۆکۆوە، لە راستیدا هاوارێکی بەرز و روونە لەوەدا کە: لە نێوان خۆدۆزینەوە و ئەوەی کە هونەرمەند دەیخوڵقێنێت، پێوەندییەك هەیە و پێویستی رەسەنبوون لە گۆڕێدایە نەك لە پێشدا بوون. بە هەرحاڵ، خۆدیاریکەرێتی پێوەندییەکی چڕ و لێك ئاڵاو و روونتری لەگەڵ ئاکاری کۆمەڵەکاندا هەیە.[91]

بەشی چوارەم: تێپەڕین بۆ پووچگەرایی.

یەکێك لە تێکچنراوترین لایەنەکانی پۆست مۆدێڕنیزم، تێپەڕینی بەرەو پووچگەراییە. پووچگەرایی بەروونترین شێوە لە نووسینەکانی نیتچەدا کە مەرگی خودای راگەیاندبوو، دیارە: ئەودەم کە هیچ نەناسراوێك بۆ مرۆڤ نەمایەوە، مرۆڤ خۆی ئازاد و بە دوور لە ترس وێنا دەکات.[92] ئەوکاتەی کە مرۆڤ، رۆحی شتەکان دەناسێت، ئیدی بۆ ئێمە چییەتییەکی دوانەیی نییە و پێوەندیی رووکەش و کاتیی نێوان شمەك و مرۆڤ بۆ ئاستێکی ئەقڵانی دادەکشێت و لە راستیدا دەبێتە «ڕەوتی رێکەوتیی واتا.».[93] ئەوەی دەمێنێتەوە، جیهانێکی بێ ئامانج، بێناوەند، بێژێدەر و بێ هیوایە. ئەمەیە پووچگەرایی بەو واتایە کە هیچ شتێکی واتادار بوونی نییە.

پرسیاری نیتچە ئەوەیە کە مرۆڤ چۆن دەتوانێت بە بێ ئەفسانە و ئوستوورە نەریتیەکان (کە هەم سەربەخۆیی و خولقێنەرێتی لێ زەوت دەکەن و هەم لە نائومیدی دەیپارێزن)، بژی؟[94] نەریت، لە نێو ئەم بێ سەروبەرییەی بووندا، ئارامی دروست دەکات. ئەو کاتە مرۆڤ بیر دەکاتەوە کە گەلاڵەی مۆدێڕنێتە لە پاککردنەوەی نەریتدا بە ئەنجام گەیشتبێت، بەرێکی نوێ لە نەریتەکانی رابردوو، جوانیناسی نەیتقی (بومی) و یادەوەرییەکان بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو خۆیا دەبن. ئەم دۆخە، نە هۆکاری سەرهەڵدانەوەی ئەو نەریتانە بەسەر سەکۆی گرنگایەتییەوەیە و نە گەڕانەوە بۆ رابردووە. بەڵکو گەڕانێکی دژبەرە بۆ هاودەنگی لە نێوان زەینییەت و مۆدێڕنێتەدا.[95] پاراستنی تەناهی لە بەرانبەر بێ سەروبەری و بۆشاییدایە، کە ئەگەر بە قۆناخی پووچگەرایی بگات، ئازاد دەبێت. نەبوونی ترس، لە راستیدا مەرجێکی شیاوی رەتکردنەوەیە.

ئەو مۆدێڕنێتە زۆرانەی کە لە مۆدێڕنێتەی نارۆژئاواییەوە، سەریان هەڵداوە، لە راستیدا بەڵگەی گەڕان بە دوای وەڵامێکی باش بۆ کێشەکانی نێوان شوناس و هێزە جۆربەجۆر و هاوئاراستەکان لە مۆدێڕنێتە دان. ئەم گەلاڵەیە تێدەکۆشێت توخمە مشتومڕییە هاوئاراستەکانی نێوان کاتییە نوێیەکان و گەڕان بۆ نەمری بوونی ئەوانە دەرك بکات. دووبارە وەك گۆلێ دەڵێت: ئەمە گەلاڵەیەکە کە بە دوای گەڕان لە نێوان ئاڵۆزییە رواڵەتییە وەدیهاتووەکانی دیاردەکانی خەسارناسی وێنا کۆمەڵایەتییەکان، پێکهاتەی شوناس و مۆدێڕنێتە (لەوانە ناسیۆنالیزم، فەنداسیۆنیزم) و دۆزینەوەی هێما لە مەڵبەندە قەرەباڵغ و شێواوەکانی نوێکارییە کۆمەڵایەتییەکاندایە.[٩٦]

**بزاوتن بەرەو جودایی و جیابوونەوە :** بێ متمانەیی بە ناوەندگەرایی، تایبەتمەندی پۆست مۆدێڕنیزمە. هەر بۆیە پۆست مۆدێڕنیزم بەرەو کەم بینی و لقخوازی دادەگەڕێت. ئەم خاڵە بە تایبەت لەوێدا کە دیاردەی بە جیهانیبوون بەرەو پێشەوە دەڕوات و لەسەر ئەوە رێك کەوتووین کە ئێمە لە گوندێکی جیهانیدا دەژین، دژیەك دێتە بەرچاو. ئەم چەشنە پچڕان و دابڕانگەلە دەتوانین لە بەستێنە سیاسی و ئاکارییەکانیشدا ببینن. ئەمڕۆ ئێمە گرووپگەلی وەك سەوزەکان، فمینیستەکان و نەریتخوازە توندڕەوەکانمان هەیە. پۆست مۆدێڕنیزم هەردوو داگەڕانی هاوئاستکردنی کولتورەکان و بەرفرەوانکردن و گەورەکردنەوەی جیاوازی نێوانیانی تێدایە. پۆست مۆدێڕنیزم کۆمەڵگە بەسەر کولتورگەلی بەهرەمەند و کولتور و وردە کولتورە ناهۆشیارەکان دابەش دەکات. تاکەکان و خەڵك بە دوای دۆزینەوەی شوناسەکانی خۆیانەوەن. بەڵام نەك لە دەروونی خۆیان یان بنەماڵە و نەتەوەکەیاندا، بەڵکو لە گرووپێکدا کە تێیدا بەشدارن، دەیدۆزنەوە. نەریتێکی تایبەت لە کاری قەوارەمەندکردنی ئەقڵانییەت لە ژیانی رۆژانەدا هەیە. بەڵام ئەم مەسەلەیە، بە رۆژانەیی، دووبارە بوونەوە، وتووێژگەلی پووچەڵ و بێ بایەخ و کارە ئاساییەکان دروست دەبێت. نەریت لەم واتایەدا، لە دژایەتی لەگەڵ هێزێکدایە کە نەریت دەخولقێنێت.[٩٧]

رۆژئاوایی و نا رۆژئاواییەکان هەردووکیان خۆیان بەم کارەوە خەریك کردووە کە لە پشت حەقیقەتی هەنووکەیی و قەبووڵکراوەوە، چەشنە حەقیقەتێك دەدۆزنەوە، چونکە ئەوان رێسا فەرمییەکانی حەقیقەت بە جێی متمانە نازانن و یان بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ئەو رێساگەلە بە تەواوی فامناکرێن و بەکار ناهێنرێن.[٩٨] بە بێ پشتبەستن بە هەندێك بنەمای نەریتی، ئەم پرسیارە دێتە پێشێ کە ئایا ئەخلاقییات لە سەر بنەمای «کەشف و شهود»ە یان لە مەڵبەندی هەست و یان لە ئەقڵەوە ئاخێز دەکەن؟ ئایا ئەخلاقیات بە کات و شوێنەوە بەستراون یان لە رووداوە مێژووییەکان سەربەخۆن؟ ئایا ئەخلاقیات زەینین یان بەربین، هەڵگری گۆڕانکارین یان نەگۆڕن، تایبەتن یان جیهانین؟.[٩٩]

کانت رایگەیاندووە کە زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر سروشتدا واتە مۆدێڕنێتە، دواجار دژی ئەم مرۆڤە بیرمەندە سەرهەڵدان دەکات. چونکە لە رەنگدانەوەی زەمزەمەکانی، شتێك نامێنێتەوە مەگەر ئەم دەنگە نەمرانە کە: من بیردەکەمەوە، کە دەبێ لە سەرجەم ئەندیشەکانیدا رەنگ بداتەوە. «برۆت» مۆدێڕنێتە وەك کاری جادووگەرەکان لە نەریتە پێشووەکاندا لە ئەژمار دەدات کە لایەنێکی پیرۆزی پەیدا کردووە.[١٠٠]

گیانخوازی (ئانیمیزم) شمەکی مەعنەوی کرد، هەروا کە پیشەسازی خوازی مرۆڤی کردە شمەك. ئەودەم کە ئەقڵی ئامێری وەك داوەر بەسەر ئاکاری مرۆییدا زاڵ بێت، هەموو شتێك لە کۆمەڵگەدا دەبێتە شمەك. لە لایەکەوە ئەم بابەتە، لە دۆخێکدا کە سەرجەم لایەنەکانی ژیان بە هۆی شیکاریەکی خەرج  قازانج ئەقڵانی بێت، ئازادی هێنەرە و ئەگەر وا نەبێت، خۆکوژییەکی خۆخوازانەیە و ئەزموونە رەسەنە مرۆییەکان تا رادەی هەڵبژاردنێك لە ژمارەی چێشتی رێستوورانێك دادەبەزن.

بەم شێوەیە مرۆڤ جگە لە چێژ و رازیبوونی شەخسی شتێکیتری بۆ ژیان نییە و خۆی تەنیا وەك رووداوێك پەیدا دەکات کە لە چرکەگەلی کاتی و شوێنیدا دەژی. بەرلەوە ئاکار وەك سروشتێکی دەروونی بوو و چاك و خراپ بە پاداش و سزاگەلێك لە لایەن خوداوە وەڵام دەدرایەوە.[١٠١] لە هەلومەرجی پووچگەراییدا شتێك کە ببێتە لەمپەڕ لەوەیدا کە مرۆڤ خۆی بە هیچ بزانێت، بوونی نییە.

رابردوو دووبارە نابێتەوە، بەڵام دەبێ وەك سەرچاوەی ناسینی رابردوو سەیری بکەین. مرۆڤ بە ویستی خۆی گیرۆدەی هێرشی تەکنۆلۆژیا و لە رێگای مۆدێڕنێتەگەلی گەورەترەوەیە. بەڵام مرۆڤ گرنگترە لەوەی کە تەنیا وەك گۆشەیەك لە یاریی تەکنۆلۆژیا بۆ ئامانجگەلی دیارینەکراو و نەکردەنی بەرهەمهێنان رەچاو بکرێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤایەتی لە نسکۆی پووچگەرایی پارێزراوە، تەنیا بەم هۆیەیە کە هەمیشە توانیوێتی لایەنەکانی کولتوری نەریتی، بەهاکان و تەنانەت ئایین، وەبیر بهێنێتەوە. تا ئەو کاتەی کە ئەم هەڵسوکەوتانە لە دیاریکردنی

ئەركەكانی مرۆڤ (ئەگینا لە بەختەوەرییدا) لایەنی زاڵیان هەبێت، مرۆڤ ناتوانێت بە شێوەی دروست خۆی لە كاریگەرییە نەریتییەكان رزگار بكات.[١٠٢]

لەوانەیە پرسیار بكرێت كە بۆچی هەندێ نەریتی دیاریكراو لە رەوتی تێپەڕینی كۆمەڵگەیەك بۆ دۆخێكی باشتر، لە دیكەی نەریتەكان، باشتر دەجوولێنەوە؟ چ شتێك لە میراتی ئێمەدا و یان لە كاتدا هەیە كە لە جیاتیی بۆچوونێكی پێگەیشتنی دەبێتە هۆی هەڵخڕاندنی بۆچوونێكی شۆڕشگێڕانە؟[١٠٣] هۆركهایمێر و ئادۆرنۆ بەم شێوەیە را دەردەبڕن كە ئەقڵانییەتی ئامێری دەتوانێت بە شێوەیەكی سەركەوتوانە لەگەڵ مێتۆلۆژیادا شەڕ بكات، بەڵام بە بەهای سەقامگیركردنی میتۆلۆژیای نوێ، دیالكتیكی پرۆسەی رۆشنگەری بەم چەشنەیە. ئەودەم كە كاتی مۆدێڕنێتە و سەرەی سەركەوتنی نۆژەنكردنەوە بەسەر نەریتە كۆنەكاندا، بگات، نەریتگەلێكی نوێ و بەجێتریش پێك دێن و رێگاگەلی نوێ بۆ هاتنی رۆشنگەرییەكی نوێ و مۆدێڕنێتەیەك كە بە دوایدا دێت، دەكاتەوە. (ئاخاوتن لە زانستگەی تۆرنتۆ، پووشپەڕی ١٣٧٨)



**پەراوێزەكان:**

1. langer (1968:577)
2. Hunter (1992:26)
3. Runia (1994:303)
4. Sampson (1994:33)
5. Hunter (1992:28)
6. carson (1997:2)
7. Jack Goody in Through a Glass, Darcly, p. 31.
8. Rania (1994:303)
9. overcomeing Modernity, P,4
10. Edgar(1995:360)
11. Wells (1993:61)
12. Werber,pp.47-78

.١٣ ١- داگەڕانێكی هاوتەریبیتر گەورەبوونی تەكنۆلۆژیا و پیشەسازییە ٢- ئەم هۆكارانە لە سەر هەڵدانی پێوەندییە خێراكان دەوریان هەبووە: كەڵك وەرگرتن لە دەزگاگەلی خێرای وەك تەلگراف، تەلەفۆن و ئامێرگەلی وێنەیی جۆربەجۆر بۆ پێوەندیی خەڵك لە گەڵ یەكتردا و یان بە دیكەی سەرچاوەكانی راگەیاندن كە لەگەڵ ئامێرە راگەیێنەرە پێشووەكاندا لە باری چۆنێتییەوە زۆر جیاواز بوون. ٣- شارنشینی و بە جیهانیبوون كەوتە تەكی ئەم گۆڕانكارییانە. تایبەتمەندییەكانی ئەم دوو سەدەیەی دواییە واپیشان دەدەن كە رەوتی شارنشینی لە حەشیمەتی سەرجەم دونیادا لە رادەی كەمتر لە ٥٪ لە ساڵی ١٨٠٠ دا بە رادەی ٥٥٪ لە ساڵی ٢٠٠٠ دا گەیشتووە. ٤- و دواجار، ئەو داگەڕانەی كە بۆ نوێخوازی لایەنی بنەمایی هەیە، واتە دیموكراسی دەستی پێكرد(٣٦٦-٣٦٣و١٩٥٥)Edgar .

14. Overcoming trddition and modernity p,5.
15. Overcoming  trddition and modernity p,16.
16. Overcoming  trddition and modernity p,8.

17. Gole in throught a Dark Glass, Dark, p.42.

١٨. ئەم زاراوەیە یەکەمجار لە لایەن فردریکۆدۆ لۆنیز و پاشان لە لایەن ئارنۆڵد تـوین بـی میژوونووسی گەورەی بەریتانییەوە بە کار هێنرا.

19. Mohler(1995:12)

20. phillips(1995:12)

21. padgett(1996:129)

22. Interpreting p.11.

23. Interpreting God and the post modern self, p.11.

24. Alison(1996:1)

25. David koft, Tradition and modernity,p.8

26. Strauss p. 96.

27. Interpreting God, p. 16.

28. Alison(1996:2-3)

29. Denison(1998:548)

30. Friedrich schleiermacher(1976:131)

31. Nietzsche(1969:214)

32. Packer(1992:344)

33. Gadamer(1976:261)

34. Ehrmann(1970:9)

35. Denison(1998:550)

36. Foucault(1977:93)

37. Derrida(1981:35)

38. Cf. Gadamer(1976:six)

39. Brueggeman(1993:10)

40. Vanhoozer(1998:7)

41. Rorty(1982:xliii)

42. Rorty(1979:393)



43. Schwehn(1997:158)

44. Lyotard(1984:29)

45. Lyotard(1984:25)

46. Walsh(1995:138)

47. Peetrs , Through a Dark Glass , P.67

48. Will Art in Through a Glass , Darkly , P.10

49. Tradition and modernity , P.24

50. Wolf Lepenies in Through a Glass , Darkly , P.27

51. Gole,s Global Expectations , Local Experiences-Non-Westrn Modernities in Through aclass Darkly p.40

52. Ibid,p.28.

53. Ibid,p.29.

54. Ibid,p.31.

55. Ibidp,53.

56. Tradition and modernity , p.1

57. David Kopf in tradition and and modernity P.8

58. Derrida (1981:34)

59. 1994:355-356

60. 1992:362.

61. Peteers through , P.73

62. Newbigin(1989:14)

63. Carrell(1994:355)

64. Berlin , Isaiah , the Grookeed Timber of Humanity,John Murry London, 1990.

65. Taylor , Charles and Benjamin Lee , multiple Modernities Project Center for Trinscultyral Studies,1998,p.10.

66. Will Arts in Through A Class , Darkly. P.6

67. Houston(1994:186)

68. Charles Adams in Tradition and the Lgitimization of Socal Change-Tradition and Modernity,p.122.

69. Rhoda Lois Blubberg , Technology and Modernity,p.131.

70. William James(1955:192)

71. Overcoming , P.3

72. Overcoming , P.3

73. Overcoming , P.14

74. Hans Belting in through a Glass, Darkly, p.57.

75. Overcoming ,p.4.

76. Overcoming,p.7.

77. Taylor, charles the malaise of modernity, Anansi press,Toronto,1992,p.67.

٧٨. مارکس و لینین پاش چەمکی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی رۆسۆ، چەمکی مرۆڤ ناوەندییان لە بەرباسە نوێیەکاندا، لەوانە بێ خودایی و هێرش خوازیی ژین ئاقارییان کە تەنانەت سەرمایەداریشی دەگرتەوە، رەچاو کرد.

(charles taylor,p.94)

79. Overcoming, p.16.

80. Gole in Through a Glass, Darkly, p.53.

81. Abbas akbar, Hong kong, calture and the plitics of Disappearance, Hong kong university press, Hong kong 1997.

82. Tradition and Modernity, p.2.

83. Tradition and Modernity, p.2.

84. Ivan Louis Horowitz, Tradition Modernity and Industrialization, towards an integrated developmental paradigm, p.24.

85. M.E. Boine and N.R. Keddie, eds. Modern Iran: the Dialectics of continuity and change, Albany, N.Y. SUNY press 1981.



86. Tradition and modernity, p.3.

87. Overcoming tradition, p.1.

88. tradition and modernity, p.4.

89. tradition and modernity, p.1.

90. charles taylor, p.59.

91. Charles Taylor, p.66.

٩٢. ئەم تێڕوانینە لەم ئەندێشەیەوە سەری هەڵداوە کە سروشت لە جەستە و رۆح دروست دەبێت. مرۆڤ جەستەکەی دەناسێت، بەڵام لەمەڕ رۆحەکەی گێژ و سەرگەردانە و ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ترس. وا وێنا کراوە کە ئەم رۆحە سەر بە قەڵەمڕەوی خوداییە.

93. Horkheimer and adorno, the Dialectic of the Enlightenment.

94. Overcoming, p. 36.

95. Gole. P. 55.

96. Gole. P. 55.

97. Overcoming . p. 36.

98. Overcoming. P. 52.

99. Harry Peeters, Old Virtues and Vices as Icons for a New morality in through a Glass, Darkly, p. 68.

100. Dialectic of the Enlightenment, p. 28.

101. Overcoming, p.26.

102. Overcoming, p.34.

103. Overcoming, p.191.

## كورتە  روانینێك بۆ چەمكی پۆست مۆدێڕنیزم

**١- واتای وشەكە:**

پۆست مۆدێڕنیزم لە پێشگری (post) و «مۆدێڕنیزم» (Modernism) پێك هاتووە. مۆدێڕنیزم وەرگیراو لە مۆدێڕن و مۆدێڕنێتە لە ریشەی لاتینی (modo) بە واتای «هەنووكە»یە. بەم هۆیە دەبێ لە نێوان سەردەمە پێش مۆدێڕنەكان (premodern)، مۆدێڕن (modern) و پۆست مۆدێڕن (postModern)دا جیاوازی بكرێت. بە كورتی پێش مۆدێڕن بە سەردەمێك دەڵێن كە تاك لە ژێر دەسەڵاتی نەریت و دەسەڵاتدارێتیی خودایی و دەسەڵاتی سیاسی‌دایە. لە سەردەمی مۆدێڕندا تاكێتی بەرز بۆتەوە و نەریت رەخنەی لێدەگیرێت. لەم سەردەمەدا تاكی سەربەخۆ بە خۆیابوون، یان خۆیا بوون لە شێوەی ناسەر (بكەری مەعریفە)ی دێكارتی خۆی بە ئاغا و خاوەنی سروشت دەزانێت و گرنگی دەدات بە چەمكی پێشكەوتن و تێڕوانینی هەنووكەیی لە مێژوو. لە تایبەتمەندییەكانی دیكەی سەردەمی مۆدێڕن دەتوانین بە هۆشیاریی تاك لە تاكێتیی خۆی، جیایی ئایین و دەوڵەت، جەخت لەسەر ئازادییەكانی تاك و ئەوەی كە ماكس ڤێبەر بە «جادووسڕینەوەی جیهان» ناوی دەبات، ئاماژە بكەین. هەروەها سەردەمی مۆدێڕن لە رووداوگەلی مێژوویی وەك شۆڕشی ئەمریكا و فەڕەنسا و دوو راگەیێندراوی سەربەخۆیی ئەمریكا و راگەیێندراوی مافی مرۆڤ و هاوولاتی ١٧٨٩ی فەرەنسادا رەنگ دەداتەوە. مۆدێڕنێتەش سەردەمی جەخت لە سەر زانستی گالیلۆیی و «نیۆتۆنی» لەگەڵ شۆڕشگەلی زانستی و پیشەسازی لە رۆژئاوادایە. بە واتایەكی تر، سەردەمی مۆدێڕن یان مۆدێڕنێتە لە دوو توخمی سەرەكیدا كورت دەكرێتەوە:

١ - ئەقڵی ئامێری  بەواتای زاڵبوونی مرۆڤ بە سەر سروشت و مرۆڤدایە لە رێگای بەكارهێنانی زانست و تەكنۆلۆژیاوە.

٢ - ئەقڵی رەخنەگرانە بە واتای جەختكردن لەسەر بكەری مەعریفەی سەربەخۆ كە ناسێنەری خود و جیهانە و لەسەر ئازادییە تاكییەكانی خۆی داكۆكی دەكات.

لە روانگەی مێژووییەوە، كولتوری مۆدێڕن بە سەردەمی رێنێسانس دەستی پێكرد و بە چاخی رۆشنگەری و شۆڕشی فەڕەنسا و ئایدیالیزمی ئەڵمانی وەك گوت و بیژی كلیلی رۆژئاوا پتەوتر دەبوو.



ئەندێشەی پۆست مۆدێڕن، هزرینێكە كە بە مەبەستی دیاریكردنی سنوورەكانی ئەقلانییەتی مۆدێڕن، رەخنەی لێدەگرێت و تەواو (كامل)ی دەكات. هەرچەندە ژمارەیەكی زۆر پێیان وایە كە پۆست مۆدێڕنیزم بە جۆرێك كۆتایی مۆدێڕنیزمە، بەڵام لە راستیدا پۆست مۆدێڕنیزم بە تێڕوانینێكی فەلسەفی -- هونەری دەڵێن كە لە چوارچێوەی مۆدێڕنیزمدا روودەدات. لە هەمان كاتدا سەرهەڵدانێكە دژی ئەم چوارچێوەیە، بەڵام لە ناوەوەی ئەم چوارچێوە هزری و فەلسەفییەدا روو دەدات. لە هەمان كاتدا كە منداڵی خۆیەتی، بانگهێشتی ئامانجەكان و گوتارەكەی دەكات بۆ مەیدانی خەبات.

ئەوەی كە پۆست مۆدێڕنیزم رەخنەی لێدەگرێت، بڕوای سەردەمی مۆدێڕن بە ئەقڵ وەك گشتیترین و بەربینترین بەڵگەی راستی و ئەم ئایدیایەیە كە سەرجەم گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان لە سەر بنەمای چالاكیی ئەقڵ پێك دێن. لەم رەهەندەوە، پۆست مۆدێڕنیزم هاوڕێ لەگەڵ رەخنەگرتن لە پرۆژەی رۆشنگەری و چەمكگەلی وەك پێشكەوتن، گشتێتی، ئەقلانییەت و سیستەماتیك بوونی سەرجەم پرەنسیپە تاكی و كۆمەڵایەتییەكانی مۆدێڕنێتە و بونیادی مەعریفەیی دامەزراوە سیاسییەكان، دەیخاتە بەر دڕدونگی و گومانەوە. بە كورتی پۆست مۆدێڕنیزم خەباتێكی فەلسەفی، هونەری، كۆمەڵناسی و سیاسییە كە دژی سەرجەم ئەستوونەكان و بنەما هزریی و سیاسی و زانستییەكانی مۆدێڕنێتە وەك، هیۆمانیزم، لیبرالیزم، ریالیزم و زانیاریی نوێ و تەكنۆلۆژیایە.

سەردەمی رۆشنگەری كە پێی وابوو سەردەمی تاریكی و خورافاتی تێپەڕكردووە، بە رەخنەگرتن لە دەسەڵاتی كڵێسایی، بابەتی شەرعیبوونی سیاسیی مۆدێڕنی هێنانە گۆڕێ و بە پشتبەستن بە شۆڕشی نیۆتۆنی و بڕوا بە پێشكەوتنی زانیاری و ئاكاریی مرۆڤ،بنەما ئابووری و سیاسییەكانی سەدەی هەژدەهەمی كە لە لیبراڵیزمی ئابووری و سیاسیدا رەنگی دایەوە، پێك هێنا. لە تێڕوانینی رۆشنگەریدا مەعریفە، بابەتێكی لە كاركەوتە و بەربینە كە دەتوانێت ببێتە بنەمای ئازادی و رزگاریی مرۆڤ و خەونەكەشی زاڵبوون بە سەر جیهان و پێشكەوتنی مرۆیی لە رێگای ئەم مەعریفە فەلسەفی و زانستییەوە بوو. پۆست مۆدێڕنیزم، لە راستیدا دژی ئەم تێڕوانینی و تێرامانی فەلسەفییەیە بۆ مرۆڤ و جیهان.

### ٢- شێوەگری هزری پۆست مۆدێڕن:

خەڵکێکی زۆر، نیتچە، هایدگەر، ئادورنۆ و هورکهایمێر بە بنەمادانەرانی پۆست مۆدێڕنیزم دەزانن. نیتچە یەکەم فەیلەسووفی بنەماشکێنی مۆدێڕنێتەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندە پۆست مۆدێڕنەکانی وەك دریدا، فۆکۆ، لیۆتار و بۆدریاری لە ژێر کاریگەرێتیی خۆی داناوە. سەری رمی هێرشی نیتچە بابەتی حەقیقەتە و لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی «پایلۆت» کە لە مەسیحی دەپرسێت: «حەقیقەت چییە؟» و مەسیح بێدەنگ دەبێت، نیتچە وەڵام دەداتەوە کە «حەقیقەتەکان وەهمگەلێکن کە بیریان چۆتەوە، شتێك نین جگە لە وەهم.»

بە قسەی پۆست مۆدێڕنەکان هزر و ئەندێشەی فەلسەفیی هایدگەر ئەنجامگەلێکی ئایاوی بۆ رەخنە و دەرچوون لە مۆدێڕنێتە هەبووە، بەڵام ژمارەیەکیان پێیان وایە کە هایدگەر بۆخۆی وەك دیلی سەردەمەکەی خۆی دەمێنێتەوە. رەنگە بتوانین بڵێین کە هایدگەری سەردەمی دووهەم، واتە هایدگەر وەك نووسەری کتێبگەلی «کات و بوون» (١٩٦٢) یان «کۆتایی فەلسەفە و ئەرکی بیرکردنەوە» (١٩٦٣) یارمەتی مەسەلەکانی پۆست مۆدێڕنیزمی داوە سەبارەت بە زمان وەك سیستەمی جیاوازی لە نیشانەکان کە ئامادەبوونیان لە پێوەندی لەگەڵ توخمێك کە ئامادە نییە، دیاری دەکرێت.

هەروەها کتێبی دیالکتیکی رۆشنگەریی ئادۆرنۆ و هۆرکهایمێر لە ئاراستەی رەخنەگرتن لە پرۆژەی رۆشنگەری رەنگە زۆرترین کاریگەرێتیی بە سەر بیرمەندانی پۆست مۆدێڕنەوە هەبووبێت.

بابەتی سەرەکیی کتێبەکە روونکردنەوەی ئەم بابەتەیە کە ئامانجی سەرەکی رۆشنگەری ئازادکردنی مرۆڤ لە تاسانی سیاسی و سەختەوەریی ئابووری و ماددی بووە. بەڵام رۆشنگەری بۆ خۆی بۆتە ئوستووڕەیەك کە لەگەڵ سەختەوەری و نەهامەتیدایە. لە روانگەی ئادۆرنۆ و هۆرکهایمێرەوە پرۆژەی ئەقلانیی رۆشنگەری بۆتە هۆی زاڵبوونی تەکنۆلۆژیا بەسەر جیهاندا و دیلی و بەندیبوونی تاك لە سیستەمە توتالیتارەکاندا.

وەك «ولفگانگ وێلش» دەڵێت: چەمکی پۆست مۆدێڕن یەکەمجار لە سەرەتاکانی ١٨٧٠ دا بەکار هێنراوە، بەڵام ئەوەی کە نکۆڵی لێ ناکرێت ئەوەیە کە وشەی پۆست مۆدێڕنیزم لە ساڵی١٩٢٦دا وەك ناوی کتێبێکی «بێرناردبێل» لە ژێر ناوی « Postmodern and other Essays »بە کار هێنراوە. لە ساڵی ١٩٥٠دا وشەی «پۆست مۆدێڕن» لە نووسینەکانی «چارلز ئولسۆن» لە بەستێنی شیعر و رەخنەی ئەدەبیدا بەکار براوە. ئولسۆن لە ژێر کاریگەری



فەلسەفەی هایدگەردا هەوڵدەدات تا بە نەریتی ئەقڵخواز و هیۆمانیستی رۆژئاوا دابڕان لە بەستێنی شیعر و ئەدەبیاتدا دروست بکات. ئولسۆن هەوڵدەدات بە پشتبەستن بە ئایدیای هایدگەری «کۆتایی میتافیزیك و ئەقڵی ناوەندی» بنەماگەلێکی نوێ لە بەستێنی شیعری پۆست مۆدێڕندا دابڕێژێت.

لە ساڵی ١٩٥٩دا «ئەروینگ هاو» وتارێکی بەناوبانگی سەبارەت بە «کۆمەڵگەی کۆمەڵی و ئەدەبی چیرۆکی پۆست مۆدێڕن» نووسی و لەم وتارەدا «سائول بلو»، «سالینجێر» و «نۆرمان میلر»ی وەك نووسەرانی پۆست مۆدێڕن ناساند.

لە نێوان ساڵەکانی١٩٦٣و١٩٦٧دا بزاڤگەلێکی دژی مۆدێڕنیزم لە بەستێنی بیناسازی و هونەر و ئەدەبیاتدا سەر هەڵدەدەن. لە بەستێنی ئەدەبیات و رەخنەی ئەدەبیدا ئەم رەوتانە لە نووسینەکانی دوو کەس بەناوەکانی «لێئۆنارد مەیێر» لە وتاری«کۆتایی رێنێسانس» و «ئیهاب حەسەن» لە وتاری «بێ حورمەتبوونی ئورفێئوس»دا رەنگ دەدەنەوە. بابەتی ئیهاب حەسەن جیاوازیدانان لە نێوان ئەدەبیاتی مۆدێڕن و ئەدەبیاتی پۆست مۆدێڕندایە کە بە پێی بۆچوونی حەسەن ئەدەبیات بێدەنگییە. بۆ ئیهاب حەسەن ئەدەبیاتی بێدەنگی ئەو ئەدەبیاتەیە کە دژی مۆدێڕن و دژی هەر چەشنە دووبارە نواندنەوەیەك بێت. بە بڕوای ئیهاب حەسەن «سامۆئیل بێکەت» نوێنەری سەرەکی ئەدەبیاتی بێدەنگی بە واتا نوێکەیەتی. ئەدەبیاتی بێدەنگی بە بۆچوونی حەسەن ئەدەبیاتێکی دژی هیۆمانیستی‌یە کە لە شتە خەیاڵاوییەکانی پۆست مۆدێڕنیزم خۆی دوور دەگرێت، چونکە دژی هەر چەشنە ئۆتۆریتاریزم، هیومانیزم و دەستەبژێر خوازییەکە. لێئونارد مەیێریش بە دوای تێرامانی شۆڕشگێڕانە لە مرۆڤەوەیە و پێی وایە کە مرۆڤ ئیدی ناوەندی جیهان نییە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دار و درەخت و بەرد و بەکتریادا نییە.

لێئونارد مەیێر بە دوای چێکردنی جوانیناسیی دژە هیۆمانیستی‌یەوەیە. ئیهاب حەسەن و مەیێر هەردووکیان لە سەر ئەو بڕوایەن کە شیعر و چیرۆك دەبێ بەدوای دروستکردنی خەونی بێ سنوورەوە بن و بۆ ئەم کارەش دەبێ لە زمان دوور بکەوینەوە. ئەم دوورکەوتنەوەیە بە دوو شێوە دەلوێ: بە شێوەی گاڵتەئامێزی مالارمێ  یان بە شێوەی بێ هەڵاواردنی ئارتوور رەمبۆ.

پاش حەسەن و مەیێر لە ساڵەکانی١٩٦٠ لە ئەمریکادا «سوزان سونتاگ» و «لێسلی فەیدلێر» بە شێوەیەکی رەخنەگرانە بۆ مۆدێڕنیزم لە ئەدەب و هونەردا دەڕوانن. سونتاگ لە وتارێکدا بەناوی «دژی راڤە» لە ساڵی ١٩٦٤دا دەنووسێت: «ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ

هەستەکانمان، دەبێ فێر بین، کە زیاتر ببیستین و زۆرتر هەست بکەین». بەم پێیە لە روانگەی سونتاگەوە راڤە کارێکی کۆنە پەرستانەیە و دەبێ دوورەپەرێزیی لێ بکەین، چوونکە بایەخی بەرهەمە هونەرییەکان لە راڤەی ئێمە لەو بەرهەمانە نییە، بەڵکو لە واتاکانی خودی بەرهەمەکاندایە.

سونتاگ لە سینەمادا دوو فیلمی (ساڵی رابردووی «ئالێن رێنە») و «ژان لوك گودار» بەنموونە دێنێتەوە.

بۆ سۆنتاگ فیلمەکەی رێنە دۆخێکی راڤە هەڵنەگری هەیە و هەستی وێنەکان بە شێوەیەکی بێ نێوبژی فامدەکات. گۆداریش هەرچەشنە هۆکارەکی بوونێك رەت دەکاتەوە هەوڵ نادات تا شتێك روون بکاتەوە. فیلمەکەی گۆدار ناسێنەری تێڕوانینێکی تایبەت نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە بەڵگەی جۆربەجۆر وەك دەق، گێڕانەوە و قسەی نەستەق.

فیدلێریش بەشبەحاڵی خۆی مەرگی مۆدێڕنیزم رادەگەیەنێت و دەڵێت ئێمە پێمان ناوەتە سەردەمی پۆست مۆدێڕنەوە کە سەردەمێکی دژە ئەقڵانی و عاتیفی‌یە. بۆ فیدلێر رۆمانی پۆست مۆدێڕن مەودای نێوان نەجیبزادەکان و کۆمەڵانی خەڵك وەلاوە دەنێت و بەم هۆیە ئەم هونەری پۆست مۆدێڕنە، هونەرێکی دژە هونەری و لە بنەڕەتدا سیاسی‌یە.

لە ساڵی١٩٧٣دا «دانیەل بێل» کۆمەڵناسی ئەمریکایی کتێبی «پێشکەوتنی کۆمەڵگەی پۆست پیشەسازی» چاپ دەکات و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئێمە لە رۆژئاوادا لە کۆمەڵگەگەلی بەرکارهێنی کۆمەڵەیی داین، کە بێکارییان لەگەڵدایە. بەبڕوای دانیەل بێل کۆمەڵگەی پۆست پیشەسازی کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا بابەتی خزمەتگوزارییەکان لە بەرهەمەکان باشترە و پیشەکانی لەسەر بنەمای زانیاری و تەکنۆلۆژیا بوونەتە ناوەند و دەستەبژێرە نوێیەکان تێکنۆکراتەکانن کە توێژبەندییەکی نوێ بە کۆمەڵگە دەدەن.

دانیەل بێل لە ساڵی ١٩٧٦دا لە کتێبی «دژ یەکییەکانی کولتوری سەرمایەداری»دا دەنووسێت: «ئێمە بینەری رزینی مۆدێڕنیزمین و جۆرە فرە رەنگەکانی پۆست مۆدێڕنیزم رەنگدانەوەکانی دابەشبوونی خۆیان لە هەوڵێك بۆ لە نێوبردنی خودی تاکی‌دایە.» هەر لە حەفتاکاندا ئیهاب حەسەن لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «عیرفانی نوێ» پۆست مۆدێڕنیزمی وەك پێوەندییەکی نوێ لە نێوان مرۆڤ و ژینگەدا ناساند. حەسەن لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دوو ناسێنەری سەرەکیی پۆست مۆدێڕنیزم نەبوونی دیاریکەرێتی و نەبوونی سەرەوەبوونن. هەر لە حەفتاکاندا لەگەڵ حەسەندا «ویلیام ئێسپانۆس» گۆڤاری Bonundary دادەمەزرێنێت.



ئێسپانوس لە گەڵ حەسەن و ئولسۆندا تێدەکۆشێت تا دژی هیۆمانیزمی هایدگەری، بە ئایدیا پۆست مۆدێڕنەکانەوە گرێ بدات.

لە بەستێنی بیناسازیدا، دوو روخساری گرنگی حەفتاکان «چارلزجنکس» و «رابێرت وێنتۆری»ن. لە راستیدا وشەی «پۆست مۆدێڕن» بە کەڵکوەرگرتنی جنکس لەم وشەیە و چاپکردنی کتێبێك بە ناوی زمانی بیناسازیی پۆست مۆدێڕن لە ساڵی ١٩٧٥دا دەبێتە جێگای رەزامەندیی خەڵکی ئاسایی. بیناسازیی مۆدێڕن بۆ جنکس ئارمانجێکی جیهانیی هەبوو و کەڵك وەرگرتنی کردەنی لە کەرەستەکان هەبوو. لە کاتێکدا پۆست مۆدێڕنیزم لە بیناسازیدا بە جۆرێك فرەییخوازی دەگات، لەبەر ئەوەی کە لە تەکنۆلۆژیا نوێیەکان کەڵك وەردەگرێت، لە بیناسازیی پۆست مۆدێڕندا سنوورەکان دیاری نەکراون و فەزاکانیش بێ رادە و بێ لێوارن. بەم هۆیە بیناسازیی پۆست مۆدێڕن بۆ چارلز جنکس بیناسازییەکی دووڕەگەزە. جنکس لە کتێبی «پۆست مۆدێڕنیزم چییە؟» (١٩٨٦)دا دەنووسێت ئامانجی پۆست مۆدێڕنیزم وەدیهاتنی بەڵێنی فەرهەنگی فرەییخوازە بە ئازادیی جۆربەجۆرەوە و دوورکەوتنەوەیە لە سیستەمی تاك رەهەندیی مۆدێڕن کە دەنگە نەیارەکانی دەخنکاند و پرەنسیپگەلێکی گشتیی بۆ سەلیقە دادەنا. جنکسەوە بیناسازیی مودێرنیست بە هەوڵە ئەقڵخوازانەکانی خۆی دیسپلینێکی تایبەتی بەسەر تاکدا دەسەپاند، لە کاتێکدا بیناسازی پۆست مۆدێڕن سوعبەتچی گەری و رازاندنەوە پێشکەشی شارەکان دەکات.

«رابێرت وێنتۆری»ش کە یەکێك لە بیرداڕێژەرە گرنگەکانی پۆست مۆدێڕنیزم لە بیناسازی دایە، پێی وایە کە پۆست مۆدێڕنیزم تێکەڵاوێك لە شێوازە جیاوازەکانی لەگەڵدایە و لە کتێبی دژیەکی و تێکچنراوی لە بیناسازیدا (١٩٨٨) دەنووسێت: «من قەرەباڵغی پڕ لە شادی و سۆزم لە یەکگرتنی روون و ئاشکرا پێ باشترە». وێنتۆری رەنگدانەوەی ئەم قەرەباڵغییە پڕ کەیف و ئاهەنگە لە شاری لاسوگاسدا دەبینێت. شارێك بە پێی قسەی وینتۆری هێماکان و نیشانەکان لە بیناسازی گرنگترن.

گرنگترین هەوڵێك کە لەباری فەلسەفییەوە بۆ بیرداڕێژەری لە بەستێنی پۆست مۆدێڕنیزمدا دراوە، لە ئەندێشەی فەیلەسووفی فەڕەنسایی ژان فرانسوا لیۆتاردایە. لیۆتار لە کتێبی دۆخی پۆست مۆدێڕن (١٩٧٨) بابەتی مەعریفە لە سەردەمی پۆست مۆدێڕندا رەچاو دەکات. لیۆتار پێی وایە کە کۆمپیۆتەریبوونی کۆمەڵگە پیشەسازییە مۆدێڕنەکان گۆڕانکارییەکی لە چییەتیی مەعریفەدا دروست کردووە. مەعریفە بۆتە کالآیەکی راگەیاندن و زانیاری لە دۆخی سەرەکی و

سەرەتایی خۆی جویّ بۆتەوە و بووە بە ئامێرێك و بە دەستی دەسەڵاتەوە دراوە. بەم پێیە ئەوانەی کە کۆنترۆڵی مەعریفەیان لە دەستدایە، سیاسەتیش کۆنترۆڵ دەکەن. لیۆتار پێی وایە کە لە سەردەمی پۆست مۆدێڕندا، گێڕانەوە گەورەکان کە لە شارستانییەتی رۆژئاوادا حەقیقەتی بەرز و جیهانگیریان دەهێنایە گۆڕێ، جێگاکەیان بۆ یارییە زمانییەکان چۆڵکردووە. بەڵام زانست بە پێچەوانەی ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکانەوە، بەردەوام توانستی پاراستنی خەرمانەی بەرزیی خۆی هەبووە و مەعریفەی زانستیی خۆی لە سەرەوەی یارییە زمانییەکانەوە دادەنێت و بۆ شەرعی پیشاندانی خۆی لە پانتایی گێڕانەوە یارمەتی وەردەگرێت. مەعریفەی زانستی لە رێگای گێڕانەوەوە، خۆی بە خەڵکی دەناسێنێت و پێی وایە کە جیهانگیرە و لە هەر دۆخێکدا و بۆ هەمووشتێك شیاوی پاساودانە. ئامانجی لیۆتار دژایەتی لەگەڵ ئۆتۆریتەی گێڕانەوە گەورەکانە کە بە قسەی ئەو بۆتە هۆی دروستبوونی تاسان و خەفەقان لە پێوەندی لەگەڵ داهێنەرێتییە تاکییەکاندا و لە بەرانبەریاندا گێڕانەوە گچکەکان دادەنێت. ئەم گێڕانەوانە لەلایەن گرووپێکی گچکە لە تاکەکانەوە و بە مەبەستی بەرەو پێشەوەبردنی ئامانجگەلێکی دیاریکراو دروست دەبن کە یەکگرتنی خوێندکارەکان و کرێکارەکان لە مانگی مەی ۱۹٦۸دا، بۆ وەڵامدانەوە بە بابەتەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسا نموونەیەکییەتی. لیۆتار بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ گێڕانەوە گەورەکەندا بۆ بنەماشکێنیی نیتچەیی دەگەڕێتەوە و ئەم بڕوایە کە سیستەمە ئایدیاییی، ئیمانی و هزرییەکانی ئێمە بنەمایەکی پتەویان هەیە، رەتدەکاتەوە. بۆ لیۆتار راستیگەلێك هەن کە تێڕوانینی ئێمە بۆ جیهان و گوتارە ئایدۆلۆژیکییەکان دەبەنە ژێر پرسیارەوە. ئاشویتس و رووداوەکانی مەی ۱۹٦۸ نموونەگەلێکن کە گێڕانەوە گەورە مێژووییەکان لە بەرانبەریاندا تێکدەشکێن. قەبووڵکردنی ئەم بابەتە کە رووداوەکان پێشبینی ناکرێن و ئەوەی کە داهاتوو هەمیشە کراوەیە و ناتوانریّ لە پێشدا دیاری بکرێت، هاتنی گێڕانەوەگەورەکان دیاری دەکات. لە لایەکیترەوە ئەو پێکدادان و رووبەڕووبوونەوانەی کە لەنێو بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکاندا هەیە، هەمیشە وەك کێشە دەمێنێتەوە و هیچکات چارەسەر ناکرێت.

لیۆتار لێرەدا دژی هابرماسە، چونکە بە دوای رێککەوتنێکی ئاکامی لە کۆمەڵگەدایە. بەڵام بۆ لیۆتار رێککەوتن کۆتایی ئازادی و ئەندێشەیە. لە روانگەی لیۆتارەوە نەبوونی رێککەوتنە کە ئیزنی کارکردن و ئەزموونی ئازادی بە ئێمە دەدات. نڤار (تازە داهاتگ) هەمیشە لەگەڵ نەبوونی یەکڕاییدایە و دژایەتیی لەگەڵدایە.



یەکێکیتر لە بیرمەندانی پۆست مۆدێڕن، کۆمەڵناسی فەڕەنسایی ژان بۆدریارە کە پێی وایە جیهانی پۆست مۆدێڕن جیهانی وەکەسازییە و بەم هۆیە دیزنی لەند و تەلەفزیۆن واقیعییەتەکانی ئەمریکا پێك دەهێنن. لەم بۆچوونەی بۆدریارەوە ئێمە پێمان ناوەتە جیهانی ژوور راستی. بە واتایەکیتر واقیعییەت بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەدایە. بۆدریار تەنانەت وتارێکی سەبارەت بە جەنگی کەنداوی فارس لە سەرەتاکانی نەوەدەکانەوە نووسی و تێیدا ئاماژەی کرد کە ئەم جەنگە بە تەواوی بە دەستی راگەیێنەرە گشتییەکان دروست بوو و وێنەی جەنگێکی لەم چەشنەیان بۆ ئێمە کێشا. ئەوەی کە ئێمە لە واقیعییەت و جیهانی واقیعی دەیبینین، لە راستیدا وێنەیەکە کە پیشانمان دەدرێت. راگەیێنەرەکان وەك گۆشەنیگای ئێمە بۆ جیهان کار دەکەن. تەنانەت کاتێك بمانەوێت دژی ئەم سیستەمە سەرمایەدارییە پێشکەوتوویە، رابوەستین، دەسبەجیّ دەبینە بەشێکی. بە بۆچوونی بۆدریار سەرکەوتنی ئەقڵی ئامێری بە سەر شێوازەکانی ژیانی مرۆییدا بوونەتە هۆی هەڵوەشانەوەی بکەری مەعریفەی کۆمەڵایەتی و تایبەتیبوونی رەهەندی سیاسی. ئەم هەڵوەشانەوەیە کە لەگەڵ هەڵوەشانەوەی تەواوی ناسەر (بکەری مەعریفە)ی هیگڵی، پاش رەخنەی نیتچەیی لە میتافیزیکە، بیرمەندە پۆست مۆدێڕنەکان بەرەو چەشنە رێژەییخوازییەکی فەرهەنگی راپێچ دەکات کە لەگەڵ پلۆرالیزمێکی وەهم سڕ دارمانی ئایدیۆلۆژیاکان و تێڕوانینە هەڵەخوازانەکان پێك دەهێنێت. (ئاخاوتن لە دانیشتنی ئاگوارا، زانستگەی تۆرنتۆ، پووشپەڕی ۱۳۸۰)

## مۆدێڕنێتە و بەرهەڵستکارەکانی لە ئێراندا

داڕووخانی کۆمۆنیزم لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا هاوکات بوو لەگەڵ پێشوازیی بەرفرەوانی رۆشنبیرانی ئێرانی لە دیاردەیەك کە بە ناوی پۆست مۆدێڕنیزم ناسراوە. ئەم دیاردەیە خۆی جێگای پێك گەیشتن و تێکەڵاوبوونی دوو بزاڤی هزریی وەبەرگری نێواخنگەلی دۆزینەوەیی لە فەلسەفەی سەدەی نۆزدەدا و بزاڤی لۆژیکی نوێی کولتوری، تەشکە نوێیەکانی پێوەندییەکان و قەوارەبەندیگەلی ئابووری لە جەرگەی سەردەمی سەرمایەداریدایە. تێکەڵاوکردنی داگەڕانەکانی پاش کۆمۆنیزم و پاش مۆدێڕنێتە، ئەم بڕوایەی لە نێو ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی ئێرانیدا دروست کرد، کە بەرنامەی کرداری مۆدێڕنێتە بۆ بیرداڕێژەری لە سیاسەت و کۆمەڵگەدا، ئیدی لەبار نییە و کارکردی نابێت.

پێش ئەوەی بچینە چەقی بەرباسەکەوە، پێویستە هەندێ بابەتی پێوەندیدار بە تێکەڵاوکردنی ئەم دوو کولتورە دژبەرە روون بکەینەوە: بەر لە هەموو شتێك دەبێ بڵێین کە دارمانی کۆمۆنیزم لە ئەوروپای رۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤیەتی جاران بە واتای ئەوە نییە کە ریشەکانی کۆمۆنیزم لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا لەرزۆك بوون، دووهەم ئەوەی کە لەوانەیە مومکین نەبێت کە پێناسەیەکی گشتگیر و تەواو بۆ «پۆست مۆدێرنیزم» پێشکەش بکرێت.

وشەی پۆست مۆدێرن پێکهاتێکی دژبەرە کە وادێتە پێش چاو ئاماژە بە دارمان و کۆتایی مۆدێرنێتە دەکات. پرسیارێك کە دێتە پێشەوە بۆمان ئەوەیە کە: «ئەگەر مۆدێرن دەربڕی زەمەنی ئێستا و بوونە، کەواتە چۆن شتێك دەتوانێت سەرووتر یان پاش خۆی بێت؟» بە واتایەکی‌تر چ شتێك پاش ئێستا و بوون هەیە کە درێژەی ئێستاو بوونە؟ ئەم پۆلین بەندییەی « پۆست مۆدێرن»یش هەروەك داواکاریی دارووخانی کۆمۆنیزم، بەو واتایە نییە کە مۆدێرنێتە تا ئەو قۆناغە نەڕواتە پێشەوە کە «بۆدریار» بە سەردەمی سەروو واقیعییەت ناوی ناوە، ئەمە ناتوانێت زادەی رەهەندگەلێکی نوێ لە ئەندێشەی مۆدێرندا بێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر کولتورێکی پۆست مۆدێرنیش هەبێت خاوەنی هەندێ تایبەتمەندیی هاوبەش بێت، لەگەڵ قۆناغێکدایە کە بە ناوی « کۆمۆنیزم سەروو ئەقڵانی» ناو دەبرا و بۆ دواجاریش هەر گیرۆدەی ئەو چارەنووسە دەبێت. کولتوری پۆست مۆدێرن، زۆر لە کۆمۆنیزم دەچێت، خاوەنی دروشمگەلی تایبەت بە خۆی ، ئەقڵانیەت و بەرنامە جەماوەرییەکان لەسەر بنەمای نموونە و سەرچەشنی ژیانی بەکارهێنی و کولتورێکی کۆمەڵەیی میدیاتەوەرە. هەروا کە وێنەی «میکی ماوس» پیشاندەری ژمارەیەکی زۆر شوێنی گشتی لە ئەمریکای باکووردایە، وێنەی «لێنین»یش رەنگێنەری شوێنە گشتییەکان لە یەکێتی سۆڤیەتی جاراندایە.

لێرەدا ئێزن بدەن بۆ هاوجووتکردنی زەمەنی ناوبراو لە رستەکەی سەرەوەدا بگەڕێینەوە، واتە بۆ ئەم خاڵە کە دارووخانی کۆمۆنیزم، لەگەڵ سەردەمێکدا کە پۆست مۆدێرنیزم لە گوتاری فەلسەفەدا سەری دەرهێنا، هاوکات بوو. لە کۆتایی هەشتاکاندا بۆدریار کۆتایی سەردەمی مۆدێرنێتە و لە سەرەتای نەوەدەکاندا «فرانسیس فۆکۆیاما» «کۆتایی مێژوو»ی راگەیاند. سەرجەم ئەم کۆتاییانە وا دەردەکەوێت لەگەڵ کۆتایی سەدەکە و کۆتایی هەزارەی دووهەمدا هاوکات بن. بەم پێیە رەنگە بتوانرێت کۆتایی گەلی‌تری وەك «کۆتایی سیاسەت» و «کۆتایی فەلسەفە»ش بەم لیستە باڵا بەرزەی کۆتاییە تراژیدییەکان (کە وا دەردەکەوێت توهۆشیاری رۆشنبیرانی هاوچەرخ بووە) زیاد بکرێت. بە دڵنیاییەوە واتای ئەم کۆتاییانە هێندەش روون



نییە و ئەم بانگهێشتانە لە رۆژئاوادا جێگای مشتومڕی زۆرن، بەڵام لە جیهانی سێهەمدا خراپ تێگەیشتنگەلێك سەبارەت بە هەندێ چەمکی کلیلی مۆدێرنێتە دروست دەکەن. بەم چەشنە، تێکەڵاوبوونی تراژیدیایی کۆتایی بانگهێشتکاری کۆمۆنیزم و مۆدێرنێتە، پێویستی بە شیکاریگەلی جیاواز لە هەلومەرجی سیاسیی پۆست مۆدێرنیزم و بە کارهێنانی لە واقیعییەتگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵاتانی وەك ئێران هەیە. لە لایەکیترەوە، لە کاتێکدا لە وڵاتانی وەك ئێراندا زەرورەتی تێڕوانینێکی رەخنەگرانە بۆ ئەقڵانییەتی فەلسەفی و سیاسیی مۆدێرن بە تۆندی هەست پێدەکرێت. ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی ئێرانی لە جیاتیی گەشەپێدان، دەوڵەمەندکردن و چاکسازی و رۆنانەوەی ئامێرە چەمکییە پێویستییەکان، سەرجەم توانستی خۆیان بۆ بێ بایەخکردن و لە مەیدان وەدەرنانی وەگەڕ دەخەن. مارکسیزم و مارکسیزمی سەردەمی کۆتایی کە بۆ چەند دەیە لە نێو رۆشنبیرانی ئێرانیدا برەو و لایەنگری هەبوو، جێگاکەی خۆی بە پۆست مۆدێرنیزم و پرەنسیپەکانی وەك وەکەسازی و«پەرتەوازەیی» و دۆژمنایەتی لەگەڵ هەر خاڵێکی پێوەندیدار بە سیستەم، بونیاد و پرۆسە داوە. گەرچی ئەم دۆژمنایەتییە، داوێنی چەمکی مۆدێرنێتەش (وەك سیستەمێکی کۆمەڵایەتی) دەگرێتەوە، بەڵام ئەوە نابێتە رێگر کە بزاڤە رۆشنبیرییەکان لە «ئەقڵانییەتی ئامێری» وەك یاسایەکی جیهانی و رێگەلێنەگیراوی سروشتی کەڵك وەرنەگرن. سەرەڕای ئەوەش ئەمانە بە شێوەیەکی دژبەر، بە جەختکردن لەسەر نەبوونی ئیمکانی هێزی «جیهانی سازی» ئەقڵانییەتی رەخنەگرانە، ئیمکانی گەیشتن بە ئەم هێزە گشتێنەرە رەت دەکەنەوە. چەمکەکانی پۆست مۆدێرنیزمی ئێرانی سەبارەت بە پەرتەوازەیی و لێکترازان و رێژەییگەری، لێرەدا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر «بە گێڕانەوەی هەراو»ی کۆتایی لە«کۆتایی مێژوو» گرێ دەدرێن.

گلۆربوونەوەی (چوون بەرەو) رۆشنبیرانی ئێرانی بەرەو پۆست مۆدێرنیزم نابێ بە پێشکەوتن لە ئەندێشەی مۆدێرن لە قەڵەم بدرێت. هەلومەرجی پۆست مۆدێرنیزم لە ئێراندا دەبێ وەك دارووخانی «ئەقڵانییەتی رەخنەگرانە» لە نێوان زۆرینەی رۆشنبیرانی ئێرانیدا بزانرێت. پێدەچێت باشترین نموونە بۆ تێگەیشتنی ئەم دۆخە هزرییە لە ئێراندا،«تەقینەوە بۆ ناوەوە»بێت. «گەڵاڵەی تێکشێواوی» مۆدێرنێتە لە ئێراندا بە لە دەستدانی واتای خۆی، بۆ ناوەوە دەتەقێتەوە. لە ئەنجامی ئەم تەقینەوە دەروونییەدا، کردە دامەزراوییەکان دەبنە تەشکگەلێك لە خۆیان و پاشان ئەو سەرو سیمایانە وەك روخساری واقیعی و کرداری درێژە بە ژیانی خویان دەدەن. ئەوەی کە لە دارووخانی «ئەقڵانییەتی رەخنەگرانەوە» سەر دەر دێنێت،

سرتاندن و ڕەنگدانەوەی شتگەلێکە کە سەردەمێك لە بەستێنی سیاسی و کولتوریەوە ئاخێزیان کردبوو. ئەم پرۆسەیە بە هۆی ڕەوشت و دۆخێکی سیاسیی نائەقلانی، کە لە بێ مەیلی و رق لە سیاسەتی جیهانی و نەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێت، تەواو دەبێت و لە تەشکی تاکخوازیی خۆخوازانە، بازارتەوەر و بێ بابەت کە ئەمڕۆ بە چاو دەیبینین، بە شێوەی بەربین دەردەکەوێت. زۆربوونی خەفەتباری نیگەرانییەکان و دڵەڕاوکە کۆمەڵایەتییەکان و رەشبینی بۆ داهاتووی جیهان بە دوای لێکترازانی چوارچێوەی فەلسەفی، وەك ڕەنگدانەوە و شانۆیەکی ڕەخنەگرانە لە کۆمەڵگەدا، بزاڤە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیریی ئێرانیی بەرەو دەربڕینی دژ کردەوەگەلی پۆست مۆدێرنیزم راپێچ کردووە. کولتوری پۆست مۆدێڕنی ئێرانی، بە ئیلهام و کاریگەری وەرگرتنی توند لە نیتچە، هایدگەر و بیرمەندە پۆست مۆدێڕنە هاوچەرخەکان، ڕەخنەی گشتی لە مۆدێڕنێتەی کردۆتە دەسمایەی خۆی و لەگەڵ «بەرنامەی سیاسیی دیموکراسی» وەك «وەهمێك» هەڵسوکەوت دەکات. لە ئێراندا، بزاڤێکی گشتی و تەواو لە پانتایی هزریی هاوچەرخی ئێمەدا هەیە کە دەڵێت، لە نیتچە فێر بووە کە: ناتوانین لە کەموکورتییەکانی ئەقڵانییەتی مۆدێڕن رزگار بین، مەگەر ئەوەی کە بەرنامەی سیاسیی دیموکراسی نکوڵیی لێ بکرێت و ڕەت بکرێتەوە. چونکە ئەم بەرنامەیە، هاوتەریب لەگەڵ ئەندێشەی نیچە،«تەشکێکە لە گەندەڵی و نابوودیی ڕێکخراوەی سیاسی)). ڕەخنە لە «ئەندێشەی دیموکراسی» لە بنەڕەتدا بە واتای ڕەتکردنەوەی لۆژیکی ئەقلانییەتی گۆتارییە. بە واتایەکیتر روانگەی لە وەهم دەرچوونی ڕۆشنبیرانی ئێرانی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆشنگەریدا (وەك سەرچاوەی تەشکگرتن و یەکدەستکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی)، بە گومانێکی قووڵ و ڕەتکردنەوەی ڕاستەوخۆی یەکڕایی سیاسی دەگات. سوانی جیددی لە میکانیزمە سیاسییەکاندا، کە سەردەمێك وەك ڕێبەری نۆژەنکردنەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا لە ئەژمار دەدران و بەرفرەوانبوونی دەسەڵاتی ئابووری بە سەر سیاسەتدا، لە نێو پۆست مۆدێڕنە ئێرانییەکاندا روانگەیەکی خێڵەکییانە و دژی جیهانگەریی پێك هێناوە. ئەم خێڵ تەوەرییە ئێرانییە نوێیە، مۆرکی تایبەتمەندییەکانی پۆست مۆدێڕنیزم (بە تایبەتی جۆرەکانی لە ناوەند دەرچووی پەرتەوازیی کولتوری، دژی جیهانیبوون و دژی دیموکراسی) بە نێو چاوییەوەیە و یارمەتیی دەدات. ئەم دەلاقەیە هەروەها پرسیارگەلێك سەبارەت بە دەور و هێزی بەرباسە گوتارییەکان بە تایبەت هەڵگرییەکەی وەك بنەمایەکی فەلسەفی بۆ کردەوە و ئاکاری بەرپرسایەتی دێنێتە گۆڕێ.



گومانگەرایی و ڕەشبینی بۆ بنەما سیاسییەکانی ڕۆشنگەری، ئەقڵانییەت سڕینەوەی فەلسەفی و ڕێژەییخوازیی سیاسی- کۆمەڵایەتی، لە نێو پۆست مۆدێڕنە ئێرانییەکاندا وەك میراتی هایدگەر - نیتچەی، تێکەڵ کراوە.

ئەم ڕەتکردنەوانە دوو ئەنجامی گرنگیان بە دواوەیە: یەکەم، هەڵوێستی پۆست مۆدێڕنە ئێرانیەکان بۆتە هۆی گرفتگەلی جیددی و بەرچاو بۆ هەر بابەتێکی سیاسی و بەرپرسایەتیی ئاکاری، دووهەم ئەوەی کە پۆست مۆدێڕنە ئێرانییەکان جیاوازییەك لە نێوان مەڵبەندی گشتیی گوتار و مەڵبەندی دەسەڵاتی سیاسیدا دانانێن و ئەوەی یەکەم بە بیانووی کەموکورتییەکانی دووهەمی ڕەتدەکەنەوە. پۆست مۆدێڕنی ئێرانی ئەقڵانییەتی مۆدێڕن وەك ئامێرێکی گوشار بە دەستی دەسەڵاتی ڕەها (وەك ئەوەی کە لە نازیزم و ستالنینیزمدا رووی دا) دەزانێت. مۆدێڕنێتە لە روانگەی ئەم ڕۆشنبیرانەوە بەرابەرە لەگەڵ ئیمان و بڕوای پتەو بە ئەقڵی ڕۆشنگەری. ئەم ئەقڵە وەك قەفەسی ئاسنینی زانست و تەکنۆلۆژیا لێکدراوەتەوە کە هەنووکە وەك دیاردەیەکی بەردەوام و جیهانی چۆتە ژێر ئاڵای نۆژەنکردنەوەوە.

بە بڕوای من سەرکەوتنی ئێستای ئێمە لە ئێراندا و ئەو قەیرانە فەلسەفییەی کە هەنووکە لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بووینەتەوە، وا دەخوازێت کە خۆمان لە داوی هەڵوێست گرتنی دژی مۆدێڕنیزم و هەروەها ستایش و پیاهەڵدانی رزگار بکەین. ئێمە دەبێ خۆمان لە داوی ئەم دووڕیانە رزگار بکەین کە دەڵێت: یان وەرگری بونیادشکێنیی پۆست مۆدێڕن بین یان ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەقلانیەتی ئامێریدا (کە نموونەکەی لە ڕۆحی پەتیی تەکنۆلۆژیا لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا دەبینرێت) بمێنینەوە. بە پێچەوانەوە بە بێ ڕەخنەگرتن لە فەلسەفە سیاسییەکانی پێش و پاش مۆدێڕنێتە لە پانتایی هزریی ئێرانیدا، ناتوانرێت لە سیاسەتە گوتارییەکان و دیموکراسیی بەشدارانە بەرگری بکرێت. جیهانبینیی پێش مۆدێڕنێتە، لە ڕاستیدا روانگەیەکی جادووخوازە کە دەڵێت:«یەك حەقیقەت وەك سەرچاوەی دەسەڵاتدارێتی هەیە». روانگەی پۆست مۆدێڕن، روانگەیەکی پێرسپێکتیویست و ڕێژەییخوازە کە لە پێشکەشکردنی پێشنیارێکی دیاریکراو بۆ شیکاری و کرداری سیاسی کۆڵەوارە. چەمکی «یەکڕایی» لەلای ڕۆشنبیرانی پۆست مۆدێڕنی ئێرانی،چەمکێکی کۆن و بەهایەکی گومان لێکراوە. ئەم بابەتە بە شێوەیەکی سەرەکی بەو هۆیەوەیە کە گەڕان بە دوای «بیردۆزەی دروست» و «حەقیقەتی ڕەها»دا، دەبووە هۆی گومانکردن سەبارەت بە خودی چەمکی سیاسەت. جیلەکانی هزرڤان و بیرمەندە بەڕێوەبەرە سیاسییەکانی ئێران بەدوای چەمکی «ئازادی» لە سیاسەتدا نەبوون، بەڵکو بەدوای

چەمکی «دەسەڵاتداریتی»یەوە بوون. چەپخوازە ئێرانییەکان لە دیاریکردنی ئازادی لە ئەندێشەی دیموکراسیی ئێرانیدا کۆڵەوار بوون، چونکە دیاردەی سەردانەواندن و چەوساندنەوەیان لە داگەڕانی تۆتالیتاریزمی مارکسیزمی لێنینیزمدا نەدەناسی. ڕۆشنبیرە پۆست مۆدێرنەکانی ئێران بە دەست ئەم لاوازییە فەلسەفییەوە دەناڵێنن. چ بەدوای بەرنامەیەکی سیاسییەوە نەبن و چ دەرهەق بە جیاوازیی نێوان دوو چەمکی ئازادی (ئایاو و نایاو) بێ مەیل بن. ئەم دوو ڕوانگەیە ئەوانی لە داوەریکردن سەبارەت بە جیاوازیی نێوان ڕژێمە دیموکراسییەکان و دەسەڵاتدارێتیخوازەکان کۆڵەوار کردووە. ئەم بابەتە وەك ئەوە وایە کە ئێمە لە چنگی دژبەرییەکی لەم چەشنەدا گیرۆدە بین کە: یان دووبارە لەسەر پێش مۆدێرنێتە و ئەو سیمبۆلیزمە میتافیزیکییەی کە بەرهەمییەتی ئارەقی نێوچەوان بڕێژین و لە ئەنجامدا لە تێگەیشتن و کەڵك وەرگرتن لە بەخشینەکان و نوێکارییەکانی ئەندێشە مۆدێرنە سیاسییەکان بێبەری بین و یان ئەوەی کە سەرجەم لایەنەکانی سێمبۆلسازی و کردەوەی سیاسی بوەستێنین و نرخی ڕەچاونەکردنی سیاسەت وەك کەشوهەوایەکی بەرهەمهێن بدەین.

ئێستاکە مەترسییەکان و کەموکورتییە پێوەندیدارەکانی ڕوانگەی پۆست مۆدێرنمان لە ئێراندا خستە ڕوو، ئێزن بدەن هەوڵبدەین وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە کە: ڕۆشنبیرانی ئێرانی بە چ شێوازێك دەتوانن گوتارێکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ ڕابردوو و داهاتووی خویاندا (بە بێ ئەوەی جلوبەرگی پێش مۆدێرنێتە یان پۆست مۆدێرنیزم لەبەر بکەن) چێبکەن؟ دەتوانین ئەم پرسیارە بە پرسیارێکیتر و بەم شێوەیە تەواو بکەین کە: بابەتی گوتاری دیموکراسی چۆن دەتوانێت لە بەربەرەکانێ لە گەڵ«دیمەنی شکۆمەندی» پێش مۆدێرنێتە و دیمەنی دیارینەکراوی «پۆست مۆدێرنیزم»دا فامبکرێت و ڕێسامەند بکرێت؟ یەکێك لە لایەنە گرنگە گوتارییەکانی ئەم ئەندێشەیە، داهێنانی جیاوازییەك لە نێوان دوو چەمکی «سیاسەت» و «سیاسی» و یان «مێتۆدی سیاسی» و «ڕێکخراوەی سیاسی» دایە. لەم سنووربەندییەدا سیاسەت پێشاندەری ستراتیژییەکانی دەسەڵاتە، لە کاتێکدا چەمکی سیاسی خاوەنی جێگایەکی فەلسەفییە. بەم چەشنە چەمکی سیاسی لەوەیدا کە ئێمە بە «چالاکیی سیاسی» ناوی دەبەین، خۆی دەرناخات، بەڵکو لە «قالبی دامەزراوەی کۆمەڵگە»دا خۆی دەردەخات. ئەوەی کە بە ڕۆشنبیرە گوتارییەکانی ئێرانی ئەمڕۆوە پێوەندی هەیە، دەرچوون لە چەمکی سیاسی بە هۆی بیردۆزە جوانیناسی، کەلامی و یان ئەدەبییەکانەوە نییە. ئەرکی فەلسەفییان ئەوەیە کە لە ڕێگای بەربەرەکانێ لەگەڵ چەمکگەلی پێش مۆدێرن و پۆست مۆدێرنی سیاسەتەوە، بە



بنەمادانانی بنەڕەتی ئەندێشە و کردەوەی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە چەمکی سیاسی خەریك بن و ڕێگاگەلی نوێ بۆ پشکنین و تاوتوێکردن لە ئەندیشەی سیاسی و کرداری سیاسیدا پێشنیار بکەن. ئەم ڕەچاوکردنە تایبەتە بۆ چەمکی «سیاسی» وەك چوارچێوەیەکی دروستکەر و بنەماسازی ژیانی سیاسی وەبەرگری چالاکیی داوەری لە چەمکی سیاسیدایە. ئەم چالاکییە پیشاندەری کەشوهەوایەکی پێش یان پاش سیاسی کە لەو بنەماسازییە بەدوور بێت، نییە، ئەم توانستە لە داوەری لە چەمکی سیاسیدا بە پێویستییەکی دوانەوە پێوەندیی هەیە. یەکەم پێویستبوونی دەستێوەردانی ئەقڵانییەتی ڕەخنەگرانە، کە ئەرکی پیداچوونەوە لە گەوهەر و چییەتیی ئەندێشە لە ئەستۆ بگرێت و دووهەم پێویستبوونی دەستێوەردان لە ژیانی گشتیدا لە ڕێگای تیۆری و کردەوەوە. ئەم ئەرکە دوانەیە لە دۆزینەوە و بەرگری لە کەشوهەوای ئەقڵانیەتی رخنەگرانە و دیموکراسیی گوتاری لە ئەستۆی نەوەی چوارەمی ڕۆشنبیرانی ئێرانی دایە. ئەرکی سەرەکی لێرەدا ڕێکوپێککردنی ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە لە بەرانبەر هەرچەشنە یەکڕاییەکی لە پێشدا دیاریکراو و پێویستی دامەزراویکردنی گوتار و باسی گشتی لە تەشکی گوتاری ئەقڵانیدایە. بەم پێیە سنوور و هێڵی جیاییی نێوان نەوەی چوارەمی ڕۆشنبیران و پۆست مۆدێرنە ئێرانییەکان نەك هەر هێڵی جیایی نێوان «مۆدێرنێتەی ڕەخنەگرانە» و «پەرتەوازەیی پۆست مۆدێرنەکان»، بەڵکوو سنووری نێوان «سیاسەتی گوتاری شارستانی» و «سیاسەتی بێ بابەت و بێ ئەکتەریشە». ڕۆشنبیرە پۆست مۆدێرنەکانی ئێران، مۆدێرنێتە بە چەشنە «شێوازێکی ژیان» و شێوازێك بۆ ئەندێشە دەزانن کە سەر بە ڕابردووی ئێمەیە. بەڵام لای نەوەی چوارەمی ئەم ڕۆشنبیرانە، مۆدێرنێتە سەر بە ڕابردووی ئێران نییە، بەڵکو هی داهاتووی ئێرانە. ئێمە بۆ تەدارەکی داهاتوومان پێویستیمان بە دەرککردنی ڕابردوو هەیە. بەڵام ئەم کارە جێبەجێ ناکرێت مەگەر ئەوەی کە لە نێوان دوو چەمکی «ئەقڵانییەتی ئامێری» و «ئەقڵانییەتی ڕەخنەگرانە»دا جیاوازی دابنێین و ئەقڵانییەتی ڕەخنەگرانە بۆ تێگەیشتن و چاوەدێریی ئەقڵانییەتی ئامێری بە کار بهێنین. (ئاخاوتن لە سمپۆزیۆمی « ئێران لە نێوان نەریت و مۆدێرنێتەدا » زانستگەی تۆرنتۆ بانەمەڕی ١٣٨٠).

## بەشی دووەم:

# نەوەی چوارەمی رۆشنبیرانی ئێرانی
# لە کێشە لە گەڵ نەریت و مۆدێڕنێتەدا

# رۆشنبیره ئێرانییەکان و تاکخوازیی دیموکراسی

## تاکخوازیی مۆدێڕن و تاکێتیی دیموکراسی:

تاکخوازیی مۆدێڕن، لەدایکبووی کۆمەڵێك لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانە کە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت وەك پرۆسەی مۆدێڕنیزم و مۆدێڕنێتە لە ئەژمار بدرێت. لە روانگەی «مارسێل ماوس» و قوتابیەکەی «لویس دومۆن»ەوە، کە تاکیان بە چەمکێك لە یەکگرتوویەکی یەکپارچە و جیایی هەڵنەگر زانیوە، پرۆسەی مێژوویی رۆژئاوا لە سەردەمی عەتیقەوە تا مەسیحییەت و لەوێشەوە تا سەردەمی مۆدێڕن، پیشاندەری گواستنەوە و تێپەڕینی بەردەوامی هۆشیاری لە خود (خودهۆشیاری) بووە. ئەم تێپەڕینە لە شانۆیەکی سانای ئاییینیەوە بۆ *مانکێنێك* و لە *دەورێکەوە* (پرسوناژ) بۆ شەخسێك و پاشان بە ناوێك و تاکێك و لەم یەکەوە بە بوونەوەرێکی دانەری بەها ئاکاری و مەعنەوییەکان گەیشتووە.

بەم پێیە کاتێك چەمکەکانی تاك و تاکخوازی دەخوێنینەوە ، بە ناچار دەبێ رەهەندە ئاکاری و سیاسییەکانی تاك رەچاو بکەین. بە شایەتیی مێژووی  شارستانیەتی نوێی رۆژئاوا ، چەمکی تاك لەگەڵ دوو چەمکی ئەقڵانیەت و سەربەخۆییدا پێوەندییەکی دوو لایەنە و دەروونیی هەیە. لە روانگەی دومۆنەوە، تاك بە چەمکیك کە لە جیهانبینییە مۆدێڕنەکاندا لە مرۆڤ و کۆمەڵگە بە کار دەهێنرێت، بوونەوەرێکی ئەقڵانییە کە بابەتی دامەزراوە و رێکخراوەکانە. بە واتایەکی‌تر، هەروا کە ماکس ڤێبەر دەڵێت ، تاکخوازیی مۆدێڕن نەك هەر دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەستی «خۆشی و بەکەیفی لە جیهان» بەڵکو خاوەنی خودێکی سەربەخۆ و کۆمەڵگەیەکی دیموکراسییشە. تاکخوازی بە تایبەتی ئەو تاکخوازییەی کە لەسەر بنەمای مافەکانە، وەك پێویستییەك لە پاراستن و هێشتنەوەی کۆمەڵگەی مۆدێڕن ، بە سەر ((خودی)) مۆدێڕندا داسەپاوە.

ئەودەم ژیانی مۆدێڕن چەشنە تاکێك دروست دەکات کە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی دامەزراوەکانی ئەو ژیانە هاوڕێك و پێویستە. بەم هۆیە، مۆدێڕنێتە و نۆژەنکردنەوە پێویستی بە کەسایەتییەکی یەکپارچە و دیموکراسی هەیە کە بۆ کۆمەڵگەی ئازاد شتێکی بنەماییە. کۆمەڵگەیەك کە تێدەکۆشێت تا لە بەرانبەر روانگەی گشتخواز لە تاك، پەیکەربەندییەکی



تاکخوازانە لە ئەندێشەکان و بەهاکان پێشکەش بکات. بە کورتی رۆحی تاکیی مۆدێڕنێتە و رەچاوکردن و داگەڕانی بۆ کەرامەتی مرۆیی ، بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر لەگەڵ روانگەی«گشتخواز» و روانگەیەك کە خەڵکی دیکە زیاتر لە چوارچێوەیەکی دیسپلینیی کۆییدا فامدەکات ، تا وەك تاك گەلی یەکسان ، لە دژایەتیدایە. کۆمەڵگەیەکی نەریتی، بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی مۆدێڕن خاوەنی کولتورێکە کە مافەکانی تاك بۆ بەرژەوەندیی گشت قوربانی دەکات. کەواتە تاکخوازیی ماف -- بنەما دەتوانێت شێوازگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پێویست بۆ دیموکراسی یاسایی پێك بهێنێت و کاتێك «تاکخوازیی دیموکراسی» بە قۆناغی کردەوە بگات، تاکخوازیی ماف -- بنەما تەواو (تەکمیل) دەکات و شیرازەی تەناهیی بۆ دروست دەکات.

لەم وتارەدا تێدەگەین کە لە پانتایی مێژووی نوێی ئێراندا، ئەندێشەی تاکخوازیی دیموکراسی بابەتێکی فرەلۆچ و تێکخێراو بووە. فرەلۆچییەك بەتێکچنراویی ئەندێشە و کردی دەمڕاستە سەرەکییەکانی واتە، «ئەمیرکەبیر» ، «مولکم خان» و «موحەمەد عەلی فرووغی». بەم پێیە جوێکردنەوەی چەمکی «تاکخوازیی ئێرانی» بۆ سێ سیمای تاکی، نابێ بابەتێك لە رووی هەڵە و یان لەباری فەلسەفییەوە بێهوودە لە ئەژمار بدرێت. من وێڕای عەودالی، لە سەر ئەوەم کە لە بەرژەوەندیی فەلسەفەی سیاسیدا، لە حەقیقەتەکان و واقعییەتە مێژووییەکان لە فەلسەفەی سیاسیدا کەڵك وەربگرم. بەڵام ئەگەر فەیلەسووفە سیاسییەکان، ئەم حەقیقەتانە رەچاو نەکەن، زۆربەی کات چەمکی تاکخوازیی ئێرانی رەچاو ناکەن.

## ئەمیرکەبیر و دارولفنوون:

ئێران وەك وڵاتێکی دواکەوتوو ، لە کاتێکدا پێی دەنایە سەدەی بیستەمەوە کە فەرمانڕەواکانی ئیمانی ئاکاری و دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان، بۆ بەڕێوەبردنی لە دەست دابوو. لە ساڵی ١٨٩٦ واتە ساڵی کوژرانی «ناسرەدین شای قاجار» ، ئێران لەباری ئابوورییەوە وەرشکستە و سەرمایە لەکیس چوو و لەگەڵ پاشاگەردانی و ئاخۆڕانی نێوخۆییدا دەستەویەخە بوو. لاوازیی دەسەڵاتیش لە نامۆبوونی دەزگا بەڕێوەبەر و جێبەجێکارەکان لە پرۆسەی مۆدێڕنێتەدا، دیار بوو. دیوانسالاریی قاجاری، لە سەرگەردانی و ئاخۆڕانی کارکردیدا نوقم ببوو. بە چەشنێك کە گەیشتن بە هەر پلە و پایەیەك پێویستی بە هیچ چەشنە پسپۆڕێتی و زانستێکی تەکنیکی نەبوو. شەخسی کردنی کارە دیوانییەکانی قاجار ، ئەنجامی راستەوخۆی

تایبەتیکردنی کارە سیاسییەکان بوو، کە هەڵگری کێشەگەلی بێ ئەژمار و سەرەکی لە پەیکەری سیستەمدا بوو. نەبوونی ئەقڵانییەتی سیاسی و یاسایی ببووە هۆی سەرهەڵدانی هەلومەرجی نائارام و ئاخۆران و بەکارهێنانی دەسەڵاتگەلی هاوتەریب لە سیستەمدا.

لە ئەنجامدا ڕێکخستن وك پێویستییەکی جیددی لە لایەن چاکسازەکانەوە رادەگەیێندرا. رۆڵی سەرەکی لە ئەستۆی ئەو رووناکبیرانە بوو کە نەك هەر خۆیان بەکارهێنی بەهاکان و ئەندێشە نوێیەکان بوون، بەڵکو هاندەر و دنەدەری چینی دەسەڵاتداری سیاسیی کۆمەڵگەی ئێران بە نیسبەتی ئەوان بوون. جگە لە پێویستبوونی بابەتی ئەقڵانیەت و پێشکەوتن، مەسەلەی تەعبیرکردنی نوێ لە جیهانیش هاتبووە گۆڕێ و ئاسۆیەکی نوێ لە گرنگیدان بە «خود»، واتە ئەو خودەی کە لەگەڵ تاکخوازیی بنیات نراوە لە سەر مافەکان، تەبا بوو، کرایەوە. ئەوان باسیان لەمە دەکرد کە ئەوروپا، لەبەرئەوەی کە لە ڕێگای ئەقڵانیەتێکی ئامێرییەوە بەڕێوە دەبرێت و «خود»گەلی مۆدێڕن بەرهەم دەهێنێت، پێش کەوتووە. بەم پێیە بڕیاریان دا ، کە لە ئەندێشەی «خودێکی سەربەخۆ» کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە جیهانبینییە مۆدێڕنەکاندا دەبینرا، بەرگری بکەن. ئەم بەرگرییە بەر لە هەموو شتێك ، لە ڕێگای رەتکردنەوەی بنەماکانی مەعریفەناسی و بوونناسیی هەنووکەیی لە روانگەی «گشتخوازی» ئێرانیدا پێك دەهات کە لە مێژەوە لە نەریتە ئایینی و سیاسییەکانی ئێراندا جێگیر ببوو. ئەوان ئاگاداری ئەوە بوون کە بۆ بەرگری لە چەمکی مۆدێڕنی «تاکخوازی» لە بەرانبەر نەریتخوازیی ئایینی دا (کە لە پێوەندیی نزیکی نێوان زانایانی ئایینی و دەسەڵاتی پاشایەتی بەهێز ببوو) پێویستییان بە دەسەڵات هەیە. ئەوان زانییان کە دەبێ لە ڕێگای پێوەندیکردن لەگەڵ دەسەڵاتی پاشایەتی، بەرەبەرە راستییەکان سەقامگیر بکەن. بەم چەشنە، بە هاندان و بێدارکردنەوەی مەیلە نووستووەکانی شا و نەجیبزادەکان بەرامبەر بە پێشکەوتنەکانی رۆژئاوا هەوڵیاندا ڕێگایەك بۆ جێبەجێکردنی چالاکییە چاکسازانەکانیان بکەنەوە. گەرچی چالاکی و پێوەندییان بە پیاوانی دەسەڵاتەوە زۆربەی کات هەڵگری هەندێ دەرفەت بۆ برەوپێدان بە «تاکخوازیی دیموکراسی»ی پێك دەهێنا، بەڵام پێوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتی پاشایەتیدا هەمیشە ناسك و کاتی بوو.

ژمارەیەکی زۆریان درەنگ یان زوو ناچار بە دەس لە کارکێشان و یان دوورخرانەوە و یان تەنانەت بە مەرگ تاوانبار دەکران. چارەنووسی سێ کەس لەم رۆشنبیرە دەوڵەتییانە واتە



ئەمیرکەبیر و مولکوم خان و فرووغی دەتوانێت وەك نموونە لە ڕێگای «تاکخوازیی دیموکراسی»دا رەچاو بکەین.

«میرزا تەقیخانی فەراهانی» ناسراو بە ئەمیرکەبیر سەرۆك وەزیری ناوداری ئێرانی لە سەدەی نۆزدەهەمدایە کە بە هۆی مەیلگەلی بەرزەفڕانەی چاکسازی لە ساڵەکانی سەرەتای حکوومەتی ناسرەدین شا (١٨٤٨-١٨٩٦)دا، بە ناوبانگە. ئامانجی ئەمیرکەبیر سنووردارکردنی دەستێوەردانە سەرەکییەکان، لە مەسەلە نێوخۆییەکان ، لە ڕێگای زۆربوونی توانای ئێرانیەکانەوە بوو. ئەمیرکەبیر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مەرجی سەرکەوتن لەم چاکسازییانەدا، ڕێسامەندی و دیسپلینیی چەقبەستوو لە حکومەت و وەرگرتنی تەکنۆلۆژیا رۆژئاواییەکانە. «ڕابێرت گرانت واتسۆن» کە لەو سەردەمەدا لە ئێراندا بوو، کارەکانی ئەمیرکەبیری وەك تەقەلایەك بۆ «بەرزبوونەوەی ئاستی وڵات بۆ حکوومەتێکی سەقامگیر و بە دەسەڵات لە سەر بنەمای یاسا و دادپەروەری» وەسف کردووە. هەنگاوی یەکەمی ئەمیرکەبیر، زۆربوونی هۆشیاریی پیاوانی دەوڵەت سەبارەت بە گرنگیی گۆڕانکارییە مۆدێڕنەکان لە رۆژئاوادا بوو. ئەمیرکەبیر بە مەبەستی پتەوکردنی چاکسازیەکانی خۆی، یەکەم رۆژنامەی فەرمیی لە ئێراندا بە ناوی «وەقاییق ئیتیفاقییە» بڵاو کردەوە. ئەمیرکەبیر رۆژنامەی بە ئامێرێك بۆ «خەڵکی وڵاتی گەورە و بەڕێز و هۆشیاریی زۆرتر و بیرمەندی»ی ئەوان دەزانی. ئەم رۆژنامەیە وەبەرگری هەواڵی نێوخۆیی، هەواڵی دەرەکی و وتارگەلێك سەبارەت بە زانیاریی نوێ بوو و بۆ وەرگێڕانی وتاری رۆژنامە بیانییەکان، کابرایەکی بەریتانیی بە ناوی «ئێدوارد بێرگس» وەك چاوەدێری دەفتەری وەرگێڕان هەڵبژارد. بێرگس لە هەمان کاتدا سەرنووسەری گۆڤارێکیش بوو کە تەنیا بۆ پاشا و ئەندامانی شاندی دەوڵەت دەردەکرا.

سەرتەڵی چاکسازییەکانی ئەمیرکەبیر، بناغەدانانی ڕێکخراوەیەکی فێرکاری ، بەناوی «دارولفنوون» ، لە سەر شێوازی ئەوروپییەکان بوو کە دەیەویست کەسانێك بۆ وەرگرتنی پۆستە دەوڵەتییەکانی داهاتوو پەروەردە بکات کە توانای چاکسازییان هەبێت.

جگە لەوەش ئەمیرکەبیر لەمەڕ ناردنی گرووپی خوێندکار بۆ ئەوروپا بە قسەی پاشای نەکرد، بە پێی بۆچوونی «کنت دۆگۆبینۆ» ئەمیرکەبیر «ئەگەرچی حەزی لە ئەوروپا و چارەی ئەوروپییەکان نەدەکرد، بەڵام لە لایەکیترەوە، زانستی سەربازی و هەندێ تەکنیکیتری پیشەسازیی لەوان وەرگرت». ئەمیرکەبیر ئاگاداری گرنگیی لەرادەبەدەری دارولفنوون و وەرگرتنی زانست و پێشکەوتنە تەکنیکییەکانی ئەوروپا بوو. ئەمیرکەبیر لە نامەیەکدا بۆ

ناسرەدین شا نووسیی: «سەبارەت بە فێرگە وردبینی و خۆڕاگری پێویستە. فێرگە مرۆڤگەلی ئەقڵمەند و زەحمەتکێشی دەوێت کە لە هەموو شتێکی ئێرانی و ئەورووپیدا ببنە وەستا». بە خوێندنەوەی ئەم نامەیە دەردەکەوێت تاقە ڕێگای دروست لە ئاراستەی بونیادە سەرەتاییەکانی «تاکخوازیی دیموکراسی»دا ، خەباتی پیشەیی دژی بونیادی نەریتی و سیستەمی فێرکاری و دادوەرییە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆحانییەکاندا بوو. بەربژێری دژبەر و گرفتسازی ئەمیرکەبیر لە نۆژەنکردنەوەی ئێران و دوورخستنەوەی لە بەئەورووپاییبوون، لە ڕێگای وەکارگرتنی مامۆستایانی «نەمسایی» لە جیاتیی بەریتانی و رووسی ، چارەسەر کرا. بە پێی گرێبەستێك کە لە نێو مامۆستایانی بیانی و حکوومەتی ئێران لە دەی مانگی هەشتی ١٨٥١ دا بەسترا، مامۆستا بیانییەکان ئیزنیان پێ نەدرابوو تێبینییە سیاسییەکانی وڵاتەکەیان لە پیشەکەیاندا ڕەچاو بکەن. یەکێك لە مامۆستایانی پزیشکیی ئەو سەردەمە بەناوی «دکتۆر پولاك» دەنووسێت: «ئامانجی ئەمیرکەبیر ئەوەبوو ئەو مامۆستایانە وەکار بگرێت کە لە بابەتە سیاسییەکانی وڵاتەکەیدا دەستێوەردانیان نەبێت و خۆیان بەتەنیا بۆ ئەرکی فێرکاری تەرخان بکەن».

لە ئەنجامی تەقەلاکانی ئەمیرکەبیردا، دارولفنوون بوو بە یەکەم ڕێکخراوەی فێرکاری بە بونیادێکی ئەورووپایی لە ئێراندا. بەڵام وێڕای سەرجەم ئەم دەسکەوتانە، وەك خێراکەرەوەیەك بۆ چاکسازییە سیاسییەکان زۆر کارامە نەبوو. ئەنجوومەنی دارولفنوون بە فەرهەنگێکی ڕۆژئاواییەوە، لە ڕاستیدا وەك مەترسییەك بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات لە لایەن ڕۆحانییەکانەوە، هاتبووە گۆڕێ کە هەر چەشنە زانستێك کە لە دەرەوەی سیستەمی حوجرە (حەوزە)دا بەقوتابییەکان فێر دەکرا، بە کوفر ڕایان دەگەیاند. هەر بۆیە دارولفنوون وەك نیشانەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و لە ئاراستەی بونیادی «تاکخوازیی دیموکراسی» هاتە گۆڕێ. ناسرەدین شا گەرچی ئاگاداری لاوازیی تەکنیکیی ئێران لە بەرانبەر ڕۆژئاوادا بوو، بەڵام لە پشتگیریکردن لە تەقالاکانی ئەمیرکەبیر بۆ جێبەجێکردنی چاکسازیگەلی کاریگەر کۆڵەوار بوو. ناسرەدین شا کە بە هۆی چاکسازییەکانی ئەمیرکەبیرەوە لە بەرانبەر دژایەتیکردنی بەشێکی کۆمەڵگە دانرابوو، تەنیا چەند ڕۆژ پێش دەسبەکاربوونی دارولفنوون ئەمیرکەبیری لەسەر کار لابرد. دژایەتی لەگەڵ ئەمیرکەبیر لەلایەن ئەو کەسانەوە بوو کە تەقەلاکانی سەرۆك وەزیریان لە سەقامگیرکردنی بونیادە سەرەتاییەکانی «تاکخوازیی دیموکراسی» لە ئێراندا وەك مەترسییەك بۆ سیستەمی «گشتخوازی»، ئیمتیازاتەکان و نایەکسانییەکان دەزانی. ئەم



بەرهەڵستکارانە بریتی بوون لە دەرباریەکان، ڕوحانییەکان و دایکی شا کە گەڵاڵەی کوشتنی ئەمیرکەبیری داڕشت. شا بۆ خۆی هەوڵیدا تا لە ڕێگای سیاسی و بە قەدەغەکردنی دامەزراندنی دامەزراوەگەلی بە بونیادی ئەورووپاییەوە، ببێتە ڕێگری پرۆسەی «تاکخوازیی دیموکراسی» لە ئێراندا. یەك لە نموونە بەرجەستەکانی ئەم کارانە، بەستنی فەرامۆشخانە لە ساڵی ١٨٦١ بوو کە لە لایەن میرزامولکم خانەوە و بە لاساییکردنەوە لە فراماسۆنریی فەرەنساییەوە دروست کرابوو.

### میرزامولکم خان و فەراماسۆنری:(*)

وشەی فراماسۆنری (فرامۆشخانە) بەو ئەنجوومەنە پەنامەکییانە دەگوترا کە لە ساڵی ١٨٥٨دا لە تاران دادەمەزران. میرزامولکم خان ئەرمەنییەکی خەڵکی جلفا بوو کە موسڵمان ببوو و یەکەم ئێرانییەك بوو ئاوڕی لە فراماسۆنری دایەوە و دەیەویست لە لۆژە ماسۆنییەکان وەك بنەمایەك بۆ بەرزکردنەوە و جێبەجێکردنی سیاسیی «تاکخوازیی دیموکراسی» لە ئێراندا کەڵك وەربگرێت. مولکم خان کە ماوەیەك لە پاریس ببوو، زەینێکی گومانگەر و بەرژەوەندیخوازانەی هەبوو و بە تەواوی بڕوای بە سەرکەوتوویی و مەزنایەتییە ڕەهاکانی شارستانییەتی مۆدێرن هەبوو. داگەڕانی پۆزەتیڤی بەرەو بەها نوێیەکان، مولکم خانی وەك یەك لە سوورترین بەرگریکارانی «تاکخوازیی دیموکراسی»ی ڕۆژئاوایی و دژی «گشت خوازیی ئاسیایی» ناساندبوو. «حامد ئەلگار» بە جوانی ڕوونی کردۆتەوە کە: «مولکم خان ، چەمکی سەدەی نۆزدەهەمیی«ئاسیای» دژ بە لایەنەکەی‌تری واتە ئەورووپای ماددی و چالاك و ئەم بەستێنە بێ سنوورە لە فەلسەفەگەلی ئایینی و تیۆریدا لە ئەژمار دەدات و شێوازی «ئاسیایی»وەك یەکەیەکی نائەقڵانی بە توندی گیرۆدەی داوی نەریتگەلی بێ گیان و گەوجانە دەزانی». چالاکییەکانی مولکم لە کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا ڕوخسارێکی دیاری چاکسازییان لێ دروست کردبوو. مولکم کاتی گەڕانەوە لە پاریسەوە بۆ تاران لە ساڵی ١٨٥٢دا ، وەك وەرگێڕی مامۆستایانی بیانی لە قوتابخانەی دارولفنوندا دامەزرا، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ خۆشی لە بەستێنەکانی بابەتگەلی وەك زانستە سروشتییەکان و جوگرافیادا وانەی

* Freemasons: دامەزراوەیەکە خاوەنی سیستەمی تایبەت و کۆمەڵەی نهێنی و لە هەندێ وڵات بەتایبەت بەریتانیا ڕێکخستنیان هەیە و بە ئەندامەکانیان فەرماسۆن دەگوترێ مەبەستیان پاڵپشتی لە مرۆڤایەتی و پالفتەکردنی ئەخلاق و گەشەکردنی هزری خەڵك و نەهێشتنی جیاوازییە ئایینییەکانە.

دەگوتەوە. مولکم خان بە ئاشناکردنی خوێندکارەکانی قوتابخانەی دارولفنوون لەگەڵ زانستە مۆدێڕنەکاندا، ئەوانی بەرەو شارستانییەتی ڕۆژئاوا هان دەدا و دواجار دەیکردنە ئەندامی فراماسۆنری. ئامانجی ئەم ئەنجوومەنە پەنامەکییە وەشاندنی نەریتی سیاسیی ئەورووپای مۆدێڕن و ئامانجەکانی شۆڕشی فەڕەنسا لە کۆمەڵگەی ئێراندا، لە ڕێگای دروستکردنی زەمینەی جێبەجێکردنیان لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتیی قاجارەوە بوو. پرەنسیپەکانی ئەنجوومەنە پەنامەکییەکەی میرزامولکم خان لە دەقی دانوستانەکەی لەگەڵ «فەتحعەلی ئاخووندزادە» بەم شێوەیە ئاماژەیان پێکراوە: «دوورەپەرێزی لە خراپکاری، هەوڵدان بۆ کردەوەی باش، خەبات دژی چەوساندنەوە، برەوپێدانی ژیانی ئاشتیخوازانە لەگەڵ هاوچەشنەکاندا، فێرکردن و فێربوون، پێشگرتن بەوەرچەپین و تا ئەو جێگایەی دەکرێت هەوڵدان بۆ پاراستنی هاودەنگی لەنێوان ڕەقیبان و دۆستاندا».

ئەوەی کە بە نووسینەکانی مولکم خانەوە دیارە ئەوەیە کە بڕوای بە سەرکەوتنی زانست بە سەر خورافاتدا هەبووە. بەڵام گەوهەری ئیسلامیی بە خورافات نەزانیوە. لە ئەنجامدا ئاواتی ئەوە بوو کە بتوانێت گەوهەری ئایینی لەڕێگای چاکسازیکردن لە ئایینی ئیسلامدا بپارێزێت. لە یادداشتێکدا کە لە بەرگری لە فراماسۆنری نووسیویێتی، ئەم تاوانبارکردنە قەبووڵ ناکات کە لە پرەنسیپەکانی ئاییندا نوێکاریی کردبێت. مولکم خان ڕای وایە کە سەرجەم پەیامبەران و پیرۆزەکانی جیهان، لەگەڵ ئەو شتە پەنامەکیانەی کە فراماسۆنری ئاشکرایان دەکات، ئاشنایەتییان هەبووە. مولکوم خان دەڵێت: «پەیامبەرەکان بە هۆی ئەقڵی تەواوی خۆیانەوە پێیان خۆش نەبووە کە لە سەردەمی خۆیاندا، سەرجەم زانیارییە زگماکیەکەیان ئاشکرا بکەن. بەم پێیە سەبارەت بە تەلگراف، دووربین، جیهانی نوێ و هەزاران بابەتیتریش هیچیان نەگوتووە». ئامانجی مولکم خان لە دەربڕینی ئەم شتانەدا ئەوە بوو کە بڵێت حەقیقەتی فراماسۆنری ڕاگەیاندنی حەقیقەتی جیهانییە کە وەك حەقیقەتێکی سڕئاسا ناسراوە. داکۆکیکردنی لە سەر پرەنسیپی پاراستنی ڕەمز و ڕازەکان ئەوەیە کە هۆشیارییەکی وردبینانەی لە دیرۆکی ئەنجوومەنە پەنامەکییەکان و میکانیزمەکەیان لە ناوەوە و دەرەوەی ئێراندا هەبوو و لەو ڕێگایەوە دەیتوانی چەمکی «تاکخوازیی دیموکراسی» بە بونیادی کۆمەڵگەی ئێرانییەوە گرێ بدات. ژمارەیەك لە ڕۆحانییە گەورەکانی تاران بە تاوانبارکردنی مولکم خان بە ڕاگەیاندنی ئەندێشەگەلی کوفراوی و پرەنسیپگەلی دژی پاشایەتی، ناسرەدین شایان لە مەترسی هۆشیار کردەوە و هانیاندا تا دژی فراماسۆنری ئەم بڕیارەی خوارەوە لە



ڕۆژنامەی وڵات لە ١٨ی ئۆکتۆبەردا دەربکات: «لەم دواییانەدا بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە کە ژمارەیەك ڕەعیەتی یاغی بوو لە شاردا لەمەڕ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەگەلی فەرامۆشی بە شێوازی ئەورووپا لە جووڵانەوەدان، بەم پێیە بڕیاری ڕاشکاوی پاشایانەی ئێمە ئەوەیە کە ئەگەر لەمەو پاش تاقە کەسێك لەم بوارەدا خەریکی چالاکی بێت لە لایەن دەوڵەتەوە بە توندترین شێوە سزا دەدرێت. ئەم قسەیە لە بنەڕەتدا نابێ لە زمانی هیچ کەسێکەوە بێتە دەرێ و هەر کام لە ڕەعیەتەکان ژاوەژاوی لەم چەشنە بکات، بە بێ هیچ گومانێك بە توندی سزا دەدرێت». پاش ئەم بڕیارە فراماسۆنری هەڵوەشایەوە و دژی ئەندامەکانی سزادان دەستی پێکرد. بەڵام مولکم درێژەی بە بڵاوکردنەوەی ئەندێشەکانی خۆی دا و تەنانەت بە شێوەی پەنامەکی دەستی بە دامەزراندنی ئەنجوومەنێکیتر بەناوی «کۆمەڵی مرۆڤایەتی» کرد. بەڵام لەگەڵ تاوانبارکردنی وەك بێ ئیمانی، کافر و زەندەقە و پیلان دژی شا ڕووبەڕوو بوویەوە و بۆ بەغدا دوور خرایەوە. دواجار یەکێك لە تاوانەکانی مولکم خان کۆماریخوازی بوو. وادەهاتە پێش چاو کە مەبەستی مولکم خان چاککردنی بونیادی گشتخوازی پاشایەتی و ڕۆحانییەتی ئێران لە ڕێگای ڕۆنانەوەی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای مودێلی ڕۆژئاوایی بێت. یەکێك لە هاوسەردەمانی داکۆکی دەکات کە مولکم هەمیشە دەیگوت دەبێ سیستەمی کۆماری بێتە ئاراوە و تاکەکان و هاووڵاتیان دەبێ هەموویان لە سەرجەم پیشە و کارکرد و ئەرکە پێوەندیدارەکانی وڵات و بابەتە دەوڵەتییەکاندا بەشداری بکەن. هەر وا کە پێشتریش گوتمان، ئەو چاکسازیگەلەی کە لە لایەن مولکم خانەوە بەربووری کرا بوون، لەسەر بنەمای ئامانجەکانی شۆڕشی فەڕەنسا بوون کە وەك بەشە سەرەکییەکانی «مەزهەبی مرۆڤایەتی» لە ئەژمار دەدران. «و.س.بلانت» لە کتێبەکەیدا بە ناوی «مێژووی پەنهانی دەستێوەردانەکانی بەریتانیا لە میسردا» بۆ یەکێك لە ئاخاوتنەکانی مولکم خان گەڕاوەتەوە کە لە ساڵی١٨٩١ لە لەندەن کردوویەتی و ئیددعای ئەوە کردووە کە هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان قورئان و پرەنسیپەکانی مەسیحییەتدا نییە. بلانت هەر لەم کتێبەدا بەڵگەیەك بۆ مولکم خان دەگەڕێنێتەوە کە بە پێی ئەو بەڵگەیە مولکوم ئینجیلێکی بە ڕێساگەلی خۆیەوە دروست کردووە.

لە شیکاریی کۆتاییدا، ناتوانین کاریگەرێتیی میرزا مولکم خان لە پرەنسیپەکانی «تاکخوازیی دیموکراسی»دا کە بە شۆڕشی مەشرووتە ١٩٠٦-١٩٠٧ گەیشت، لە بەرچاو نەگرین. لەوانەیە ئەزموونی فراماسۆنری وەك دامەزراوەیەکی گواستنەوەی ئەندێشە

مۆدێرنەکانی رۆژئاوا بۆ ئێران گرنگیەکی زۆری هەبێت. پاشان ئەنجومەنی شاراوەی دیکە و بازنەگەلی رۆشنبیرییتریش لە سەردەمی مەشرووتەدا لە دایك بوون و درێژەیان بەو ئامانجە دا. بەربژێری دژبەری رۆژئاواگەری لە بەرهەمەکانی مولکمدا ، لە لایەکی دیکەشەوە رۆشنبیرانی چاکساز و بەرگریکارانی قەبوولکردنی پرەنسیپەکانی «تاکخوازیی دیموکراسی» درێژەیان پێدراو پێ گەیێندران. لەم نێوەدا «موحەمەدعەلیی فرووغی» دەورێکی ئێجگار گرنگی لە سیاسەت و فەرهەنگی ئێران لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا گێڕا.

## فرووغیی و دامەزراوە ئازادیخوازە مۆدێرنەکان:

فرووغی سەر بە نەوەی دووهەمی رۆشنبیرانی ئێرانییە کە بە پشتبەستن بە شۆڕشی مەشرووتە ١٩٠٦ چالاکانە لە ژیانی سیاسیی ولاتدا بەشداریی کرد. ئامانج و ئاواتی فرووغی (هەر وەك ئەمیرکەبیر و مولکم خان) چێکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی تاکخوازیی دیموکراسی، لە رێگای تێکۆشانی چڕوپڕ بۆ جێبەجێکردنی «چاکسازی لە سەرەوە»دا بوو. فرووغی بۆ وەدەستهێنانی ئەم ئامانجە هەولێدا چالاکیە سیاسیەکانی رەزاشا ( ١٩٢١-١٩٤٢) لە رێگای بەشداری لە بەشە جۆربەجۆرەکانی حکوومەتدا بخاتە ژێر کاریگەرێتیی خۆیەوە و ئەندێشە مۆدێرنەکان لە رێگای وەرگێڕان، ئاخاوتن و نووسینەکانیەوە، لە نێو ئێرانییەکاندا بلاو بکاتەوە. حکوومەتی رەزاشا لەگەل زنجیرەیەك گۆڕانکاری لە ئێراندا هاوکات بوو. وەرگرتنی کولتور و شارستانییەتی بیانی کە لە رێگای دەستەبژێرە سیاسی و کولتورییەکانی قاجارەوە هاتبووە گۆڕێ، دواجار لە ژێر تیرێژی تێکۆشانی پیاوانی وەك فرووغیدا بەرفرەوان کرایەوە. ئەم تەقالاگەلە لە سەردەمی سەرۆك وەزیریی فرووغیدا تا ئەو رادەیە بە هێز بوون ، کە دەتوانین لە ئاستی گۆڕانکاریگەلی شۆڕشگێڕانەدا دایانبنین. ئامانجێك کە لە پشتەوەی ئەم گۆڕانکارییانەدا حەشار درابوو، گەیشتن بە پرەنسیپی «تاکخوازیی دیموکراسی» لە رێگای تێك شکاندنی دەسەلاتی گشتخوازی نەریت و قەبوولکردنی خێرای ئەقلانییەتی ئامێری بوو. فرووغی هاوکات هەم بڕوایەکی قوولی بە ئامانجەکانی تاکخوازیی دیموکراسی هەبوو و هەمیش بە بەها کولتوری و مەعنەوییەکانی ئێران. فرووغیش هەروەك زۆربەی رۆشنبیرە هاوچەرخەکانی، رەزاشای بە رێبەرێکی کارامە دەزانی کە توانیبووی بە سەر دۆخی ئالۆزی ئێران لە سالەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا زال بێت و ئارامی چێ بکات.



بۆ چەسپاندنی ئەرکێکی لەم چەشنە، فرووغی لە بەرنامەی بەربلاوی چاکسازیی رەزاشا، لە سەردەمی سەرۆك وەزیریی خۆیدا پێشوازیی کرد و هەروەها لە پشتیوانیکردنی «موحەمەد رەزاشاشدا» ، (لە ١٩٤٢ دا و پاش دوورخرانەوەی رەزاشای باوکی) هێزێکی سەرەکیی بۆ گەیشتن بە تاج و تەخت بەکارهێنا. بەلام دەوری سیاسیی فرووغی زۆر پێشتر لەوەی کە رەزاشا بە دەسەلات بگات، دەستی پێکردبوو. چالاکییە سیاسییەکانی فرووغی، لە ١٩٠٨ دا بە دامەزراندنی یەکەمین لۆژی فراماسۆنریی فەرمی لە ئێراندا بە ناوی ئەنجومەنی «بێداریی ئێرانییەکان» دەستی پێکرد. لەوێدا فرووغی پلەی مامۆستای گەورەی هەبوو. ئەویش هەروەك مولکم خان ، فراماسۆنریی وەك رێکخراوەیەك بۆ بلاوکردنەوەی ئامانجەکانی تاکخوازیی دیموکراسی لە ئێران، لە رێگای بەجیهانیبوون و وەرگرتنی پرەنسیپە رۆژئاواییەکانی ئازادی، فێرکاری و سێکۆلاریزم دەزانی. فرووغی بە ئامانجێکی رۆشنگەرانە لە پلەی مامۆستای زانکۆ و پاشان بەرپرسی کۆلیجی زانستە سیاسییەکان ( ١٩٠٨-١٩١٠) درێژەی بە چالاکییەکانی خۆی دا. نووسراوە و وەرگێڕانەکانی فرووغی لەم سەردەمەدا بە شێوەیەکی سەرەکی پێوەندییان بە باسگەلێك لە یاسا بنەماییەکانی مەشرووتە لە ولاتانی ئەورووپای رۆژئاوادا هەیە. فرووغی وەك شوێنکەوتووی پرەنسیپەکانی سەردەمی رۆشنگەریی فەڕەنسا، لەسەر ئەندێشەی جیایی لقە جیاوازەکانی حکوومەت پێی دادەگرت. فرووغی بۆخۆی دەلێت: «ئەرکی دەولەت ئەوەیە کە پارێزەری مافی تاکەکان بێت، واتە پاسەوانی «داد» بێت. ئەگەر دەولەت لە سەر بنەمای یاسا نەجوولێتەوە ، ناتوانێ ئەرکەکانی بەجێ بهێنێت. بوونی یاساش تەنیا بە دوو شت وەدی دێت: یەکەم دانانی یاسا و دووهەم دەسەلاتی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە. ئەگەر دەسەلاتی یاسادانەری و دەسەلاتی جێبەجێکردنی بە دەست تاکێك یان وەفدێکی یەکگرتووەوە بێت ، کاری دەولەت بە سەرەڕۆیی دەگات... بەم پێیە دەولەت کاتێك یاساییە کە ئەم دوو هێزەی لێك جیا بن و بە دەستی دوو گرووپی سەربەخۆوە بن». ئەم چەمك و ئەندێشانەی فرووغی سەبارەت بە مەشرووتە ، ئازادی و یەکسانی رۆلێکی کاریگەریان لە ئاشناکردنی ئێرانیەکان بە پرەنسیپەکانی تاکخوازیی دیموکراسی هەبوو. فرووغی ئەم ئەرکەی بە جوێکردنەوەی دادگا ئێرانیەکان لەسەر بنەمای مۆدیلی ولاتانی رۆژئاوایی ، لەسەردەمێکدا کە وەك یەکەم بەرپرسی بالای دادوەری (سالی ١٩١٢) کاری دەکرد ، بە جێ هێنا. ئەم کارە لە لای فرووغی رێگایەك بوو بۆ جێنشینکردنی بونیادی گشتخوازی دادوەریی ئێران کە لە لایەن رۆحانیەکانەوە بەڕێوە دەچوو. ئەو شێوازەی فرووغی پێشنیاری کردبوو ، پێکهاتەیەك لە بڕیارەکانی شەرع و شێوە

دادوەرییە مۆدێرنەکان لە سەر بنەمای پرەنسیپەکانی تاکخوازیی دیموکراسی بوو. فرووغی بە هۆشیاری لەمەڕ ئەوەی کە سیستەمی کولتوری لە ژێر چاوەدێریی پاوەنکراوی ڕۆحانییەکاندایە، ئەنێستیتۆ (فەرهەنگستان)ی ئێرانی لە مانگی پێنجی ١٩٣٥دا دامەزراند و بۆخۆی وەك ئەندامی هەمیشەیی و یەکەم سەرۆکی ئەنێستیتۆ هاوکات لەگەڵ سەرۆك وەزیرییدا دەستی بە چالاکی کرد. فرووغی لە پەیامێکدا کە بۆ ئەندامانی ئەنێستیتۆی خوێندەوە ، جەختی کرد کە ئەم ڕێکخراوەیە دەبێ لە ڕێنوێنیی پرۆسەی چاکسازییەکان ، لە ڕێگای ئاشناکردنی ئێرانییەکان بە بەرهەمی نووسەرە گەورەکانی وڵات و هەروەها بە کەڵك وەرگرتن لە وەرگێڕانی بەرهەمە ڕەسەنەکانی شارستانییەتی ڕۆژئاوا ، ڕۆڵێکی چالاکی هەبێت. پێویستە ئاماژەی پێبکەین کە فرووغی مەیلێکی تایبەتی بە فەلسەفەی ڕۆژئاوا بە تایبەتی وانەکانی ئەفلاتون و دێکارت هەبوو. لە ساڵی ١٩١٨دا یەکەم بەرهەمی فەلسەفیی خۆی بە ناوی «فەلسەفەی سوکرات بە قەڵەمی ئەفلاتون» بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٩٢٢دا کتێبی «گوتار لە مێتۆد» بەرهەمی دێکارتی وەرگێڕا و پێشەکییەکی گەورەی لە ژێر ناوی «ڕەوتی فەلسەفە لە ئەورووپادا» بۆ نووسی و تێیدا بە کورتی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوای خستە بەر باسەوە. دەتوانین ئەم کتێبە وەك بنەمای فەلسەفیی پرەنسیپەکانی تاکێتیی دیموکراسیی فروغی لە سیاسەتی ئێراندا لە ئەژمار بدەین. لە ساڵی ١٩٢٧دا ، فرووغی وەك باڵوێزی ئێران لە تورکیای ئاتاتورکیدا ، کتێبی «ئەندێشە دوور و درێژەکان»ی بڵاو کردەوە کە باسێکی گشتی و ڕێکوپێك لە بەستێنی پێشکەوتنەکانی داهاتوو لە زانیاری و تەکنیکەکاندا بوو. بە پێی بۆچوونی فروغی ، ئەنجامی غایی پرۆسەی پێگەیشتنی زانستەکان ئەوەیە کە: «ئەو مەودا و ڕێگرانەی کە تا ئەمڕۆ لە نێو خەڵك و ئامانجەکانیاندا ماونەتەوە ، تێدا دەچن... ، ڕۆحەکان یەکدەگرنەوە و شەڕە منداڵانەکان تێدا دەچن. زانستی مرۆڤ سەبارەت بە جیهان پێگەیشتووتر دەبێت و مرۆڤایەتی کەڵکی زۆرتری لێ وەردەگرێت و بە کورتی مرۆڤ هەنگاوێك لە خوداوە نزیکتر دەبێتەوە.» دیارە کە ئامانجی سەرەکیی فروغی لە نووسینی وتارێکی لەم چەشنە «فێرکردنی لاوەکان و هاندانیان بۆ بیر کردنەوە» بوو. لە ڕاستیدا وا دێتە بەرچاو کە ڕۆشنبیرانی وەك فرووغی هیوادار بوونە کە چاکسازییە پێویستییەکان لە ئێراندا لە ڕێگای ئاشناکردنی لاوەکان بە ڕوانگەگەلی فەلسەفیی تاکخوازی دیموکراسی و وەبەرنانی زنجیرە ڕوانگەگەلی بەربڵاو لە سیاسەت، زانستەکان و کولتووردا جێبەجێ بکەن. ئەڵبەت لە کارەکانی فرووغیدا ڕەهەندێکیتریش هەیە کە تەواوکەری کاری ئەمیرکەبیر و مولکم خانە و ئەویش



برەوپێدان بە شێوازی لیبراڵی لە سیاسەتی ئێراندا بوو. گەرچی فرووغی دەرفەتێکی زۆرکورتی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە لیبراڵییەکەی لە سەردەمی پەهلەویدا هەبوو ، بەڵام بە جێبەجێکردنی سیاسەتگەلی تێکەڵاو، ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرزکردنەوەی ئامانجەکانی تاکخوازیی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی ئێران و لە کاتی دووخول سەرۆك وەزیریی خۆیدا گێڕا. فرووغی ڕێگایدا بە بڵاوکراوەکان کە ئازادانە بنووسن و دیلە سیاسییەکانی ئازادکرد و بە ژنان دەرفەتی دا کە بۆ خۆیان بڕیار بدەن کە چارشێو لە سەر بکەن یان نەیکەن. کەسایەتیی چەند ڕەهەندی و هەمە لایەنەی فرووغی وەك خاڵێکی وەرچەرخان لە سەردەمێکی درێژی شەڕی نێوان ئەندێشە گشتخوازە سەرەڕۆکان لەگەڵ پرەنسیپەکانی تاکخوازیی دیموکراسی لە ئێراندا لە ئەژمار دەدرێت. ئەم کێشەیە ڕەنگبوو حاشاهەڵنەگر بێت، چوونکە کارکردی دەسەڵاتی پاشایەتی و ڕوحانییەتی لە لای کۆمەڵگەی ئێرانی دا وەدەردەخست و جگە لەوەش ، ئەم ڕاستییەی پێك دەهێنا کە، ئاشنابوونی ئێران لەگەڵ مۆدێرنێتە خێرایی گۆڕانکارییە هزرییەکان زیاتر دەکات و توێژێك ڕۆشنبیری نائایینی و سیاسی پێك دەهێنێت، کە وێڕای خەبات دژی فەلسەفەی گشتخوازی سەردەمی خۆیان، ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕاکێشانی سەرنجی هاووڵاتییە خوێندەوارەکان بۆ لای گرنگی و ئورژانسی بوونی ئامانجەکانی تاکێتیی دیموکراسی دەگێڕن.

### ئەنجام: سێ جۆر خود هۆشیاریی دیموکراسی:

وەك ئەنجامی کۆتایی دەتوانین بڵێین کە هەم دەسکەوتەکان و هەم شکستەکانی ئەندێشە چاکسازییەکانی ئەمیرکەبیر ، مولکم خان و فرووغی لە سەردەمی پێش مەشرووتە و سەردەمی پەهلەویدا ، زەمینەی زۆر گرنگی فەلسەفی و سیاسیی بۆ ئاشنا بوون و جێبەجێکردنی پاشتری هەندێك لە پرەنسیپەکانی«تاکخوازیی دیموکراسی»یان لە ئێراندا پێك هێنا . یەکەم ئەوەی کە ئەم سێ پیاوە ڕێگرەکانی وەدیهاتنی ئەندێشەی تاکخوازیی دیموکراسییان لە ئێراندا پێکهێنا ، بەم پێیە شکستەکانی ئەوان بوو بە وانەیەك بۆ نەوەکانی پاشتری ڕۆشنبیرانی ئێرانی کە لەگەڵ بەربژێری دژبەری«سیستەمی گشتخوازی» و«تاکخوازیی دیموکراسی» لە دەیەکانی پاش شۆڕشی ١٩٧٩(شۆڕشی ئیسلامی١٩٧٩)دا ڕووبەڕوو بوون.

## رۆشنبیره ئێرانییەکان و نەوەی وتووێژی شارستانییەکان

فەیلەسووفی ناودار ، «خۆزە ئورتێگایی گاست» گوتوویەتی: ئێمە بۆ بیرکردنەوە و ئەندێشەکردن ناژین ، بەڵکو بیردەکەینەوە و ئەندێشە دەکەین ، بۆئەوەی بژین.

راستییەکەی ئەوەیە کە ئەمڕۆ بابەتی بنەڕەتی لە ئێران و بۆ ئێرانییەکان بیرکردنەوە سەبارەت بە ئێران و شوناس و شارستانییەتی ئێرانی‌یە. لەم روانگەیەوە ، بیرکردنەوە سەبارەت بە «ئێران» و جێگای هەبوونناسیی لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئەرکێکی فەلسەفی بۆ هەموو رۆشنبیرێکی ئێرانی‌یە ، نەك تەنیا رێگایەك بۆ پڕکردنەوەی کات. لە راستیدا دەبێ سەبارەت بە ئێران و بابەتە پێوەندیدارەکانی بیر بکەینەوە تا بزانین چۆن دەتوانین وەك ئێرانی لە دونیای ئەمڕۆدا بە زیندوویی بمێنینەوە؟ ئێرانی ئەمڕۆ شارستانییەتێکە کە لەگەڵ سێ توێژی گیتی ناسانە و مرۆڤناسانەی کاتیی جۆربەجۆردا دەستەوەیەخەیە و هەموو ئێرانییەك هەوڵدەدات تا بە جۆرێك ئەم کێشە متافیزیکییە لە ناخی خۆیدا چارەسەر بکات. ئەم سێ توێژە بریتین لە:

١- توێژی کولتور و شارستانییەتی ئێرانی کۆن.

٢- توێژی کولتور و شارستانییەتی ئیسلامی.

٣- توێژی کولتور و شارستانییەتی مۆدێڕن.

لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە ئاشنایەتی و رووبەروو بوونەوەی ئێرانییەکان لەگەڵ رۆژئاوا و مەنزومەی هزری و زەینیی مۆدێڕن لە سەدوپەنجا ساڵی رابردوودا، بۆتە هۆی دروستبوونی قەیرانی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لە دوو توێژەکەی تردا، بە شێوەی گشتی دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران لە نێوان سێ تێڕوانین لە جیهان، گیرۆدە بووە کە بریتین لە: رۆژئاوای مۆدێڕن، ئیسلامی شیعە و ناسیونالیزمی ئێرانی. ئەم گیرۆدەبوونە متافیزیکییە کە ئەمڕۆ وەك کێشەیەك لە نێوان «ویژدانی نەریتی ئێرانی» و «پێویستییە ئامێرییەکانی مۆدێڕنێتە» رەنگدەداتەوە، ئاخێزگەی ژمارەیەکی زۆر رەوشتی دژ بە یەك و سوریالیستی لە نێو ئێرانییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتە. لە لایەکەوە، نەریتی چەند هەزار ساڵەی باوباپیرانمان کە بە میرات بۆمان بەجێماوە و بە سەرشانی ماندووی ئێمەوەیە و لە لایەکیترەوە، سەدوپەنجاساڵە



چاومان بڕیوەتە رۆژئاوا، بەڵام هێشتا مۆدێڕنێتە تەنیا لە تەشککگەلی جیاوازی «مۆدە»دا فامدەکەین. هەربۆیە هێشتا لەوانە سەغڵەتەکانی مێژوو پەندمان وەرنەگرتووە و لەگەڵ دووپاتکردنەوەی هەڵەکانی رابردوودا، بەرپرسیارییەتیی لاوازییە فەلسەفی و سیاسییەکەی خۆمان دەخەینە ئەستۆی کەسانی دیکە. پێمان وایە بە شوێنکەوتنی مۆدە، مۆدێڕن دەبین و بەم هۆیە تەنیا لاسایی رۆژئاوامان کردەوە، بە بێ ئەوەی گەوهەری مۆدێڕنێتەمان فام کردبێت. زیادە مۆدێڕن بووین، بە بێ ئەوەی لەڕووی گەوهەرییەوە، مۆدێڕن بین و رۆژئاوابوونی ئەندێشەی فەلسەفیی خۆمان لە ژێر دەمامکی مۆدێڕندا حەشاردا.

با بزانین کە پێوەندیی رۆشنبیرانی ئێرانی لەگەڵ فەزایەکی وەك مۆدێڕنێتەدا چۆن بووە. بۆ ئەوەی باشترتێبگەین، باشترە بە دوو چەمکی «مۆدێڕنێتە» و «رۆشنبیر» ئاماژەیەك بکەین. سەرەتا لە چەمکی مۆدێڕنێتەوە دەسپێدەکەین. دوو وشەی «مۆدێڕن» و «مۆدێڕنێتە» لە چاوگی یوونانیی «modos» بە واتای پێوەر و هاوکێشی و هاوسەنگی وەرگیراون.

ئێمە لە فەرهەنگی رۆژئاوا لەم چاوگە دوو چەمکی «moderatus» بە واتای هاوسەنگی و هاوکیشی و«modo» بە واتای «نوێ» و تازەداهاتوومان هەیە. لە راستیدا مۆدێڕن بوون، نوێ بوونە بە واتای رەچاوکردنی پێوەری کات. کەواتە مۆدێڕن بوون واتە هاوچەرخبوون و هۆشیاری و هاوسەنگ بوون بەرامبەر بە سەردەمی خۆت. هەربۆیە لەم ئاراستەوە مۆدێڕن بە کەسێك دەڵێن کە ناسێنەری سەردەمی خۆی بێت. لە راستیدا کاتێك باسی مۆدێڕنێتە دێتە پێشێ، دەبێ لە بەر چاوماندا بێت کە سەبارەت بە جهانبینییەك باس دەکەین، واتە سەبارەت بە تێڕوانینێك بۆ کات و شوێن کە مێژوو بە هەڵگری پێشکەوتن دەزانێت و بکەری مەعریفەی تاکیش سەربەخۆیە و بەسەر هەموو بابەتەکاندا زاڵە. کەواتە لە راستیدا مۆدێڕنێتە لە پێنج تەوەری جۆربەجۆردا رەنگ دەداتەوە:

١ - بەرزکردنەوەی سەرمایەداری و تەکنۆلۆژیا لەگەڵ خودبنەمایی بکەری مەعریفە کە دەبێتە سەروەر و خاوەنی سروشت.

٢ - بەرزکردنەوەی لیبراڵیزم و تاکخوازی لە رێگای چێکردنی گرێبەستگەلی کۆمەڵایەتییەوە بۆ گەرەنتیکردنی ئازادیی تاك لە کۆمەڵگەدا.

٣ - پێشخستنی زانستی نوێ لە رێگای گەیشتن بە زانستێکی نوێ لەسەر بنەمای ئەزموون.

٤ - پێشخستنی بوروکراسی و ئەقڵی ئامێریی مۆدێڕن لە ڕێگای جادووسڕینەوەی جیهان و پرۆسەی بە ئەقڵانیکردن.

٥ - بەرزکردنەوەی فەلسەفەگەلی ڕەخنەگرانە لە ڕێگای ئایدیاگەلی وەك گومان، ڕەخنە و قەیران وەك ئایدیاگەلی ڕێکوپێك کەری مۆدێڕنێتە.

بە واتایەکیتر، دەتوانین بڵێین کە لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، مۆدێڕنێتە نیشانەیەك لە بەرانبەریی دووشت وەدەردەخات: لە لایەکەوە ئەقڵی ڕەخنەگرانە کە لە سەربەخۆیی و خودئاییینی و ئازادیی بەرەو زیادچووی بکەری مەعریفەدا ڕەنگ دەداتەوە و لە لایەکیتریشەوە ئەقڵی ئامێری کە بە زاڵبوونی ئەقڵانی و زانستی -- تەکنۆلۆژیکی لە جیهاندا دروست دەبێت.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە حەقیقەت بۆ مۆدێڕنەکان هەمیشە بە دوو شێوە هاتۆتە گۆڕێ:

١ - گەڕان بە دوای حەقیقەت و پێشکەوتنی زانستی بۆ بە خاوەنبوون و سەروەربوونی جیهان کە ئەنجامەکەی تەکنۆلۆژیای مۆدێڕن بووە.

٢ - گەڕان بە دوای حەقیقەت بە مەبەستی دەرچوونی مرۆڤ لە سەرپەرستیی خۆی و دیاریکردنی سنوورەکانی ئەقڵ لە بەستێنی مەعریفە و ئاکاردا.

ئەوەی بە ناوی پرۆسەی مۆدێڕنیزاسیۆن و نۆژەنکردنەوە ناسراوە، سەر بە چەمکی یەکەم واتە ئەقڵی ئامێرییە. وا دەردەکەوێت کە تێڕوانینی وڵاتانی جیهانی سێهەم بە تایبەت ئێران لە سەدوپەنجا ساڵی ڕابردوو بۆ مۆدێڕنێتە، لە قاڵبی پرۆسەی مۆدێڕنیزاسیۆن و نۆژەنکردنەوەدا بووە. ئەم پرۆسەیە هەمیشە بە دوو شێوەی«فەرماندەرانە» و «داهێنەرانە» پێك هاتووە. ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی جیهانی سێهەم لە هەر دوو جۆری ئەم گواستنەوەیەدا گرنگ بووە. ڕۆشنبیرانی جیهانی سێهەم جارجار لە«نۆژەنکردنەوەی فەرماندەرانە»دا و جارجاریش لە «نۆژەنکردنەوەی داهێنەرانە»دا دەوری گرنگیان هەبووە. بە واتایەکیتر سەردەمێك لە گەڵ دەوڵەتەکاندا و بۆ دەوڵەتەکەی خۆیان و سەردەمێکیش دژی ئەو دەوڵەتانە چالاکییان کرووە.

ئێستاش خەریکی چەمکی ڕۆشنبیر دەبین کە بە واتای هەنووکەییی وشەکە، بەرهەمی تەوەریی مۆدێڕنێتەیە. «ڕۆشنبیر» هاوتای وشەی «intellectual» لە زمانی ئینگلیزی و وشەی «intellectuel» لە زمانی فەرەنسیدایە، کە لە چاوگی وشەی لاتینی «intelligere» بە واتای جوێکردنەوەی دوو شتە. ڕۆشنبیر لە ڕاستیدا کەسێکە کە خاوەنی هێزی جوێکردنەوەیە و بەم هۆیەش نوێنەری ئەقڵی ڕەخنەگرانەیە، لەبەر ئەوەی ڕەخنە «critique» خۆی بە واتای جوێکردنەوەیە. لێرەدا دەتوانین «ئەلبێر کامۆ» وەبیر بهێنینەوە کە دەیگوت: «ڕۆشنبیر کەسێکە کە زەینی خۆی سەبارەت بە خۆی هۆشیارە». ئەم هۆشیارییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆشنبیر ناسێنەر و بزوێنەری مۆدێڕنێتە بێت. ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە هەر سەردەمێکی مۆدێڕنێتەدا ڕامان و قووڵبوونەوە لەمەڕ دیاردەکانی سەردەمی خۆیان و گواستنەوەیان بۆ خەڵکانی دیکەوە بووە. ئەوان لەم سەردەمانەدا هەم ڕۆڵی ڕۆشنگەر (کەسێك کە لە ئاراستەی بڵاوکردنەوەی ئەقڵانیی مەعریفەدا هەوڵدەدات) و هەم ڕۆڵی ئایدیۆلۆگ (کەسێك کە پرۆسەی بە ئەقڵانیکردن بۆ مەبەستێکی سیاسی بە کار دەبات)یان گێڕاوە. جیاوازیی سەرەکیی نێوان ڕۆحانییەکان و ئەدیبەکان و ڕووناکبیرە مۆدێڕنەکان لەم کارەدا ڕۆشنگەری بووە. پیاوە ئایینی و ئەدیبەکان لە ڕاستیدا ڕاڤەکەری وانەگەڵ و جیهانبینیگەلی ئایینی و نەریتی بوون، لە کاتێکدا ڕۆشنبیرەکان خولقێنەر و داهێنەری بەرهەمگەلی کولتووری و فەلسەفی بوون. خودهۆشیاریی ڕۆشنبیرانی جیهانی سێهەم و ئەقڵی ڕەخنەگرانەیان ئەوانی کرد بە بزوێنەری سەرەکیی چاکسازی و بڵاوکەرەوەی هزرگەلی نوێ.

ڕۆشنبیرە ئێرانییەکانیش لە درێژەی١٥٠ساڵی ڕابردوودا گرنگترین توخمی چاکسازی و گۆڕانکاری لە ئێراندا بوون. لە درێژەی ئەم١٥٠ ساڵەدا گرنگترین دڵەڕاوکێی ڕۆشنبیرانی ئێرانی تێگەیشتن، لاساییکردنەوە یان دژایەتیکردن لەگەڵ توخمەکانی مۆدێڕنێتەدا بووە.

خاڵی دەسپێکی ئاشنایەتیی ئێرانییەکان و بە تایبەت دەستە بژێرە ئێرانییەکان لەگەڵ مۆدێڕنێتەی ڕۆژئاوادا، دەتوانین بە شەڕی ئێران و ڕوسیا و شکستی ڕۆحیەی نەتەوەییی ئێرانیەکان لە ئەقڵانیەتی مۆدێڕن بزانین. ئەم شکستە دۆخێکی خودهۆشیاریی لە ئەریستۆقرات و دەستە بژێرە ئێرانیەکاندا دروست کرد کە پاشکەوتوویی ئامێری و تەکنۆلۆژیکیی ئێرانیان لە بەرانبەر ڕۆژئاوادا هەست پێکرد. هەستکردن بە پێویستیی چاکسازییەکان بە لاساییکردنەوە لە عوسمانی، سەرەتا لە سەردەمی «عەباس میرزا» و پاشان لە سەردەمی ئەمیرکەبیر و دواتر «سپاسالار»دا دەستی پێکرد. بابەتی سەرەکیی ئەم پیاوە مۆدێڕنانە مۆدێڕنکردنی سوپای ئێران و ئاشناکردنی دەستەبژێرە ئێرانییەکان بە زانستە نوێیەکان بوو. ئەم ڕەوتی نۆژەنکردنەوە و ئەقڵخوازییە بە دوو شێوە جێبەجێکرا: لە لایەکەوە بە ناردنی خوێندکارانی وەك «میرزا ساڵح» بۆ ئەورووپا و لە لایەکیتریشەوە بە هاوردنی توخمگەلێك لە سیستەمی فێرکاریی ئەورووپایی و بانگهێشت کردنی ڕاوێژکارانی بیانی بۆ کردنەوەی قوتابخانەگەلی وەك دارەلفنوون. ئەم ڕەوتی نۆژەنکردنەوە و چاکسازییەی خولی یەکەمی ڕۆشنبیری لە ئێراندا

خاوەنی تایبەتمەندییەکی هێمایی بوو: واتە ناوەند خواز بوو و جێبەجێکاری سەرەکیی دەوڵەتی ناوەندی بوو. نەوەی یەکەمی رۆشنبیرانی ئێرانی کە چاکسازی خوازی سەردەمی کۆتایی قاجارییەکان بوون، لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە وڵاتی ئێران لە سەرەوە مۆدێرن و نوێ بکرێت. ئەم بڕوایە دوو هۆکاری سەرەکیی هەبوو: یەکەم ئەوەی کە ئەم چاکسازیخوازانە بۆ خۆیان سەر بە هەڵبژێردراوەکان بوون و و دووهەم ئەوەی کە زۆربەی ئەوانە راستەوخۆ لە بونیادی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆیاندا بەشداربوون، ئەوان نە بڕوایان بە توانای کۆمەڵانی خەڵك هەبوو نە بڕوایان بە دەسەڵاتی رۆحانییەکان و سیستەمە نەریتییەکان هەبوو.

ئەنجامی ئەم رەوتە بووە هۆی دوو جەمسەریبوونی گوتەزانی مۆدێرنێتە و رۆژئاواخوازی لە بەرانبەر ئەندێشەی نەریتیدا. بێگومان ئەوەی کە رۆشنبیرانی بەرەی یەکەم وەك میرزا مولکم خان، تالبۆف، «حاجی زەینەلعابدینی مەراغەیی» و ئاخوندزادە و هتد، لێك نزیك دەکاتەوە ئەم مەسەلەیەیە کە ئەوان بەوەیان دەزانی کە بۆ درێژەپێدان بە ژیانی ئێران پشتبەستن بە دەسەڵاتی ئایینی و شارستانییەتی ئێران بەس نییە. هەربۆیە دەتوانین پێویستی خێراکردنی چاکسازییەکان و ستایشکردنی چەمکی پێشکەوتن لە بەرهەمی سەرجەم رۆشنبیرانی نەوەی یەکەمدا ببینین. بۆ نموونە تالبۆف لە کتێبی «ئەحمەد»دا دەنووسێت: «سەردەمی ئێمە سەردەمی پێشکەوتنە و ئێران دەبێ پەردەی نەزانی وەلاوە بدات».

میرزا مولکم خانیش دەستەبژێرە سیاسییەکانی قاجاری بۆ وەرگرتنی تەکنیکی حکوومەت و دیسپلینی و دیسیپلینی ئەورووپایی بانگهێشت دەکرد و لە کتێبی «نامیلکەی غەیبییەی دەفتەری رێکخستنەکان»دا دەنووسێت:

«ئەگەر بتانهەوێت بە ئەقڵی خۆتان رێگای پێشکەوتن بدۆزنەوە، دەبێ ٣٠٠ ساڵ چاوەڕوان بن. ئەورووپییەکان ئەم رێگای پێشکەوتنە و پرەنسیپەکانی دیسپلینی و دیسیپلینیان لە درێژەی ٣٠٠ ساڵدا دۆزییەوە. هەروا کە تەلگرافیان داهێنا و خۆیان پابەندی یاسایەکی دیاریکراوی تاك کرد. ئێمە هەر وا کە دەتوانین لە ئەورووپاوە تەلگراف بهێنین و بێ هیچ گرفتێك بۆ تارانی بگوێزینەوە، هەربە هەمان شێوەش دەتوانین پرەنسیپەکانی دیسپلینیش لەوانەوە فێر بین.»

بەڵگەیەکیتریش کە هی ئەو سەردەمەیە، راپۆرتی راسپێردراویی «موستەفا خانی ئەفشار»ە لە سالی ١٨٢٩دا کە لەگەڵ «خوسرۆ میرزا» و میرزاتەقی خاندا دەچێتە رووسیا. موستەفا خان دەنووسێت:



بینینی دیسپلینی و پێشکەوتنی وڵاتی رووسیا لەم رۆژانەی دواییدا و نەکردنی هیچ کارێکیتر بۆ گەیشتن بەم مەبەستانە جێگای داخ و کەسەرە. بەداخەوە کە مەکینەی هەڵم کە دایکی سەرجەم پیشەسازی و تەکنیکەکانە لە ئێراندا ناتوانێت کار بکات.

«میرزا حوسێن خانی موشیرودەولە»ش کە ئاسانکارییەکانی سەفەرەکەی ناسرەدین شای بۆ ئەورووپا لە ساڵی١٨٧٣دا پێکهێنا، پێشکەوتنە تەکنیکییەکانی رۆژئاوای بە بێ هیچ مەرجێك ستایش کردووە و دەنووسێت:

تا کەنگێ دەبێ پێشکەوتنی خەڵکانی دیکە ببینین؟ ئەوان هەموو رۆژێك پێشکەوتن وەدەست دێنن و ئێمە لەسەر جێگای خۆمان بە بێ هیچ جووڵەیەك راوەستاوین.

هەروەك لە خوێندنەوەی ئەم بەڵگانەدا دەردەکەوێت، ئەوەی کە نەوەی یەکەمی رۆشنبیرانی ئێرانی بە دوایدا دەگەڕان، هاوجووتکردنی دامەزراوە ئەورووپییەکانی وەك چەمکی حکوومەتی لەسەر قانون بنیات نراو یان چەمکی جوێکردنەوەی هێزەکان لەگەڵ هەڵ و مەرجەکانی ئێرانی سەردەمی قاجاردا بوو. چێکردنی دامەزراوە و رێکخراوەگەلی وەك فەراماسۆنری و دارولفنون هەڵگری ئەوەیە کە ئەوان بۆ بەرگری لە سەربەخۆیی ئێران، برەویان بە شێوازی«مۆدێرنێتەی ئامێری» دەدا و ئەم رێگەیانە پێشنیار دەکرد. بەڵام مەیل بە چاککردنی سیستەمی سیاسیی قاجار زیاتر لە چێکردن و سەقامگیرکردنی ئەنجومەنەکان و کۆبوونەوەگەلی پەنامەکی نەبوو و تەنانەت لە رادەی ئەم گۆڕانگارییە کەمەشدا، لە لایەن چینە کۆمەڵایەتییەکان و رۆحانییەکانەوە پشتگیرییان لێ نەدەکرا. ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانی نەوەی یەکەم لە دەرەوەی وڵات وەك ئیسلامبۆل، قەوقاز، قاهیرە و کەلکەتەدا چالاکییان دەکرد. ئەنجامی ئەم چالاکییانە لە ناوەوە و دەرەوەی سنوورەکانی ئێراندا شۆڕشی مەشروتە و لەگەڵ بێداریی نوێی چالاکییە رۆشنبیرانەکاندا هاوکات بوو.

پەرلەمانی ساوا و تازە دامەزراوی ئێران، ژیانی سیاسیی وڵاتی بە رادەیەکی بەرچاو گۆڕی. بەڵام ئەم دامەزراوە نوێیە بە تێك شکانی مەشروتە، هاتنە سەرکاری دەوڵەتی رەزاشا، دروستبوونی یەکگرتوویی نەتەوەیی و ناوەندیبوونی بەڕێوەبردنی وڵاتدا هاوکات بوو. لەم سەردەمەدا نەوەی دووهەمی رۆشنبیرانی ئێرانی وەك فرووغی، داوەر، تەقیزادە، جەماڵزادە، نیمایوشیج، هیدایەت، کازمزادە، ئێرانشهەر و کەسانیتریش هاتنە ناو مەیدانی رۆشنبیریی ئێرانەوە. ئامانجی نەوەی دووهەم ئەوەبوو کە بونیادی کۆمەڵگەی ئێرانی بە شێوەیەکی سیستماتیك نۆژەن و دونیایی بکەن. گەرچی ئێران لە سەردەمی رەزاشادا کەمالیزمی تورکیای

قەبووڵ نەکرد و بە شێوەیەکی هێمنانەتر دەسبەکار بوو، بەڵام بە هەرشێوە دەتوانین ئەم سەردەمە بە سەردەمی «نوێخوازی و نۆژەنکردنەوەی فەرماندەرانە» ناوبەرین. نەوەی دووهەمی رۆشنبیرانی ئێرانی لە ئاراستەی وەدیهاتنی ئەم«نۆژەنکردنەوە سیستەماتیکە» و نۆژەنکردنەوەی سەردەمی کۆتایی قاجارەکان، دوو کەشوهەوای جیاوازیان هەڵبژارد: لە لایەکەوە هەوڵیاندا لە رێگای وەرگێڕان و نووسینەکانیانەوە مەزنایەتی بە کەشوهەوای فەرهەنگی بدەن و ئایدیاگەلی ئەوروپایی و مۆدێڕن بە شێوەی هۆشیارانە بهێننە ناو ئێرانەوە و لە لایەکی‌تریشەوە لەگەڵ پرۆسەی چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتیی رەزاشادا هاودەنگ بوون و بەشدارییان تێداکرد. فرووغی و تەقیزادە نوێنەرانی بەرجەستەی رۆشنبیرانی بەرەی دووهەمن کە چالاکییە سیاسییەکانیان لە پاڵ چالاکییە ئەکادیمی و کولتورییەکەیاندا، بە شێوەیەکی سەرەکی و لە بنەڕەتدا ئەنجامی ئەندێشە نەتەوەخوازانە، دونیایی و نوێخوازانەکەیان بوو. فرووغی چاك دەیزانی کە دەسپێکی مۆدێڕنێتە پشتبەستن بە ئەقڵە و وەرگێڕانی بەرهەمەکەی دێکارت و جەختکردن لە سەر رستەی «من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم» رەوتێك بوو تا فرووغی چەمکی ئەقڵانییەت بۆ قووڵایی کۆمەڵگەی ئێران راپێچ بکات. بڕوای قووڵی فرووغی بە ئەقڵانییەتی مۆدێڕن و رۆڵی ئەم ئەقڵانییەتە لە مێژوودا، دەتوانین لە نامەی ئەندێشەی دووردورێژدا ببینین کە دەربڕینێکی شەففافە لە ئەندێشەی «داروینی»ی پێگەیشتن و بەرگریکردن لە چەمکی پێشکەوتن. فرووغی لە سەرەتای نامەکەیدا دەنووسیت:

بێ پێشەکی بڵێم کە من بڕوام بە فەلسەفەی پێگەیشتن و گۆڕانکاریی بوونەوەرەکان هەیە و پێم وایە هەرکەسێك خوێندنەوەی دروستی ئەنجام دابێت و خاوەنی ئینساف بێت، لانیکەم پرەنسیپەکان و بنەما گشتیەکانی قەبووڵ دەکات.

فرووغیش وەك زۆربەی رۆشنبیرانی نەوەی دووهەم، هەوڵدەدات تا لە نێوان «نەتەوەخوازی» و «ئەقڵی مۆدێڕن» دا هاوسەنگییەك دروست بکات، کە جێگای رەزامەندی بێت. بەم هۆیە لەوتارێکدا لە ژێر ناوی «بۆچی دەبێ ئێرانمان خۆش بوێت؟» دەنووسێت:

بە بڕوای من ئێرانی لەو نەتەوانەیە کە توانی بەجێهێنانی ئەرکەکانی مرۆڤایەتیی هەیە. گەرچی ئەمڕۆ تازە لە یەکێك لە سەردەمە تاریکەکانی مێژووی ئێراندا هاتووینەتە دەرێ، بەڵام جێ پەنجەکانی بەهرەی ئێرانی دیارە و دەتوانین هیوادار بین کە لەگەڵ کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بکەوێت و لەم سەردەمەدا کە وا دێتە پێش چاو شارستانییەتە جۆربەجۆرەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بە یەك گەیشتوون و پێکەوە تێکەڵ بوونە و دەبێ



شارستانییەتێك یان چەند شارستانیەت چێبکرێن، بەهرە و بیر و هزری ئێرانیش هەروەك رابردوو ببێتە توخمێکی بە کەڵك و بە بایەخ.

فرووغی لە ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ شاندێکی ئێرانی لە کونفرانسی نەتەوەیی پاریسدا بەشداریی کرد بەڵام سەرکەوتنێکی وەدەست نەهێنا و نامەیەکی بۆ دۆستەکانی خۆی نووسی کە تێیدا بە چەند خاڵێکی جێگای سەرنج ئاماژە دەکات، لەوانە ئەوەی کە ئێران نەتەوەی نییە و هزرگەلی گشتی نییە. فرووغی دەنووسێت:

ئەگەر ئێران هزرگەلی گشتی هەبوایە، بەم رۆژە نەدەگەیشت و بە سەرجەم ئامانجەکانی دەگەیشت. چاکسازی بارودۆخی ئێران و بوونی ئێران پەیوەستە بە هزرگەلی گشتییەوە.

فرووغی لێرەدا بەدوو چەمکی «nation» و «opinion publique» ئاماژەدەکات کە بە بڕوای ئەو ئەستوونە سەرەکییەکانی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێڕن پێك دەهێنن. فرووغی باش دەزانێت کە ئێران و ئێرانییەکان لە دۆخێکدا بە سەربەخۆیی و ئازادی دەگەن کە خاوەنی هزرگەلی گشتی بن و وەك نەتەوەیەك کار بکەن. سەربەخۆیی نەتەوەکان و ئەتنیسیتەکان بۆ پێشکەوتنی جیهان و مرۆڤایەتی بە پێویست دەزانێت. بە دوای چەشنە هاوسەنگییەك لە نێوان «مافی ژیانی مرۆڤ» و «مافی ژیانی نەتەوەکان»ەوەیە لە نامەیەکدا لەژێر ناوی کۆمەڵگای نەتەوەکان دەنووسێت:

نە دەبێ هێندە نەتەوە پەرست بین کە دەرهەق بە نەتەوەکانی دیکە رق و دوژمنایەتی دروست بێت، نەدەبێ تا ئەو رادەیە نێو نەتەوەیی بین کە ئیمتیازی ئەتنیسیتەبوون و نەتەوەبوون تێدا بچێت. چونکە لەم قۆناغەی شارستانییەت کە ئێمەی تێداین، ناتوانین ئیمتیازی ئەتنیسیتە بوون و نەتەوە بوون بسڕینەوە و لە بەرژەوەندیشدا نییە، چونکە هۆکاری سەرەکیی پێشکەوتنی جیهانە.

دڵبەستنی کەسێك وەك فرووغی بە گووتەزاگەلی چوون پێشکەوتنی خەڵکی گشتی و سوودمەندی نێوان نەتەوەکان، دەتوانرێ لە نێو رۆشنبیران و چاکسازیخوازانی دانیشتووی بەرلینیشدا ببینرێت. کەسانی وەك ئارانی، جەمالزادە، تەقیزادە، موشفقی کازمی، کازمزادە، ئێرانشەهر و هتد کە روخسارگەلی گرنگی نەوەی دووهەمی رۆشنبیریی ئێران لە دەرەوەی وڵات پێك دەهێنن، لە رێگای چاپکردنی گۆڤارگەلی وەك کاوە (١٩١٦-١٩٢٢) ئێرانشەهر (١٩٢٢-١٩٢٧)، نامەی فەرهەنگستان (١٩٢٢-١٩٢٧)، زانیاری و هونەر (١٩٢٧-١٩٢٨) و رۆژنامەی پیکلێر (١٩٣٠-١٩٣١) کە بە وتەزاگەلی وەك پەروەردەی گشتی هەموان،

ئازادیی ژنان، شەڕ دژی دەمارگرژی، وەرگێڕانی کتێبگەلی ئەورووپایی و وەرگرتنی پرەنسیپەکانی شارستانییەتی ئەورووپایی، لە ئاراستەی چاکسازیی ئێراندا، خەریك دەبن. نامەی فەرهەنگستان لە سەروتاری یەکەم ژمارەی خۆیدا دەنووسێت:

ئێمە چمان دەوێت؟ ئێمە دەمانەوێت ئێران لە خەوی قووڵی چەندین سەدەی خۆی رابێتەوە.

لە روانگەی زۆربەی بیرمەندان و خاوەنڕایانی ئەم سەردەمەوە ئەم رابوونە لە رێگای وەرگرتنی تەواوی شارستانییەتی بیانی بە مەرجی پاراستنی زمانی فارسی یان وەك جەمالزادە دەڵێت هەڵکردن لەگەڵ شارستانییەتی رۆژئاوادا پێك دەهات. ئەنجامی ئەم هەڵکردنە لەگەڵ شارستانییەتی رۆژئاوادا لە کۆمەڵی نووسین و وەرگێڕانەکانی ئەو سەردەمەدا دەبینرێت کە بەناوبانگترینەکانیان بریتین لە وەرگێڕانی بەرهەمەکەی دێکارت لە لایەن فرووغییەوە، کافکا لە لایەن هێدایەتەوە و چێخوف لە لایەن «بوزورگی عەلەوی»یەوە. کورتە چیرۆکی «فارسی شەکەرە» نووسینی جەمالزادە، رۆمانی «تارانی ترسێنەر» نووسینی موشفقی کازمی و شانۆنامەی «جەعفەرخان لە رۆژئاواوە هاتۆتەوە» بەرهەمی حەسەنی موقەدەمیش پیشاندەری هەڵسوکەوتی رۆشنبیرانی نەوەی دووهەم لەگەڵ بابەتی«مۆدێرنێتە»دایە. سەرجەم توخمەکانی پێشکەوتن لە ئاراستەی نۆژەنکردنەوە و چاککردنی ئێران لەم نەوەیەدا کۆ ببوونەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەم نەوەیە لەگەڵ شکستدا رووبەڕوو بوونەوە. رەنگە بتوانین هۆکانی شکستی ئەم نەوەیە لە چوارخاڵدا دەرببڕین: یەکەم بە هۆی بۆچوونی لە رادەبەدەر گەشبینانەی نەوەی دووهەمی رۆشنبیران سەبارەت بە ئەقڵانیەتی ئامێری و چەمکی پێشکەوتن. دووهەم بە هۆی داڕووخانی حکوومەتی رەزاشاو کۆتایی هاتنی نۆژەنکردنەوە فەرماندەرانەکەی. سێهەم بە هۆی نەبوونی وتووێژیکی رەخنەگرانە لەگەڵ نەریت و دانوستانی وتوویژی لەگەڵ مۆدێرنێتەی رۆژئاوایی. و چوارەم بە هۆی لاوازیی «ئەقڵخوازیی لیبراڵی» لە بەرانبەر دوو بزاڤی چەپ و ئیسلامی لە ئێراندا. تێکشکانی نەوەی دووهەمی رۆشنبیری لە ئێراندا لەگەڵ دەسپێکردنی جەنگی سارد و بابەتی دووجەمسەری بوونی جیهان و هەروەها گەورەبوونی چینی مامناوەند لە ئێراندا هاوکات بوو. چێکردنی دامەزراوەگەلی وەك زانکۆ لە پاڵ «حەوزە»دا و دامەزراوەگەلی نەریتی، رۆشنبیرانی نەوەی سێهەمی دروست کرد کە بوونە نێوبژیکاری کولتوری گرنگ و کۆمەڵگە لە رێگای چالاکی و بەرهەمەکانی ئەوانەوە بە خێراییەکی زۆرترەوە لەگەڵ پرۆژەی مۆدێرنێتەدا ئاشنا بوو.



لەگەڵ بە هێزبوونی بزاڤی چەپ لە ئێران و ئامادەبوونی ئایدیاگەلی ئیسلامخواز لە ئاقاری سیاسەت و رۆشنبیری لە شەستەکاندا کەسانی وەك خانلەری، سەیید فەخرەدینی شادومان، مەنووچێهری بوزورگمێهر و حەمیدی عینایەت کە لایەنگری ئاگایی ئەقڵانی و ئاشنایی لۆژیکی لەگەڵ کولتوری رۆژئاوادا بوون، کەوتنە پەراوێزەوە. بەم چەشنە رەوتی «ئامانجیکردنی مۆدێرنێتە» کە لەنێو رۆشنبیرانی نەوەی سێهەمدا دەبینرا، بوو بە رەوتی «شەیتانیکردنی مۆدێرنێتە» لە نێو دەمڕاستانی نەوەی سێهەمی رۆشنبیریی ئێراندا. بە واتایەکیتر ئەو نوێخوازییەی کە بەسەر ئەندێشە و هزرەکانی نەوەی دووهەم (کەسانی وەك تەقیزادە، فرووغی، هێدایەت) دا زاڵ بوو، بە دژایەتیکردنی نوێگەری لە لایەن نەوەی سێهەم (کەسانی وەك جەلالی ئالی ئەحمەد و عەلیی شەریعەتی) گەییشت. ئەم دژایەتیکردنە لەگەڵ فەرهەنگی رۆژئاوا و بە جۆرێك لەگەڵ دیاردەکانی مۆدێرنێتەدا، لەگەڵ بڵاوکردنەوە و گشتاندنی ئایدیۆلۆژیای ستالینی لە نێو نەوەی سێهەمدا بوو کە لە رێگای کولتورێکی نوێ بۆ وەرگێڕان و ناسینی مۆدێرنێتە، رەهاگەلی ئاکاری و سیاسیی نوێی چێکرد. نەوەی سێهەمی رۆشنبیرانی ئێرانی سێ تایبەتمەندیی سەرەکیی هەبوو: یەکەم بە شێوەی سەرەکی لە ژێر کاریگەرێتیی تووتالیتێری مارکسیزمی رووسیدا بوو یان ئەوەی کە لایەنگری گەڕانەوە بۆ رەسەنایەتیی ئیسلامیی کۆمەڵگە. دووهەم ئەوەی کە خۆی بە یاسادانەری سیاسی و ئاکاریی کۆمەڵگە دەزانی و سەبارەت بە راست یان هەڵەبوونی ژیان و کاری تاکەکانی کۆمەڵگە رای دەردەبڕی و سێهەم باسی «مۆدێرنێتەی لۆکاڵ» ی دەکرد و لەگەڵ روانگەی مەکینەیی و سیستەمی پیشەسازی و شارنشینیدا شەڕی دەکرد.

بێگومان گرنگترین ناسێنەری نەوەی سێهەمی رۆشنبیری لە ئێراندا، جەلالی ئالی ئەحمەدە کە لە دوو کتێبی «بە رۆژئاوابوون» و «لە خزمەت و خیانەتی رۆشنبیراندا» لەگەڵ نەوەی پێش خۆی و ئەو رۆشنبیرانەی کە بەرگری لە رۆژئاوا و مەکینە دەکەن، خۆی جوێ دەکاتەوە. ئالی ئەحمەد لە بەشی حەوتەمی «لەخزمەت و خیانەتی رۆشنبیراندا» بە بابەتی کتێبی بە رۆژئاوابوون چاوێك دەخشێنێتەوە و دەڵێت:

لە «بە رۆژئاوابوون»دا ئاماژەم کردووە کە لە سێدارەدانی «شێخ فەزلوڵلای نووری» نیشانەی زاڵ بوونی رۆژئاواخوازی بوو بە سەر ئەم وڵاتەدا و لێرەدا دەمەوێ پێی زیادبکەم گەرچی لە رواڵەتدا کوشتنی ئەم پیاوە گەورەیە وەك نیشانەی سەرکەوتنی مەشروتە لە ئەژمار دەهات، بەڵام بە هۆی رووداوەکانی پاشتر و کودەتای ١٢٩٩ و رووداوەکانی دیکەی ئەم چل و

چەند ساڵەی پاشترەوە، ئەو رووداوە بە گەورەترین نیشانەی شکستی مەشروتەش خۆی پیشاندا و لە هەمان کاتیشدا گەورەترین نیشانەی شکستی رۆشنبیرەکان بوو. چونکە ئەگەر قەبووڵی بکەین کە لە راپەڕینی مەشروتەدا هزر و ئەندێشە هی رۆشنبیریی رۆژئاوا خواز بوو و جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی لە لایەن رۆحانییەکانەوە سەری هەڵدا، ئەو جووڵانەوە گەورەترە کۆمەڵایەتییە کە دەبوو بەرهەمی مەشروتە بووبا، لە کردەوەدا وەدەست نەهات. واتە چینێکی نوێ لە سەر جێگای چینی حاکم دانەنرا. بورژوازیی تازەپێگرتووی نەتەوەیی، لە کردەوەدا بەژێر دەستەی ئەرەستۆکراتییەوە مایەوە کە بۆخۆی بە دەستی کودێتاوە بوو و بە ناچار وەك راپەڕینی مەشروتە ناتەواو مایەوە. بەم بۆنەوە هەر دوو هۆکاری زەینی و کۆمەڵایەتیی راپەڕینی مەرجداری لەگەڵ شکست رووبەڕوو بوونەوە و جوانەمەرگ بوون. یەکسەر پاش کودێتا هەم رۆشنبیری و هەم روحانییەکان لە مەیدان وەدەر دەنرێن. لە جێگای رۆشنبیری ئەو یارییانە دانران کە پێشتر ئاماژەم پێکردن و لە جێگای رەوحانییەتیش، رۆژئاواگەری. جگە لەوەش حکوومەتەکانی ئێمە لە کێشەی نێوان رۆحانی و رۆشنبیردا، تەنانەت رۆڵی ئاژاوەگێڕێکی دوو لایەنە دەگێڕن. لە لایەکەوە بە دانانی رۆشنبیر لە سانسۆردا، بەرەو ژاکان و داڕمان و گۆشەگیری راپێچی دەکەن تا لە ئەنجامدا بە سیخوڕی رازی بێت و لە لایەکی دیکەشەوە بە هاندانی رۆژئاواگەری و هەڵوێست لە بەرانبەر ئاییندا، رەشبینیی روحانییەکان بە نیسبەتی رۆشنبیران زۆرتر دەکەن. لەو لاشەوە بە گەمارۆدانی روحانییەکان رۆژبەڕۆژ دەستیان لە دونیا کورتتر دەکەنەوە و زۆرتر لە جاران لە دونیای توورەیی و ئایدیاگەلی سەدە نێوەڕاستیدا نوقومیان دەکەن و لەبەر ئەوەی کە دەزگا کولتورییەکان و راگەیێنەر و بڵاوکەرەوەکانی حکوومەتەکانی ئێمە بە دەستی رۆشنبیرانی سیخوڕەوەیە، کارەکە دەگاتە ئەو رادەیە کە روحانییەکان تاقە دوژمنی خۆیان بە رۆشنبیر دەزانن نەك حکوومەت.

هەروەك دەبینین تێڕوانینی ئالی ئەحمەد لە چەمکی رۆشنبیری و رۆژئاوا زۆر ناهاوڕێك و بە هەشتاو و لەگەڵ خراپ تێگەیشتنگەلی زۆر دایە. ئەم نەبوونی ناهاوڕێکی و نەبوونی ئیرادەی وتووێژە لەگەڵ رۆژئاوادا، کە لە بەرهەمەکانی ئالی ئەحمەددا دەبینرێت، دەتوانرێت لە چوارتایبەتمەندیدا کورت بکرێتەوە کە بە چەشنێك ئالی ئەحمەد دەکاتە روخساری پارادیگماتیکی نەوەی سێهەم کە نەوەیەکی ئایدۆلۆژیکە. ئەم چوارتایبەتمەندییە بریتین لە: برەوپێدان بە هایدگەر لە ئێراندا بە بێ ئەوەی فەلسەفەکەی باش بناسن (ئەم کارە لە ژێر کاریگەرێتیی ئەحمەدی فەردید دا جێبەجێ دەبێت)، بە گوناهبار نیشاندانی ئەو دەستەیە لە



رۆشنبیرانی ئێرانی کە ئەقڵی ئامێرییان بە گەوهەری مۆدێرنێتەی رۆژئاوایی دەزانی، بڵاوکردنەوەی گوتاری ئایدۆلۆژیکیی نوێ لە بەرانبەر هێرشی رۆژئاوا و ئیمپریالیزم لە نێوان نەوەی سێهەمی رۆشنبیرانی ئێرانی و دواجار دژایەتیکردن لەگەڵ پرەنسیپی «بەجیهانیبوون» و گەڕان بە دوای«ماڵی باب»دا و رەسەنایەتیی لۆکاڵ بە شێوازی گەڕانەوە بۆ ریشە ئایینییەکان. کاریگەری ئالی ئەحمەد لە سەر چالاکان و داواکارانی نەوەی سێهەمی رۆشنبیری لە ئێراندا تا ئەو رادەیە بوو کە «رەزای بەراهەنی» لە وتارێکدا بە جۆرێك باسی کتێبی «رۆژئاواگەری» دەکات کە لە رووی گرنگییەوە لەگەڵ «مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست»ی مارکس و ئەنگڵس و «دۆزەخیەکانی سەرزەوی»ی فرانتز فانۆندا شیاوی هەڵسەنگاندنە. چونکە لە بەرانبەر رۆژئاوای کۆلۆنیالیستدا دەور و کەسێتیی گەلی ئێران دیاری دەکات.

گرنگیدانی لە رادەبەدەری رۆشنبیرانی نەوەی سێهەم بە بابەتی «لۆکاڵگەری» و «رەسەنایەتیخوازی» لە بەرانبەر رەوتی بەجیهانیبوون و رەوتی وتووێژ لە نێوان شارستانیەتی ئێرانی و شارستانیەتی رۆژئاوایی، بوو بە هۆی ئەوەی کە هەرچەشنە تێڕوانین و مێتۆدی وتووێژی لەگەڵ مۆدێرنێتە بۆ کاتێکی دی بهێڵرێتەوە. لە راستیدا رۆشنبیرانی نەوەی سێهەم ئێرانیان بۆ سەردەمی سەقامگیربوونی «حکوومەتی رەسەنایەتیەکان» ئامادە کرد. بەم هۆیە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی ئێران واتە سەردەمی دامەزراندن و بنەماکەی گەڕانەوەیەك بوو بۆ ئەم رەسەنایەتییە لۆکاڵانە لەگەڵ رەتکردنەوەی لە رادەبەدەری رۆژئاوا و مۆدێرنێتە کە لە قاڵبی تایبەتمەندیگەلێك لە ئەقڵی ئامێری واتە سەرمایەداری و تەکنۆلۆژیادا دەردەبڕدرا. گۆڕینی نەریت بۆ ئایدیۆلۆژیا، لە لایەن رۆشنبیرانی نەوەی سێهەم و تێڕوانینی شەیتانی و پیلاناوی لە رۆژئاوا و دونیای مۆدێرن وەك «جیهانی سەرمایەداری»، «ئیمپریالیزمی جیهانخۆر» بوو بە ئامێرێکی سیاسی.

ئەم سەردەمە بە شکستی ئایدۆلۆژیك و سیاسیی چەپ لە ئێراندا، کۆتایی هاتن بە سەردەمی کاریزماتیکی شۆڕشی ئێران، زۆربوونی حەشیمەتی لاو و گۆڕانکارییە نێونەتەوەییەکان (رووخانی شوورەی بەرلین و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد) بووە هۆی دەرکەوتنی نەوەیەکی نوێ لە رۆشنبیرانی ئێرانی. ئەمڕۆ دەتوانین ئاماژە بە نەوەیەکی لاوتری رۆشنبیرانی ئێرانی بکەین کە بە ناوی نەوەی چوارەمی رۆشنبیری لە ئێران و لە دژایەتی لەگەڵ رۆشنبیرە ئایدۆلۆژیکەکانی نەوەی سێهەم و رۆشنبیرانی ئامانجی و ئامێرخوازی نەوەی یەکەم و دووهەم، خاوەنی تایبەتمەندیی وتووێژین. لە راستیدا وتووێژ و دانوستان بۆ ئەم نەوەیە وەك

چەترێکی هەبووناسی وایە، بۆ هەر چەشنە زانیارییەك لە تایبەتمەندییەکانی شارستانییەتی ئێرانی و بیرکردنەوە سەبارەت بە چوارچێوەی سیاسی و کولتوریی ڕۆژئاوا. بەرهەم و هزرەکانی نەوەی چوارەم کە لە گۆڤارگەلی وەك وتووێژ (گفتگو)، کیان، ڕوانینی نوێ( نگاەنو)، قەڵەم (کلك)، ئورغەنوون و هتد چاپ کراون، دەتوانین وەك دە تایبەتمەندی گەڵاڵەیان بکەین. ئەم تایبەتمەندییانە کە پیشاندەری جیاوازیی نێوان ئەوان و نەوە پێشووەکانن، بریتین لە:

١ - دوورەپەرێزی لە فێربوونی ئایدیۆلۆژیایی و بیرکردنەوەیۆتۆپیایی.

٢ - بێ متمانەیی بە هەرچەشنە مۆنیزم و تەشکێك لە هزری تاکخواز.

٣ - دوورەپەرێزی لە هەرچەشنە ئەندازیارییەکی کۆمەڵایەتی.

٤ - ئامادەبوون بۆ وتووێژی ساناگیرانە لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران.

٥ - قەبووڵکردنی ڕەوتی بەجیهانیبوونی مۆدێرنێتە و پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەی هزری و فەلسەفیی ئێران لەگەڵ مودێرنیتەی جیهانگیردا.

٦ - پێویستیی چێکردنی وتووێژی ڕەخنەگرانە لەگەڵ سێ توێژی شارستانییەتی ئێرانی و پرۆسەکانی شارستانییەتی ڕۆژئاوایی.

٧ - هەستی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر میراتی کولتوری و شارستانیەتی ئێران لەگەڵ نۆرم و بەهای فەرهەنگیی نوێ.

٨ - هزرین سەبارەت بە چەمکگەلی نوێی وەك وتووێژی شارستانییەتەکان، کۆمەڵگەی شارستانی، پلۆرالیزم، دیموکراسی و هتد.

٩ - ژیانی وتووێژی لەگەڵ دوو کولتوری ئێرانی و ڕۆژئاوایی.

١٠ - جەختکردن لەسەر بەکارهێنانی ئەقڵی ڕەخنەگرانە لە پاڵ ئەقڵی ئامێری دا.

بێگومان گرنگترین گۆڕانکارییەك کە لە نەوەی چوارەمی ڕۆشنبیریدا ڕوویداوە، جێنشینکردن زەرورەتی دەرك و تێگەیشتنی قووڵ و فەلسەفیانەی چەمکی «مۆدێرنێتە» لە جیاتیی چەمکی «مۆدە». بێگومان دۆخی وتووێژی کە لە نێوان ڕۆشنبیرانی نەوەی چوارەم و ڕۆژئاوادا دروست بووە، لە هاتنە خوارەوەی «مۆدێرن» بۆ «مۆدە» بەرگیری دەکات. بەم هۆیە بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە پێوەندیی وتووێژی کە لە نەوەی چوارەمدا دروست بووە، پێوەندییەکە لە دەرەوەی هەڵوێست، کە هەڵگری قەبووڵکردن و وەرگرتنی «کەسی دیکەیە» وەك ناسەر و بکەری وتووێژ. ڕوانینی بەرپرسانەی نەوەی چوارەم بۆ کولتوری ڕۆژئاوا و شارستانییەتی ئێرانی بوو بە هۆی ڕەتکردنەوە و دوورخستنەوەی هەرچەشنە تێڕوانینێکی



ئامانجی یان شەیتانی. لە دووتوێی نووسینەکانی نەوەی چوارەمدا دەردەکەوێت کە ئەم نەوەیە ئامادەبوونی وتووێژ لەگەڵ نەریت و مۆدێرنێتە و پێویستیی جەختکردن لە سەر ئەقڵی ڕەخنەگرانەی، لە پێشەوەی هەر بابەتێکیتر لە مەڵبەندی ئەندێشەدا داناوە. ئەم دۆخی وتووێژە بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆربەیان بە هەڵوێستەکان و تێڕوانینە پێشووەکانی خۆیان و کەسانیتردا بچنەوە. بەم هۆیە لە دووتوێی نووسینەکانی ئەمڕۆی ئەم نەوەیەدا دەتوانین بەم ئەنجامە بگەین کە بابەتی سەرەکیی ئەوان دوژمنایەتی، نەبوونی ساناگیری و لێبوردن لە بەرانبەر سێ توێژی شارستانییەتی ئێرانی و ڕۆژئاوادا نییە، بەڵکو تێگەیشتنی هەرچی باشتر و قووڵتری بنەماکانی نەریت و پرەنسیپە هزری و فەلسەفییەکانی مۆدێرنێتەیە کە ئیمکانی چێبوونی پێوەندیی وتووێژی لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆدا پێك دەهێنێت. بە واتایەکیتر، بابەتی ئەمڕۆی نەوەی چوارەمی ڕۆشنبیری لە ئێراندا تەنیا خەبات بۆ حەقیقەت لە ڕێگای وتووێژ و نەبوونی توندوتیژی و ساناگیرییەوە نییە، بەڵکو زیاتر ژیان بۆ «حەقیقەت»ە. واتە بەهێزکردنی هزری ڕەخنەگرانە لە بەرانبەر درۆ و ڕیاکاریدا بە مەبەستی بەهێزکردنی کۆمەڵگەی شارستانی. ئەم «گەڕانە ڕەخنەگرانەیە بۆ حەقیقەت» لەگەڵ ئەرك و بەرپرسیارییەتییەکی ڕۆشنبیرانەدایە کە «بەرپرسایییەتیی لەبیربوونە»، واتە ڕوانین و دیتنی ڕەخنەگرانە بۆ شوێنپێی ڕابردووی ڕۆشنبیری لە ئێراندا، بەڵام هاوکات لەگەڵ بەڵێندەری، ڕۆیشتن بەرەو ئەوپەڕی و ڕەتکردنەوەی هەرچەشنە دەمارگرژی و توندوتیژییەك. ئەم مێتۆدەی ڕۆشنبیری دەبێتە هۆی بەڵێندەربوونی یادەوەریی مێژوویی ئێمە بۆ بابەتی حەقیقەت و گەڕان بە دوای حەقیقەتدا، کە لەگەڵ ڕەوتی ڕزگاربوونی ئێمە لە ژێرباری ڕووداوەکانی ڕابردوودایە. ئەم ئازادبوونە لە دەمارگرژییەکان و خراپ تێگەیشتنەکانی ڕابردوو بە واتای ڕەتکردنەوە و لە بیربردنەوەی میراتی ڕۆشنبیریی سەدساڵی ڕابردوومان نییە، بەڵکو واتاکەی ئەوەیە کە ڕۆشنبیری ئێرانی دەتوانێت لە دۆخێکی وتووێژیی ڕەخنەگرانەدا لەگەڵ ڕابردوو و دۆخی هەنووکەیی جیهان بە بێ هەستکردن بە ترس و گوناح، بەڵێنە کردەنییەکانی مۆدێرنێتە دووبارە چالاك بکاتەوە. (ئاخاوتن لە ناوەندی وتووێژی شارستانی تەکان، تاران، خەرمانانی ١٣٨٠)

## نەوەی نوێی رۆشنبیرانی ئێرانی
## لە كێشە لەگەڵ میراتدا

هەندێ كات هەن كە ئێمە دەبێ بە قووڵایی چارەڕەشییەكانماندا بچینە خوارێ تا حەقیقەت بدۆزینەوە. رێك وەك ئەو كاتەی كە سەر بە چاڵێكدا دەكەین تا ئەستێرەكان لە پانتایی رۆژی رووناكدا ببینین.

واتێسلاڤ هاوێل

مشتومڕی رۆشنبیرانی ئێرانی لە سەر مێژووی هزری لە ئێراندا، لە قاڵبی ئایینی و نەتەوەخوازیدا، رۆڵێكی گەورەی لە چارەنووسی ئێراندا گێڕاوە. چاك یان خراپ، ئەم واقیعییەتە بەجێیە كە رۆشنبیرانی ئێرانی هێشتا رۆڵێكی گرنگ و كاریگەرییەكی بەرچاویان لە داهاتووی سیاسیی ئێراندا هەیە. رۆشنبیرانی ئێرانی لە نێوان قەبووڵكردنی بەها جیهانییەكان و ئایدیا تایبەتخوازەكاندا لە هەلومەرجی نەتەوەییدا بە سەرگەردانی ماونەتەوە. رۆشنبیرانی ئێرانی بەسەر دووڕیانی چوونە ناو ئەندێشەی دیموكراسی و هەڵكردن لەگەڵ ئەو زۆردارانەی كە لایەنگری كولتورن، لەنێوان سەرهەڵدان دژی دەسەڵاتی دەوڵەتی و سەردانەواندن لە بەرانبەر جیهانبینییە ئوتوریتەخوازەكاندا، لە نێوان قەبووڵكردنی ئەقڵانییەتی ئامێری و رەتكردنەوەی ئەقڵانیەتی رەخنەگرانەدا، قەتیس ماون. بەبڕوای من ئەم پێكهاتە سەرسوڕهێنەرە، دیمەنێك لە گەوهەری بنەمایی میراتی نوێی رۆشنبیری لە ئێراندایە.

لە لایەكی دیكەشەوە، پێوەندیی ئێمە وەك رۆشنبیر لەگەڵ مێژووی هزریی ئێران، بۆخۆی پرسیارێكی رۆشنبیرانەی گرنگ و پلەیەك دروست دەكات كە بەهۆی ئەوەوە كە روانینی ئێمە بۆ مێژووی رۆشنبیریی ئێران، بۆخۆی لە چەشنی رۆشنبیرانەیە، شتێكی بە تەواوی سروشتییە. یەكێك لە لایەنە گرنگەكانی ئەم پرسیارە ئەوەیە كە: چۆن گرووپێك لە رۆشنبیرانی لاوی ئێرانی



دەتوانن لەگەڵ ئەو زەمینە هزری و كولتورییەی كە تێیدا گەورە بوونە و پێناسەكراون، خەبات بكەن؟ لێرەدا دووخاڵ لە پێواردان: یەكەم ئەوەی كە روانینی رەخنەگرانە لە راستیدا «شكاندنی سنوورەكان» و تەكاندنی ئەو حەقیقەتانەی كە گێڕدراونەتەوە، بە تایبەتی چەشنە رۆشنبیرانەكەیەتی. دووهەم ئەوەی كە میراتی هزریی ئێرانی كە ئەمڕۆ بە ئێمە گەشتووە، هەر وەك سنوور و كۆت و بەند قورساییمان لەسەر دروست دەكات، كە دەبێ پاك بێتەوە و تێك بشكێندرێت. ئەڵبەت نەك لە بەر چێژی ئەم كارە، بەڵكو لەبەر ئەوەی كە ئەم بابەتە پێویستییەكە كە لە رێگای ئەم پێویستییەوە، ئێمە هێز دەگرین تا لە ژێر تیرێژی ئەندێشەی رەخنەگرانەدا لەگەڵ خۆماندا رووبەڕوو بینەوە.

ئەم روانینە پڕبایەخە رەخنەگرانەیە دەبێ بتوانێت لەخەباتێكی فەلسەفیی دژی سەرجەم تەشكەكانی جیهانبینیی خورافیدا، رێگاگەلی ریشەیی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكەی سەرەوە بدۆزیتەوە. ئەزموونێكی نەرمونیانی لەم چەشنە دەتوانین لە نەوەی چوارەمی رۆشنبیریی ئێرانیدا ببینین كە هەنووكە روانینێكی رەخنەگرانەیان بۆ میراتی هزریی خۆیان پەیدا كردووە و شەپۆلێكی تۆژینەوەی رەخنەگرانە و شیكارانەیان سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەكانی روخسارگەلێكی دیاری وەك «جەلالی ئالی ئەحمەد»، «عەلیی شەریعەتی»، «ئەحمەدی فەردید» یان «ئێحسانی تەبەری»،وەڕێ خستووە. دەتوانین ئەم گەڕانەوە هزرییە وەك بەشێكی سروشتی لە گۆڕانكاریی نەوەیەك لە ژیانی هزریی ئێرانی بزانین، چونكە باوك كوژی لەم وڵاتەدا مێژوویەكی دوورودرێژی هەیە. بەڵام لە لایەكی دیكەشەوە، ئەم دیاردەیە بە واتای چەشنە بانگهێشتێكە بۆ پێداچوونەوەی جیددی بە نەریتی دێرینی لیبراڵیزم و داگەڕانە دژەمرۆڤخوازانەكان لە مێژووی نوێی ئەندێشەی ئێرانیشدا. لەم نێوەدا، داگەڕانە پۆست مۆدێڕنە ئێرانییەكان تەنیا یەكێك لە تەشكە دواییەكان لەم بەستێنەدان.

داگەڕانی دژی مرۆڤخوازی لە نێو رۆشنبیران و بیرمەندانی پەنجاكان، شەستەكان و حەفتاكانی ئێراندا ببووە فەزیلەتێكی هەمەگیر، لەبەر ئەوەی كە بە ستراتێژیگەلی جۆربەجۆر و لە روانگەگەلی جیاوازەوە بڵاوببووەوە. داگەڕانگەلی دژی مرۆڤخوازیی ئێرانی لەم دەیانەدا، لە بەستێنی راڤەگەلی هزریی باڵە بە تەواوی جیاوازەكان، لە ماركسیزمەوە بگرە تا ئەندێشەی بونیادشكێنیی ئەقڵانییەتی هایدگەری، سەری هەڵدابوو. بابەتی سەرەكی بۆ نەوەی ئایدۆلۆژیكی رۆشنبیرانی ئێرانی پاش شەڕی دووهەمی جیهان، بە روونی جێبەجێكردنی گەڵاڵەی رەخنەی ریشەییی زەینییەت بوو. سەربەخۆییی بنەڕەتیی زەینییەت، كە دروشم و

داواکاریی خەڵکی و ئازادیخوازانەی زەینیەتی متافیزیکی لە بەڕێوەبردنی ئەندێشە و کردەوەی خۆیدا بوو و هەروەها داواکاریی ئەو لە سەربەخۆیی ئاکاری و سیاسی، لە لایەن نەوەی ئایدۆلۆژیکی رۆشنبیرانی ئێرانییەوە وەك خودتەوەرییەکی بورژوازیی وردیلە زیندووەکان لە بەرچاو دەگیرا و بەم پێیە کردەوەی ئەقلانییەتی ئایدۆلۆژیك، بەری ئەم رەتکردنەوەی زەینیەتییەی تا رادەی وێرانکردنی تەواوی ئەندێشەی نێوانزەینی بلاو کردەوە. بە واتایەکیتر، رەخنەی زەینیەتگەری لە نێو نەوەی ئایدۆلۆژیکی رۆشنبیرانی ئێرانیدا، وەك رەخنە لە دیموکراسیی مارکسیستی بوو، لەبەر ئەوەی باسی داهاتوویەکی ئایدیال دەکات و هەم هایدگەریش بوو لەبەر ئەوەی بە ئاشکرا پشتی بە نەریتە شهوودییەکانی پێش نوێخوازی دەبەست.

پێویست ناکات ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمڕۆ لە ئێراندا بیر و باوەڕەکانی دژە مرۆڤخوازیی رۆشنبیرانی ئایدۆلۆژیکی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان تێدا چووە. هۆیەکانی ئەم داڕمانە دەبێ ئەمانە بن: ئەوان تا رادەیەکی زۆر بە جموجووڵە دەروونییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانەوە بەسترابوونەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی ئێران لەم ٢٠ ساڵەی دواییدا لە لایەن نەوە لاوترە ئێرانییەکانەوە لە رووبەرگەلی ئابووری، کۆمەلایەتی، کولتوری و سیاسیدا بە شێوەیەکی بنەمایی رۆنراوەتەوە. هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لەم چەند ساڵەی دواییدا نیشانەیەك لە خۆیابوونی هێزێکی نوێ (لاو) و هاوسەنگ لەگەڵ ئامانجەکانی دیموکراتیك و تاکخوازی بوو کە لە هەموو لایەکەوە لەگەڵ بەهاکانی دەسەلاتدارێتی خوازی و هێما نەریتییەکانی هزری ئێرانی لەگەڵ جیهانبینیگەلی مارکسیستی و هایدگەریدا راهاتبوو، ناتەبا بوو. لەم کەشوهەوا نوێ کۆمەلایەتییەدایە کە خۆیابوونی کۆمەڵگەی جیهانی یان «رێنوێن شار» دەتوانێت گەوهەری حەقیقی ئامێری وەك رێساگەلی نوێی جیهانی لەبەر چاوی لاوانی ئێرانیدا دابنێت. ئەم بڕوا نوێیەی لاوانی ئێرانی بۆ بونیادەکانی ئەقلانیەتی تەکنۆلۆژیك و قازانجەکانی بۆ داهاتووی سیاسی «خودی ئێرانی»، بوو بە بزاڤێکی رەخنەگرانە لە نێو کەسانێك کە بە بڕوای من نوێنەری نەوەی چوارەمی رۆشنبیریی ئێرانین. رەنگدانەوەی نەوەی چوارەم بە پێچەوانەی نەوەی ئایدۆلۆژیکی رۆشنبیرانی ئێرانی، لەوانە مارکسیستەکان و هایدگەرییەکان کە لە بەرانبەر نوێخوازی و مۆدێرنێتەی رۆژئاوادا بیردۆزەیەکی «تاقانە خواز»یان هەبوو، بڕیاردان لە سەر دوورەپەرێزی لە جیهانبینییە ئایدۆلۆژیکەکانە. لەم بزاوتنەدا، دۆخی میتۆناسانەی نەوەی نوێی رۆشنبیرانی ئێرانی بە هۆی دوو بیردۆزیی سەرەکیی فەلسەفییەوە، لە یەکدی جیادەکرێتەوە:



یەکەم، بلاوبوونەوەی ئەندێشەی دژی پێگەیشتن خوازی و یۆتۆپیایی، لە سەربنەمای خودبیری و داگەڕانی دەروونزەینی لە لایەکەوە و دووهەم، پێداگری لەسەر گۆڕینەوەی ئەندێشەی نالاسایی (غەیرەتەقلیدی) و گوتوبێژ لە گەڵ بەها نوێیە رۆژئاواییەکان.

رۆشنبیرانی لاوی ئێرانی ئەمڕۆ وا هەستدەکەن کە لە کوتایی شتێکدا، نەك خودی مێژوو بەڵکو لە کۆتاییی مێژوویەك و روونتر، ئەو مێژوو هزرییەی کە بۆ زیاتر لە ١٥٠ ساڵ میراتی هزری و سیاسیی ئەوانی دیاریکردووە، دەژین. ئەم رۆشنبیرانە زیاتر لەوەی کە بە دوای پاکتاوکردنی حیساب لەگەڵ نوێنەرانی هزری لیبرالیزم لە ئێراندا بن، زیاتر لە بیری هەڵسوکەوتێکی فەلسەفی لەگەڵ ئەم دیاردەیە، لە ئەندێشەی نوێی ئێرانیدان. دەتوانین باسی چەشنە ژیاندنەوەیەکی لیبرالیزم لە نێو رۆشنبیرە لاوترە ئێرانییەکاندا و لە ئەنجامدا ئەنجامە کۆمەڵناسانە و فەلسەفییەکانی چەمکی«مۆدێرنێتە» بکەین. رەنگدانەوەی ئەم داگەڕانە دەتوانین لە گەڕانەوەی ئەوان بۆ بابەتی دوانەی نوێ، واتە سەربەخۆیی و خودبیری دا ببینین.

بە پێچەوانەی سێ نەوەی هزریی رابردوو، نەوەی چوارەمی رۆشنبیرانی ئێرانی لە خوێندنەوەی چەمکی مۆدێرنێتە فێربوونە کە یەکڕایی لە دیموکراسیدا لە رێگای گوتار و باسەوە دێتە دی. مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم یەکڕاییە لەسەر بەهاکانی مۆدێرنێتە و دژی بەها نەریتییەکانە. چونکە دوو چەمکی «نەریت» و«مۆدێرنێتە» ناتوانن لە رەخنە بە دووربن. زیاتر مەبەستم ئەو یەکڕاییەیە کە لە ژێر هەلومەرجی مۆدێرندا پێك دێت و لە چەشنی ئەقلانییەتی رەخنەگرانەیە. من پێموایە بابەتی گەشتن بە گرێبەست و رێککەوتنێکی کۆمەلایەتی، لە دۆخی نوێی رەخنەی ئەقلانیدا، دوو بابەت بە رۆشنبیرانی نەوەی چوارەم رادەگەیێنێت: یەکەم ئەوەی کە، هەرچەشنە یەکڕاییەکی لەپێشدا دیاریکراو کە لەسەر بنەمای ئوتوریتەی نەریتی بە ئایدیۆلۆژیایەکی نوێوە پێك هاتووە، بە هیچ بزانرێت و دووهەم ئەوەی کە بۆ دەروونیکردنی باسی گشتی لە تەشکی هاوپرسیگەلی ئەقلانیدا هەوڵ بدەین. بەم چەشنە سنووری جیایی راستەکی لە نێو نەوەی چوارەمی رۆشنبیرانی ئێرانی و نەوەی پێشوو، هێڵی جیایی نێوان پێشکەوتن و کۆنەپەرستی، لەنێو هیوا و یادەوەری یان لە نێو رابردوو و داهاتوودا نییە، بەڵکو جیایی نێوان بگێڕەرەوەکانی «گێڕانەوە گەورە و مێژووییەکان» و لایەنگرانی وتووێژ و پلۆرالیزمە. رۆشنبیرە ئێرانییە نوێیەکان ئیدی ناچار نابن دەوری پەیامبەران یان پاڵەوانەکان بگێڕن. ئەوان لە کەشوهەوای گشتیی ئێراندا رەخنە لە دوگماتیست بوونی جیهانبینییەکان دەگرن، خورافات سڕینەوە دەکەن و لە بابەتی ساناگیری و جیاوازی بەرگری دەکەن.

بەکورتی، سەرجەم ئەمانە بەم واتایەیە کە رۆشنبیرە ئێرانییە نوێیەکان دواجار پێیان لە سەر زەوین داناوە. ئەوان پاش دەیان ساڵ سەرگەردانیی ئایدۆلۆژیك لە گەڕان بە دوای بەختیاری لە بونیادەکانی کۆتایی ناسیدا، بە ئێرە و هەنووکە گەیشتوون. لە سەرتاسەری مێژووی هزریی نوێی ئێراندا، ژیانی هزری لە گەڵ ئەم راستییەدا دیاریکرابوو کە تەنیا ژمارەیەکی زۆرکەم «بیرمەندی پەیغەمبەر ئاسا» هەن کە دەتوانن لە جیاتیی باقی خەڵکان بیر بکەنەوە. پانتایی هزری و سیاسیی ئێران، لە نێوان «دوو کولتوری» نەریتخوازان لە لایەکەوە و رۆشنبیرە کتێب خوێنەکان لە لایەکیترەوە درزی بردبوو. ئەمڕۆ نەوەی نوێی رۆشنبیرانی ئێرانی نوێنەری «کولتوری هزری سێهەم»ن. دەسەڵاتی کولتوری سێهەم، بەڕوونی لەوێدایە کە کولتورێکە بۆ وتووێژ و ساناگیری.

دەسکەوتەکانی رۆشنبیرانی کولتوری سێهەم، بە پێچەوانەی سەرقاڵییە زەینییەکانی رۆشنبیرانی کتێب خوێنی نەوەی پێشوو لە شەستەکان و حەفتاکاندا، کێشەگەلی لاوەکی لە نێو چینی فەرمیی هزریدا نییە بەڵکو دەتوانین ئەوان وەك داهێنەران و پشتگیرانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و وتووێژکەر و فرەییخواز، بزانین. بە واتایەکیتر، ئەوان بە بێ ئەوەی بیانەوێت بەرتەسکایەتییەکانی نەریتی ئێرانی وەلاوە بنێن، لە رێگای داهێنان و بەهێزکردنی کولتوری شارستانی و ساناگیرخواز، لە ئاراستەی پشتگیری لە گەڵاڵەکانی خەڵك سالاری کاردەکەن.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەیەکی وەك ئێراندا، کە خاوەنی کەموکورتیی درێژخایەن و بونیادییە، روانگەی چەپخوازی عاتیفی سەبارەت بە رۆشنبیر وەك پێشەنگ و پارێزەری ئایدیۆلۆژیا لە لایەکەوە، روانگەی نەریتیی وەهمی پیلان سەبارەت بە رۆشنبیر، وەك رێگرێك بەسەر رێگای نەریتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە لایەکیترەوە، هەردووکیان لەبەرانبەر واقیعییەتە هەنووکەییەکانی ئێراندا، ناکارامە و بێهوودەن. بە پێچەوانەی نەوەی رۆشنبیرانی ئایدۆلۆژیکی ئێران و هیوای ئەوان بە پاراستنی چەمکە هێماییەکانی ئایدیۆلۆژیاگەلی دایك، کە لۆژیکێکی زۆر نامۆ و ترسێنەریان هەبوو، سەرجەم دڵەڕاوکێ و سەرقاڵییە زەینییەکانی نەوەی نوێ، چەمکی وەك ئازادیی نایاو و ریشە و سەرچاوەکانی و مەترسیگەلێکە کە لە بەر دەمیدان. چەمکی ئازادیی نایاو کە وەك هەڵگری و زەمینەی بژاردن لە نێو رێگاگەلی جۆربەجۆر لە ئەژمار دەدرێت، بووە بە چوارچێوەی تەوەریی روانگەی فرەییخوازی لە مێژووی ئێراندا و تێیدا، روانگەگەلی قەدەری و قەدەرگەری، لە رێگای بژاردنەوە، جێگاکەیان بە روانگەی «خودخوڵقێنەری» دەدەن. دەوری چالاکیی بژاردن لە دامەزراندنی کەشوهەوای هزریی نوێی



ئێراندا، جارێکیتر دەری دەخات کە لە نێوان نەوەی لاوتری رۆشنبیران و ئامانجگەلی وەك سەربەخۆیی ئەقڵانی و فرەییخوازیی بەهاییدا نزیکایەتی هەیە و ئەم نزیکایەتییە لە دژایەتی لەگەڵ بە کارهێنانەکانی ئەندێشەگەلی تاقانەی نەوەی پێشوو لە پانتایی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندایە. خاڵی تەوەری لێرەدا ئەوەیە کە نەوەی نوێی رۆشنبیرانی ئێرانی، نەك هەر وەك تاك بەڵکو وەك نەوەیەك، فێربوونە کە دەبێ بە شێوەیەکیتر بیر بکەنەوە. بە دیدێکی وردترەوە دەردەکەوێت کە نەوەی چوارەمی رۆشنبیرانی ئێرانی نیشانەی رووداوێکی گەورە، واتە شۆڕشی٧٩ی بە تەوێڵەوەیە. شۆڕش وەك شەپۆلێکی گەورە کەناری روحی ئەم لاوانەی تێپەڕ کردووە و ئەوانی لە بەرانبەر ئەرکگەلی سەغڵەت و دژواری وەك وەرگرتن و بیرکردنەوە لەسەر هەرئەوەی کە لە ناوەوە و دەرەوەیاندا رووی داوە، داناوە. هەنووکە پاش تێپەڕبوونی بیست و سێ ساڵ، روانینی دیاری ئەوان لە چوارچێوەی هزری ئێرانیدا بەرەو ئەوە نییە کە چۆن لە کۆمەڵگەیەك کە خودتەوەری و وەهم سەرجەم جەستەی شارستانی و مەیلە هاوبەش و گشتییەکانی گرتۆتەوە، لە نێو ئاکار و سیاسەتدا دەست بە بژاردن بکەن، بەڵکو بەرەو ئەوەیە کە چۆن سیاسەتێك لە بەرپرسایەتی جێبەجێ بکەن. کاتی ئەوەیە کە بە قووڵاییی چارەڕەشییەکانماندا بچینە خوارێ تا حەقیقەت بدۆزینەوە. (ئاخاوتن لە ناوەندی نێونەتەوەیی ڤۆدرۆ ویلسن، واشنتۆن، گەلاریزانی ١٣٧٩).

## رۆشنبیرانی ئێرانی لە وەچەرخانی سەدەیەکدا

توێژی رۆشنبیر لەکۆمەڵگەدا خاوەن رۆڵێکی زۆر کاریگەرە. رۆشنبیرەکان لەم دەلاقەیەوە هەمیشە هەوڵیانداوە، تا خۆیان لەگەڵ ویستەکانی کۆمەڵگەیەك کە تێیدا دەژین، هەماهەنگ بکەن. بۆ نموونە، سوکرات و ئەرەستۆ لە یۆنانی کۆندا، چینەکانی برەهمەن لە هیندستان، رۆحانییەکان لەنێو شیعەکاندا و هەروەها خاخامەکان لەنێو جووەکاندا خولیای رێکوپێکی و ژیان لە کۆمەڵگەکانی خۆیان بوون. سەرجەم ئەم تاقم و گرووپانە بە مەبەستی وەرگرتنی زانست، بەرگرییان لە مافی ئایینیی خۆیان کردووە و لە رێگای ئاخاوتن، کتێبەکان و بەتایبەتی لە رێگای فێرکردنی هەمووانەوە، بەسەر زەینی کۆمەڵانی خەڵکی خۆیان کارتێکەرییان هەبووە. سەرەڕای ئەوە، رووداوێکی فەلسەفی و مەعریفەناسانەی نوێی وەك مۆدێرنێتە رەهەندگەلێکی نوێ لە رۆڵی رۆشنبیرانی وەدەر خست. بەم رووداوە لە یەکەم رۆژەکانی نوێگەریدا، رۆشنبیرەکان تایبەتمەندیگەلێکی ئاڵۆزتریان پەیداکرد. ئەقڵانییەتی مۆدێرنی

ڕۆشنبیران، پێویستی بەو شتەبوو کە لە ئەندێشەکانی ماکس ڤێبەردا وەك جادووسڕینەوەی جیهان و هەروەها بەشداریکردن لە دەسەڵاتی سیاسی یان جێگۆڕکێ لە دەسەڵاتی زاڵدا ناوی دەبرا. ئەم بابەتە بە تایبەتی لە کاتێکەوە کە نوێکاریگەلی تەکنۆلوژیك و زانستی خێراتر بوونەوە و ڕەوتی پێکهاتنی سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان باشتر دیاری کرا، گرنگییەکی زۆرتری پەیدا کرد. لە کۆمەڵگەی وەك فەڕەنسا و بریتانیادا کە نەریتێکی دیموکراسیی بەهێزیان هەبوو، ڕۆشنبیران لە ڕێگای یارمەتیدان بە باشتربوونی پرۆسەی ڕکەبەرایەتیی سیاسی و باسکردن لەسەر گیروگرفتە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکان، لە ژیانی دیموکراسیدا بەشدار بوون. بە پێچەوانەوە لەو کۆمەڵگانەدا کە خاوەنی تایبەتمەندیی نەریتیی زۆردارانەی بەهێزن، وەك ئێران، ڕۆڵی ئەم گرووپەش بۆ بەرهەمهێنانەوە و شەرعییەت بەخشین بە سیستەمی سیاسی یان مشتومڕ بۆ گۆڕانی تەرخان کرا. (کە ئەڵبەت مەبەستی نووسەر لەم نووسراوەیەدایە)، بەها ئایدۆلۆژیکەکان، پێوەندییە سیاسییەکان و شێوازەکانی ڕەوشتی سیاسیی ڕۆشنبیرانی ئێرانی لە هۆکارە دیارەکان لە دەربڕینی ئاواتەکان و خواستە گەورەترەکانیان بووە. ڕۆشنبیرانی ئێرانی وەك جێەجێکارانی کولتوری و سیاسی ڕوانگەگەلی ڕەنگاوڕەنگیان سەبارەت بە حەقیقەت و مەعریفە هەبووە کە ئەمە بۆخۆی لە مەیلە ئایینی، ئایدۆلۆژیك، زانستی و تەکنۆلۆژیکەکاندا و هەروەها لە دەسەڵاتێکدا کە هەرکام لەمانە لەگەڵ کۆمەڵێك نەریت و نۆرم و پێوەندیگەلی نێوانزەینیی تایبەت بە خۆیاندا، ڕیشەی هەبوو. کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆشنبیرانی ئێرانی لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەوە تا ئەمڕۆ درێژەی هەبووە. ئەم سەرقاڵییە زەینییە هەمیشە لەگەڵ پرۆژەی مۆدێرنێتە و ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانیدا و لە لایەنی تیۆرییەوە لە تێگەیشتنی فەلسەفیی گەوهەری مۆدێرنێتەدا لە پێوەندییەکی نێزیکدا بووە. بۆ خولێکی سەدوپەنجا ساڵە (١٨٤٠-١٩٩٠)، ئەندێشەگەلی یۆتۆپیایی دەورێکی بنەڕەتییان لە ژیان و بەرهەمەکانی ڕۆشنبیرانی ئێرانی و هەروەها ئەو گرفتانەی کە ئەوان لە کاتی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەدا لەگەڵیاندا دەستەویەخەبوون، گێڕاوە. ئەم کۆمەڵە هزرە یۆتۆپیانە کە وەسفکردنێکی زۆرتاکەم پێکەوە چندراو لە نەریتە جیاوازە هزرییەکان بوون، ڕیشەکەیان لە ڕوانگە تایبەتەکانی ئەواندا، بۆ ڕابردوو و داهاتوو بوو. لەم خولە درێژەدا پرسیارگەلی زۆر لە پێوەندی لەگەڵ ڕێگە لێنەگیراوی پرۆسەی مێژوو، تێڕوانینی ئاکامناسانە و چەشنە هاودەنگییەکی لۆژیکیی بەهاکان لە سیستەمێکی تاقانەخوازانە لە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو مشتومڕی



ڕۆشنبیرانەکاندا هەبوو. ئەگەر بڕیار بێت ئێمە چوار نەوە لە ڕۆشنبیرانی ئێرانی کە لە سۆنگەی زەمانەوە، پێش شۆڕشی مەشروتە دەسپێدەکات و بە سەردەمی پاش شۆڕش لە نەوەدەکاندا دەگات، لێك جیا بکەینەوە، دەتوانین ئیددعای ئەوە بکەین کە تەشکی زاڵی ڕۆشنبیریی سەرجەم نەوەکانی ڕابردوو، بوونی جۆربەجۆریی تەکنۆکراتی بووە کە مەزنایەتیی خۆی لە ڕووبەرە جیاوازەکانی نۆژەنکردنەوە و باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بەدەست دەهێنا. تەشەنەی ئایدۆلۆژیکی ڕۆشنبیرانی تەکنۆکرات لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە لە ئێراندا بە خێرایی بەرەو زۆربوون ڕۆیشت.

زۆربەی ئەم ڕۆشنبیرانە بڕوایان بە بەهاکانی ئەقڵی ڕۆشنبیری، پێشکەوتنە زانستی و تەکنیکییەکان و هەروەها کۆنترۆڵی سروشت هەبووە. هەربۆیە دۆخی خۆیان لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان، زانستگەکان، ڕێکخراوەکان و ڕاگەیێنەرە گشتییەکان و بابەتە کولتوریەکاندا چەسپاند. بە هەرحاڵ، لە دیمەنێکی بەتەواوی سیاسییەوە، ڕۆشنبیرانی تەکنۆکرات، نەیاندەتوانی لە توانستی خۆیان لە ئاراستەی ئەقڵانیسازیی بونیادی کۆمەڵگەی ئێرانی بە مەبەستی چێکردنی«تەشکبەندییەکانی گوتاری مۆدێڕن» و کاریگەر کە لە هەمان کاتدا لەگەڵ جەستەی بڕواکانی کۆمەڵانی خەڵکدا لێك ئالابن، کەڵك وەربگرن. لە ئەنجامدا، ڕۆشنبیرانی ئێرانی، ئەرکێکی دووقاتیان هەبوو: لە لایەکەوە ئەوان وەك دیوانسالار دەبوو لە ئاراستەی شەرعیەت بەخشین بە کرداری یەکدەست و بێخەوشی دەوڵەت هەنگاویان هەڵگرتبا و لە لایەکی دیکەشەوە ئەوان جێبەجێ کارانی ئایدیۆلۆژیگەلی بەلێنگەرانە بە تێڕوانینێك لە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی ئوتوریتەخواز بوون کە زۆرتر ڕوانگەیەکی گشتبینی بۆ جیهانی دەوروبەر هەبوو. گروپی یەکەم لە ڕۆشنبیرانی تەکنۆکراتی ئێرانی بڕوایان هێنا کە ئەقڵانیەتی ئامێری دەتوانێت گرفتی دوانەی ئایدیا گشتییە وەرچەپیوەکان و ڕێبەرایەتیی سیاسیی ناهۆشیار بە چاوپۆشی لە دەسەڵاتی گوتاری - بەڵگەیی نەریتە سیاسییە زاڵەکان لە ئێراندا و بە ئەقڵانیسازی لەسەر شێوازی مۆدێڕنی ڕۆژئاوایی بە بێ ئەوەی تێڕوانینە سیاسی و فەلسەفییەکەی تێدا بەشدار بکەن، بۆ هەتاهەتا چارەسەر بکەن.

هەروەها گەڕانی یۆتۆپیایی دووهەمین گروپی ڕۆشنبیرانی ئێرانی، بە کۆمەڵێك کەموکورتی و شاراوەییگەلی هەبووناسانە وەسف دەکرێت. سەرقاڵیە ئایدۆلۆژیکییەکانی ئەم دەستەیە لە ڕۆشنبیران بە ڕەهەندگەلێك لە واقعییەتی دەسەڵاتی سیاسی چەشنی ئێرانی، بە داخەوە شیکارییەکی سیستەماتیك و یەکگرتووی لە میراتی فەلسەفیی ڕۆژئاوا و مێژووی مۆدێڕنی

ئێرانیەکان نەبوو. ئامۆژگاری و ڕێنوێنیە«پێشڕەوەکان» لە جۆری مارکسیزمی ئۆرتودوکس زۆرتر بەم چەشنە فرموولبەندی کرابوون کە باشترە ڕۆشنبیران لە بورجی عاجی خۆیانەوە بێنە خوارێ و بە قەبوولکردنی ئاکامناسیی لە پێشدا دانراو خۆیان لە بزاڤێکی شۆرشگێری کۆمەڵیدا بتوێننەوە. کە واتە پێویستە لە بەرانبەر هەر چەشنە ئایدیایەکی سەربەخۆ و هزری ڕەخنەگرانەی ڕۆشنبیردا ڕابووەستن. لە جیاتیی دوورەپەرێزی لە مەترسیگەلی ئایدۆلۆژیك و دڕدۆنگییە تۆتالیتارەکان، ڕۆشنبیرانی ئێرانی بوون بە ئایدیۆلۆگی پێشڕەوی حیزبە شۆڕشگێڕەکان. ئەو گرووپانەی کە ئەم وێنەیەیان داهێنا کە «ڕۆشنبیرێکی چەپی ڕادیکاڵ» هاوواتای تێگەیشتنی فەلسەفیی مۆدێڕنێتەیە، بە خۆ پڕچەککردن  بە حەقیقەتی مێژوو و درکاندنی ئایینی یان واقیعییەتە زانستی، دوو نەوە لە ئایدیۆلۆگە ئێرانییەکان لەبەر داهاتووی ئارمانجی، ڕەنج و نەهامەتیی لە ڕادەبەدەریان بە سەر خۆیاندا سەپاند. بەشێکی بەرچاوی ئەم تێڕوانینە ئایدۆلۆژیکانە لە ئەدەبیاتی ڕۆشنبیریی شەستەکان و حەفتاکاندا بڵاو کرایەوە.

ئەم بەرهەمانە بەگشتی بە مەبەستی گواستنەوەی پەیامێکی شۆڕشگێڕانەی ڕۆنراو لە سەر «هزرینی یۆتۆپیایی» لە جیاتیی هزرینی ڕەخنەگرانە وەك توخمی پارادایمی ڕۆشنبیریی مۆدێڕنێتە، نووسرابوو. ئەڵبەت ئەمەش بەو واتایە نییە کە نەوەکانی دیکەی ڕۆشنبیرانی ئێرانی، بە باشی پارادایمی ڕۆشنبیریی نوێکارییان فامکردبێت و وەریان گرتبێت، زۆربەیان بە مەبەستی ڕێکخستنی زمانی سیاسیی خۆیان بەرەو چەمکگەلی مۆدێڕن داگەڕابوون. بەڵام بەکردەوە هیچ کامێکیان، مۆدێڕنێتەیان وەك دیاردەیەکی ناوەکی و لۆکاڵ چەمکسازی نەکردبوو. بە شێوەی گشتی، سێ نەوە لە ڕۆشنبیرانی ئێرانی ئەرکی دەربڕین و گواستنەوەی پرۆژەی مۆدێڕنێتەیان لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی دوو پرۆسەی سەرەکیی بە ئەقڵانیکردن جێبەجێکرد، لە لایەکەوە، «ئەقڵانییەتی ئامێری» بە ئایدیالگەلی ڕۆشنگەری،شۆڕشی گەورەی فەرەنسا و ڕێبازی سەلماندنی فەڕەنسایی (کە بە قسەوباس و مشتومڕەکانی ڕۆشنبیرانی ئێرانیی پێش و پاش بزاڤی مەشروتەدا بە روونی دیار بوو) بوو بە هاوئاراستە، لە لایەکی دیکەشەوە «ئەقڵانییەتی تۆتالیتار» لە لایەنی تیۆرییەوە بە ڕوانگەی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس و تێڕوانینی داروینیستی لە زانست (کە بە دڵنیاییەوە لە نێو ڕۆشنبیرانی ئێرانیی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکاندا بەناوبانگ بوو) پشتگیریی کرد.

بەکورتی، نەوەی سێهەمی ڕۆشنبیرانی ئێرانی بە پێچەوانەی دوو نەوەی پێش جەنگی جیهانی دووەم (کە بەدوای دۆزینەوەی ڕێگایەك بە مەبەستی لاساییکردنەوە لە ڕۆژئاوا بوون)،



داواکاری ئەوە بوون کە فێرکار و یاسادانەری ئاکارن، کە ئەرکی زانکۆیی و هونەریی ئەوان وا دەخوازێت داخوازییە سیاسییەکانی خەڵکانی دیکە بە قاڵبدا بکەن و یەکگرتوویان بکەن. سەرەنجام، تێڕوانینی لاساییکارانەی ڕۆشنبیرانی سەردەمی مەشروتە لەگەڵ ڕوانگەی «گشتخوازی» نەوەی سێهەمی ڕۆشنبیران، کە بەلای سەرەڕۆیی سیاسی و ئاکاریدا دەکشا، بە یەك ئاراستەدا ڕۆیشت. مەودای نەوەی سێهەمی ڕۆشنبیرانی ئێران لە «چەمکی فرەییخوازیی بەهایی» دەتوانرێت لەگەڵ مەودایەکدا کە ئەوانی لە ئاسۆی «ئەقڵانییەتی ڕەخنەگرانە» جیادەکردەوە، هەڵسەنگێندرێت. قۆناغێك لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران بە کۆتایی هاتنی جەنگی سارد لە ساڵی ١٩٨٩دا و پێکهاتنی ڕەهەندە ئابووری، سیاسی و کولتورییەکانی بەجیهانیبوون، کۆتایی هات و ئەم ڕووداوانە کۆتاییان بە ئۆدیسەی ((بیرکردنەوەی یۆتۆپیایی)) لەنێو نەوە جیاوازەکانی ڕۆشنبیرانی ئێرانی هێنا.

لە دۆخی هەنووکەیی ئێراندا دژایەتیی ڕاشکاوانە لەگەڵ پرەنسیپە دیموکراسیەکاندا بوو بە بابەتێکی دەگمەن. ئەو شرۆڤەکاریانە کە لە ڕوانگە ئاکامناسانە و یۆتۆپییەکانەوە بەمیرات ماونەتەوە، تا ئێستا بڕوایان پێ نەکراوە. لە ئەنجامدا ئەمڕۆ ئێمە دەبینین کە نەوەی پاش شۆڕش کە وەك نەوەی چوارەم دەناسرێت، لە جەرگەی باسگەلی تیۆریی فرەییخوازیی بەهایی و ئاکاری لە بەرانبەر بونیادە ئایدۆلۆژیکەکانی چلەکان و پەنجاکان و دواجار هەشتاکاندا بوونە. بۆ نەوەی نوێی ڕۆشنبیرانی ئێرانی، ئیدی شتێك بەناوی ویست و مەیل بۆ دۆزینەوەی «ڕزگاری لە سەرووی کات و شوێنەوە» بوونی نییە، بەڵکو تەنیا پێویستبوونی بڵاوبوونەوەی هزری دژی ئامانجخوازی لەسەر بنەمای بنەڕەتگەلی نێوانزەینی لە پلەی یەکەمی گرنگایەتیدایە. بۆ نەوەی چوارەمی ڕۆشنبیرانی دژی یۆتۆپیا، پێوەری باشی، قەبوولکردنی دۆخێکی فرەییخوازانەیە و بەم پێیە شێوازگەلی شیاوی پەسەند لە ژیانی خۆش و بەختەوەر بەردەوام لە دۆخی گۆڕاندان. هەروەها بە پێچەوانەی نەوە پێشووەکانی ڕۆشنبیرانی ئێرانی، کە بە هەڵسەنگاندن لە پێش زەینییەتی بیرکردنەوە ئایدۆلۆژیکەکان لەسەر چەمکی «ئازادیی ئایاو» جەخت دەکەن، نەوەی چوارەم بە یارمەتی وەرگرتن لە شێوازە مۆدێڕنەکانی باس و هاوپرسی، خۆیان تێکەڵ بە شێوازگەلی جۆربەجۆری خۆداهێنەرانە کردووە و لە ئاراستەی ئامادەکردنی «چەمکی ئازادیی نایاو» دا هەنگاویان هەڵگرتووە. چاپکردنی بڵاوکراوەگەلی وەك وتووێژ و کیان لە لایەن نەوەی چوارەمەوە لەم ئاراستەیەدایە.

نەوەی نوێی ڕۆشنبیرانی ئێرانی بەم ئایدیا زەینییەوە کە گەیشتن بە جیهانی بەتەواوی هاودەنگ لە سۆنگەی سیاسی و ئاکارییەوە ئیدی شیاوی وێناکردن نییە، بەڵکو پێی وایە کە باشترین شتێك کە دەبێ لەنێو کۆمەڵگە نائامانجییەکاندا بدۆزرێتەوە و لە هەمان کاتدا بۆ پاراستنی ڕادەیەکی بەرچاو لە ئازادیی تاك تێ بکۆشن. نەبوونی ئیمان و بڕوای هەموان کە پێشتر لە ڕێگای ئایدیۆلۆژیا جۆربەجۆرەکانەوە هان دەدران و کاڵبوونەوەی پرەنسیپی کاریزماتیکی کە ببووە هۆی سەرهەڵدانی پێوەندیی ئەستوونی لەنێوان نەوە پێشووەکانی ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا، هەنووکە ئەندێشەی «بەڵێندەریی ڕۆشنبیری»ی گیرۆدەی گۆڕانکاریگەلی بیردۆزی و ڕەخنەگرانە کردووە. گۆڕانکاریگەلی لەم چەشنە بەرهەمی کێشەی دەیەی ڕابردوو لەنێو ڕۆشنبیرانی پاش شۆڕش بووە کە لە دەوروبەری چەمکگەلی وەك «نەریت» و «مۆدێرنێتە»دا ڕووی داوە. لەم چوارچێوەیەدا نەوەی چوارەمی ڕۆشنبیران بە خۆپاراستن لە هەرچەشنە خەونێکی دیسپلینی و بە دیسپلینکردنی پاوەنکراوی کۆمەڵگەی ئێرانی، کۆتاییان بە تەمەنی «ڕۆشنبیرە دەمارگرژە ئایدیۆلۆگەکان» هێنا. ئەمڕۆ ئەم تەشکە لە هۆشیاریی فەلسەفی نەك هەر لە سیاسەتی ئێراندا خۆی هێناوەتە گۆڕێ، بەڵکو بە شێوەیەکی ورد و ڕاشکاوانە خۆی وەدەر خستووە.

ئەمڕۆ ئەم نەوەیە بە پێچەوانەی نەوە پێشووەکان لە پشتگیریکردنی کۆمەڵگەی شارستانیی پێشکەوتوو، لەسەر ئەو باوەڕەیە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە خەڵك خڵەتاندن و تەزویرکردنی پرەنسیپگەلی دۆگماتیك، شۆڕشێکی نوێ، ئەمجارەیان بە یارمەتی وەرگرتن لە پاراستنی باسێکی گشتگیری بەشارستانیکراو، لەم بوارەدا هەنگاو هەڵبگرێت. بەبڕوای من یەکێك لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی مۆدێرنێتە بۆ ناسکردن و شەرعییەتی، ئەو بەرژەوەندی و بەهاگەلەیە کە لەژێر کێشەدان و هەروەها خۆدوورگرتن لە داسەپاندن لە تەشکی بەکارهێنانی دیسپلینیی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئۆتوریتەخوازە. بەم پێیە ئێمە دەتوانین داواکاری ئەوە بین کە ئامانجی سەرەکیی نەوەی نوێی ڕۆشنبیری ئێرانی بریتییە لە تێپەڕین لە «دژایەتی» بەرەو ئەوەی کە «ڕکەبەرایەتی»ی پێدەڵێین.

لەسەر ئەم بنەمایە باس لەوە دەکرێ کە بەکارهێنانی توندوتیژی لە بەرانبەر ڕەقیب(دوژمن)دا جێگاکەی خۆی بە قەبووڵکردنی باوەڕی ئەقڵانی داوە و بەدوایدا هەوڵدەدرێت جیاوازیی بیروڕا سەبارەت بە وەکارهێنان و چەمکی دامەزراوە سیاسییەکان لە ڕێگای باس و گۆڕینەوەی بیروڕاوە بڕەوێنەوە. خوێندنەوەی بەرهەم و کردارەکانی نەوەی چوارەمی ڕۆشنبیرانی



ئێرانی هەڵگری ئەم ڕاستییەیە کە مەڵبەندی سیاسەتی ئێران پێویستیی بە فرەییخوازیی زۆرترە، وێڕای ڕکەبەرێ و کارکردن. ئەم مەیلە بۆ فرەییخوازی بەهایەکی‌ترە نەك ویستێکی لاساییکارانە و ڕووکەش لە ئەقڵانییەتی مۆدێڕن بە شێوازی ڕۆشنبیرە تەکنۆکراتەکان و نەك ڕواڵەتێك لە گەڕان بەدوای گێڕانەوە هەراوە چینایەتییەکان و ڕزگاریی نەژادی، بەڵکو تەنیا مەیلێکە بۆ دنەدان و هاندانی مەڵبەندی گشتیی ڕاوەستاو لەسەر پێکەوەهەڵکردن و ڕاوێژکاری بە شێوەیەك کە باشیی هاوبەش ڤەدانەری (ڕەنگدانەوەی) زەینیەتی مۆدێڕنی ئێرانی بێت. ئەو ئاسانکارییانەی کە ئاماژەیان پێدرا لە ڕاستیدا هەلومەرجی سەرەکی بۆ بوونی «ئاکارێکی لانیکەمی»یە کە ڕۆشنبیرانی ئێران بۆ مانەوە وەك ڕۆشنبیری مۆدێڕن پێویستیانە. ئەم «ئاکارە لانیکەم»یە بە باشترین شێوە لە ڕێگای «بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە»ی مودێرنیتەوە پیشان دەدرێت کە لەو دۆخەدا ڕۆشنبیر لە پێویستبوونی مۆدێلی ئایدۆلۆژی خۆڕاگری بێ نیاز دەکات. ئێمە دەبێ ئەو ڕاستییە گرنگە بزانین کە بابەتی سەرەکی و تەوەریی ئێمە نەك هەر «ئەقڵانییەتی ئامێری» بەڵکو لە بنەڕەتدا چوونەناو ئەقڵانییەتێکی دیموکراسی لە سەرجەم بونیادی دامەزراوە سیاسییەکاندایە کە ئەو ئیزنەمان دەداتێ وێڕای جیاوازییەکانمان پێکەوە بژین. داخوازی بۆ گەشەپێدانی فرەییخوازی و چەمکی ئازادیی نایاو تاقە ڕێگای مومکین بۆ ئامادەکردنی هەموو هێزی ئێمە بەمەبەستی بەرگری لە ئازادیی هەر تاك و گرووپێکە. ئەمەیە خەباتی نەوەی چوارەمی ڕۆشنبیرانی ئێرانی. لەم سۆنگەیەوە بەرپرسایەتییەکانی ئەم نەوەیە قووڵترە لەوەی کە ئێمە وێنای دەکەین. بۆ بەردەوامیی ئەم بەرپرسایەتییانە ڕۆشنبیرانی ئێرانی پێویستییان بەوە هەیە کە بیرکردنەوەی جیهانییان هەبێت. بیرکردنەوەی جیهانی بەواتای وەدەستهێنانی ئەو چەشنە لە هۆشیارییە کە بە دوای لابردنی «خەڵکانی دیکە» نەبێت. بیرکردنەوەیەکی لەم چەشنە پێویستی بە قەبووڵکردن و لاگیریی فرەییی ئەو ڕوانگەگەلەیە کە لە هەلومەرجی هەنووکەییدا لە دەرەوە و ناوەوەی کۆمەڵگەی ئێرانیدا هەن. بەو ڕادەیە کە نەوەی نوێی ڕۆشنبیرانی ئێرانی بڕوایەکی ئاشکرا و پتەو بە سیاسەتی وتووێژ و فرەییخوازی بنیاتنراو لەسەر ئەقڵی کرداری پەیدا دەکەن، هەر بەو ڕاددەیەش دەتوانن تا لە چێکردنی دیسپلینییەکی نوێی جیهانی لە یەکگرتوویی مرۆڤ، لە بەرەبەیانەکانی هەزارەی نوێدا بەشداری بکەن. (ئاخاوتن لە کونفرانسی واشنتۆن، بانەمەڕی ١٣٧٨)

## نەوەی چوارەمی رۆشنبیرە ئێرانییەکان
## ئیمکانی ئاڵوویرێکی پشتبەستوو بەوتوویژ

ئایا ئێرانییەکان، مۆدێڕنن؟ مۆدێڕن بوون واتای چییە؟ مۆدێڕنێتە چییە؟ کاتی گۆڕانی سەدە، چ ستراتێژیگەلێك بۆ چوونەناو مۆدێڕنێتە یان لێگەڕانی هەیە؟ سەرجەم رۆشنبیرانی ئێرانی لەم ساتە وەختەدا، خەریك و سەرقاڵی ئەم مەسەلانەن. بە گۆشەنیگایەك بۆ پێرستی بەرهەمی دەزگا بڵاو کەرەوە ئێرانیەکان دەزانین کە ئەمڕۆ، مۆدێڕنێتە یەکێك لە چەمکە هێماییەکان لە مشتومڕ و باسە رۆشنبیرانەکانی ئێراندایە. ئەگەر کەسێك ژمارەی ئەو کەڕەتانەی کە واژەی «مۆدێڕن» یان یەکێك لەو واژانەی کە لێیەوە وەرگێڕاون (مۆدێڕنێتە، مۆدێڕنیزاسیۆن و مۆدێڕنیزم)، کە لە بڵاوکراوەکان و کۆڕە زانستگەییەکانی ئێراندا باسیان لەسەر دەکرێت، بژمێرێت، بە راستی بەم ئەنجامە دەگات کە هیچ باسێکی سیاسی لە ئێرانی ئەمڕۆدا نایەتە گۆڕێ، مەگەر ئەوەی کە لە پلەی یەکەمدا بە وردی دیاریی بکات کە کۆمەڵگەی ئێرانی تا چ رادەیەك قووڵ و تا چ ئاستێك رووکەش و بێ مایەی دونیایەکی مۆدێڕنە. ئەوە واتای چییە کە لەم سەردەمانەدا، کۆمەڵگەی ئێرانی هەر وەك کۆمەڵگەیەکی مۆدێڕن لە ئەژمار دەدەن؟ جگە لەوەش گریمان کە کۆمەڵگەی ئێرانی بە راستی کۆمەڵگەیەکی مۆدێڕنە، بەڵام ئەم کۆمەڵگە مۆدێڕنە تا چەند لە وڵاتە رۆژئاواییەکان جیاوازە؟ ئایا پێویستە باسی «مۆدێڕنێتەی ئێرانی» بکەین؟ واتە رستەیەك بە کار بهێنین کە لە دژایەتی لەگەڵ «مۆدێڕنێتەی تەواو یان پێگەیشتوو»ی رۆژئاوا،«مۆدێڕنێتەی سەرەتایی یان ناتەواو» ناو بنرێت؟ ئەم بابەتانە بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ سروشت و زاتی رۆشنبیرانی ئێرانی ناوەندی و تەوەرین. ئەڵبەت ئەمڕۆ ئەو بابەتانەی کە جێگای گرنگی تۆژینەوەی ئەم رۆشنبیرانەن، بەو پرسیارانەی سەرەوە ناوەستێت، بەڵکو چەمك و مەدلوولگەلێکی گرنگ لەم پرسیارانەدان کە وڵامدانەوەیان بێگومان، زۆربەی سەرقاڵییەکان و مەیلە سەرەکی و جیددییەکانی‌تری ئەوان پێك دێنێت و دەیانباتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. هۆی دڵەڕاوکێ و سەرقاڵییەکانی ئێمە لە دونیای مۆدێڕن و مۆدێڕنێتەوە بە تەواوی دیاری کراوە. ئەم دڵەڕاوکێیە لە هەمان کاتدا، پرسیارێکە لەمەڕ پێویستییەکان و بەرهەمەکانی گوڕانکارییە سیاسی،کۆمەڵایەتی،ئابووری و کولتوریەکان، کە لە ژیانی هەر ئێرانیەك و لە سروشتی بونیادی کۆمەڵگەی ئێراندا رووی داوە.



سەرەڕای ئەوەش، مەیل و سەرقاڵیگەلی لەم چەشنە تەنیا تایبەت بە رۆژگاری ئەمڕۆی ئێمە نییە. بە واتایەك دەستەبژێرە ئێرانیەکان لە سەدوپەنجا ساڵ لەمەو پێشەوە، پاش شکستی قاجارییەکان لە بەرانبەر سوپای رووسیا، بەم باسگەلەوە خەریك بوون. ئەوەی کە پاشایانی قاجار لەڕێی پەیماننامەی گوڵستان (١٨١٢) و تورکمانچای (١٨٢٨) بە رووسیایان دۆڕاند، تەنیا گورجستان و قەوقاز نەبوون، بەڵکو بەشێك لە غیرەت و غروری مللی ئێرانیش کە لە ژێر هەڕەشەی ئەقڵانیەتی مۆدێڕندا بوو، کەوتە ژێر دەستی رووسیاوە. تەقالا پڕ سۆز و ماندوو نەناسانەکانی دەستە بژێرە رووناکبینە ئێرانیەکان، وەك عەباس میرزا و ئەمیرکەبیر، رواڵەت و روخسارێکی تایبەتی بە دەیەکانی دواتری ئێران لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەخشی. ئەوان هەوڵیاندا سوپا و سەرکردایەتیی سیاسیی ئێران مۆدێڕن بکەن. ئەم دووانە رق و دوژمنایەتیی رۆحانییە ئێرانیەکانیان هەڵساند، هەم بە هۆی هەناردنی خوێندکارانی ئێرانی بۆ ئەورووپا و هەم بە هۆی بانگهێشت کردنی راوێژکارانی بیانی بۆ ئێران بۆ رۆنانی قوتابخانەگەلی نوێ وەك دارولفنوون. هەوڵەکانی عەباس میرزا و میرزاتەقی خانی ئەمیرکەبیر لە کورتخایەندا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لە درێژخایەندا بە دڵنیاییەوە ئەنجامگەلی ئایاو و بە قازانجی لێکەوتەوە. ئەم دوو کەسە دەیانویست وڵات لە سەرەوە مۆدێڕن بکەن تا رادەیەك کە زۆربەی چاکسازیخوازانی سەردەمی قاجار، خولیایەکی لەم چەشنەیان لەسەر دا بوو. ئەم بابەتە بە شێوەیەکی سەرەکی بە دوو هۆ بوو: یەکەم لەبەر ئەوەی کە زۆربەی چاکسازیخوازانی سەردەمی قاجار، بۆ خۆیان سەربە دەستەبژێر و بەربژێرەکان بوون و دووهەم بە هۆی ئەوەوە کە زۆربەی ئەم چاکسازیخوازانە، راستەوخۆ لە بونیادی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆیاندا بەشداربوون. ئەوان چاکیان دەزانی کە پرۆسەی خێرای نوێگەری لە ئێراندا ناتوانێت لەنێو خەڵکی ئاساییدا روو بدات و بەرەو پێشەوە بڕوات. ئەم چاکسازیخوازانە بڕوایەکی ئەوتۆیان بە توانای کۆمەڵانی خەڵك بۆ خولقاندنی کۆمەڵگەیەکی باشتر نەبوو. هیوایەکی زۆریشیان بە رۆحانییەکان نەبوو، لەبەر ئەوەی وایان هەست دەکرد کە هەندێك لە رۆحانییەکان دڵبەستووی بەرژەوەندییەکانی خۆیانن. چاکسازیخوازەکان گەرچی حکوومەتی گەندەڵ و بێ بایەخی ئێرانی و کارکەران و بەرێوەبەرەکانیانییان دەبردە ژێر نەشتەری رەخنەوە، بەڵام گرنگیان بە «ئایدیای شۆڕش»یش نەدەدا. مەبەست و ئامانجی ئەوان بارگۆڕانی تەدریجی بوو و لەم رێگایەشدا دڵیان بە رێبەرە گەورە سیاسییەکان خۆش بوو. چاکسازیخوازانی ئێرانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا کە دەتوانین ئەوان بە «نەوەی یەکەمی رۆشنبیرانی ئێرانی» بزانین، ئاگاداری ئەم خاڵە بوون کە بۆ

درێژەپێدانی ژیانی ئێران، پشتبەستن بە مێژووی بوونی شارستانییەتەکەی بە تەنیا بەش ناکات. ئامانجی ئەم چاکسازیخوازانە ستایشی چەمکی «پێشکەوتن» وەك بەهایەکی بەرز بوو. بە پێی بەڵگە هێنانەوەی ئەوان، گەورە بوونی ئەوروپا بە هۆی دوو هۆکاری گەورەوەیە: «یەکیان بە هۆی بەرهەمهێنانی کاڵا و دووهەم بە هۆی دروستکردنی مرۆڤ». رۆشنبیرانی وەك میرزا مولکم خان لە ڕێگای هاندانی دەستەبژێرەکانی قاجار بۆ وەرگرتنی تەکنیکی حکومەت و دیسپلینی و ئەوروپایی، چەشنە «مۆدێرنێتەیەکی ئامێری» یان برەو پێدەدا. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە مولکم خان لە کتێبەکەی، نامیلکەی غەیبییە یان دەفتەری ڕێکخستنەکان دا هێناویەتی:

ئەگەر بتانەوێت ئەقڵی خۆتان بە ڕێگەی پێشکەوتن بدۆزنەوە، دەبێ سێسەد ساڵ چاوەڕوان بن. ئەوروپییەکان ئەم ڕێگاو پرەنسیپانەی پێشکەوتنیان لە ماوەی سێسەد ساڵدا دۆزییەوە. هەروا کە تەلگرافیان دۆزییەوە، خۆیان بە یاسایەکی یەکگرتوو و دیاریکراو بەستەوە. ئێمە هەروا کە دەتوانین لە ئەوروپاوە و بێ هیچ گرفتێك تا تاران تەلگراف بهێنین، بە هەمان شێوەش دەتوانین پرەنسیپەکانی دیسپلین و بە دیسپلینکردنیش لەوان وەربگرین.

ئەوەی کە مولکم خان و رۆشنبیرانی دیکەی ئەو سەردەمە بە دوایدا دەگەڕان، هاوجووتکردنی دامەزراوە ئەوروپییەکان، وەك چەمکی حکومەتی پشتبەستوو بە یاسا یان چەمکی جوێکردنەوەی هێزەکان و بە ڕەچاوکردنی دۆخی ئێران لە سەردەمی قاجاردا بوو. بنیاتنانی دامەزراوەیەکی وەك دارولفنوون لە لایەن ئەمیرکەبیر و فەراماسۆنری لە لایەن مولکم خانەوە، هەڵگری ئەوەیە کە ئەوان پێیان وابوو بۆ بەرگریکردن لە سەربەخۆیی ئێران لە بەرانبەر زێدەڕۆیی رووسیا و بەریتانیادا، ڕێگایەکی دروستیان هەڵبژاردووە. نەوەی یەکەمی رۆشنبیرانی ئێرانی پاش ئەوەی کە لە وەدیهاتنی گەڵاڵەی «مۆدێرنێتەی ئامێری» بەدەستی خۆی نائومێد بوو، بەو بڕوایە گەیشت کە دەبێ کۆمەڵگای قاجاری لە ڕێگای بە دامەزراویکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە بە دەوری تەختی پاشایەتدا بوون، هاوتەریب لەگەڵ مەیل و ویستە رۆشنبیرانەکانی خۆیان، بە هێواشی برووخێنن و بونیادێکی نوێیان پێ بدرێت. ئەم رۆشنبیرانە سەرجەم تەقالایان ئەوە بوو کە لەگەڵ دەسەڵاتداران و ئەو پیاوە دەوڵەتییانەدا، پێوەندی بگرن کە ڕێگەیان بە چاکسازیخوازەکان دەدا، گەڵاڵە و بەرنامەی خۆیان بە ئەوان رابگەیێنن. سروشتی بوو کە ئەم گەڵاڵە و بەرنامانە بەسەر خودی دەسەڵاتدارانەوە کە رووی قسەی چاکسازیخوازەکانیش لە ئەوان بوو، تەشەنە و کاریگەرییەکی راستەوخۆی نەبوو.



دەوڵەت و رۆحانییەکان لەگەڵ چاکسازیخوازە ڕووناکبیرەکاندا دژایەتییان کرد. هۆکارێکی دیکەی لاوازیی چاکسازی لەنێو ئەم نەوەیەدا ئەوەیە کە ئەم چاکسازیخوازانە بۆخۆیان بەشێك بوون لە سیستەم و لە سیاسەتی هەنووکەیی ئەو سەردەمەدا بەشداربوون و بەرژەوەندیی تایبەتییان هەبوو. لای ئەوان مەیل بە چاکسازیی سیستەمی سیاسیی قاجار تەنیا چێکردن و سەقامگیرکردنی ئەنجوومەن و کۆڕە پەنامەکییەکان بوو. تەنانەت لە ئاستی ئەم گۆڕانکارییە گچکەیەشدا، لەلایەن چینە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت چینەکەی خۆشیانەوە، پشتگیرییەکی راستەقینەیان لێنەدەکرا. بەم چەشنە چاکسازیخوازەکان تەنانەت زۆرتر بە پاشاوە گرێدەدران و پشتیان بەئەو دەبەست.

ساڵە پڕ ئاخۆڕانەکانی شۆڕشی مەشروتە (١٩٠٥-١٩٠٦) لەگەڵ ڕاپەڕینی نوێی چالاکیگەلی رۆشنبیریدا هاوکات بوو. سەرچەشنە چاکسازیخوازانەکان لە بزاڤی مەشروتەدا، بە چەمکی وەك دیموکراسیی پەرلەمانی و ناسیۆنالیزمی ئابووری تەعبیری لێدەکرا. لەو سەردەمەدا نەوەی دووهەمی رۆشنبیرانی ئێرانی (کە کەسانی وەك فرووغی، داوەر، قەوام، هیدایەت، تەقیزادە و ژمارەکی دیکەش سەربە ئەو نەوەیەن)، هاتنە مەیدانەوە. پەرلەمانی ساوا و تازەدامەزراوی وڵات، ژیانی سیاسیی وڵاتەکەی بە رادەیەکی بەرچاو گۆڕییبوو. ئامانج و ئاواتی نەوەی دووهەمی رۆشنبیرانی ئێرانی ئەوەبوو کە بونیادی کۆمەڵگای ئێرانی بە شێوازێکی سیستەماتیك و تەواو،دونیایی و نۆژەن بکەنەوە. ئەڵبەت زۆریش گرنگ نییە کە ئەوان بە پێی کام مێتۆدی سیاسی،بڕوایان بە وەدیهاتنی ئەم ئامانجە هەبوو. نەوەی دووهەمی رۆشنبیرانی ئێرانی بۆ چالاکیی خۆیان و لە ئاراستەی وەدیهاتنی ئەم نۆژەنکردنەوە وەبەرگرە و نۆژەنکردنەوەی ئامێریی سەردەمی قاجار، دوو کەشوهەوای جیاوازیان هەڵبژارد: لە لایەکەوە لە ڕێگای وەرگێڕان، نووسین و ئاخافتنەکانیانەوە، مەزنایەتییان بە کەشوهەوا و باردۆخی کولتوری دەبەخشی و لە لایەکیشەوە لە پرۆسەی چاکسازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی رەزاشا لە رەوتی سەردەمی جڵەوداریی خۆی (١٩٢١-١٩٤٣)دا، بەشدارییان دەکرد. موحەمەدەعەلیی فرووغی کە نوێنەری راستەقینەی نەوەی دووهەمە، یەك لە یەکەمین لاگیرە جیددیەکانی رەزاشا بوو. دەسەڵات و کاریگەری فرووغی لەسەر پرۆژەی چاکسازیی رەزاشا لە راستیدا تا رادەیەك بوو کە وەك «باقری عاقلی» (مێژوونووسی ئێرانی) دەڵێت، «ئەقڵی سەربەخۆ»ی پەهلەویی یەکەم لە ئەژمار دەدرا. گەرچی فرووغی و نەوەی دووهەمی رۆشنبیرانی ئێرانی بە هۆی ئەوەوە کە پشتگیریی رەزاخانیان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات کرد، کەوتنە بەر

توانج و تانه و تەشەرەوە، بەڵام ئەم پشتگیرییە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەنجامی ئەندێشەی ناسیۆنالیستی و دونیایی و نوێخوازانەی ئەوان بوو. نەوەی دووهەم بە پێچەوانەی نەوەی یەکەم، دەیانەویست شارستانییەتی مۆدێڕن بە ئێران بناسێنن، نەك تەنیا بە لاساییکردنەوەی ڕۆژئاوا، بەڵکو بە پرۆسەیەکی سازگار و سیستەماتیك بۆ کولتوری ئەورووپایی. تەقەلا نووسراوەییەکانی فرووغی، هیدایەت و بوزورگی عەلەوی، لەوانە وەرگێڕان و چاپی دەقە کلاسیکەکانی شارستانییەتی ڕۆژئاوا(بۆ وێنە بەرهەمی دێکارت، کافکا و چێخۆف) پیشاندەری رادەیەکە کە بۆ گەیشتن بەو رادەیە، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مۆدێڕنێتە ئاراستەمەند دەکرد. کتێبە بەناوبانگەکەی فرووغی (ڕەوتی فەلسەفە لە ئەوروپادا) ئێستاشی لەگەڵدابێت، یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی ناسینی ڕۆژئاوایە کە لەو سەردەمەی مێژووی نوێگەریی ئێراندا لە لایەن توێژەر و سیاسەتڤانێکەوە نووسراوە. فرووغی چاکی دەزانی کە سەرەتای مۆدێڕنێتە پشتبەستن بە ئەقڵە. ئیمانی فرووغی بە ئەقڵانییەت، ئیمانێکی تەواو و ڕەها بوو. فرووغی یەکێك لە ڕۆشنبیرە دەگمەنەکانی سەردەمی خۆی بوو کە ئاشکرا دەیەویست لەنێوان نەتەوەگەریی ئێرانی و هۆشیاریی مۆدێڕندا، هاوسەنگییەکی جێگای ڕەزامەندی دروست بکات. سەرەڕای ئەوەش بۆچوونی لەڕادەبەدەر گەشبینانەی فرووغی بۆ ئەقڵانییەتی ئامێری و چەمکی «پێشکەوتن» ئەو ئیزنەی پێ نەدەدا وتووێژی ڕەخنەگرانە لەگەڵ نەریت و نوێگەریدا دروست بکات. (ئەم خاڵە لە نامیلکە کورتەکەیدا بەناوی «ئەندێشەی دوورودرێژ»)، بەڕوونی دیارە). دەسەڵات و کاریگەری ڕۆشنبیرانی ئێرانی  لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگە، لە درێژەی ئەم ساڵانەدا، قەرزداری مەزنایەتیی چەمکی «تاك» بوو، بەڵام باسێکی «منی مۆدێڕن» نەدەکرا. بەرفرەوانبوونی سیستەمی فێرکاری، گەورەبوونی چینی مامناوەند و چێکردنی دامەزراوەگەلی نوێی وەك زانکۆی تاران بەم ئەنجامە گەیشت کە ڕۆشنبیرانی ئێرانی بوون بە پردێکی گرنگ کە لە ڕێگای ئەوانەوە، کۆمەڵگەی ئێرانی لەگەڵ پرۆژەی مۆدێڕنێتەدا پێوەندیی سازکرد. ئەنجامێکی دیکەشی ئەوەیە کە شەپۆلی وەرگێڕان لەنێو ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا وەڕێ کەوت کە تا ئێستاش درێژەی هەیە. بە کۆتایی هاتنی پەنجاکان و بارگەپێچانەوەی نەوەی دووهەمی ڕۆشنبیرانی ئێرانی لە مەیدانی سیاسیی ئێراندا، ئەم «حەزکردنە لە وەرگێڕان» وەك سەرچەشنێکی پڕگرنگ بۆ ناسینی ڕۆژئاوا، پەرەی سەند. ئەو بابەتە وەرگێڕدراوانەی کە لە کتێبەکان و بڵاوکراوە وەرزییەکاندا چاپ دەکران، سەرەکیترین کەناڵی ڕۆشنبیران بوو تا ئەندێشەکانیان پاش ساڵی ١٩٥٣ لەم ڕێگایەوە بڵاوبکەنەوە. ژمارەیەکی زۆری ئەم وەرگێڕانانە



سەبارەت بە شیعر و چیرۆك و پەخشان و بەرهەمی نووسەرانی رووسیا و ئەمریکا و ئەوروپا بوو. یەکێك لە گرنگترین قازانجەکانی ئەم حەزە لە وەرگێڕان، لەنێو نەوەی سێهەمدا، سانانووسین و ساناکردنەوەی ئەندێشە مۆدێڕنەکان بە زمانی فارسی بوو. زۆربەی ئەم ڕۆشنبیرانە (سەبارەت بە خۆیان، یان کەسانی دیکە) گیرۆدەی چەشنە «وەهمێکی فەلسەفی» لە بەستێنی فێرکاریی چەمك و نۆرم و بەهاکانی مۆدێڕنێتەدا بوون، بە بێ ئەوەی فێرکارییەکی لەم چەشنە لە راستیدا هەبێت. بە بڵاوبوونەوە و گشتاندنی ئایدیۆلۆژیای مارکسیستی لە نێو نەوەی سێهەمدا، ناچار کولتورێکی نوێ بۆ وەرگێڕان و ناسینی مۆدێڕنێتە لە دایك بوو کە بەرەو شتە ڕەهاکانی ئاکاری و سیاسی دادەگەڕا. ئەم ڕۆشنبیرانە بانگهێشتەی ئەوەیان دەکرد کە «وانەگەلێگیان وەرگرتووە» و هەروەك یاسادانەرانی ئاکاری کاردەکەن. بە چەشنێك کە هەم دەوڵەت و هەم کۆمەڵگەیان دەبردە ژێر نەشتەری ڕەخنەوە. بە پێچەوانەی نەوەی دووهەم کە خۆیان بە میراتبەری ڕۆشنگەری لەئەژمار دەدا، نەوەی سێهەمی ڕۆشنبیرانی ئێرانی بەزۆری لە ژێر کاریگەری «تێڕوانینی تەواوگەر»ی مارکسیزمی رووسیدا بوون. بۆ ئەم نەوەیە لە ڕۆشنبیرانی ئێرانی ئەنجامی بەرنامەی ڕزگارکردنی مۆدێڕنێتە، بە ئایدۆلۆژی کردنی ژیانی کولتوری بوو بە پشتبەستن بە داواکاریی لۆکاڵگەریی کولتوری کۆن، لەبەرانبەر نوێگەریی هەمەلایەنە و گشتی کە لەنێو ڕۆشنبیرانی نەوەی دووهەمدا برەوی هەبوو. ئەندێشە و چەمکەکانی لۆکاڵگەرەکان لە شەستەکان و حەفتاکاندا لێکدانەوەی سەرەکیی خۆیان لە چەمکی «مۆدێڕنێتەی ئایدۆلۆژی» قاڵب بەندی کرد کە وەك ڕەخنەگرێکی ئاگرینی ڕۆژئاواگەری بوو. ڕەنگە بەناوبانگترین نموونەی ئەم بزاڤە ڕۆشنبیرییە کە تێگەیشتنێکی ئایدۆلۆژیی لە مۆدێڕنێتە هەبوو، جەلالی ئالی ئەحمەد بێت. ئالی ئەحمەد لە شەستەکاندا، بە داهێنانی زاراوەی*ڕۆژئاوا لێدراوی*(غەربزەدەگی) پاش «ئەحمەدی فەردید» لە بەرانبەر گۆڕانکارییە ئابووری - کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بە ئەقڵانیکردنە تەکنۆلۆژیکییەکانی ئێراندا، سەرهەڵدانی کرد. ئامانجی سەرەکیی ئالی ئەحمەد نەك هەر بە گوناهبار پیشاندانی ئەو دەستەیە لە ڕۆشنبیرانی ئێرانی بوو کە ئەقڵانییەتی تەکنۆلۆژیکیان بە گەوهەری مۆدێڕنێتەی ڕۆژئاوایی دەزانی، بەڵکو دەیەویست گوتارێکی ئایدۆلۆژیی نوێ لەنێو نەوەی سێهەمی ڕۆشنبیراندا برەو پێبدات کە ئەم گوتارە نوێیە بۆخۆی تێکەڵاوێك بوو لە سارتەر، هایدگەر و فانۆن. گوتاری نوێی ئایدۆلۆژی کە بە تێڕوانینی ئالی ئەحمەد بۆ ڕۆژئاوا پێك هات ، لە نێو ڕۆشنبیرانی دیکەی ئەم نەوەیەدا ، ناوبانگێکی بۆ ئالی ئەحمەد ، وەك ڕۆشنبیرێکی جیهانی

سێهەمی بە دیاری هێنا. هەندێ کەس کتێبی ڕۆژئاواگەریی ئالی ئەحمەدیان لە گەڵ مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست و یان دۆزەخییەکانی سەرزەویی فرانتز فانۆندا وەکیەك زانیوە. چونکە بابەت و نێواخنی ڕۆژئاواگەری، دیاریکردنی ڕۆڵ و کەسایەتیی گەلی ئێران لە بەرانبەر ڕۆژئاوای کۆلۆنیالیستدا بوو. لە لایەکیشەوە جەختکردنی ئالی ئەحمەد لەسەر مەزهەبی شیعە وەك سەرچاوەی سەرەکیی شوناسی ئێرانی لە بەرانبەر مۆدێرنێتەی ڕۆژئاواییدا، ئالی ئەحمەدی دەبردە نێو بەرباسە ڕۆشنبیرییەکانەوە کە لە لایەن مامۆستایانی وەك ئێحسانی نەڕاقی، سەیێدحسێنی نەسر، شەریعەتی، حەمیدی عێنایەت، داریووشی شایگانەوە، هاتبوونە گۆڕێ. ڕوانینی ئایدۆلۆژیی ئالی ئەحمەد بۆ مۆدێرنێتە، گورزێکی لەم نەوەیەدا، تا مەیل و داگەڕانی بە سۆز و غەریبانەی خۆیان بۆ شارستانییەتە نەریتییەکان قەوارەمەند بکەن. ژمارەیەك لەم ڕۆشنبیرانە وەك شایگان، پاش شۆڕشی ١٩٧٩ بە دەسکاریکردن و پێداچوونەوە بە ڕوانگە سەرەتاییەکانی خۆیاندا، بە قازانجی مودێرنیتە کاریان کرد. ئەم گۆڕانکارییە لە ڕوانگەکانی شایگاندا، خولی گواستنەوە لە نەوەی سێهەمی ڕۆشنبیرانی ئێرانی بۆ نەوەی چوارەمە. لایەنی دیاریکەری نەوەی سێهەم، چەشنە هزرینێکی یۆتۆپیایی و گەڕان بە دوای چەشنە مۆدێرنێتەیەکی ئایدۆلۆژیدا بوو و تایبەتمەندیی نەوەی چوارەم، ڕێگا خۆشکردن بۆ گۆڕینەوە و هەڵسوکەوتی نالاسایی کارانە و نادەسکرد و وتووێژ لەگەڵ مۆدێرنێتەیە. نەوەی چوارەم بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆشنبیرانی پاش شۆڕش دەگرێتەوە کە لە تەمەنی چل و پەنجادان و دەتوانین بە « ڕۆشنبیرانی وتووێژی» ناویان بەرین. (لە بەرانبەر ڕۆشنبیرە ئایدۆلۆژییەکانی شەستەکان و حەفتاکاندا). بەواتایەکی‌تر، بۆ ئەم نەوە نوێیە، چەمك و کاری وتووێژ، بۆ هەرچەشنە هۆشیاری و ئەندێشەی کولتوری و سیاسی، چەترێکی بووناسی پێك دەهێنێت. ئامانجی ئەم وتووێژە کولتورییە، ئیدی ئەوە نییە کە شتی کەسی دیکە بە «دوژمن» لە ئەژمار بدرێت، بەڵکو جەخت لەسەر ناسینی تەواوی «کەسی دیکە» وەك کەسێك دەکات.

لەم بەستێنەدا، ڕوانگە جیاوازە ڕۆشنبیرییەکان، خوازیاری پێکەوەژیانی هەمەلایەنەن تا ئەوەی کە بنەمایەکی نێوانزەینی بۆ گەڕان بەدوای مۆدێرنێتە و دیموکراسیدا، بدۆزنەوە. ئەم خۆدوورگرتنە لە ئایدیۆلۆژیا فێربوون لەنێو نەوەی چوارەمی ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا، لە تەشکی بێ بڕوایی بەرامبەر هەرقاڵب و تەشکێکی تاکخواز کە سامانێکی فەلسەفیی پێدرابێت، ڕەنگ دەداتەوە. ڕاست بە پێچەوانەی نەوەکانی پێشوو، ئەوەی کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی مۆدێرنێتە فێری نەوەی لاوتری کرد، وەرگرتنی ئەم تێڕوانینە گشتییە بوو کە لە «سیاسەتی



بونیادگەرا» و «ئەقڵانییەتی یۆتۆپیایی» دوورەپەرێزی بکەن. ئەم پارێزکردنە فەلسەفییە، هیچ پێوەندییەکی بە هیچ کام لە خەیاڵاشۆییەکانی ڕۆنانەوەی کۆمەڵگەی ئێرانییەوە نییە، ئەم تێڕوانینە تەنیا ڕامانێك لە میکانیزمی فرەییخوازی سیاسەت نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا،لە«منی سیاسی»ش ڕادەمێنێت. لە باسی فرەیی بەهاکانیش، بابەتی ڕۆژئاوا بە ناوێکی‌ترەوە لە بەستێنی پرۆژەی بەمۆدێرنکردندا، گەڵاڵە دەکرێت. پێویستبوونی ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی و ئەقڵانیی ئێران لەگەڵ مۆدێرنێتەی جیهانیدا، پێویستیی بە هەڵسوکەوتێکی وتووێژی لەنێو کولتورەکاندا هەیە و ئەمەش، چارەسەرکردنی فرمووڵە دژوار و یەك لایەنەکانی نەوە پێشووەکانە. لە ڕاستیدا ئەم وتووێژە هێنانە ئارای «منی ئێرانی» لە بەردەم «کەسی دیکەی» لە ڕۆژئاوای مۆدێرندایە. ئەم ڕوانگەیە لە «منی ئێرانی» دەخوازێت کە بۆ موجازەفە کردن لەسەر بەها سیاسی و کولتورییەکان و تێڕوانینە ئەقڵییەکان، حەزێك لەخۆی پێشان بدا تا لە جیاتیی ئەوەی کە بە تەواوی لە هەڵوێستی لاسایی یان ڕەتکردنەوەی ئایدۆلۆژیی مۆدێرنێتەدا بێت، ئازادانە لە بزاڤێکی بگۆڕ و گۆڕانکاردا مەلە بکات. لەم دۆخە بەناویەکداچووە کولتوریەدا و لەم وتووێژە دوولایەنەیەدا، ئیدی مۆدێرنێتە بۆ هۆکارێکی سانای ئامێری یان تەکنیکی، کەم نابێتەوە و ئیدی وەك دوژمنێکی مەترسیدار بۆ شوناسی ئێرانی، ڕەت ناکرێتەوە. ڕەنگە هەر لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوادا، یەکەمجار بێت کە مۆدێرنێتە وەك بزاڤێك لە ئەژمار بدرێت کە دەتوانێت بۆ ئێمە وانەگەلێکی هەبێت تا شوناسەکەمان بچەسپێنێت و هیچ دڕدونگییەکی نییە کە میراتی سەردەمی مۆدێڕن بە هی خۆی بزانێت. نەوەی چوارەمی ڕۆشنبیرانی ئێرانی بۆ یارمەتیدان بە سەقامگیربوونی ئەم هەڵسوکەوتە وتووێژییە لەگەڵ مۆدێرنێتەدا، خۆی لە بەندی هەڕەشەی «ڕۆژئاوا ییبوون یان دژی ڕۆژئاوابوون» ڕزگار کردووە. لە ڕوانینێکی وردبینانەدا هەموو شتێك ئاڵۆزتر بووە و ئیدی بە چاوی «مامەڵەیەکی یەکجاری» سەیری مۆدێرنێتە ناکرێت، بەڵکو بە بڕیاری ڕستە بەناوبانگەکەی کانت «بوێری بیرکردنەوەت هەبێت» بانگمان دەکات کە لەگەڵ گیروگرفتەکانی سەردەمی خۆماندا ڕووبەڕوو بینەوە. (ئاخاوتن لە زانستگەی کولومبیا، نیویورك، سەرماوەزی ١٣٧٩).

## وتووێژی شارستانییەتەکان و بەرپرسیارێتی
## ڕۆشنبیرە ئێرانییەکان

چەند ساڵێك لەمەو پێش پیرێکی دانا سەردانی ئێمەی لە تاراندا کرد و ئێمەش بە تامەزرۆییەوە گوێبیستی قسەکانی بووین. ئەم پیرە ژیرە ناوی «پۆل ریکۆر» بوو، فەیلەسووفێکی گەورە و گەڕیدەیەکی خاوەن ئەزموون کە بۆخۆی لە گەورەترین جەنگی مێژوویی مرۆڤدا، بەندی و دیلی جەنگی بوو.

پول ریکۆر کە بێگومان هەروەك بیرمەندەکانی دیکەی سەردەمی خۆی، لە ئایدیۆلۆژیی نازی و شێتییە هەمەگیرەکەی شەڕی جیهانی دووەم سەری سوڕ مابوو، لە درێژەی پەنجا ساڵی پاشتردا بە دوای دۆزینەوەی سەرچاوەکانی خراپەی سیاسییەوە بوو و خەریکی تاوتوێکردنی بەرپرسیارییەتی ڕۆشنبیران لە سەردەمی مۆدێرندا و لە پێوەندی لەگەڵ دۆخگەلێکی لەم چەشنە و بەرپرسیارییەتیی ئەوان لە بەرگریکردن لە ژیانی دیموکراسی خەریك بوو.

من ئەم چەند رستەیەم سەبارەت بە پۆل ریکۆر بە ئەنقەست هێنا کە دەمەوێ لەسەر بنەمای ئەم ئایدیایە پیشانی بدەم کە ڕۆشنبیرانی ئێرانی تا چ رادەیەك دەتوانن ئەمڕۆ وەك بناغەدانەرانی کۆمەڵگەی شارستانیی ئێران، لە وتووێژی ئێران لەگەڵ شارستانییەتەکانی دیکەدا ڕۆڵیان هەبێت.

ئەم ئەندێشەیە بە وەدەرخستنی دوو پێشگریمانە رێسابەندی دەکەم،دوو پێشگریمانە کە دەتوانن پاشتر لە رێکوپێك کردن و دەربڕینی ئەنجامدا یارمەتیم بدەن.

١ - یەکەم پێشگریمانی من ئەوەیە کە تاقە رواڵەتی شیاوی وەرگرتنی بیرکردنەوەی رۆژئاوایی لە ولاتێکی وەك ئێراندا، ولاتێك کە نە لە سەردەمی تەکنۆلۆژیك و تەکنیکیی رۆشنگەری کەڵکی وەرگرت و نە لە چیرۆکی دیالکتیکی زەین بەو چەشنەی کە هیگڵ وەسفی دەکات، شتێك نییە جگە لە ئایدیۆلۆژی، واتە بیرکردنەوەی دوورەگەزی و روونکردنەوەی سانایانەی جیهان بە رواڵەتێکی لۆژیکی و گەورەبوونێکی مێژوویی. بەم پێیە ئەگەر لە مۆدێرنێتەی رۆژئاواییدا بینەری بزاوتنێکی بەردەوام و دوو لایەنە لە نێوان پرسیار و وەڵامی فەلسەفی و پرۆژەی سیاسی دیموکراسیداین، لە ئێراندا بە پێچەوانەوە هەمیشە لە نێو نەبوونی کەشوهەوایەکی گشتی بۆ بیروڕا گۆڕینەوەی دیموکراسی و نەبوونی پرسیار و وەڵامی فەلسەفیدا، پێوەندییەکی راستەوخۆ هەیە. مەبەستی من لە «پرسیار و وەڵامی فەلسەفی»



تەنیا هونەری گوتنەوەی فەلسەفە یان مێژووی فەلسەفە نییە، بەم پێیە پرسەکە تەنیا «رۆشنکردنی بابەتی ئەزموون» یان «بیرکردنەوە سەبارەت بە بابەتی شیاوی وێنا» نییە، بەڵکو بابەتەکە لەبەر پرسیاردانانی خودە سەبارەت بە بنەماکانی هزر. لە راستیدا، پرسیار و وەڵامی فەلسەفی دەبێ وەك کردەوەی پرسیار و وەڵام لەبەرچاو بگیردرێت کە بە ریشە کولتورییەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك و هەروەها گرنگی و واتای بنەماییی کردەوەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە لە پێوەندی لە گەڵ رووداوە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەروەها نێونەتەوەییی خۆیانەوە خەریك دەبێت یان بە واتایەکی وردبینانەتر خەریکی ئەو وتووێژە دەبێت کە ئەوان دەتوانن لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەکانیتردا رێکیان بخەن.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای ئێراندا، نەریت بووە بە بابەتێکی سیاسی یان سیاسەت دەگەڵ نەریت کەوتووە. لە راستیدا هیچ پێوەندییەك لە نێوان سیاسەت و فەلسەفەدا نییە. بە پێی ئەم بۆچوونە، ئێمە هیچ نزیکایەتییەکمان لەگەڵ بۆچوونی فەیلەسووفی فەڕەنسایی «ئەریك ویل» دا نییە کە جەختی دەکرد کە«سیاسەت دەبێ ببێتە بابەتێکی فەلسەفی»، واتە هەر پرسیارێك سەبارەت بە چییەتیی سیاسەت دەبێ لە پرسیارێکدا سەبارەت بە ئەرکی فەلسەفە دووپات بێتەوە و دەنگ بداتەوە. بە واتایەکیتر فەلسەفە دەبێ وەڵامدەرەوەی سیاسەت بێت و پێوەندیی پێیەوە هەبێت هەر واکە سیاسەتیش دەبێ پێوەندیدار و وەڵامدەرەوەی فەلسەفە بێت، جگە لەوەش باسی وەڵامدانەوە دەکات و باسی «بەرپرسایەتی»ش دێنێتە گۆڕێ. ناتوانرێ بە بێ باسکردنی ئایدیای بەرپرسایەتی، باسی دیموکراسی بکرێت، واتە هیچ دیموکراسییەك بە بێ ئاکاری دیموکراسی ناتوانێت بوونی هەبێت، چونکە ئەوە ئاکارە کە دەتوانێت لە هەرتاکێکدا هۆشیاریی تەواو لە چۆنیەتیی کردەوەی دیموکراسی و مەترسییەکانی دروست بکات. بە بڕوای من دۆخی ئێران بەرهەمی پرەنسیپگەلێکی ئاکاریی لەم چەشنەیە، نەك هەر لە چەند نەوەی سیاسەتمەدارانی ئێرانیدا، بەڵکو لە نێو زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا کە رۆڵی توێژەریان لە خزمەت دەوڵەتدا گێڕا، یان هەوڵیاندا ئەم کارە بکەن. بەم پێیە ئەگەر بێ هزرییەك سەبارەت بە ئامانجی دیموکراسیی سیاسەت لە ئێراندا دەبینرێت، هۆی ئەوەیە کە مەیل و ئاوەزمەندیی زۆر لە کۆمەڵگای ئێرانیدا بۆ پرسیار و وەڵام و قووڵبوونەوەی رەخنەگرانە بوونی نییە. ئەویش بە تەواوی بەم هۆیە کە «بیرکردنەوەی ئێرانی» نەیتوانیوە ئەرکی خۆی بە جێ بهێنێت و لە بەرانبەر نەریتە ئایدۆلۆژی و ئەستوورییەکاندا، ئازادییەکەی خۆی بەکاربهێنێت. بەم شێوەیە «سنووری

بیرکردنەوە)) بە سەرنەکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەرکە فەلسەفییەکەی بوو بە هۆی شکستی((سنووری سیاسی)) کە نەیدەتوانی واتای حەقیقی دیموکراسی فامبکات و وەری بگرێت.

٢- ئەم بابەتە من بەرەو دووهەمین پێشگریمانە ڕێنوێنی دەکات. هەنووکە لە ئێراندا باسێك، سەبارەت بە ڕۆشنبیرانی ئێرانی و ئەوەی کە تا چ ڕادەیەك دەتوانن ڕەخنەگر و سەربەخۆ بن، هاتۆتە گۆڕێ. ئەوان چەندە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی شارستانیدا بگێڕن. جگە لە ڕۆڵە لۆکاڵەکەیان بۆ بە ژێر پرسیاربردنی چییەتی و پرۆسەی دەسەڵاتی سیاسی و کولتوری لە ئێراندا، زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئێرانی تێدەکۆشن بابەت و ڕووداوەکان بە شێوەی گشتیتر و جیهانیتر ببینن، دۆخی جیهانیی بابەتەکان بە سەرجەم تێکچنراوییە تەکنیکی و داپۆشراوییەکانیەوە بۆ بونیادی شوناسی تاکی و کۆیی لەبەرچاو بگرن. ئەم هەستی بە جیهانیبوونە و بەرپرسیارییەتی لە نێو نەوەی نوێی ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا لە پێوەندی لەگەڵ دیسپلینیی جیهانی و لە ئاراستەی وتووێژی شارستانییەتەکاندا نەبووەتە هۆی ئەوەی کە ئەوان هەروەك رابردوو خۆیان بە ئایدیۆلۆژیگەلی گشتخواز هاو وێنە و بناسێنن، لە ئەنجامدا، ئێمە لە نەوەی نوێی ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا، ئیدی لەگەڵ ئەو شتەی کە بیرمەندی فەڕەنسایی ((جولین بندا)) بە ((خیانەتی ڕۆشنبیران)) ناوی دەبات، ڕووبەڕوو نابینەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بینەری زۆربوونی هەستی بەرپرسیارییەتی لە بەرانبەر چارەنووسی شارستانییەتە هاوپێوەندییەکانی مرۆڤایەتیین.

پرسیار ئەوەیە کە لە پرۆسەی وتووێژی شارستانییەتەکاندا بۆچی سەبارەت بە بەرپرسیارییەتی ڕۆشنبیران قسە بکەین، نەك سەبارەت بە سیاسەتمەداران یان سەرمایەدارەکان. وەڵامەکەی ئاسانە و وادێتە بەرچاو کە ڕیشکەکەی لە چییەتیی خودی ڕۆشنبیراندایە. هەستی بەرپرسیارییەتی بۆ چوونەناو وتووێژ لەگەڵ ڕۆشنبیرانیتر و کولتورەکانی دیکە ڕێگایەکە بۆ بەرگریکردن لە مافی مانەوەی ڕۆشنبیر. هەروا کە کاری بانکدارێك بەرهەمهێنانی پارە و هەوڵدان بۆ گۆڕینەوەی لە ئاستی نێونەتەوەییدایە، هەربەو جۆرەش ئەرکی ڕۆشنبیر گۆڕینەوەی ئەندێشەکان، واژەکان و چەمکەکانە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی کولتورەکانیتر. بەم پێیە ڕۆشنبیر هۆکاری وتووێژ و ئامێری گۆڕینەوەی کولتورییە. ڕۆشنبیران لە سۆنگەی پسپۆڕییەوە بەرپرسن کە لە وتووێژگەلێکی باش، سەرڕاست و کەمتر شوێنەگومکێ بکەن. چاوەڕوانیی ئەوە هەیە کە سەرجەم ڕۆشنبیرەکان بە ڕۆحی وتووێژ بە هۆگەلی جیاواز و پسپۆڕی، دەنا بە شێوەی بنەڕەتی



پێبەندبن، زۆربەی کات بەم چەشنەیە. ڕۆشنبیر پێی خۆشە دەنگی ببیسترێت. بەڵام تاقە ڕێگا بۆ ئەوەی کە دەنگی ببیسترێت، گوێگرتن لە قسەی کەسانی دیکەیە. ئەم بابەتە زۆرتر پێوەندیی بە ڕۆحی دانبەخۆداگرتنەوە هەیە، تا بە خودی دانبەخۆداگرتنەوە. چونکە کەس ناتوانێت بەڵێن بدات کە هەرگیز بێ سەبر نەبێت. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕۆحی دان بە خۆداگرتن و سەبر بپارێزرێت. بەم واتایە کە چۆن دەبێ لە هەڵەکانی خۆمان پاشگەزبینەوە، چۆن خۆمان چاك بکەین و چۆن خوازیاری ئەوە بین کە وتووێژی بەرهەمدار و ساناگیرانە لەگەڵ کەسانی دیکەدا ساز بکەین. بەڵام ناتوانرێ لە کەشوهەوایەکی پڕ لە ڕق و کینەدا لەگەڵ کەسانی دیکەدا وتووێژ بکرێت. کەم کەس هەیە دژی ئەم بۆچوونە بێت، بەڵام هەمووان لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا تەبا نین تا بتوانین جیهانێکی بە دوور لە ڕق و کینەمان هەبێت. بەڵام تەنانەت ئەگەر بڕوا بکەین کە ڕق هیچ کاتێك لە نێو خەڵکاندا تێدا ناچێت، دووبارە ئەمە ناتوانێت پاساوێك بێت بۆ ڕقی ئێمە بەرامبەر کەسانی دیکە. ئەوەی کە بڵێین ڕق و قین بەشێکە کە هەرگیز لە خەڵکانی جیهان جوێ نابێتەوە، ڕق و قینی گەلەکەمان و خۆمان پاساو نادات. ئەگەر بڕوامان بەم حەقیقەتە ساکارە نەبێت، چەمك و بەرپرسیاریەتی دەبێتە شتێکی بێهودە. هەر بۆیە ناتوانین ئەوە قەبووڵ نەکەین کە بێ سەبری، بێ سەبری دەهێنێت و ڕق، ڕق. ئەمە حەقیقەتێکی سروشتییە نەك چارەنووسێکی سیاسی. وادەردەکەوێت کە ڕق وتووێژ لە هەر تەشکێکدا کۆڵەوار دەکات. جگە لەوەش یەکپارچەییی دەروونیی ئێمە کە ئەنجامی ئامۆشۆی ئێمە لەگەڵ کەسانی دیکە و متمانە و دۆستایەتی لەگەڵ کەسانی دیکەیە، وێران دەکات. لەم پێوەندییەدا ڕق و قین ڕۆحی ئێمە لەتدەکات و ڕۆحیە و زەینی ئێمە ناکارامە و کۆڵەوار لە هەر چەشنە جیاوازیدانان و جوێکردنەوەیەك دەکات. بەم چەشنە ئەم ڕقە بە نەمانی وتووێژ کۆتایی دێت و خودپەرستیی گروتێسك و نەبوونی ڕەخنە بەرامبەر خۆمان. ئێرانییەکان لەم قۆناغەدان و لەم خاڵەوە دەبێ بەرپرسیارییەتی نەوەی نوێی ڕۆشنبیرانی ئێرانی بخەنە بەر باسەوە.

٣ - ئەمە بەرەو سێهەمین بەشی باسەکەم دەمبات کە لە هەمان کاتدا ئەنجامی باسەکەشە. بۆ دەبێ ڕۆشنبیرانی ئێرانی بەرامبەر ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگەی شارستانیی ئێران لەمەڕ پرۆسەی وتووێژی شارستانییەتەکان هەست بە بەرپرسیارییەتی زۆرتر یان بە شێوەیەکی جیاواز هەست بە بەرپرسیارییەتی بکەن؟ بە دڵنیاییەوە بە هۆی ئەوەوە نییە کە لە دیاریکردنی چاك و خراپدا کەسگەلێکی بڕواپێکراون. هەروا کە دەزانین لە درێژەی سەدساڵی رابردوودا ڕۆشنبیرانی ئێرانی لە هەڵبژاردنە سیاسی و ئاکارییەکانی خۆیاندا هەڵەگەلی

گەورەیان کردووە. زۆربەیان شوێنکەوتوانی ئایدیۆلۆژیگەلی نامرۆڤانە و سەرەڕۆییگەلی چەوسێنەرانە بوونە. زۆربەیان داواکاریی ڕێبەرایەتیی سیاسەتی ناسەبرانە و رقاوییان کردووە و زۆربەیان یارمەتیدەری تێداچوونی پلەوپایەی ڕۆشنبیر وەك کەسایەتییەکی ئاکاری بوونە. سەرەڕای سەرجەم ئەمانەش هێشتا چاوەڕوانیی ئەوەیان لێدەکرێت کە ڕۆڵی جێبەجێکارانی حەقیقی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە لە ئێراندا بگێڕن. دەتوانین لەسەر ئەو بڕوایە بین کە نەوەی نوێی ڕۆشنبیرانی ئێرانی دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورەی بە سەر ژیانی گەلی ئێرانەوە هەبێت و هەر لەم ڕێگایەشەوە بە وەرگرتنی ڕۆڵی بیرمەندانی رەخنەگر کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر وتووێژی گەلی ئێران لەگەڵ نەتەوەکانیتردا هەبێت. بەم گریمانەوە کە پرۆسەی بەڵگەهێنانەوەی رەخنەگرانە لەواندا هەستی رەخنەگری بەرامبەر سەرجەم تەشکەکانی نەبوونی تێیدانین لە بەرانبەر واقیعییەتدا وەدی دێنێت. بەڵام دەبێ لەسەر ئەو گومانە بین کە هەستی سەبر و مەیل و هاودەنگی لەگەڵ کولتورەکانیتریش چێدەکات. بە واتایەکیتر، بەرپرسیارییەتیی ئێمە وەك ڕۆشنبیری ئێرانی هەر لێرەوە و هەر ئێستا و لە خۆمانەوە دەسپێدەکات. یەکەم ئەرکی ئێمە دەسپێکردنی وتووێژیکی رەخنەگرانەیە لەگەڵ شارستانییەتی خۆمانەدا. بە قەبووڵکردنی ئەم وتووێژە، ئەرکی ئێمە نەك وێرانکردن بەڵکو خولقاندنی بەهاکان و دامەزراوەگەلی نوێیە. ئێمە دەبێ بە راوەستاوی و بە قووڵی لە مۆدێڕنێتەدا بمێنینەوە، هاوکات لەگەڵ هۆشیاری و وەبیرهێنانەوەی نەریتە ئێرانیەکان و بە هەستی بەرپرسایەتی بەرامبەر رابردوو. چونکە ئەگەر نەتوانین بەرامبەر نەریتەکانمان و واتاکانیان هۆشیار بین، ناتوانین بەرامبەر مۆدێڕنێتەکەشمان هۆشیار بین. بەم پێیە نابێ لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ نەریتەکانماندا پاشەکشە بکەین. یان لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مۆدێڕنێتە بە لەبەرچاو گرتنی ئەم نەریتانە دوورەپەرێزی بکەین. بنەمای رەخنەیەکی لەم چەشنە لە بیرکردنەوەی روژئاواییدایە. بەڵام هەروەها بە شێوەیەکی دیاریکراوتر دەتوانین لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژیشدا بیدۆزینەوە. ئەمڕۆ وا دێتە پێش چاو کە بۆ ڕۆشنبیرانی ئێرانی وتووێژ لەگەڵ شارستانییەتەکانیتر لە پێشەوەی هەر بابەتێکیتر لە مەڵبەندی بیرکردنەوەی رەخنەگرانەدا بێت. نەبوونی نەك هەر دەبێتە هۆی قەیرانگەلی کولتوری و سیاسیی توندوتیژ، بەڵکو بە تێداچوونی خود و لەبیرچوونەوەی نەریتە ئێرانییەکان دەگات.

(ئاخاوتن لە زانستگەی نورف ئێستیرن، بوستۆن، بانەمەڕی ١٣٧٨)

## بەشی سێیەم:

# وەدەرخستنی پرسیاری فە لسەفی و پرۆژەی رۆشنگەری
# لە ئێرانی ئەمڕۆدا

## مۆدێڕنیته و گوتاری ڕۆشنبیران له ئێراندا

**محەمەد ڕەزا ئیرشاد کاك دکتۆر وەك یەکەم پرسیار تۆ ساڵی ١٣٣٥ لە تاران لە دایك بوویت. هەلومەرجی زاڵ بەسەر منداڵی و مێرمنداڵیتدا چ بوو و چۆن بوو حەزت لە فەلسەفە کرد و فەلسەفە تۆی بە چ ڕامانگەلێکی هزری بەرامبەر کۆمەڵگەی ئێران ناچار کردووە و ئایا لەم پێوەندییەدا پرسیارگەلێك بۆ تۆ لە ئارادا بووە کە بە شێوەیەکی تایبەت خەریکی فەلسەفە بوویت.**

جیهانبەگلوو- من لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر لە دایك بووم. باوکم (ئەمیرحسێن جیهانبەگلوو) ئابووریزان و وەرگێڕبوو و لەبەر ئەوەی کە لە فەڕەنسادا خوێندبووی، زۆر لە ژێر کاریگەری کولتوری فەڕەنسادا بوو. دایکم (خوجەستەکیا) دەرهێنەری شانۆ بوو و لە بەریتانیا خوێندبووی. من لە منداڵیدا دەچوومە قوتابخانەیەکی ئینگلیزی و زمانی فارسی وئینگلیزی پێکەوە فێربووم. هەربۆیە زۆر زوو لەگەڵ کولتوری ڕۆژئاوادا ئاشنابووم. ئەم ئاشنایەتییە سەرەتا لە ڕێگای زمانی ئینگلیزییەوە بوو پاشان لە ڕێگای زمانی فەڕەنسییەوە. جگە لەوەش هەر لە سەرەتای منداڵیمەوە لە بەر هەلومەرجی کاریی دایك وباوکم هەم لەگەڵ دونیای ئەندێشە و فەلسەفە و هەم لەگەڵ دونیای هونەر ئاشنا بووم. بۆحەز کردن لە سینەما و شانۆ قەرزداری دایکمم کە لەگەڵ خۆیدا دەیبردمە نێو پرۆڤە-ەکانیەوە و جوان لە بیرمە کە کاتێك بۆ ئەوروپا سەفەرمان دەکرد، لەگەڵیدا بۆ تەماشاکردنی شانۆنامەکانی بێکت، یۆنسکۆ و هارۆڵدپینتێر دەچووین. باوکم بە هاوینان لەماڵەوە وانەی فەلسەفە و ماتماتیکی بۆ دادەنام و منیش لە سەرم بوو کە لەگەڵ ئەودا کتێبەکان بخوێنمەوە. هەندێ جاریش ئەگەر لە تاقیکارییەکانی باوکمدا دەرنەچووبام، مافی یاریکردنم نەبوو. بەڵام سەرجەم ئەم زەبروزەنگە و ئامۆشۆی کەسانی وەك جەلالی ئالی ئەحمەد، سوهرابی سپهری بۆماڵی ئێمە بوونە هۆی ئەوەی کە بەرەبەرە لەگەڵ دونیای ڕۆشنبیریی ئێران و ڕۆژئاوا ئاشنابم.

ئێمە لە ماڵی خۆماندا شەوی فەلسەفیمان هەبوو کە کەسانی وەك ئەحمەدی فەرید، شاهرۆخی مەکسووب، داریووشی شایگان و هەندێ جاریش داریووشی ئاشووری بۆ ئەو دانیشتنانە دەهاتن. ئەم دانیشتنانە بوون بە هۆی ئەوەی کە من بەرەبەرە بەرەو فەلسەفە مەیل پەیدا بکەم. جگە لەوەش لەگەڵ دایك و بابمدا چەند جارێك بۆ ڕۆژئاوا سەفەرم کرد. (ساڵێك لە



جنێڤ-، ساڵێك لە بەریتانیا، ساڵێك لەئەلجەزایردا) کە ئەم سەفەرانە منیان لە نزیکەوە لەگەڵ کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکان و بەتایبەتی لەگەڵ ڕۆژئاوادا ئاشنا کرد.

پاش گەڕانەوە بۆ ئێران چوومە قوتابخانەی «ئێران زەمین» کە قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی بوو و وانەکانی ئێمەش هەموویان ئینگلیزی بوون. پاش ئەوەی کە دواناوەندیم تەواو کرد، گەرچی لەدوو زانکۆی ئەمریکادا وەك خوێندکاری پزیشکی وەرگیرابووم، چوومە فەڕەنسا. ئەمەش لە بەر پێداگریی باوکم بوو کە کولتوری فەڕەنسای زۆر خۆش دەویست، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئاراستەی ژیانی من بگۆڕدرێت و کەسێك کە دەیەویست ببێتە پزیشك، بەرەو فەلسەفە ڕۆییشت. ئەڵبەت من هێشتا پێموایە کە پێوەندییەکی چڕوپڕ لە نێوان پزیشکی وفەلسەفەدا هەیە، لە بەر ئەوەی یەکیان خەریکی ڕۆح و زەینی مرۆڤ دەبێت و ئەویتریان بە جەستەی مرۆڤەوە. لەبەر ئەوەی روح و جەستە گشتێك دروست دەکەن، فەلسەفە و پزیشکیش لێك جیانین. کاتێك سوکرات باسی «مایۆتیك» (لە دایك بوونی ڕۆح) دەکات، ئەم پێوەندییە دیاری دەکرێت.

من لە ڕاستیدا لە پازدەساڵیەوە حەزم لە فەلسەفە کردووە. ئەویش بە هۆی ئەو کەشوهەوایەوە بوو کە تێیدا گەورە بووم. باوکم خوالێخۆشبوو ئەمیرحسێنی جیهانبەگلوو ئابووریزان بوو، بەڵام زۆر حەزی لەفەلسەفە دەکرد. ئێمە لە ماڵی خۆمان دا دانیشتنگەلێکمان هەبوون کە بە «فەردیدیە» ناودەبران.

من ئەوسەردەمە واتە لەتافی مێرمنداڵیدا دەچووم و دادەنیشتم و ئەوانیتر قسەیان دەکرد. ئەمە بۆمن زۆر خۆش بوو، ئەڵبەت زۆر دژوار بوو تا زانیم ئەمانە سەبارەت بە چ شتێك قسە دەکەن.

*** لەو دانیشتنانەدا کە بە فەردیدیە ناسرابوون، زۆرتر باس لە چی دەکرا؟**

- باسەکان زیاتر لە سەر هایدگەر، حافیز، مەسەلەی لۆکاڵگەری و هەروەها گەڕانەوە بۆ خود کە ئەو سەردەمە کەسانی وەك ئیحسانی نەڕاقی و داریووشی شایگان و تا ڕادەیەکیش ئالی ئەحمەد و شەریعەتیش قسەیان دەکرد، بەڵام زیاتر بابەتگەلی فەلسەفیی زۆر ئەبستراکت بوون. و ڕەنگە بۆ مێرمنداڵێکی وەك من زۆر دژوار بوون. زۆربەی ئەوانەی کە لەو دانیشتنانەدا بەشدارییان دەکرد، بە چاوی ڕێزەوە سەیری دکتۆر فەردیدیان دەکرد، بەڵام هەمیشە لەگەڵیدا هاوڕا نەبوون. بۆ وێنە باوکم و دوکتۆر شایگان و شاهرۆخی مەسکووب

لەگەڵ بۆچوونەکانی فەردیددا یەکیان نەدەگرت. دکتۆر فەردید پیاوێکی خۆش قسە بوو، جوان لە بیرمە کە پێی خۆش بوو کە لە روانگەیەکی هایدگەرییەوە بڕوانێتە حافیز و هەر بۆیە زۆربەی کات لەسەر حافیز باس دەکرا. هەندێ جاریش کێشەگەلێك دروست دەبوون و جارێکیش لە نێوان فەردید و یەکێکیتر لە مامۆستایان کێشەیەك دروست بوو، کە بوو بە هۆی جوێبوونەوەی خێرای ئەم دوانە. بە هەرشێوە لەو کۆڕانەدا بەڕێزەوە سەیری دکتۆر فەردید دەکرا، بەڵام رەخنەشیان لێدەگرت کە ئەم رەخنانە پاشتر زۆرتر بوون. بەڵام ئەوکاتەی کە من خەریك بووم لە ئێران بچمە دەرێ، دایك و بابم کەمتر دکتۆر فەردیدیان دەدیت. بەڵام ئەوەی کە بە دژایەتیکردنی رۆژئاوا لەلایەن فەردیدەوە پێوەندی هەیە، بە بڕوای من بەرهەمی تێڕوانینی ئایدۆلۆژییی فەردید بۆ کولتوری رۆژئاوایە.

من لەگەڵ سەرجەم رۆشنبیرانی ئێرانیی چلەکان و پەنجاکاندا کە، کولتوریان لە سەر تەختی پرۆکۆرۆستی ئایدیۆلۆژییەوە دانا، و پارچە پارچەیان کرد، نیم. فەردید یەکێکە لەوانە. بە بڕوای من هایدگەر گەورەترین و گرنگترین فەیلەسووفی سەدەی بیستەمە، بەڵام ئەو راڤ-ە هەڵەیە کە لە فەلسەفەی هایدگەر لە ئێران کرا، هەم زەبری لە خودی هایدگەر دا و هەم لە ئێمەش. ئەنجامەکەش ئەوەبوو کە ئەو کەسانەی قوتابی فەردید بوون، ئەمڕۆ رۆژئاوا بە پەتای سەرزەوی دەناسێنن. ئەمە فەلسەفە نییە. ئەمە دوژمنایەتییە کە هیچ جێگایەك بۆ مەعریفەی فەلسەفی ناهێڵێتەوە. بە هەرشێوە من وانەکانی خۆم بە زمانی ئینگلیزی تەواو کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بابم فەرەنسیی باش دەزانی و لەوێ خوێندبووی و زۆریش حەزی لە فەلسەفە دەکرد، منی بۆ فەرەنسا نارد. فەرەنسا بۆ من فەرەنسای ئایدیالە فەلسەفییەکانی ژان پۆل سارتەر و میشل فۆکۆ و کەسانیتر بوو.

*** ئەڵبەت من پێموایە مەبەستی ئێوە فەرەنسای پاش ١٩٦٨بێت، کە بزاڤ-گەلی رۆشنبیری و فەلسەفیی زۆری تێیدا دروست ببوو؟**

- بێگومان من لە ١٩٧٤دا چوومە فەرەنسا و سەردەمێك کە١٧ساڵ تەمەنم بوو بە فەرەنسا گەیشتم و زیاتر حەزم لە زانیارییەکان دەکرد و تەنانەت دوو ساڵیش زیندەوەرزانیم خوێند، بەڵام لە پاڵیدا فەلسەفەشم دەخوێندەوە. پاش فێربوونی زمانی فەرەنسی، بڕیارم دا بچمە زانستگای سۆربۆن و ناوبنووسم و دەست بەخوێندنی فەلسەفە بکەم. گەورەترین شانسی من ئەوەبوو کە کاتێك من چوومە زانکۆی سۆربۆن و خەریکی خوێندنی فەلسەفە بووم،



مامۆستا گەورە فەلسەفییەکانی فەرەنسا لەوانە چەند کەس لە قوتابییەکانی هایدگەر کە مامۆستای من بوون، لەوێ وانەیان دەگوتەوە. مروڤ-گەلی وەك «یانکلویچ» کە قوتابی «برێگسۆن» بوو، یان «ئەمانۆیل لویناس» کە لەو سەردەمەدا هێشتا وانەی دەگوتەوە مامۆستایانیتریش کە بۆ من زۆر بەڕێز بوون و من کاری فەلسەفی لەوانەوە فێر بووم. لە پاڵ سۆربۆندا کە بەشێوەی کۆنی ئەوروپایی وانەی بە ئێمە دەگوتەوە، من و دۆستان و قوتابییەکانیتریش، بە شوێن دامەزراوەگەلیتردا دەچووین. «میشل فۆکۆ» لە «کولێژدۆفرانس»دا وانەی دەگوتەوە، وانەکانی سەبارەت بە بابەتی حکوومەت بوون. من لە پۆلەکانیدا بەشداردەبووم. ئەڵبەت زۆر دژوار بوو، بۆ نموونە، کاتێك کە ساڵی یەکەمی فەلسەفە بووم دەچووم و شتێك فێرنەدەبووم و زۆریش پێم خۆش بوو کە باسەکانی ئەو و ئەوشتانەی کە لە نێوکتێبەکانیتردا دەیانخوێنمەوە، لەگەڵ وانەکانمدا تێکەڵیانبکەم کە مامۆستایان چەند جارێك رەخنەیان لێگرتم و تەنانەت هزەی خراپیشیان پێدەدام، کە کاکە تۆ خەریکی لە سەرەتاوە دەست بە فێربوونی فەلسەفە دەکەی و پێویست نییە کە ئەم باسگەلەی کە بۆ پلەی دکتورایە، بهێنێتە نێو وانەکانتەوە. بەهەرحاڵ ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە من زۆرتر حەز لە فەلسەفە بکەم و درێژەی پێبدەم تا ئەوەی کە تا پلەی پێش دوکتۆرا چوومە پێشێ، پاشان تۆژینەوەیەکم لە سەر هیگڵ و شۆڕشی فەرەنسا نووسی کە بە هۆی ئەم تۆژینەوەیە حەزم کرد مێژووش بخوێنم و چووم بەکالوریوسێك و ماجێستەرێکی مێژووشم وەرگرت.

من هەرکە وانەکانی خۆم لە فەلسەفەدا وەرگرت، هاوکاریی خۆم لەگەڵ کۆڕە فەلسەفییەکاندا دەستپێکرد. لەوانە هاوکاری لەگەڵ گۆڤارگەلی وەك «ئیسپرای» و «ئێتۆد». لەوەپاش هاوکاریکردن لەگەڵ ئەم کۆڕ و مەڵبەندە ئەدەبی و رۆشنبیرییانەی فەرەنسا، بووە هۆی ئەوەی کە من کاری وتارنووسین لە پاڵ نووسینی کتێبدا درێژەپێ بدەم. ئەو کارانەی من کە لە ئێران چاپ کراون، زۆربەیان بەرهەمە ئاکادمیکەکانی منن و لەوانە کتێبێکە سەبارەت بە «شووپنهاوەر» و «کانت»، هیگڵ و سیاسەتی مودێرن، و هەروەها کتێبێك بە ناوی «ماکیاڤیلی و ئەندێشەی رینێسانس» کە هەرسێکیان کاری ئاکادمیکن. بەڵام کارێك کە من بۆ کۆمەڵگای فەرەنسام کردووە، وتووێژ لەگەڵ «ئایزایا بەرلین»ە کە بە هۆی هاوکاری لەگەڵ گۆڤاری ئیسپرایدا دەستی پێکرد و بووە هۆی ئەوەی کە من بەدوای وتووێژدا بڕۆم وەك یەکێك لە مێتۆدەکانی گواستنەوەی هزری فەلسەفی بۆ خەڵکی گشتی. من هەمیشە دووپاتم کردۆتەوە کە ئەم کتێبانە «چاوپێکەوتن» نین، بەڵکو وتووێژگەلی فەلسەفی و سوکراتین کە تێیاندا

باسگەلی هزری و فەلسەفی دێنە گۆڕێ. بە بڕوای من ئەم شێوازە باشترین مێتۆدە بۆوەی دووکەس بە دوو بنەمای فەلسەفی و هزرییەوە سەبارەت بە چەمك و بابەتە هزرییەکانی خۆیان باس بکەن. ئەم کارەی من لەوێوە دەستی پێکرد. کارەکەی‌ترم وتوویێژ لەگەڵ «جورج ستاینێر»دا بوو کە بە ناوی «ویژدانی ژیان»، وەرگێڕدراوە و هەروەها وتوویێژ لەگەڵ «دکتۆر شایگان»دا کە بەناوی لە ژێر ئاسمانەکانی جیهاندا، بۆ فارسی وەرگێڕدراوە و هەروەها رەخنە لە ئەقڵی مۆدێرن و کتێبگەلی‌تری وەك وتوویێژ لەگەڵ «دکتورسەییدحسێنی نەسر»، سەبارەت بە ئیسلام و مۆدێرنیت-ە و وتوویێژیکی‌تر لەگەڵ بیرمەندێکی هیندستانی بە ناوی «ئاشیش ناندی» کە بابەتەکەی نەریت و مۆدێرنێتەیە و وتوویێژگەلی پەرش وبڵاوی‌تر کە بەشێکیان لە کتێبی جیاوازی و ساناگیریدا هاتوون و سەبارەت بە بابەت و باسگەلی فەلسەفەی سیاسین. کەواتە وتوویێژ بۆمن یەکێك لەشێواز و قاڵبەکانی نووسینی بەرهەمەکانە و قازانجیان بۆکۆمەڵگەی ئێرانی ئەوەیە کە خوێندکاران و خوڵیایانی ئێرانی دەتوانن لەگەڵ روخسارە فەلسەفی و هزرییەکانی رۆژئاوا و هزرەکانیان ئاشنابن.

ساڵی١٩٩٢کاتێك گەڕامەوە بۆ ئێران و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لێرەدا مامەوە، بەو باوەڕە گەیشتم کە ئەم کارە بە شێوەیەکی جیددی درێژە پێبدەم و ئەنجامی ئەم بڕیارەش کتێبی «رەخنە لەئەقڵی مۆدێرن»ە کە روخسارە فەلسەفی و رۆشنبیرییەکانی جیهانی ئەمڕۆ بە خوێنەری ئێرانی دەناسێنێت و پاشان کتێبێك بە ناوی «ئێران و مۆدێرنێتە» کە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ئێرانییەکان و رۆژئاوایە.

هەر لەوکاتەدا بۆ خولێکی کورت لە ئەنجوومەنی فەلسەفی و پەندیاریدا وانەم گوتەوە و چوون توێژەری ئەنجوومەنی ئێرانناسیی فەرەنسا بووم، ئەنجامی چالاکییەکانی خۆم بە ناوی ئێران ومۆدێرنێتە بڵاو کردەوە.

لە پاڵ ئەم کارەدا توێژینەوەم لە فەلسەفەی سیاسیدا درێژە پێدا و ئەنجامەکەی توێژینەوەگەلێك بوون سەبارەت بە «کاستۆر دیاس»، «لوفور»، «هانا ئارێنت»، «ئایزابێرلین» و پاشان وتوویژ گەلێك لەگەڵ هەرکام لەمانە کە بەرهەمەکەی رەخنە لە ئەقڵی مۆدێرنە لە دوو بەرگدا و هەروەها کتێبگەلی «مۆدێرنێتە، رۆشنبیران و دیموکراسی»، «مودێرنەکان» و دواجار کارگەلێکم سەبارەت بە نەبوونی توندوتیژی لەو سەردەمەدا کردووە.



*** کاك دکتۆر ئەم سەربوردەیە لە راستیدا رەوتی هزریی تۆ وەك رۆشنبیرێکی ئێرانی پێشان دەدات. دەمەوێ بزانم تۆ وەك رۆشنبیرێکی ئێرانی کە مەسەلەکانی ئێران لە نزیکەوە دەناسیت و لە لایەکی تریشەوە ئاشنایەتیت لەگەڵ بیرکردنەوە فەلسەفی و سیاسیەکانی رۆژئاوادا هەبووە، چ ئەندێشەگەلێك چ فەلسەفی، سیاسی و یان کۆمەڵایەتیت بۆ کۆمەڵگەی ئێران بە کەڵك و پێویست زانیوە و بۆچی؟**

- ئەمانە هەر کامێکیان لە سەردەمی خۆیاندا بە کەڵك وپێویست بوون. «سارتەر» فەیلەسووفێك بووە کە سەردەمەکەی خۆی لە رێگای فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزمەوە خستووەتە ژێر کاریگەریەکی زۆرەوە تا چالاکییە سیاسییەکانی. من لە بنەرەتدا لەگەڵ چالاکییە سیاسییەکانی سارتەردا نەبوومە و نیم. چونکە من هیچ کات مارکسیست نەبوومە و هەمیشە لە بەرانبەر مارکسیزمدا هەڵوێستێکی توند و رەخنەگرانم هەبووە. پێموایە تا ئەو رادەیە کە سارتەر گرنگ بووە، بیرمەندێکی وەك «رێمۆن ئارۆین»یش کە کومەڵناسە، گرنگە. یان بۆ وێنە «مێرلۆپۆنتی» کە سارتەر بۆ چەندین ساڵ سێبەری بە سەریەوە کردبوو. مێرلۆپۆنتی بیرمەندێکە کە گرنگییەکی زۆری بە دیاردەناسی دەدا و زۆر زۆر درەنگیش ناسرا و ئێمە ئێستا لە ئێراندا خەریکین پەیدای دەکەین. من پێموایە کە بۆ ئێرانی ئەمڕۆ لە جیاتیی ئەوەی کە بە دوای مۆدەوە بین، بنەمای فەلسەفەیەکی مۆدێرنی راستەقینە دابڕێژین.

بابەتی سەرەکی کە لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە بزانین لە سەردەمی پۆست مودێرندا، ئێمە لەگەڵ دۆخێکی پۆست متافیزیکی یان دۆخێك کە وەك کۆتاییی فەلسەفە لێك دەدرێتەوە، رووبەروو بووینەتەوە. پۆست مۆدێرنەکان کە ئەم هەمووە بەلای ئێرانییەکانەوە گرنگن، لە راستیدا باسی ئەو قەیرانانە دەکەن کە دەستەویەخەی ئەندێشەی مۆدێرن بوونەتەوە، ئەم بابەتانە ئێمە لە بەربەستدا دادەنێن. ئێمە دەبێ بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم بەربەستە تێپەڕ بکەین. ئەمڕۆ ئەو فەلسەفانەی کە خەریکە لە رۆژئاوادا خۆیان دەردەخەن، لەوەدان ئەم بەربەستانە تێپەڕ بکەن. بە بڕوای من ئەمانە زۆر بە ئێمەوە نزیکن. یەکێك لەو بابەتانەی کە فەیلەسووفانی لەم چەشنە گەلاڵەی دەکەن، هیومانیزمی پۆست متافیزیکییە کە نیۆکانتییەکانی وەك «لوك فری» یان کەسانی وەك «هابرماس» و «جان راولز» باسیان دەکەن و من خۆم بەوانەوە نزیکتر دەزانم هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە راستیدا بەدوای رزگارکردنی ئەو بکەری مەعریفە ئەقڵانی و ئەو بکەرە سیاسییەوەن کە کانت و رۆشنگەری باسیان لەسەر دەکرد کە پۆست مۆدێرنەکانیش بڕوایان پێی هەیە، بەڵام رەخنەی لێدەگرن.ناسەر (بکەری

مەعریفە)ی پێشکەوتوو کە کانت باسی لەسەردەکات، ناسەرێکە کە هێشتا هەمەگیر و زیندوو و جێگای باسە و ئێمە هێشتا لەگەڵ ئەم بابەتە گشتی وجیهانییەدا، رووبەڕووین. بەم پێیە دەبێ بەدوای سیاسەتێکەوە بین کە لە سەر بنەمای بکەری مەعریفەی حقوقی مۆدێرن بێت. لە مافی مۆدێڕندا ئامانج ئەوەیە کە چۆن لە هاوولاتی وەك تاکێك رێز بگرین. بنەمای فەلسەفیی ئەم بابەتە لە مروڤ-خوازیی پۆست متافیزیکیدایە.

*** تۆ بە جۆرێك باسی پۆست مۆدێڕنەکان دەکەیت، کە لە بەرانبەر مودێرنیتە دایاندەنیت، لە کاتێکدا پۆست مۆدێڕنەکان پەروەردەی هەلومەرجی مۆدێڕنن و بڕوایان بە بنەماکانی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی جیددی رەخنەی لێدەگرن. وەك ئەو رەخنانەی «فۆکۆ»،«دریدا»، «دلوز» و «بۆدریار» و...لە مودێرنیتەی دەگرن؟**

- رەخنەکانی ئەوان هەمیشە وەکیەك نین، رەنگە فۆکۆ فەیلەسووفێك بێت، کە بەرامبەر ئەوان زیاتر گرنگی بە بابەتەکانی رۆشنگەری دابێت. لە وتارێکدا کە فۆکۆ سەبارەت بە رۆشنگەری و ئەو پرسیارەی کە لە خۆی دەیکات کە «رۆشنگەری چییە؟» لە راستیدا گوتاری مودێرنیتە لە خودی مودێرنیتەیە، فۆکۆ رەتی ناکاتەوە. فۆکۆ تا رادەیەکیش خۆی بەگرێدراوی دەسکەوتەکانی رۆشنگەری دەزانێت و بەڵام باسێك کە دەیکات ئەوەیە کە ئەم هیومانیزمە متافیزیکییە پاش نیتچە و هایدگەر کۆتاییی پێ هاتووە، واتە بە نیتچە کۆتایی پێهاتووە و هایدگەریش هاتووە و گوتوویەتی کە نیتچە دوایەمین متافیزیسیەنە. ئەو بابەتە زیاتر لە شێوەی بابەتی گوتاری دەسەڵات دێنێتە گۆڕێ. ئێستاکە باسێك کە بوونی هەیە، ئەوەیە کە پۆست مۆدێڕنەکان هەم فۆکۆ و هەم دریدا و ئەوانیتریش، ئێمە لە بەربەستێك دادەنێن و ئێمەش ناتوانین لە بەربەستێکدا دابنرێین. ئەوباسانەی کە دەیانکەن تا رادەیەکی زۆر راستن. لەوانە ئەوەی کە لە دونیای کۆمپیوتەریی ئەمڕودا گێڕانەوە گەورە مێژووییەکان کۆتاییان پێ هاتووە. ئەمانە دەڵێن کە بکەری سیاسی بۆتە تایبەتی و لە کەشوهەوای گشتیدا بەشدار نییە، ئەمانە هەموویان راستن بەڵام ئەنجامگرتنەکەیان کە سەردەمی کۆتاییی فەلسەفە هاتووە و ئەوەی کە ئێمە ناتوانین هیچ چەشنەکردێکمان هەبێت، بە بڕوای من هەڵەیە و بە بڕوای من وەڵامێك کە «پۆل ریکۆر» وەك فەیلەسووفێکی سیاسی کە بە هێرمنوتیکیشەوە سەرقاڵە و وەڵامی فەیلەسووفانی وەك «لووك فری» یان «هابرماس» راستترە. چوونکە ئەوان دەیانەوێت ئێمە لەم بەربەستەدا بهێننەدەرێ. هۆکارەکەشی زۆر روونە، ئەوان دەڵێن کە ئەگەر فەلسەفە



کۆتایی پێ بێت، واتە ئێمە قەبووڵی بکەین کە فەلسەفە بە کۆتایی گەیشتووە، یان ئێمە لە سەردەمی کۆتاییی ئەندێشەداین، ئەمە بەواتای کۆتاییی کرداریشە. ئەگەر کۆتاییی کرداریش بێت، کەواتە ئێمە ئیدی چۆن دەتوانین ناسەر وەك بکەرێکی حقوقی و هاوولاتیی مۆدێڕن بهێنینە ئاراوە؟ ئێمە ناتوانین بکەری مەعریفەی مۆدێڕن لەم بەربەستە متافیزیکییەدا دابنێین. ئەم ناسەرە مۆدێڕنە پێویستیی بەوە هەیە کە وەك هاوولاتیەك سەبارەت بە مافەکانی بۆ وێنە مافی مروڤ باس بکرێت. ئێمە تەنیا ناتوانین لە دۆخێکی رێژەییخوازیی کولتوریدا دابنرێین.

*** ئایا لە راستیدا ئەم چاوەڕوانی و داخوازییانەی تۆ بە جۆرێك رەنگدانەوەی هەندێك لە داخوازییەکانی رۆشنبیران و تیپە رۆشنبیرییەکانی ئێرانن؟**

- بەڵێ هەندێکیش رەنگدانەوەیە و بەشێکیشی لە دژایەتی لەگەڵ ئەو کەسانەیدا کە لایەنگری ئەم چەشنە لۆکالگەرییەن. بەبڕوای من لۆکالگەری ئەمڕۆ بێ واتایە. بۆوەی ئێمە دەبینە شتگەلێکی گچکە یان ماسیگەلێکی چکۆلە لە ئەکواریۆمێکدا (حەوزی ماسی) کە خەڵکی دیکە بە شێوەی ئەتنیسیتەناسانە سەیرمان دەکەن، من وەك ئێرانییەك پێم خۆشە ئێران بچێتە سەدەی بیستویەکەمەوە و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ ئەندێشە لە ئێراندا دۆخێکی بزۆز پەیدا بکات.

*** لۆکالگەرەکان گەرچی دەستەگەلی جیاوازیان هەیە، لە راستیدا مودێرنیتە رەت ناکەنەوە، بەڵام دەیانەوێت لەگەڵ نەریت و بابەتەکانی ئێرە و بابەتە هەنووکەییەکاندا هاوجووتی بکەن، پێم وانییە ئەم بابەتە رەت بکەیتەوە؟**

- نا، رەتی ناکەمەوە، بەڵام پێموایە هاوجووتکردنی بە مەرجێکە کە ئێمە مۆدێڕنێتە بە گرنگ بزانین. مۆدێڕنێتە لە ئێراندا هەمیشە رێگایەکی ناتەواو بووە. لە بەر ئەوەی ئەو دەسکەوتەی کە ١٥٠ساڵ لەمەو پێش(پاش شەڕی ئێران و روسیا) لەلایەن رۆشنبیرانی نەوەی سێهەمەوە دەستی پێکرد،بە رۆشنبیرانی خولی سێهەمەوە دۆخی ئایدۆلۆژیکیی پەیدا کرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە مۆدێڕنیت-ەی ئێمە ببێتە چەشنێك لە مودێرنیزەبوون، واتە ئەقڵی ئامێری لەسەر جێگای ئەقڵی رەخنەگرانە دابنرێت. دۆخی رۆشنبیریی ئێمەش بوو بە دۆخێکی ئایدۆلۆژی. دۆخێك کە کەسانی وەك «ئالی ئەحمەد» بەرامبەر رۆژئاوا هەیانە، هەڵسووکەوتێکی بەتەواوی ئایدۆلۆژیکە و لە راستیدا لە تێگەیشتن لە رۆژئاوا، ناتەواوە.

ئەمڕۆ نەوەی چوارەمی ڕۆشنبیرانی ئێرانی کە نەوەیەکی لاوترن لەسەر ئەوبڕوایەن کە ئێمە دەبێ دۆخی ئایدۆلۆژی وەلاوەبنێین، لەبەر ئەوەی دۆخی ئێستای ئێمە دۆخێکی جیهانی‌یە. ئەگەر ڕۆشنبیری ئێرانی دەیەوێت کولتور و نەریتە ئێرانییەکان و ژمارەیەك پێوەری ئێرانی و ئێرانیبوون ڕزگار بکات، دەبێ ڕۆشنبیرێکی جیهانی بێت و بە شێوەی جیهانی بیر بکاتەوە.

*** ئەوەی کە هەندێ لەمپەڕ بەسەر ڕێگای چێکردنی بیرکردنەوەی فەلسەفیی ئێرانەوە هەن، تۆ ئەم لەمپەڕانە چۆن دەبینیت؟ لەبەر ئەوەی ئێمە لە سەردەمی «مەلاسەدرا» بەم لاوە بە شێوەیەکی جیددی بیرکردنەوەی فەلسەفیمان نەبووە، بەڵکو زیاتر پەراوێز نووسین یان هەمان نەریتی گواستنەوە بووە، بیرکردنەوەیەکی بزۆز و یەکگرتوومان نەبووە. بەبڕوای تۆ لەمپەڕە بونیادیەکان چ بوونە؟**

– دیارە لە درێژەی ئەم پێنج سەد ساڵەدا لەمپەڕی بنەڕەتی زۆر هەبووە. ئێمە لەم ماوەیەدا تەنیا ڕاڤەمان کردووە. ئەمەش شتێك نییە کە تەنیا من بیڵێم، ئەمە قسەیەکە کە جەنابی «موجتەهیدی شەبەستەری»ش دەیکات، دەڵێت دەبێ زانستێکی کەلامی نوێ دروست بێت. لەبەر ئەوەی مەسیحییەت و ئایینەکانی‌تر هەوڵیاندا خۆیان لەگەڵ زانست و فەلسەفەی نوێدا هاوجووت بکەن، بەڵام ئەم کارە لە ئێراندا نەکراوە. من لێرەدا لەگەڵیم و بۆچوونم ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین ئەم پێنج سەد ساڵە بە بازبردن پڕکەینەوە. ئێمە هەوڵماندا دەسکەوتەکانی مودێرنیتە بهێنین، بەڵام ئەو دەسکەوتانەی کە هاتن و تەنانەت ئەمڕۆ چەسپاون، دەسکەوتی ئامێری بوون، واتە ڤیدیۆ، بەفرگر، سەیارە، سەتەلایت و...و ئێمە ئەقڵی ڕەخنەگرانەمان کە بنەما و چەمکی سەرەکی و هێمایی مۆدێرنێتەیە وەلاوەنا. ئێمە دەبێ لە کۆمەڵگەی ئێراندا لەگەڵ باسگەلی فەلسەفی و بزاڤگەلی فەلسەفی و هزری کە لە ڕۆژئاوادان، ئاشنا بین و هەڵیانتاوێنین.

*** کەواتە لە ڕاستیدا تۆ پێت وایە کە ئێمە دەبێ سەرەتا نەریتێکی بە هێزی مۆدێرنێتەمان بە پرەنسیپەکان و بنەماکانیەوە، لە ئێراندا هەبێت، دەنا خەریکبوون بە باسەکانی پۆست مۆدێرنەوە، دەردی ئێمە چارەسەر ناکات.**

– من بێگومان پێموایە کە گەیشتن بە پۆست مۆدێرنیزم بەبێ تێپەڕبوون لە مۆدێرنێتە شتێکی نەکردەنی‌یە.



بە بۆچوونی من، مۆدێرنێتە چەشنی جۆربەجۆری نییە، مۆدێرنێتە هەریەك جۆرە و هەمان ئەو دۆخەیە کە ئێمە لە مێژووی هزری ڕوژئاواییدا لە سەردەمی ڕێنیسانس یان لەسەردەمی ڕۆشنگەرییەوە تا ئەمڕۆ دەیبینین و بە بۆچوونی من ئەم دەسکەوتە جیهانییە، تا ئەو ڕادەیە جیهانییە، کە مۆسیقای «بێتهۆڤین»، «مۆتزارت» یان نیگارەکانی «پۆکاشیۆ». من لەسەر ئەم بابەتە هەمیشە داکۆکیم کردووە کە تۆکاتێك دەچیتە مۆزەخانەیەك و وەك ئێرانییەك کارەکانی «ڤانگۆگ» دەبینیت، هەست ناکەیت کە «ڤانگۆگ» خەڵکی مەریخە یان دێوێکە کە هیچ پێوەندییەکی بە تۆوە نییە، وابیردەکەیتەوە کە ئەمە دەسکەوتێکی مرۆییە و خۆشحاڵ دەبیت کە دەتوانی بڵێی کە ئێمە لە چاخی مۆدێرندا نیگارکێشێکمان بە ناوی «ڤانگۆگ» هەیە. هەر ئەمەش سەبارەت بە فەلسەفە و ئەندێشە بەڕاست دەزانم. جیهانی ئێمە جیهانی پێوەندییەکانە و دونیایەکە ئێمە «گوندی جیهانی»ی پێدەڵێین (واتە لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە خەریکە گچکە و گچکەتر دەبێتەوە) و ئێمە بە مێتۆدگەلی پێوەندی لێك نزیك دەبینەوە. بابەتێك کە کەسانی وەك «ئالی ئەحمەد» و «شەریعەتی» لە شەستەکاندا هەیانبوو، بابەتی ئەمڕۆی ئێمە نییە، واتە ئەو باسەی کە ئەوان لەو سەردەمەدا دەیانکرد، باسی گوندی جیهانی نەبوو و لەبنەڕەتیشدا دونیا وەك ئێستا نزیك نەبوو. بڕوانن کە ئێمە لە سۆنگەی ئابوورییەوە تا چەند خەریکین بە شوێنەکانی دیکەی دونیاوە نزیك دەبینەوە. کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنە. من دەڵێم کۆمەڵگەی ئێرانی لە بەرئەوە تەنیا بەکارهێنە کە تەنیا بەشی بەکارهێنی و ئامێریی ڕۆژئاوای ڕچاوکردووە. ئێوە ناتوانن لە سۆنگەی تەکنولۆژیکییەوە خۆتان لەگەڵ ڕۆژئاوادا هاوشێوە بکەن، بەڵام بتانەوێت ئەندێشەی هزری و فەلسەفیی سەدەی بیست و یەك وەلاوەبنێن، ئەوە ناکرێت، ئەمانە هەمیشە پێکەوە دێن و فامنەکردنی ئەم بابەتە گرنگە ئێمە گیرۆدەی قەیران دەکات. هەروا کە ئەمڕۆ گیرۆدەی قەیرانین. هۆکاری ئەم قەیرانەش بە بڕوای من ئەوەیە کە ئێمە ئەقڵی ئامێریمان وەرگرت و ئەقڵی ڕەخنەگرانەمان وەلاوەنا، ئەم دووانە هەمیشە پێکەوەن، ئێوە ناتوانن لە کۆمەڵگەیەکدا تەنیاوتەنیا ئەقڵی ئامێری وشێوازێکی ژیانی ئامێریتان هەبێت.

ئەقڵی ڕەخنەگرانە لە گەوهەری زانستی نوێدایە و پێشکەوتنی زانست و زانیاری بە هۆی ئەوەوەیە. پرەنسیپی ڕەتکردنەوەگەری لەسەر بنەمای ئەم ئەقڵە ڕەخنەگرانەوەیە. تۆ دەتوانیت بڵێیت کە من دەمەوێت لە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو کەڵك وەربگرم بەڵام ئەقڵی ڕەخنەگرانە وەلاوەبنێم، بەڵام بەرهەمەکەی دەبێ-تە ئەوە کە پێشکەوتن بەدەست ناهێنیت.

*** ئێستا به بڕوای تۆ بۆچی ئێمه له ئەقڵی رەخنەگرانه یان ئاوەزی دێکارتی هەڵدێین. ئایا نەریت وەك هۆکارێك ڕێگری گەشەکردنی مۆدێرنیته و بنەماکەی واته ئەقڵی رەخنەگرانه کاری کردووه یان ئەوەی که جۆری تێڕوانین و خوێندوەیەکی تایبەتی، بۆته هۆی دروستبوونی ئەم گرفته؟**

– ئێمەبزاڤی جۆربەجۆرمان هەیه. ئێمه بزاڤی نەریتی واشمان هەیه که به مۆدێڕنێته گرنگی دەدەن. به هەرشێوەیەك بێت خودی مۆدێڕنێته له رۆژئاواشدا به دابڕانێکی مەعریفەیی جێبەجێکراوه و ئێمه به بێ ئەم دابڕانه ناتوانین له ئێراندا به دەسکەوتەکانی مودێرنیته له بەستێنی هزری و فەلسەفیدا بگەین، بەڵام ئەم دابڕانه به واتای ئەوه نییه که ئێمه دەبێ وتووێژەکەمان لەگەڵ نەریتدا کۆتایی پی بێت. شتێك که من هەمیشه جەختی لەسەر دەکەم ئەوەیه که ئێمه له جیاتیی به کارهێنانی توندوتیژی پێکەوه وتووێژ بکەین. توندوتیژی ڕێچاره نییه. تاقه ڕێگای گەیشتن به دونیای مۆدێڕن و هەڵتاواندنی دەسکەوته مودێرنەکان، وتووێژه. نەك هەر وتووێژی نێوان شارستانییەتی ئێرانی و شارستانییەتی روژئاوا، بەڵکو وتووێژی نێوان رۆشنبیرانی ئێرانی. وتووێژ له ناو تاقمه جیاوازەکان و توێژه جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران.

*** واته تۆ پێت وایه که ئێمه پێش وتووێژ لەگەڵ شارستانییەکان و کولتورەکانی تردا، سەرەتا له نێو خۆماندا وتووێژ بکەین، باشه هەمیشه وتووێژ له نێو رۆشنبیرانی ئێراندا کێشەی پەیدا کردووه و یان له بنەڕەتدا لەم بەستێنەدا هەوڵێك نەدراوه. به بۆچوونی تۆ چۆن دەتوانین چاوەڕوانی وتووێژیکی هێمنانه له تەناهی و کەشوهەوایەکی هێمندا بین؟**

– ئێستا ململانێ به بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٣٤٠کەمتر بۆتەوه. لەوساڵەدا ململانێ زۆرتر بوو. لەبەر ئەوەی که رۆشنبیرانی سێکولار لەبەرانبەر رۆشنبیرانی ئایینیدا هەڵویستیان هەبوو و دەتوانین بڵێین رۆشنبیرییەك که من رۆشنبیریی «چەکداریانه»ی پێدەڵێم، هیچ ڕێزێکی بۆ زانایانی ئایینی دانەدەنا، به پێچەوانەوه ئێوه ئەمڕۆ روحانییەکی وەك «موجتەهیدی شەبەستەری»تان هەیه که گرنگی به مۆدێڕنێته دەدات. به بڕوای من ئەمه هەنگاوێك بۆ پێشەوەیه و هەر بۆیه دەڵێم ئەم وتووێژه دەتوانرێت بکرێت.

*** کاك دکتۆر تۆ گوتت که وتووێژ ململانێ دەسڕێتەوه، به بۆچوونی تۆ ئایا له زاتی بیرکردنەوەی مۆدێڕن و مودێرنیتەدا توندوتیژی بوونی نییه؟**

– بەڵێ، بێگومان هەیه و دەرمانیشی هەیه.



*** دەرمانەکەی چییه؟**

– دەرمانەکەی وتووێژه. بەهەرشێوه دەستکەوته توندوتیژەکانی مۆدێڕنێته دوو کارەسات بوون، یەکیان ئاشویتس و ئەویتریان گولاگه. ئەمانه دوو کارەساتی گەورەی مۆدێڕنێتەن، که پۆست مودێرنەکانیش داکۆکییان لەسەر دەکەن بەڵام له پاڵ ئەوەشدا مودێرنیته رەخنه لەم کارەساتانەش دەگرێت. به هەرشێوه تۆ کەسێکی وەك پۆل ریکۆر بهێنه پێش چاوی خۆت که بۆ خۆی له گرتووخانەی نازییەکاندا بەندی بووه، بەڵام ئەمه نەبۆته هۆی ئەوەی که ئەم پیاوه به رەشبینییەکی فەلسەفی بگات و بڵێت لەبەر ئەم رووداوه، ئێمه ئیدی هیچ چەشنه فەلسەفەیەکی سیاسی یان هێرمنوتیکمان نابێت. تەنانەت ئەم بابەته بۆته هۆی ئەوەی که پۆل ریکۆر بابەتی خراپه له سیاسەتدا بهێنێته گۆڕێ و لەدرێژەی ئەم بابەتەدا بەبابەتی دادپەروەری و بەخشین بگات. ریکۆر له ڕێگای رامانی فەلسەفی له بابەتی گوناهدا، بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەوەیه که دەتوانین چەشنه فەلسەفەیەکی سیاسیی راستەقینەمان هەبێت و بابەتی گرنگتر ئەوەی که ریکۆر و کەسانی دیکەی وەك «لۆنیاس» له ئاراستەی هیۆمانیزمی خۆیاندا بابەتێکیتریش گەڵاڵه دەکەن (خود هەر وەك کەسانی دیکه). ئێمه له ڕێگای وتووێژ لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەتوانین خومان دروست بکەین، بناسین و باشتر بکەین، هەر بۆیه دەڵێم که رۆشنبیریی ئێرانی ئەمڕۆ، ببێته رۆشنبیریی جیهانی، ئێرانیبوونیش پارێزراوه. ئەگەر ئەمه نەکرێت، پێچەوانەکەی روودەدات ، واته ئێمه دەبینه مرۆڤگەلێك که خەڵکی دیکه به هیچ شێوەیەك گرنگی به ئێمه نادەن، هەروا که ئێستاش زۆر به زەحمەت گرنگیمان پێدەدەن. بۆ وێنه له ئاستی جیهانیدا ئەگەر بمانەوێت بچینه نێو باس و وتووێژی شارستانییەتەکانەوه، ئەگەر ئەمڕۆ هەوڵ نەدەین، ئیدی حیسابمان بۆ ناکەن.

*** تۆ وتووێژت وەك دەرمانی توندوتیژی له قەڵەم دا، بەڵام بابەتی توندوتیژی باسگەلیتریش دێنێته ئاراوه. هەندێك له بیرمەندان وەك «رێنه ژیرار» لەسەر ئەو بڕوایەن که توندوتیژی هەم له دونیای کۆن و هەم له دونیای نوێدا هەبووه، تەنیا شێوەی خۆ دەرخستنی جیاواز بووه. توندوتیژی له دونیای کۆندا لەتەشکی گرووپدا خۆی دەردەخست بەڵام له دونیای نوێدا به تەشکه نوێیەکانیەوه له لایەن بەشێکی کۆمەڵگەوه بەکار دەهێنرێت. جگه له بابەتی ئاشویتس و گولاك، بابەتی نەژادپەرستی له ئەڵمانیا، یان ئەو کوشتوکوشتارەی له بۆسنیا و**

**هێرزۆگوڤین (هەرسك) دەكرێت، ئەمانە لە دەروونی مۆدێڕنێتەوە هەستاون، دەمەوێ بزانم كە چ هۆكارگەلێك (جگە لەنەبوونی وتووێژ) دەبنە هۆی توندوتیژی لە دونیای مودێرندا؟**

- دەزانی چۆنە، من ئەمەم لە كتێبی «ئەندێشەی نەبوونی توندوتیژی»شدا نووسیوە. لە سەردەمێكەوە مروڤ- هەیە، توندوتیژیش هەبووە و لە سەردەمێكیشەوە توندوتیژی هەبووە، ئەندێشەی ناتوندوتیژیش هەبووە. تۆ یەكەمین دژایەتییەكان لە بەرانبەر توندوتیژیدا لە ئایینگەلی وەك «بوودیسم»دا دەبینیت و لە ئایینگەلی وەك «جاینیزم» و لە ئایینی زەردەشتیشدا هەر هەیە.

ئەوەی كە مۆدێڕنێتە بە هۆگەلی ئەقڵی ئامێری و دەسەڵاتە ئایدۆلۆژییەكەی، توندوتیژیگەلی نوێی وەدیهێناوە، گومانی تێدانییە، ئەوەی كە ئایدیۆلۆژیا مۆدێڕنەكان و ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارەكان دەسكەوتی جیهانی مۆدێڕنن، لەمەشدا جێگای هیچ چەشنە گومانێك نییە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا من داكۆكی دەكەم كە مۆدێڕنێتە ئەندێشەگەلێكی بۆ خەبات دژی توندوتیژی هەیە. واتە ئەمڕۆ كاتێك فەیلەسووفێك دەیەوێت بۆ فەلسەفەی كانت لە بەرانبەر فەلسەفەی هیگڵدا بگەڕێتەوە، هۆی چییە؟ لە بەر ئەوەی كە دەتوانێت فەلسەفەیەكی مروڤدۆستانە لەسەر بنەمای فەلسەفەی كانت دابنێت، لە كاتێكدا تەزویری ئەقڵی فەلسەفیی هیگڵ دەتوانێت بە فەلسەفەی ماركسیزم و چەشنە ئایدیۆلۆژیایەك كە ئەنجامەكەی ستالینیزم بێت، كۆتاییی بێت. كەواتە تۆ دەبینی كە لە خودی مۆدێڕنێتەدا تەقەلاگەلێك هەن، بۆ وێنە ئەو تەقەلایانەی كەسانی وەك «جان راوڵز» لە بەستێنی دادپەروەریدا دەیكەن، بۆ ئەوەی كە تۆ بەر بە ئەم توندوتیژییە لە كۆمەڵگەدا بگریت و رەنگە بڵێین كە كۆمەڵگە تەنانەت بە گرێبەستێكی كۆمەڵایەتیش بگات كە لەم گرێبەستە كۆمەڵایەتییەدا، هیچ چەشنە توندوتیژییەك نەبێت.

من پێموایە كە مۆدێڕنێتە هەمیشە هەوڵیداوە وەڵامێك بە توندوتیژی بداتەوە. توندوتیژی بۆ مودێرنیتە پێویستییەك نییە، قەدەرێكی مێژوویش نییە كە، بڵێین بە هیچ شێوەیەك ناتوانین تێپەڕی بكەین، نا هەمیشە ویستوویەتی وەڵامێكی بۆ بدۆزێتەوە.

*** وا دێتە پێش چاو كە لە ئێراندا بابەتی مۆدێڕنێتە لە رواڵەتی ئایدۆلۆژیدا گەڵاڵە كراوە. هەندێك لە رۆشنبیران بە پێی ئەم هەڵویستە كە رۆژئاوا بۆ خۆی گیرۆدەی قەیرانە، بەتەواوی رۆژئاوا رەت دەكەنەوە، بۆچوونی تۆ  لەم بوارەدا چییە؟**



- بە بڕوای من ئەمە لەبەر راڤە و لێكدانەوەیەكی هەڵەیە كە لە رۆژئاوا دەیكەین. ئەوەی كە لە ئێراندا فەلسەفەی پۆست مۆدێڕن ئەوەندە بووە بەمۆدە، بە بۆچوونی من ئەنجامی لێكدانەوە و راڤ-ەی هەڵەیە. ئێمە لە قسەكانماندا گوتمان كە پۆست مودێرنەكان خۆیان لە دەرەوەی چوارچێوەی مۆدێڕنێتە دانانێن. ئەوە نییە كە لە سەردەمێكی مێژوویی دوای مۆدێڕن دانرابن، ئەوان لە چوارچێوەی مۆدیڕنیتە و لە چوارچێوەی فەلسەفەی مودێرندا خەریكی گەڵاڵەكردنی هەندێ بابەتن. دەڵێن لە فەلسەفەی مۆدێڕن بە هۆی ئەو كارەساتانەوە كە باسمان لەسەر كردن بە هۆی ئەو ئایدیۆلۆژیانە كە سەدەی بیستەم هەیبووە و بە هۆكاری تەكنۆلۆژیای نوێ بە بەربەست و قەیرانگەلێك گەیشتووە، بەڵام هیچكام لە پۆست مۆدێڕنەكان، هیچ كاتێك و لە هیچ كامێك لە نووسراوەكانیاندا نەیانگوتووە كە ئێمە ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارانە لە فەلسەفە مۆدێڕنەكاندا پەیدا بكەین.

تۆ سەیری بكە گوتارەكەی فۆكۆ (رۆشنگەری چییە) سەبارەت بەكانتە، «بۆدریار» بۆخۆی كتێبێكی سەبارەت بە «ماركس» هەیە، دواجار خولێكی ماركسیی هەیە، بەم پێیە تۆ ناتوانی بڵێی كە ئەمانە  لە دەرەوەڕا سەیری قەیرانی رۆژئاوا دەكەن. ئەمە لە راستیدا لە چوارچێوەی خودی فەلسەفەی رۆژئاوادا هاتۆتە گۆڕێ. من پێموایە گرفتی سەرەكیی ئێمە لە ئێراندا ئەوەبوو كە ئێمە زیاتر بە دوای مۆدەوە بووینە تا مۆدێڕن ، لە كاتێكدا كە مودێرن و مۆدە هەردووكیان لە یەك چاوگەوە دێن، بەڵام بە دوو ئەنجامی جیاواز دەگەن. واتە ئێمە سەیر دەكەین بزانین لەوێ چ باس دەكرێت، خێرا دەمانەوێت ئەو باسە لێرا دووپات بكەینەوە. بە بێ ئەوەی  بیگۆڕینە سەر شتێكی ناوەكی، لەگەڵ ئەو قەیرانانەیدا كە دەیانبینین، هاوجووتی بكەین. بۆ نموونە، ئەمڕۆ فەلسەفەی سیاسیی مۆدێڕن بۆ ئێمەگرنگترە. گەیشتن بە بابەتی مروڤ-خوازیی پۆست متافیزیكی بۆمان گرنگترە. ئێمە ناتوانین ریشەكانی لە دریدادا بدۆزینەوە، بەڵام دەتوانین لە فەلسەفەی نیۆكانتیدا پەیدای بكەین. بەشێوەیەكی سروشتی دەبێ زیاتر ئەمانە رەچاو بكەین. یەكێكیتر لەو هۆكارانەی كە من پێداگریم لەسەر ئەوە دەكرد كە ئەم بزاڤە هزرییانەیتریش لە كتێبی رەخنەی ئەقڵی مۆدێڕندا باسیان لەسەر بكرێت، ئەوە بوو كە دەمدیت لە ئێراندا تەنیا سەبارەت بە فۆكۆ و دریدا و...باس دەكرێت ، بەڵام هیچكەس ناوی «كاستۆردیاس» و «لووك فری» و «لۆیناس»ی نەبیستووە. تۆ ناتوانێت دەرمانێك بنوێنیت بە بێ ئەوەی بەوردی نەزانی كە ئەم هاوكێشەیە چییە؟ واتە ئێمە هەمیشە لە دەرمان نواندندا بە هێز بووینە، بەڵام لە دەرمانكردندا نا.

*** بە بۆچوونی تۆ ئەمڕۆ چ تەوەرەگەلێك دەتوانن سەبارەت بە شوناسی ئێمە گەڵاڵە بکرێن؟**

- ئێران شارستانییەتێکی دێرینە و لە توێژگەلی مروڤ-ناسانەی جۆربەجۆر پێك هاتووە. تێکچنراویی مەعریفەیی و فەلسەفیش کە ئەم وڵاتە دەسەویەخەیەتی، بە هۆی ئەم توێژە جۆربەجۆرانەوەیە.

ئێمە ناتوانین ئەم توێژانە رەچاونەکەین. ئەم توێژانە شوناسگەلی جۆربەجۆر بە ئێمە دەدەن نەك شوناسێکی وەکیەك. ئەم توێژانە دەتوانن ئیسلامی بن، دەتوانن کولتوری ئێرانی دێرین بن و کولتوری مۆدێڕنیشە.

بە بۆچوونی من لە راستیدا شوناسی ئێرانی سێ کولتوری سەرەکی پێکی دەهێنێت. ئێمە ناتوانین ئێرانی کۆن وەلاوەبنین، چونکە بەشێك لە شوناسی ئێمە لەوێوە دێت. ئێمە جیهانی ئیسلامیش ناتوانین لابەرین، چونکە بەشێك لە شوناسی سەرەکیی ئێمە لەوێوە هاتووە، کولتوری مودێرنیش ناتوانین لابەرین، لەبەر ئەم سەدەی بیست ویەکە، کە تێیدا دەژین، کە وابوو بێواتایە ئەگەر بڵێین کە ئێمە تەنیا یەکێك لەم توێژانەمان دەوێت و دوانەکەی ترمان ناوێت، هەروا کە تا ئەمڕۆ بەمجۆرە بووە. من لەگەڵ رۆژئاواگەریی رادیکاڵیشدا نیم. پێموایە ئەوەی کە شەریعەتی و ئالی ئەحمەد دەیانگوت کە کاکە ئێمە نابێ وەك مەیموون لاسایی رۆژئاوا بکەینەوە، قسەیەکی راستە. هەربۆیە دەڵێم نابێ ئێمە شوێنکەوتوو بین. ئێمە نابێ تەنیا بەدوای ئەقڵی ئامێرییەوە بین، دەبێ بەدوای ئەقڵی رەخنەگرانەشەوە بین. من لەگەڵ ئەوەدام کە نابێ مەیموون ئاسا لاسایی بکەینەوە. ئێمە دەبێ زەینییەتی رۆژئاوایی بدۆزینەوە، ناوەکی بکەین، هەڵیتاوێنین و دەبێ لە مۆدێڕنێتەوە رەت بین، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ لە دۆخێکی جیهانیدا دانراوین، ئەمە شتێك نییە کە تەنیا من بیڵێم، جەنابی سەرۆك کۆمار (سەیید موحەممەدی خاتەمی)یش ئەم قسەیە دەکات.

ئەگەر سەرۆك کۆمار تا ئەو رادەیە جەخت لە سەر وتووێژی شارستانییەتەکان دەکات، لەبەر ئەوەیە کە ئێمە لە دۆخێکی جیهانیدا دانراوین و لە جیهانی ئەمڕۆدا ئێمە ناتوانین لە گۆشەیەکی جیهاندا دابنیشین و چاوەڕوانی رووداوەکان بین. ئێمە تەماشاڤانی سینەمایەك نین. ئێمە دەبێ ببین بە بکەری چالاکی ئەم رەوتە جیهانییە و هەربۆیە من پێموایە پێویستە ئێمە مۆدێڕنێتە بە باشی بناسین و لە راستیدا لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانیدا ئاشنابین.



*** ئایا بە بڕوای تۆ گوتارە رۆشنبیرییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێران لەم سۆنگەیەوە کە باستان کرد، واتە ناسینی بنەما سەرەکییەکانی مۆدێڕنیتە، سەرکەوتوون؟ بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنی تۆ سەبارەت بە دۆخی ئەم گوتارە رۆشنبیرییانە چییە؟**

- بەڵێ، من بە راشکاوی لە سەر ئەو وتووێژەی کە دەبێ بمانبێت، جەخت دەکەم، واتە سەرجەم توێژە رۆشنبیرەکانی کۆمەڵگەی ئێران پێکەوە دەست بە وتووێژ بکەن.

من پێموایە کە دەبێ ئەندێشەی فەلسەفی بێتە ناو رووبەری سیاسییەوە بنەماکەشی وتووێژی ساناگیرانەیە و پێشگرتن لە هەر چەشنە توندوتیژییەك.

ئەمڕۆ ئەوانەی وا لە نێوان ٢٥تا٤٥ ساڵیدان، تەنانەت ئەو لاوانەی کە ئێستا لە رۆژنامەکاندا شت دەنووسن، پیشاندەری ئەوەن کە ئەمانە بە شێوەی نوێ بیر دەکەنەوە، ئەو باسانەی ئەم نەوە هەنووکەیی‌یە گەڵاڵەیان دەکات، بە تەواوی نوێن. ئەمەش دابڕانێکە لە رۆشنبیرانی لۆکاڵخواز و ئایدۆلۆژیی ئێمە کە لە ساڵەکانی١٣٤٠و١٣٥٠دا هەمانبوو.

ئەمانە لەو رۆشنبیرانەن کە بابەتی تەکنۆلۆژیای مۆدێڕن بۆیان بنەڕەتی‌یە، بابەتی ئەقڵی رەخنەگرانەی مودێرنیان بەلاوە گرنگە، بابەتی جیهانیبوون بۆیان بنەڕەتی‌یە.

بابەتی زانیینی زمانە بیانییەکان بە شتێکی بنەڕەتی دەزانن و تەنانەت وتووێژی زیندوو لەگەڵ دەسکەوتەکان و نوێنەرانی ئەندێشەی رۆژئاوا بە بابەتێکی گرنگ دەزانن. ئەم گوتارە بە بڕوای من هەروا کە فۆکۆ لە رەچەڵەکناسیی دەسەڵاتدا دەڵێت، گوتاری دەسەڵاتە و هەمیشە ژمارەیەك بە ژێدەرێتی و شەرعیبوون دەگەن و ژمارەیەکیش لەو گوتارە بێبەش دەبن. من وا بیر دەکەمەوە کە رۆشنبیری لە ئێراندا بە هۆگەلی ئایدۆلۆژی هەمیشە بێبەش بووە و ئێستاکە لە رێگای ئەم گوتارە مۆدێڕنەوە هەوڵدەدات کە شەرعیبوون و ژێدەرێتیی خۆی وەدەست بهێنێت. واتە نەك وەك ئایدیۆلۆگێك، بەڵکو وەك رۆشنبیرێکی مۆدێڕن کە لە جیهانی ئەمڕۆدا قسەی بۆکردن هەیە و دەڵێت من لەم بەری مێزەکەوە و تۆش لەوبەرییەوە، من وەك ئێرانییەك و تۆش فەڕەنساییەك، ئێمە پێکەوە دەست بە وتووێژ دەکەین و هەردووکمان قسەمان هەیە بۆ کردن. ئەگەر کە تۆ بێیتە ئاقاری کولتوری منەوە، منیش دێمە ئاقاری کولتوری تۆوە.

*** بە بڕوای تۆ، ئێمە چۆن و بە چ پێشەکیگەلێکەوە دەتوانین دەست بە وتووێژ لەگەڵ رۆژئاوادا بکەین؟ ئێمە وەك ئێرانییەك بۆ وێنە ئەگەر لەگەڵ «پۆل ریکۆر»دا دەست بە گوتوبێژێك بکەین، بێگومان کاریگەری ئەندێشەی ئەومان لە پێشدا قەبووڵ کردووە، واتە لە ژێر کاریگەری ئەندێشەیەکدا کە پول ریکۆر نوێنەریەتی، دانراوین و لە راستیدا لە ژێر**

**کاریگەری ئەندێشەی مۆدێرنداین. کەواتە ئێمە بۆ وتووێژ چمان هەیە؟ ئایا دەتوانین ئەمە ناو بنێین وتووێژ؟**

– ئێمە خەریك بووین باسی شوناسی ئێرانیمان دەکرد. شوناسی ئێرانی لەم ١٥٠ساڵەی دواییدا لانیکەم هەمیشە دۆخێکی دووچەشنی هەبووە، یان ئەوەی کە بەرامبەر ڕۆژئاوا دۆخێکی عوقدەییی هەبووە و خۆی گچکە کردۆتەوە، یان ئەوەی کە هەمیشە لە بەرانبەر وڵاتانی وەك هیندستان خۆی بە خاوەنی دۆخێکی ئیمپریال زانیوە کە ئێرانییەکان مەزنترین ئەتنیستەن و رابردوویەکی شکۆداری ئیمپراتۆریمان هەبووە وشتی لەم بابەتانە. من لەگەڵ ئەم بابەتەدا نیم. ئێمە نابێ نە دیدێکی پاشایانە و ئیمپراتۆریانەمان هەبێت و نەدۆخێکی عوقدەیی بۆ ڕۆژئاوا.

ئەوەی کە تۆ گوتت کاتێك لەگەڵ پۆل ریکۆردا دەست بە وتووێژ دەکەین، دووبارە من لە سەر ئەم بابەتە داکۆکی دەکەم کە پۆل ریکۆر تەنیا فەیلەسووفێکی ڕۆژئاوایی نییە، بەڵکو نوێنەری ئەندێشەیەکی جیهانییە و ئەگەر من ئەو ئەندێشە جیهانییەم هەڵتاواندبێت و قسەم لەسەری هەبێت، نەك ئەوەی کە تەنیا وەك مۆدەیەك سەیری بکەم،دەتوانم بچمە نێو ئەم وتووێژە جیهانییەوە و لەگەڵ پۆل ریکۆردا وتووێژ بکەم.

رەنگە پول ریکور فەیلەسووفێك بێت گەورەتر لە تۆ و لەوانەیە هەست و زانینی ئەو لە هی تۆ زۆرتر بێت، ئەمە گرنگ نییە، بەڵام تۆ لەگەڵ ئەودا لە دۆخێکی جیهانیدا دادەنرێیت و ئێمە ناتوانین لە دۆخێکی لۆکاڵدا بین و بچینە نێو وتووێژی جیهانییەوە، تۆ دەبێ خۆت لە دۆخێکی جیهانیدا دابنێت تا بتوانیت بچیتە نێو وتووێژیکی جیهانییەوە.

کەواتە بابەتەکە ئەوە نییە کە ئێمە لێرە دانیشین و ئەم بزاڤە ڕۆژئاواییانە بۆلای ئێمە بێن، من دەڵێم دەبێ دۆخێکی چالاکمان هەبێت، ئێمە ئەگەر ئەندێشەی فەلسەفی بهێنینە نێو ژیانی ڕۆژانەمان، ئەگەر هەوڵبدەین ئەندێشەی مۆدێرن لە رەهەندە رخنەگرانەکەیەوە، تا ئەو رادەیە کە لە رەهەندە ئامێرییەکەیدا هەمانە، کەڵکی لێوەربگرین، بێگومان دۆخێکی جیهانی پەیدا دەکەین. ئەو کاتەیە کە ئەوان ئێمە بە گرنگ دەزانن و خۆشمان خۆمان بە گرنگ دەزانین. ئێستا دەبینین کە دەسکەوتەکانمان بەرەبەرە گرنگ دەبن.

ئێمە لە سەردەمە جیاوازەکانی ئەم سەدوپەنجاساڵەی دواییدا، پرشنگگەلێکی لەم چەشنەمان هەبووە. پێموایە ئێمە دەتوانین لە ئاستی جیهانیدا دەست بە وتووێژ بکەین. ئەمڕۆ ئێمە نوێنەرانێکمان هەیە کە دەتوانن بە سانایی ئەم کارە بکەن. نەوەی لاوتری ڕۆشنبیرانیش



خەریکی ئەم هەوڵانەن، لەوانەیە هەوڵەکانیان سبەینێ بەرهەم نەدات، بەڵام بە هەرشێوە لەوانەیە ١٠-٢٠ساڵێتر بە ئەنجام بگەن.

*** تۆ دەردی کۆمەڵگەی ئێمە لە راستیدا بە نەبوونی ڕۆشنگەری دەزانی و هەر بۆیە سەر لە کانت دەدەیت و ئەم حەزکردنەی تۆ لە نیۆکانتییەکان لەم ئەندێشەوە هەستاوە؟**

– بێگومان تۆ راست دەکەی. هابرماسیش بەشبەحاڵی خۆی ئەم چاخی ڕۆشنگەرییە بە گرنگ دەزانێت. بابەتی سەرەکی کە من وەك کەسێك کە لەگەڵ فەلسەفەدا هەڵسوکەوتم هەیە، باسی لێوە دەکەم، مەسەلەی تاکخوازیی دیموکراسیە. مەسەلەکە ئەوەیە کە تۆ تاچەندە بۆ ئەم مافانەی تاك بایەخ دابنیت، بایەخ بە تاك و تاکێتی بدەی، لە هەمان کاتیشدا بە مافەکانی هاووڵاتیی ئەو تاکەش بایەخ بدەیت و بتوانیت بەرپرسیارییەتیی تاکیش وەك هاووڵاتییەك پێشان بدەیت. ئەڵبەت مەبەستی من تاکخوازیی خۆخوازانە نییە، کە ببێتە بەکارهێنێکی کاڵا.

مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر سامانێکی کۆمەڵایەتی سیاسی بیەوێت، ببێت ڕۆڵ تاك لەم نێوەدا چییە و مافەکانی تاك وەك هاووڵاتییەك چین؟ ئەمەش پرسیارێکە کە فەلسەفەی مۆدێرن هەوڵیداوە وەڵامی بداتەوە و من پێموایە کە ریشەکانی زیاتر لە «کانت»دا پەیدا دەکەین. (ڕۆژنامەی «همشهری»، ٧،٨،١٠ی بانەمەڕی ١٣٧٩).

## ئەقڵی مۆدێرن، ڕۆشنبیریی و کۆمەڵگەی شارستانی

**حسێنی کاجی - لە جێگایەکدا گوتوویانە کە بە بۆنەی تەواوکردنی توێژینەوە و پرۆژەگەلێکەوە کە لەبەر دەستاندا بوون، لەگەڵ بیرمەندان و خاوەنبیراندا وتووێژتان کردووە. ئەمەش نیشانەی ئەو گرنگیەیە کە جەنابتان بۆ وتووێژ و پێکەوە قسەکردن دایدەنێیت، ئەم گرنگیدان و بەرزنرخاندنەی وتووێژ چۆن لە تۆدا دروست بووە؟**

جیهانبەگلوو- بنچینە و بنەڕەتی وتووێژ، لێبوردن و ساناگیرییە کە من ئەم بابەتە گرنگەم لە باوکمەوە فێر بووم. بەڵام وەك مێتۆد لە فەلسەفەوە فێری وتووێژ بووم. بەهەرحاڵ فەلسەفە لە سەر بنەمای وتووێژی بینراو یان نەبینراو لەگەڵ فەیلەسووفانی رابردوو و ئێستادا رونراوە.

به شێوەیەکی گشتی زۆرینەی خەڵك لە فەلسەفە دەترسن، کاتێك باسی فەلسەفە دەکرێت، ئاماژە بە دژوارییەکانی دەکەن. بەڵام ئەگەر بتوانین باسە زۆر دژوارەکان لە ڕێگای وتووێژەوە فێری خەڵکی بکەین و پێشانی بدەین کە ئەندێشەی فەلسەفی شتێکی زۆر دژواریش نییە و تەنیا پێویستی بە دیدێکی گومانگەرانە و ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە خود و جیهان هەیە، کارێکی گرنگمان کردووە و من ئەم مێتۆدەم بەئاگایانە هەڵبژاردووە. ئەڵبەت هەڵبژاردنی ئەم شێوازە تا ڕادەیەکی زۆر بەشێوەی ڕێکەوت هاتە گۆڕێ. من حەزم لە هزرەکانی ئایزایا بێرلین دەکرد و لە دانیشتنی حەفتانەی گۆڤاری ئێسپرایدا کتێبی چوار وتار دەربارەی ئازادیی ئەوم ناساند. ئەندامانی گۆڤ-ارەکە پێیان گوتم کە وتووێژێك لەگەڵ ئایزایا بێرلین دا بکەم، من ئەم کارەم کرد و بەرهەمەکەشی کتێبی لە گەڕان بەدوای ئازادیدا بوو و پاشان زانیم کە ئەمە شێوازێکی باشە بۆ ئەوەی کە بیروڕای بیرمەندان و فەیلەسووفان و هەروەها ڕێبازەکانی فەلسەفە بە خەڵکی بناسێنین. بە هەرحاڵ بە بڕوای من ئەگەر کەسێك لایەنگری فرەیی ئایدیاکان و هەڵسوکەوتی ئازادیی نێوانیان بێت، ناتوانێت گرنگی بە مەسەلەی وتووێژ نەدات. لەبەر ئەوەی کە مێژووی مرۆیی جێگای پێك گەیشتنی ئاکامەکانی ژیانە، بەم پێیە وتووێژ توخمێکی مێژوویی گرنگتر لە توندوتیژییە.

*** جەنابتان بەرهەمگەلێکی وەك: «شۆڕشی فەرەنسا و جەنگ، لە ڕوانگەی هیگڵەوە»، «مۆدێرنێتە، ڕۆشنبیران و دیموکراسی»، «لە گەڕان بەدوای ئازادیدا»، «ڕخنە لە ئەقڵی مودێرن»، «مۆدێرنەکان» و «ئێران ومودێرنیتە»تانا بڵاوکردۆتەوە کە لە سەرجەم ئەمانەدا، پرسیار لە چەمکی مودێرنیتە بابەتی سەرەکییە و وا دێتە بەرچاو مۆدێرنێتە پرسیاری سەرەکیی جەنابتان بێت. ئایا ئەمە لێکدانەوەیەکی دروستە؟ دیرۆکی ئەم بابەتە لە ژیانی هزریی جەنابتان بۆ چ سەردەمێك دەگەڕێتەوە؟**

– باسی مۆدێرنێتە بۆ من کە ئێرانیم و لە کولتوری پەراوێزییەوە دێم، پاش هەڵسوکەوت لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا هاتە گۆڕێ و یەکەمین هەڵسوکەوتی من لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا (جگە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ تەکنۆلۆژیای ڕۆژئاوادا) لەگەڵ فەلسەفەی ڕۆژئاوادا بوو، فەلسەفەیەك کە سیستەمێکی گەورەیە و لە درێژەی سەدە یەکبەدوای یەکەکاندا دەستی بە ڕوونکردنەوە و تەتڵەکردنی جیهان کردووە.



مەسەلەی مۆدێرنێتە بۆمن، پاش پرسیاری ئێمە کێین؟ دروست بوو (هەروا کە فۆکۆ لە شیکاریی وتاری «ڕۆشنگەری چییە؟»ی کانت دەڵێت: وەڵامی پرسیاری ڕۆشنگەری چییە؟ گوتاری مۆدێرنێتە سەبارەت بە مۆدێرنێتەیە)، بەڵام گوتاری ئێرانییەك سەبارەت بە ئێران لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا دەبێ چی بێت؟ ئەوەدەمی کە لەبەرانبەر جیهانی ڕۆژئاوا و ئەقڵی مۆدێرندا دادەنرێت، دەبێ لە خۆی بپرسێت کێیە؟ و ئەمەش پرسیارێك بوو کە من لە خۆمم پرسی و بۆوەی بتوانم بە وەڵامێك لە دەوروبەری پرسیار لە شوناسی خۆم بگەم، ناچاربووم سەبارەت بە مۆدێرنیتە و تەشك گرتنی ئەقڵی مۆدێرن و شارستانیەتی ڕۆژئاوا بیربکەمەوە تا بتوانم پێوەندیی خۆم لەگەڵیدا دیاری بکەم و لەم سۆنگەیەوە یەکێك لەو هۆگەلەی کە من تا ئەم ڕادەیە(کە ئەڵبەت زۆریش نییە)خەریکی بابەتی مۆدێرنیتە بووم، گرنگیدان بە پرسیاری کێ هەم؟ بووە و هەوڵم داوە بە ڕامان سەبارەت بە بونیاد و تەوەرەکانی فەلسەفەی مۆدێرن (فەلسەفەی سیاسی، فەلسەفەی هونەر و...) و وتوویژ لەگەڵ توخمە پێکهێنەرەکانی ئەم بزاڤەدا، ئەم بابەتە بۆخۆم ڕوون بکەمەوە. لەبەر ئەوەی کە چەمك و بابەتگەلی وەك، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، مافی مرۆڤ، دیموکراسی و کۆمەڵگەی شارستانی بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەقڵی مۆدێرن شیاوی دەرخستن نین و ئێمە دەتوانین ڕەخنە لە ئەقڵی ئامێری بگرین (هەروا کە ڕێبازی فرانکفۆرت ئەمەی کرد) بەڵام هەروەها دەشتوانین لە ڕەهەندی ڕەخنەگرانەی ئەقڵی مۆدێرنەوە، پێبەندی بین و پێویست نییە هەر دووکیان بەیەك نەقیزە بەرەوپێشەوە بەرین. ئەم بزاڤی نەریتی ڕۆشنبیرییە (لە بەرانبەر بنەماشکێنی کە پۆست مۆدێرنەکان گەڵاڵەی دەکەن) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەتوانرێ ئەقڵی مۆدێرن لە ڕەهەندی ئامێرییەوە بخرێتە بەر پرسیارەوە، بەڵام ڕیشە ڕەخنەگرانەکانی ئەم ئەقڵە بهێڵرێنەوە. ئەگینا بابەتێکی وەك تاکێتی وەك بکەری کۆمەڵایەتی، قانوونی و سیاسی، لە بنەڕەتدا شیاوی گەڵاڵەکردن نییە و کاتێك بابەتی تاکێتی وەك بکەری کۆمەڵایەتی بەم زێدەڕۆییەوە ڕەت بکرێتەوە، جێگایەك بۆ باسکردن لە سەر دیموکراسی و ئازادییە مۆدێرنەکان نامێنێتەوە.

*** هەر بۆیە بڕوات بە بەهاگەلی وەك مافی مرۆڤ، دیموکراسی، گرێبەستی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی شارستانی وەك نورمگەلێکی جیهانگیر هەیە؟**

– بەڵێ، مافی مرۆڤ واتە دیاریکردنی ئازادییەکانی تاك، بنەما و بنەڕەتی دیموکراسی مۆدێرنە و چەمکی مافی سروشتی بەو چەشنە کە لە ئەندێشەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی

ئەورووپادا هاتووە، بنەڕەتی یەکەمین ڕاگەیێندراوەکانی مافی مرۆڤ وەك «ماگناکارتا»، «هابەئاس»، «کورپوس» و ڕاگەیێندراوی ١٧٨٩ی فەڕەنسایە. چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی کە ئەمڕۆ بەسەر زمانی ئێرانییەکانەوەیە، لە ڕاستیدا لە پێناسەیەکدا کە «ئادام فێرگوسن» وەبەری دەنێت: «ئەنجامی کرداری مرۆڤەکان لە ڕێگای دانانی گرێبەست، لە ئاراستەی پێگەیشتنی کۆمەڵگەی سروشتیدایە». کەواتە کۆمەڵگەی شارستانی بە بێ گرێبەستی کۆمەڵایەتی واتایەکی نییە و گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ مۆدێڕنەکان تێپەڕکردنی دۆخی سروشتی و چێکردنی کەشوهەوای ئاشتی و ئارامی بۆ هاووڵاتیانە.

*** پێموایە قەبووڵی دەکەن کە ئەم چەمك و بەهاگەلە (بەهاگەلی وەك دیموکراسی، مافی مرۆڤ، گرێبەستی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی شارستانی) بەهاگەلێکن لەدایکبووی ئەقڵی مۆدێڕنن و لە کولتورێکی تایبەتیی وەك کولتوری ڕۆژئاوادا سەریان هەڵداوە و کولتوری ئێمە لەگەڵ زۆربەی بنەماکان و بنچینەکانی ئەم بەهاگەلە نامۆیە. دۆخی ئەم بەهاگەلە لە جیهانێکدا کە بڕوای بە فرەیی و فرەڕەنگی هەیە، دەبێتەچی؟**

– مەسەلەکەی ئێمە ئەوەیە کە یان دەمانەوێت بکەوینە ئاراستەی مێژووی مۆدێڕن، یان نامانەوێت، ئەگەر بمانەوێت، لە ئاراستەی مێژووی مۆدێڕن بین، ئەم ڕەهەندە جیهانی و گشتگیرەی ئەقڵی مۆدێڕن ئێمەش دەگرێتەوە. بە بڕوای من ئێمە لە ڕەخنەی هێزی داوەری کە کانت باسی دەکات و مەسەلەی جیهانیبوونە، دەرچوونمان بۆ نییە. (ئەم خاڵە مەسەلەیەکە کە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی دێتە گۆڕێ و تەنیا بۆ ڕۆژئاواییەکان نییە و ئەوەی کە ئەم خاڵە لە لایەن ڕۆژئاواییەکەوە هاتۆتە گۆڕێ نابێتە هۆکار کە تەنیا بۆ ڕۆژئاواییەکانە) ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەکی لە جیهانی ئەمڕۆدا لەسەر کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان یان کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان نییە، بەڵکو لە سەر مۆدێڕنێتە و نەریتە، واتە ئەوەی کە ئایا ئێمە دەمانەوێت لە ئاراستەی ئەقڵی مۆدێڕن بین یان نا؟

ئێمە چ بمانەوێت و چ نەمانەوێت لە ڕەهەندی ئامێری و تەکنۆلۆژیکی مودێرنیتەداین و بابەتی ئێمە ڕەهەندی ڕەخنەگرانەی مۆدێڕنێتەیە.

بەم پێشەکییانە گوتەزای دەوڵەت دێتە گۆڕێ و ئەمەش مەسەلەیەکی گرنگە و ئێمە ناتوانین لێی دەربچین و فرەیی کولتوری بە شێوەیەکی پێویست ئەم مەسەلەیە ناباتە ژێر پرسیارەوە. مەسەلەی گرنگ ئەوەیە کە ئێمە بۆ ئەوەی کە شوناسی خۆمانمان هەبێت، دەبێ



جیهانی بین. کاتێك چووینە ڕەهەندی جیهانییەوە، باشتر دەتوانین خۆمان بناسین. لەبەر ئەوەی کە خۆبردنە ژێر پرسیار هەمیشە لە ڕێگای بەشداریکردن لە یارییەکی چەند چەشنەوە وەدی دێت. ئەم ڕۆشتنە ناو ڕەوتی جیهانییەش هەمیشە ئابووری نییە، بەڵکو لایەنە فەلسەفی و هزرییەکەی مەسەلەکە گرنگە، واتە ئەوەی کە ئێمە بتوانین لە ڕەهەندی ڕەخنەگرانەی ئەقڵی مۆدێڕن کەڵك وەربگرین.

*** مۆدێڕنێتە دوو دیوی هەیە، یەکیان ڕەهەندی ئامیری و تەکنۆلۆژیکی ئەقڵی مۆدێڕن و مۆدێرنیتەیە و ئەویتریان ڕەهەندی تێگەیشتنی و ڕەخنەگرانەیەتی کە جەنابتان سیمبۆلگەلێکی ئەم مۆدێڕنێتەیەت لە چەمك گەلی وەك دیموکراسی، کۆمەڵگەی شارستانی و مافی مروڤدا دیاری کرد. ئێمە ئێستا لە ڕێگای هەردوو دیوەکەیەوە لەگەڵ مۆدێڕنێتە ڕووبەڕووین و بە تایبەتی لە لایەنی ڕەخنەگرانەوە کە ڕێبازە جۆربەجۆرە فەلسەفییەکان لە ئێرانی ئەمڕۆدا گەڵاڵە دەکرێن. ئایا پێتان وایە کە ئێمە دەتوانین ئەندێشەکانی بزاڤ-ی سەرو مۆدێرنی لە پاڵ ئەندێشەکانی بەرگریکارانی نەریتی ڕۆشنگەریدا گەڵاڵە بکەین، بە جۆرێك کە هیچ کامیان زەرەرمەند نەبن و هەرکامە و مافی خۆی بدرێتێ؟**

– پرسیارەکەی تۆ قسەکەی «ئوسکار وایڵد»م وەبیر دێنێتەوە کە دەیگوت هیچ شتێك «مەترسیدارتر لە زۆر مۆدێڕنبوون نییە». من پێموایە ئێمەی ئێرانی هەوڵمانداوە زۆر مۆدێڕن بین، بە بێ ئەوەی کە لە ڕاستیدا مۆدێڕن بین، واتە زۆرتر مۆدەمان وەرگرتووە تا مۆدێڕنێتە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بە بێ ئەوەی هەوڵبدەین خەریکی قووڵاییی مەسەلەکان بین، بە تەنکاییی باسەکان قنیاتمان کردووە و ئەو تێڕوانینەی کە ئەمڕۆ بە دەوری پۆست مۆدێڕنیزم لە ئێراندا دەخولێتەوە، لەم لایەنەوە هاتۆتە گۆڕێ. ئەندێشەی پۆست مۆدێڕن لە چوارچێوەی ئەقڵی مۆدێڕندا دێتە گۆڕێ و ئێمە ناتوانین ناوبڕ لێبدەین و بڵێین کە ئێمە مەسەلەی ئەقڵی مۆدێڕنمان نییە و لە یەك کاتدا دەمانەوێت خەریکی ڕەخنەکانی پۆست مۆدێڕنیزم لە ئەقڵی مۆدێڕن بین. بە بڕوای من ئەمە مومکین نییە و تاقە تەشکی ئەم دۆخە دەبێتە ئەوەی کە ئێمە لاساییی تاقمێك مرۆڤ دەکەینەوە و لە باتیی قسەکانی خۆمان، قسەکانی ئەوان دەکەین، بەبێ ئەوەی بزانین لە کوێدا دەژین.

من نالێم که ئێمه نابێ سەیری ئەو رەخنانەی که بیرمەندانی پۆست مۆدێرن دەیانگرن، بکەین بەڵکو دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین که ئەندێشەی پۆست مۆدێرن بخەینە قاڵبی ئەندێشەی مۆدێرنەوە. تۆ سەیری بکه زۆربەی ئەو کتێبانەی که هەنووکه له ئێراندا برەویان پەیدا کردووە، سەبارەت بە ئەندێشەگەلی پۆست مۆدێرن و بنەماشکێنی نووسراون، له کاتێکدا گرنگییەکی ئەوتۆ بە ریشەکانی ئەندێشەی مۆدێرن نادەن، رەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت که دژوارتر و پێویستیی بە کاتێکی درێژتر لە ئەندێشە و هزرین هەیە و بەم هۆیە روو له ئەندێشە پۆست مۆدێرنەکان دەکەن. تۆ چۆن دەتوانی سەبارەت بە رەخنەی پۆست مۆدێرن لە بکری مەعریفەی مۆدێرن و زەینیەتی میتافیزیکی قسەبکەیت، به بێ ئەوەی که ئەم زەینییەتە میتافیزیکییە بناسیت و له رەوتی گۆڕانی له دێکارت و سپینۆزاوە تا کانت و هیگڵ و پاش ئەوەش بێ ئاگا بیت؟ ئەمە شتێکی ناکردەنی‌یە.

من یەك لەو پێداگرییانەی کە بۆ نووسینی کتێبی رەخنە لە ئەقڵی مۆدێرن و پێشکەشکردنی بە خوێنەری فارسی هەم بوو، ئەوە بوو کە بیرمەندە مۆدێرنەکان لە پاڵ بیرمەندە پۆست مۆدێرنەکاندا دابنێم و پێشانی بدەم کە هەرکامە تا چ رادەیەك دژی یەکترین و رۆژئاوا تا چەندە فرەچەشنە و گەرچی هەمووشیان لە داوێنی ئەقڵی مۆدێرن و رەخنەگردان.

*** سەبارەت بە بەرباسەکانی مۆدێرنێتە قسە و باسی زۆرتان ئەنجام داوە، بەڵام وەك رۆشنبیرێکی ئێرانی کەمتر باسی کولتوری ئێرانتان کردووە هۆکارەکەی چییە؟**

– من سەبارەت بە کولتوری ئێرانیش کارم کردووە و کتێبی «ئێران و مۆدێرنێتە» کە بەم زوانە چاپ دەکرێت، سەبارەت بە ئێرانە و لایەنی رووبەڕووبوونەوەی ئێران لەگەڵ رۆژئاوا لە بەستێنە کولتورییەکاندا پیشان دەدات و دەمەوێت درێژە بەم پرۆژەیە بدەم.

سەرەڕای ئەوەش ئەم قسەیەت کە من زیاتر باسی فەرهەنگی رۆژئاوام کردووە تا فەرهەنگی ئێران، راستە و رەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوە بووبێت کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئێران دوور بووم. بەڵام هەمیشە سەرقاڵیی هزریی من ئێران بووە.

بەڵام رەهەندگەلێك لە کولتوری هاوچەرخی ئێراندا هەن کە من زۆرتر کارم لەسەر کردوون. بۆ نموونە، لە هەندێ وتاردا رۆشنبیری ئێرانی و رۆشنبیری رۆژئاواییم پێکەوە بەراورد کردووە. هەروەها چەند وتارێکم لەمەڕ هونەرمەندانی ئێرانی وەك سینەماکار، نیگارکێش و گۆزەکەر نووسیوە. ئەگەر ئەو فیلمە ویدیۆیانەی کە سەبارەت بە «موحەممەدعەلیی جەماڵزادە»، «بوزورگی عەلەوی»، «بیژەنی جەلالی» و...لەبەرچاو بگریت دەتوانی بڵێی کە لەمەڕ کولتوری هاوچەرخی ئێران، هێندەش کەمتەرخەم نەبوومە.



*** ئایا پێتان وانییە کە دەتوانین گەورەترین سیمبۆلی تایبەتمەندیگەلی وەك خۆژینەری، لێبۆردن و ساناگیری و ئەو رەخنەگرییەی کە ئەقڵی مۆدێرن هەیەتی، لە رۆشنبیردا پەیدا بکەین؟**

– روخساری گرنگی مۆدێرنێتە لەدونیای ئەمڕۆدا لایەنی ئامێرییە کە جیهانگیرترە و هەنووکە هەموو جیهان لە ژێر کاریگەری ئەم لایەنە ئامێرییەی مۆدێرنێتەدایە و ئەڵبەت ئەم لایەنە رەخنەش هەڵدەگرێت. بەڵام لایەنی رۆشنبیری کە لایەنێکی گچکەتری مۆدێرنێتە پێك دەهێنێت، لایەنە رەخنەگرانەکەیەتی. بە بڕوای من کاری رۆشنبیر لە پێشخستنی ئەقڵی مودێرندا زۆر گرنگە. ئەقڵی مۆدێرن سیستەمێکی داخراو و باریك نییە کە بۆ هەمیشە پێچرابێتەوە و وەك «ژۆرژ بالاندیە» مرۆڤناسی فەڕەنسی دەڵێت: مۆدێرنێتە جووڵانەوەیەکە لەگەڵ دیاری نەکردندا کە دەبێتە هۆی بەرەو پێشەوەبردنی، رۆشنبیری مۆدێرنیش لە راستیدا کەسێکە کە بە شێوەی بیرکردنەوەی مۆدێرن، بەرامبەر خۆی و کۆمەڵگەکەی دیدێکی رەخنەگرانەی هەیە. رۆشنبیر وەك لایەنی سەرەکیی شارستانیەت و ئەقڵی مۆدێرن، ئەو کەسەیە کە بەردەوام خۆی دەباتە ژێر پرسیارەوە، بۆ نموونە، ئەو چەمکانەی کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات، دەباتە ژێر پرسیارەوە. جگە لەمەش ناتوانین سەبارەت بە رۆشنبیر قسە بکەین، چونکە رۆشنبیری مۆدێرن بە چەشنە دەنگ هەڵبڕینێك کە هەمان مەسەلەی «دریفوس» بێت، لە دایك بووە و ئەگەر شێوازی رەخنەگرانە وەلاوەبنرێت، چییەتیی رۆشنبیر بەخەوش دەبێت.

لە رۆژئاواشدا زۆرجار رۆشنبیران لە دوگماتیزم و تۆتالیتاریزمدا نوقم بوون، بەڵام رۆشنبیران هەوڵدەدەن لەو ئەزموونە دڵتەزێنانە کەڵك وەربگرن و لەو شێوازە دووربکەونەوە.

*** رەخنەگریت وەك تایبەتمەندیی سەرەکیی رۆشنبیر ناساند، بەڵام ئەوە قەبووڵدەکەن کە بە گۆڕانی هەلومەرج ئەم رەخنەگرییەش بە بابەتگەلی جۆربەجۆرەوە دەلکێت، بۆنموونە ئێمە هەنووکە لە رۆژئاوادا لەگەڵ کەسانی وەك «ئەمیل زۆلا» و «مارسێل پرۆست» کە مەسەلەی دریفوس دێننە گۆڕێ و یان لەگەڵ ڤۆڵتێردا رووبەڕوو نابینەوە. پێتان وایە رۆشنبیرانی رۆژئاوا بۆچوونیان گۆڕیوە و خەریکی بابەتگەلێکی لاوەکی و پسپۆڕانەتر دەبن یان ئەوەی کە هێشتا دەتوانن خەریکی بابەتگەلی جیهانی بن؟**

– من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئێمە رۆشنبیری جیهانیمان نییە. بە بڕوای من کەسانی وەك داریووشی شایگان، و سەیید حسێن نەسر رۆشنبیری ئێرانین کە سەربە رەهەندی جیهانین، چ ئێمە لەگەڵیاندا تەبابین یان نەبین. بۆ جیهانیبوون دەبێ جیهانی بیر بکەینەوە و پێموایە

تەنانەت بۆ خۆجێی بوونیش دەبێ ڕەهەندی جیهانی هەبێت. لە کاتێکدا کە ئێمە هەنگاوەکانمان لەگەڵ دونیای ئەمڕۆدا هەڵدەگرین، ناتوانین تەنیا لە بابەتەکانی کۆمەڵگەی خۆماندا نوقم بین و بارودۆخی جیهان ڕەچاو نەکەین. بەبڕوای من ئەو بەخێڵی و ڕق و قینە کە لە نێو ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی ئێرانیدا باوە، ئێمە لە بابەتە ڕاستەقینەکانی جیهان دوور دەخاتەوە (و من کاتێك ئەم قسەیە دەکەم یەکەمجار ڕەخنە لە خۆم دەگرم) لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلانەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی خۆماندا هەمانن، مەسەلەگەلێکن کە پێوەندییان بە دونیای ئەمڕۆوە هەیە و مەسەلەگەلێکی هاوبەشن کە تایبەت بە هەلومەرجی تایبەتی کۆتایی سەدەی بیستەمن. هەنووکە کە سنوورە ئایدۆلۆژیی و ئایینی و نەتەوەییەکان وەلاوە نراون، ئێمە لەگەڵ نەوەیەك لە ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیدا ڕووبەڕوین کە لە ئاستی جیهانیدا بیر دەکەنەوە. تۆ دەبینی کە ژمارەیەکی زۆری ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لە ڕۆژئاوادا دەژین، لە کولتورگەلی وەك هیندوچین و ژاپۆن و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون، بەڵام ئەو مەسەلانەی کە باسیان لەسەر دەکەن پێوەندییان بە دونیای ئەمڕۆ هەیە. کەسانی وەك «میلان کۆندێرا»، «نایپل»، «هومی بابا»، «تاهێربنجلون» و...بە باسگەلێکەوە خەریکن کە لایەنی جیهانییان هەیە، ئەم بابەتانە بە ئێمەشەوە پێوەندییان هەیە.

مەسەلەیەکی وەك کۆمەڵگەی شارستانی کە لە ڕۆژئاوادا گەڵاڵە کراوە، گرفتی ئێمەشە و ئێمەش قسەمان لە سەر کردووە، قسەگەلێك کە ئەڵبەت زیاتر وەك دیکۆرگەلی هالیڤوودی گەڵاڵە کراون، تا ڕامان لەسەر بنەماکان و بنچینەکانی، واتە لە ئاستی دروشمدا و نەك بە شێوەیەکی قووڵ.

*** هەنووکە لە ئێراندا گرنگی بە لایەنەکانی ڕەخنە لە ڕۆشنبیریش دراوە. دۆخی هەنووکەییی ڕۆشنبیری لە ئێراندا چۆن دەبینن؟**

- لە ئێراندا ڕەنگە بتوانین سەردەمە جۆربەجۆرەکانی ڕۆشنبیری دیاری بکەین. لە سەردەمی یەکەم (سەردەمی مەشروتە و ڕەزاشا)دا ئێمە زانایان و ڕۆشنبیرگەلێکمان هەن کە تازە لەگەڵ کولتوری ڕۆژئاوادا ئاشنایەتییان پەیدا کردووە و بەجۆرێك دەیانەوێت کولتوری ڕۆژئاوا بۆ ئێران بهێنن. کە ئەڵبەت ئەمە سەردەمێکی گرنگ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆشنبیرانی ئێمە لەگەڵ ئەندێشە مۆدێرنەکانە. من بۆخۆم، وەك ئێرانییەك زیاتر خۆم بەم سەردەمەوە نزیکتر دەبینم تا سەردەمەکانیتر.



سەردەمی دووهەم، سەردەمی ئایدۆلۆژیە کە بە هاتنە ناوەوەی هەمەگیری ئەندێشە مارکسیستییەکان پاش خەرمانانی١٣٢٠دەستپێدەکات و تا ساڵی ١٣٥٧درێژەی هەیە. بە بڕوای من ئەم سەردەمە زەبرێکی کاریگەری لە ڕۆشنبیریی ئێران داوە و ڕۆشنبیرانی ئەم سەردەمە بۆخۆیان دەبنە هۆکارێك کە ئەندێشەی ڕەخنەگرانە بەرەو پێشەوە نەڕوات و ئەم کارە لە ڕێگای تەشەنەی حیزبی توودە و ڕومانسیزمی شۆڕشگێڕانەی سەردەمی مەستیی چەکداری و قەدەغەکردنی ژمارەیەکی زۆری کتێب و ئەندێشەکانەوە جێبەجێ دەکرێت.

شۆڕشی ئێران بوو بە هۆی ئەوە کە ئەندێشەی سەردەمی دووهەم لە ئێراندا لاواز بکرێت و دوو گرووپی تر لە ڕۆشنبیران لە دایك بن ئەو گرووپە کە خۆیان بە ڕۆشنبیرانی ئایینی ناو دەبەن و ڕۆشنبیرانی نائایینیی لایەنگری سێکۆلاریزم.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نەوەیەکی ڕۆشنبیرانی نائایینی هەیە کە بابەتگەلی وەك سیکۆلاریزم و کۆمەڵگەی شارستانی و دیموکراسی دێننە گۆڕێ. ئەڵبەت باشتر ئەوەبوو کە لەنێو ئەم دوو گرووپە (ڕۆشنبیرانی ئایینی و ڕۆشنبیرانی نائایینی)دا وتووێژی زۆرتر کرابا. ڕۆشنبیرە مارکسیستەکان هەنووکە لە ئێراندا گیرۆدەی گۆشەگیرین لەبەر ئەوەی کە بە دیتنێکی ڕەخنەگرانەوە بە هزرەکانی خۆیاندا نەچوونەتەوە و ئەگەریش لە شێوازە ستالینییەکان دابڕابن، هێشتا بەجۆرێك لە ڕەوشت و نووسینەکانیاندا ئەم شێوازە بەکاردێنن و ڕێگە بە خۆیان دەدەن کە دیاریی بکەن چ کەسێك نووسەر یان شاعیرە و چ کەسێك نووسەر یان شاعیر نییە. بەڵام خۆشبەختانە نەوەیەکی لاوتری ڕۆشنبیران لە ئێراندا هەیە کە ناتوندوتیژی، ساناگیری، چاکسازیی کۆمەڵایەتی و پرۆڤ-ەی دیموکراسی یان کردۆتە پێوەری کارەکانیان.

*** پێتان وایە ڕەنگدانەوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیریی نائایینی لە ئێراندا کامانەن و ئەم بزاڤە چ هاوکێشەیەك لەگەڵ ئاییندا چێدەکات؟**

- ڕەنگە گۆڤارەکانی وەك نیگای نوێ (نگاه نو) و وتووێژ (گفتگو) ناسێنەرانی ئەم بزاڤە بن. ئەم بزاڤانە ئەڵبەت لەگەڵ ئاییندا بە شێوەی پرسیاری فەلسەفی ڕووبەڕوو دەبنەوە.

بەڵام ئەوەی کە ڕۆشنبیری ئایینی و ڕۆشنبیری نائایینی لێك جیادەکاتەوە، بابەتی ئایین نییە، بەڵکو پەنجەکێشان بۆ خودی مەسەلەی ڕۆشنبیرییە کە ڕۆشنبیر دەبێ چ بابەتگەلێك ڕەچاو بکات، ئایا بابەتگەلی وەك کۆمەڵگەی شارستانی، دیموکراسی و گرێبەستی کۆمەڵایەتی، تەشکی ئایینییان هەیە یان نا؟

به بڕوای من ئەگەر وتووێژ لەگەڵ ئەم دوو گرووپە (ڕۆشنبیری ئایینی و نا ئایینی)دا زۆرتر بێت، هەڵوێستەکانی هەردوو گرووپ روونتر دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی هەنووکە ئەم باسانە بەشێوەی لێڵ و ناتەواو دێنە ئاراوە.

بەڵام تێنەگەیشتنی من لە ڕۆشنبیریی ئایینی ئەوەیە کە چەمکگەلی وەك: کۆمەڵگەی شارستانی، دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ڕۆژئاوادا لە چوارچێوەیەکی سێکۆلاردا هاتوونەتە گۆڕێ و ئەگەر لە چوارچێوەی ئایینیدا بێنە گۆڕێ، گەوهەرەکەیان بە خەوش دەبێت. ئەڵبەت من دووپاتی دەکەمەوە کەسێکی ئایینی دەتوانێت لە کەسێکی نائایینی  زۆر مۆدێڕنتر بێت، واتە بابەتە پێوەندیدارەکانی مۆدێڕنێتەی باش فام کردبێت و لەو بەستێنەدا پشکنین و گەشتوگوزاری کردبێت. بەڵام بە هەرشێوە هەرشتێك چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە و هەروا کە ناتوانین لە «پاسکال» و «کیرکەگارد» مارکسیست دروست بکەین، هەرواش ناتوانین کۆمەڵگەی شارستانیی مۆدێڕن بە داهێنانی «تۆماس ئاکویناس»ی پیرۆز بزانین. بەهەرحاڵ رەوتی کامڵ بوونی فەلسەفیی چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی لە ڕۆژئاوادا روونە و هەموان دەزانن کە بنەمایەکی سێکۆلاری هەیە. ئەڵبەت ئەمەش بەو واتایە نییە کە دیموکراسی، مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی شارستانی تەنیا تایبەت بە سێکۆلارەکانە. ئەڵبەت ئەمڕۆ «واتیکان»یش سەر لەم بابەتانە دەدات، بەڵام بە هەرشێوە واتیکانیش خۆی لەگەڵ ئەقڵی مۆدێڕندا هاوجووت کردووە.

*** ژمارەیەك بەبوونی چەمك گەلی وەك کۆمەڵگەی شارستانی، مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی کە لایەن و بنەمای سێکۆلاریان هەیە، نیگەرانی مانەوەی کولتووری ئێرانی - ئیسلامین ،  چ  قسەیەکتان بۆ ئەمانە هەیە؟**

- من پێم باشە ئەم قسەیەی گاندی دووپات بکەمەوە کە: «من پێم خۆشە دەلاقەکانی ماڵەکەم بە رووی هەموو فەرهەنگێکدا بکەمەوە ئەم فەرهەنگانە وەك بایەك بێن و لە ماڵەکەی من تێپەڕ بن و بەشکەم هەوای ماڵەکەم بگۆڕن، بەڵام پێم خۆش نییە هیچ بایەك ماڵەکەم وێران بکات». منیش بەم  جۆرە بیر دەکەمەوە و ئێمە نابێ روانینمان بۆ ڕۆژئاوا تەنیا بەو جۆرە بێت کە کاریگەری چاك یان خراپی ئەم کولتوورە بە سەر کولتوورێکی خۆمانەوە ببینین، بەڵکو مەسەلەی گرنگتر ناسینی ڕۆژئاوایە، بۆ ئەوەی کە خۆمان باشتر بناسین و لە سنوور و کەوشەنی خۆمان پرسیار بکەین. ڕۆژئاواناسیی ئێمە دەبێتە هۆی مرۆڤناسیی قووڵتری ئێمە و ئەم بابەتە



دەتوانێت کۆمەڵگەی ئێمە تا رادەیەکی زۆر دەوڵەمەندتر بکات. وەك کانت دەڵێت ئەگەر ئێوە دەتانەوێت ڕێگای ئیمان پاك بکەنەوە، سەرەتا دەبێ ڕێگای مەعریفە و ناسین بکەنەوە.

*** لە ژمارەیەکی زۆری وتووێژەکانتاندا لەگەڵ بیرمەندانی گەورەی جیهاندا پرسیارتان لە دۆخی سەدەی داهاتوو کردووە و ژمارەیەك وەڵامیان داوەتەوە کە سەدەی داهاتوو یان مەعنەوی دەبێت، یان هەر بوونی نابێت. پێتان وایە مەعنەوییەتی سەدەی بیستویەکەم چ جۆرە مەعریفەیەك دەبێت و لەگەڵ ئایینیدا بە چ شێوەیەك هەڵسوکەوت دەکات؟**

- هەروەك دەزانن ئەم قسەیە دەدەنە پاڵ «ئاندرێ مالێرۆ». ئەڵبەت گرنگ نییە کێ ئەم قسەیەی کردووە، بەڵکو ئەوە گرنگە ئەم قسەیە راست و لۆژیکییە یان نا؟

بە بڕوای من ئەم قسەیە دەتوانێت راست بێت بە مەرجێك بە شێوەیەکی دروست تەرح بکرێت. ئەگەر مەبەست لە مەعنەوییەت گەڕان بە دوای واتایەکدا بۆ ژیانی مرۆیی بێت، بەڵێ سەدەی بیستویەکەم سەدەیەکی مەعنەوی دەبێت. چونکە پێموانییە گەڕانێك کە مرۆڤ لە درێژەی ٥٠ سەدەی شارستانیدا بۆ واتا هەیبووە، لە یەك شەودا بە کۆتایی بگات. مرۆڤی کۆتایی سەدەی بیستەم گیرۆدەی قەیرانێکی مەعنەوییە کە بە شێوەیەکی پێویست لە ڕێگای سیاسەتگەلی شوناسی و ئایینیی توندوتیژەوە شیاوی چارەسەرکردن نییە. رەچاوکردنی لەپڕی فەلسەفەکانی بوودیسم و «زن» لە لایەن ڕۆژئاواوە نیشانەی کەمبوونی مەعنەوییەت لە جیهانی لاییکدایە. ئەڵبەت ئەم رەچاوکردن و ویستنە بۆ ڕۆژئاواییەکان لە چوارچێوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیموکراسیدا دێتە گۆڕێ، واتە دەیانەوێت لە رژێمێکی ئازاد و دیموکراسی و سیکۆلاردا بژین، بەڵام مافی ئەوەشیان هەبێت بچنەسەر ئایینی بوودیسم یان ببنە موسڵمان. کەواتە مەعنەویەت بۆ ئەوان بە پێچەوانەی زۆربەی ڕۆژهەڵاتییەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی بە دونیاییکردنی مۆدێڕنێتەدا دێتە گۆڕێ و نەك وەك گەڕانەوەیەکی بووناسی بۆ دونیایەکی پێش مۆدێڕن.

*** تا ئێستا باسی دوو وتووێژ و «مۆدێڕنێتە»ت کرد، پێتوایە لە مۆدێڕنێتەدا، وتووێژ چ جێگایەکی هەیە؟**

- مۆدێڕنێتە و ئەقڵی مۆدێڕن لە دوو رەهەنددا باس دەکرێن، یەکیان لایەنی ئامێری و تەکنۆلۆژیك و ئەویتریان رەهەندی رەخنەگرانەیە. بە شێوەیەکی سروشتی ئەقڵی مۆدێڕن، بە چاوێکی رەخنەگرانە و گومانگەرانە بۆ خۆی و جیهان دەڕوانێت و هەوڵدەدات خۆی و جیهانیش

بباتە ژێر پرسیارەوە و بۆ ئەوەی ئەم کارەش بکات، ناچارە لەگەڵ جیهانی خۆی و جیهانی کەسانی دیکەدا دەست بە وتوویژ بکات. لەبەر ئەوەی ئەگەر وتوویژ نەبێت، ئیدی رەخنە و پرسیار جێگایەکیان نابێت.

یەکێك لە ئەستوونە بنەماییەکانی ئەقڵی مۆدێرن ئەوەیە کە توانیویتی مەسەلەی وتوویژ بکاتە گەوهەری بزاوتنی خۆی. چونکە ئەگەر ئەم وتوویژە نەکات، خیانەتی لە گەوهەری خۆی کردووە. کاتێك سەیری فەیلەسووفە گەورە رۆژئاواییەکان دەکەین دەبینین کە بەردەوام لەگەڵ کولتوری خۆیاندا خەریکی وتوویژ و هەڵسوکەوتی تیۆری و فەلسەفین، بۆ نموونە، کانت کە یەکێك لە گرنگترین روخسارەکانی مۆدێرنێتەیە، بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی مەعریفە، ئەقڵ لەگەڵ فەیلەسووفانی پێش خۆی وەك «دێکارت»، «لایب نیتس»، «هیوم» دەست بە وتوویژ دەکات و رەخنە لە فەلسەفەکەیان دەگرێت. بەکورتی ئەگەر ئەم وتوویژە نەبێت، بنەما و بنەڕەتی فەلسەفەی مۆدێرن تێدا دەچێت. رەنگە ژمارەیەك راستیان گوتوبێت کە پێشکەوتنی ئەقڵخۆزایی مۆدێرن لە رۆژئاوادا لەگەڵ پەرەسەندنی سیاسی و ئابووریدا بووە، بێگومان، بەڵام سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر سروشت و مرۆڤدا یەکێك لە وێنا کۆمەڵایەتییەکانی ئەقڵی مۆدێرنە کە ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسووفە مۆدێرنەکان (لە هایدگەرەوە تا پۆست مۆدێرنەکان) رەخنەی لێدەگرن. بەڵام وێنای سەرەکیی ئەقڵی مۆدێرن بابەتی سەربەخۆیی ئەقڵی رەخنەگرانەیە کە سنوورەکانی مەعریفە و کرداری حقوقی و سیاسیی ناسەری مۆدێرن دیاری دەکات و لەچەمکی مافی مرۆڤ و دیموکراسیدا رەنگ دەداتەوە.

*** مۆدێرنێتە هەمیشە گرنگی بە کولتورەکانیتر داوە. ئەڵبەت هەندێ جاریش وەك کۆلۆنیالیستێك بەسەر ئەم شارستانییەتانەوە بووە و هەندێ جار بە وەحشی ناوی بردوون. بەڵام بۆچوونێکیتریشی سەبارەت بە کولتورەکانی وەك: هیندوچین و ئێران بووە و خوازیاری گەڕان بە دوای گۆشەیەك لە مەعریفەی ونبووی خۆی لەم کولتورانەدا بووە. پاش ئەم پێشەکییە پێتان وایە لە جیهانی فرەرەنگی و فرەچەشنی هەنووکەییدا کولتورگەلی وەك هیندوچین و ئێران چ کاڵایەکیان بۆ پێشکەشکردن بەمرۆڤی سەدەی بیستویەکەم هەیە؟**

– ئەم پرسیارەی تۆ دوولایەنی هەیە. لایەنی یەکەم بە بۆچوونی کولتوری رۆژئاوا سەبارەت بە کولتورەکانیترەوە پێوەندیی هەیە. نیگایەك ئەوە بووە کە کولتوری رۆژئاوا خوازیاری زاڵبوون بە سەر مرۆڤ و جیهاندا بووە. بەڵام نیگاکەیتر ئەوەیە کە کولتوری رۆژئاوا بۆ ناسینی خۆی



پێویستی بەوە هەبووە کە کولتورەکانیتریش بناسێت و پاش سەردەمێك رۆشنبیران، بیرمەندان و کەسانی دیکە لە رۆژئاوا بۆ وڵاتانی جۆربەجۆر سەفەردەکەن و گرنگی بە ئاینە جۆربەجۆرەکان دەدەن. بە بڕوای من رەهەندی هیومانیزمی فەرهەنگی رۆژئاوا، روانینێکی ساناگیرانەی بەرامبەر کولتورەکانیتر هەیە و ئەمەش لە بەرهەمەکانی کەسانی وەك «ئەراسمۆس» و «لاس کازاس» لە سەردەمی دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا و کوشتنی هیندییە سوورەکانان لەم کیشوەرەدا دەبینرێت. باسێك کە لە «والادولید» لە نێو کەشیش «سپۆلۆ» و «لاس کازاس»دا سەبارەت بە زاتی هیندییە سوورەکان دروست دەبێت، نیشانەی کارکردی ئەم کولتورە هیۆمانیستییەیە و من بۆخۆم دژی ئەو لایەنەی رۆژئاوام کە تێکەڵ بە زاڵبوونە و پێموایە ئەمە روانینێکە کە بە ئامانجگەلی تایبەتەوە دروست کراوە و لە کتێبی رۆژهەڵاتناسیی «ئیدوارد سەعید» دا بە جوانی روون کراوەتەوە، بەڵام لایەنی مرۆڤدۆستانە و هیومانیستیی کولتوری رۆژئاواش نابێ لەبیر بکرێت، چونکە من پێموایە کە ئەمە لایەنی سەرەکیی شارستانیەتی رۆژئاوایە، ئەڵبەت ئەمەش بەو واتایە نییە کە شارستانیەتە رۆژهەڵاتییەکان هیچ تێڕوانینێکی مرۆڤدۆستانەیان نییە، بە پێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی مەسەلەی ئێمە هەرهەمان مەسەلەی یەکگرتنی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتە و یەکبوونی جیهان، سروشتییە کە بە روانینێکی رەخنەگرانەوە دەتوانین زیاتر لایەنە هیۆمانیستییەکانی کولتوری رۆژئاوا لەبەر چاو بگرین.

بەڵام سەبارەت بە کولتورەکانی وەك هیندوچین و ئێران دەتوانین بڵێین کە ئەم کولتورانە لە جیهانی ئەمڕۆدا دەتوانن رۆڵێکی کاریگەر بگێڕن بەمەرجێك لەم رەوتی بە جیهانیبوونەدا بەشدارییان هەبێت، واتە ئەو گوتە و ئەندێشانەی کە باسیان لێوە دەکەن، تەنیا سەبارەت بە دەوروبەری خۆیان نەبێت کە بە گوێی خەڵکی جیهان نەگات، بەڵکو بتوانن ئەمە لە رەهەندە جیهانییەکاندا و بەزمانە جیهانییەکان وەدەرخەن و پێموایە ئەوانەی کە ئەم کارەیان کردووە، بۆ کولتوری خۆیان زۆر سەرکەوتوانە کاریان کردووە. پێموایە کولتوری هیندستان، کولتورێکە کە سەرکەوتوانەتر کاری کردووە، چونکە لە کولتوری رۆشنبیریی جیهاندا بەشداریی راستەوخۆی هەیە و ئەم کارەش زیاتر بە زمانی ئینگلیزی کراوە. لە هیندستان نووسەران و فەیلەسووفانی وەك «ئاماریتاسێن»، «هومی بابا» و «نایپل» هەن کە هزر و ئەندێشەکانی خۆیان لەگەڵ خەڵکی جیهاندا باسکردووە، بەڵام ئێمەی ئێرانی ئەم کێشەیەمان هەیە کە زمانەکەمان زمانێکی ناوچەیی و بەرتەسکە و بە دژواری دەتوانین ئەندێشەکانمان بە خەڵکانی دیکە بناسێنین و لەگەڵیان بیرورا بگۆڕینەوە.

بەڵام من وابیر دەکەمەوە ئێران و کولتوری ئێرانیش دەتوانێت لە جیهانی هەنووکەییدا رۆڵێکی کاریگەری هەبێت بەو مەرجەی کە بتوانێت خۆی بخاتە ئەم پرۆسە جیهانییەوە و ئامادەیی خۆی بۆ وتووێژ لەگەڵ کولتورەکانی‌تردا رابگەیێنێت. ئەم وتووێژە تەنیا لە دۆخێکدا دەکرێت کە ئێمە ئیرادە و ویستی ناسینی کەسانی دیکەمان هەبێت، واتە هەم خۆمان بە گرنگ بزانین و هەم ئەوان و نەڵێین کە فلانکەس لە بەرئەوەی کە هیندستانی، پاکستانی، یان عەرەبە جێگای سەرنج نییە و لە سەرەوە سەیری بکەین. بە بڕوای من ئەم خۆبەزلزانینە نەتەوەییەی ئێمە هەندێجار دەبێتە لەمپەڕی وتووێژ. ئێمە نابێ بەرامبەر هیچ کەسێك هەستی گچکە بینیمان هەبێت، لەبەر ئەوەی خاوەنی کولتورێك بووینە کە سەردەمێك لە پرۆسەی بە جیهانیبووندا بووە و نابێ وابیر بکەینەوە کە ئەم کولتورە لە دۆخی هەنووکەییدا بۆ مانەوەی نەتەوەیی ئێمە بەسە، جێگای پێشکەوتن و فێربوون زۆرە و ئێمەش بەختەوەرانە لەم لایەنەوە وڵاتێکی لاوین.

*** جەنابتان زۆر حەزتان لە کولتوری هیندستانە، نهێنی ئەم حەزلێکردنە چییە و پێتان وایە چ خاڵگەلێکی هاوبەش لە نێوان کولتوری هیندستانی و ئێرانیدا هەیە؟**

هیندستان زۆر قەرزداری کولتوری ئێرانە. بۆ نموونە، لە دەرباری پاشایانی هیندستان لە سەردەمی مەغولەکاندا بە فارسی قسەیان دەکرد کە دوکتۆر شایگان لە توێژینەوەیەك سەبارەت بە «دارانشکۆ» ئەم خاڵەی پیشان داوە و دیاریی کردووە کە کولتوری ئێرانی تا چ رادەیەك بە سەر کولتوری هیندستانەوە کاریگەریی داناوە. تۆ کاتێك سەر لە مۆزەخانەکانی هیندستان دەدەیت، مینیاتۆری ئێرانی و دیوانی حافیز و «نیزامی» دەبینیت و هیندستانییەکانیش ئەمە بە بەشێك لە مێژووی خۆیان دەزانن. هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە هێندستانییەکان فارسییان دەزانی و ژمارەیەکی زۆری دەستەبژێرانی هیندستان وەك «تاگۆر» و «گاندی» کەمێك فارسییان دەزانی، لەبەر ئەوەی لە ناوچەکانی ئەواندا بە فارسیش قسە کراوە. کولتوری هیندستان کولتورێکی بزۆز بووە و رەنگە گۆشەیەکی ئەم بزۆزییە بەرهەمی تێڕوانینی «هیندۆییزم» بۆ جیهان بێت، بەڵام وادێتە بەرچاو هیندستانێك کە لە ژێر کاریگەری رۆژئاوادا دانراوە، بزۆزیی خۆشی پاراستووە. هیندستان لەم پەنجا ساڵەی دواییدا زۆر شتی بە جیهان داوە کە رەنگە گرنگترینیان پرەنسیپی نەبوونی توندوتیژی (ئەهیمسا) بێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا من پێموایە کە هیندستان دوایەمین خەزێنەی مەعنەویی جیهانیشە و ئێستاش سەرجەم ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە چەشنێك لە مەعنەوییەت بگەن، سەردانی هیندستان دەکەن. ئەوەی کە جێگای سەرنج بێت ئەوەیە کە هیندستان توانیوێتی رەهەندی تەکنیکی و تەکنۆلۆژیکی خۆی لەپاڵ ئەم



رەهەندە مەعنەوییەدا پەروەردە بکات. واتە لە بەستێنی کۆمپیوتەر و بازرگانیدا یەك لە باشترینەکانە و لە هەمان کاتیشدا دوایەمین پەناگەی میتافیزیکی جیهانە، بۆ ئەوکەسانەی کە بە دوای واتای ژیاندا دەگەڕێن.

*** پێت وایە وتووێژیکی باش چ هەلومەرجگەلێکی هەیە؟**

- پێموایە ئاکاری وتووێژ ئەوە پێویست دەکات کە تۆ وەك کەسێکی بەرامبەر سەیری بیسەری خۆت بکەیت و ئەمەش بە هیچ شێوەیەك بەو واتایە نییە کە قسەکانی ئەو باشترین قسەن، خودی وتووێژ پیشان دەدات کە دەبێ کام قسانە هەڵبژێردرێن و ئەمەش ئامانجی سەرەکیی وتووێژە. لە هەمان کاتدا دەستپێکردنی وتووێژ نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤ دەیهەوێت بابەتگەلێك بە ناسینی خۆی زیاد بکات و ئەگەر ئەم ئامانجە نەبێت، ئیدی پێویستییەك بە وتووێژ نامێنێت و لەم سۆنگەیەوە ئەو کەسانەی کە تێڕوانینی ئایدۆلۆژییان هەیە، پێویستیی وتووێژ هەست ناکەن، لەبەر ئەوەی کە لە پێشدا دۆخی خۆیان دیاری کردووە. وتووێژ بۆ کەسێکە کە بڕوای بە حەقیقەتی رەها نییە، ئەو کەسانەی کە پێیان وایە بە خوێندنەوەی یەك یان دوو کتێب ئاکامی مرۆڤ و جیهانیان شیکردووەتەوە، ئیدی پێویستیان بە وتووێژ لەگەڵ کەسانی دیکەدا نییە، لەبەر ئەوەی کەسانی دیکە لە بۆچوونی ئەواندا بابەتێکە کە لە سیستەمی هزرییاندا کورت کراوەتەوە. کەواتە مەرجی سەرەکیی وتووێژ رێزگرتن لە ئایدیاکانی بەرامبەر نەك قەبووڵکردنیان بە شێوەیەکی ناچاری. بە بێ ئەم رێزدانانە وتووێژ دەبێتە تاکوێژی.(رۆژنامەی «صبح امروز» ٦،٧ی بەفرانباری ١٣٧٨)

## رۆشنبیران و مۆدێڕنێتە

**قزلسوفلا- دەمەوێ وتووێژەکە بە پرسیارێکی بنەڕەتی دەستپێبکەم:«رۆشنبیر کێیە؟» ئەوانەی سەبارەت بەم وتەزایە و پرسیارگەلێك کە لەم بارەیەوە هەن، تۆژینەوەیان کردووە و رەنگە بۆ خۆشیان بە جۆرێك سەر بە توێژی رۆشنبیر بن، پێیان وایە کە رۆشنبیر لە پلەی هاووڵاتیەکی مۆدێڕندایە کە وێڕای بەرگریکردن لە بەها سەرەکییە پێکهێنەرەکانی کەشوهەوای سیاسی و کولتوری مۆدێڕنێتە، بەردەوام رەخنەیان لێدەگرێت. رۆشنبیر«ئینتلیجنتێسیایەکە» کە توانای کۆمەڵگەی نابەدڵ و نەشیاوییە سیاسی، کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانی نییە. هەر بۆیە لە بەرانبەر نایەکسانیگەلی لەم چەشنەدا پەرچکردارێکی جیددی پیشان دەدات تا**

**کۆمەڵگە نابەدڵەکەی خۆی نوژەن بکاتەوە. کەواتە کەسێك کە لە کۆمەڵگەیەکی نابەدڵ بێزارە و دژایەتیی لەگەڵ دەکات و ناسێنەری رۆشنبیرێکە، تەنانەت دەتوانێ لە دۆخێکی پێش مۆدێرنیشدا ئامادەبێت. کەواتە باسی رۆشنبیری دەتوانێت لە سێ روخساری نەریتی، مۆدێرن و پۆست مۆدێرندا دەربکەوێت: رۆشنبیری حەقیقەتخواز و پێشکەوتوو و یوتۆپیایی چاخی کۆن، رۆشنبیری ئازای سەردەمی رۆشنگەری وەك «ڤۆڵتێر»، «دیدرۆ»، «کانت» و «گوتە» و... و دواجار رۆشنبیرانی نەوەی سێهەم لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا کە هێرش دەکەنە سەر بونیادەکانی سەردەمی مۆدێرن و لە بونیادشکێنیی هەموو شتێك و سەرجەم دەقەکان پێشوازی دەکەن. کەسانی وەك «فۆکۆ»، «دریدا»، «بۆدریار» لەم نەوەیەن. کەواتە دەتوانین لە سۆنگەی مەعریفە ناسی و هەبووناسییەوە، لەنێو ئەم رێبازە رۆشنبیرییانەدا جیاوازی دابنین.**

جیهانبەگلوو- پاش ئەو پێشەکییەی کە ئاماژەتان پێکرد، من دەمەوێ بڵێم کە ئێمە رۆشنبیر و تێڕوانییمان بۆ دیاردەی رۆشنبیری، بەو واتایەی کە لە مۆدێرنێتە فێربووینە، لە سەردەمی پێش مۆدێرنێتەدا نەبووە. رۆشنبیری سەردەمی مۆدێرن سەرچەشنی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتییە و لە هەمان کاتدا مرۆڤێکە کە بڕوای بە پرەنسیپگەلێك هەیە کە ئەو پرەنسیپانە ناچاری دەکەن لە کاروبارە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی کۆمەڵگەدا دەستێوەردان بکات. رۆشنبیر بە واتا ئیمرۆژیەکەی، واتە ئەوەی کە فەڕەنسیەکان «ئێنتلکتوئل»ی پێدەڵێن، کەسایەتییەکە کە بە بابەتی «دریفۆس» و مانیفێستی بەناوبانگی رۆشنبیران لە ژانێوەری ١٨٩٨دا خولقێندرا. بەڵام لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، کە سەردەمی زاڵبوونی دەمڕاستەکانی کلێسا بەسەر حاکمییەتی خەڵکدا بوو، زاناگەلێك هەن کە بە ناو رۆڵی رۆشنبیریان دەگێڕا، ئەڵبەت نەك بە واتای مۆدێرنی وشەکە، چونکە یەکێك لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان رۆشنبیرانی سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاست لەگەڵ سەردەمی مۆدێرندا، لە تێڕوانینی ئەوان بۆ جیهان و مرۆڤدایە.

زانایانی کلێسا و پێشینانیان خەریکی راڤە و لێکدانەوەی رستەگەلی «ئینجیل» بوون. بۆ نموونە، «ئاکوێناسی قددیس» کە مامۆستای هەرە دیاری «سۆربۆن»ی ئەو سەردەمە بوو، یەکێك لەو فەیلەسوفە ئاییینیە رۆشنبیرانە بوو کە کاری سەرەکیی راڤەی نەریتی مەسیحی بوو.



*** پێموابێت پێش سەردەمی کلێساش کە ئاگۆستین بە سەردەمی *رژەی* خودا لە سەر زەویی دەزانی، واتە لە یۆنانی کۆندا دەتوانین بە دوای رۆشنبیردا بگەڕین، واتە لە لوتکەی بیرکردنەوە فەلسەفیەکانی دەوڵەتشارەکانی یۆناندا. دەتوانین سوکرات وەك نموونە بهێنینەوە کە لەبەر رەخنەکانی لە شتە نەشیاوییەکانی ئەسینا خۆی بە «خەرەنگەزی» کۆمەڵگە ناوبردووە. ئەرکی سەرەکیی ئەو هۆشیارکردنەوەیە لە مەترسییەکانی هەلومەرجی ئەو سەردەمە. رۆڵی ئەو ئاواژیکردنی تێڕوانینی مرۆڤ لە ئاکامی ژیان بوو؟**

- بە پێی ئەم روانگەیە، ئێمە پێویستمان بە پێناسەکردنێکی بەربڵاوی رۆشنبیری هەیە. ئەم پێناسەیە بە هەمان نموونە هێنانەوەی سوقرات دەردەبڕم. راستە کە سوکرات، فەیلەسوفێکی هاووڵاتیی ئەسینی بوو و لە بابەتەکانی دەوڵەتشاردا دەستێوەردانی دەکرد و سەرەنجام هەر بەم هۆیەش ژەهرەی خواردەوە، ئەوەی کە قەبووڵی بکەین کە ئەو گرێدراوییەکی بە رۆشنبیری سەردەمی مۆدێرنەوە هەبووە، شتێکی سەیرە. گەرچی لەوانەیە رۆشنبیرێکی مۆدێرن بۆخۆی لە سوقرات سەرچەشنێکی رۆشنبیری دروست بکات لەبەر ئەوەی کە سوقرات هەمیشە نیگەرانی کۆمەڵگەکەی خۆی بوو. سوقرات وای بیر دەکردەوە کە لە دیموکراسی ئەسینادا کە داواکاری «لۆگۆس»ی راستەوخۆی هاووڵاتیان بوو، گرووپێك لە سۆفستاییەکان یان تەنانەت دانایانی کۆمەڵگە دەبنە هۆی قەیران و گەندەڵیی کۆمەڵگە. کەواتە بە ئەرکی خۆی دەزانی کە بەرەوڕووی ئەو هەلومەرجە نەپۆڕە بێتەوە، گەرچی لە کۆتاییدا بە گەندەڵی و سەرلێشێواندنی لاوە ئەسینییەکان تاوانبارکرا.

*** بەم پێیە، بە پێچەوانەی فەیلەسوف و تیۆلۆژیستە رۆشنبیر مەسەلەکانی سەردەمی کلێسا کە بڕوایان بە دابەزینی ئادەم هەبوو و هەمووشتێکیان بە شاری خودا سپاردبوو، سوقرات مۆدێرن بیری دەکردەوە. هزری ئەو لەگەڵ بزاڤ-ی سیاسیی سەردەمدا نزیکییەکی زۆری هەبوو و زیندووتر لە فەیلەسووفەکانی سەدەکانی نێوەڕاست قسەی دەکرد.**

- بەم بۆچوونە فەلسەفییەوە، دەتوانین وەك رۆشنبیرەکانی ئەمڕۆ بزانین کە لەگەڵ قەیرانەکانی کۆمەڵگەدا رووبەڕوو دەبنەوە، هەم لە سەردەمی نوێگەری و هەم لە سەردەمێکدا کە ژمارەیەك داواکاری کۆتایی هاتنی بەرپرسیارییەتی رۆشنبیرین.

*** ئەڵبەت لە هەمان کاتدا ڕۆشنبیرێکی وەك سوقرات بەردەوام وریایە تا نەکەوێتە دوای ڕەهاییەکان (قطعیت دما) و دۆگماکانی کۆمەڵگە و ئایدیۆلۆژیاکانەوە. مەبەستی من لە ئاماژەکردن بەسوقرات، بە سەرجەم ئەو لێکچوونەی کە لەوانەیە لەگەڵ ڕۆشنبیری ئەمڕۆدا هەیبێت چەشنی سەرەتاییەکەی بە سەر ڕۆشنبیرانی پۆست مۆدێرندایە. واتە بە پێی فەلسەفەی تیۆریی ئەفلاتون دەبێ جیاوازییەك لە نێوان هابرماس وەك ڕاگەیێنەری پرۆژەی ناتەواوی مۆدێرنێتە وئەپیستێمی فۆکۆیی، کە نوێگەریی ڕەت دەکردەوە، دابنێین.؟**

- پێموایە سەرەتا دەبێ جیاوازیی گەوهەریی نێوان دوو وشەی «ئینتلیجنتسیا» کە لە بنەڕەتدا ڕووسیا، لەگەڵ وشەی «ئینتلکتوئل» کە فەڕەنسییە، دیاری بکەین. جەنابتان ئاگادارن کە هەردوو وتەزاکە بۆ پێناسەی ڕۆشنبیر بە کار هێنراون. «ئینتلیجنتسیا»بەو شێوەیە کە لە سەدەی نۆزدەی ڕووسیادا باوبوو، لەگەڵ «ئینتلکتوئل»ی فەڕەنسای پاش دریفۆس جیاوازە. ڕۆشنبیر لە ڕووسیادا، پێشتر بە کاری جەماوەریی گرووپێك لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان دەگوترا کە بە هێڵێکی هزریی تایبەتدا دەچوون. هزر و ئامانجی ئەم گرووپە بە شێوەی سەرەکی ئایدۆلۆژی بوو تا ڕۆشنبیری. ڕۆشنبیری ئینتلکتوئلی ڕۆژئاوایی، گۆشەگیرتر بوو، نەك کەسێك لە پەلی قوودا دانیشتبێت، بەڵکو هەوڵی دەدا چارەنووسی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەدا ڕوون بکاتەوە. لێرەدا ئیدی ئایدیۆلۆژیا هاوچەشنی پەیدا نەدەکرد. لەوانەیە ڕۆشنبیر بە هێڵێکی ئایدۆلۆژیدا بڕوات و بەڵام ڕۆشنبیرێکی لەم چەشنە، کەسێکی وەك «ئێمیل زۆلا»یە کە بە کتێبی «من تاوانباردەکەم» لەگەڵ سوپا و سیاسەتی ئەو ڕۆژەی فەرەنسادا شەڕی کرد. ئامانجی ئەو ڕزگارکردنی کەسێکی بێدەرەتانی بێگوناه بوو بە ناوی «دریفۆس». بەم ڕوونکردنەوەیە، دەتوانرێ ڕۆشنبیری پۆست مۆدێرنیش بناسێنن. پێموایە بەو جۆرەی کە هەندێ کەس وای بۆ دەچن، جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێو ڕۆشنبیری مۆدێرن و پۆست مۆدێرندا نەبێت. ڕەنگە لێرەدا لەگەڵ مندا بیت کە ڕۆشنبیریی ڕێبازی پۆست مۆدێرن بەبێ ڕۆشنبیری مۆدێرن واتایەکی نییە. پۆست مۆدێرنەکان ڕەخنەگەلێك لە مۆدێرنێتە و هەندێك لە لایەنەکانی دەگرن، بەڵام بە تێپەڕبوون لە مۆدێرنێتەوە ئەم ڕەخنانە دەگرن. کەواتە بە ئەزموونێکی لەم چەشنەیە کە لە وتەزای بکەری مەعریفە و بکەری سیاسیی داواکاری نوێگەری، ڕەخنە دەگرن. بە بۆچوونی پۆست مۆدێرنەکان، پاش ڕەخنەکانی «مارکس»، «نیتچە» و «فرۆید» و پاشتریش «هایدگەر» و بیرمەندانی ڕێبازی فرانکفۆرت. ئەو ناسەری بکەری مەعریفە، پەتییە هیگڵی و کانتییە، پووکاوەتەوە.



*** مەبەستتان ئەوەیە کە لە ئەنجامی هێرشێکی لەم چەشنەدا، پۆست مۆدێرنەکان داواکاریی ئەقڵی مێژوویی دەبەنە ژێر پرسیارەوە. ئەوان ناسەرەکان فۆکۆ گوتەنی وەك لمی قەراخ ئاو دەبینین کە بە شەپۆلەکانی ئاو، واتە هەر ئەو بونیادانە، تێدا دەچن. بە ڕستەیەکیتر، ناسەری بکەر خۆی بە دەستی بونیادەکانەوە داوە؟.**

- ئەڵبەت بە شێوەیەکی تەواوتر لەوەی کە تۆ دەیڵێی، واتە نەك هەر لە پێواردایە بەڵکو دەبێ بڵێین لە چاخی ئاوەزگەریی دیموکراسیی ڕۆژئاواییدا، ئەو تەزویرەی ئەقڵی مێژوویی کە لە بەرچاوی هیگڵ و ناسەری پێشکەوتووی کانت دایە، ڕۆڵێکی نییە. بۆ وێنە «بۆدریار»ی پۆست مۆدێرن دەڵێت «بکەری سیاسی» بەو واتایەی کە لە سەردەمی یەکەمی مۆدێرنێتەدا هەمانبوو، ئێستا نیمانە.

*** تەنانەت لە سەردەمی سارتەری شۆرشگێڕیشدا؟ لەم سەردەمەدا بەشێك لە خوێندکارانی شەستەکان، بۆوەی ڕای بگەیێنن کە «بکەری مەعریفە» هێشتا ئامادەیە، دەیانگوت: «گەمژەکان، بونیادەکان ناڕژێننە نێو شەقامەکانەوە»؟.**

- بەڵێ، تەنانەت لە سەردەمی سارتەر و خوێندکارەکانی ١٩٦٨دا، کە ڕەنگە لوتکەی ناسەر و بکەر بوون، کەواتە پۆست مۆدێرنەکان زیاتر سەرقاڵی نیگەرانییە تایبەتەکانی خۆیانن، بکەرێك کە ئێستا زیاتر بەکارهێنە و سیاسەتی ڕۆژ بۆ ئەو لە واتای کلاسیك هاتۆتەدەرێ و ئیدی بابەتێکی گشتی نییە.

*** دۆخێك کە پۆست مۆدێرنەکان وەك بۆشاییی ناحەز، ناوی دەبەن لەو بۆشاییە ناحەزەدا، لەبەر ئەوەی کە تابۆیەك نییە، ناچار هێرش کردنەسەر هەموو شتێك مومکین دەبێت. بەم واتایە ڕۆشنبیرێك کە خۆی بە قەرزداری نوێگەری دەزانێت و بەم پێیە ڕێزێکی تایبەتی بۆ نۆرمەکان و تابۆکانی دادەنا، جیاوازە. ڕۆشنبیری پۆست مۆدێرن ڕەنگە وەك «سەلمان روشدی» بێت کە بە هۆی خۆخوازییە تایبەتییەکانی، یان بە هەر هۆیەکیتر، کە مافی مرۆڤیش داواکاریی بەرگریکردن لە ئازادیی دەربڕینی ئەو دەکات، هێرش دەکاتەسەر مەڵبەندی پیرۆزییەکانەوە، یان وەك «ئیمبرتۆ ئێکۆ» کە لە ڕۆمانی «ناوی گولی سوور» هێرش دەکاتە سەر کڵێسا، دەڵێت کە ئیدی هیچ پاڵپشتێکی هەمیشەیی و جێ متمانە بوونی نییە. بەم پێیە**

**رۆشنبیر هەوڵدەدات کە خۆی بپارێزێت. ئەو شتەی کە بە بۆچوونی جەنابتان بەشێك لە خۆخوازیی تایبەتییە. لەم پێوەندییەدا چ دەڵێن؟**

- ئەڵبەت رۆشنبیرانی سەردەمی یەکەمیش هێرشیان دەکردەسەر روانگەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن، واتە پێش زانایانی لایەنگری «ئەنسکلۆپیدیا» لە سەدەی هەژدەدا و لەوەو پاشیش.

*** بەڵام هێرشی بیرمەندانی پۆست مۆدێرن، هێرشێکی نەرمونیانە. رۆشنبیری پۆست مۆدێرن رۆشنبیرێکە کە زیاتر بەدوای وەدەستهێنانی «نێعمەتە زەوینییەکان»ەوەیە و لەو تەکنیکەی کە بونیادشکێنی بۆی پێك هێناوە، زیاتر کەڵك وەردەگرێت؟.**

- بەڵێ، بەڵام بابەتی سەرەکی کە رۆشنبیری پۆست مۆدێرن لەگەڵیدا رووبەرووە، بابەتی پۆست-میتافیزیکە. واتە سەردەمی پاش هایدگەر. هەروا کە دەزانیت هایدگەر ئیدعای ئەوەی دەکرد کە میتافیزیك لەگەڵ نیتچەدا کۆتایی پێ هاتووە.

کۆی بیرکردنەوەکانی رۆشنبیران و تەنانەت هەندێك لە رێبازە رۆشنبیرییەکان لە ئێراندا، وەك ئەحمەدی فەردید بە چەشنە تۆتالیتاریزمێکی هەرەوەزیی و ئایدۆلۆژی گەیشت. بەڵام سەرقاڵیی هاوبەشی رۆشنبیرە هەنووکەییەکان ئەوەیە کە چۆن لە سەردەمی پاش میتافیزیکدا، سەبارەت بە بکەری مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی بیربکەنەوە. لەم پێوەندییەدا هەرکام لە رێبازە رۆشنبیرییە رۆژئاواییەکان بە شێوەگەلی جیاواز بیر دەکەنەوە. بۆ نموونە، بیرمەندانی نیۆکانتی لەم هەڵوێستەوە داواکارییەکانی خۆیان لە بەرانبەر پۆست مۆدێرنەکاندا دێننە گۆڕێ.

*** واتە کەسانی وەك «لۆفور»، «کاستۆریادیس»، «لۆك فری» و «هابرماس» و تەنانەت «جان راوڵز»...**

- بەڵێ، «نیۆکانتی»یەکان دەڵێن ناسەری حقوقی سەردەمی رۆشنگەری هێشتا زیندووە و دەسکەوتەکانیشی ئەگەری بەردەوامی و مانەوەیان هەیە. بە بۆچوونی ئەوان ئەم ناسەرە پێشکەوتووە جیهانییە ئەمڕۆش هەر هەیە و دەتوانرێ سەبارەت بە چەندوچۆنی پرسیار بکرێت. لە هەمان کاتدا لە سیستەمی ئەو رەخنانەی کە لە لایەن مارکس، فرۆید و نیتچەوە لەو سەردەمەدا گیراون، تێدەگەن و لە تێڕوانینەکانی خۆیاندا لەبەر چاویان دەگرن. هەڵێنجانی ئەوان لەم دیمەنەوە، کە منیش لەم هێڵەدا دادەنرێم، ئەوەیە کە چۆن دەتوانرێت سەربە «هیومانیزمێکی نوێ»دا بکرێت. تا چ رادەیەك پۆست مۆدێرنەکان (وەك فۆکۆ، دریدا و دلۆز و...) رەخنە لە



هیومانیزمی رۆشنبیری دەگرن، تا ئەو رادەیەش گرووپی نوێی رۆشنبیرانیش بە رەچاوکردنی رەخنەگەلی لەم چەشنە، بەدوای پێکهێنانی هیومانیزمێکەوەن کە لەو رەخنانە بە دوور بێت. لە ئێرانیشدا ئەگەر بمانەوێت کارێکی رۆشنبیری پێك بهێنین، دەبێ لە بنەما فەلسەفییەکەی هۆشیاریی تەواومان هەبێت.

من هەروەك زۆربەی ئەوانەی کە سەبارەت بە وتەزای مۆدێرن و پۆست مۆدێرنێتە زانیارییان هەیە، لەسەر ئەو بڕوایەم کە نابێ ئەوەی کە لە رەخنەگرتنی مەڵبەندی مۆدێرندا ئامادەیە، راستەوخۆ بخرێتە ناو هزرینی رۆشنبیری لە وڵاتی ئێمەدا.

**- مەبەستت ئەوەیە کە ئێمە هەروا سەیری دەسکەوتەکانی رۆشنگەری بکەین؟**

- بەڵێ، هێشتا دەتوانین سەبارەت بە ناسەری مۆدێرن قسەبکەین. ناسەرێك کە بابەتی ماف و سیاسەتە و مافەکانی مرۆڤ و وەدستهێنانی هەلومەرجی لەباری سیاسی - کۆمەڵایەتی گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆی. ئەو بکەری مەعریفەیە کە عەقڵخوازە و لە هەمان کاتیشدا دیموکراسییشە. ئەگەر ئێمە ئەم دۆخی رۆشنبیرییە وەلاوە بنێین و یان سەبارەت بە دۆخەکە کەمتەرخەم بین، ئەوەی دەمێنێتەوە هەمان دۆخی بەرچاوی بۆدریار، واتە وەهمەکانن، کە هیچ ئەگەرێك بۆ ئەندێشەی فەلسەفی و رەخنەگرتنی فەلسەفی ناهێڵنەوە.

*** کە بیرکردنەوە و فەلسەفە کردن بە شێوەیەکی ئاخرزەمانی یا ئاپوکالیپتیکە؟**

- بەڵێ، لە دۆخێك دەچێت کە ئێمە توانای ئەوەمان نییە لەگەڵ هیچ رێبازێکی فەلسەفیدا هەڵسوکەوتێکی دروستمان هەبێت. تاقە توانای ئێمە دەبێت-ە ئەوە کە دەقە ئامادەکان بە دڵی خۆمان و توانا و ئاستی فەلسەفیی خۆمان، راڤ-ە بکەین و لەگەڵیدا سەرقاڵ بین.

*** هەر لە دۆخی کۆڵەواربوونی رامانی فەلسەفیدایە کە بالێك لە رۆشنبیرە ناچالاکەکان کە دژی نوێگەریی نیشتمانین، دەڵێن: لەبەر ئەوەی کە لە بەرانبەر دەیان کلاورۆژنەدا دانراوین، هەرکاتێك ویستمان کلاورۆژنە هەڵبژێرین و وەك «کوهێن» دەڵێت لە هەمان پارادایمدا دەمێننەوە و پێویستمان بە کارلێك لەگەڵ کلاورۆژنەکانە دیکەدا کە یەکیان کلاورۆژنەی بیرکردنەوەی[1] مۆدێرنە، نابێت. بەڵام لە بژاردنێکی موزائیکیی لەم چەشنە لە کلاورۆژنەکان، سروشتییە کە ئیمکانی دیالۆگ و وتوویژ لەگەڵ کولتورەکانی دیکەدا بۆ ئێمە نامومکین بێت.**

**هەنووکە باشترە پێش ئەوەی بچینە دەروازەی ڕۆشنبیری ئێرانییەوە، کەمێك زیاتر لە سەر ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوا قسە بکەین. ڕۆشنبیرانی پەنجاکان و شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی ڕۆژئاوا بینەری شەپۆلی سەربەخۆیی خوازیی کۆمەڵگە ئاسیایی و ئەفریقییەکان بوون، ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە، لە ژێر کاریگەری داگەڕانە مارکسیستی و ئەگزیستانسیالیستەکاندا، لە چەشنە توندوتیژییەکی شۆڕشگێڕانە پشتگیرییان دەکرد، توندوتیژییەك کە هەوڵی دەدا بەستێنەکانی کۆمەڵگەی مۆدێڕن وێران بکات. لە بەستێنێکی لەم چەشنەدا بوو کە کۆمەڵی ڕۆشنبیرانی جیهانی سێهەمی سەربەخۆییخواز، وەك شوێنکەوتوانی «فانۆن»، دەیانویست ئەندێشە شۆڕشگێڕانەکانی ئەوان قووت بدەن. مەبەستی من ئامانجخوازی لە چەشنی «شەریعەتی»یە. کەواتە دەتوانین نەوەی سارتەر بە هۆی پشتگیری لە توندوتیژییەکی شۆڕش گێڕانە کە برەویان پێدەدا، بە گوناهبار بزانین.**

- من وشەی گوناه بە باش نازانم، لەبەر ئەوەی واتای تیۆلۆژیك و ئایینی زۆر ڕەنگداری هەیە. کەسانێك بە ئەندێشەی مارکسیستییەوە، وەك سارتەر و لە سەردەمێکیشدا تەنانەت کامو، لەگەڵ زۆربەی ڕۆشنبیرانی نێوان بیستەکان تا شەستەکان و حەفتاکان، ئایدۆلۆژی بیریان دەکردەوە. بەبڕوای من، ڕۆشنبیرانی ئایدۆلۆژی تا ڕادەیەك بە بەڵێنەکانی ڕۆشنبیری خیانەتیان کردووە. لەبەرئەوەی ڕۆشنبیر ویژدانی بێداری کۆمەڵگەیە. ئەم ویژدانە بێدارە، دەبێ هەمیشە بەدوای حەقیقەتەوە بێت و ڕەتی نەکاتەوە. لەم دۆخەدا ڕۆشنبیر دەبێ بە دوای پرسیارکردن لە دەرەوە و تەنانەت لە خۆشی بێت. ئەمەش بە واتای مرۆڤی ناسەقامگیریش نییە. کەواتە ڕۆشنبیرانی حیزبی و ئایدۆلۆژی، لایەنگری بیرکردنەوەیەکن کە من پروکرۆستیم ناوناوە، ئەمانە بۆ لە سەر کورسی دانانی ئایدیۆلۆژیی تایبەتی خۆیان، گرنگییەکی ئەوتۆ بە بیرکردنەوە و بەرهەمەکانی ڕۆشنبیرانی دیکەی سەردەمی خۆیان نادەن. بۆ وێنە خودی سارتەر هیچ گرنگییەکی جیددی بە ڕیمۆن ئارۆن، کە یەکێك لە بیرمەندە بەرچاوەکانی سەردەمی خۆی بووە، نەداوە. ئەم بابەتە لە دروشمی بە ناوبانگی مانگی مەی ١٩٦٨دا ڕەنگی دایەوە کە «باشترە لەگەڵ سارتەردا هەڵە بیر بکەینەوە تا لەگەڵ ئارۆندا دروست بیر بکەینەوە»، بە بڕوای من ئەمە دەتوانێت ئەنجامی نەخوازراوی داگەڕانی ئایدۆلۆژی بێت، کە تۆ لە شێوەی گوناهدا هێناتە گۆڕێ.

*** کەواتە دەتوانین هەروەك «والرێشتاین»، پیرۆزبایی لە ئەندێشەی ٦٨ بکەین بەهۆی بوێری ئەو قوتابییانەی کە هاواریان دەکرد: «سەرجەم ئەو شتانەی کە وەدەستتان هێناون، لە بیر بەنەوە و بە خەونەکانەوە خەریك بن، خەون خەریکە بە سەر جیهاندا سەر دەکەوێت». ؟**



- بەڵێ، ڕۆشنبیرێك کە دۆخی خۆی لە شێوەی ئایدۆلۆژیدا دەردەخات، بە شێوەیەکی سروشتی فەلسەفە لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە لێکدەداتەوە و ڕاڤە-ی دەکات. لێرەشدا بابەتی توندوتیژی سەرهەڵدەدات. سروشتی بوو کە بۆ ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی سەردەمی شەستەکان و حەفتاکان توندوتیژی بابەتێك بێت کە قەبووڵ بکرێت و بۆ ڕۆشنبیرانی نەوەی سێهەمی ئێرانیش هەر ئەو گرنگییەی هەبێت، بەجۆرێك کە ئەنجامەکەی ببێتە کۆمەڵە بیرکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە کە هەوڵیدا تا گرووپێك لە کۆمەڵانی خەڵك دژی کۆمەڵێکیتر هانبدات. کەواتە لە ڕوانگەیەکی ئاياوەوە سەیری بابەتی توندوتیژی دەکات. هەروا کە بۆ نەوەی سارتەریش توندوتیژی بابەتێکی لەبار و جێگای پەسەند بووە. بەڵام هەر لەو سەروبەندەدا ڕێبازێك لە ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوایی، وەك پول ریکۆر ئامادەبوون کە بەرگریکاری جیددی پرەنسیپی ناتوندوتیژی بوون. ریکۆر سەربەو ڕۆشنبیرە پرۆتێستانانەیە کە لە گۆڤاری ئیسپرایدا لەگەڵ ژمارەیەکیتری لایەنگرانی دژی توندوتیژی چالاکییان دەکرد. ئەم گرووپە پاش فەشەلهێنانی ڕۆشنبیرانی مارکسیست لە ڕۆژئاوادا، گرنگییان پەیدا کرد. بەچەشنێك کە پاش سارتەر کەمتر ڕۆشنبیرێکی ڕۆژئاوایی هەبوو کە بەرگریکاری توندوتیژی یان ئامانجە شۆڕش گێڕانەکان بێت.

*** هەر ئەو ریکۆرەی کە ئاواتی ئەوەبوو دوورەپەرێزی لە توندوتیژی بە جیهاندا بڵاوبێتەوە، جەنابتان لە کتێبی مۆدێڕنێتە، دیموکراسی و ڕۆشنبیراندا قسەیەکتان هێناوەتەوە کە زۆر شیاوی سەرنجە: «ئەگەر ناتوندوتیژی ڕەسالەتی ژمارەیەکە، دەبێ بۆ هەموان وەك ئەرکێك لە قەڵەم بدرێت، بۆ کەسێك کە دیویەتی و ئیدی بۆی ناڕوانێت، دوورەپەرێزی لە توندوتیژی دەیەوێت سەرتاپاکردار بێت، دەیەوێت مێژوو دروست بکات». ؟**

- بەڵام شەریعەتی لە نێو نەوەی سێهەمی ڕۆشنبیرانی ئێراندا، ڕاست بە هۆی ئەو کەشوهەوا ئایدۆلۆژیە و داگەڕانە مارکسیس-تییە شۆڕشگێڕانەکان، لە ژێر کاریگەری مامۆستاکەی «گوروڤیچ» و بیرمەندێکی وەك سارتەردا دادەنرا کە لە دۆخی دژی فەرهەنگ لە بەرانبەر ئەو بەهاگەلەی کە لە لیبراڵیزمی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکووردا خەباتیان دەکرد. شەریعەتی ڕۆشنبیرێك بوو کە کۆمەڵناسیی خوێندبوو، بەڵام بە هۆی دەمارگرژییەوە کۆمەڵناسیی ڕیمۆن ئارۆنی لە بیر کردبوو. لەکاتێکدا کە ئارۆن یەکێك لە گەورەترین کۆمەڵناسەکانی سەردەمی شەریعەتی بوو کە لەبیر کرابوو.

*** ڕەنگە بتوانین بڵێین کە شەریعەتی هاوئاراستە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ئایدۆلۆژیی نەوەی سارتەردا، بە دوای مۆدەی سەردەمێکەوە بوو لەو هەلومەرجەدا گەورە ببوو و زۆر کەس بە بێ ئەوەی کە لە بنەڕەت و ئەنجامەکەی بڕوانن شەیدای ببوون.؟**

- بەڵێ، دەتوانین ڕێبازی خەبات لەگەڵ کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوە و ئیمپریالیزم کە «فانۆن»، «ئێمە سێزەر» و «ڕژیش دێبرە»، پێشەنگی بوون، بەم مۆدە باوە زیاد بکەین. شەریعەتی بە سیاسیکراو، زیاتر لە ژێر کاریگەری هزرەکانی سارتەردا بوو تا پۆل ریکۆر، کە هەر لەو سەردەمە کتێبی باشی دەنووسی و داگەڕانی دژی توندوتیژیی هەبوو، لە کاتێکدا تۆ هیچ نیشانەیەك لە داگەڕانێکی فەلسەفیی دژی توندوتیژیی لەم چەشنە لە نێو ڕۆشنبیرانی ئەم نەوەیەی ئێراندا نابینیت.

*** لەنەوەی سێهەمی ڕۆشنبیرانی ئێراندا، پێش شەریعەتی کەسێکی وەك جەلالی ئالی ئەحمەدیش هەیە کە ڕوانگەگەلی تایبەت بە خۆی هەبوو. ئالی ئەحمەد لە کتێبی «دڵدەشی و خیانەتی ڕۆشنبیراندا» بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دوو توێژی ڕۆحانی و سەربازی ناتوانن ڕۆڵی ڕۆشنبیری بگێڕن. ئالی ئەحمەد بۆ ئەم بانگەشەیەی خۆی بەڵگە هێنانەوە، یان ڕەنگە پاساوگەلێکی هەبوو. لە جێگای نەوەی نوێی ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا پێت وانییە کە لە بەرانبەر بەڵگەهێنانەوەی تایبەتی ئالی ئەحمەد دا بتوانرێت ئیدعای ئەوە بکرێت کە ڕۆحانیش دەتوانێت ڕۆڵی ڕۆشنبیر بگێڕێت. بۆ نموونە ڕۆشنبیرێکی ئایینی کە بە باشترین شێوە لە کەسایەتیی «سەییدموحەممەدی خاتەمی» دا خۆی درخستووە.**

- بەڵێ، روحانیش دەتوانێت ڕۆشنبیر بێت. بەڵام دەبێ بزانرێت کە تێڕوانینی تیۆلۆژی و ئەندێشە ڕۆشنبیرییەکەی تا چ ڕادەیەك دەبنە ڕێگری یەکدی و پێکەوە کێشە ساز دەکەن. گرفتەکە لەوەدایە کە ڕۆشنبیر بەردەوام بە دوای دۆزینەوەی حەقیقەتدا دەگەڕێت، بەڵام دیتنی ئایینی ڕۆحانییەك دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئیدعای ئەوە بکات کە حەقیقەتی ناسیوە و دۆزیویەتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕۆشنبیر، حەقیقەتێکی ڕەها بۆ هەمیشە قەبووڵ ناکات بەڵکو ڕێك لە بەرانبە ئەو تێڕوانینەدا ڕادەوەستێت. هەربۆیە باشترە ڕۆحانییەکی ڕۆشنبیر بەشێك لە بڕواکانی خۆی بۆ بەرجەستەکردنەوەی بەشەکانیتر وەلاوە بنێت.

*** وادێتە پێش چاو ئەگەر چاکسازییەکی لەم چەشنە نەکرێت، ڕۆحانیی ڕۆشنبیریش دەبێت-ە بەشێك لە هێژموونیی حکوومەتی گریمانی و باسی حەقیقەتێکی ڕەها دەکات و**



**ناڕاستەوخۆ هەوڵدەدات تا بە یارمەتیی بەشە ڕۆشنبیرە تایبەتەکانی خۆی ڕەهاگەری بسەپێنێت.**

- بەڵێ، بەڵام ڕۆحانییەکی بانگهێشتکاری بەڵێندەریی ڕۆشنبیری، لە خۆیدا چەشنە بەڵێندەرییەکی کۆمەڵایەتیشی هەیە کە لەگەڵ ئیمانیشدایە. ئەم ڕۆشنبیرە هاوئاراستە لەگەڵ ئیمانێکی تایبەت بە بڕوایەکی ئایینی، دەتوانێت کار و بەڵێندەرییە ڕۆشنبیرییەکەی خۆشی وەدی بهێنێت. نموونەی هەرە دیاری ئەم بزاڤە لە ڕۆژئاوادا هەمان پۆل ریکۆری پرۆتێستانتییە. پول ریکۆر لە نووسینەکانی خۆیدا هەمیشە بانگەشەی ئەوە کردووە کە ئیمانی پرۆتێستانتی خۆی لە فەلسەفە و بۆچوونە فەلسەفییەکانیدا لەبەرچاو ناگرێت. پول ریکۆر دەیگوت: «کاتێك کە سەبارەت بە دەقێك کاردەکەم، ئەگەر ئایدیا پرۆتێستانییەکەی خۆم لەبەرچاو بگرم، ئەو ئامانجەی کە لەبەرچاوم گرتبوو، وەدی نایە». گرووپە سەربازییەکانیش دەتوانن وێڕای ئەوەی کە خاوەنی ڕۆڵی خۆیان بن، لە هەمان کاتدا ئەکتەری پانتایی ڕۆشنبیریش بن. بۆ وێنە کلاوزویتس خەڵکی ئەڵمانیا، داهێنەری بیردۆزیی جەنگ، ڕۆشنبیریش بوو. کلاوزویتس بە پێچەوانەی ژەنراڵ کۆتۆزۆف لە ڕۆمانی شەڕوئاشتیی تۆلستۆیدا، کەسێك بوو کە لە تەکنیك و دۆخی جەنگی دوور کەوتەوە و هەوڵی دا بە شێوەی ئایاو بیر بکاتەوە و کار بکات و کارێکی ناسەربازی بکات. بەڵام من داکۆکی دەکەم دەبێ رادو سنووری دوو ئامانجە بناسرێت. کاری ڕۆشنبیری، وەك کارێکی بێکۆتایی دێتە بەرچاو. بەرپرسیارییەتی سەربازی، روخسارێکی دیاریکراوی هەیە.

*** لەبیرمە کە لە کتێبی کلاوزویتس و بیردۆزی جەنگ دا بەرگریتان لە بیردۆزیی ئەو شەڕە ئەقڵانییە کردووە کە مەبەستی کلاوزویتس بووە و ئەوەشتان گوتووە کە ڕۆشنبیرێکی سەربازی وەك ئەو، بووە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە قووڵتر سەیری میتافیزیکی نوێی جەنگ بکەین. ڕێگەم پێ بدەن لەم باسەدا ڕۆشنبیر بۆ باسەکەی پێشتر، واتە جێگای ڕەخنەگر لە دۆخی بەجیهانیبووندا بگوێزینەوە. هەندێك پێیان وایە کە سەرمایەداریی ئەم دواییانە و دیاردەی «جیهانیبوون» بە هۆی ئەنجامەکانیەوە، هەندێ ڕۆڵی پێشووی ڕۆشنبیریی پووچەڵ کردۆتەوە. لەم سۆنگەیەوە وادێتە بەرچاو کە بەجیهانیبوون دەیەوێت ڕۆڵی کلاسیکی ڕۆشنبیری کەم بکاتەوە و هەوڵبدات تا ڕۆشنبیریش لە خەڵکی ئاسایی بچێت و ڕۆڵی قارەمانانەی خۆی وەلاوە بنێت.**

– من بە هۆیەکی زۆر روون و ئاشکرا، دارمانی رۆشنبیری قەبووڵ ناکەم. لەبەر ئەوەی کە بابەتی فرەبیخوازیی، بەهای زیاتر لە جاران برەو و لایەنگری پەیدا کردووە. لەم هەلومەرجەدا، هەوڵدانی رۆشنبیری بۆ گەیشتن بەم بابەتە زۆر بە بایەخە. رۆڵی رۆشنبیرانیش لەم پێوەندییەدا شتێکی حاشاهەڵنەگرە. هەروا کە دەزانین لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بەهاگەل و روانگەگەلی جیاواز هەن، تا ئەو کاتەی ڕێزگرتن لەم بەهاگەلە هەیە، بەرپرسیارییەتی رۆشنبیریش دەمێنێ-تەوە. بە زمانێکیتر تا ئەو کاتەی مرۆڤەکان لە کاری بیرکردنەوەدان، فەلسەفەش بوونی هەیە.

*** ئەم تێڕوانینەی جەنابتان رستە کورتەکانی هانا ئارێنتم وەبیر دێنێتەوە. لە کۆتایی کتێبی ئاخێزگەی تۆتالیتاریزمدا کە بە زمانی ئاگوستینی قددیسەوە دەڵێت: «بە لە دایك بوونی هەر مرۆڤێك جیهانێکی نوێ پەیدا دەبێت و هزرێکی نوێ دێتە پانتایی کۆمەڵگەوە».**

– قەبوولکردن و رێزدانانی من بۆ تاکخۆازیی دیموکراسییش هەربە هۆی ئەم فرەبیخوازییە و رێزدانان بۆ ئەندێشەکانی کەسانی دیکەیە.

*** ئیزن بدە هەندێك لە گریمانەکان و دەسکەوتەکانی وتەزای رۆشنبیریی رۆژئاوا، بۆ ئەزموونی رۆشنبیری لە ئێرانی هاوچەرخ بگوێزینەوە و لە بەراوردێکدا بزانین کە نەوە جیاوازەکانی رۆشنبیریی ئێرانی لە وەرگرتن و گواستنەوەی دەسکەوتەکانی رۆژئاوادا یان لۆکاڵکردنی مەعریفە تا چەند سەرکەوتووبوون. بۆ نموونە نەوەی یەکەمی رۆشنبیرانی ئێران وەك «تالبۆف»، «ئاخووندزادە»، «مولکم خان» و کەسانیتر کە دڵەڕاوکێی نەریت و نوێگەرییان هەبوو، هەوڵی زۆریان دا تا لەڕێگای جیاوازەوە ئامێرەکان و هزری نوێگەری لەسەر جێگای نەریت دابنێن. سەرچەشنی ئاریستۆکراتی ئەم نەوەیە «عەباس میرزا» بوو کە ئەڵبەت دڵەڕاوکێی سەرەکیی سەرکەوتن لە بەرانبەر رووسیا و قەرەبوو کردنەوەی شکستە سەربازییەکان بوو. عەباس میرزا لە «ژوبر»ی فەرەنسی دەپرسێت: «نازانم ئەو دەسەڵاتەی کە ئێوەی ئەوروپایی بەسەر ئێمەدا زاڵ کردووە، چییە و هۆکاری لاوازیی ئێمە و پێشکەوتنی ئێوە چییە» و نموونەی بیریاێکی ئاکادمیك، فرووغییە کە دەست بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی سەردەمی رۆشنگەری دەکات. پاش ئەوەش نەوەی دووهەمە کە مەیلی گەڕانەوە بۆ ئێرانی کۆنی لە سەردایە و یەك لە نموونەکانیشی «هیدایەت»ە.**

– مەجالم بدەنێ تا هەر لێرەدا هەڵوێستی خۆم سەبارەت بە هیدایەت رابگەیێنم، «سادێقی هیدایەت» وێڕای بیرکردنەوەیەکی لەم چەشنە، لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەرجەم نەوەکانی رۆشنبیری لە ئێرانی هاوچەرخدا، دیاردەیەکی دەگمەن بووە. هیدایەت تاقە روخساری رۆشنبیری



مۆدێرن لە سەدساڵی رابردوودا بوو. هیدایەت کەسێك بوو کە سەربەو رۆشنبیرانە بوو کە دەیانەوێت جیهانی بیر بکەنەوە. هیدایەت لەزمانی فەرەنسی کەڵکی وەردەگرت و چەند نۆڤ-لێتێکی بەم زمانە نووسی. لەبەر ئەوەی دەیەویست جیهانی بیر بکاتەوە. هیدایەت کوڕی سەردەمی خۆی بوو. تەنانەت تالبۆف و ئاخووندزادەش کوڕی سەردەمی خۆیان نەبوون، بەڵکو ئەم نەوەیە دەیانەویست دەسکەوتەکانی سەدوپەنجا ساڵی ئەوروپا بۆ ئێران بگوێزنەوە. هەروەك رۆشنبیرانی تورکیای دراوسێمان کە رێك ئەم رۆڵەیان گێڕا. بەڵام هیدایەت رۆڵێکیتریشی هەبوو. هیدایەت رویشتە فەرەنسا و هەر لەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی جیددی سەیری سینەما و شانۆ و چیرۆکی ئەوروپای کرد. هیدایەت کوڕی سەردەمی خۆی بوو بەم واتایەکە کارێك کە دەبوو لەو سەردەمەدا جێبەجێی بکات، دەرکی دەکرد و خەریکی دەبوو. هیدایەت لەو سەردەمەدا بەجۆرێك بە دوای وتووێژی شارستانی لە دیمەنی رۆشنبیرییەوە بوو. هیدایەت لەگەڵ کەسێك بەناوی «لێسکۆ» لە پێوەندی لەگەڵ شارستانییەتەکان قسەی دەکرد. راستە وەك «فەرزانە» دەڵێت هیدایەت رەوشتی تایبەت بە خۆی هەبوو و گۆشەگیریش بوو.

*** یان هەروەك ئەکتەری چیرۆکەکانی خۆی بوو، وەك مرۆڤەکانی کوندەبەبوو، سەگی گەڕاڵ و تەنانەت بووکەشووشەی پشت پەردە...**

– هیدایەت لە راستیدا وەك نەهەنگێك بوو لە پاڵ کۆمەڵێك بۆقدا، کە نەیدەتوانی لەگەڵیاندا هەڵبکات. هیدایەت بە هیچ شێوەیەك لەوان نەدەچوو و وەك ئەوان بیری نەدەکردەوە. هەر ئەم مۆدێرن بوونەی هیدایەت بووە هۆی ئەوەی کە لە دۆخی نالەباری سەردەمی خۆی، هەست بە دڵتەنگی بکات.

*** هیدایەت لەبەر ئەم دۆخە نەشیاوە سیاسی - کۆمەڵایەتییەی ئێرانە کە دەڵێت: «ئەگەر مەسینە هەڵگری مزگەوتی ئادیس ئابابا بووباین، بارودۆخمان لەوە باشتر بوو کە لە ئێراندا هەمانبوو».**

– بەڵێ، هیدایەت بە پێچەوانەی رۆشنبیرانی سەردەمی خۆی، کەوتبوونە ناو هاویەی ئایدۆلۆژیاوە، لە سەرجەم بزاڤەکان دوورکەوتەوە. هیدایەت قەرزداری ئەقڵی رەخنەگرانەی مۆدێرنێتەش بوو. لە دۆخێکی لەم چەشنەدا هیدایەت لە نەوەی پاش خۆی کە حەزیان لە هەندێ لە بەهاکان دەکرد و حەزیشیان لە توندوتیژی بوو، پێشکەوتووتر بوو. لە ساڵەکانی

دواتردا «سەمەدی بێهرەنگی» راڤ-ەکەری راستەقینەی گوتەکان و ئاواتەکانی هیدایـەت بـوو. بەڵام سەمەدی بێهرەنگی مودێلی راستەکیی رۆشنبیری ئایدۆلۆژیە.

*** بەرای جەنابتان تۆ جیاوازیی تێڕوانینی بێهرەنگی و شـایگان لـە چوارچـێوەی نـەریتی رۆشنبیری لە ئێراندا چییە؟**

– بە بڕوای من لە لایەکەوە لە نێو ئەم دوو رۆشنبیرەدا دونیایەك مـەودا هەیـە. سـەمەدی بێهرەنگی مودێلی راستەقینەی رۆشنبیری ئایدیۆلۆژیکـە. باشـترە بڵـێین بێهرەنگـی سـیمبولی شکستی ئەندێشە لە ئێراندا بوو، لەکاتێکدا شایگان رۆشنبیرێکە کە وەك هیدایەت جیهانییانە بیر دەکاتەوە و دەنووسێت.

*** بە گوتەی جەنابتان شایگان رۆشـنبیرێکە کـە لـە ژێـر ئاسمانـەکانی جیهانـدا دەژی و بەتێڕوانینێکی فرەییخوازەوە، روانینێکی جیهانیی هەیە.**

– شایگان کەسێکە کە سەرەتا رەخنەی لە تێڕوانین و ئەندێشەی خۆی گرت. (بۆ وێنە لە کتێبی ئاسیا لە بەرانبەر رۆژئاوا، کە کتێبی خۆیەتی) و لەو سەردەمەدا مەودای نێوان خۆی و بڕاوییەکان و دۆگماکانی پاراست. بەڵام رۆشنبیرێکی وەك بێهرەنگی، بە رەچاوکردنی ئەو نووسینانەی کە لێی بەجێماون، میراتی ئەو دەستەیەی رۆشنبیرانی پاش خەرمانانی ١٣٢٠بوو کە ئایدۆلۆژی بیریان دەکردەوە. ئەمانە بە شێوەیەکی سەرەکی رۆشنبیرانی «چەکداری» بوون کە بە هۆی رەچاوکردنی ئامانجێکی ئایدیولۆژیکی، حەقیقەتخوازیی رۆشنبیرییان وەستاند.

*** پاش ئەم قسانە کە کران و بەراوردی کارنامەی رۆشنبیرانی ئێرانی و رۆژئاوایی ئێـستا دەتوانین نیشانەگەلێك لە رۆشنبیرانی نوێ، بە ئایدیاگـەلی مۆدێرنـەوە لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵاتدا ببینین کە لە دیمەنێکی باشترەوە، بابەتەکانی ئێستا و داهـاتوو دەبیـنین. لـە پێوەنـدی لەگەڵ ئەم نەوەیە و ئەندێشەکانیان چ دەڵێن؟**

– نەوەی نوێی رۆشنبیری لە ساڵەکانی پاش شۆڕشی ١٩٧٩و زۆربەشی لەم ساڵانەی دواییدا هاتنە مەیدانەوە. نەوەیەك لە لاوەکان لە نێوان ٢٥تا٤٥سـاڵیدان کـە زۆربـەیان ئایـدیای دژی ئایدۆلۆژییان هەیە. ئەم نەوەیە دەیهەوێت جیهانی بیر بکاتەوە و لە وتوێـژی بـەردەوام لەگـەڵ رۆشنبیریی رۆژئاواییدا بێت. لە هەمان کاتدا سەبارەت بە دەوڵەمەندیی کولتوری وڵاتی خۆیـان



کەمتەرخەم نین. ئەوان بە پێچەوانەی رۆشنبیرانی ئەقڵ ئامێری چاخی رەزا شا و بە پێـچەوانەی رۆشنبیرە ئایدیۆلۆگەکانی سەردەمی فەردید و ئالی ئەحمەد کـە ئـەقڵی ئامێرییـان بەرتەسـك کردبووەوە، دەیانهەوێت وێنەیەکی رووناك لە ئەقڵی پێوەندایەتی وەبـەربنێن. بـۆ ئـەم نەوەیـە، تەکنۆلۆژیای نوێ یان ئەقڵی ئامێریش ئەوەندەی بیرکردنـەوە لـە پێوەنـدی لەگـەڵ ئازارەکـانی مرۆڤدا گرنگە.

*** کەواتە ئەو رۆشنبیرە نوێیەی کە ئەمرۆ دڵەڕاوکێی ناسینی لایەنە جیاوازەکانی سەدەی بیست و یەکەمی هەیە، زیاتر پێویستی بەوە هەیـە کـە کۆمەڵگـەی ئێرانـی لـە جێگاگـەلی جیـاوازەوە خـۆی رۆبنێتـەوە و چاکسازی لـە خۆیـدا بکـات. کۆمەڵگـە بـە چاکـسازی و نەرمونیانکردنی خـۆی، بـە دوور لـە داگەڕانگـەلی ئایـدۆلۆژی دەبـێ بـەدوای وەرگـرتن لـە دەسکەوتەکانی ئەوان بێت. بە بڕوای تۆ، کۆمەڵگەی هەنووکەیی ئێران تـا چ رادەیـەك دەبـێ لەگەڵ جیهانی پێشەنگدا هاوئاراسـتە بێـت تـا بتوانێـت رۆشـنبیری ئـەمڕۆیی بـەرەو خـۆی رابکێشێت؟**

– وێڕای ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئێرانی لە جێگای حکوومەت و دەوڵەتەوە، پێویستی بە چاکسازی هەیە، رۆشنبیرانیش دەبێ یارمەتیی بدەن. منیش پێموایە کۆمەڵگە ناتوانێت رۆشنبیر قت بکات و مەسەلەکانی کۆمەڵگە بە دوور لە دەستێوەردانی هزریی ئەوان چارەسەر بکات. ئەم بابەتە کردەنی نییە. تۆ دەبینیت کە چۆن کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان رێز لە رۆشنبیرانی خۆیان دەگرن. رۆشنبیرانی نەوەی نوێ پردێکی پێوەندیی لەبارن لە نێو ئێران و کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان و شارستانییەکانی دیکە. ئەم رۆشنبیرانە دەبنە پەیامهێنەری قسەکان و ئەندێشەگەلی نوێ. ئێمەی ئێرانی ئەگەر کولتورەکانیتر نەناسین، یان خۆمان لە هەلومەرجی سەدەی بیست و یەکەمدا دانەنین، کولتورەکەی خۆشمان لەکیس دەچێت و ئەنجامەکەشی گۆشەگیری لە جیهانی پێکەوەلکاو دایە. ئەودەم دۆخی ئێمە لە بوونەوەرگەلێك دەچێت لە ئاکواریۆمێکدا کە لە دەرەوە سەیریان دەکەن. کاتێك بزۆزیمان لەکیس بچێت، ئەتنیسیتە ناسانی رۆژئاوایی ئێمە وەك دوایەمین پاشماوەی شارستانییەت و کولتوری کۆن ناس دەناسن. لە وتووێژ لەگەڵ رۆژئاوادا دەتوانرێت هزری رۆژئاوایی ساناتر هەڵبتاوێندرێت. ئەڵبەت ئەمەش بە واتای ئەوە نییە کە سەرهەتاپا ببین بە رۆژئاوایی، بەڵکو کەڵك وەرگرتن لە ئەقڵی رەخنەگرانەیە. لەنموونە سەرکەوتووەکانی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکان هیندستانە کە وێڕای ئەوەی

که به جیددی سەیری ئەقڵی ڕەخنەگرانەی ڕۆژئاوا دەکات، لە کولتوری جیهاندا بەشداریی هەیە. هەربۆیە ئێمە بینیمان کە خەڵاتی نۆبێلی ١٩٩٩یان بە هیندستانییەك دا. نووسەرانی وەك «مایکل ئانداچی» لە وڵاتی هیندستان بە سانایی لە کولتوری جیهاندا وەرگیراون. سروشتییە کە سەرجەم ئەمانە دەبێ-تە هۆی پێشکەوتنی کولتوری خۆشیان. دۆخێك کە ئێمە تێیدا گیرۆدە بووین، شیاوی سەرنجە. واتە وێڕای کەڵك وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای مۆدێڕن و ئەقڵی ئامێری (سی ئێن ئێن، کوکاکولا، مەك دۆناڵد و...) ئەقڵی ڕەخنەگرانەی ڕۆژئاوایی لە خۆمان دووردەکەینەوە. ئەم گرفتە دەبێ لە ڕەوتی گەشەسەندنی سیاسیدا چارەسەر بکرێت. هەربۆیە لە دۆخی ئەقڵ ئامێریی هەنووکەییدا، ئێمە بە بێ ئەوەی ئەقڵی ڕەخنەگرانە و ئەقڵی ئامێریمان تێپەڕ کردبێت، لە قەفەزە ئاسنینەکەیدا گیرۆدە بووین. ئەمە دۆخێکە لە چیرۆکەکانی کافکا دەچێت. لە دۆخێکدا کە سەرجەم میتافیزیك و میتافیزیکی ڕۆژئاوا بەرەو ئێمە هێرشی کردووە، ئێمە بە بێ ئەوەی بۆمان گرنگ بێت، لە دوایەمین دەسکەوتەکانی کەڵکی زۆر وەردەگرین. بەڵام لایەنە تەواوکەرەکەی کە لە بنەڕەتدا تەشکی سەرەکیی مۆدێڕنێتەیە، واتە ئەقڵی ڕەخنەگرانە، ڕەتدەکرێتەوە و سووکایەتیی پێدەکرێت.

*** کەواتە ڕۆشنبیری نەوەی نوێ بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە بە شێوە و ڕێگاگەلی جیاواز جۆرەکان و دیمەنەکانی کولتوری ڕۆژئاوایی بە کۆمەڵگەی لۆکاڵی خۆی بناسێنێت. ئەم نەوەیە ئەرکێکی گرنگتریشی هەیە و ئەویش خەبات لەگەڵ بەشی نەریتی و قایمەکاری و ڕۆشنبیریی پێشووی ئێرانە کە هێشتا باسی مەترسییەکانی ئیمپریالیزم دەکات و لە نوێگەریی ڕۆژئاوایی تەنیا دڵبەستووی تۆپ تۆپێنە، بەڵام لە کولتورە بزۆزەکەی کە بۆ مرۆڤ زمانی هاوبەشی لێکگەیشتنی خولقاندووە، ڕازی نییە و بۆ ئاقارە لۆکاڵەکەی خۆی بە مەترسیداری دەزانێت. لەم ئاراستەیەدا، بەڵێندەریی ڕاستەکیی ڕۆشنبیری ئێرانی ناساندنی ئەقڵی ڕەخنەگرانە لە ئێراندایە (ڕۆژنامەی «عصر ئزادگان»).**



## مۆدێڕنیزم، کۆچبەریی نێونەتەوەیی و سکیزۆفرنیا

**سەیید ئیبراهیمی نەبەوی - بە شۆڕشی ١٩٧٩، کێشەی نێوان نەریت و مۆدێڕنیزم زۆرتر بوو چونکە مۆدێڕنیزم لە حاڵی بەدامەزراوی بووندا بوو و بزاڤی نەریتی دەسەڵاتی سەرەکیی بەدەستەوە گرتبوو. هەرئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە تا ژمارەیەك گرووپی کۆمەڵایەتی و کولتوری کە بە لایەنی مۆدێڕنەوە نزیکتر بوون، لە ئێران کۆچیان کرد. جەنابتان وەك ئێرانییەکی کۆچبەر لەگەڵ گرووپی کۆچبەرەکاندا پێوەندیت هەبوو، پێتوایە کە کۆچکردن کێشەی دەروونیی ئێرانییەکانی ڕەواندەوە یان گۆڕانکاریی تێدا کرد؟**

جیهانبەگلوو - ئەوەی کە شۆڕش ئەو توێژە کولتوری - مێژووییانەی کە لە شێوەی مرۆڤناسانەدا لە هەرکامێك لە ئێمەی ئێرانیدا هەیە، خستە دەرەوە، زۆر ڕاستە. بۆ یەکەمجار و لە ساڵەکانی کۆتاییی سەدەی بیستەمدا ئەم دەرفەتە ڕەخسا تا دۆخە مێژووییەکەمان لێك بدەینەوە، بزانین کێین و لە کوێداین و بەرەوکوێ دەچین و ئەو دەرفەتە پێك هات تا ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تر، هۆشیارانە و ئەقڵانی لەگەڵ کێشە دەروونییەکەیاندا هەڵسوکەوتیان کرد، ئەو کەسانەی کە هۆشیارانە و ئاوەزمەندانە لەگەڵ کێشە دەروونییەکانیاندا هەڵسوکەوتیان کرد ، کەمتر بریندار بوون. بەشێك لە کۆمەڵگەی ئێران کە لە نێوەڕاستی هەڵسوکەوت لەگەڵ نەریت و مۆدێڕنیزمدا دەژی و وەڵامێك بۆ پرسیارەکانی نادۆزێ-تەوە، قتکردنی کەسێك بە قازانجی کەسێکیتر بە وەڵامێکی لەبار دەزانێت و لەم نێوەدا کۆچبەرە ئێرانییەکان بریندار و بێ وەڵام ماونەتەوە .

*** مەبەستتان ئەو کۆچبەرانەیە کە لەم دواییانەدا کۆچیان کردووە؟**

- بەڵێ، ئەمە گرفتی کۆچبەران لەم بیست ساڵەی دواییدایە. لەم سەد ساڵەی دواییدا دوو خولی کۆچبەریی سەرەکی لە ئێراندا ڕوویان داوە. خولی یەکەم لە کۆتاییی پاشایەتیی بنەماڵەی قاجار و پاش مەشروتە کە ئەمانە زیاتر ئەوکەسانە بوون کە بۆ ئەوە ڕۆشتن، ڕۆژئاوا بناسن و دەسکەوتەکانی بۆ ئێران بهێنن.

*** وەك میرزا ساڵح؟**

– بەڵێ «میرزا ساڵح»، «جەماڵزادە»، «ئێرانشەهر» و كەسانیتر. ئەوان هۆشیارانە كۆچیان كرد و ئەوەی كە هێنایان دەسكەوتگەلی سیاسی بوون. خولی دووهەم كۆچبەرییەكی گەورەبوو كە پاش شۆڕش و بۆ دەرچوون لە دۆخی سیاسیی ئێران رووی دا كە هیچ مەیلێكی هۆشیاریخوازانە لە نێو كۆچبەرەكاندا نەبوو.

ئەوان تەنیا دەیانەویست لە ئێران دوور بن، گرووپی سێهەمیشمان هەیە كە ئەوانە ئەولاوانە بوون كە لە ئێران كۆچیان كرد و من لەسەر ئەوانە جەخت دەكەم. ئەم گرووپە لە ئێراندا دۆخێكی لەرزۆكیان هەبوو و نائارامییان لەگەڵ خۆیاندا بۆ رۆژئاوا برد. ئەم گرووپە هێشتا لە ململانێی نێوان نەریت و مۆدێرنیزمدا دەژین و وەڵامێكیان بۆ پرسیارەكانی خۆیان نەدۆزیوەتەوە.

*** ئەم سێ خولە، جیاوازیگەلی سەرەكییان پێكەوە هەیە. سۆقاتی خولی یەكەم دیاردەگەلێكی مۆدێرنن كە میرزا ساڵح هێنانی و ئەدەبیاتیش لە سنوورەكانی باكوورەوە تالبۆف و ئاخوندزادە هێنایان، لە كاتێكدا كۆچبەریی گەورەی پاش شۆڕش ناچارانەیە و پەنا بردن بۆ دۆخێكی مۆدێرنە كە نایناسن و لە هەمان كاتدا نیگەرانی ئەوەن لە كیسی بدەن، هەلومەرجی لاوە كۆچبەرەكان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– لاوە كۆچبەرە ئێرانییەكان لە تەمەنی ٢٥ تا٣٥ ساڵیدا، كەسانێكن كە بۆ دەرچوون لە بێ ئارامیی دۆخەكە رێگایەكیان نییە. لە ئێراندا هەستی بەرپرسیارییەتی وەرگرتن و پێكەوە ژیان بوونی نییە و لەگەڵ هەر لاوێكدا قسە دەكەی جگە لە پارە لە هیچ بەهایەكیتر ئاگادار نییە.

لە كاتێكدا لە رۆژئاوادا قەبوولكردنی بەرپرسیاریەتی پرەنسیپێكی زۆر گرنگە. لاوی ئێرانی هەڵوێستی سیاسیی نییە. بەرپرسیاریەتی شارستانی، ئاكاری شارستانی، هەستی پێكەوە ژیانی كۆمەڵایەتی وەك توخمگەلی مانەوەی كۆمەڵگە، بە هیچ شێوەیەك لە لاوی ئێرانیدا بوونیان نییە. لاوی ئێرانی بە بێ ئەوەی ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێت، دەچێتە رۆژئاوا، لەبەر ئەوەی كە ئینتیمای بۆ كۆمەڵگەكەی نییە، تایبەتمەندییە ئێرانییەكانی لە دەست دەدات و بە هیچ شێوەیەك ئاشنایەتیی لەگەڵ بەرپرسیارییەتی و ئاكاری شارستانیدا نییە، تا قەبووڵی بكات. بەكورتی لەرزۆكی و نائارامی درێژەی هەیە.



*** تایبەتمەندیی كۆمەڵگەی مۆدێرن چییە؟**

– مۆدێرنێتە دوو لایەنی سەرەكیی هەیە: یەكیان لایەنی ئامێری و ئەویتریشیان لایەنی رەخنەگرانەیە. گرنگترین لایەنی مۆدێرنێتە، لایەنە رەخنەگرانەكەیەتی كە رۆژئاوا لە رێگای ئەم لایەنەوە رەخنە لە خۆی دەگرێت و بەرەو پێشكەوتن دەڕوات، راست بە پێچەوانەی ئەوەی كە رۆژئاوا لە مۆدێرنێتەی وەردەگرێت ئێمە لایەنە ئامێرییەكەمان وەرگرتووە و كارێكمان بە لایەنە رەخنە گرانەكەی نەداوە. كۆچبەرە ئێرانییەكانیش تەنیا هەر لایەنە ئامێرییەكەیان وەرگرتووە.

*** كۆمەڵگەی ئێران كۆمەڵگەیەكی كاركردی نییە، واتە تاكەكان لە سیستەمی كۆمەڵایەتی رۆڵێك بۆ خۆیان لەبەرچاو ناگرن و لەگەڵ سیستەمی كۆمەڵایەتیدا نامۆن. بە بۆچوونی جەنابتان هەستی دوژمنایەتی لەگەڵ توخمە نەتەوەییەكاندا نەبۆتە هۆی پێكهاتنی دۆخێكی لەم چەشنە؟**

– كەم و كورتی كۆمەڵگەی ئێران نەبوونی پێوەندیگەلی ئاسۆیی لە نێو خەڵكدایە و ئەوەی كە پێوەندیی خەڵك لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵاتدا پێوەندییەكی ستوونییە و ئەركە كۆمەڵایەتییەكانی خەڵك دەوڵەت دیارییان دەكات.

*** پێناسەی تۆ بۆ بونیادی سیاسیی ئێران، هەر ئەوەیە؟**

– نا، بونیادی زەینیی كۆمەڵگەی ئێران بەم جۆرەیە، خەڵك ئاگایان لە ئەركە كۆمەڵایەتییەكانی خۆیان نییە و ئەگەر ئەركێك بەباشی بەڕێوە ببرێت، بە گوشاری دەوڵەت بووە. بە كورتی خەڵك بەرپرسیارییەتی شارستانی ناناسن و گرفتەكە لەوەدایە.

*** ئێمە رۆژئاوایی دەژین، بەڵام ئاكاری نەریتیمان هەیە، پێوەندییەكانی ئێمە چ لەگەڵ یەكدی و چ لەگەڵ دەوڵەتدا لەسەر بنەمای ئاكاری نەریتن. لە راستیدا بە جۆرێك گیرۆدەی پاشكەوتوویی ئاكاری بەرامبەر رەوشتی كۆمەڵایەتیی خۆمانین. ئەم دژایەتی و كێشەیە بۆتە هۆی ئەوەی كە توهۆشیاری ئسكیزۆفرنیایەكی كۆمەڵایەتی بین.**

– بەڵێ، رەهەندی ئامێریی ژیانی ئێمە مۆدێرنە و ئاكاری نەریتیی ئێمە هەمیشە وەڵامدەری كۆمەڵگەی مۆدێرن نییە.

*** بۆچی ئاکاری مۆدێرن دروست نابێت؟**

– چێکردنی ئاکاری مۆدێرن لە دەسەڵاتی سیاسی یان دەوڵەتەوە بە کۆمەڵگەدا دەکرێت، بەدیاریکردنی ڕێگاکانی پەروەردەی شارستانی. هۆکارێکی‌تری ئەوەی کە دۆخێکی لەم چەشنە لە دایك نەبووە، شکستی بەرنامە سیاسییەکانە کە لە مەشروتەوە تا ئێستا لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە بۆ چێکردنی ئاکاری شارستانی هاتونەتە گۆڕێ. هەوڵی ڕۆشنبیرەکان بۆ کارێکی لەم چەشنە لە نووسینەکانیاندا دیارە.

*** بۆچی بەرنامە سیاسیەکانی چێکردنی ئاکاری شارستانی تێك شکاون؟**

– بۆ ئەوەی کە ئێمە لە ڕۆژئاوا لایەنە ئامێرییەکەیان وەرگرت، بەڵام کەشوهەوای ئەندێشەی ڕەخنەگرانە وەك لایەنی سەرەکیی کولتوری ڕۆژئاوا هەرگیز لە ئێراندا نەکرایەوە و بەبێ کەشوهەوای ڕەخنەگرانە، پرۆسەی بە مۆدێرنبوون تەواو (کامل) نابێت.

*** ژمارەیەك پێیان وایە کە مەکینە، ئایدیۆلۆژیای هەیە و ئاکارەکەی دێت-ە پێش، بۆچی ئێمە لە بەرانبەر ئایدیۆلۆژیای ئامێرە ڕۆژئاواییەکاندا بەرخۆدان دەکەین؟**

– لەبەر ئەوەی لە دەرەوە سەیری ئەم ئامێرانە دەکەین.

*** لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە دۆزەری ئامێرمان نەدۆزیوەتەوە؟**

– ئەمەش ڕاستە. دووهەم ئەوەی کە ڕەهەندی هەبووناسیی ئەم تەکنۆلۆژیایە لە ئێمەدا نییە و بۆ ئێمە تەنیا ئامێرێکە. مرۆڤی ڕۆژئاوایی کاتێك بە ئامێرە تەکنۆلۆژیکەکان کار دەکات و کاتێك دەچێتە ماڵەوە، لە سۆنگەی مەعریفەییەوە جیاوازیی نییە. لە ڕاستیدا کاتێك دەوام دەکات(کاردەکات) نابێتە مرۆڤێکی نەریتییە و سروشتییە کە گیرۆدەی ئسکیزۆفرنیاش نابێت.

*** ئەم کێشەیە تا چەندە خەتای ڕەوشتی دەوڵەت و تا چەندە خەتای ڕەوشتی کۆمەڵایەتییە؟**

– تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی ڕەوشتی دەوڵەت لەگەڵ ڕۆژئاوا لەم سەدساڵەی دواییدا بووە. بەشێکیشی بەرهەمی نەبوونی دیدی ڕەخنەگرانەی ئێمە بەرامبەر نۆرمەکان و نەریتەکانە. ئێمە بیر لە «تابۆ» کۆمەڵایەتییەکانی خۆمان ناکەینەوە. لاساییکردنەوەی لاوەکانی ئێمە لە



ڕۆژئاواش بە تەواوی لە ڕەهەندی مەعریفەیی خاڵییە. بۆ وێنە دیاردەی تایتانیك. دیاردەگەلێك لەوسەری دونیاوە سەر هەڵدەدەن، لاوی ئێرانی بە دەستوبرد بە کاریان دەهێنێت، ئەگەر لە ڕۆژئاوادا کاڵاگەلێکی لەو چەشنە بەکار دەهێنرێن، بەشێکە لە کولتور و مێژووی ئەوان و بەشێکە لەگشتێك و لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی لەم چەشنە پێوەندییە شارستانییەکان یان پێوەندییە دیموکراسیەکان تێك نادات.

*** پێوەندیی عاتیفی - ڕەوشتی ئێمە بەلایەنی ئەقڵانیی پێوەندی لەگەڵ ئامێردا، خۆی لە خۆیدا کێشە ساز دەکات. ئەنجامەکەی تووشبوونی کۆمەڵگە بە ئسکیزۆفرنیایە. لەلایەکیشەوە دەوڵەت بە گەڵاڵەی گەشەسەندنی ئابووری لە بەشێکی بەرنامە سیاسییەکەیدا، کە بە توندی داگەڕانی نەریتیی هەیە، ئەم کێشەیە گەورەتر دەکات.**

– بەڵێ، بەرنامەی سیاسیی دەوڵەت کێشەکە گەورەتر دەکات، بەڵام خەڵك دەبێ بە بێ ئەوەی چاو لە دەوڵەت بکەن، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان ڕێکوپێك بکەن و سنووری بەرپرسیارییەتییەکان بناسن. ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا زۆر لەرزۆکە و بەها ئالۆزە رووخاوە کۆمەڵایەتیەکان مەودای نێوان نەوەکانیان زۆرتر کردووە و نەوەکان ئیدی لە بەهاکانی یەکدی تێناگەن.

*** لەڕاستیدا وشەیەکی هاوبەش لە نێوانیاندا نەماوە؟**

– لە ڕاستیدا ژێرخانی کولتوری هاوبەش لە نێوان لاوی ئێرانی و نەوەی پێش ئەودا بوونی نییە و لاوی ئێمە مەیلێکی بۆ وتووێژ سەبارەت بە مێژوو و نەریتی ئێرانی نییە.

*** نیشانەیەك لە نەبوونی گۆڕانکاری و گۆڕانی مێژوویی ڕێکوپێك لە ئێراندا هەیە و ئەوەش داگەڕانی لاوی ئێرانی بۆ نەری-تە.**

– بەتەواوی ناهۆشیارانەیە و زیاتریش لە بەستێنی«عیرفان» دایە. عیرفانی هیندستانی، سوورپێستی ... کە ئەوەش داگەڕان نییە، چەشنە پەرچەکردارێکە.

*** پەرچەکردار لە بەرانبەر چی؟**

– لە بەرانبەر دۆخی هەنووکەیی، لاوی ئێرانی ناتوانێت پێگەیەکی ڕاستەکی بۆ خۆی پەیدا بکات و دەیهەوێت ئەم ونبوونە لە وانەیەکی فەلسەفی یان عیرفانیدا بشارێتەوە. زیاتر لەوەی کە بیرکردنەوەیەکی تێدا بێت، چەشنە شوینکەوتنێکی مۆدەیە.

*** واتە «ستریۆتایپێکە»؟**

– بەڵێ، دەبێ جیاوازیی نێوان ئەقڵی مۆدێڕن و مۆدەخوازی روون بکەینەوە. ئەقڵی مۆدێڕن ماوەیەکی زۆر لەگەڵ چەمکە کۆمەڵایەتییەکاندا مشتومڕ دەکات. تەنانەت لەگەڵ خۆشیدا زۆران دەگرێت تا سەقامگیر بێت. بەڵام کاتێك سەمبۆلێك یان هزرێك دەبێتە مۆدە، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ چەمکە کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵسوکەوتی نییە و وەك کاڵایەك ئامادە دەبێت.

عیرفانی سوورپێستی کاڵایەکە نەك هزرێك. نوێنەرەکانی لە ئێراندا کێن؟ ئەم عیرفانە دێت و ماوەیەك لە ئێران دەمێنێتەوە و لاوەکان وەك کاڵایەك بەکاری دەهێنن. ئەم مۆدە هزرییانە دەبنە حەشارگەی میتافیزیکی بۆ لاوەکان. لەسەر میتافیزیك جەخت دەکەم، چونکە لەوانەیە ئەم میتافیزیکە لە بنەڕەتدا فەلسەفە یان ئایین نەبێت و شتێکی‌تری وەك تەکنۆلۆژیا بێت یان ئەندێشەیەکی رەخنەگرانە لە شێوەی فەلسەفەدا بێت، ئایین بێت لە تەشکی ئیماندا یان هەر ئەم عیرفانە سوورپێستییە یان تەنانەت بڕوا بە سیمبۆلە هالیۆوودییەکان. بە هەرشێوە ئەمانە حەشارگەن بۆ ئەم دۆخە لەرزۆکە، حەشارگەیەکی کاتی و ناتەواو کە بۆ لاوەکان بە شێوەی کاتی هەستی تەناهی دروست دەکات و پاشان دووبارە بەردەدرێت. ئێمە لە دۆخێکی مێژووییدا دانراوین کە تێیدا برینداركراوین و دەبێ لە لاوە برینداره‌کە بیر بکەینەوە، نابێ لێی دوور بکەوینەوە، چونکە دووبارە سەردانمان دەکات.

*** ئەم کێشەیە مەیل بۆ کۆچبەری زیاتر دەکات. سەرەکیترین جەماوەری کۆچبەری ئێمە لە ئەمریکادا دەژین و بەشێکی‌تر لە ئەوروپا دانیشتوون. ئایا دژبەری (تعارض) مرۆیی کە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا کۆچ دەکات، لە دونیای نوێدا چارەسەر دەبێت؟**

– نە، رێك رووداوی لەم چەشنە روو نادات.

*** بۆچی سەرەڕای ئەوەی کە بەشێك لە مەیلە دەروونییەکانی تێدا چوون، کێشەکە چارەسەر نابێت؟**

– مەیلەکانی دەرەوەی لەناو چوون، بەڵام لاوەکە هەر برینداره و جگە لەوەش لەوانەیە پەساپۆرتی ئەو وڵاتەی هەبێت کە کۆچبەرەکان وەردەگرێت، بەڵام کولتوری ئەوێ نەناسێت. کاتێك توانیی دۆخی شۆناسیی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بەراورد بکات، سەردەکەوێت و تا



رادەیەك برینەکانی سارێژ دەبن. بەڵام رووداوێك لەنێو کۆچبەرە ئێرانییەکاندا بەتایبەت لە ئەمریکای باکوور و تەنانەت ئەوروپادا رووی داوە، ئەوەیە کە ئەوان نەبوونی هەستی بەرپرسیارییەتیی شارستانی و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتیشیان لەگەڵ خویاندا بۆ ئەوێ بردووە. تەنیا یاساکانی ئەوێ پێشل ناکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لەوێ بژین. هەر بیریشی لێ ناکەنەوە کە چۆن لەگەڵ دیموکراسیدا بژین. ئەم شتانە لە بنەڕەتدا بە رۆشنبیربوون یان بە فەیلەسووفبوون پێوەندییان نییە. کەمێك روانین و هەندێك پێوەندی و ویستن ئەم گرفتە چارەسەر دەکات. شتێك کە لەنێو کۆچبەرانی ئێرانی بە تایبەتی کۆچبەرە لاوەکاندا رووی داوە ئەوەیە کە ئەوان کولتور و شوناسی خۆیان لە دەست داوە. لەبەر ئەوەی کە بڕوایەکیان نییە، کولتوری ئەوێشیان قەبووڵ نەکردووە. تۆ ژمارەیەك کۆچبەرت هەیە کە بە ئینگلیزییەکی هەڵە قسەدەکەن، کولتوری میواندار ئەوان ناناسێت، کولتورەکەی خۆشیان لەبیر کردووە و لە بەرزەخێکی تەواودا دەژین.

*** واتە هەلومەرجی «ئانومی»یەکی تەواو...**

– بەڵێ، ئەم دۆخە قسەکەی لۆرنسی عەرەبستانم وەبیر دێنێتەوە کە گوتبووی: «ئەگەر دوو کولتورتان هەبێت، وجودی خۆتان لە دەست دەدەن» ئەڵبەت من پێموایە ئەگەر کەسێك دوو کولتوری هەبێت، وجودی خۆی لە دەست نادات، بێ کولتور بوون دەبێتە هۆی لەدەستدانی وجود. هەر ئەم دۆخە کە کۆچبەرە ئێرانییەکان هەیانە، چەشنە بایەخ نەدانێکی تەواو بە کولتوری ئێران و نامۆیی بەرامبەر کولتورێك کە تێیدا دەژین. من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە رەهەندی ئامێریی کولتوری مۆدێڕن بۆ کۆچبەرەکان زۆر گرنگە. راست بە پێچەوانەی گرووپی یەکەمی کۆچبەرەکان کە رەهەندی رەخنەگرانە و فەرهەنگی مۆدێڕنێتە بەلایانەوە گرنگ بوو.

ئەو کۆچبەرانەی کە پێشتر باسمان کردن، لە نووسینەکانیاندا باسی پەرلەمانتاریزم، دیموکراسی، ئازادی و یاسا دەکەن، واتە رەهەندی ئەندێشە و کولتوری مودێرن نەك ئامێر. لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆری گرووپی دووهەمی کۆچبەران، بە تەواوی چاویان لە بەشی کاڵایی و ئامێریی مۆدێڕنیزم بڕیوە.

*** «تەقیزادە» گوتبووی دەبێ لە تەپڵی سەرەوە تا نووکی پێ ببینە ڕۆژئاوایی. ئێمە ساڵانی زۆر لە بەرانبەر ئەم دیاردەیە ڕاوەستاین، کەسانی وەك ئالی ئەحمەد هاتن و لە هەمبەر ئەم دیاردەیە ڕاوەستان و ئەنجام ئەو کێشە ترسێنەرەیە کە سەری هەڵدا.**

- بەڵێ مێردەزمەی ئالی ئەحمەد هێشتا بەسەر ڕۆشنبیریی ئێرانەوەیە و ئاقاری ڕۆشنبیریی ئێران هێشتا لە دەست مرۆڤگەلی وەك ئالی ئەحمەد ڕزگار نەبووە.

*** چ خەسڵەتگەلێك لە کەسانی وەك ئالی ئەحمەددا دەبینیت؟**

- ڕۆشنبیریی سییەکان و چلەکان لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەڵسوکەوتی ئایدۆلۆژیی هەبووە و بە هیچ شێوەیەك چەمکە کۆمەڵایەتییەکانیان لەبەرچاو نەگرتووە.

*** ئەحمەدی فەردید لەسەر ئەم دەستەیە لە ئەژمار دەدرێت؟**

- فەردید، نووسراوەی زۆری نییە و کاریگەری ئەو لە ئالی ئەحمەد کەمتر بووە. دوو کەس لەوانە کە بە توندی بەم جۆرە هەڵسوکەوتیان کردووە، یەکیان شەریعەتی‌یە و ئەویتریان ئالی ئەحمەد. ئەم دوو هەڵسوکەوتە ئایدۆلۆژی بوونە و بە هیچ شێوەیەك ئاوڕیان لە ڕەهەندی ڕەخنەگرانەی کولتوری ڕۆژئاوا نەداوەتەوە. ئێمە لانیکەم لە ئەفلاتوونەوە تا ئێستا ٢٥ سەدە مێژووی ئەندێشەی ڕۆژئاواییمان هەیە، لە کاتێکدا تەنیا سێ سەدە لە دایکبوونی مەکینە تێپەڕ بووە. شەریعەتی لە نامەیەکدا بۆ کچەکەی سەبارەت بە ئەمریکا دەنووسێت، سیمبۆلی ئەم خەڵکە مروڤ-ێکی کەرەوسخۆرە، لە کاتێکدا ئەمریکا مرۆڤگەلی وەك «بێنجامین فراکلین» و «تۆماس جفرسۆن»یشی هەیە. تێناگەم بۆچی بیرمەندانی ئێمە تەنیا لایەنە خراپەکانی ڕۆژئاوا دەبینن.

*** سەبارەت بە شەریعەتی قسەکەتم قەبووڵ نییە، شەریعەتی ئالی ئەحمەد و فەردید دیدێکی قووڵتری بۆ ڕۆژئاوا هەیە، شەریعەتی بە هۆی وەرگێڕانی فەلسەفیی ئایین و چەشنێك لە ئایین کە هێناویەتە گۆڕێ، بە ڕێزەوە ناوی ڕۆژئاوا دەبات و هەڵسوکەوتی ئەو کەمتر ڕۆشنبیری ئێرانی ئازار داوە.**



- بەڵێ تا رادەیەك لەگەڵتدام. بەڵام پێموایە ئەوە بەس نییە. کارێك کە شەریعەتی کردی، تەواو نییە. شەریعەتی سەرجەم رەهەندەکانی کولتور و ئەندێشەی ڕۆژئاوای لە کاکەشانی هزریی خۆیدا کورت کردۆتەوە و لەو شتانەی کە دەکرا کەڵك وەربگرێت، کەڵکی وەرنەگرتووە.

*** یان کەڵکی کەلامیی لێوەرگرتووە.**

- بەڵێ، وەك سارتەر، گورویچ، تەنانەت مارکس. بەبڕوای من کێماسی کارەکە لەوێدایە کە سەبارەت بەمانە رووکەش قسە دەکەین. لە کاتێکدا دەبێ گەوهەری کارەکەیان بناسین. کاتێك باسی سارتەر دەکەین،دەبێ باسی سەرجەم کارەکەی و ئەگزیستانسیالیزم بکەین و بەشێوەیەکی باش و تەواو بیناسێنین. ئێمە ناتوانین مارکس تەنیا لە ڕەهەندی ستالینی و لێنینییەوە بناسین و سەر لە خودی مارکس نەدەین. ئێمە سەرجەم ئەو ڕەهەندە رەخنەگرانەیەمان کە گەوهەری کولتوری ڕۆژئاوایە لەبەر چاو نەگرت.(ڕۆژنامەی «نشاگ» ٢ی رەشەمەی ١٣٧٧).

## ساناگیری و دوورەپەرێزی لە توندوتیژی

**رەزەوی فەقیە - ئێوە هەوڵتان داوە بیرمەندە هاوچەرخەکان و کولتور و فەلسەفە و ئەندێشەی ڕۆژئاوا بە ئێرانییەکان بناسێنن. ئایا بە شێوەیەکی دوو لایەنە هەوڵتان داوە کولتور و هزری ئێرانیش بە ڕۆژئاوا بناسێنن؟**

جیهانبەگلوو - بەڵێ من پێموایە وتووێژ دەبێ دوولایەنە بێت و ئەگەر ناتوانین بە زۆر هۆ ئەم وتووێژە لە هەلومەرجی وەکیەکدا بەڕێوە بەرین، لانیکەم بە شێوەی شارستانیەتی دەتوانین بەم شتە بگەین. یەکێك لەو شتانەی کە من داکۆکیم دەکرد دەبێ بکرێت بانگهێشتی روخسارە ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئێران بوو و ئەم کارەشم سەردەمێك کە لەئێراندا بووم، بە هاوکاریی باڵوێزخانەی فەرەنسا لە تاران و ژمارەیەك لە لایەنگرانی کولتور لە ئێراندا کرد و لە ساڵی ١٩٩٥دا پۆل ریکۆرم بانگهێشت کرد و بەر لەوەش «ئۆلیویە مونژن» بەرپرسی گۆڤاری ئیسپرایم لەساڵی١٩٩٤دا بۆ ئێران بانگهێشت کرد. «وی.س.نایپل»یشم لە ساڵی ١٩٩٦دا بانگهێشت کرد و بەتایبەت ئامادەبوونی پۆل ریکۆر لە ئێراندا زۆر کاریگەر بوو و سێ ئاخاوتنی کرد کە کەڵکی زۆریان لێ وەرگیرا. لەو کارانەی‌تریش کە هەوڵمداوە هەمیشە بەشێوەیەك جێبەجێیان بکەم گواستنەوە و ناساندنی کولتوری ئێران لە سەرجەم بەستێنەکاندا

بوو. لەوانە ناساندنی سینەمای ئێران هەم لە شێوەی ژێرنووسی فیلمەکانی «مەخمەلباف» و «کیارۆستەمی» و هەروەها نووسینی وتارگەلێك سەبارەت بە سینەماکارانی ئێرانی و یان وتارگەلێك کە سەبارەت بە ئێران نووسیومن و لە کەنەدا و ئەمریکادا پێشکەشم کردوون. بەکورتی هەمیشە هەوڵمداوە کولتور و شارستانییەتی ئێرانی لەوپەڕی دونیادا واتە رۆژئاوا بە دەستەبژێرەکان و خەڵکی ئاساییش بناسێنم. ئەم کارە بەبڕوای من نەك هەر بۆ رۆژئاواییەکان بەڵکو بۆ ئێرانییە دانیشتووەکانی ئەوێش پێویستە. بۆ نموونە لەم سێ ساڵەی دواییدا لە زانکۆی تۆرنتۆ سەنتەری ئێرانییەکانی زانکۆی تۆرنتۆمم دامەزراندووە کە ئاخاوتنگەلێك بۆ ناساندنی کولتوری ئێران پێك بهێنێت و شەش مانگ لەوەپێش سمپۆزیۆمیك لەوێدا بەڕێوەچوو کە سەدوسی ئاخێوەر تێیدا بەشدار بوون و ژمارەیەکیش لە ئێرانییەکان لەوێ بوون و تەوەری باسەکانیشی «ئێران لە نێوان نەریت و مۆدێرنیتە» دا بوو کە ئەڵبەت وتارەکانی بە ئینگلیزی لە ژێر چاپدان و گرێبەستی چاپ و بڵاوکردنەوەشی لێرەدا بە زمانی فارسی بەستراوە. من دەمەویست مەسەلەکانی ئەمڕۆی ئێران بۆ کەنەدیەکان بناسرێن. کتێبی ئێران و مۆدێرنێتەش ئەنجامی چالاکیی منە کە بۆ ئەنجوومەنی ئێرانناسیی فەرەنسا و بە خەرجی ئەوان بەڕێوە چوو، کە سەبارەت بە ئێران و ئەو گرفتانەی کە توهۆشیاریان بووە و لە پێوەندی لەگەڵ رۆژئاوا و مۆدێرنێتەدایە.

*** پێتان وایە لە نێو هزری هاوچەرخی ئێرانی و ئەندێشەی هاوچەرخی جیهانی یان ئەندێشەی رۆژئاواییدا هیچ چەشنە هاوزمانییەك بە تایبەت لە مەڵبەندی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا هەیە یان نا؟**

– من پێموایە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ دونیای ئەمڕۆ و کولتوری رۆژئاوادا ببینە هاوزمان، دەبێ مەسەلەکانی ئەوان هەروەها ئەو چەمکانەی کە ئەوان گەڵاڵەیان دەکەن و بنەماکانی هزری هاوچەرخ پێکدەهێنن، بەباشی فامبکەین و کتێبەکان و بەرهەمەکانی ئەوان بە وردی بخۆێنینەوە و لە قووڵاییەکانیان تێبگەین. ئەگینا هاوزمانی لەگەڵ ئەواندا ناکردەنییە. ئەڵبەت دەبێ ئەوەش وەبیر بهێنینەوە کە بە هیچ شێوەیەك پێویست نییە بچینە سەر بیروڕای ئەوان. بەڵام ئەگەر بمانەوێت دیالۆگ و وتووێژمان هەبێت، لە پلەی یەکەمدا دەبێ رێز لە لایەنەکەیتر و هزر و هەستی بگرین و پاشان بیرکردنەوە شارستانییەتی و کولتورییەکانی بناسین. بەداخەوە نەوەی پێشووی رۆشنبیرانی ئێران رێگەی بەخۆی دەدا سەبارەت بە زۆربەی مەسەلەکان بیروڕای



خۆی دەربڕێت، لەوانە هزر و کولتوری جیهانی رۆژئاوا بە بێ ئەوەی ئەمانەی بەباشی خوێندبێتەوە و لێیان گەیشتبێت. بۆ وێنە جەلالی ئالی ئەحمەد سەبارەت بە هایدگەر قسە دەکات و شت دەنووسێت بەڵام من بێ لایەنانە و بەداکۆکییەوە دەڵێم کە هایدگەری نەدەناسی. ئالی ئەحمەد کامە وتار یان کتێبی سەبارەت بە هایدگەر نووسیوە؟ ئالی ئەحمەد ناوی هایدگەری بەدەم ئەحمەدی فەردیدەوە بیستبوو و وەك زۆربەی فەردیدییەکانیتر کە شتێکیان سەبارەت بە هایدگەر لە فەردید دەبیست دەیانگوت ئەمە بۆ ئەوە باشە لە وتارێك یان کتێبێکدا کەڵکی لێوەر بگرین. ئەمە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا کە کەس ئیزنی کارێکی لەم چەشنە بە خۆی نادات، جیاوازیی زۆرە. نەوەی ئێستاش پێش داوەریکردن سەبارەت بە بیرمەندان و هزرەکانیان سەرەتا کتێب یان وتارێك دەنووسن، یان سەبارەت بە فلانە چەمك و بابەت ئەو چەمك و بابەتە بەوردی شیدەکەنەوە. ئەم مێتۆدە هەلی وتووێژ و دیالۆگ بۆ ئێمە دەڕەخسێنێت. ئەگەر تۆ دەتهەوێ لەگەڵ کەسێکی وەك «گادامر»، «ریکۆر» یان «چۆمسکی»دا لە هەر بەستێنێکدا باس بکەیت، بە هەرشێوە دەبێ لە سۆنگەی هزرییەوە لەگەڵیدا هاوپلە بیت. ئەگەر هاوپلە نین، لانیکەم دەبێ بزانیت کە ئەو سەبارەت بە چ باسگەلێك قسەی کردووە و ویستوویەتی چ بڵێت. من پێموایە ئەمڕۆ کارێکی لەم چەشنە کردەنییە. ئێمە کەسانێکمان هەن کە هەنووکە خەریکی جێبەجێکردنی ئەم کارەن. وەك دکتۆر شایگان، کە ئەم هاوزمانییەی هەیە یان دکتۆر سەییدحسێن نەسر. دووکەس لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە لەگەڵ وتەزای مۆدێرنییتەدا هەڵسوکەوت دەکەن. شایگان، مرۆڤێکە بە تەواوی مۆدێرن و لایەنگری ئەندێشە و کاکەشانی زەینیی مۆدێرن و نەسر کەسێکە بە تەواوی نەریتخواز و دژی مۆدێرنێتە. بەڵام هەردووکیان کەسانێکن کە دەتوانن لە ئاستی جیهانیدا لەگەڵ بیرمەندە گەورە هاوچەرخەکانی دونیادا هاوزمانییان هەبێت. بە بڕوای من ئەمە وتەزایەکی گرنگە کە ئێرانییەکان و بیرمەندە ئێرانییەکان تا زیاتر خەریکی ناسینی کولتور و ئەندێشەی رۆژئاوا بن، ئیمکانی هاوزمانییان زۆرتر دەبێت. ئەو وتووێژە دەبێ لە دوو ئاستدا بکرێت یەکیان لە ئاستی شارستانیەتی ئێرانی واتە وتووێژ لە نێو خۆماندا کە ساناگیری و لێبوردنی پێویستە و ئاستەکەیتر «دەرەوە شارستانییەت»ی‌یە کە لەم ئاستەشدا دەبێ سەرەتا ئێمە بتوانین لەگەڵ شارستانیەتە روژهەڵاتیەکاندا وتووێژمان هەبێت. واتە لە لایەکەوە لەگەڵ شارستانیەتەکانی چین، هیندستان و ژاپۆن و لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ شارستانییەتی رۆژئاوا واتە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور و ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە ئێمە بە سەر

ڕێگای جیهانیبوونەوە دابنرێین و سەبارەت بەو باسانەی کە ئەوان بیریان لێدەکەنەوە و ئەو بەرهەمانەی بەرهەمیان دێنن، هۆشیاری پەیدا بکەین. هەروا کە ئێمە لە بەستێنی تەکنۆلۆژیادا وردە وردە بەرامبەر تەکنۆلۆژیای مۆدێرنی جیهان وریا دەبینەوە، واتە ئەوشتەی کە ئەقڵی ئامێریی پێدەڵێین، بەڵام ئێمە کەم کەسمان هەیە کە بەرامبەر ئەقڵی ڕەخنەگرانە هۆشیار بن، واتە ئەو باسانەی کە بۆ فەلسەفە و هونەر دەگەڕێنەوە. هونەرمەندان و سینەماکارانی ئێمە بۆ وێنە دەبێ سینەمای ئەمڕۆ بناسن. ئەمە واتاکەی ئەوەیە کاتێک سینەماکارانی ئێمە بۆ فستیڤ-اڵە جیهانییەکان بانگهێشت دەکرێن و بۆ وێنە دەیانەوێت لەگەڵ کەسێکی وەك «وم وندرس» دا قسە بکەن، کاتێك فیلمەکەی ئەویان نەدیوە و باش لێی تێنەگەیشتوون، ناتوانن بیروڕای خۆیان سەبارەت بە ئەو و بەرهەمەکانی دەربڕن و بەم پێیە تەنیا وندرس سەبارەت بە سینەمای ئێران قسە دەکات و ئەمەش وتووێژ نییە، بەڵکو بۆچونێکی یەك لایەنەیە کە ئێمە تێیدا تەنیا بیسەرین نەك بێژەر. بەڵام ئێمە دەتوانین تەنیا لەسەر سینەمای ئێران قسە بکەین، بەڵام ئایا ئەمە وتووێژیکی ڕاستەکی سەبارەت بە سینەمایە؟ کەواتە دەبێ ئەم هاوپلەییە بۆ هاوزمانی وەدی بێت.

*** جەنابتان ئاماژەتان کرد بە نەناسبوونی ئەندێشەکانی ڕۆژئاوا و نموونەیەکتان هێنایەوە و گوتان جەلالی ئالی ئەحمەد بۆ یەکەمجار ناوی هایدگەری لە دکتۆر ئەحمەدی فەردید بیستبوو، پێم خۆشە لەم بەستێنەدا پرسیارێك گەڵاڵە بکەم و پێش گەڵاڵە کردنیشی پێشەکییەکت ئاراستە بکەم. لە چەند سەدەی ڕابردوودا دوو لقی سەرەکی لە بزاڤ-ی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا هەبوون، یەکیان ئەزموونگەری بەریتانیایی و ئەویتریان ئەقڵخۆازیی ئەوروپایی کە پاشان ئەم دوو بزاڤە شێوەگەلیتریان بە خۆیانەوە گرت. بۆ نموونە، نەریتی ئایدیالیزمی ئەڵمانی بە نوێنەرایەتیی فەیلەسووفانی وەك هیگڵ و یان فەلسەفەگەلی ئەگزیستانس و...لە کیشوەری ئەورووپادا لە لایەکەوە و نەریتی فەلسەفی شیکاریی «ئەنگلۆ ئەمریکەن» لە لایەکیترەوە. ئاشنایەتیی بیرمەندانی ئێرانی لەگەڵ فەلسەفەی ڕۆژئاوادا بە جۆرێك ئەم دوو چەشنیەتیەی وەدەرخستووە. بۆ نموونە، لە دەیەکانی ڕابردوودا ئێمە لەلایەکەوە کەسێکی وەك دوکتۆر ئەحمەدی فەردیدمان هەبوو وەك نوێنەری بیرکردنەوەی هایدگەری و لەلایەکیتریشەوە دوکتۆر مەنووچێهری بوزورگمێهر کە نوێنەری فەلسەفەی ئەزموونیی بەریتانیا بوو. ئەم دوو چەشنییە پاش شۆرشیش درێژەی هەبوو و توندتریش بوویەوە. بۆ «دکتۆر عەبدولکەریم سرووش» وەك**



**نوێنەری فەلسەفەی شیکاری و «دوکتۆر ڕەزای داوەریی ئەردەکانی» وەك درێژەی هێڵی هزریی دکتۆر فەردید لە بەرانبەریدا ڕکەبەرییەکی فەلسەفی و هزریی بەڕێوە دەبرد کە ڕەنگە بتوانرێ وەك ڤەدانەوەی بەرانبەریی ئەندێشەی پۆپەر لەگەڵ هایدگەر بزانرێت. هاتوهاوارێك کە بە وەرگێڕان و لەچاپدرانی «کۆمەڵگەی کراوە و نەیارەکانی» لە ئێراندا بەرز بوویەوە و مشتومڕی قەڵەمیی هەر دوو لا سەبارەت بە بابەتە پێوەندیدارەکانی بەشێکی جێگا سەرنج لە مێژووی هزرینی هاوچەرخ لە ئێراندا پێك دەهێنێت. لەم نێوەدا بەشێك لە نوێنەرانی بیرکردنەوەی هایدگەری، بە جۆرێك خۆیان بە ئەندیشەگەلی ئایینی و عیرفانیی ڕۆژهەڵاتەوە گرێداوە و لە هەڵوێستی بەرگری لەو نەریتە هزرییەوە لەگەڵ ئەندێشەکانیتردا ڕووبەڕوو بوونەتەوە. ئایا بە بڕوای جەنابتان چەشنە باش تێنەگەیشتنێك لە نێو ئەمانەدا بەرامبەر نەریتی هزری و فەلسەفیی ئەوروپا ڕووی نەداوە؟ بەزمانێکیتر ئایا ئاخێزگەی کێشەکەی ئەمانە کە هەندێجار دۆخی جیهادێکی پیرۆزی بە خۆیەوە گرتووە، بەرهەمی ئەوە نییە کە ئەمانە لە بنەڕەتدا لە گەوهەری فەلسەفەی ڕۆژئاوا و لەوانە لە گەوهەری بیرکردنەوەی هایدگەر وەك فەیلەسووفێکی ڕۆژئاوایی تێنەگەیشتوون و تەنیا بە وێنای خۆیان لە هایدگەر کە لە جلوبەرگی حافیزێکی سەدە بیستەمیدا خۆیا بووە، یاری ناکەن؟ بە تایبەتی لە جێگایەکدا کە ئەمانە لە دۆزینەوە و شهوودێکی ناشیانەدا، وەك بابەتێکی شەیتانی سەیری ناوەوەی ڕۆژئاوا دەکەن، بە بێ ئەوەی کە لەبەرچاوی بگرن کە هایدگەر بەرهەمی ڕەوتی بیرکردنەوەی فەلسەفییە لە ڕۆژئاوادا و یەك لە ئەڵقەکانی پێوەندیی ئەم زەنجیرە پێکەوە لکاوەیە، نەك دورگەیەکی جیا کراوە؟**

- بە بڕوای من خودی دکتۆر فەردید فەلسەفەی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی خودی هایدگەری بە باشی دەناسی و زۆریش حەزی لە هایدگەر بوو. بەڵام لەوە دڵنیا نیم کە فەردید توانیبێتی بە دروستی ناسینەکەی خۆی بە کەسانی تر بگەیێنێت و هۆکارەکەشی خراپ تێگەیشتنی قوتابی بوو، تۆ کاتێك گۆڤاری ڕۆژهەڵات کە تریبۆنی لایەنگرانی دکتۆر فەردید بوو، دەخوێنیتەوە، دەبینی کە گۆڤارێکی هزری و فەلسەفی نییە. بەڵکو زمانێکی سیاسیی توند و هزرێکی فەلسەفیی لاوازی هەیە و کەسانێك لەوێدا شتیان دەنووسی کە بە توندی دژی ڕۆژئاوا و فەلسەفەی ڕۆژئاوا بوون. بۆ نموونە، کەسێك کە ناوی نابەم لەوێ شتی دەنووسی و بە ڕۆژئاوا نازناوی دێوی سەرزەویی دابوو. ئەگەر ئەنجامی فەلسەفەی هایدگەر ئەمە بێت کە بە ڕۆژئاوا بڵێی دێوی سەرزەوی، باشترە نەیخوێنیتەوە. چونکە هایدگەر و فەلسەفەکەشی بەشێکە لەم دێوی سەرزەوییە. ئەمانە ناتوانن تێبگەن کە خودی هایدگەر بەرهەمی ٢٥سەدە مێژووی

فەلسەفە لە رۆژئاوادایە، لە ئەفلاتوونەوە تا نیتچە. بە هەرحاڵ من پێموایە ئەگەر کەسێك کەمێك شعووری فەلسەفیی هەبێت، گوتارەکەی بە جۆرێکیتر دەبێت و بەدەمارگرژی و ناسەقامگیری ناڕوانێتە بابەتەکان. ئەوەی کە فەلسەفە و مێژووی ئەندێشەی فەلسەفی فێری ئێمەی دەکات، ئەوەیە کە دەمارگرژیی نەزانانە بەشێك لە ئەندێشەی فەلسەفی نییە.

دکتۆر فەردید لە بنەڕەتدا فیلەسووفێك بوو کە زیاتر قسەی دەکرد تا بنووسێت. فیلەسووفی قسەکەریش کێماسییەکی گەورەی هەیە ئەویش ئەوەیە کە داوەریکردن سەبارەت بە خۆی و قسەکانی دژوارە. چونکە تۆ تەنیا دەتوانی لە دوو تۆیی بەرهەمی قوتابییەکانیدا ئەو و ئەندێشەکانی هەڵبسەنگێنیت. هەر وەك سوکرات کە ئێمە ئەمڕۆ لە رووی نووسراوەکانی ئەفلاتونەوە دەیناسین. ئێمە نازانین سوکرات چیی گوتووە و بڕوای بە چی بووە و ئەفلاتون بگێڕەرەوی ئەندێشەکان و وتەکانی سوکراتە. من بۆ خۆم گەرچی لە سەردەمی مێرمنداڵیدا دوکتۆر فەردیدم دیتبوو، بەڵام دەتوانم بڵێم کە کەسانی وەك داریووشی شایگان، شاهروخی مەسکووب یان کەسانیتر کە لە زنجیرە دانیشتنەکانی دوکتۆر فەردیددا دادەنیشتن، هیچیان ئەنجامی فێرکارییەکانی دوکتۆر فەردید نین و تۆ لە زمان و گوتار و نێواخنی باسەکانیاندا دەتوانی لەم دابڕانە تێبگەی. ئەمانە لە بابەتەکانی فەردید کەڵکیان وەرگرتووە و دەتوانین بڵێین فەردید هەندێ بابەتی فێری ئەوان کردووە و بەڵام ناتوانین ئەمانە بە بەرهەمی وتە فەلسەفییەکانی فەردید بزانین و تەنانەت دەتوانم وا بیر بکەمەوە کە خودی دکتۆر فەردید لە گواستنەوەی بابەتە فەلسەفییەکانیشدا هەندێجار بە شێوەیەکی دەمارگرژانە و لاگیرانە کاری کردووە.

بە بڕوای من ئەو رێگایەی کە نەوەی ئەمڕۆ لە بەستێنی خوێندنەوەکان و وتووێژگەلی فەلسەفیدا وەربەری گرتووە، مێتۆدێکە کە ئێمە بە ئەنجامێکی دڵخوازتر دەگەیێنێت. واتە بەشێوەی گشتی چەشنە بێ لایەنییەك لە بەستێنی تێگەییشتن لە بابەتەکان. واتە لە جیاتیی هەڵوێست گرتنی هەڵەکارانە، هەوڵدەدەین هایدگەر، مارکس، کانت و هیگڵ بناسێنین و ئەوەی کە ئەوان گوتوویانە پێشکەشی بکەین و پاشان بەشێوەی زانستییانە و لۆژیکی رەخنەیان لێ بگرین. لە راستیدا شیکارە فەلسەفییەکانی ئەمڕۆ لە ئێراندا بێ لایەنانە و بە بێ دەمارگرژی و بەتایبەت بەدوور لە دەمارگرژییە سیاسییەکان، مەسەلەکان دەخەنەڕوو و ئەمەش خاڵی پۆزەتیڤی بزاڤی فەلسەفیی نەوەی ئەمڕۆ بەرامبەر نەوەی دوێنێیە.

*** پێتان وانییە خودی دکتۆر فەردید بەرەچاوکردنی ئەو خڵتەیەی کە دەیکردە نێو دوو نەریتی هزری فەلسەفیی رۆژهەڵات و رۆژئاواوە و هایدگەری سەدەی بیستەمی و قسەکانی**



**لەگەڵ حافیزی سەدە چواردەهەمی و روانگە عیرفانییەکانی، پێکەوە تێکەڵ دەکرد و ئەو چەمکانەی کە لە بەستێنگەلی جیاوازەوە سەریان هەڵداوە، تێکەڵی دەکردن، لە پێکهاتنی ئەم بنەما هەڵەیەدا بەشدار بوو.**

- ئەڵبەت من پێم خۆشە بە رێزەوە ناوی دکتۆر فەردید بهێنم، چونکە نامەوێ بۆخۆشم بچمە نێو ئەم یارییە دەمارگرژانەیەوە. بەڵام چونکە بە شێوازی مێتۆدناسانە فێری فەلسەفە بوومە، لەگەڵتدام و ناتوانم قەبووڵی بکەم کە هەر گوتار یان ئەندێشەك بە فەلسەفە بزانم. بە بڕوای من بەشێکی گەورەی فەلسەفە ئەوەیە کە روون بیربکەینەوە و روون بنووسین و بەشێوەی روون و ئاشکرا ئایدیاکان بگوێزینەوە. لە راستیدا فەلسەفە بە بێ رۆشنبیری ئیمکانی نییە. یەکێك لە ئەرکەکانی فەلسەفە رزگارکردنی خەڵك لە تاریکبینی و ئاڵوز وێژییە. ئەگەر فەیلەسووفێك بە خراپ تێگەیشتنەکان و تاریك بینییەکان زیاد بکات، لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە. بە بڕوای من دکتۆر فەردید بەم رێگایەدا رۆشتووە، بەڵام خودی هایدگەر ئەم کارەی نەکردووە. لەبەر ئەوەی روون و ئاشکرایە کە هایدگەر دەیهەوێ چی بڵێت. لەوانەیە هایدگەر لەگەڵ ئەقڵخوازیی مۆدێرندا دژایەتیی کردبێت، یان لەگەڵ تەکنیکی مۆدێرندا. بەڵام زۆر روون و راست قسەکەی دەکات، واتە ئەگەر تۆ «هایدگەرییش» نەبیت، بە روونی دەتوانی بزانی کە هایدگەر چیی گوتووە و لەبەر چی تۆ هایدگەری نیت. بەڵام من دڵنیا نیم کە ئەم خاڵە سەبارەت بە دکتۆر فەردید بڵێم. لەبەر ئەوەی کە یەکەم فەیلەسووفێکی دەمی (قسەکەر) بوو و دووهەم بە روونی و ئاشکرایی قسەکانی خۆی نەکردووە کە دەیهەوێ چی بڵێت و لە ئەنجامدا لە زۆر جێگادا خراپ تێگەیشتنی بەرامبەر هایدگەر و فەلسەفەی رۆژئاوا توندتر کردۆتەوە.

*** ئێوە تا چ رادەیەك ئەو بزاڤە هزرییانەی کە قوتابیانی دکتۆر فەردید و قوتابیانی قوتابییەکانی ئەو و هەروەها زنجیرە خوارووترەکانیش لە دەیەکانی رابردوودا تا هەنووکە هاتوون، دەناسن و تا چ رادەیەك بەدوای ئەم رەوتەدا رۆیشتوون؟**

- من هەوڵمداوە لەگەڵ قوتابییەکانی دوکتۆر فەردید دا ببمە دۆست، چونکە لە ساڵی١٩٩٥دا لە کۆنگرەیەکدا کە لە «گالێریی ئەندێشە» لە دوو رۆژدا بەرێوەمان برد، داکۆکیی زۆرم کرد کە دەبێ قوتابییەکانی دوکتۆر فەردیدیش لەم دانیشتنەدا بەشداربن، زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەشداربوون لە دەرەوەی ئەم بازنەیەدا بوون. وەك «دکتۆر زیای مووەحید»، «دوکتۆر شاپووری ئیعتێماد» و «دکتۆر عەلیابادی»، بەڵام من لە جەنابی «جوزی»ش داوام کردبوو کە لەم دانیشتنەدا بەشداری بکات، بەم پێیە لەگەڵ ئەم گروپەشدا ئاشنایەتیم هەیە و

هەروەها لەگەڵ نووسینەکانی گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیشدا ئاشنایەتیم هەبووە. هەرئەو کاتە بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر گۆڤارێکی وەك ڕۆژهەڵات پێکهاتوو لە قوتابییەکانی دکتۆر فەردید بێت، ئەودەم فێرکارییەکانی دکتۆر فەردید بەمانە دەبێ چی بێت کە ئەمانە ئەم هەمووە لەسەر ڕۆژئاوا دەمارگرژن. ئەویش بەنائاشنابوون و هەژاریی ترسێنەری هزری بەرامبەر ڕۆژئاوا و کولتور و فەلسەفەی ڕۆژئاوا. چونکە پێموایە دەمارگرژی لە نەبوونی ناسین و خۆبەزلزانیی لە ڕادە بەدەرەوە ئاخێز دەکات. گرفتی سەرەکیی من لە نووسینەکانی ئەم گروپەدا، نەبوونی مەعریفەی فەلسەفییە. نووسراوەگەلی زۆر توند و سیاسی بە کەمترین نێوەڕۆك و بایەخی فەلسەفی کە ناتوانن نێوەڕۆکێکی جیهانییان هەبێت و تەنیا بۆ باسە لۆکاڵەکان دروست کراون، ئەم نووسینانە لە بنەڕەتدا ناتوانن نیگایەکی نادەمارگرژانەیان بۆ فەیلەسووفە ئێرانییەکان یان ڕۆژئاواییەکان هەبێت و سەبارەت بە ئەوان قسە بکەن. فەلسەفە یەکەم خاڵێکی ڕووناك کە بە ئێمەی فێر دەکات، قەبووڵکردنی جیاوازیی ئایدیاکانە و ئەوەی کە بەرامبەر ئەم جیاوازییە، ساناگیر بین.

*** ئێوە وتتان لە بەرهەمەکانی ئەم دەستەیە کە لە کۆتاییدا ئاماژەیان پێکرا، یاریگەلی فەلسەفیی ناهۆشیارانە شەپۆل لێدەدەن. لە مێژووی هزریی ئێراندا هەندێجار دیومانە کە کاتێك بەرهەم و وتە فەلسەفییەکان بە دەستی کەسانێك گەیشتووە کە هەڵگری و توانستی تێگەیشتن لە بابەتە فەلسەفیەکانیان نەبووە و یان پێبەندی مێتۆد و ڕێسای هزری فەلسەفی نەبوون، ڕووداوێکی لەم چەشنە قەوماوە و نموونەکەشی لە سەدەی نۆزدهەمدا و کوشت وکوشتاری وانەکانی ڕێبازگەلی عیرفانی تیۆری «مەحیەدین» و فەلسەفەی «ئیشراق» بە دەستی کەسانی وەك «سەیید کازمی ڕەشتی» و ژمارەیەك لە قوتابیەکانی دەبینین. ئایا بە بڕوای جەنابتان دووبارە ڕووداوێکی لەو چەشنە قەوماوە گروپێکی کۆڵەوار بەرامبەر جوانکارییەکانی هزری فەلسەفی، لە هەندێ چەمك و زاراوە ئایینێکیان دروست کردووە، کە بنەماکەی دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا پێکی دەهێنێت؟**

– بەڵێ، بەڵام مەسەلەیەکی گەورە کە دووبارەی دەکەمەوە ئەوەیە کە ئەوەی تۆ قوتابی دکتۆر فەردید بیت، کارێکی سانا نییە، لەبەر ئەوەی کە نووسینەکانی پەرشوبڵاون و ناتوانین بڵێین دەزگا هزرییەکەی ڕێك چی بووە. ئەمانە زۆربەیان ئاماژە بە قسەکانی فەردید لە پۆلەکاندا دەکەن و هەموویان دەیانەوێت ڕۆڵی ڕاڤەکاری بیروڕاکانی ئەو بگێڕن و بەم پێیە ناتوانین بڵێین کە ئەمانە ڕێك درێژەی بزاڤە هزرییەکەی ئەون. چونکە ئەم فەیلەسووفە هیچ کتێبێکی نییە، یان تا ئێستا چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە. کەواتە سەرجەم ئەمانە ڕاڤەکاری فەیلەسووفێکن کە بۆخۆی بەرهەمی فەیلەسووفەکانیتری ڕاڤە کردووە. واتە ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە لە نەوەی ئەمڕۆی



قوتابییەکانی دکتۆر فەردیددا دەیبینین، ڕاڤە لە ڕاڤە لە ڕاڤەیە. واتە ڕاڤەی فەردید لە هایدگەر و گرفتێکی گەورە کە دێتە سەر ڕێگا، لەم خاڵەدایە و بەم پێیە دەبینین کە ئەم ڕاڤەکارانەی دکتۆر فەردید کاتێك کە دێنە نێو باسێکی فەلسەفییەوە ناتوانن لە سنوورگەلێکی دیاریکراو بترازێن. یەکەم ئەوەیە کە دەمارگرژییان بەرامبەر فەردید ڕێگەیان پێ نادات بەرهەمی کەسانی دیکە بە وردی بخوێننەوە. تۆ دەبینی کە لە بەرهەمەکانی ئەمانەدا هیچ شوێنێك لە هۆشیاری بەرامبەر فەلسەفەکانیتر بوونی نییە و لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتیشدا بەم شێوەیە بوو. دووهەم لەبەر ئەوەی کە بەرهەمی کەسانی دیکە ناخوێننەوە، بەم پێیە ناتوانن لەگەڵ خەڵکیتردا وتووێژی فەلسەفیی ڕاساڵیان هەبێت و بەرباسەکان و مشتومڕەکانی خۆیان لە سەر بنەمایەکی قەبووڵکراو لە لایەن هەر دوو لاوە دابنێین. چونکە دواجار دەبێ سەبارەت بە شتێك وتووێژ بکرێت کە هەردوو لا لە ناسینیدا هاوتا بن. وای دانێن کە ئێمە دەمانەوێت سەبارەت بە مارکس وتووێژ بکەین، ئەگەر تۆ تەنیا ژمارەیەك لە بەرهەمەکانی ستالینت خوێندبێتەوە و لەگەڵ بەرهەمە ڕەسەنەکانی مارکسدا ئاشنا نەبیت، من هەرچی بڵێم کە مارکس جیاوازیی لەگەڵ ستالیندا هەیە، تۆ بە هیچ شێوەیەك ناتوانی وێنایەکت لە قسەکەی من هەبێت. ئەم دۆخە نالەبارە کە بەسەر چەپی ئێراندا حاکم بووە و بۆ ئەوان مارکس و ستالین هیچ جیاوازییەکی نەبووە، سەبارەت بە فەردیدییەکانیش ڕاستە کە بە گشتی دۆخی تراژیکە و هەندێ جاریش دەبێتە دۆخێکی کومیك و جێگای پێکەنین.

*** لە پاڵ بیرکردنەوەی فەلسەفیی هایدگەریدا کە لە ئێراندا هەبووە و تێڕوانینێکی بە تەواوی لاگیرانە و شەڕخواز دژی ڕۆژئاوا و کولتور و شارستانییەتی ڕۆژئاوایی و بەتایبەتی هەندێ داگەڕانی فەلسەفیی وەك فەلسەفەی شیکارانەدا هەبووە، ئێمە بینەری پێکهاتنی بزاڤێکی هزری فەلسەفیتر بووین کە تێیدا ژمارەیەك توانیویانە لە فەلسەفەی ئەزموونی و شیکارانە بە باشی تێبگەن. لەم بەستێنەدا لەگەڵ بەرهەمگەلی ڕەسەندا هەڵسووکەوتیان هەبووە. کەسانێك کە زۆربەیان لە بڕوا پێکراوترین ناوەندگەلی بڕیاری و ئاکادمیك و لەلای ماموستاگەلی گەورە و سەرتەڵ  لە ئاستی جیهانیی ئەم داگەڕانە فەلسەفیەدا فێر بوونە و ئەمەش لەو بەرهەمانەی کە بە تایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوو دا لەم مەڵبەندەدا، نووسراون یان وەرگێڕدراون و پاشان چاپ و بڵاو کراونەتەوە، بە باشی دیارە.**

**لە لایەکی دیکەشەوە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و ئەو دۆخە تایبەتەی کە ژمارەیەك لە ڕۆحانیە نوێبیرەکان لەنێو نەوەی لاودا پەیدایان کرد، بووبە هۆی ئەوەی کە ناوەندکانی زانستە ئایینییەکان سەرنجی ژمارەیەکی زۆری لاوە خوێندکارەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن کە ژمارەیەکیان**

**خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیی لە بەشە زانستی و تەکنیکییەکاندا بوون و خۆی لەخۆیدا بووژانەوەیەکی زانستی و هزریی دەگمەن لە مەڵبەندەکانی زانستە ئایینییەکاندا پێك هات لە بەر ئەوەی کە ڕۆحانیەکان و ناوەندە ئایینییەکان بە هۆی سەقامگیربوونی حکوومەتێکی ئایینی خۆیان لە ڕووبەڕێکی بەرفرەوان بە وەرگری زۆرەوە دیتەوە و ناچاربوون لە ئاستێکی جیهانیدا دەست بە وتووێژ و گۆڕینەوەی بیر و ڕا بکەن. پێویستیی فێربوونی زمانە بیانییەکان و ئاشنا بوون لەگەڵ ڕێبازە هزری و فەلسەفیەکانی جیهانی ئەمڕۆ بوو بە هوی ئەوەی ژمارەیەکی زوری فەقێ لاو و بەهرەمەندەکان خەریکی خوێندنەوە سەبارەت بە بیرمەندە گەورەکانی جیهانی هاوچەرخ بە تایبەتی لە ڕۆژئاوادا بن کە ئەم خاڵە لەو کتێب و وتارانەیدا کە بە تایبەت لە «قوم»دا لە لایەن توێژەرە لاوەکانی زانستە ئایینییەکانەوە بڵاو کراونەتەوە بە ڕوونی دیارە. لە مەڵبەندی فەلسەفەدا سەرەتا وا دەهاتە پێش چاو کە بە ڕەچاوکردنی بەستێنەکان و هەلومەرج و داگەڕانەکان و سەرچەشنە فەرمییەکانی فەلسەفە ئەگزیستانسیلەکان و لەوانە هایدگەر پێگەیەکی گەورە پەیدا بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمڕۆ ئێمە دەبینین کە فەلسەفەی شیکارانە بە لقەکان و بەشە جۆربەجۆرەکانیەوە بووە بەداگەڕانی زاڵ لە مەڵبەندە ئایینییەکاندا و ڕەنگە بتوانین ئەمەش بە ئەنجامی مەیل و ویستی فەقێکان و مامۆستاکانی مەڵبەندەکان بە علم ئوسول بزانین کە زانستێکە شیکارانە و هەندێ لە بەشەکانی لەگەڵ فەلسەفەکانی شیکاریی زمانیدا زۆر لێکدەچن. بۆ نموونە، موجتەهیدێکی بەرجەستە لە قومدا بیروڕاکانی فەیلەسووفێکی هاوچەرخی وەك «کویپکی» لەمەڕ ناونان و زەروورەت، شیکاری و ڕاڤ-ە و ڕەخنە و هەڵسەنگاندن کردووە. پێم خۆشە بۆچوونتان لەم بوارەدا بزانم و شیکارییەکەتان لە سەر ئەم کارە ببیستم.**

– من ئەمە لە پلەی یەکەمدا بە ئەنجامی ئەوە دەزانم کە ئەوکەسانەی کە لە ئێراندا لە بەستێنی فەلسەفەی شیکارانەدا کاریان کردووە، سەرکەوتوو بوون. هەم مەنووچێهری بوزورگمیهر و هەم نەوەی هەنووکەیی نوێنەری فەلسەفەی شیکارانە وەك دکتۆر ئیعتماد و دکتۆر عەلیئابادی و کەسانێك کە لە بەستێنی زانستدا کاردەکەن وەك «دوکتۆر عەلیی پایا» و کەسانیتریش. بە بڕوای من ئەمانە کارەکەی خۆیان بە باشترین شێوە جێبەجێ کردووە، لەبەر ئەوەی بۆچوونێکی بە تەواوی زانستیانەیان هەبووە و بە دوور لە هەرچەشنە دەمارگرژییەك چ سیاسی و چ ئایینی دەستیان بە خوێندنەوە و نووسین کردووە. بەم پێیە بە ئەنجامی دڵخوازی فەلسەفی واتە تێگەیشتن لە چەمکێك و گواستنەوەی گەیشتوون. بە بڕوای من ئەمانە لە داهاتووشدا قوتابی سەرتەڵ پەروەردە دەکەن کە لە داهاتووی ڕۆڵێکی فەلسەفیی ئێراندا بیریاری گرنگ دەبینن. لە پاڵ



ئەمەشدا ڕێبازگەلیتریش بوون، لە بەستێنی فەلسەفەی سیاسی و جوانیناسیدا یان کەسانێك کە خولی ئاکادمیکی خۆیان تەواو نەکردووە، بەڵام نووسەری فەلسەفیی بڕوا پێکراون و بەرهەمگەلی باشیان لە بەستێنی مێژووی فەلسەفەدا بە کۆمەڵگەی ئێران پێشکەش کردووە. ئەوانیش لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو بوون و توانیویانە بەرباسگەلێك لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە ئاستی سەرەوەدا بەلایەنگرانی خوێندنەوە فەلسەفیەکان لە بێ لایەنی و شەفافییەتێکی تەواودا بگوێزنەوە. توێژی سێهەمیش هەن کە هەر فەقێ و زاناکانی مەڵبەندە ئایینییەکانن و باسگەلێك تەرح دەکەن، لە ئاستێکی زۆر بەرزی زانستی دان. من بۆخۆم زۆرم پێ خوشە لەگەڵ کەسانی وەك دکتۆر موجتەهیدی شەبستەری یان «دکتۆر موحسنی کەدیوەر»دا دەست بە وتووێژ بکەم. لەبەر ئەوەی کە هەم بە سەر نەریت و فەلسەفەی ئیسلامیدا زاڵن و هەم فەلسەفەی مۆدێرنیش بە باشی دەناسن. کاتێك پۆل ریکۆر لە ئێراندا بوو، من بردمە لای دکتۆر موجتەهیدی شەبستەری و ئەوان پێکەوە وتووێژیکیان هەبوو سەبارەت بە بیروڕاکانی پۆل تیلیچ و مێژووی ئایینەکان بەزمانی ئەڵمانی، ئەم وتووێژە پیشاندەری ئەوەبوو کە کەسێکی وەك دکتۆر موجتەهیدی شەبستەری کە ئەندێشە نەریتییەکانی مەڵبەندی ئایینی بە باشی دەناسێت و لەم بەستێنەدا خاوەن ڕایە، بابەتە مۆدێرنەکانیشی زۆر باش ناسیوە. بە بۆچوونی من یەك لەو وتووێژانەی کە دەبێ لە ئاستی کومەڵگەی ئێراندا جێبەجێ بکرێت، وتووێژی قوتابیان و زانایان لەگەڵ کەسانێکدایە کە نوێنەری هزری مۆدێرنی ئێرانن. وتووێژی پۆزەتیف وساناگیرانەی ئەمانە دەتوانێ زۆر کاریگەر بێت.

به بڕوای من ئەم سێ گروپە هەمیشە ئامادەی وتووێژن و ئەم کارەش دەکەن و بە پێچەوانەی قوتابیەکانی دوکتۆر فەردید بە هۆی دووربوون لە دەمارگرژی و هەروەها ئاشنایەتی لەگەڵ هزرە نوێیەکاندا لە وتووێژ لەگەڵ کەسانی تردا پێشوازی دەکەن و دەتوانن بە سانایی ئەم کارەش بکەن. لە کاتێکدا لایەنگرانی فەردید یان ئالی ئەحمەد بە دژواری دەچنە ژێر وتووێژیکی ڕاساڵ و بەدوور لە دەمارگرژی. ئەڵبەت من حیسابی لایەنگرانی دکتۆر شەریعەتی لەوان جوێ دەکەمەوە، چونکە ئەوانە بە هەر شێوە کتێب خوێنن، بەڵام لایەنگرانی فەردید و ئالی ئەحمەد خاوەنی دەمارگرژی و کەموکورتی گەلێکن کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانن وتووێژ بکەن، چ لە بەستێنی فەلسەفەی سیاسی یان جوانیناسی و فەلسەفەی شیکارانەدا، ئەمانە تەنانەت لە بەستێنی کولتور و شارستانییەتی ئێرانیشدا زۆر کۆڵە وارن، چ جای ئەوەی لە کولتور و شارستانییەتی ڕۆژئاوادا. ئەمانە لەگەڵ شیکارە ئێرانییەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاواشدا کە لە یەك ئاخێزگەی کولتوری و شارستانییەوە

هەستاون، ناتوانن باس و وتوویژ بکەن و کەسانی وەك «گادامر» و «هابرماس» و «پۆل ریکـۆر» و «چۆمسکی» جیگای خۆیان هەیە. چـونکە ئەمانـە هـەر لـە سـەرەتای وتوویژەکـەوە بـە کۆلێـك دەمارگرژی و ناشارەزاییەوە دەیانەوێت بەرەو رووی لایەنەکەیتر ببنەوە. بە بڕوای مـن کەسـێك کـە ئەمڕۆ لایەنگری کتێبی بەرۆژئاوایی بوون بێت، نەك تەنیا خوێنەری بەڵکو ئەو کەسەش کە پەیڕەوی لێدەکات، شیاوی بیرکردنەوە سەبارەت بە رۆژئاوا و وتوویژ لەگەڵ رۆژئاوادا نییە، بەداخەوە.

*** لەڕابردووی ئێراندا هەندێجار نەریتی هزری و فەلسەفیمان هەبووە، بە بڕوای جەنابتان ئایا ئەمڕۆ دەتوانین باسی نەریتێکی هزری و فەلسەفی و یان لانیکەم باسـی چـەکەرەکانی پێکهـاتنی نەریتێکی هزری فەلسەفی لە ئێراندا بکـەین. نـەریتێك کـە سـەربەخۆ و خـاوەنی چییەتییەکی دیاریکراو بێت، نەك ئەوەی کە تەنیا وەك درێژەی شیکاری و پەراوێز نووسین و تەنانەت وەرگێڕان و لاساییکردنەوە لە هزری هاوچەرخی رۆژئاوایی وەگەڕ بخرێت. واتە توێژێك لە هزر و ئەندێشەکان کە وێڕای ئەوەی کە بیسـەری جیهانییـان هەیـە، تایبەتمەندیگـەلی لۆکاڵیـشیان هـەبێت و وەك بیرکردنەوەی ئێرانی بناسرێن؟**

– بە بڕوای من ئەم بابەتە خەریکە هێواش هێواش دروست دەبێت و نەوەیەك لە رۆشنبیران لە ئێراندا سەری هەڵداوە کە من ناوم ناوە نەوەی چوارەمی رۆشنبیرانی ئێران و زۆرێك لـە نوێنـەرانی ئەم نەوەیە دەرەقەتی ئەم کارە دێن.

ئەڵبەت ئەم بزاڤە وەك ئەو چەکەرانەیە کە تـۆ ئامـاژەت پێکـرد و هێـشتا بـە تـەواوی پـێ نەگەیشتووە بەڵام تێبینییەکم سەبارەت بە لۆکاڵبوونی نەریتێکی هزری هەیە، لە دونیای ئەمڕۆدا بۆ لۆکاڵبوونیش دەبێ جیهانی بێت. واتە دەبێ سەرەتا هزرێکـی جیهانیـت هـەبێت. بـۆ نموونـە، لەوانەیە کەسێك سەبارەت بە نیتچە کتێبێك بنووسێت، بەڵام بە روانگەیـەکی ئێرانییـەوە، ئێمـە هەرچەندە وتوویژمان سەبارەت بە جیهانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەبێت و پەرەی پـێ بـدەین و لـە ئاسـتی شارسـتانییەتییەکاندا گۆڕینـەوەی بیروڕامـان هـەبێت، دەتـوانین هزرێـك سـەبارەت بـە سـتانداردە جیهانیـەکانمان(شـتێك کـە سـەرنجی بیرمەنـدە جیهانییـەکان رابکێـشێت) بـە تایبەتمەندیگەلی لۆکاڵەوە، هەبێت.

من دڵنیانیم بتوانین ئەم هزرە لۆکاڵە لەسەر بنەمای کەسانی وەك دکتۆر شەریعەتی یان ئـالی ئەحمەد دروست بکەین. چونکە ئەوان پێوەندییان بە سەردەمێکی تایبەتـەوە بـوو و تێڕوانینێکـی تایبەتیشیان بۆ جیهان و رۆژئاوا هەبوو و ئەو تێڕوانینە کۆن و پەککەوتووە، تێڕوانینێکە کـە لـە وتوویژ لەگەڵ فەیلەسووفانی وەك «گادامر»، «ریکۆر» و «هابرماس»دا بەکارنایە.



لەوانەیە قسەگەلێکی جێگای سەرنج بکەین، بەڵام لە ئاسـتی جیهانیـدا خوێنـەرمان نابێـت. شیعری ئێمە دۆخێکی لەم چەشنەی هەیە، هێشتا شاعێرە ناسراوەکانی ئێمە لە ئاسـتی جیهانـدا حافیز و «مەولانا» و «خەییام»ن. شاعیرانیتری ئێمە لە دونیادا نەناسراون. ئەڵبەت ژمارەیەك لـە بەرهەمی ئەمانە لە لایەن خودی ئێرانییەکانەوە بۆ زمانی ئینگلیزی، فەڕەنـسی یـان ئـەڵمانیایی وەرگێردراون. بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەنجامەکەی ئەوە نەبووە کەسانی وەك «سوهرابی سـپێهری» یان «فروغی فەرۆخزاد» بگەنە ئاستی کەسانی وەك «شارل بۆدلێر» یان «ئارتوور رەمبو». بـەڵام بێگومان حافیز بۆ بیرمەندێکی وەك «گۆتە» تا ئەو رادەیە سەرنج راکێش بووە کـە گۆتـە حـافیز بە شاعیرێکی جیهانی و پێوەندیدار بە ئەدەبیاتی جیهانی بزانێت. دەبێ تەقەلای ئێمـە ئـەوەبێت کە لە ئاستی ئەدەبیاتی جیهانی و وەك گۆتە دەڵێت لە ئاستی زەینییەتی جیهانیدا دابنرێین، واتـە شاعیر و هونەرمەند و بیرمەندانی جیهانیمان هەبن، ئێرانی بن و لە هـەمان کاتێـشدا جیهـانگیر بن. ئێمە نابێ پێمان وابێت کە هەرکەسێك رۆیـشتە کونفرانـسێکی نێونەتـەوەیی و ئاخـاوتنێکی کرد، کەسایەتیەکی جیهانییە. کاتێك کەسێك قسەیەکی نوێی بۆ جیهان نەبێت، ناتوانێ جیهـانی بێت. ئێمە دەبێ خەریکی بەرباسگەلی نوێ و جیددی بین و بۆ ئەم کارەش دەبێ کولتوری خۆمـان باش بناسین و رێزی لێ بگرین و کولتورەکانیتریش هەر بەم شێوەیە کە بە داخەوە لاوەکان و مێـر منداڵەکانی ئێمە لە بەشی یەکەمی ئەم مەرجە بێبەشن و کولتوری خۆمان بەباشی ناناسن و لێـی دوور کەوتوونەتەوە. لەبەر ئەوەی کە زۆرتر بەکارهێنی بەرهەمەکانی ئەقڵی ئامێریی رۆژئاوان.

*** چۆن بوو فەلسەفەی سیاسـیتان هەڵبـژارد و ژمارەیـەکی زور لـە بەرهەمـە ئـەکادیمی و رۆژنامەگەرانەکانی خوتان بۆ ئەم بەشە تەرخان کرد و هەروەها چۆن بوو حەزتان لـە سـاناگیری و ناتوندوتیژی بە شێوەیەکی تایبەت کرد؟**

– رۆیشتنی من بەرەو فەلسەفەی سیاسی لە بەر ئەوەبوو کە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا بـوو بە هۆی درووسانەوەی باسگەلێك لە مەلبەندی بیردارێژەرییە سیاسـییەکاندا کـە لـە فەرەنـساشدا بابەتی باس بوون. لە بنەڕەتدا کۆمەڵگەی فەڕەنسا زۆر لـە کۆمەڵگـەکانی ئـەمریکا و بـەریتانیا سیاسیترە و تۆ هەر چەشنە نزیکایەتییەکت لەگەڵ کۆمەڵگەی فەڕەنسا هەبێت، ئـەم نزیکایەتیـە چ بتهـەوێ و چ نەتهـەوێت رەنگـی سیاسـی بـە خۆیـەوە دەگرێـت. چ نزیکایەتیەکـە لـەڕێگای ئەدەبیاتەوە بێت بۆ وێنە بەرهەمەکانی سـارتەر و «کـامۆ» یـان لـە رێگـای هـزری فەلـسەفی و سیاسیەوە بێت، وەك «ئارۆن» و «لۆفۆر». مـنیش لەبـەر ئـەوەی کـە لـە فەرەنـسادا دەمخوێنـد بەرەولای بەرباسە سیاسییەکان پەلکێش کرام، بەڵام دەتوانم بڵێم رووداوی شۆرشـی ئێـران مـەیلی

منی بۆ لای فەلسەفەی سیاسی بە توندی زۆرتر کرد. بە تایبەتی مەسەلەی گرنگ بۆ من ئەوە بوو کە من هیچ کاتێك چەپ نەبوومە. داگەڕانگەلی چەپیم نەبووە و بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەندێشە مارکسیستییەکان و تێڕوانینی لێنینیستی بۆ مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان لە ئێراندا ناتەبا بووم. لەبەر ئەوەی کە دەمدیت کە تێروانینێکی دابڕاو و وەرچەپیوە و پێوەندییەکی بە نووسینە سەرکیەکانی مارکسەوە نییە. بەم پێیە بەرەو ئەوە چووم کە لەبەستێنی فەلسەفەی سیاسیدا خوێندنەوەم  هەبێت و ئەنجامەکەشی بەرهەمگەلێك بوون کە بۆ نموونە سەبارەت بە مەکیاڤ-یللی نووسیمن یان ئەو حەزەی کە سەبارەت بە ئایزایا بێرلین و پلۆرالیزم و لیبرالێزم و کومەڵگەی شارستانی و بەرباسەکانی‌تر کە لە مندا دروست بوو. ئەو فەیلەسووفانەی کە من سەرەتا لە بەستێنی فەلسەفەی سیاسیدا لە سەریان خوێندنەوە و تۆژینەوەم هەبوو، فەیلەسووف گەلێك بوون کە مەسەلەی توندوتیژی بە چەشنێك بۆ هەموویان گرنگ بووە، وەك مەکیاڤ-یللی، «هابز» و کەسانیتر. بۆ سەرجەم ئەوانە لە کاکەشانی هزریی مۆدێڕندا وتەزای توندوتیژی لە گۆڕێدا بووە. لەوێوە من بەرەو وتەزای ناتوندوتیژی یان دوورەپەرێزی لە توندوتیژی مەیلم پەیدا کرد و هەروەها بە سەرجەم ئەو باسانەی لە دونیای مۆدێڕن سەبارەت بە رەتکردنەوەی توندوتیژی نووسرابوون. بەم چەشنە بەرەو لای بیرمەندانی وەك «تولستۆی»، گاندی، «مارتین لۆتەرکینگ» و کەسانیتر چەمامەوە کە بیرمەندە سەرەکیەکانی ناتوندوتیژین. ئەنجامی ئەم دۆزەش ئەوە بوو کە من تێزی دوکتۆراکەم لەم بەستێنەدا نووسی و پاشان یونسکۆ پێشنیاری پێکردم لەم بەستێنەدا کتێبێك بنووسم کە پێشەکییەك بێت بۆ ئەم بەرباسە و هەروەها نووسینەکانی‌تریشم کە لە کتێبی جیاوازی و ساناگیریدا بەشێکی هاتووە.

مەسەلەی من ئەوە بوو کە مۆدێڕنێتە خۆی بۆ رەواندنەوەی جۆرێك لە توندوتیژیی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات. چەشنێکی‌تر لە توندوتیژیی دروست کردووە و ئەوەی کە ئایا ئێمە دەتوانین سەبارەت بە جیهانی مۆدێڕن و لە بەستێنی ئەقڵی ئامێری و ئەقڵی رەخنە گرانەدا بە بێ قەبووڵکردنی توندوتیژی و بە دانران لە چوارچێوەی فەلسەفەی ناتوندوتیژی دا بیر بکەینەوە؟ چۆن دەتوانین مۆدێڕن بین بە بێ توهۆشیار بوون بە توندوتیژی چ لە چەشنی تەکنۆلۆژیك و چ لە چەشنە فەلسەفییەکەی.

*** جەنابتان لەسەر پێشنیاری یۆنسکۆ کتێبێکتان سەبارەت بە دوورەپەرێزی لە توندوتیژی نووسیوە. بە رەچاوکردنی ئەوەی کە بەستێنی سەرهەڵدان و گەورەبوونی هزریتان کولتوری ئێرانی ئیسلامی بووە و هەرواکە ئاماژەتان پێکرد لە کاتی مێرمنداڵیدا کوڕێکی زانایانی**



**کولتوریتان کە لەگەڵ نەریتە هزری و فەلسەفییەکانی ئێراندا ئاشنا بوونە، ناسیوە، بۆچی لەو کتێبەدا کە گرنگیتان بە گاندی و «دالایی لاما» داوە، گرنگییەکی ئەوتۆتان بە ریشەکانی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی لە کولتوری ئیسلامی بە تایبەتی عیرفانی ئیسلامی و ئێرانیدا بە شێوەیەکی جیددی نەداوە. بە هەر شێوە هەروەك کە دەزانن پێکەوە هەڵکردن و هەڵکردن لەگەڵ ئایدیای کەسانی دیکە، لە ئیسلامدا جەختی لەسەر دەکرێت، ئایا ئەمە نەیدەتوانی ئەوەندەی «دالایی لاما» بۆ بیسەرە جیهانییەکان جێگای سەرنج بێت؟**

- بە داخەوە وا هەستدەکەم کتێبەکەی منتان باش نەخوێندۆتەوە. لە کتێبی هزری ناتوندوتیژیی مندا دوو نموونە لە ئێران هەیە، یەکیان زەردەشتە ئەوی‌تریش «سەعدیی شیرازی»، لەو کتێبەدا ئێران تاقە کولتورێکە کە دوو نوێنەری ناسێندراون. تۆ دەزانی کە لە یونسکۆدا هەمیشە یەکسانی و بێ لایەنی لە نێو کولتورەکان و کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکاندا لەبەرچاو دەگیردرێت. بەڵام من لە کاتێکدا لە کولتورێك نموونەیەکم هێناوەتەوە، لە کولتوری ئێران دوو نموونەم هێناوەتەوە. سەعدیم وەك نوێنەری هزری ئیسلامی ناساندووە و زەردەشتیش وەك پەیامبەمبەرێك کە لە بەرهەمەکانیدا پێکەوە هەڵکردن و ناتوندوتیژی جەختی لەسەر کراوە. بەم پێیە کولتوری ئێرانی زیاتر لە کولتورەکانیتر لە لام گرنگ بووە. بەم زوانەش بڕیارە کتێبێك سەبارەت بە ساناگیری و ناتوندوتیژی لە ئێراندا بنووسم. ئەڵبەت کارێکی دژوارە و بۆ وەدەسهێنانی زانیاری، پێویستی بە تۆژینەوە و خوێندنەوەیەکی قووڵ هەیە. بەڵام من پێموایە کە نموونەگەلی زۆر لە دەقەکان و بەرهەمەکانی کولتوری ئێرانی ئیسلامدا دەتوانین پەیدا بکەین. ئێمە شارستانییەتێکمان هەیە کە توندوتیژی لە گەڵماندا بووە لە ئێرانی کۆنەوە تا ئێستا گەلی ئێران لە توندوتیژییە چەند هەزارساڵەکان برینداارن، بەڵام لە پاڵ ئەم راستییە پان و بەرینەدا بۆ ئەوەی کە دەرمانێکیان بۆ ئەم برینانە هەبێت، لە کولتور و بەتایبەتی لە عیرفان و شیعر و ئەدەبیاتدا هەمیشە دەرمانی ساناگیری و ناتوندوتیژیان پەیداکردووە. ئەڵبەت لەبەر ئەوەی کە شیعر عامانەتر بووە تا فەلسەفە، ئەم دوورەپەرێزییە لە توندوتیژی لە شیعری ئێرانیدا زیاتر لە بیرکردنەوە فەلسەفییەکەی رەنگی داوەتەوە.

*** ئەگەر بمانەوێت ئێران لەگەڵ وڵاتانی‌تردا بەراورد بکەین دەبینین لە ئێراندا بە بوونی کێشەگەلی ئایینی کە هەندێجار لە نێوان شیعە و سوننە یان شافعی و حەنەفیدا رووی داوە، بەڵام توندوتیژیی ئایینی بەو شێوە کە بۆ نموونە لە ئەورووپای سەدەکانی نێوەڕاست یان تەنانەت لە ئەورووپای سەدەی بیستەمدا رووی داوە، بوونی نەبووە. وەك ئازاردانی جوولەکەکان یان**

**تەفتیشی عەقاید و شەڕە سی ساڵەکان لە ئەوروپا و لە نێو کاسۆلیك و پرۆتستانەکاندا. هیچکات لەگەڵ کەمینە ئایینییەکان لە ئێراندا بە جۆرێك کە لە ئەوروپا یان تەنانەت ئەمریکادا هەڵسوکەوت کراوە ، لێرەدا نەکراوە.**

**بەڵام دەورووبەری نیو سەدەیە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێراندا توندوتیژی بە شێوەیەکی هێمن ڕێزی لێدەگیردرێت و شۆڕشگێری بە جۆرێك دەگەڵ توندوتیژی خوازی و تەنانەت تەقدیس کردنی توندوتیژی دەکەوێ و ئەم توندوتیژییە هەم لە پێوەندی لەگەڵ ناوەوەی وڵات و هەم لە پێوەندی لەگەڵ ئاستی نێو نەتەوەییدا بووە. بەبڕوای تۆ ئەوەی کە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێمە لە نیو سەدەی پێشوودا تێکەڵ بە توندوتیژی بووە و تەنانەت شێوەگەلێك لە توندوتیژی لە نێو کۆمەڵگەدا ڕەگیان داکوتاوە، بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە ناتوانێت لە بنەماکانی نەریتی ئێمەوە ئاخێزی کردبێت، دەبێ بەرهەمی چی بێت؟**

– خۆی زۆربەی شۆڕشەکان لەگەڵ توندوتیژیدا بوونە و تەنیا هەندێ شتنی دەگمەنمان لەم بەستێنەدا هەیە کە ئەگەر شۆڕشێك توندوتیژیی لەگەڵدا نەبووبێت، بەشی زۆری بۆ ڕێباز و خەسڵەتەکانی ڕێبەرایەتیی ئەو شۆڕشە دەگەڕێتەوە. وەك شۆڕشی هیندستان بە ڕێبەرایەتیی گاندی یان گۆڕانکارییەکانی چەکۆسلۆڤاکیا بە ڕێبەرایەتی «ڤاتێسلاو هاوێل» کە ئەم دوانە لەو کەسانەن کە دژی هەرچەشنە توندوتیژییەك بوونە و لە سەردەمێکدا لەم بوارەدا رامان و بیرکردنەوەیان هەبووە و شێوازی دوورەپەرێزی لە توندوتیژییان وەك بەرهەمی ئەندێشەی درێژخایەن هەڵبژاردووە. تەنانەت «نێلسون ماندێلا» لە کۆتایی زیندانەکەیدا گەرچی دەسەڵاتێکی زۆریشی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئازادبوونی، دژایەتی هەرچەشنە بەکارهێنانێکی توندوتیژی دەکات. بە بڕوای من توندوتیژییەکانی دەیەکانی رابردوو لە ئێراندا بەرهەمی تێنەگەیشتن و خراپ تێگەیشتن لە ئایدیۆلۆژیا نوێیەکان بوو. چەپ بوون لە بنەڕەتدا هاوواتای توندوتیژی خوازی نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە چەپی ئێران پێی وابوو تاقە ڕێگای شۆڕش ڕێگایەکە کە لە توندوتیژییەوە تێپەر دەبێت، بڕەوی بەمەدەدا و شەرعییەتی پێ دەبەخشی. ئەمانە خۆ لایەنگری گاندی نەبوون، لایەنگری «ستالین بوون»، کەواتە بە بڕوای من خراپ تێگەیشتن لە مارکسیزم بوو بە هۆی بڕەودار بوونی توندوتیژی. من ئەمانەم بیرکردنەوە پرۆکۆرۆستییەکان ناو ناوە. پرۆکۆرۆست لە مێتۆلۆژیا یۆنانیەکاندا جەردەیەکە کە ڕێبوارەکانی بۆ کەوێڵەکەی خۆی بانگهێشت دەکرد و لەسەر تەختێك دەیخەواندن. ئەگەر لە تەختەکە کورتتر بووبان، ئەوەندە دەیکێشان تا دەمردن و ئەگەر درێژتر بووبان سەروپێیانی دەبڕی تا ببنە ڕێکی



تەختەکە. ئەمە هەر ئەو کارەیە کە ئایدیولۆژییاکان لە ئێراندا کردیان. واتە بە سەوەتەیەك لە چەمکەکان وەڕێ کەوتوون و بە کۆمەڵگەی ئێراندا گەڕاون و ئەم چەمکانەیان بە ناو خەڵکدا فڕێداوە، بۆ نموونە، گوتوویانە ئەمە پرۆلیتێرە و ئەوە بورژوایە ئەمە وردە بوورژوا یان لیبراڵە و...

بە بۆچوونی من ئەم چەمکانە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ڕاستییەکانی ئێراندا یەك ناگرنەوە. کاتێك تۆ دەتهەوێ بە زۆر چەمك گەلێك بە سەر کۆمەڵدا بسەپێنێت، تەنیا دەبێ لە ڕێگای توندوتیژییەوە ئەم کارە بکەیت و کاتێك بە توندوتیژی ئەم کارەت کرد، ئەودەم گەرەکتە ئەم توندوتیژییە بە هەر شێوەیەك بووە، بە شێوەی ئەقڵی و تیۆری پاساو بدەیت. بەڵام بە بۆچوونی من توندوتیژی بە هیچ شێوەیەك شیاوی پاساودان نییە و شەرعیەتی نییە، ئەنجامەکەی هەمیشە لە درێژخایەندا نیگەتیڤ ونەهامەتبارە. واتە جۆگەی خوێن هەڵکردن ڕێچارەی هیچ گرفتێك نییە، تەنیا دەرمانێکی کورت خایەنە بۆ خەمەکان.

پاش شۆڕش من پێموایە نەبوونی توندوتیژی بۆ ئێران لە هەموو شتێك پێویستترە. لە بەر ئەوەی یەکێك لەو باسانەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە ئارادایە، کۆمەڵگەی شارستانییە و ئێمە کۆمەڵگەیەکی شارستانیی گەشەنەسەندوومان هەیە کە لەسەر بنەمای وتووێژی ساناگیرانە پێك نەهاتووە. هەر بۆیە گەشەی نەکردووە. ئەگەر تۆ دەتهەوێ سەبارەت بە کۆمەڵگەی شارستانی قسە بکەیت، ناچاری سەبارەت بە جیاوازی و ساناگیری قسە بکەیت. شارستانییەت بەرابەری ئەدەب نییە، بەڵکو شارستانییەت بریتییە لە پێوەندییەك کە تۆ وەك پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی تردا هەتە و بۆ ئەوەی کە ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتییە ساز بێت و کۆمەڵگەی شارستانی گەشە بکات، دەبێ کەسیتر وەك هاووڵاتییەکی شەشدانگ و خاوەن ماف و ڕێز هەروەك خۆمان بە فەرمی بناسین و ئەمەش لەگەڵ توندوتیژیدا دژایەتیی هەیە. قەبووڵکردنی ئاکارێکی دوولایەنە پێویستیی بە پێوەندییەکە بە دوور لە توندوتیژی.

پێداگریم لەسەر ئەوەیە کە ئەم شارستانییەتە کە ئێمە جەختی لەسەر دەکەین، بۆ ژیاندنەوەی چەمکی هاووڵاتی دەقاودەق وەك قەبووڵکردنی تاکێتیی «کەسیتر» و کەسانیتر. ئەم قەبووڵکردنە ئێمە بەم خاڵە دەگەیێنێت کە شارستانییەت لە سەر بنەمای وتووێژی هاووڵاتیان لەگەڵ یەکدایە.

ئەڵبەت لە ڕۆژئاواشدا توندوتیژی هەبووە و هەیە کە بەرهەمی ئەقڵ خوازیشە. تۆ دەتوانی دوو نموونەی بەربینی ئەم توندوتیژییە پێشکەش بکەیت، یەکیان ئاشویتس لە ئەڵمانیای نازییەکاندا و ئەویتریان گرتووخانەی گولاگ لە یەکیەتی سۆڤ-یەتی سەردەمی ستالین. وەك پۆل

ریكۆر دەڵێت: گەورەترین ئەقڵانییەتە سیاسیەكان گەورەترین شەڕ (خراپە)گەلی سیاسییان دروست كردووە. ئێمە لە وڵاتی خۆماندا ئەقڵخوازیی لەم چەشنەمان نەبووە، بەڵام ئەوەی كە رووی داوە ئەوەیە كە بە بڕوای من بابەتی توندوتیژی لە ئێراندا بە شێوەگەلی جۆربەجۆر هاتۆتە گۆڕێ كە یەك لە هۆكارەكانی نەبوونی كەشوهەوای وتووێژە. دووهەم ئەوەی كە بە بڕوای من ئێمە هەركات بەرەو رۆژئاوا رۆیشتین و ویستمان شتێك وەك مۆدەی لێوەربگرین، تەنیا لایەنە نایاوەكەیمان لەبەر چاو گرت. هەربۆیە من دژی مۆدەم. كاتێك ئێمە دادەنیشین تەماشای سەتەلایت دەكەین لە لایەنە راگەیێنەرانە و ئایاوەكەی كەڵك وەر ناگرین، بەڵكو زیاتر وەك كەرەستەیەك بۆ پشوودان و سەرگەرمی كەڵكی لێوەردەگرین كە ئەمەش لە خۆیدا خراپ نییە، بەڵام نابێ چاوەڕوانی ئەوەبین كە لە رێگای كاناڵە «لۆسانجلێس»یەكانەوە تێگەیشتنی قووڵمان لە روژئاوا هەبێت. «مادۆنا» و «مایكل جۆردەن» تەنیا بەشێك لە نوێنەرانی رۆژئاوان. رۆژئاوای راستەقینە كەسانی وەك «گۆتە»، «هیگڵ»، «میخایل ئەنجێلۆ» و«مۆتزارت» دروستیان كردووە. هەر ئەم كولتوری ئەمریكا لەسەرشانی كەسانی وەك «جێفرسۆن»، «هامێلتۆن»، «لێنكۆلن» و «لۆتەركینگ» راوەستاوە. ئەگەر بڵێین ئەمریكا بەرابەرە لەگەڵ مایكل جەكسۆن و «وال ستریت» بە بڕوای من كولتوری ئامریكامان نەناسیوە.

بەوتەیەكیتر زۆرینەی خەڵكی ئێمە وابیر دەكەنەوە رۆژئاوا واتە ئەوە. بە رۆژئاواییبوون و ئەمرویی بوون لەوەدا دەبینن مرۆڤ وەك ئەو سەرچەشنانەی لێ بێت. لە كاتێكدا رۆژئاوا كاكەشانێكی یەكگرتووی زەینی، هزری، كۆمەڵایەتی و سیاسییە كە لە زۆر شت پێك هاتووە و بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەم توندوتیژی و بابەتە نامرۆڤانەیەدا، دەرمانی تایبەتی خۆی دروست كردووە. ئەگەر ئەم دەرمانەی دروست نەكردبا ئەم شارستانییەتە تێدا دەچوو. بە بڕوای من بۆ چارەسەركردنی بابەتی توندوتیژی ئەندێشەی رەخنەگرانە و ئەقڵی رەخنەگرانە یارمەتیی زۆرمان دەدات، چ لە پێوەندی لەگەڵ دووركردنەوەی توندوتیژی لە خۆمان و چ لە پێوەندی لەگەڵ دوورەپەرێزی لە توندوتیژی بەرامبەر كەسانیتر.

*** كاتێك باسی ساناگیری و پێكەوە هەڵكردن دێتە گۆڕێ، ژمارەیەك دەڵێن ئەوە بە واتای ئەوەیە كە هیچ حەقیقەتێك بوونی نییە، لەكاتێكدا پێموایە بە بێ ئەوەی بڕوامان بە رێژەیی بوونیش هەبێت، دەتوانین لایەنگری ساناگیری بین. واتە لەوانەیە من پابەندی حەقیقەتێك بم، بەڵام بڕواكانی كەسانی تریش بە فەرمی بناسم و رێزیان لێبگرم، بیروڕاتان سەبارەت بەمە چییە؟**



- لە راستیدا ساناگیری لەسەر بنەمای ئەوەیە كە هیچ حەقیقەتی رەها بوونی نییە، بەڵام ئەم رێژەییخوازییە هۆكاری ئەوە نییە كە ئێمە بەهاگەلی یەكگرتوو و جیهانیمان نەبێت. وەك ئەو بەهاگەلەی كە كانت و كەسانی وەك ئەو باسیان دەكەن. چ لە مەڵبەندی مافەكاندا وەك مافی مرۆڤ و چ لە مەڵبەندی ئاكاردا وەك رەتكردنەوەی توندوتیژی و كوشتن و شتی لەوبابەتە. بابەتەكە لێرەدایە كە من لە روانگەی كەسێكی وەك گاندییەوە دەڵێم كە ئەگەر بڕوات بە پلۆرالیزم و فرییخوازیی ئایینی یان ساناگیری هەیە، لەبەر ئەوەیە كە دەڵێت هەر كەسێك حەقیقەتی خۆی دەردەبڕێت و ئەگەر شتێك بەناوی حەقیقەت بوونی هەبێت كە گاندی دەڵێت خودایە، سەرجەم ئێمە لەو حەقیقەتەدا بەشدارین. بەم پێیە لە بەستێنی وەدەستهێنانی ئەم حەقیقەتەدا كەسێك بە سەر كەسێكیتردا مەزنایەتیی نییە. كەواتە ساناگیری و وتووێژ كاتێك دەتوانێت جێبەجێ بكرێت، كە تۆ لە لۆگۆس واتە ئەقڵ و گوتاری كەسیتر رێز بگریت ئەگینا دیالۆگ جێبەجێ ناكرێت. كاتێك كە تۆ بڵێی تەنیا لوگوسێك (ئەقڵ، هزرین یان گوتارێك) هەیە، ئیدی «دیالۆگ» كە دەلالەت لەسەر فرەیی دەكات واتایەكی نییە. لەو دۆخەدا ئێمە «مۆنۆلۆگ»مان هەیە كە لەسەر بنەمای مۆنیسم یان تاكوێژییە. بەڵام دیالۆگ یان وتووێژ لە سەر بنەمای پلۆرالیزمە.

من دەتوانم لۆگۆس یان گوتارێكیتر قەبوول نەكەم، بەڵام دەبێ ئیزن بدەم كە ئەو لۆگۆسەكەی یان وتارەكەی دەربڕێت. بۆ ئەوەی وتووێژەكە بكرێت. مەسەلەیەكی گرنگ كە بە بڕوای من دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ساناگیری و وتووێژ قسەی لەسەر بكرێت، مەسەلەی هەستی بەرپرسیارییەتییە. بە بێ بەرپرسیارییەتی و بە بێ هەستی بەرپرسیاریەتی بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بە جیاوازی و ساناگیری بگەین.

بەرپرسیارییەتیی ئەوەی كەمن ئیزنم بدرێتێ لە كەسیتر پرسیار بكەم ئەویش لە من پرسیار بكات. لە زمانی ئینگلیزیدا دوو وشەی لێك نزیك هەن، یەكیان RESPONSE بەواتای بەرسڤ و ئەویتریش RESPONSILITY بە واتای بەرپرسیاریەتی كە ئەمانە لە یەك چاوگن. هەر دۆخێك بۆ وڵامدانەوە بە كەسیتر هاورێیە لەگەڵ بەرپرسیارییەتییەكدا، چونكە كاتێك بە دوای وەڵامی پرسیارێكیترەوەین، دەبێ تاكێتی «كەسیتر» قەبووڵ بكەین و هەروەها خۆشمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی ئامادەبكەین. كەواتە وتووێژ پێویستی بە دوورەپەرێزی لە توندوتیژییە، چونكە لە توندوتیژیدا تاكێتیی كەسی بەرامبەر بە فەرمی ناناسین. یان لە مافە سروشتییەكانی خۆی بێبەشی دەكەین. توندوتیژی كردن لە بەرانبەر كەسیتردا، واتە بردنە ژێر

پرسیاری شەرعییەتی مرۆڤانەی تاکێك. لەو جێگایەدا کە ئەم شەرعییەتە بچێتە ژێر پرسیارەوە، وەحشیگەری لەسەر جێگای شارستانیەت دادەنیشێت و تاکوێژی جێگای وتووێژ دەگرێتەوە.

*** رای جەنابتان سەبارەت بە داهاتووی وتووێژی نێوان کۆمەڵگەی ئیسلامی لەگەڵ جیهانی رۆژئاوادا، یان وتووێژ نێوان (ئیسلام و مەسیحییەت) چییە و ئەم وتووێژە چ پێویستیگەلێکی هەیە و چ دیمەنێکی هەیە؟**

– بە بڕوای من ئەگەر وتووێژ لە نێوان شارستانییەتی ئێران و رۆژئاوادا بێت، بەشی ئیسلامی تەنیا توێژێکی پێك دەهێنێت. لە شارستانییەتی ئێراندا تەنیا سێ توێژ هەیە، یەکیان ئێرانی کەونارا، ئەویتریان ئیسلام و شیعە و وتووێژ سێهەم شارستانیەتی مۆدێرنە. بەم پێیە کاتێك لەگەڵ هەر رۆژهەڵاتی یان رۆژئاواییەك وتووێژ دەکەین، لە گۆشەنیگای یەك یان دوو یان هەرسێ توێژەکەوە دەست بە وتووێژ دەکەین. بۆ نموونە تەنیا لە گۆشەنیگای مۆدێرنێتە یان ئەو مۆدێرنێتەیە کە خراپ لێی تێگەیشتوون، لەگەڵ رۆژئاوادا دەست بە وتووێژ دەکەن و ژمارەیەکیش لە گۆشەنیگای کولتور و شارستانییەتی ئیسلامی و شیعییەوە. ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین لە روانگەی کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە هەم لەگەڵ مەسیحییەت و هەم لەگەڵ کولتوری بودیسمدا وتووێژ بکەین.

یەکێك لەو کەسانەی کە ئەمڕۆ بە باشترین شێوە نوێنەرایەتیی کولتوری ئیسلامی و ئێرانی دەکات و لەگەڵ دونیای رۆژئاوادا وتووێژی کردووە، دکتۆر سەیید حسێنی نەسرە کە لە روانگەی بەرگریکردن لە نەریتەوە ئەم وتووێژە بەڕێوە دەبات، لەبەر ئەوەی پێی وایە کە ئیسلام دەتوانێت لە وتووێژی نێوان ئایینەکاندا رۆڵێکی گرنگی هەبێت. ئەگەر ئێمە بمانەوێت وتووێژی نێوان ئایینەکانمان هەبێت، دەبێ لە وتووێژی فەلسەفی کەڵك وەربگرین، لەبەر ئەوەی ئایین و لانیکەم سیستەمە کەلامییەکانی ئایینە گەورەکان لە فەلسەفە دوور و جودا نین.

ئێمە دەتوانین بڵێین فەلسەفەی بێ ئایین کوێرە و ئایینیش بە بێ فەلسەفە نەخۆشە و ئەم دوانە ناتوانن لە یەکدی بێ نیاز بن. سەرجەم فەیلەسووفە گەورەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بە جۆرێك گرنگییان بە ئایین داوە. وتووێژی شارستانییەتەکان بە شێوەیەکی پێویست دەبێ ئەم دوو لایەنەی وتووێژی فەلسەفی و وتووێژی نێوان ئایینەکانی تێدا بێت، تەنانەت کەسێکی وەك دالایی لاما کە نوێنەری وڵاتێکە و لە هەمان کاتیشدا نوێنەری بودیسمی تەبەتییە، کاتێك دەیهەوێت لەگەڵ مەسیحییەك وتووێژ بکات، پێویستی بە ناسینی بنەما فەلسەفییەکانی ئەمڕۆی جیهان هەیە.



ئێمە دەتوانین وەك ئێرانی بە باشترین شێوە لەگەڵ سەرجەم ئایینەکاندا وتووێژ بکەین، بە مەرجێك کە بتوانین فەلسەفە و وانەکانی دونیای ئەمڕۆ بە باشی بناسین هەروا کە تۆ گوتت تەنانەت فەقێکانی زانستە ئایینییەکانیش گرنگییەکی جیددی بە فەلسەفەی مۆدێرن دەدەن. لەبەر ئەوەی کە بۆ وتووێژی ئایینی پێویستیان بە وتووێژی فەلسەفی هەیە، چونکە فەلسەفەی ئەمڕۆ کەشوهەوای باس و وتووێژە و دەتوانین بڵێین زمانێکی جیهانییە.

*** ژمارەیەك پێیان وایە کە ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ بمانەوێت لەگەڵ دەرەوەی ئێران وتووێژ بکەین و بە لێکگەیشتن بگەین، ناچارین کە لە قاڵبی چەمکگەلێکدا جێبەجێی بکەین کە زاراوەگەلی هاوبەش و چەمکی گشتی و جیهانی لە ئەژمار دەدرێن. وەك مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، کۆمەڵگەی شارستانی، ساناگیری و...مەبەست لە مافەکانی مرۆڤیش راگەیێندراوی مافی مرۆڤی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانە. لە روانگەی ئەمانەوە ئێمە وێڕای پابەند بوون بە ژمارەیەکی زۆر لە بەهاکان و پرەنسیپەکانی خۆمان، بۆ لێکگەیشتن لەگەڵ کەسانی دیکەدا بە واتای چەمکەکان و وتووێژ دەبێ زمانێکی هاوبەشمان هەبێت و ئەو چەمکانەی کە تایبەتمەندیی هاوبەشن لە سەرجەم کولتورەکان و کۆمەڵگە و ئایینەکان دەتوانن لەسەریان رێك بکەون، بە بۆچوونی جەنابتان لەم بەستێنەدا چین؟ ئایا ئەمە بە واتای سەر شۆڕییە یان قەبووڵکردنی رێسای وتووێژ؟**

– من پێموایە ئەمانە بەشێکن لە زمانی رۆژ. هەر وەك زۆر چەمکیتریش کە دەبێ هەوڵبدەین بیانناسین. ئەڵبەت ئێمە هەندێجار دەمانەوێ تەنیا لە رێگای گوتاری سیاسییەوە دەسبەکاربین و جارجاریش بۆ تێگەیشتن لە بنەمای کولتور و شارستانییەت شێوازی ئێمە فەلسەفی‌یە. ئێمە دەبێ شێوازی دووهەم هەڵبژێرین. مافەکانی مرۆڤ یان دیموکراسی بنەماگەلی کولتوری خۆی هەیە کە دەبێ ئێمە بیانناسین باسی مافە سروشتییەکان یان مافی تاك و وەك ئەمانە، بنەماگەلی تیۆریی وتەزا سیاسییەکانی رۆژ وەك مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و کۆمەڵگەی شارستانین. سەبارەت بە ساناگیری و لێبووردنیش ئێمە دەبێ بنەما قووڵە تیۆرییەکانیان بناسین. هەروەك چۆن بۆ قسەکردن دەبێ واتای ورد و شەفافی وشەکان بناسین. هەڵەیەکی گەورە کە هەندێجار لە هەڵسوکەوتەکاندا دروست دەبێت ئەوەیە کە ئێمە گرنگی بە بنەمای وتەزا نوێیەکان نادەین و ئەمەش دەبێتە هۆی فامنەکردنی دروستی ئەم چەمك و باسانە و هەروەها کۆڵەواری لە دیاریکردنی جێگای هەبوونناسانە و فەلسەفیی خۆمان بەرامبەر ئەم چەمك و باسانە.

بەڕاستی ئێمە ئەقڵێکی راساڵمان پێویستە کە نیشاندەری هاوبەشی و تێگەیشتن و تێگەیشتن و گشتیبوون و هەمەگیربوونیەتی. مەبەستی من لێرەدا ئاماژە بە وشەی common(ئەقڵی راساڵ)ە. ئەم هاوبەشییە هەڵگری چەشنێك یەکگرتوویی‌یە و یەکگرتووییش ئەوەی پێویست-ە کە ئێمە لە «دیاپازۆنی» جیهانیدا دابنرێین. نەك بە تەنیا لە سۆنگەی سیاسییەوە، بەڵکو لە سۆنگەی فەلسەفیشەوە. ئێمە بە بێ توانای هزری و فەلسەفی ناتوانین دەست بە وتووێژی شارستانییەکان بکەین. وتووێژی نێوان شارستانییەتەکان تەنیا لە دۆخێکدا ئیمکانی هەیە کە ئاسۆ هزرییەکان بە رووی یەکدا بکرێنەوە. ئێمە دەتوانین لە بەشی گادامریی «تێکەڵاو بوونی ئاسۆکان» لە چوارچێوەی تێڕوانینی ئێرانیی خۆمان بۆ رۆژئاوا کەڵك وەربگرین. تێکەڵاویی ئاسۆ شارستانییەکان تەنیا کاتێك پێك دێت، کە پرسیار و وەڵام لەنێو شارستانییەتەکاندا هەبێت. توندوتیژی بوارێك بۆ پرسیار و وەڵام ناهێڵێتەوە و تەنیا رق وقینی کوێرانە دەکاتە لۆژیك، بەڵام رق و قین ناتوانێت وەڵام و بنەمای دیسپلینیی جیهان و پێوەندییە شارستانییەکانی نێوان مرۆڤەکان بێت. بە وتەیەکی‌تر وتووێژ لە دونیای ئەمڕۆدا ئەرکێکی ئاکاری و فەلسەفی‌یە و نەك تەنیا پێویستییەکی سیاسی و ستراتیژیك. لە راستیدا رۆشنبیریی نەوەی چوارەم رەهەندەکانی ئەم ئەرکەی ناسیوە و هەوڵدەدات تا بە دانانی خۆی لە دۆخێکی سوکراتی و وتووێژی بابەتی شارستانییەتی فەلسەفی لە بەرانبەر توندوتیژیی مۆنیستیدا بهێنێتە ئاراوە. (گۆڤاری «افتاب» ژمارەی ٨ رەزبەری ١٣٨٠)

## گەلاڵەی پرسیاری فەلسەفی و پرۆژەی رۆشنگەری
## لە ئێرانی ئەمڕۆدا

*** موحەممەد رەزا ئیرشاد- تا ئەو جێگایەی من ئاشنایەتیم لەگەڵ بەرهەمەکانی جەنابتانا هەیە، بە تایبەتی لە کتێبی «ڕەخنە لە ئەقڵی مۆدێرن» کە کۆمەڵە وتووێژیکە لەگەڵ بیرمەندە هاوچەرخەکانی رۆژئاوادا یان تەنانەت لە کارەکانی ترتاندا وەك: «مۆدێرنێتە و رۆشنبیران»، «گاندی و ریشەکانی هزری ناتوندوتیژی» و «جیاوازی و ساناگیری» دا، هەوڵتان داوە فەلسەفە و بەشێوەیەکی گشتی چەمکەکانی فەلسەفەی مۆدێرن لە ئاستی دەستە بژێرەکانەوە بۆ ئاستەکانی‌تری کۆمەڵگە بگوێزنەوە و هەربۆیە بەزمانێکی ساکار و سانا ئەم چەمکانەتان هێناوەتە گۆڕێ. چ شتێك بۆتە هۆی ئەم کارە؟**



جیهانبەگلوو- مەسەلەیەکی سەرەکی کە من لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئەو پازدە کتێبەوە کە تا ئێستا بڵاوم کردوونەتەوە، رەچاوم کردووە، لە پلەی یەکەمدا مەسەلەی هەڵسوکەوتی نەریت و مۆدێرنێتە لە ئێراندا بووە و بەم پێیە لەم پرسیارەوە دەستم پێکرد کە بۆچی لە ئێراندا خراپ لە مۆدێرنێتە تێگەیشتوون و بۆچی ئەنجامی رووبەڕووبوونەوەی ئێمە لە ماوەی سەدوپەنجا ساڵی رابردوودا تەنیا کارێکی وەهماوی بووە و ئێمە نەمانتوانیوە ئەو جوێکردنەوە بنەڕەتییەی مۆدێرنێتە کە لە سەر بنەمای جوێکردنەوەی ئاوەزی ئامێری و ئاوەزی رەخنەگرانە بووە، بە باشی لێی تێبگەین و جێبەجێی بکەین. بەم چەشنە تۆ لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی مندا لەم بابەتە دەگەی کە ئێران لە ماوەی ئەم سەدوپەنجا ساڵەدا زیاتر ئاوەزی ئامێریی وەرگرتووە و ئاوەزی رەخنەگرانەی کە پرۆژەیەکی فەلسەفیی لەگەڵدایە، وەلاوەناوە. بابەتی دووهەم کە بۆ من لە ئارادا بووە، ئەمەیە کەسێك کە تۆژینەوەی فەلسەفی دەکات، ئەمڕۆ چۆن دەتوانێت پرسیاری فەلسەفی لە ئێراندا گەلاڵە بکات؟ بە بڕوای من گەلاڵەکردنی پرسیاری فەلسەفی لە سەردەمی سوکراتەوە تا ئێستا وەکیەك بووە. واتە ئێمە هێشتا دەتوانین ئەو شێوازە سوکراتییەی لەدایك بوونی رۆح وەك پرسیارێکی فەلسەفی گەلاڵە بکەین.

بە بڕوای من فەیلەسووف کەسێکە کە دەبێ هەمیشە ویژدانی بێداری کۆمەڵگە بێت و کەسێك بێت کە ئەندێشەکان بگوازێتەوە و دواجار رۆڵی رۆشنگەریی هەبێت. بەم پێیە کاری سەرەکیی فەلسەفە روون بیرکردنەوەیە و ئەوەی کە بتوانێت ڕێگاکە لە ڕێگای شیتەڵکردنی چەمکەکان و جوێکردنەوەیان پیشان بدات. لەسەر وشەی شیتەڵکردن زۆر جەخت دەکەمەوە لەبەر ئەوەی لە وشەی «کریسیس»ی یۆنانی بە واتای قەیرانەوە دێت. مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە کە فەیلەسووف چێکەری قەیرانە.

*** یان ئەوەی کە بڵێین فەیلەسووف دەروونی شڵەژاوی کۆمەڵگەیە و بەم پێیە لە قەیرانەکاندا دەژی.**

– بەڵێ هەم وەدیهێنەری قەیرانە و هەم چارسەرکەری قەیرانەکان. کاتێك بە وەدیهێنەری قەیران ناو دەبرێت واتە فەیلەسووف کەسێکە قەیران دروست دەکات، بەڵام نە ئەو قەیرانە بە شێوەی شیتەڵکاری دروست دەکات، واتە ئەوەی کە هەم دەسەڵاتی شیتەڵکردنی هەیە و هەم دەیهەوێت بۆ کەسانی تر بیگوێزێتەوە.

*** ئەم جوێکردنەوە و شیتەڵکردنە چۆن جێبەجێ دەکرێت، واتە فەیلەسووف چۆن و بە چ شێوازێك بابەتەکان لێك جیادەکاتەوە.**

- فەیلەسووف بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە، پێویستی بە بەبابەت یان ئامێرێك بە ناوی وتووێژ هەیە. وتووێژ لە راستیدا لە پێوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ دوو چەمکدایە: یەکەم چەمکی شارستانییەت و دووهەم چەمکی بەرپرسیارییەتی. دەبێ شارستانییەت لە چەمکی ئەدەب جوێبکەینەوە. کاتێك باسی شارستانییەت دەکەین، تەنیا سەبارەت بەوە نییە کە هاووڵاتیانی کۆمەڵگەیەك بە ئەدەبەوە هەڵسوکەوت دەکەن. هەر بۆیە ئێمە خەریکین سەبارەت بە ئاکارێکی شارستانی قسەدەکەین کە بە سەر پانتایی گشتیدا زاڵە و دەتوانێت دواجار گوتارێکی فەلسەفیی تێدا بێت. بابەتی دووهەم بەرپرسیارییەتییە. بەرپرسیارییەتی لەگەڵ بابەتی پرسیاردا لە پێوەندییەکی چڕوپڕدایە. بەرپرس (یان لە باسەکەی ئێمەدا فەیلەسووف) هاووڵاتییەکە کە لە کەسی دیکە پرسیار دەکات و بە کەسی تریش رێگە دەدات کە بەشبەحاڵی خۆی لەو پرسیار بکات. کەواتە، بەرپرسیاریەتی لە راستیدا هەم لەبەر پرسیار دادەنرێت و هەم پرسیاریش دەکات. لێرەدا پێوەندیی خود و کەسی دیکە لە گۆڕێدایە و فەلسەفەش هەمیشە گرنگی بە ئەم پێوەندییە داوە. وتووێژیش لە پێوەندیی خود و کەسانیتردا دێتە گوڕێ. کەواتە کاتێك کە وتووێژ دێتە گۆڕێ ئەم مەسەلەیە لە زەینـدا گەڵاڵە دەبێت کە تۆ بۆ لایەنی وتووێژەکەت تەنیا بە هۆی مرۆڤ بوونیەوە رێز دادەنیت. بەم پێیە بابەتی وتووێژ ناوەندی سەرەکیی هێنانەگۆڕی پرسیاری فەلسەفی‌یە. بۆ ئەوەی کە ئەم پرسیارە بتوانێت بکرێت، دەبێ چەشنێك لە لێکگەیشتن و رێککەوتن لە نێو هاووڵاتیاندا هەبێت و فەیلەسووف کەسێکە کە دەتوانێت ئەم کولتورە شارستانییە لە رێگای کاری فەلسەفی و رۆشنگەرانەی خۆیەوە، دابەزێنێت.

*** ئەو لێکگەیشتن و رێککەوتنەی کە جەنابتان لە تەرحکردنی پرسیاری فەلسەفیدا هێناتە گۆڕێ، لەسەر چ پرەنسیپگەلێك جێبەجێ دەکرێت؟**

- ئەم لێکگەیشتن و رێککەوتنە نیشاندەری ئەم مەسەلەیەیە کە لە تەرحکردنی پرسیاری فەلسەفیدا، هەر لە سەرەتاوە بابەتی فرەییخوازی لە گۆڕێدایە. فەلسەفە مێتۆدی فرەییخوازیی بیرکردنەوەیە. بۆ فەلسەفە، ئەندێشە لە سەرەتاوە، شتێکە کە پسپۆڕانی رێزمان نازناوی کارێکیان پێدەدا، کە واتای پلۆرالیستی یان فرەییخوازیی هەیە. کاتێك دەچێتە چوارچێوەی پرسیاری



فەلسەفییەوە، واتاگەل و ئایدیاگەلی جۆربەجۆر گەمارۆتان دەدەن. کەواتە فەیلەسووف رێز لە فرەییخوازیی ئەندێشەکان دەگرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە هێنانەگۆڕی پرسیاری فەلسەفی، چەمکی شارستانییەت و بەرپرسیارییەتی رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت. منیش لە کتێبەکانمدا هەوڵمداوە لەسەر بنەمای گەڵاڵەکردنی پرسیاری فەلسەفی بەرەو پێشەوە بڕۆم و بەرفرەوانتری بکەم.

*** جەنابتان لە دوایین کتێب تانا واتە، «جیاوازی و ساناگیری» هەر بەم شێوازە کارتان کردووە. واتە تەرحکردنی پرسیاری فەلسەفی و ئەنجامەکانی واتە وتووێژ، فرەییخوازی، شارستانییەت و...بە بێ ناسین و بڕواکردن بە جیاوازییەکان و جۆراوجۆرییەکان لە کۆمەڵگەیەکدا ئیمکانی نییە...**

- راستە، ساناگیری بە بێ جیاوازی بوونی نییە. ساناگیری دەبێ بۆ دژ (جیاواز) لەبەر چاو بگیردرێت نەك بۆ تەبا. کاتێك باسی ساناگیری لە گۆڕێدایە کە کەسیتری لە بەرانبەردا بۆچوونی پێچەوانەی هەبێت. لێرەدا پرسیاری ساناگیری دێتە گۆڕێ. بابەتی جیاوازی لە راستیدا بنەڕەتیترین بابەتی هێنانەگۆڕی پرسیاری فەلسەفییە. ئەگەر پرسیاری فەلسەفی بیەوێت قەیرانساز بێت و جوێکردنەوە دروست بکات، دەبێ بابەتی جیاوازی هەر لە سەرەتاوە قەبووڵ بکات.

*** بە بڕوای جەنابتان تەرحکردنی پرسیاری فەلسەفی دەبێ بە چ شێوەیەك جێبەجێ بکرێت تا هەم بتوانێت قەیرانساز بێت و هەمیش سەرجەم جیاوازییەکانی تێدا بێت؟**

- مەسەلەی سەرەکیی فەلسەفە، بردنەوە یان دۆڕاندن یان رکەبەرایەتی نییە. جیاوازیی نێوان فەیلەسووفان و بۆ وێنە بانکدارەکان لەوەدایە کە بۆ بانکدارەکان مەسەلەی بردنەوە و دۆڕاندن زۆر دیاریکەرە. بۆ فەیلەسووف شتێکی لەم چەشنە لە گۆڕێدا نییە. فەیلەسووف کەسێکە کە دەیهەوێت وتووێژ وەك هونەری ژیان لە کۆمەڵگەدا دابەزێنێت. ئەم مەسەلەیە بە رەچاوکردنی ئەوەیە کە فەلسەفە چۆن دەتوانێت لەسەر شارستانییەت لە بەرانبەر وەحشیگەریدا داکۆکی بکات؟ فەلسەفە هەمیشە ئەرکێکی شارستانییەتیی هەبووە ئەویش ئەوە بووە کە لە بەرانبەر توندوتیژی و وەحشیگەریدا، بابەتی ئاکاری شارستانی و شارستانییەتی هێناوەتە مەیدانەوە. بێگومان فەلسەفە تەرحکردنی ئەم پرسیارەی لە رێگای وتووێژەوە کردووە. هونەری وتووێژ واتای ئەوەیە کە چۆن جیاوازییەکان بناسیت و رێزیان لێ بگریت. کەواتە فەلسەفە بە هێنانەگۆڕی پرسیاری فەلسەفی بەدوای پێشخستنی پانتایی گشتیی گوتاری ناتوندوتیژی لە کۆمەڵگەدا بووە.

من پێموایە لێرەدایە کە جیاوازی رۆڵێکی گرنگی هەیە و پرسیاری فەلسەفی هەرچەندە قەیرانسازیش بێت، لەبەر ئەوەی کە ئەم قەیرانە هەمیشە بە شێوازی جوێکردنەوە و ئەندێشەگەلی رەخنەگرانەی لەگەڵدابووە، بەرپرسیارییەتیش تێیدا حەشاردراوە.

*** ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم شیکاریی جەنابتان لەم پێوەندییەدا دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەی رۆشنگەری لە سەردەمی مۆدێرندا. هەر بۆیە ئەوەی کە بۆ کۆمەڵگەی ئێران بە قازانجی دەزانن، زیاتر لە هەمووشتێك هێنانە گۆڕی ئەندێشەی رەخنەگرانە و پاش ئەوەش رۆشنگەرییە.**

– راستە. بە بڕوای من ئەوەی کە لە پرۆژەی رۆشنگەریدا تا ئێستاش دەتوانین کەڵکی لێوەربگرین و بۆ ئێمەش پرۆژەیەکی زیندوویە، ئەوەیە کە ئێمە چۆن دەتوانین لە ئەقڵ کەڵکی گشتی بە وتەیەکی‌تر کەڵکی رەخنەگرانە وەربگرین و ئەوەی کە ئەقڵ لە پانتاییی گشتی و دیاریکردنی پرۆژە سیاسی – کۆمەڵایەتیەکانماندا دەتوانێت چ دەورێکی هەبێت؟ ئەو پرۆژەیە کە فەیلەسووفانی وەك هابرماس، جان راوڵز، لۆك فری و...لە بەرانبەر پۆست مۆدێرنەکاندا باسی لێوەدەکەن، بە بڕوای من پرۆژەیەکە کە لە ئێرانیشدا هێشتا گیرۆدەین (گەرچی ئێمە لە مۆدێرنێتە خراپ تێگەیشتووین و یان تەنیا بە ئەقڵە ئامێرییەکەی قنیاتمان کردووە) بە هەرشێوە بەرەو رووبوونەوەی ئێمە لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لەگەڵ دامەزراوە مۆدێرنەکان و ئەو چەمکە سیاسییانەی کە لەم دامەزراوەگەلەوە هەستاون وەك دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و...ئاشنا بووینە و بەدوای دروستکردنیانەوەین. بەم پێیە بۆ ئەم کارە، پێویستە بۆ پرسیاری سەرەکیی رۆشنگەری بگەڕێینەوە. پرسیاری رۆشنگەری ئەوەبووە کە ئێمە چۆن لە دۆخی منداڵیی هزریدا بێینە دەرێ و بگەینە ئاستێك لە ئەندێشە کە تێیدا، پرۆژەگەلی وەك دیموکراسی دێنە گۆڕێ. هێنانەگۆڕی پرسیاری فەلسەفی کە نەوەی ئێستای رۆشنبیریی ئێرانی دەتوانێ بیکات و خەریکە دەیکات، ئەوەیە کە ئێمە لە کوێی جیهان راوەستاوین؟ چ پێوەندییەکمان لەگەڵ کولتوری ئێراندا هەیە؟ چۆن دەتوانین کۆمەڵگەی شارستانیی گەشەنەسەندووی ئێران زیاتر بەرفرەوان بکەین؟

*** شتێك کە لێرەدا لە پێوەندی لەگەڵ ئەقڵی رۆشنگەریدا دێتە ئاراوە ، ئەوەیە کە ئەقڵی مۆدێرن بە دروشمی مرۆڤخوازانە و مافی مرۆڤ هاتە مەیدانەوە، بەڵام بە هەرشێوە ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە لە پاڵ دەسکەوتە باشەکانیدا، خەسارگەلی جیددی لە مرۆڤایەتی دا. وەك نموونەی سیستەمە فاشیستییەکان لە ئەوروپا. هەروەك دەزانن لایەنێك کە پۆست**



**مۆدێرنەکان جەختیان لەسەر کردووە ئەم خاڵەیە کە ئێمە چۆن وێڕای پاراستنی دەسکەوتە پۆزەتیڤ-ەکانی وەك خەڵك سالاری و مافەکانی مرۆڤ، لەو خەسار و زەرەرانە پێشگیری بکەین. لێرەدا بابەتەکە بردنە سەرەوەی چۆنیەتیی دەسکەوتەکانە. لە سەر ئەم بنەمایە پۆست مۆدێرنەکان بە کەڵك وەرگرتن لە گۆڕانکارییە مرۆڤناسانە و زمانناسانەکان، بە جیاوازیی کولتورەکان و ئەو ئەقڵانییەتانەی لەم کولتورانەوە سەریان هەڵداوە، ئاماژەدەکەن و هەر بۆیە کە رەخنەی پۆست مۆدێرنەکان لە مۆدێرنەکانیش لێرەوە ئاخێز دەکات کە ئێمە ئەم جیاوازییانە لە ئاستی کولتورە لۆکاڵەکاندا بە فەرمی بناسین و بەڵام لە هەمان کاتدا هەر بەم ئاستی جیاوازییانەوە، بەرەو لای ئەو دەسکەوتانە بڕۆین و ئەگینا بۆ گەیشتن بەم دەسکەوتانە ناتوانین هێڵێکی دیاریکراو بکێشین. ئێستا پێتان وایە بەو قسانەی کە جەنابتان لەمەڕ پیوەندیی وتووێژ، پرسیاری فەلسەفی و شارستانییەت هێنانتە گۆڕێ و هەروەها ئەو رەخنانەی کە پۆست مۆدێرنەکان لە ئەقڵی مۆدێرنی دەگرن، ئێمە لە ئێران چۆن دەتوانین بە تەرحکردنی پرسیاری فەلسەفی لە نێو توێژە کولتورییە خۆماندا بگەین کە لە پلەی یەکەمدا بە دەسکەوتەکانی رۆشنگەری و ئەقڵی مۆدێرن بگەین و دووهەم لە خەسارەکانیشی بەدوور بین، وەك پۆل ریکۆر دەڵێت وێڕای چێکردنی پرۆژەی کولتوری و سیاسیی شارستانییەت و دیموکراسی ، چۆن کەمترین شەڕ و خراپەمان هەبێت؟**

– ئاماژەت بە خاڵێکی سەرنجڕاکێش کرد. ئەو رەخنەیەی کە پۆست مۆدێرنەکان لە ئەقڵی مۆدێرنی دەگرن ئەقڵانییەتێکە کە هیچکات لە ئێراندا پێك نەهات، چونکە پرۆژەی فەلسەفیی رۆژئاوا لە ئێراندا دەرفەتی خۆدەرخستنی پێنەدرا. لە راستیدا ئێمە ئەنجامگەلی خراپ تێ گەیێندراوی ئەقڵی مۆدێرنمان هەبووە. ئێمە هیچکات لە ئێران تێپەرینمان لە مێتۆلۆژیاوە بۆ لۆگۆس نەبووە. ئێمە لە راستیدا گەلێکی مێتۆلۆژیا سازین و بە جۆرێك مێتۆلۆژیایی بیر دەکەینەوە، بەڵام ئەم مێتۆلۆژیاگەلە میتۆلۆژیای مۆدێرنیش نین. پرۆژەی ئەقڵخوازی بەو چەشنەی کە لە رۆژئاوادا لە سەردەمی دیکارت بەم لاوە، لە گۆڕێدا بووە، لە ئێراندا نەبووە. پێوەندییە کومەڵایەتییەکانمان ئەم بابەتە پیشان دەدەن. بۆ نموونە، ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییانەی کە لە رۆژئاوادا هەن، لە راستیدا خاڵی کۆتاییان لەسەر سەدەکانی نێوەڕاست و سەردەمی پێش مۆدێرن کە تێیدا توندوتیژی و دۆخی سروشتی بڕەوی هەیە، داناوە. من دەتوانم بڵێم کە ئێمە هێشتا لە دۆخێکی سروشتیدا دەژین ، واتە ئەوەی کە هابز، رۆسۆ، لاك و سپینۆزا دۆخی سروشتیی پێدەڵێن، هەر بۆیە ئێمە تا ئێستاش لە ئێراندا بە کۆمەڵگەی

گەشەسەندوو نەگەیشتووین. لەبەر ئەوەی هێشتا پێش گریمانەکانیمان پێك نەهێناون. کەواتە ئەودەمی کە پۆست مۆدێرنەکان بە رەخنەگرتن لە ئەقڵی مۆدێرن باسی جیاوازییە کولتورییەکان و ئەو ئەقڵانییەتانەی کە لەم کولتورانەوە هەستاون، دەکەن، ئەو تێڕوانینە هیچکات لە ئێراندا پێك نەهاتووە. لەم چوار نەوەیەی رۆشنبیرانی ئێراندا بۆ ئەوە هەوڵدراوە کە تەنیا بە جۆرێك ئەقڵی مۆدێرن بۆ وێنە بە وەرگێڕانی بەرهەمگەلی وەك مێتۆدی بەکارهێنانی ئەقڵی «رێنە دیکارت» یان نووسینی رەوتی فەلسەفە لە ئەورووپادا لە موحەممەد عەلی فرووغی و...بناسێنن. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە زیاتر بەم بابەتەوە خەریکین چونکە ئێستاکە بۆ یەکەمجار لە پرۆسەی بە جیهانیبووندا دانراوین و ئەم رەوتە نەبوونی هاوسەنگی و هاوکێشی کە لە نێو ئەقڵی ئامێری و ئەقڵی رەخنەگرانەدا هەبووە، زۆرتر و زۆرتر پیشان دەدات. ئێمە هەمیشە وابیرمان کردۆتەوە کە ئەگەر دامەزراوەگەلی تەکنۆلۆژیك یان سیاسیی مۆدێرن بهێنین گرفتەکەمان چارەسەر کراوە. ئەم کارەکرا بەڵام گرفتەکە لە سەر جێگای خۆی مایەوە.

*** ئایا پێتان وانییە کە پۆست مۆدێرنێتە بەرهەمی بە جیهانیبوونی مۆدێرنێتە بێت. بەم واتایە کە سەرجەم کولتورەکان لە بەرانبەر ئەم شتەدا دادەنێن کە بە رەچاوکردنی بەستێنە کولتورییەکەیان بە پانتاییەك کە هی هەموو مرۆڤ-ەکانە و بە وتەیەکی تر سەرو کولتورییە (مەبەستم دیموکراسی، مافی مرۆڤ و ...) بگەن. کەواتە ناتوانین باس لە رێگایەکی دیاریکراو بکەین بەرەو ئەو دەسکەوتانەی ئاماژەمان پێکردن. بەم پێیە بە جیهانیبوون، ئەم ئەرکەشی خستووەتە سەر شانی ئێمەوە کە لە ناوەوەی نێوەرۆکی کولتوری خۆمانەوە بەم پانتاییە گشتییە بگەین؟**

– قسەی من ئەوەیە کە ئێمە نابێ لاسایی بکەینەوە و هەر بۆیە دژی هەر چەشنە مۆدەیەکم. ئێمە لەم سەدوپەنجا ساڵەی رابردوودا، بە دوای مۆدەوە بووین نەك مۆدێرنێتە. مەسەلەی سەرەکیی ئێمە ئەوە نییە، بەڵکو ئەوەیە کە ناتوانین نێوبڕ لێبدەین. مەسەلەی بە جیهانیبوون و بابەتی نێوبڕلێدان دوو شتی جیاوازن. ئێمە دەمانەوێت لە رەوتی مێژووی جیهاندا دابنرێین یان دانە نرێین. ئەگەر بمانهەوێت جیهانی بیر بکەینەوە، دەبێ سەرجەم هەڵەکان و قەیرانەکانی مۆدێرنێتە کە پۆست مودێرنەکان پەنجەیان لەسەر دادەنێن، رەچاو بکەین. پۆست مۆدێرنێتە ئەنجامی ئەم هەڵانەیە کە لە تەشکی وەحشیگەریگەلی سیاسیی وەك جەنگی جیهانیی یەکەم و دووهەم، ئاشویتس، گولاگەکان و رووداوەکەی ئەم دواییەی ئەمریکا خۆی نواندووە. لە راستیدا پرسیارێك کە لە ئێمە دەکرێت، ئەوەیە کە تۆ دەڵێی دەبێ بەم رەوتە



درێژە بدەین، کەواتە دواهاتەکانیشی ئەمانەن. لەڕاستیدا ئەمە نییە. ئەو لاساییەی کە ئێمە دەمانکردەوە و ئێستاش درێژەی هەیە، ئەوەیە کە ئێمە لاسایی ئەقڵی ئامێریی مۆدێرن دەکەینەوە. بە هێنانەگۆڕی پرسیاری فەلسەفیی مۆدێرن لە کۆمەڵگەی ئێراندا دەتوانین شێوازی ئەندێشەی رەخنەگرانە باو بکەین. ئەنجامی باوکردنی ئەم شێوازە دەتوانێ ئەوە بێت کە یەکەم لە لاسایی کردنەوەی ئەقڵی ئامێری ببینەوە و هاوسەنگییەك لە نێو ئەقڵی ئامێری و ئەقڵی رەخنەگرانەدا دروست بکەین و دووهەم ئەوەی کە سێ توێژەکەی شارستانییەتی خۆمان کە بابەتی ئێرانیبوون بۆ ئێمە دێننە گۆڕێ، زیاتر لەبەرچاو بگرین. واتە شوناسی خۆمان لە مەیدانی بە جیهانیبووندا، باشتر و زۆرتر بە دەست بهێنین.

*** بە بڕوای ئێوە پرسیاری فەلسەفی لە ئێراندا ئەڵبەت بەڕەچاوکردنی جیهانیبوون و سێ توێژی شارستانی بە چ شێوەیەك شیاوی هێنانەگۆڕە؟**

– هێنانە گۆڕی پرسیاری فەلسەفی لەم پێوەندییەدا، لەپلەی یەکەمدا ئەوەیە کە ئێمە کێین؟ و رۆڵی ئێمە لە دونیای ئەمڕۆدا چییە؟ وەڵامی پرسیاری یەکەم دەتوانێت ئەوە بێت کە ئێرانیبوونی ئێمە بەو سێ توێژە شارستانییەوە بەستراوە، کاتێك تۆ ئەو سێ توێژە لەبەرچاو دەگریت، تێدەگەی کە مۆدێرنێتە خراپ تێگەیێندراوە و مەسەلەی شوناسیی ئێمەی لە بەردەم قەیراندا داناوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێرانییەکان وەك ئۆسکار وایلد دەڵێت یان وابیر بکەنەوە کە زۆر مۆدێرنن یان ئەوەی کە وا بیربکەنەوە کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانن بە پێشکەوتنە مۆدێرنەکان بگەن. بەهەرحاڵ ئەوەی کە بۆتە هۆی ئەوە، توێژی ئێرانی کەونارا، کولتوری ئیسلامی و شیعیی ئێمە بچێتە ژێر پرسیارەوە، پێوەندیی بە بەشی مۆدێرنەوە هەیە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە وەك هەموو گەلێکیتر لەگەڵ پرۆسەی بە جیهانیبووندا دەستەو یەخەین. ئەرکێك کە روشنگەرانی ئێمە دەتوانن هەیانبێت، ئەوەیە کە سەرجەم ئەو چەمکانەی کە خراپ تێ گەیێندراون و خراپ تەرح کراون، روون بکەنەوە و لەنێو ئەقڵی ئامێری و ئەقڵی رەخنەگرانەدا هاوکێشی و هاوسەنگی دروست بکەن. چۆن دەتوانین مۆدێرن بین و هاوسەنگیش بین؟ ئەم هاوسەنگییە فەلسەفییە بە بێ پرۆژەیەکی رۆشنگەری و گەڵاڵەیەکی پرسیاری فەلسەفی وەدینایە.

*** ئێستا بە بڕوای جەنابتان ئەم سێ توێژەی شارستانییەی ئێران چۆن دەتوانن بەبێ توندوتیژی لەسەر مێزی وتوویژ دابنیشن، چونکە دەزانن کە ئەم سێ توێژە جگە لەوەی شوناسی ئێستای ئێمە پێك دەهێنن، هەرکامەو بەتەنێ نوێنەرگەلێك یان دامەزراوە گەلێکیان بۆ لاگیریکردن لە خۆیان پەروەردە کردووە؟**

– وتوویژ له بنەڕەتدا بابەتێکی فرەییخوازە. بەم پێیە ئەگەر لە روانگەی ئایدۆلۆژییەوە سەیری ئەم سێ توێژە بکەین و لە روانگەی رۆشنگەرانە و کولتورییەوە سەیریان بکەین، دەبێتە هۆی دروستبوونی وتوویژی نێوانیان. چونکە مەسەلەی شارستانییەت تێکەڵ بەشارستانی بوونە. ئایا شارستانیەت بە بێ شارستانی بوون هەیە؟ نا! ئایا شارستانیبوون دەتوانێت دوور لە بابەتی وتوویژ بێت؟ نا! چونکە شارستانیبوون هاندەر و بزوێنەری سەرەکیی وتوویژ لە نێو هاوولاتیانی کۆمەڵگەیەکدایە. کەواتە مەرجی یەکەمی وتوویژ لە نێو توێژەکانی شارستانییەتی ئێراندا، چێکردنی کەشوهەوایەکە بۆ وتوویژ. بێگومان لەم کەشوهەوایەدا کە ئاکاری شارستانی زاڵە، بابەتی تاکێتی و ئەوی دی لە گۆڕێدایە. ئێستاکە ئەم ئەوی دییە دەتوانێت بابەتی ئەتنیسیتە و شوناسی ئەتنیسیتە جۆربەجۆرەکان بێت. هەر بۆیە کاتێك پرسیاری فەلسەفی تەرح دەکەیت، لە راستیدا بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی رەخنەگرانە لە بەرانبەر هەرچەشنە شێوازێکی وەکیەك کردنی ئایدۆلۆژی دا کە دەیهەوێت بۆ وێنە توێژێکی شارستانی لە بەرانبەر توێژەکانی‌تردا پتەوتر بکات و بەدوای ئەوەوەیە بە سەریدا زاڵ بێت رادەوەستێت. بەم پێیە ئەگەر دۆخێکمان هەبێت کە بتوانین پرسیاری فەلسەفیی تێدا باس بکەین، بە مەرجێك بتوانین بە کەڵك وەرگرتن لە دەسکەوتە مۆدێرنەکان واتە کۆمەڵگەی شارستانی ، ئەم پرۆژەیە بەرەو پێشەوە بەرین ، لە نێو ئەم سێ توێژە شارستانیەدا دەگەینە دۆخێکی دوورەپەرێز لە توندوتیژی.

*** جگە لەو مەسەلەیەی کە لە هۆکارەکانی قەیرانی شوناس لەوانە خراپ تێگەیشتن لە مۆدێرنێتە باستان کرد، ئایا پێتان وانییە بەشێکی ئەم مەسەلە بابەتە سیاسییەکان بن. بۆ نموونە، لە سەردەمی پەهلەویی یەکەم و دووهەمدا لەگەڵ ئایدۆلۆژی بوونی کولتور و شارستانییەتدا رووبەڕوو بووین. هەر بۆیە ئەو پێناسەیە کە لە ئێرانی بوون دەکرا، زۆر بەرتەسك بوو و میتۆلۆژی سازیی ئەتنیکیی بەرفرەوان کرد. شێوازێکی لەم چەشنە ناتوانێت داگەڕانێکی قووڵ و سازێنەر بێت؟**

– بەڵێ وایە ، بەڵام قەیرانی سیاسی لە چی دروست دەبێت؟ بەبڕوای من لەم بابەتەوە سەرهەڵدەدات کە نەتەوەیەك توانای پێکەوە ژیان لە دەست دەدات. واتە ئەو لێك گەیشتنەی کە دەتوانن لە سەر هەندێ شت هەیانبێت. لە دۆخێکی لەم چەشنەدا، لەوانەیە هەر کەسێك بڵێت کە کۆمەڵگە لە من یان لە خێڵەکەی من دروست بووە نەك لە ئێمە، ئەوکاتەی کە دەگوترێ کە بنەڕەتی شارستانیبوون لە سەر بنەمای فرەییخوازی دانراوە، بە باسکردنی



مەسەلەی ئێمە لە بەرانبەر مندا ئاماژە دەکات. لێرەدا پارادایمی سەرەکی قەبووڵکردنی دوولایەنەیە. لە راستیدا شارستانیبوونی ئاکاری، بابەتێکە ئاسۆیی نەك ئەستوونی. لە ئێراندا سەرجەم قەیرانەکانیان بە بەرهەمی سیاسەت زانیوە. لە کاتێکدا بەشێك لەم قەیرانانە بە شێوەیی ئاسۆیی لە نێو خەڵکدا دروست بوون. خەڵکێك کە دەیانەوێت خۆخوازانە بۆ بابەتی من بڕوانن. هەر لە شۆفێری لە نێو شاری تاراندا بگرە تا شتەکانیتر ، ئەو بەرپرسیارییەتییە کۆمەڵایەتییە قەبووڵ ناکەن. بەم پێیە چۆن دەلوێ باس لە پێوەندیی نێوان ئەم سێ توێژە شارستانییەتییە بکەن، بە بێ ئەوەی بەرپرسیارییەتیی شارستانی قەبووڵ بکەیت؟

کاتێك ئاکاری شارستانی وەك کولتور دێننە مەیدانی وتوویژەوە، ئەنجامە سەرەکییەکەی قەبووڵکردنی دوولایەنە واتە قەبووڵکردنی سەرجەم مرۆڤایەتیی کەسی بەرامبەر، واتە لێرەدا چەشنە رێزێکی دوولایەنە لە نێو دوو هاوولاتیدا لە گۆڕێدایە. ئەرەستۆ لە سەر دۆستایەتی لە دروستبوونی دەوڵەتشارێکدا داکۆکی دەکات. بەڵام بابەتی ئێمە تەنیا دۆستایەتی نییە ، بەڵکو بابەتی سەرەکی ئاکاری شارستانییە کە دەتوانێت بنەمای کۆمەڵگەی شارستانی بێت. چۆن دەتوانرێ دروشمی کۆمەڵگەی شارستانی بدرێت بە بێ ئەوەی شارستانیبوون لە گۆڕێدا بێت؟ بۆ ئەوەی کە بتوانین ژیانێکی نوێ بە هاوولاتیبوون بدەین، دەبێ ئاکاری شارستانی گەڵاڵە بکەین.

*** کەواتە لە راستیدا هاوولاتیبوون، لە پلەی یەکەمدا مەسەلەیەکی کولتورییە و لە پاڵ ئەوەشدا ئەنجامی سیاسیی خۆی هەیە؟**

– بەڵێ مەسەلەیەکی گرنگتر ئەوەیە کە نەتەوەیەك چۆن دەتوانێت لە ناوەوەی خۆیدا ئایدیاگەلی جیاوازی هەبێت، بەڵام لەسەر دەستەیەك لە پرەنسیپەکان رێککەوتنی هەبێت؟ ئەوەی کە پۆل ریکۆر لێك گەیشتنی کێشەیی ناو ناوە، ئەنجامی ئەم کارە شارستانییە و هاوولاتیبوونەیە. واتە تۆ لە جێگایەکدا لێکگەیشتن گەلێکت هەیە و جیاوازیگەلێکیشت هەیە. ئەم سێ توێژە شارستانییە پێکەوە جیاوازن بەڵام لە سەر هەندێ شت رێك کەوتوون.

*** لە سەر چ شتگەلێك رێککەوتوون؟**

– لە سەر ئێرانیبوون لە دونیای ئەمڕۆدا. ئێرانیبوون کاتێك دێتە گۆڕێ کە بتوانین بەم لێك گەیشتنە بگەین کە بۆ ئێرانیبوون و ئێرانی مانەوە ئەم سێ توێژە، هەر سێکیان پێویستن. هەرواکە هیندستانییەکان توێژە جیاوازە شارستانییەکانی خۆیانیان لەبەرچاو گرتووە و هیچکام لەم سێ توێژەیان لە توێژەکانی‌تر بە مەزنتر نەزانیوە. ئێمە شارستانییەتێکی ئێرانی –

ئیسلامیمان هەیە کە دەخوازێت لە دونیای ئەمڕۆدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت. بەم پێیە ئێمە چۆن دەتوانین توێژی شارستانیی مۆدێڕن لە لایەکەوە و توێژی شارستانیی کەونارا لە لایەکی دیکەوە لەبیر بکەین؟ لە ڕاستیدا ڕۆشنگەرانی ئێمە بە تایبەت فەیلەسووفەکان دەتوانن وتووێژی نێوان ئەم سێ توێژە پێك بهێنن.

*** دەزانین لە ئێراندا هەر لە مێژەوە ئەتنیسیتەی جیاواز کە لە سۆنگەی ئەتنیکییەوە شوناسگەلی جیاوازیان هەبووە، دەژین. مەسەلەی وتووێژ و تەرحی پرسیاری فەلسەفی لە دیمەنی قەبووڵکردن و ڕێزدانان بۆ کەسانی ترەوە دەتوانێت بە ڕەچاو کردنی ئەم جیاوازییە ئەتنیکییانە پێك بێت. پێتان وایە بەم پێکهاتە ئاڵۆز و جیاوازە ئەتنیکیەوە چۆن دەتوانین چەترێکی هەمەلایەنمان هەبێت کە بە ڕەچاو کردنی ئەم جیاوازییانە بە ڕێککەوتنێك بگەین کە وێڕای پاراستن و قەبووڵکردنی ئەم جیاوازییانە، سەرجەم ئەو شوناسە ئەتنیکییانە بگرێتەوە؟**

– ڕێککەوتن هەمیشە لە ئێراندا ویستوویەتی بە زۆر، لە سەرەوە پێك بێت. ڕێککەوتن دەبێ بە شێوەی ئاسۆیی و ئەویش لە ڕێگای وتووێژەوە بکرێت. وتووێژ هیچکات بە زۆر داناسەپێت. وتووێژ ئەنجامی پێویستییەکە کە کۆمەڵگە پێی دەگات ، واتە کۆمەڵگەی ئێران وەك کۆمەڵگەی هێندستان بەم ئەنجامە دەگات کە ڕێچارەی وتووێژ، ڕێگایەکە کە ئێمە لە توندوتیژی دوور دەکاتەوە و بەم پێیە بە دۆخێکی شارستانیتر دەگەین. ئێمە لە وتووێژ دەتوانین بۆ مانەوەی هەرکام لە کولتورەکان و ئەتنیسیتە دانیشتووەکانی ئێران بە ڕێککەوتنێك بگەین. هێنانەگۆڕی پرسیاری فەلسەفیی ئێمە کێین و ئێمە چیین؟ یارمەتیمان دەدات تا لە تێڕوانینە ئایدۆلۆژییەکان دوور بکەوینەوە.

*** کەواتە بە بۆچوونی جەنابتان هێنانەگۆڕی پرسیاری فەلسەفیی «ئێرانی بوون» چییە و چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟**

– بە بڕوای من ئێرانیبوون تا ئەو ڕادەیە دەتوانێت پرسیارێکی فەلسەفی بێت کە بۆ نموونە نەتەوەکانیتر وەك هیندستانییەکان و ژاپۆنییەکان لە خۆیان پرسیوە. ئەم هێنانە گۆڕی پرسیاری ئێرانیبوونە تەنیا بە توێژینەوە و گەڕانی بەردەوام سەبارەت بە ئەم سێ توێژە شارستانییەتە دەتوانرێت بکرێت، واتە نوێنەرانی ئەم سێ توێژە شارستانیە جیاوازە یان ئەتنیسیتە جیاوازەکان بتوانن پێکەوە وتووێژی «دەروون شارستانی»یان هەبێت. ئەمڕۆ ئێمە



زیاتر لەسەر وتووێژگەلی «دەرەوە شارستانی» وەك وتووێژی شارستانیەتی ئێران و شارستانییەتەکانیتر قسەدەکەین، لە کاتێکدا وتووێژی «دەرەوە شارستانی» کاتێك دەتوانێت جێبەجێ بکرێت کە وتووێژی «دەروون شارستانی» شمان هەبێت. دەبێ هەلومەرجی وتووێژیکی لەم چەشنە پێك بهێنین. هەلومەرجی ئەم وتووێژە کاتێك سەر هەڵدەدات کە ئێمە لە پێویست بوونی وتووێژ و پێویست بوونی ئاکاری شارستانی تێبگەین.

*** پێتان وایە ئەنجامی وتووێژی «دەروون شارستانی» لە سۆنگەی چەشنی هۆشیارییەوە چییە؟**

– پێموایە دواهاتی هۆشیاریی ئەم وتووێژە دەروونییە، قەبووڵکردنی چەشنە کولتورێکی شارستانی تاکێتییەکانی تاك و قەبووڵکردنی ئەم مەسەلەیەیە کە شارستانییەت، بزوێنەری سەرەکیی وتووێژی نێوان هاووڵاتیان و هەروەها شارستانییەت مەسەلەیەکی فرەییخوازە و ئەوەی کە ناتوانین وتووێژی دەروون شارستانیمان هەبێت ئەگەر بیر لە فرەییخوازی نەکەینەوە و دواجار قەبووڵکردنی ئەم مەسەلەیەیە کە چەشنە ڕێزێك لە گوتاری کەسانی تر بگرین. وشەی دیالۆگ لە «دیا» بەواتای ڕوونکردنەوە و پەردەلادان و «لۆگۆس» پێك هاتووە، واتە پێك گەیشتنی دوو ئەندێشە یان دوو لۆگۆس واتە گەیشتن بە حەقیقەت لە ڕێگای لۆگۆسەوە. واتە گەڕان بەدوای حەقیقەتدا لە ڕێگای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ لۆگۆسی کەسانیتردا. ئەگەر تۆ ڕێز لە لۆگۆسی ئەندێشە و گوتاری کەسیتر نەگریت، هیچ دیالۆگ و وتووێژیکت نابێت. کەواتە ئەو شتەی کە دەتوانێت ئەم هۆشیارییە دروست بکات، ئەوەیە کە ڕێز لە لۆگۆسی کەسانیتر بگرین، چونکە ئەو دەتوانێت سەرجەم ئەو توێژە شارستانییەتانە پێکەوە گرێ بدات یان تەواویان بکات. بە بێ ڕێزگرتن لە تاکێتیی کەسانیتر، ئەم توێژە شارستانییەتییانە تەواو نابن. ئێرانی ئەمڕۆ تەنیا لە ئێرانی کەونارا پێك نەهاتووە. ئێرانی ئەمڕۆ وڵاتێکە لە نوێنەران و توێژە جیاوازە شارستانییەتییەکان. من پێموایە یەکێك لەو ئەرکانەی کە فەلسەفە و هزری فەلسەفی لە ئێراندا هەیەتی، ئەوەیە کە بتوانێت لەگەڵ نوێنەرە جیاوازە هزری و ئەتنیکی و شارستانییەتییەکاندا وتووێژ بکات و ئەنجامی ئەم وتووێژەیە کە دەتوانێت ئەم سێ توێژە شارستانییەتییانە پێکەوە گرێ بدات و پرسیاری«ئێرانیبوون» لە سەردەمی ئێستادا بهێنێتە سەر خوانی باس و لق و تۆوە. **(ڕۆژنامەی همشهری، ٢و ٣ی ڕەزبەری ١٣٨٠)**

## وتووێژ لەگەڵ خود و کەسانی تردا

**عەلیڕەزا کیان – پێشنیارم ئەوەیە وتووێژەکە بە ناساندنی کتێبە تازەکەتان، «وتووێژ لەگەڵ دکتۆر سەیید حسێنی نەسردا» دەسپێکەین.**

جیهانبەگلوو- من پاش کتێبی وتووێژ لەگەڵ دکتۆر شایگان و هەروەها کتێبی وتووێژ لەگەڵ ئایزایا بەرلیندا، بڕیارمدا کتێبێك لەسەر ئیسلام و مۆدێڕنێتە بە شێوازی وتووێژ پێك بهێنم. ئەمەم بە دکتۆر نەسر پێشنیار کرد و ئەویش قەبوولّی کرد. بڕیارماندا پێکەوە ئەم کارە بکەین. لە راستیدا ئەم کتێبە سەبارەت بەو مەسەلانەیە کە دوکتۆر نەسر لە رێگای ئەو ٥٠ کتێبەوە کە تا ئێستا بڵاوی کردوونەتەوە، هێناویەتە گۆڕێ. بابەتگەلی وەك مەعریفە، تەقدیس، زانستە ئیسلامییەکان، عیرفان، هونەرە ئێرانییەکان و... کە تا ئێستاش باسی لەسەر کردوون و هەروەها بابەتی نەریت و مۆدێڕنێتە، کە بۆ خودی من زۆر جێگای سەرنج بوو. ئەم کتێبەمان دەورووبەری ساڵێکە ئامادە کردووە و هێشتا بە ئینگلیزی چاپ نەکراوە و دەورووبەری ٣٠٠ – ٤٠٠ لاپەرەیە و هیوادارم بە زووترین کات چاپ بکرێت و رۆژی ٢و٣ی مانگی یازدەی ٢٠٠١ لە واشنتوندا سمپۆزیۆمێك سەبارەت بە بەرهەمەکانی دکتۆر نەسر بەرێوە دەچێت. دکتۆر نەسر یەکەم بیرمەندی رۆژهەڵاتییە کە لە کۆمەڵەی living philosophers دا وەك فەیلەسووفێکی رۆژهەڵاتی ناسێندراوە. لەم کتێبەدا دەوورووبەری ٥٠ مامۆستای جیهان سەبارەت بە دکتۆر نەسر شتیان نووسیوە کە کتێبێکی قەبارە گەورەیە. بەڵام سەبارەت بەو کتێبەی کە لەگەڵ دکتۆر نەسردا ئامادە کراوە، دەبێ بڵێم زیاتر سەبارەت بە «جێگای ئیسلام لە دونیای ئەمڕۆ»دایە.

*** وەك کتێبی «لە ژێر ئاسمانەکانی جیهاندا» چەشنێکە لە ژیاننامە نووسی؟**

- بەڵێ هەروەك کتێبی لە ژێر ئاسمانەکانی جیهاندا، لە سەرەوە بۆ خوارەوە قووڵ دەبینەوە و زیاتر هەوڵدەدەین، لە دووتوێی ئەو بابەتانەی کە دکتۆر نەسر لە کتێبەکانیدا باسی کردوون، مەسەلەگەلێك کە ئیسلام لە دونیای ئەمڕۆدا لەگەڵیاندا دەستەویەخەیە و ئەو دەسکەوتانەی کە دەتوانێ بیبێت و هەڵسوکەوتێك کە لەگەڵ جیهانی رۆژئاوا و جیهانی مۆدێڕندا هەیەتی، گەڵاڵە بکەین.



*** دکتۆر نەسر بەرامبەر بزاڤە هزری – ئایینییەکان لە ئێراندا چ هەڵویستێك و چ پێوەندییەکی هەیە؟ ئەو تەقەلاگەلەی کە لەم ساڵانەدا لە لایەن رۆشنبیرانی ئایینییەوە دراوون، چۆن دەنرخێنیت؟ هەندێك پێیان وایە کە دەبێ دکتۆر نەسر لە ریزی بزاڤی نەریتخوازە ئیسلامییەکاندا دابنرێت.**

- من پێموایە ئەگەر بڕیاربێت کە دکتۆر نەسر لەگەڵ بیرمەندێکی وەك عەبدولکەریمی سرووشدا بەراورد بکەین، بێگومان سەر بە نەرییتخوازەکانە. چوونکە دوکتۆر نەسر خۆی بە بەشێك لەو رێبازە دەزانێت کە تێیدا «رێنەگنون»، «کۆمارا سۆئامی» و «شۆئان» بوون و رێبازێکە کە ناوی «فیلوزوفیا پرەنیس»ە و لایەنگری نەریتە و بە توندی رەخنەگری مۆدێڕنێتە و ئەو روانینەیە کە زانیاریی نوێ، تەکنۆلۆژیای نوێ و فەلسەفەی نوێ بۆ جیهان هەیەتی. بەم پێیە من دکتۆر نەسر زیاتر لە ئێراندا لە ریزی ئەندێشەی نەریتی وەك «ئایەتوڵڵا برووجێردی» و «تەباتەبایی»دا دادەنێم. دکتۆر نەسرلە «عەللامە تەباتەبایی»یەوە زۆر نریك بوو. زۆربەی کارەکانیشی لە ئاراستەی نەریتدایە.

*** خۆ شەریعەت لە ئەندێشەیدا هێندەش بەرجەستە نییە؟**

- نا شەریعەت بە هیچ جۆرێك بەرجەستە نییە. لەبەر ئەوەی کە بابەتی ئاکار و بابەتی زانستە ئیسلامییەکان بۆ دوکتۆر نەسر زۆر گرنگە. لە راستیدا رێچارەیەك کە ئیسلام دەتوانێت لە وتووێژە ئایینییەکان و لە پێك گەیشتنی نەریت و مۆدێڕنێتەدا، دەریببڕێت، بابەتی ئەندیشەی ئەوە. نەسر لە کێشەی نێوان نەریت و مۆدێڕنێتەدا سروشتییە لە بەرانبەر دونیای مۆدێڕندا بەرگری لە نەریتی ئیسلام دەکات. ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە لە کۆماری ئیسلامیدا چالاکن لەگەڵ ئەودا نزیکن. کەسانی وەك «دوکتۆر پوور جەوادی»، «دکتۆر حەدادی عادل»، «دکتۆر ئەعوانی» کە هەموویان قوتابی دوکتور نەسر بوون، گەرچی دەورووبەری ٢٣ ساڵە کە لە کومەڵگەی ئێراندا ئامادەبوونێکی چالاك و ئاشکرای نەبووە، بەڵام لە دوورەوە بەدوای هەورازونشێوەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا چووە و سەبارەت بەو یاسایانەی کە لە بواری ئیسلام و عیرفان لە ئێراندا دەکرێن ئاگادارە.

*** تۆ دکتۆر نەسر لە ریزی نەریتخوازەکانا دادەنێن، دکتۆر نەسر چ جیاوازیگەلێکی لەگەڵ نەریتخوازەکانی ناوەوەی ئێراندا هەیە؟ چونکە ئەو دونیایەی کە نەسر تێیدا دەژی، لەگەڵ دونیای نەریتخوازەکانی ئێمەدا زۆر جیاوازە.**

– دکتۆر نەسر نەریتخوازێکی ئیسلامییە کە هزرەکەی جیهانییە و بە شێوەی جیهانیش دەژی. بە بڕوای من خاڵی سەرەکی کە نەریتخوازانی ئێمە لە ناوەوەی وڵاتدا هەیانە(زۆربەیان) بەشداری نەکردن لە باسی نێوان نەریت و مۆدێرنێتەدایە. کەسانی وەك دکتۆر نەسر هەم لە رابردوودا کە لە ئێراندا دەژیان و هەم لەم ٢٠ساڵەدا کە لە ئەمریکادا بوون، بە شێوەیەکی چالاك لەم باسەدا بەشدارییان کردووە. راستە کە بابەتی ئەو بابەتی نەریتە لە بەرانبەر مۆدێرنێتەدا، بەڵام مۆدێرنێتە تا بنج و بنەوانی دەناسێت. بە بڕوای من زۆربەی ئەو نەریتخوازانەی کە لە ئێراندا بوون مۆدێرنێتەیان بە قووڵی نەناسیوە، واتە مۆدێرنیت-ە رەت دەکەنەوە، بە بێ ئەوەی کاکەشانی هزری و زەینیی مۆدێرنێتەیان بە باشی ناسیبێت. دوکتۆر نەسر کەسێکە کە لەگەڵ زانیاریی نوێدا بەتەواوی هەڵسوکەوتی هەبووە. شتێك کە بە بڕوای من زۆرتر بابەتەکە گرنگ دەکات، تامەزرۆیی و بەشداریکردنی لە وتووێژی نێوان ئایینەکاندایە کە ئەمە نەریتخوازەکانی ناوەوە نییانە. ئەوان بانگهێشت ناکرێن کە لەگەڵ دالایی لامادا دابنیشین و ناسێنەری ئیسلام و ئەندێشەی ئیسلامی بن و وتووێژ بکەن، دکتۆر نەسر لە راستیدا یەکێك لە نوێنەرە کولتورییەکانی ئێران و ئیسلام لە دەرەوەی ئێراندایە و بەردەوام لەگەڵ بیرمەندانی مەسیحی و هێندوو و بوودیست و جوولەکە وەك شوێنکەوتووی هزری ئیسلامی (ئەڵبەت نەریتخوازی ئیسلامی) وتووێژ دەکات و ئەنجامەکەشی بە بڕوای من ئەنجامێکە کە بۆ هزری ئیسلامی لە جیهانی ئەمڕۆدا زۆر کاریگەرە.

*** ئەگەر ئێمە ئەم ئایدیایە سەبارەت بە دکتۆر نەسر قەبووڵ بکەین و بڵێین دکتۆر نەسر لە پۆست مۆدێرنەکان دەچێت و بەوانەوە نزیکە، لە هەڵەداین؟**

– بێگومان بە هەڵەدا دەچین. چونکە دکتۆر نەسر بە هیچ شێوەیەك لەو گۆشەنیگایەوە سەیری مۆدێرنێتە و رەخنە لە مۆدێرنێتە ناکات. بیرمەندە پۆست مۆدێرنەکان لە مۆدێرنێتەوە دەستپێدەکەن بۆ رەخنەگرتن لە مودێرنیتە. کەسانی وەك لیۆتار، دریدا، بۆدریار و...دکتۆر نەسر سەرجەم ئەم کاکەشانە مۆدێرنە دەباتە ژێر پرسیارەوە. واتە کاتێك کتێبەکانی دەخوێنی-تەوە، دەبینی کە سەرجەم پرۆژەی دیکارتی یان گالیلۆیی لە جیهان کە مۆدێرنێتە لەوێوە



دەستپێدەکات، هەر لەوێوە دەیباتە ژێر پرسیارەوە. لەکاتێکدا بیرمەندە پۆست مۆدێرنەکان ئەم بابەتە نابەنە ژێر پرسیارەوە ، بەڵکو ئەو دواهاتانەی کە سەردەمی رۆشنگەری پەیدای کردوون، دەبەنە ژێر پرسیارەوە. واتە دەڵێن ئەگەر دواهاتی ئەوە بووە کە بە ئاشویتس یان گولاگ گەیشتووە، کەواتە دەبێ مۆدێرنێتە ببرێتە ژێر نەشتەری رەخنەوە. دکتۆر لە بنەڕەتدا سەرجەم ئەم کاکەشانە مۆدێرنە دەباتە ژێر پرسیارەوە. یەکێك لەو شتانەی کە بە توندی دژایەتیی لەگەڵ دەکات، تەکنۆلۆژیای مۆدێرنە و لە سەرجەم بەرهەمەمەکانیدا لە بەرگریکردن لە پاراستنی ژینگە، رەخنە لە مۆدێرنێتە دەگرێت. بەم واتایە کە پرۆژەی مۆدێرن، پرۆژەی فەلسەفیی مۆدێرن بەو جێگایە گەیشتووە کە ئێمە خەریکە زەوی لەناو دەبەین. بەم پێیە نەسر بە پێچەوانەی پۆست مۆدێرنەکان لە بنەڕەتدا و هەر لە سەرەتاوە دژی مۆدێرنێتەیە.

*** ئایا لە نێوان بیرکردنەوەی نەریتخواز و بیرمەندێکدا کە دەڕواتە رەوتی ئەندێشە جیهانییەکاندا و بەشێك لە بۆچوونەکانیشی جیهانین، دژایەتییەك دروست نابێت؟**

– نا، تۆ دەتوانی بڕۆیتە رەوت یان پرۆسەی بەجیهانیی بوونەوە یان ئەوەی کە گۆتە ئەدەبیاتی جیهانیی ناوناوە، بەڵام لەگەڵ سەرجەم رەوتی مۆدێرنێتەدا دژایەتیت هەبێت. نموونەگەلێك لە بیرمەندانی هیندستانی یان بوودیست هەن کە مرۆڤگەلێکی بە تەواوی نەریتخوازن، بەڵام بیرمەندی جیهانیشن. باشترین نموونەیەك کە ئێستا دێتەوە بیرم کە دەتوانین لە فەلسەفەی سیاسیدا باسی بکەین، «لئۆ ئشتراوس»ە کە بیرمەندێکی نەریتخوازە. واتە بیرمەندێك کە دژی مۆدێرنێتەیە و لەگەڵ ئەو شەپۆلانەی مۆدێرنێتەدا کە بۆ خۆی باسیان دەکات دژایەتیی هەیە. لایەنگری فەلسەفەی سیاسیی ئەرەستۆیی و ئەفلاتوونییە لەبەرانبەر فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرندا. بەڵام مرۆڤێکە هزرەکانی لە ئاستی جیهانیدا دێنە ئاراوە بۆ خۆی لەم پرۆسەیەدا لە زانکۆی شیکاگۆ وانەی گوتۆتەوە و تا کاتی مەرگی لە پرۆسەی بە جیهانی بووندا. هەر بەم جۆرە لە ئایینی مەسیحییەت و جوولەکەکانیشدا بیرمەندی وامان هەن کە نەریتخوازن و بەرگری لە نەریتی مەسیحی یان یەهوودی دەکەن و بەڵام لەم پرۆسەی بە جیهانیبوونەدا دادەنرێن و بیرمەندی جیهانین. بە بڕوای من فەیلەسووفی فەرەنسی «ژان گنۆن» کە فەیلەسووفێکی مەسیحی بوو و لویناس کە فەیلەسووفێکی یەهوودی بوو لەو بیرمەندانە بوون کە لە روانگەی نەریتییەوە سەیری بابەتەکانیان دەکرد و بەتەواوی دژی مۆدێرنێتە بوون. واتە رەخنەی هایدگەرییان بۆ مۆدێرنێتە قەبووڵ دەکرد و من دوکتۆر نەسر لەم ریزەدا دادەنێم.

بۆ خۆشی بەڕاشکاوی دەڵێت کە لەو سەردەمەدا کە لە هارڤارد بووم و نامەی دکتۆراکەمم دەنووسی لەگەڵ هزری «گنون»دا ئاشنا بووم و تا ئێستا بە دوای ئەو هزرەدا چوومە و هەر بۆیە نەسر کەسایەتییەکە نەریتخواز ماوەتەوە، واتە یەکێك لە ناسێنەران و نوێنەرانی ئەو ڕێبازەیە و لە هەمان کاتیشدا جیهانیشە.

*** وتووێژەکانی جەنابتان لەگەڵ بیرمەندانی جیهاندا لە بەستێنی ئەدەبیات و هونەر و فەلسەفەدا زۆرن و هەندێکیان بەڕاستی دەگمەنن و هەندێکیشیان هێشتا وەك کتێب چاپ نەکراون. تا ڕادەیەك ئاماژەتان بەوە کردووە کە بۆچی شێوازی وتووێژتان هەڵبژاردووە، بەڵام هەندێ کەس وای بۆ دەچن ئەم وتووێژانە لە ئاستی بیرکردنەوەی جیددی دوورمان دەخەنەوە و باسەکە رووکەش دەکەن، ڕاتان بەرامبەر ئەم مەسەلەیە چییە؟**

- نا، بە هیچ شێوەیەك. بەر لە هەر شتێك من لە نێو «چاوپێکەوتن» و«وتووێژ»دا جیاوازی دادەنێم. مێتۆدی وتووێژ مێتۆدێکی سوکراتییە کە لە بنەڕەتدا ئەمە مێتۆدی سەرەکیی فەلسەفییە و من لە بەر ئەوە مێتودی وتووێژم هەڵبژاردووە، کارەکەم کارێکی فەلسەفییە و پێم وایە ئەمە باشترین ڕێڕەو و مێتۆدە بۆ ئەوەی کە خوێنەر لە بابەتەکە بگا. تۆ دەتوانی بە دوو جۆر بابەتێك بۆ خوێنەر باس بکەیت. یان بە شێوازێکی زۆر لێڵ و بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی زۆر دژوار کە ناتوانێت لەگەڵیدا هیچ پێوەندییەك ساز بکات و یان ئەوەی کە تۆ خوت بکەیتە پردی پێوەندی، واتە پردی نێوان خوێنەر و ئەوکەسەی کە خەریکە لەگەڵیدا وتووێژ دەکرێت. من پێموایە وتووێژ یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کە باسەکە روونتر بێتەوە. وتووێژ دەبێت-ە هۆی ئەوەی کە باسەکە قووڵتر بێت-ەوە.

من بۆ ئامادەکردنی هەرکام لە کتێبەکانم لانیکەم ساڵێك کار دەکەم و سەرجەم رامان و قووڵاییەکەی ئەو کاتەیە. دەڵێم ئەمە کاری فەلسەفییە کە ئامادەکردنی توێژینەوە و کاری ئەرشیڤیی دەوێ و لەهەمان کاتدا بیرێکی تیژی دەوێ کە تۆ کاتێك لە بەرانبەر ئەو کەسەیدا کە وتووێژی لەگەڵ دەکرێت بتوانی پرسیارگەلێکیش لەو نێوەدا گەڵاڵە بکەیت. بە بڕوای من ئەم کتێبە وتووێژییانە لە ڕاستیدا کاری درێژ خایەنن. هەرکامیان کارێکی درێژ خایەنە کە لە سەرەتاوە تا ئەنجامەکەی لە راستیدا چەند ساڵ کاتی دەوێ و ئەمە بۆخۆی پیشان دەدات کە رامان و قووڵبوونەوەی تێدایە.



*** پێموایە دکتۆر نەسر لەگەڵ نەریتخوازەکانی ناوەوەی ئێراندا زۆر پێوەندیی نییە. بەڵام بۆچی لەلایەن نەریتخوازانی ناوەوە پێشوازی لە دکتۆر نەسر دەکرێت؟**

- بە بڕوای من بەرهەمەکانی بۆ نەریتخوازانی ناوەوەی ئێران سەرنج ڕاکێشن، چونکە ئەو خاڵانەی کە بە دوایدا دەگەڕێن لە بەرهەمەکانی دوکتۆر نەسردا پەیدایان دەکەن و ئەو خاڵانە لە راستیدا گرنگترینیان ڕەخنە لە مۆدێڕنێتەیە کە لە بەرهەمەکانیدا دەیدۆزنەوە. ئێمە دەزانین کە نەریتخوازانی ناوەوە ڕەخنەی زۆر توند لە مۆدێڕنی-تە دەگرن. بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەم ڕەخنەیە بکەنە فەلسەفە و ئەندێشەیەك و تاقەکەسێك کە لە جیهاندا توانیوێتی لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە ئەم کارە بکات، دکتۆر نەسر بووە. لە بەرئەوەی نێوەرۆکێکی ئایدۆلۆژیی نییە ، مشتوومڕ لەگەڵیدا کارێکی زۆر سانا نییە. ئەگەر نێوەرۆکی ئایدیالۆژیکی هەبووبا، مشتوومڕ لەگەڵیدا زۆر ساناتر بوو.

*** بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە پرەنسیپگەلێکی لەپێشدا دیاریکراوی نییە؟**

- پرەنسیپگەلی لە پێشدا دیاریکراوی نییە و ئاکامی سیاسیشی نییە.

*** لە چ بارێکەوە گرنگی زۆرترە؟**

- گرنگییەکەی لەو رووەوەیە کە بەرهەمەکانی بیرمەندێکی وەك «هانری کوربن» بۆ ئێمەی ئێرانی گرنگن. واتە ئێمە کاتێك دەمانەوێت سەیری فەلسەفەی ئێرانی بکەین، ناچارین بەرهەمەکانی هانری کوربن بخوێنینەوە.

*** ئەوە ڕاستە کە دەڵێن تێڕوانینی دکتۆر نەسر بۆ فەلسەفەی ئیسلامی و کولتوری ئێرانی تێڕوانینێکی ڕۆژهەڵاتناسانەیە ، واتە لە دیوی دەرەوە سەیر دەکات؟**

- نا، شتی وا نییە. بە بڕوای من دکتۆر نەسر وەك ئێرانییەك سەیری بابەتی ئێران و ئیسلام دەکات و بەتەواوی دژی ڕۆژهەڵاتناسییە. دوکتۆر نەسر لەو باسانەیدا کە دەیانکات و لەو دیالۆگانەیدا کە لەگەڵ نوێنەران و ناسێنەرانی ئایینەکانیتردا لە ئەمریکادا هەیەتی، هەمیشە ئاماژە بەوە دەکات کە شرۆڤەکارانی ئەوروپی و ئەمریکی لە ئیسلام و ئێران خراپ تێگەیشتوون.

*** جەنابتان دەڵێن دکتۆر نەسر رەخنەگری مۆدێرنێتە و نوێگەرییە. بەم پێیە بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ پرۆژەیەکی وەك رۆشنبیریی ئایینی و نوێ بیرکردنەوەی ئایینی کە بەدوای کۆکردنەوەی نەریت و نوێگەرییەوەیە دژایەتی هەیە.**

- بە توندی ، رەخنەیەك کە نەسر لە کەسێکی وەك «سرووش»ی دەگرێت، زیاتر لە روانگەی فەلسەفەی ئیسلامییەوەیە کە بۆ نەریتخوازانی ناوەوەی وڵات کە رەخنە لە سرووش دەگرن، شیاوی کەڵك وەرگرتنە. ئەڵبەت دوکتۆر نەسر سەبارەت بە سرووش هیچی نەنووسیوە، بەڵام دەزانم کە بڕوای بەوە هەیە دۆخێك کە سرووشی تێیدایە دۆخێکی تێکەڵاوە.

*** ئەمە هەمان ئەو رەخنەیەیە، کە هەندێك لە نەریتخوازەکان لە سرووشی دەگرن.**

- بەڵێ، بەڵام لە جێگایەکیترەوە. جێگاکە ئەوەیە کە تۆ تا چ رادەیەك دەتوانی بەم چەشنە لەگەڵ بابەتی ئیسلامدا هەڵسوکەوت بکەی و تا چ رادەیەك دەتوانی توخمگەلیتر بهێنیتە نێو فەلسەفەی ئیسلامی‌یەوە. بە بێ ئەوەی بیرووشێنی. دکتۆر نەسر بەتەواوی دژی روانگەی سرووشە.

*** سرووش لە بنەڕەتدا شتێك بە ناوی فەلسەفەی ئیسلامی بە رەخنەگەلی جیددییەوە دەباتە ژێر پرسیارەوە.**

- بەڵێ، لە هەمان کاتدا سرووش بیرمەندێکە کە دەیەوێت مۆدێرنیزم بهێنێتە نێو ئیسلامەوە. دوکتۆر نەسر لەگەڵ بنەمای مۆدێرنیزمدا دژایەتیی هەیە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تۆ ناتوانی مۆدێرنیزم بهێنێتە نێو ئیسلامەوە. هەر کاتێك تۆ ئەم کارە بکەیت کاکەشانی هزریی ئیسلام و فەلسەفەی ئیسلامی دەبەیتە ژێر پرسیارەوە.

*** پێشتریش لەگەڵ دکتۆر شەریعەتیدا دژایەتییان هەبوو.**

- لەگەڵ دکتۆر شەریعەتیدا لە بەر رەهەندە ئایدۆلۆژییەکانی هزرەکەی بوو. دکتۆر نەسر زیاتر بە کەسانی وەك «عەللامە تەباتەبایی» یان «سەیید جەلال ئاشتیانی» نزیکە. تەنانەت دەتوانم بڵێم دکتۆر نەسر لە رەهەندگەلی زۆرەوە بە کەسێکی وەك «موحەقیقی داماد»یان «موجتەهیدی شەبستەری»یەوە نزیکە.



*** موجتەهیدی شەبستەری باسەکانی وەك سرووش وان.**

- نا، باسەکانی موجتەهیدی شەبستەری سەبارەت بە کەلام، مێژووی ئایینەکان و هێرمنۆتیکن، دکتۆر سرووش ئەمانەی نییە. هەرواکە لە رابردوودا نەسر بە «تەباتەبایی»یەوە نزیکتر بوو نەك شەریعەتی، ئێستاش زیاتر بە «موجتەهیدی شەبستەری»یەوە نزیکە نەك سرووش. ئەوەش بڵێم کە «موتەهەری»شی لە نزیکەوە دەناسی و دیالۆگیشیان هەبوو و رێزیان لە یەکتری دەگرت.

*** لە باری هزرییەوە چۆن بوون؟**

- پێموایە شتگەلێك لێکیان جیا دەکاتەوە. بەڵام شتگەلێکیش لێکیان نزیك دەکاتەوە. لەوانە باسگەلێك لە شیعەدا ئەم دوانە لێك نزیك دەکاتەوە.

*** لە راستیدا ئیسلامی دکتۆر نەسر«ئیسلامی کولتوری»یە نەك «ئیسلامی ئایدیۆلۆژی» یان «ئیسلامی مۆدێرن».**

- ئیسلامی شارستانیەتییە. واتە کاتێك تۆ سەیری بەرهەمەکانی دەکەیت بە باشی دەبینی کە برەو بە شارستانییەتی ئیسلامی دەدات و سەرجەم رەهەندەکانی شارستانییەتی ئیسلامی چ لە عیرفان چ لە زانستە ئیسلامیەکان و چ لە هونەرە ئیسلامییەکاندا. تۆ ئەگەر سەیری بکەیت سەرجەم بەرهەمەکانی سەبارەت بە بەرباسە شارستانییەتییەکانە و رەنگە نەسر لە دونیای ئەمڕۆدا یەکێك لە ناسێنەرەکانی شارستانییەتی ئیسلامی بێت هەرواکە دالایی لاما یەکێك لە ناسێنەرەکانی شارستانییەتی بودیست لە دونیای ئەمڕۆدایە.

*** بەڵام لە ئیسلامی شارستانییەتیی دکتۆر نەسردا شەریعەت یان هەر ئامادە نییە، یان زۆر ئاشکرا نییە. چەشنە سێکولاریزمێك پێیدا دەکرێت، گەرچی تۆ دەڵێی ئاکامی سیاسیی نییە، بەکردە بە چەشنە تیۆرییەکی سیاسی دەگات.**

- دکتۆر نەسر روانینێك کە بۆ ئیسلام و عیرفان هەیەتی، بە دوور لە هەر چەشنە فەلسەفەیەکی سیاسییە. واتە خەریکی بەرباسەکانی فەلسەفەی ئیسلامی نابێت.

*** مەبەست ئەنجامی ئەندێشەکەیەتی، واتە بەرەو لایەك دەرون و ئایینێك دەناسێنێت کە ئایینێکی تایبەتی و تاکخوازە، ئایا ئەمە بە سێکۆلاریزم کوتایی نایە؟**

- نا، بە سێکولاریزم کۆتایی نایە. بەڵام هیچ چەشنە فەلسەفەیەکی سیاسیشی لێ دەرنایە. هەروا کە لە بەرهەمەکانی «کۆماراسۆئامی» و«گنۆن» و «شۆئان»دا کە دکتۆر نەسر شوێنکەوتووی ئەوانە، ناتوانین بە فەلسەفەی سیاسی بگەین. من پێموایە هیچ نەبێت بێگومان بە سێکولاریزم ناگات، لە بەر ئەوەی دوکتۆر نەسر لەگەڵ هەرچەشنە سێکولاریزمێکدا دژایەتیی هەیە و یەکێك لە گرفتە گەورەکانی جیهانی مۆدێرن بە سێکولاریزم و سێکولاریزاسیون دەزانێت. ئەمە واتە جادووسڕینەوەی جیهان. جیهانێك کە جادوو سڕینەوەکراوە ، سێکۆلارە.

*** دکتۆر نەسر وەك بیرمەندێکی موسڵمان بیر دەکاتەوە، لە دەوڵەتی ئایینیدا باشتر دەتوانێت بژی یان لە دەوڵەتی نائایینیدا.**

- هەر لە سەر ئەوە من پرسیارم لێکرد چۆن دەتوانیت ئەوە لەگەڵ ژیان لە ئەمریکادا کۆبکەیتەوە. دکتۆر نەسر لەسەر کۆمەڵگەی ئەمریکا رەخنەی زۆری هەیە. گەرچی لە کۆمەڵگەی ئەمریکاشدا دەژی، بەڵام بە توندی رەخنە لە کۆمەڵگەی ئەمریکا دەگرێت و ئەمەش بە شێوەیەکی روون و کراوە لە خودی ئەمریکادا باس دەکات. من دیومە لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا کە زۆر راشکاوانە گوتی پێم خۆشە لە شەقامەکانی قاهیرەدا پیاسە بکەم تا لە شەقامەکانی واشنتۆندا. لەبەر ئەوەی لەوێ هەست بە تەناهییەکی زۆرتر دەکەم. من پێموایە کەسێکی وەك دکتۆر نەسر لە هەردوو کۆمەڵگەدا دەتوانێت رۆڵی کاریگەری هەبێت. واتە لە هەر دوو شێوەی حکوومەتدا. نەسر یەکێك لە نوێنەرانی ئایینەکان لە جیهانی ئەمڕۆدایە. هەر کاتێك دەیانەوێت سەبارەت بە وتووێژی نێوان ئایینەکان قسە بکەن، دکتۆر نەسر ئامادەیە. لە سەرجەم سمپۆزیۆمەکاندا دکتۆر نەسر ناسێنەری هزری ئیسلامییە و من پێموایە لە دۆخێکی سێکولاردا لەوانەیە باشتر بتوانێت ناسێنەری وتووێژیکی لەم چەشنە بێت.



*** لە جێگایەکدا خوێندوومەتەوە کە دکتۆر نەسر گوتوویەتی پێویستیم بەوە هەیە بگەڕێمەوە بۆ ئێران و رۆحم بشۆم. لێکدانەوەکەی بەم جۆرە بوو کە واتە لە ئێراندا خۆم لە پیسییەکانی روژئاوا پاك بکەمەوە و لە ئێرانیشدا پێشوازیی زۆری لێکرا، بە تایبەتی لە لایەن نەریتخوازەکانی ناوەوە.**

- بە بڕوای من تا ئێستاش پردەکانی پێوەندی لە نێو سەرجەم دەستەبژێرە ئێرانییەکاندا دروست نەکراون.

*** جەنابتان چەند جارێك ئاماژەتان کرد کە لەگەڵ بۆچوونەکانی دکتۆر نەسردا تەبا نیت ئەی بزاڤە رۆشنبیرییەکانی ئێران چۆن شیدەکەنەوە؟**

- بزاڤ-ێکی رۆشنبیری هەیە کە لایەنگری پلۆرالیزمە، لایەنگری تاکخوازیی دیموکراسی و لایەنگری فەلسەفەی مۆدێڕنە و پێموایە یەکێك لە گرنگترین لقەکانی رۆشنبیریی نەوەی چوارەم لە ئێراندا دەتوانێت وتووێژ بێت. نەوەیەك کە ئیدی ئایدۆلۆژی بیر ناکاتەوە و دەیهەوێت لەگەڵ سێ توێژی شارستانییەتی ئێرانی واتە توێژی ئیسلامی، توێژی ئێرانی کەونارا و توێژی مۆدێڕن لەگەڵ شارستانییەتی رۆژئاوادا دەست بە وتووێژ بکات. واتە روانینێکی بە تەواوی نوێ کە لەگەڵ روانینی کەسانی وەك شەریعەتی و ئالی ئەحمەد دا جیاوازە. روانینێك کە بەر لەوەی پێشداوەری بکات بابەت و چەمکەکان شی بکاتەوە.

*** سێ نەوەکەی دیکە کێن؟**

- ئەمە باسێکە کە من لە کتێبی داهاتوومدا بە ناوی شەپۆلی چوارەم هێناومە. نەوەی یەکەم نەوەی سەردەمی کۆتایی قاجارییەکانە کە میرزا مولکم خان و میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر و تالبۆفن کە لە راستیدا نەوەی «رۆشنبیرانی لاساییی کەر»ن و دەیانهەوێت لاساییی مۆدێڕنێتە بکەنەوە. لاساییەکەشیان ئەوەیە کە «پولی تەکنیك» لابەرین و بیکەینە دارولفنوون. فەراماسۆنری بکەین بە فەرامۆشخانە. ئەگەر ئەم دامەزراوە شارستانییەتییانە دروست بکەین بابەتی مۆدێڕنێتەش چارەسەر دەبێت. نەوەی دووهەم، نەوەی پاش مەشروتەیە. واتە نەوەیەکە هاوکات دەسکەوت و ئەزموون و تێك شکانی مەشروتەی لەگەڵدایە. نەوەی دووهەم وەبەرگری کەسانی وەك فرووغی، داوەر، هیدایەت، تەقیزادە، جەماڵزادەیە کە لە راستیدا نەوەی ئەو بیرمەند و رۆشنبیرانەیە کە تێدەکۆشن باشتر لە مۆدێڕنێتە تێبگەن.

جیاوازیی ئەم نەوەیە لەگەڵ نەوەی پێشوودا ئەوەیە کە زیاتر تێبگەن و زیاتر دەست بە وەرگێڕان دەکەن، بوزورگی عەلەوی باخی ئاڵباڵووی چێخۆف وەردەگێڕێت، هیدایەت کتێبەکەی کافکا و جەمالزادە بەرهەمەکانی شیلێر وکەسانیتر و خودی فرووغیش دیکارت وەردەگێڕێت. واتە لە راستیدا دەیهەوێت ئەقڵخوازیی بهێنێتە نێو سیاسەت و لە راستیدا زەینییەتی هزری ئێران و رۆشنبیریی ئێرانەوە. نەوەی سێهەم نەوەی جەنگی سارده و نەوەی پاش خەرمانانی هەزارو سێسەد و بیستە. نەوەیەکە کە زیاتر ئایدۆلۆژی بیر دەکاتەوە. نەوەیەکە زیاتر دژی رۆژئاوایە ، نەوەیەکە هەوڵدەدات لە جیاتیی ئەوەی کە لە راستیدا مۆدێرنێتە فامبکات، بە کاریگەری وەرگرتن لە سەرجەم بزاڤە دژە ئەمریکاییەکان و لە راستیدا بزاڤە چەکدارانەکانی جیهان چ لە ئێران و چ لە ئەمریکای لاتیندا رەخنە لە مۆدێرنێتە بگرێت و رەخنەیەك لە رۆژئاوا بە دەستەوە بدات، کە کتێبی «بەڕۆژئاواییبوونی» ئالی ئەحمەد نموونەیەکی بەرچاویەتی. نەوەی چوارەم نەوەیەکە کە بە شۆڕشی ئێرانەوە و بە تایبەتی لە کۆتایی هەشتاکانەوە دەستپێدەکات. نەوەیەك کە لاوترە. نەوەیەکە کە ئەمڕۆ لە نێوان ٣٥تا ٥٠ ساڵاندایە. نەوەی کەسانی وەك «سەیید جەوادی تەباتەبایی»، «بابەکی ئەحمەدی»، «سادێقی زیباکەلام» و خودی من. نەوەیەکە بە تەواوی نایوتۆپیایی بیر دەکاتەوە. نا ئایدۆلۆژی بیر دەکاتەوە. پلۆرالیستە و بابەتە سەرەکییەکەشی کاتێك لەگەڵ نەوە ئایدیۆلوژیکە پێشووەکەدا بەراوردی دەکەی، ئەوەیە کە تا قووڵایی بابەتەکان دەڕوات. واتە کاتێك دەڵێت من دەمەوێت سەبارەت بە هایدگەر توێژینەوە بکەم، تا قووڵایی هایدگەر دەڕوات. نەك ئەوەی کە لە فەردیدەوە ناوی هایدگەری بیستبێت وەك ئالی ئەحمەد و بڵێت زۆر چاکە منیش ئێستا سەبارەت بە هایدگەر لە کتێبەکەمدا چوار قسە دەکەم. نەوەی چوارەم دێت و سەبارەت بە هایدگەر کتێبێك دەنووسێت و بابەتەکان بە شێوەیەکی قووڵتر گەڵاڵە دەکات. وێڕای ئەوەی کە پێکدادانی ئایدۆلۆژییشیان پێکەوە نییە و بە هیچ شێوەیەك دژایەتیگەلی ئایدۆلۆژییان پێکەوە نییە. چونکە بابەتەکەیان بابەتی پلۆرالیزم و وتووێژە. وتووێژی نێوان خۆیان و وتووێژ لەگەڵ دونیای دەرەوەدا. تۆ دەبینی کە هەموویان بە جۆرێك لەگەڵ رۆژئاوادا وتووێژیان هەیە. کتێب دەخوێننەوە، زمانی بیانی دەزانن، رۆژئاوا بۆ ئەمانە بابەتێکی شەیتانی نییە کە بە شێوەی رقاوی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن.



*** کەسانی وەك دوکتۆر نەسر لە کوێ دادەنرێن؟**

- بە بڕوای من دکتۆر نەسر لە نەوەی سێهەمدا دادەنرێت بەڵام وەك هەڵواردەیەك وەك «حەمیدی عینایەت». کەسانی وەك نەسر و عینایەت لە پاڵ جووڵانەوە پارادیگماتیکەکانی نەوەی سێهەمدا دادەنرێن. جووڵانەوەگەلێك کە ناسێنەرەکانیان ئالی ئەحمەد و شەریعەتین. گرنگترین ناسێنەرانی رۆشنبیریی ئێمە، تا ئەو رادەیە کە فرووغی ناسێنەری رۆشنبیری سەردەمی رەزا شایە، لە سەردەمی محەممەد رەزا شا و پەهلەویی دووهەمدا، بێگومان شەریعەتی و ئالی ئەحمەدن. چونکە کاریگەری ئەم دوانە هەم لە شۆڕشی ئێراندا هەم لە رەوتی رۆشنبیریدا چ پۆزەتیڤ و چ نیگەتیڤ گەلێك زۆر بووە. واتە ئالی ئەحمەد کەسێکە کە لە دروشمدانی یەکێتی نووسەرانی ئێراندا رۆڵێکی گرنگی هەبووە و شەریعەتی بیرمەندێکە کە بەهەر شێوەیەك بێت کاریگەری زۆری بە سەر لاوانی شۆرشی ئێرانەوە هەبووە.

*** ئایا بە رەچاو کردنی نەریتخوازیی دوکتۆر نەسر، دەتوانین لە بنەڕەتدا بە رۆشنبیری بزانین؟**

- بەڵێ بۆ ناتوانین. «مێهرزادی بروجێردی» لە کتێبەکەیدا، دکتۆر نەسری لەریزی رۆشنبیرانی ئێرانی لە ئەژمار داوە.

*** ئەڵبەتە کتێبەکەی برووجێردی (رۆشنبیرانی ئێرانی و رۆژئاوا) زۆریش مێتۆدی زانستیی نەبووە؟**

- دوکتۆر نەسر لەڕیزی زانایانی ئایینی لە ئەژمار نادرێت.

*** هەر ئەم خاڵەجێگای سەرنجە. واتە دکتۆر نەسر نە سەر بە رۆشنبیرانە و نەسەر بە رۆحانییەکان و زانایانی ئایینی .**

- مەبەستت لە رۆشنبیر بە واتای نوێیە ؟

*** کەسێك کە رەنگدانەوەی سەردەمی رۆشنبیرییە و ئەقڵی نوێی قەبووڵ کردووە.**

- بەڵێ، بێگومان نییە. بەڵام پێم وایە تەنانەت وەك نەریتخوازیش، دەتوانین وەك رۆشنبیرێکی نەریتخواز ناوی بەرین.

*** بەڵام ئەمە لەگەڵ چەمکی ڕۆشنبیریدا دژایەتیی هەیە، مەگەر ئەوەی کە پێناسەیەکی نوێمان هەبێت.**

– تۆ دەتوانی دژی مۆدێرنێتە بیت بەڵام ڕۆشنبیریش بیت.

*** ئیزنم بدەن لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی‌تریش بکەم. جەنابتان لە ژێر ئاسمانەکانی جیهاندا سەبارەت بە شایگان پێوەندییەکتان لە نێوان کردەوە و هزرەکەیدا چێکردبوو، واتە لە دڵی بنەماڵەی شایگانەوە بە ئەندێشەکەی گەیشتوون. من ئیزنم دەوێ ئەم مێتۆدە لێرەدا جێبەجێ بکەم . پێموایە مرۆڤ ناتوانێت لە کردەوەدا مۆدێرن بێت بەڵام هزری مۆدێرنی قەبووڵ نەبێت. وات–ە دکتۆر نەسر لە کردەوەدا مۆدێرنە. ڕەنگە پێت وابێ کە من بە رووکەش قسە دەکەم، بەڵام نەسر بۆیەنباخ لە ملی دەکات، لە ئەمریکادا دەژی. لە تەکنولۆژیای مۆدێرن کەڵك وەردەگرێت و لە هەمان کاتیشدا دژی ئەوە قسەدەکات ئەم دژبەرییە چۆن شی دەکرێتەوە؟**

– بە بڕوای من دکتۆر نەسر زیاتر ڕەخنە لە لایەنە ئامێرییەکەی مۆدێرنێتە دەگرێت، من پێموایە مێتۆدولۆژیی دوکتور نەسر، مێتۆدولۆژییەکی مۆدێرنە. مێتۆدولۆژییە کارییەکەی. واتە مێتودناسی بۆ تۆژینەوەکەی مۆدێرنە. شتێکە کە لە هاروارد و MIT دا فێری بووە.

*** ئەمە هەر ئەو هەڵەیە نییە کە ژمارەیەك لە ئێمەش دیکەن؟ واتە وا بیردەکەنەوە کە دەکرێ تەکنۆلوژیا قەبووڵ بکرێت بەڵام کولتوری مۆدێرن نا؟**

– ئەمە قسەیەکە کە من بۆ خۆم هەمیشە دەیکەم کە ئێمەی ئێرانی ئەقڵی ئامێریمان قەبووڵ کردووە. بەڵام ئەقڵی ڕەخنەگرانەمان لە بیر کردووە. مۆدێرنێتە لە ڕاستیدا لەم دوو چەمکە دروست بووە. کۆمەڵگەیەك کە بە تەنیا بیەوێت لەگەڵ مۆدەدا بژی و لە مۆدێرن بوون تەنیا لە ڤیدیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و سەیارە تێبگات. کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنی نەخۆشە. سەبارەت بە کارەکانی خۆی دەسەڵاتی بیرکردنەوەی نییە. مۆدێرنییتە بە هەرشێوە لەگەڵ خۆیدا زەینییەتی ڕەخنەگرانەش دێنێت. ئەڵبەت سەقامگیربوونی لەوانەیە زۆر بخایێنێت. ئەقڵی ڕەخنەگرانە گرنگترین تۆخمێکە کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی بزاڤ–گەلی کۆمەڵایەتی و ئازادیخوازانە. ڕاگەیێندراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و ئەم چەشنە دەسکەوتانە بەرهەمی مۆدێرنێتەن .



من پێموایە دکتۆر نەسر بە هەرشێوە بەشێکی ئەم ئەقڵە ڕەخنەگرانەیەی قەبووڵ کردووە بە بێ ئەوەی کاکەشانی هزریی مۆدێرنێتەی قەبووڵ بێت، لەبەر خوێندنەکەی و ژیانی لە ڕۆژئاوادا بەشێکی کاکەشانی مۆدێرنی قەبووڵ کردووە. بۆ وێنە کاتێ باسی مافەکانی مرۆڤ دەکات، لە ڕاستیدا بەشێکی گەورەی مافەکانی مرۆڤی قەبووڵە، ئێستاکە زۆربەی ڕەخنە گرتنەکەی بۆ مۆدێرنێتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی کە مرۆڤ لە جیهانی مۆدێرندا بە سەریدا هاتووە. من پێموایە دوکتۆر نەسر زیاتر ڕەخنەگری سەرەکیی ئەقڵی ئامێرییە، نەك ئەقڵی ڕەخنەگرانە.

*** ئەنجامی ئەقڵی ڕەخنەگرانە، بۆتە شتێك بە ناوی ئەقڵی ئامێری. واتە ئەقڵی ڕەخنەگرانە تەنیا بە تەکنولۆژیا کۆتایی دێت.**

– ئەقڵی ئامێری لە ئەقڵی ڕەخنەگرانەوە نەهاتۆتە دەرێ. دەتوانین بڵێین ئەم دووانە هەردووکیان منداڵانی مۆدێرنێتەن، بەڵام هەمیشە لەگەڵ یەکدیدا زۆرانبازییان کردووە. لە هەر جێگایەکدا تەکنولۆژیا بووبێت، ڕەخنەگرتن لە تەکنۆژیاش هەبووە. لە هەر جێگایەکدا سەرمایەداریی پێشکەوتوو هەبووە ، ڕەخنەکەشی هەبووە. لە هەر جێگایەکدا مازڕێتی و توندوتیژی هەبووبێت، ڕەخنەگرتن لە مازڕێتی و توندوتیژیش هەبووە.

*** واتە دوو بران؟ ئایا مۆدێرنێتە باپیر و ئەقڵی ڕەخنەگرانە باوك و ئەقڵی ئامێری کوڕەزا نییە؟**

– بەڵێ دوو بران، دووبران کە پێکەوە و لە ڕەوتی گۆڕانکاریی ڕۆژئاوادا پێك هاتوون.

*** کەواتە ئەگەر برایەتیی ئەم دوانەمان قەبووڵ بێت دەکرێ جودایی بخرێ–تە نێوانیان و دوکتۆر نەسر گیرۆدەی دژبەری نییە؟**

– بەڵێ ، دەکرێ جودایی بخرێتە نێوانیان . هەرواکە ئەمڕۆ لە ئێراندا زۆر کەس هەن کە مۆدێرنێتە تەنیا وەك مۆدە دەبینن. مۆدەی سەرمایەداری و مۆدەی تەکنولوژیك. بەڵام ئەو مۆدێرنی–تەیە کە ئەقڵی ڕەخنەگرانەیە ناناسن. واتە هیچ شتێك سەبارەت بە ئەقڵی ڕەخنەگرانە نازانن. من پێموایە ئەم دوانە دەتوانن پێکەوە بن. لە خودی ڕۆژئاواشدا ئەم دابڕانە هەبووە. ڕاستە کە پێکەوە وەك دوو برا بەرەو پێشەوە چوون، بەڵام لە هەندێ جێگاشدا لە بەرانبەر یەکدی ڕاوەستاون. بزاڤ–گەلێکی ئازادیخوازانە هەن کە تا ئێستاش دژی جیهانی تەکنۆلۆژیکن و یان دژی سەرمایەداریی پێشکەوتوون. ئەو بزاڤەش کە ئەمڕۆ دژی بە جیهانیبوون لە دونیادا هەیە، بەرهەمی پرۆسەی ئەقڵی ڕەخنەگرانەیە.

تۆ قەبوولّی بکە کە لە رۆژئاواشدا نەریتخوازانی مەسیحی و یەهوودی هەن کە لەگەڵ رەوتی ئابووریی بە جیهانیبوون و سەرمایەداریی بێ سەروبەردا بە توندی دژایەتی دەکەن.

*** بەدیل و جێگرەوەیان چییە؟**

– ئەمانە لە راستیدا وەڵامێکی راشکاویان بۆ ئەم پرسیارە نییە و زیاتر دەچنە نێو باسگەلی فەلسەفییەوە کە دکتۆر نەسریش ئەم کارە دەکات. واتە دەڵێت دەبێ ئێمە لەگەڵ فەلسەفەی مۆدێرندا دەست بە وتووێژ بکەین و بزانین چ شتگەلێك، چ ئەلتەرناتیڤگەلێك، لە باری هزری و فەلسەفییەوە لە خودی رۆژئاوادا هەبوونە، کە ئەوان ئەم بەدیلانەیان لە فەلسەفەی پێش مۆدێرندا دەدۆزنەوە.

*** لە خودی رۆژئاوا یان لە خودی مۆدێرنێتەدا؟**

– لە خودی رۆژئاوادا. بۆ نموونە، لە فەلسەفەی سەدەکانی نێوەڕاستدا. لە فەلسەفەی ئەرەستۆیی کە بە هەرشێوە لەسەر فەلسەفەی رۆژئاوا لە ئەژمار دەدرێت. دکتۆر نەسر لە کارەکانیدا ئاماژەی زۆر بە فەلسەفەی سەدەکانی نێوەڕاست دەکات. فەلسەفەی سەدە نێوەڕاستی لە بەرانبەر فەلسەفەی دیکارتی دادەنێت و پێی وایە کە لە بەستێنی زانستی و فەلسەفیدا بیرمەندانی سەدە نێوەڕاستی رێچارەگەلی باشتریان پێشنیار کردووە. بۆ ئەوەی کە بۆ دۆخی مرۆڤ لە جیهاندا پێشنیارگەلی باشتریان هەیە.

*** جەنابتان دکتۆر نەسرتان بۆ وتووێژ هەڵبژاردووە و لەم وتووێژەدا گوتبووتان لەگەڵ بۆچوونی ئەودا دژایەتیتان هەیە، ئەم هەڤ-پەیڤ-ینەی مرۆڤێکی مۆدێڕن و مرۆڤێکی نەریتخواز بە چ ئەنجامێك گەیشتووە؟**

– بە بڕوای من ساناگیری. شتێك کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا بۆ ئێمە زۆر پێویست-ە. لە پلەی یەکەمدا ساناگیری، لەپلەی دووهەمدا ئەوەی کە دووکەس لە دوو نەوەی جیاواز و بەدوو روانگەی جیاوازەوە پێکەوە دابنیشن و سەبارەت بە بەرباسگەلێك پێکەوە باس بکەن. کە باسگەلێکن لە سەرشانی هەردووکیانن. پێموایە رەنگە ژمارەیەکی زۆری لاوانی ئەمڕۆی ئێران ئەم مەسەلەیە بخەنە ژێر پرسیارەوە و سەبارەت بە خۆیان گومان بکەن. من دەمەوێ بە جۆرێك پیشانی بدەم کە دەکرێ ئەم کارە بکرێت. تەنانەت ئەگەر تۆ دژی قسەکانی نەوەکانی پێشوو بیت یان ئەوان دژی تۆ بن.



*** لەنەوەی پێشوودا زیاتر لاسایی بووە تا وتووێژ؟**

زیاتر خراپ تێگەیشتن هەیە. خراپ تێگەیشتن لە روژئاوا و ئەندێشەی رۆژئاوایی. ئەم خراپ تێگەیشتنانە دەکرێ هەر بەم بەرباسە وتووێژیانە بڕەوێ-نەوە.

*** پێت خۆشە سەبارەت بە نەوەی سێهەم و ئەو دژبەرییانەی کە لە نەوەی سێهەمی رۆشنبیراندا هەیە، کەمێك زۆرتر قسە بکەیت؟ چونکە لە لایەکەوە شەریعەتیمان هەیە و لە لایەکیترەوە دوکتۆر نەسر.**

– ئەم دژبەرییانە لە سەرجەم نەوەکاندا هەیە.

*** ئەم نەوەیە بە سەرجەم دژبەرییەکانیەوە چۆن توانیی لە بابەتی دژی رۆژئاوا بوون بە یەکگرتوویی بگات؟**

– من لەم پۆلێنبەندییەدا دەتوانم بڵێم لە هەر نەوەیەکدا کەسایەتییە پارادیگماتیکەکانم هەڵبژارد کە لە نەوەی سێهەمدا بەشێوەیەکی سروشتی کەسانێك هەن کە لە ئالی ئەحمەد زۆر دوورن، وەك حەمیدی عینایەت یان «شادومان». بەڵام عینایەت بە بڕوای من لە بەراورد لەگەڵ شەریعەتی و ئالی ئەحمەد دا کەسایەتیەکی پارادیگماتیك نییە.

*** عینایەت لە نەوەی سێهەمدا دادەنێن؟ چونکە زیاتر تایبەتمەندییەکانی نەوەی چوارەمی هەیە**

– هەندێ تایبەتمەندیی نەوەی چوارەمی هەیە، بەڵام ناتوانێ سەر بە نەوەی چوارەم بێت چونکە نەوەی چوارەم، نەوەی پاش شۆڕشە. راستە لەوانەیە هەندێ کەس هەبن کە تایبەتمەندییەکانیان لەگەڵ نەوەی چوارەمدا پێکەوە نزیك بێت، بەڵام نەوەی چوارەم نەوەیەکە لەبەر ئەوەی کە پاش شۆڕش هاتووە، هەستی بە پێویست بوونی وتووێژ و پلۆرالیزم کردووە و بەرەو دیموکراسی دەروانێت.

*** جەنابتان بەشێوەی هێڵی پۆلێنبەندی دەکەن: مێژوویی و کاتی؟**

– نا، مێژوویی و کاتی نییە، بەڵام مێژوو رۆڵی تێیدا هەیە.

*** واتە ئێمە ئێستا لە ئێرانی خۆماندا هێشتا ڕۆشنبیری نەوەی سێهەممان هەیە.**

- لە دەرەوەی ئێرانیشدا هەمانە. «بەراهەنی»، بەراهەنی کەسێکە کە کاتێ کتێبی بەرۆژئاوابوون کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، لەگەڵ مانیفیستی حیزبی کۆمۆنیستی مارکسدا بەراوردی دەکات. ئەمە مرۆڤێکە کە بە تەواوی لە ژێر کاریگەری ئالی ئەحمەددایە و بە بڕوای من لە بنەرەتدا ڕۆحیە و شێوەی بیرکردنەوە و زەینییەتی لەگەڵ نەوەی سێهەمدا دێتەوە تا نەوەی چوارەم. لە خودی ئێرانیشدا مرۆڤگەلێك هەن کە زیاتر لە نەوەی سێهەم دێن. هەڵاوارەدەکانی نەوەی سێهەممان هێشتا لە ئێراندا هەیە. وەك «موستەفا ڕەحیمی»، «شاهروخی مەسکووب» و «داریووشی ئاشووری» کە ئەمانە کەسانێکن لەگەڵ شەریعەتی و ئالی ئەحمەد دا زۆر جیاوازن بەڵام بە هەرشێوە سەربە نەوەی سێهەمن. (ڕۆژنامەی «همشهری» ژمارەی ٧، ڕەزبەری ١٣٨٠)

## وتووێژی سوکراتی (سوقراط)ی

**ئەمیری نەسیری – جەنابی جیهانبەگلوو، گرنگترین و کلیلیترین پرسیارێك کە جەنابتان لە چاوپێکەوتندا دەیپرسن چ پرسیارێکە؟**

جیهانبەگلوو- سەرەتا ڕێگەم پێ بدەن کە ئاماژە بەو شتە بکەم کەمن ناوی چاوپێکەوتنم قەبووڵ نییە و لە جیاتیدا وتووێژ بەکاردەهێنم.

*** بۆچی لە وشەی وتووێژ کەڵك وەردەگرن؟**

- لەبەر ئەوەی کە لە بنەڕەتدا شێوەی ڕۆژنامەگەری نییە و میتۆدەکەی منیش ژۆرنالیستانە نییە. لە پشت سەرجەم ئەم وتووێژانەوە هزرێك لە پێواردایە کە ئەم هزرە و ئەنجامەکەی لە مەڵبەندی ژوورنالیزم جودایە. ئەم وتووێژانە لەبەر ئەوە دەکرێن کە ئەنجامێك بە دەستەوە بدەن، بنەمای منیش لە سەر وتووێژگەلی سوکراتییە و پیشاندانی ئەو بابەتەی کە فەلسەفە هەمیشە لەگەڵ دیالۆگ و وتووێژدا بووە و شێوازی دیالۆگ و وتووێژ باشترین میتۆدی فەلسەفی بۆ دەربڕینی مەسەلەیەك یان ڕوونکردنەوەی چەمکێکە. هەر لەبەر ئەم مەسەلانەیە کە پەنام بۆ وتووێژ بردووە و بەلاشمەوە نرخێکی زۆری هەیە، بەتایبەتی ئەوەی کە



هەنووکە لە سەردەمێکدام کە زیاتر دەمەوێت هزرێکی وتووێژی لە نێو ڕۆشنبیرانی ئێراندا وەدی بێنم یان وەدی بێت.

بەڵام لە وەڵامی پرسیارەکەتدا کە باسی گرنگترین و کلیلیترین پرسیارت کرد، سرووشتییە کە گرنگترین چەمك گەلێك کە لەم وتووێژانەدا دێنە گۆڕێ، چەمکەکانی دونیای مۆدێڕنی ئەمڕۆن. ئەڵبەت ئەم چەمکانە لە ڕوانگەگەلی زانستە مرۆڤایەتی، کومەڵایەتی، سیاسی و فەلسەفییەکانەوە تاوتوێ دەکرێن. ئەم چەمکانە نەریت، مۆدێڕنێتە، پلۆرالیزم و کۆمەڵگەی شارستانێ و بە شێوەیەکی گشتی سەرجەم ئەو مەسەلانەن کە دونیای ئەمڕۆ لەگەڵیاندا دەستەویەخەیە.

*** چاوپێکەوتن یان وتووێژ لەگەڵ بیرمەندانی جیهاندا هەمیشە دژواریگەلێکی لەگەڵدابووە. گرفتەکانی جەنابتان لەم بەستێنەدا چی بوون؟**

- من گرفتەکانم زۆر نەبوون. بە بڕوای من تۆ کاتێك بتهەوێت لەگەڵ بیرمەندێکی ڕۆژئاواییدا دەست بە وتووێژ بکەیت سەرەتا دەبێ خۆت لە ئاستی ئەودا دابنێیت. مەبەستم ئەوەیە کە لەگەڵ سەرجەم بیروڕا و هزرەکانیدا ئاشنا بیت و سەرجەم هزرەکانی وەك مەلەکەی ئێوەی لێهاتبێت، و بە سەر بابەتەکەشدا زاڵ بیت، نەك ئەوەی کە من لەباری زانستیەوە لە ئاستی ئەودا بم. ئەگەر تۆ ئاگات لە ئەندێشەکانی لایەنی وتووێژەکە نەبێت، چەشنە نایەکسانییەك پێك دێت و لەم دۆخەدا ناتوانین ناوی وتووێژی لەسەر دابنێین. لە هەندێ کاتدا لەوانەیە ئێمە وەهمی مەعریفەمان هەبێت بە بێ ئەوەی مەعریفەیەکمان هەبێت، سروشتییە کە بە وەهمی مەعریفەوە ناتوانین لەگەڵ بیرمەندێکدا دەست بە وتووێژ بکەین. ئێمە بە وەهمێك لە ڕۆژئاوا هەمانە، ناتوانین بەرەو ڕۆژئاوا بچین. بەبڕوای من باشترین شێوەی وتووێژ لەگەڵ ڕۆژئاوا یان لەگەڵ دوو کولتوردا (کە من ناوی نانێم ڕووبەڕوو بوونەوە) ئەوەیە کە یەکتری باش بناسین. واتە ئەگەر من دەمهەوێ لەگەڵ ڕۆشنبیرێکی هیندستانیدا وتووێژ بکەم، دەبێ کولتورکەی بناسم، هەروەها ئەویش لە بەرانبەردا دەبێ کولتوری من بناسێت.

*** مەبەستم ئەوەیە هەماهەنگی لەگەڵ بیرمەندانی جیهاندا بۆ چاوپێکەوتن چۆنە؟**

- هەماهەنگیم بەم شێوەیە بووە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئێران و رۆژئاوادا من دەناسن، لە رێگای نووسینەکان یان ئەو شوێنانەوە کە کارم تێدا کردوون منیان ناسیووە. بۆ نموونە لەگەڵ «جۆرج ستاینێر» لە سویسرا ئاشنا بووم. ئەم ئاشنایەتییە بوو بە هۆی ئەوەی کە وتووێژێکی لەگەڵدا بکەم. زۆربەی ئەمانە دۆستی زۆر نزیکی منن. ساڵی ١٩٩٤پول ریکۆرم بۆ ئێران بانگهێشت کرد. هەر ئەم پێوەندییانە دۆستایەتیەکی لەنێو ئێمەدا دروست کرد کە من کاتی وتووێژ گرفتی زۆرم نەبووە. خاڵێکی‌تریش زیاد بکەم: لە ئێستادا ئێران بۆ بیرمەندانی رۆژئاوایی دونیایەکی سەرنج راکێشە بریا ئێمە لەم سەرنج راکێشییە کە بۆ ئەوان هەمانە، کەڵك وەربگرین .

*** ئەم سەرنجڕاکێشییە بەرهەمی چییە؟**

- بەرهەمی ئەوەیەکە ئێران بەرامبەر پێشکەوتنی بەجیهان بوون دواکەوتووە و وڵاتێك نییە کە گەڕیدەکان تێیدا هاتوچۆی زۆریان هەبێت، تا لەم رێگایەوە ئاڵوێری کولتوری ئەنجام بدرێ. بۆ وێنە ئەو ئاڵوێرە کولتورییەی کە لە رێگای گەریدەکانەوە لە هیندستاندا دەکرێت، لەگەڵ ئێراندا شیاوی هەڵسەنگاندن نییە. جگە لەوەش تۆ هەمیشە لە راگەیاندنەکان و میدیاکانی جیهاندا باسی ئێران دەبیستی بەڵام ئیمکانی سەردانی ئێرانت نییە. کەسێکی وەك میشل فۆکۆ هاتە ئێران و ژمارەیەك رووداوی لە نزیکەوە دیت. لە وتووێژیکدا کە لەم دواییانەدا لەگەڵ «نۆڤ-ام چومسکی»دا کردوومە، زۆری پێ خۆش بوو سەردانی ئێران بکات. ئەمە دەرفەتێکی باشە بۆ ئاڵوویری کولتوری کە بۆ ئێمە زۆر پێویستە.

*** کەشوهەوای وتووێژ لەگەڵ بیرمەندێکی جیهانیدا چۆنە؟ ئەوکەسەی کە وتووێژەکە دەکات تا چ رادەیەك دەتوانێت لە تەکنیکەکان و زانیارییەکانی خۆی لە کۆنترۆڵی چاوپێکەوتنەکەدا کەڵك وەر بگرێت؟**

- شێوازی هەڵسوکەوت هەمیشە وەك یەك نییە. بەڵام زۆربەیان کەسانێکن ئەگەر بزانن کە تۆ بە سەر بابەتەکەدا زاڵی و بەرهەمەکانیانت خوێندۆتەوە، بە باشترین شێوە ئامادەی وتووێژ دەبن. من تا ئێستا لە وتووێژەکانمدا هیچ گرفتێکم نەبووە. لەبەر ئەوەی هیچکات بارودۆخێکی ناهاوسەنگ لە نێوانماندا نەبووە و ئەوانیش ئەم هەستەیان نەبووە. من لە پێشدا خۆم ئامادە دەکرد و سەرجەم بەرهەمەکانی ئەوانم دەخوێندەوە، جگە لەوەش حەزم لەم باسانە دەکرد. ئێمە



بەم چەشنە دەمانتوانی وتووێژیکی سوکراتی بەباشی ببەینە پێشەوە. ئەڵبەت من لە وتووێژی کەسانی‌تردا زۆرجاران ئەم ناهاوسەنگییەم دیتووە. بۆ نموونە چاوپێکەوتنی تەلەفزیونی ئێران لەگەڵ پۆل ریکۆردا کە هیچکات بڵاو نەکرایەوە و من بینەری پرسیارگەلێکی بێ کەڵك بووم کە لە پۆل ریکۆریان دەپرسین و ئەم بابەتە پیشانی دەدا کە وتووێژکەرەکان لەگەڵ بیروڕاکانی رێکۆردا ئاشنایەتییان نییە.

*** لە وتووێژەکانتانا تا چ رادەیەك مەجالی رەخنە گرتنتان پێ دەدەن؟**

- هەموویان مەجالی رەخنەیان داوە، دەبێ بزانین کە مەبەستی ئەم وتووێژانە ناساندنی بیرمەندانی جیهانی بە ئێرانییەکانە. ئەڵبەت زۆربەیان بە زمانەکانی‌تری جیهانیش چاپ کراون.

*** پێشوازیکردن لەم وتووێژانە لە رۆژئاوادا چۆن بووە؟**

- پێشوازییەکی باش کراوە. کتێبی وتووێژ لەگەڵ ئایزایا بێرلین لە ژێر ناوی «لە گەڕان بە دوای ئازادیدا» بۆ ١٢زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراوە. کتێبی وتووێژ لەگەڵ جۆرج ستاینێر لە ژێر ناوی «ویژدانی ژیان» بۆ ٤زمان وەرگێڕدراوە. کتێبی وتووێژ لەگەڵ شایگاندا لە فەڕەنسا پێشوازیی لێکرا. ئەڵبەت سروشتییە کە ئایزایا بێرلین بە بەراورد لەگەڵ شایگان پێشوازیی زۆرتری لێکرا .

*** پێشوازی لە وتووێژ لەگەڵ شایگان لە فەڕەنسا چۆن بوو؟**

- هەروەك ئاماژەم پێکرد سروشتییە کە پێشوازی کەمتر بووە. کاتێك من و شایگان بریارماندا ئەم کتێبە ئامادە بکەین، ئامانجمان ئەوە بوو کە وەك دوو نەوەی جیاوازی رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی، بەزمانێك جیا لە زمانی دایکیمان، لەمەڕ مەسەلەکانی ئەمڕۆی جیهان پێکەوە وتووێژ بکەین و بیخەینە بەر دەستی کۆمەڵگەی فەڕەنسا. لە قۆناغی یەکەمدا کاریگەری زۆر بوو. چەندین وتاریان سەبارەت بە ئەم وتووێژە لە رۆژنامەکاندا نووسی. ئامانجی ئێمە ئەوە بوو کە بە رۆشنبیرانی رۆژئاوایی پیشان بدەین کە رۆژهەڵاتییەکانیش قسەیەکیان بۆ کردن هەیە.

*** بە شێوەیەکی گشتی بیرمەندە جیهانییەکان لەگەڵ وتووێژکەرێکدا چۆن هەڵسوکەوت دەکەن؟ ئایا لە پێشدا پرسیارەکان دەبینن، یان ئەوەی کە مەجالی پرسیاری لا بە لا و ئەو پرسیارانەی کە لە دەقەکەدا دێنە پێشێ دەدەن؟**

- ئەوە پەیوەندی بە وتووێژ ئەگەر نەیناسن بە هیچ شێوەیەك قەبووڵی ناکەن. لەمەڕ ئەو ١١٠وتووێژەی کە تا ئێستا لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا ئەنجامم داون، تا ئێستا هیچ کامیان

پرسیارەکانیان لە پێشدا نەویستووە و هەمیشە متمانەیان پێکردووم. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە کاتێك بۆ وتووێژ ئامادەیی خۆم ڕاگەیاندووە، ڕوونم کردۆتەوە کە وتووێژەکە بە چ شێوەیەکە و پێکهاتە و چوارچێوەکەیم ڕوون کردۆتەوە. ئەڵبەت ئەگەر ئەوان بزانن کە تۆ بەسەر بابەتەکەدا زاڵی متمانەیەکی زۆرت پێدەکەن.

*** تا ئەو جێگایەی من دەزانم، ئێوە لە بڵاوکراوەگەلی بڕوا پێکراوی وەك ئێسپرای و نۆڤل ئیبزرواتۆر دا وتووێژکەر بوون، جێگای وتووێژکەر لە بڵاوکراوە ڕۆژئاواییەکاندا چۆنە؟**

- پرسیارێکی جوانت کرد. لەبەر ئەوەی کە لەوانەیە زۆربەی خوێنەران و ڕۆشنبیرانی ئێرانی نەزانن کە هەندێك لە وتووێژکەرەکانی کولتوری ڕۆژئاوا بۆ خۆیان فەیلەسووفی گەورە بوونە. بۆ نموونە، پۆل ریکۆر کە ئێستا یەکێك لە پێنج فەیلەسووفەکەی جیهانە، کتێبێکی وتووێژیی لەگەڵ یەکێك لە مامۆستایانی بە ناوی «گابریل مارسێل» هەیە کە یەکێك لە بەرهەمە گرنگەکانی ریکۆرە. لە کولتوری فەڕەنسا و بەریتانیادا وتووێژ بەشێوەی جیددی ئەنجام دەدرێت و وتووێژکەرەکانیش لە ئاستێکی بەرزدان. بۆ وێنە «برایەن مێگی» کە لە ئێراندا ناسراوە، بۆخۆی فەیلەسووفێکی تەواو و مامۆستای فەلسەفەی ئۆکسفۆردە. زۆربەی بیرمەندە ڕۆژئاواییەکان لەم ئاستە بەرزەدا وتووێژ دەکەن.

*** واتە بیرمەندانی ڕوژئاوایی لەگەڵ بڵاوکراوەکاندا وتووێژ ناکەن؟**

- ئەڵبەت هەندێجار لەگەڵ ئەو بڵاوکراوانەی کە ڕێبازی هەواڵدەرییان هەیە، سەبارەت بە بەرهەمە نوێیەکانیان وتووێژ دەکەن. بڵاوکراوەگەلی وەك مانگانەکەی ئێوە کە مەبەستیان ناساندنی کتێبێکە لە وتووێژیکی کورت دا، بۆ ئەوەی کە خوێنەر لە دۆخی هەنووکەیی ئەو کەسە زانیاریگەلێك وە دەست بخات.

*** بە ڕەچاوکردنی ئەو سەرچەشنە سەرکەوتوانەی کە لە بەستێنی وتووێژدا لە ڕۆژئاوادا هەن، ئاستی وتووێژەکانی خۆتان لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وتووێژە ڕۆژئاواییەکاندا چۆن دەبینن؟**

- پرسیارێکی دژوارە. من هەمیشە هەوڵدەدەم بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە سەیری کارەکانم بکەم تا ئەنجامگەلی باشتر وەدەست بهێنم. ڕەنگدانەوەی وتووێژەکانم لە ڕۆژئاوادا زور باش بووە. کاتێك بۆ گوتنەوەی زانستە سیاسییەکان بۆ زانکۆی تۆرنتۆ بانگهێشت کرام، زۆربەی مامۆستایانی ئەوێ کتێبی وتووێژ لەگەڵ ئایزایا بێرلین یان خوێندبوویەوە. هەروەها وتووێژەکەی ئەم دواییانەم لەگەڵ چۆمسکیدا، لەبەر ئەوەی کە لەسەر ئەنتەرنێت دایان نابوو، بە چوار جۆر وەرگێڕدراوە کە من ئاگادار نەبووم. بە هەرشێوە ئەنجام پۆزەتیڤ بووە. ئەڵبەت



ئەم کارانەی من لە پلەی یەکەمدا بە هۆی خۆمەوە نییە، ڕاستە کە خۆم چێژی زۆر دەبەم و زانیاری زۆر فێر دەبم، بەڵام زیاتر لەبەر هاونیشتمانانی خۆم ئەم کارە دەکەم. لە پلەی دووهەمیشدا بۆ خەڵکی جیهان تا باسەکان بۆیان ڕوونتر ببنەوە.

*** بۆچی لەو وتووێژانەدا کە لە کتێبەکانی وەك ڕەخنە لە ئەقڵی مۆدێڕن و ئێران و مودێرنیتە دا هاتووە، لە سەرەتای وتووێژەکەوە لە ئاماژەکردن کەڵك وەرناگرن تا خوێنەر لەگەڵ باسەکە و کەشوهەوای باسەکەدا زیاتر ئاشنا بێت؟**

- جیاوازیی نێوان کتێبێکی وەك ڕەخنە لە ئەقڵی مۆدێڕن یان کتێبێکی وەك «لە گەڕان بە دوای ئازادیدا»، یان لە «ژێر ئاسمانەکانی جیهاندا» لەوەدایە کە لە «ڕەخنە لە ئەقڵی مۆدێڕندا» بە دوای باسێك و شیکاریی چەمکێکەوە بووم لە ڕێگای وتووێژ لەگەڵ ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانی جیهانەوە. لەو ٦٠ وتووێژەی کە تا ئێستا کردوومن، ٤٠ وتووێژ بڵاو کراونەتەوە. ئەگەر بۆ هەر کامێکیان پێشەکییەکم نووسیبا، لە ڕاستیدا لاپەڕەی زۆری دەگرتەوە. بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەم کەسانە لە ئاستی جیهانیدا ناسراون و من بەرەو باسی نەریت و مۆدێڕنێتە ڕام کێشاون.

*** کار و بەرنامەی داهاتووتان چییە؟**

- زەمانەیەکی توێژینەوەیان پێداوم کە بۆ ماوەی ساڵێك بچمە واشنتۆن و سەبارەت بە ڕۆشنبیرانی ئێرانی و دیموکراسی تۆژینەوە بکەم. لە وتووێژەکانی داهاتووم کارێکە کە دەمەوێ لەگەڵ ئاغای موجتەهیدی شەبستەریدا بیکەم. لە زۆر جێگادا گوتوویانە کە جێبەجێ کراوە، بەڵام هێشتا جێبەجێ نەکراوە. ئەوەی کە لە بەرچاوە ئەوەیە کە من بۆ وتووێژەکان پلانم داناوە و لەبەر گرنگیی بابەتەکە بڕیارم داوە درێژەیان پێبدەم. **(حەفتەنامەی «کتاب» ژمارەی ١٧ خەرمانانی١٣٨٠)**

## شارستانییەت و هاووڵاتی بوون

□ **بە ڕەچاوکردنی ئەو پەیوەندییە بەربڵاو و بەرفرەوانەی کە جەنابتان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا هەتانە. تکایە پێناسەیەکی هاووڵاتی و مافی هاووڵاتی بوون لە روانگەی خۆتانەوە یان لەو روانگەیەوە کە لە دونیای هاوچەرخدا لە کایەدایە، بکەن؟**

جیهانبەگلوو- من پێموایە ئەگەر بمانەوێت واتایەکی دەقیق لە هاووڵاتی پێشکەش بکەین، سەرەتا دەبێ شار و پێوەندیی شار و هاووڵاتی پێناسە بکەین. ئەڵبەت روانگەی من بۆ ئەم بابەتانە لە دیمەنی فەلسەفی و زانستە سیاسییەکانەوەیە و لەوانەیە بنیادنەرانی شار لەگەڵ پێناسەکەی مندا زۆر تەبا نەبن.

بە بۆچوونی من شار ، یەکەیەکی رێکخراوە کە لەسەر بنەمای یاساگەلی وردبینانە دروست کراوە، ئەڵبەت ئەمە واتایەکی زۆر بەرفرەوانە، بەڵام ئەگەر ئەم واتایە قەبووڵ بکەین، ئەودەم ئەو رۆڵەی کە شار لە دیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤ لە سەردەمە جیاوازەکاندا هەیبووە و لەو چەمکەی کە هاووڵاتی لەو پێوەندییەدا، یاریی دەکات تێدەگەین.

پێموایە هاووڵاتیبوون لە درێژەی مێژوودا لە سێ هەزار ساڵ لەمەو پێشەوە تا ئەمڕۆ جیاوازیگەل و گۆڕانکاریگەلی زۆری هەبووە. بەم پێیە پێوەندیی لەگەڵ شاردا زۆر گرنگە. هاووڵاتی بەو جۆرەی کە لە دەوڵەتشاری ئەسینادا دێتە گۆڕێ، لەگەڵ ئەو چەمکەی کە ئەسینییەکان لە چەمکی پۆلیس هەیانبووە، پێوەندییەکی چڕوپڕی هەیە. لە راستیدا بۆ ئەوان پۆلیس یان دەوڵەتشار بریتی بوو لە فەزایەکی سیاسی — فەلسەفی. بوونی دیموکراسی لە ئەسینای سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا هەمیشە لەگەڵ پرسیاری فەلسەفیدا بووە. ئەم پرسیارە چییە؟ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە هاووڵاتیی ئەسینی کێیە؟ و هاووڵاتیی ئەسینی بۆ باشترکردنی ئەم دەوڵەتشارە چ رۆڵێکی هەیە؟

لە نووسینەکانی ئەرەستۆدا بە رۆڵێك کە ئاکاری شارستانی و رۆڵی شارستانیی مرۆڤ دەیگێڕێت، ئاماژە کراوە. هاووڵاتیی ئەسینی بۆ ئەسینای ئەو سەردەمە کەسێکە کە چالاکانە بۆ شار یان دەوڵەتشارەکەی خۆی تێدەکۆشێت.



پریکلێس دەڵێت: ئێمە نەمان گوتووە ئەگەر کەسێك کاری بە سەر شاری ئێمەوە نەبێت، هاووڵاتی نییە، ئێمە دەڵێین ئەم کەسە بە هیچ شێوەیەك هیچ کارێکی لە نێو ئێمەدا نییە و جێگاکەی ئێرە نییە.

مەبەستی پریکلێس ئەوەیە کە تۆ بۆ ئەوەی کە بتوانیت هاووڵاتی بیت، دەبێ چالاکانە خەریکی مەسەلەکانی شارەکەی خۆت بیت. پێوەندیی شار و هاووڵاتی لە پێوەندیی سیاسی دەرچووە و دۆخێکیتری بە خۆیەوە گرتووە. بۆ وێنە لە دونیای مۆدێرنی سەدەی بیستەمدا لە ژمارەیەکی زۆری شارەکانی جیهاندا هاووڵاتی زیاتر وەك بەکارهێنێك دێتە گۆڕێ تا وەك هۆکارێکی سیاسی و بەو چەشنەی کە لە هاووڵاتیانی ئەسینایان دەویست لە کارەکاندا بەشداری بکەن، لەمان داوا ناکرێ. بە بڕوای من ئەو شتەی کە ئەرەستۆ وەك هونەری ژیان و هونەری هاووڵاتیبوون لێکی دەداتەوە، ئەمڕۆ بۆ ئێمە زۆر گرنگە و دەتوانرێت زیندوو بکرێتەوە و بەکار بهێنرێت.

هۆکاری داکۆکیکردنی من لەسەر ئەم گوتەیە ئەوەیەکە دواتر لە ئەورووپای رۆژئاوا و لە سەردەمی رێنێسانس و پاشان لە سەردەمی مۆدێرندا هەوڵدەدرێت بۆ چەمکی هاووڵاتیبوونی ئەسینی بگەڕێنەوە تا هاوسەنگیی نێوان گەل و دەوڵەت دروست بکرێت.

بە بڕوای من هاووڵاتی کاتێك دەتوانێت چالاك بێت، ئەم هاوسەنگییە لە نێو گەل و دەوڵەتدا دروست بێت. ئەم بابەتە پاش رێنێسانس دووبارە لە لایەن مۆدێرنەکانەوە دێتە گۆڕێ. پاش رێنێسانس باشترین نموونەی ئەم پێوەندییەی شار و هاووڵاتی، «ڤێنیسیا» و «فلۆرانسە». لەم سەردەمەدا بیرمەندانی وەك «مەکیاڤێللی» و «مارسیلۆسی پادوئایی» سەبارەت بە ئاکاری شارستانی قسە دەکەن. ئەم بیرمەندانە زۆرتر بە دونیای رۆم: «کۆماری رۆم» یان ئەسینا ئاماژە دەکەن. من پێموایە ئەمڕۆ ئێمە ئەم چەمکەمان لە دەست داوە. ژمارەیەکی زۆری فەیلەسووف و توێژەرەکانی زانستە سیاسییەکانی جیهان کاتێك دەیانهەوێت چەمکی هاووڵاتیبوون گەڵاڵەبکەن، هەوڵدەدەن ئێمە بەرەو بابەتی ئاکاری شارستانی راکێش بکەن. بۆ نموونە، کومەڵخوازانی ئەمریکا، ئەمڕۆ لایەنگری ئەوەن کە کۆمەڵگەی ئەمریکی لە باری هاووڵاتیبوونەوە، چالاکتر بێت. سەرجەم داواکارییەکەی ئەوان شتێکە کە بۆ خۆیان ئاکاری شارستانیی کۆماریخوازیی پێدەڵێن. چونکە دەزانن ئەگەر بڕیارە هاووڵاتی لە کەشوهەوای شاریدا، رۆڵێکی چالاکی هەبێت، نابێ تەنیا رۆڵی بەکارهێنی پەتیی هەبێت بەڵکو دەبێ بتوانێت خۆی بە جەستەی شاردا بکات تا هەستی لێك گرێدراوی تێدا دروست بێت.

به بڕوای من له شاره مۆدێرنەکاندا ڕووداوێك که به هۆی لاوازیی ئاکاری شارستانی ڕووی داوه، چەشنە ناهاوسەنگییەکە لەنێو ڕۆڵی چالاکی هاوولاتی و جەستەی شاریدا. واته له ڕاستیدا به واتایەك، شار، هاوولاتیی قووت داوه. لەڕوانگەی جێی و مەکانی هاوولاتییان هەستی یەکگرتوویییان له دەست داوه و گرنگتر لەوەی که به شێوەی تایبەتی بۆ من گرنگه و دەتوانرێ قسەی لەسەر بکرێت، بابەتی شارستانیبوونه. واته فەزایەك که تێیدا به شێوەی هەبوونناسانه وتووێژ بکرێت. بابەتی جیاوازیی نێوان گوتاره جۆربەجورەکان تەرح دەکرێت. ئەمڕۆ ئەو فەزایه تێدا چووه.

*** ئێوه له قسەکانتانا له ڕاستیدا تا ڕادەیەك وەڵامی پرسیاری دووهەمتان دایەوه، بەم چەشنە که ئێمه کارلێکی ئەم ڕەوشته و جەستەی شاری چۆن تاوتوێ بکەین؟ ئێوه له پێناسەکەتان له شار و هاوولاتی زیاتر باسی ڕێکخران و ئاکارتان کرد. من دەمەوێ پێوەندیی ئاکار و ڕەوشت و جەستەی شاریش پێناسه بکەن. ئایا ئەم هاوولاتییه ناتوانێت له گوند بێت؟ ئایا جەستەی نوێ و مۆدێرنی شارەکان کاریگەری بە سەر ئاکاری هاوولاتیبوون و شارستانیبوونەوه هەبووه؟ یان به پێچەوانەوه ئەم ئاکاره بەسەر ئەو جەستەیەوه کاریگەری هەبووه و فەزاگەلی لەباری بۆخۆی پێك هێناوه؟ له ڕاستیدا دەمەوێ تا ڕادەیەك باسەکه بەرەو لای دیمەنه فیزیکییەکانی شار بکێشین.**

– به بڕوای من کاتێك دەتهەوێ سەبارەت به مۆدێرنێته و سەردەمی مۆدێرن قسه بکەیت، باسی سەردەمی شارنشینییە. چاخی گوندەکان نییه، له هەموو شوێنێکی دونیادا چ ئێران چ هیندستان چ له چیندا نەریتەکان زیاتر له گوندەکاندا بەردەوامن تا له شارەکاندا، شارەکان فەزاگەلێکن چ مۆدێرن چ نیوه مۆدێرن و چ دۆخێك لە نێوان ئەم دووانەدا، که لەوێدا هاوولاتییان به تێگەیشتنێکی نوێ بەرامبەر مەسەلەکان بەرچەکردار پیشان دەدەن و گۆڕانکارییەکان لەوێ زۆر خێراتر ڕێدەکەون. تەکنۆلۆژیا له شارەکاندا دەتوانێ زۆر خێراتر بڵاو بێتەوه تا له گوندەکاندا. چونکە فەزای شاری دەرفەتی ئەم کاره به ئێمه دەدات.

له گوندەکاندا لەڕووی فیزیکی یان زەینییەوه ڕێگری زۆرتر لەبەردەم تەکنۆلۆژیای نوێدا دانراون. به هاتنی تەکنۆلۆژیای نوێ پێوەندیی نێوان هاوولاتییان و پێوەندیی نێوان شار و هاوولاتیانیش دەگۆڕدرێت. کاتێك ڕاگەیێنەری نوێ یان سیستەمی تەلەفوون له شاردا چێدەکرێت، ڕەوشتی هاوولاتیان لەگەڵ یەکدیدا دەگۆڕدرێت تا ئەو جێگایەی لەوانەیه چەشنی پێوەندییەکان به تەواوی ئاواژی بێت. بەبڕوای من نەشوونماکردنی شاری دەبێ لەگەڵ



ڕێکخراوەییبوونی ڕەوشتی هاوولاتیاندا هاوجووت بێت. ئەمە له ڕۆژئاوادا کراوه، لەبەر ئەوەی که شاره ڕۆژئاوایییەکان بەرەبەره مۆدێرن بوونه و شارنشینی بەرەبەره زاڵ بووه. واته شارنشینی له ڕۆژئاوادا به زۆر پێك نەهاتووه. له کاتێکدا شارنشینی له جیهانی سێهەمدا به نۆژەنکردنەوەی زۆرەکی پێك دێت. ئەستوونییە، ئاسۆیی نییه. ئەم شارنشینییه ئەستوونی و زۆرەکییه بۆته هۆی دروستبوونی هەندێ مەسەله. بۆ نموونه تۆ هەمیشه له شارنشینی و هاوولاتیبوونی ڕۆژئاوادا لەگەڵ سەربەخۆیی و تاکێتیی تاکدا ڕووبەڕووی، ئەڵبەت لەوانەیه تۆ لەگەڵ مندا تەبا نەبیت. به بۆچوونی من شارنشینی بەو واتایەی که ئەمڕۆ تێیدەگەن، شارنشینییەکه که بەرهەمی تێگەیشتنی فەزایی مۆدێرنه و ئەو گۆڕانکارییانەی که مۆدێرنێته له باری فەزای فیزیکییەوه، لەگەڵ خۆیدا هێناونی. له پاڵ ئەم بابەتەدا گرێبەسته کۆمەڵایەتییەکان هەن، واته فەلسەفه سیاسییەکان هەن. له سەردەمێك بەم لاوه لانیکەم له سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەم بەم لاوه بابەتی گرێبەسته کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانێت مافەکانی تاك و هاوولاتیان دیاری بکات و دەست-ەبەریان بکات. ئەنجامەکەی دەتوانم له زۆر فەیلەسووفدا دەست نیشان بکەم: جۆن لوك، سپینۆزا، هابز، ژان ژاك ڕۆسو، ...و بەم چەشنه بابەتی گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەتوانێت دیاریکەری ڕەوشتی هاوولاتیان بێت. بابەتی گرێبەستی کۆمەڵایەتی که له ڕۆژئاوادا دێته گۆڕێ، له بنەڕەتدا چییه؟ بابەتەکە ئەوەیه که مرۆڤەکان دەبێ له دۆخی سروشتی بێنه دەرێ و بچنه نێو کۆمەڵگەی شارستانییەوه. لێرەدا بابەتی شارستانیبوون دووباره دێتەگۆڕێ. واته مرۆڤ دەچێ-ته فەزایەکەوه که دەبێ تێیدا ئاکاری شارستانیبوون ڕەچاو بکرێت و مرۆڤەکان بتوانن پێکەوه پێوەندی دروست بکەن. شتێك که دەمەوێ ئەنجامگیریی بکەم ئەوەیه که نەشونمای فەزایی شاری له دونیای ڕۆژئاوادا پاراستنی سەربەخۆیی تاك و پاراستنی مافەکانی تاکی لەگەڵدا بووه. بەڵام کاتێك ئەم فەزا شارییه و شارنشینی به شێوەی زۆرەکی جێبەجێ کرابێت، به شێوەیەکی پێویست سەربەخۆی تاك و پاراستنی مافەکانی تاکی لەگەڵدا نییه. لەبەر ئەوەی له سەرەوه و به بێ ڕەچاوکردنی مافەکانی تاك جێبەجێ کراوه. واته گوتوویانه وەرن با بونیادەکانی شار دروست بکەین به بێ ئەوەی لەبەرچاوی بگرن که چ هاوولاتیگەلێك دەیانەوێ تێیدا بژین.

وەك ئەوەی که تۆ ئاپارتمان دروست بکەیت به بێ ئەوەی لەبەرچاوی بگریت که لەم کۆمەڵەیەدا کێ دەیهەوێت نیشتەجێ بێت و چ مافگەلێکی هەیه. بۆ وێنه له شاری تاراندا که بابەتی ئێمەیه کۆمەڵانی کەڵەکەبوو و هاوڕەگەزمان هەن که له ئاقارێکی جوگرافیاییدا دانراون، بەڵام خاوەنی مافی یەکسان نین. واته مەسەلەی هاوولاتیبوون لەگەڵ نەبوونی هاوکێشی و هاوسەنگییەکدایه. له کاتێکدا بابەتێکی لەم چەشنه له شاره نوێیەکانی ئەمریکادا بوونی

نییە و تا ئێستاش لە ژمارەیەکی زۆری فەزا شارییەکانی هەوڵدەدرێت مەسەلەیەکی لەم چەشنە سەر هەڵ نەدات. هەرتا ئەم فەزایانە گچکەتر بن، کۆنترۆڵکردنیان ساناترە.

*** ئێمەش لە رابردووی خۆماندا خاوەنی شاری نەریتی بووین، وەك ئیسفەهان کە تێیدا تا رادەیەك پێوەندیگەلی هاوولاتیبوون لەگەڵ یاساکاندا بووە، ئایا دەتوانین ئەم شارانە لەگەڵ شارە مۆدێرنەکان و هەلومەرجەکانیان بەراورد بکەین؟ یان ئەمانە جۆرێك «شار- گوند» بوون؟ ئایا هاوولاتی تەنیا لە شارە مۆدێرنەکاندایە؟ یان ئەوەی کە لە شارە نەریتییەکانیشدا دەتوانین بە دوای هاوولاتیدا بگەرێین؟**

- ئەگەر تۆ رۆم و ئەسینا بە شاری نەریتی بزانیت، دەتوانین بڵێین کە لە شارە نەریتییەکانیشدا هاوولاتیمان هەبووە. بەڵام زۆربەی پسپۆران بۆ ئەسینا و رۆم لە وشەی«کەونارا» یان «کۆن» کەڵك وەردەگرن نەك «نەریتی» کە لە راستیدا جیاوازیی سەرەکیی نێوان دوو چەمکی«ancient city» و «modern city» یە. ئەڵبەت لەنێو شارە کەوناراکانیشدا جیاوازیگەلی زۆر هەیە و ئەم بابەتە «لۆیس مامفورد» لە کتێبەکەیدا شار لە مێژوودا پیشانی داوە. کەش و هەواو و شارییەکانی میسر، بابل، شارستانییەتی ئەزتەك و هیندستان و ئێران پێکەوە جیاوازییان هەیە و خاڵی لێکچووشیان هەیە کە لە سەرجەم ئەوانە شارە کەوناراکان دروست دەکات نەك شارە مۆدێرنەکان. مەسەلەی سەرەکی کە لە شارێکی کەونارادا هەیە، بابەتی چەقبەستن و تەشکگرتنی شار بە دەوری بابەتێکی پیرۆز دایە و وەك مامفۆرد دەڵێت بەبێ ئەم بابەتە پیرۆزە و دەسەڵاتە پیرۆزەکان، شارێکی کەونارا تەنیا خشت و بەردە و هیچیتر. شاری کەونارا لە راستیدا خۆی وێچواندنێکە لە بەهەشت (بۆ وێنە لە سەردەمی رۆمییەکاندا) یان ئەوەی کە ناوەندی وەدیهاتنی چەشنێکە لە خودایەتی (وەك شاری تەبەسی میسری کە ناوەندی خودای هەتاوە). ئەسینا و رۆمیش شاری کەوناراین، بەڵام رەنگە بە جۆرێك هەڵاواردە بن، بە تایبەت ئەسینا کە وەك شارێك لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینددا کەشوهەوای پرۆڤ-ەی دیموکراسی بۆ هاوولاتیانە (پیاوی ١٨ساڵە بەرەو سەر). رووداوێك کە لە ئەسینای سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا روودەدات کە لە مۆدێرنیتەدا بە جۆرێك دووپات دەبێتەوە، مەسەلەی خۆیابوونی هزری دیموکراسییە.

لە دونیای مۆدێرنی سەدەی بیستەمدا هاوولاتی زۆرتر وەك بەکارهێنێك دێتە ئاراوە تا وەك هۆکارێکی سیاسی. کەواتە دەبینی کە ئێمە لە شاری کەوناراشدا هاوولاتیمان هەبووە کە لە



زۆر رەهەندەوە لە هاوولاتیی رۆژەڤ-، هۆشیارتر و بەرپرسانەتر دەجوولێتەوە. بەڵام ئەمەش تەنیا تایبەت بە کۆمەڵگە و شارێکی وەك ئەسینایە کە تێیدا لە نێوان دەولەتشار و خەڵکدا پێوەندییەکی بەتەواوی هاوسەنگ هەیە.

ئەڵبەت ئەمە بە هۆی بچوك بوونی جێ و مەکانی شاریی — سیاسییەکانیشە. بۆ ئەسینییەکان ژمارەی هاوولاتیان بۆ سەلامەتی شار و پێشکەوتنی گرنگە. ئەگەر بۆ کتێبی یاساکانی ئەفلاتوون و سیاسەتی ئەرەستۆ بگەرێینەوە، دەبینین کە بۆ هەردووکیان شاری نموونەیی نابێ زیاتر لە ٤٠ هەزار و کەمتر لە ٥ هەزار هاوولاتیی هەبێت، وەك «کێتۆ» لە کتێبی یۆنانییەکاندا دەڵێت، یەکێك لەو شتانەی کە بۆ یۆنانییەکان جێگای سەرسوڕمان بوو، ئەوەبوو کە ئێرانییەکان چۆن دەتوانن پانتاییەکی بەم گەورەییە بەڕێوە بەرن. بە هەرحاڵ من پێموانییە کە بکرێت لە هاوولاتی بەواتا یۆنانی یان ئەسینییەکەی سەبارەت بە ئیسفەهانی سەردەمی سەفەوییەکان یان بەغدای سەردەمی عەباسییەکان قسە بکرێت. بەغدا شارێکی کەونارایی نا دیموکراتییە، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی عەباسیەکاندا هاوسەنگییەك و هاوکێشییەکی دیموکراسی لە نێوان خەڵك و شار و خەلیفەدا نییە. بەغدای سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاستیان بە سەردەمی زێرینی شارستانیەتی ئیسلامی ناوبردووە، بەڵام ئایا سەردەمی زێرینی هاوولاتیبوونیش لە ئەژمار دەدرێت؟ بێگومان نا. تۆ هارونەڕەشید و پریکلێس پێکەوە بەراورد بکە و بزانە وەك دوو رێبەری سیاسی تا چەند لێك جیاوازن. بە گشتی بەرپرسیارییەتیی نوێنەرانی خەڵك و خەڵك دوولایەنەیە و زۆرەکی نییە. پریکلێس بۆخۆی هاوولاتییەکە و هاوولاتیانیش دەسەڵاتی لابردنی ئەویان هەیە.

لە شارە مودێرنەکاندا چەشنە ناهاوسەنگییەك لە نێو رۆڵی کاریگەری هاوولاتی و جەستەی شاریدا هەیە، واتە لە راستیدا شار هاوولاتیی قووت داوە.

لە مۆدێرنێتەدا، یاساکان و گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان ئەم هاوسەنگییە پێك دەهێنن. تەنانەت ئەگەر هەندێجار بە شێوە راستەکەی پێکیان نەهێنن، بە شێوەی رواڵەتی پێکیان دەهێنن.

*** ئەگەر بمانەوێت شارستانییەتە کۆنەکان بنرخێنین، دەتوانین بڵێین شارستانییەتگەلێکی زۆر خاوەن دەسەڵاتن، بەڵام خێڵەکین. بە شێوەیەك کە لە بنەڕەتدا خاڵی نیش-تەجێبوونی شارییان نییە و هەروەها ئاکاری شاریشیان نییە. ئایا لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بەهاکانیان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا تاوتوێ بکەین؟**

– پرسیارێکی زۆر باشە. پێموایە دەتوانین جیاوازییەك لە نێو ئەو چەشنە ڕێکخستنەی کە بۆ نموونە لە بابل و میسردا هەبوو و ئەوەی ئەمڕۆ لە شارگەلێکی مۆدێرنی وەك لەندەن، پاریس، نیویۆرك و تۆکیۆدا هەیە، ببینین. ئەگەر ئەوەمان قەبووڵ بێت کە شار بەرهەمی شارستانییەتە و ئەوەی کە توێژە مرۆڤناسانە و گێتی ناسانەکانی هەر شارستانییەتێك لە شارەکانی ئەو شارستانییەتەدا دەردەکەون، کەواتە دەتوانین بڵێین تا هەر رادەیەك کە پێکهاتەی شاری کەونارا یان کۆن لە سەر بنەمای یەك جۆر جیهانبینیی ئاسمانی دانراوە، تا ئەو رادەیەش شارە مۆدێرنەکانی ئێمە ئەنجامی کارکرد لە دوو لایەنی مۆدێرنێتە واتە ئەقڵی ئامێری و ئەقڵی رەخنەگرانەن. نەشونمای شار دەبێ لەگەڵ ڕێکخراوەیی بوونی رەوشتی هاوولاتیاندا هاوجووت بێت. ئەمە لە ڕۆژئاوادا کراوە، لەبەر ئەوەی کە شارە ڕۆژئاواییەکان بەرەبەرە گەورە بوونە.

واتە بەوتەیەکیتر شاری کەونارا لە نێوان دیسپلینیی گێتی و دەسەڵاتی پاشایەتیدا پێوەندییەك دروست دەکات. پاشان دەتوانین بڵێین کە ئامانجی دروستکردنی شاری کەونارا یان کۆن پتەوکردنی جێگا و هۆشیاریی مرۆڤ لە جیهان دایە. تۆ کاتێك سەیری میسری کەونارا دەکەیت و شارێکی وەك تەبەسی دێنیتە بەرچاو، چ دەبینی؟

ئاکاری شارستانی کە ئێمە ئەمڕۆ باسی دەکەین، لە تاراندا دەتوانێت لە پاراستنی ژینگەوە دەست پێ بکات.

شارەکانی میسری کەونارا ئەنجامی زەینییەتی مرۆڤناسانە و گێتی ناسانەی میسرییەکانن، هەروا کە لۆسئەنجلس و نیویۆرك ئەنجامی دیاردەیەکن بەناوی «خەونی ئەمریکایی»، خەونێك کە تەنانەت کۆچبەرانی ئێرانی، چینی و رووسییش لە پێکهاتنیدا رۆڵێکی کاریگەریان هەیە. بەڵام خەونی ئەمریکایی خەونێکی مۆدێرنە و ئەنجامی زەینییەتێکی مۆدێرنە کە تاکێتی و تاکخوازی لە چەقی خۆیدا دادەنێت. «ئێمرسۆن» فەیلەسووفی ئەمریکی سەدەی نۆزدەهەم پێی وابوو کە«شار یەکەیێکە لە کۆمار». مەبەستی لە کۆمار لێرەدا تەنیا حکوومەتی کۆماری نییە، بەڵکو چاوگی لاتینیی کۆماری واتە res pulica بە واتای کارێکی گشتییە. ئاخێزگەی شار بۆ مۆدێرنەکان، هاوولاتییەکانن، هەروا کە بۆ ئەسینییەکانیش وابوو. ئەڵبەت بە جیاوازیگەلێکەوە کە ئاماژەیان پێدەکەم. ناوەندی شار دەسەڵاتی خودایی — سیاسی نییە. وەك ژان ژاك رۆسۆ دەڵێت ئەوە خانووەکان نین کە شار دروست دەکەن، بەڵکو هاوولاتییانن. کەواتە لایەنی گرنگی زۆربەی شارە مۆدێرنەکان تاکخوازییە. ئەگەر وەك «والتر بنیامین» دەڵێت لە پاریسی سەدەی نوزدەهەمدا پاساژەکان و پیاسە کردن لە کافتریاکاندا تا ئەم رادەیە پێکهاتە و



هۆنەری شاری دیاری دەکات، هۆکەی ئەوەیە کە تاك و تاکێتی بۆ مۆدێرنەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. خەڵکێك لە شەقامی شارە مۆدێرنەکاندا پیاسە دەکەن و دەژین، لە مافی تاکیی خۆیان ئاگادارن و رەنگە بە جۆرێك لە بەر دیدی کەسانیتردا دایدەنێن. ئەوەی کە ژیانی ئەوان دیاری دەکات، چێژە تاکییەکانن. چونکە وەك «بێنجامین کۆنستان» دەڵێت، بابەتی سەرەکیی هاوولاتییە مۆدێرنەکان ژیانی تایبەتی و چێژە تایبەتییەکانن. ئەم تاکخوازییە دەبێتە جێنشینی لایەنی ئایینی پاشایەتیی شارە کەوناراکانی وەك تەبەس، یان تەنانەت جێنشینی هاوولاتیبوونی بەشدارانە لە چەشنی ئەسینا دەبێت، چونکە ئەو هاوولاتییەی کە ئەرەستۆ باسی لێوەدەکات، بەدوای کارێکی گشتیدا دەگەڕێت و لەگەڵ هاوولاتیی لۆس ئانجلێسدا کە بە دوای کارێکی تایبەتدا دەگەڕێت، جیاوازە.

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە شارەکانی ئێمە، وەك تاران، لە دۆخێکی ناهاوسەنگیدان، بەها نەریتییەکانیان وەلاوە ناوە، بەڵام نەچوونەتە نێو دونیای مۆدێرنەوە پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئێمە لە دۆخی تێپەڕکردنی ڕێگەداین و ناچارین کە ئەم سەردەمی نەبوونی هاوسەنگییە تێپەڕ بکەین؟ و بە رەچاوکردنی بە جیهانیبوون، ئایا ڕێگایەك هەیە کە ئێمە نەریتە باشەکانمان بپارێزین و ئایا ئێمە لەم دۆخەدا دەرچوونمان هەیە؟**

– ئێمە لە شارە نەریتییەکانی ئێراندا بینەری داڕووخانی بونیادە نەریتییەکانین و ئەمەش بە شێوەی پێویست سیستەمی مۆدێرنی جێنشینی خۆی نەکردووە. ئایا ئێستا بەرەو دونیای مۆدێرن هەنگاو دەنێین؟ بەڵێ، بێگومان، ئێمە لە رەوتی بە جیهانیبووندان، لانیکەم لەباری ئامێری و تەکنیکییەوە. ئێمە ئەمڕۆ بمانەوێت و نەمانەوێت ناچارین لەباری راگەیاندنەوە خۆمان لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆدا هاودەنگ بکەین. ئێمە لە تارانی ئەمڕۆدا نووسینگەی ئەنتەرنێتیمان هەیە و کۆمپیتەر لە سەرجەم ڕێکخراوە دەوڵەتییەکاندا هەیە و خۆی لە خۆیدا بۆتە هۆی چێکردنی ئەم پێوەندییە نوێیانە.

من پێموایە ئێمە ناتوانین لە کەش و هەوا فیزیکییە مۆدێرنەکاندا هاوولاتیبوونی مۆدێرنمان هەبێت، ئەگەر بەرپرسیارییەتیی فیزیکیی مۆدێرنی لەگەڵدا نەبێت.

ئەگەر تەماح و چاوچنۆکی وەك چەند واتایەك بێنە نێو کەشوهەوا شارییەکانەوە، ئەمانە لەگەڵ خۆیاندا داڕمان و تێدا چوونی ئاکاری هاوولاتیبوونیان لەگەڵدایە. تۆ ناتوانی بە وشتر هیچکەس بەژێرەوە بکەیت بەڵام بە ئۆتۆمبێل دەتوانی دە کەسیش بکوژیت. لە راستیدا

مۆدێرنێتە لەگەڵ خۆیدا جۆری هەستی بەرپرسیارییەتیی هێناوە. یەکیان لەسەر بنەمای گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان و دووهەم هەستی بەرپرسیارییەتیی پێویست لە بەرانبەر لایەنی نێگەتیڤی مۆدێرنێتەدا. ئێمە بە تەکنولۆژیای مۆدێرن سروشتمان کوشتووە.

ئەقڵی رەخنەگرانەی مۆدێرن لە دووتوویی سەرجەم هزرەکانەوە دێ–تە دەرێ و بابەتی بەرپرسیارییەتیی ئێمە دەرهەق بە سروشت دێنێتە گۆڕێ، واتە لە بەرانبەر گۆی زەوی. ئەمە شتێکە کە ئێستا مۆدێرنێتە پێشکەشی ئێمەی دەکات. ئایا ئاکاری هاووڵاتیبوون کە ئێستا ئێمە لە تاراندا هەمانە، بەم بەرپرسیارییەتییە گەیشتووە؟ نا، ئەو کەسانەی کە لە پێوەندییەکانی هاووڵاتیبوونی تاراندان، تەنانەت ئاشنایەتییان لەگەڵ مافی هاووڵاتیبوونی خۆیاندا نییە.

هەروەها شارنشینیی مۆدێرن و تەکنولۆژیای مۆدێرن تا چەندە دەتوانن ژینگە وێران بکەن؟

لە راستیدا ئێمە لە رەوتی بە جیهانیبووندابین، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هێشتا بەسەر ئاکاری شارستانی و بەرپرسیارییەتیی خۆماندا زاڵ نەبووینە (لەبەر ئەوەی ئێمە ئەقڵی رەخنەگرانەمان لە پاڵ ئەقڵی ئامێریدا دانەناوە) لە کاکەشانی هزریی خۆماندا هێشتا گیرۆدەی نەبوونی هاوسەنگیین.

*** ئەم گوتەیەی کە: هاووڵاتیبوون لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا هەیە، راستە؟**

– بەڵێ

*** بۆ نموونە، شوێنێکی وەك «بەحرەین» لە رووی شکڵ و پێکهاتەوە، لەگەڵ شارە پیشەسازییەکاندا زۆر جیاواز نییە. ئایا دەتوانین بڵێین بەحرەینییەکان کە تا ئەم چەند ساڵەی دوایی تەنانەت لە «بوشەهر»یش خراپتر بوون، هاووڵاتیبوونیان فام کردووە؟ یان ئەوەی کە هۆکارێکی گوشار، بەحرەینی کردۆتە وڵاتێکی پیشەسازی؟**

– بەحرەین وەك «سەنگاپوور» یان «مالیزیا» بە هۆی هۆکارێکی دەرەکییەوە گۆڕدراوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی فەزاگەلێکی فیزیکین کە لەلایەن کومەڵێك هاووڵاتیی تێکەڵاوەوە بەڕێوە دەچن. هەم سەنگاپوور، هەم مالیزیا و هەم «دوبەی» ...

ژمارەیەك مرۆڤی رۆژئاوایی لەوێ کار دەکەن و زەینییەتی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەوێ هێناوە، تەنیا بەحرەینییەکان نین، بەحرەین و وڵاتانی دیکەی وەك بەحرەین بە هۆی گوشاری



دەرەکییەوە بەم خاڵە دەگەن کە بۆ پاراستنی پێوەندییە ئابووری و سیاسییەکان ناچارن بچنە ژێر پێوەندییە مۆدێرنەکانەوە. لەبەر ئەوەی شوێنگەلێکی وەك دوبەی یان سەنگاپوور بە هۆی پێوەندییە ئابوورییە مۆدێرنەکانەوە و پاراستنی ئەم پێوەندییانە ناچارن بەرپرسارییەتییەکانی هاووڵاتیبوونی مۆدێرن قەبووڵ بکەن. رەچاو کردنی یاساکان و کات شتێکی زۆر پێویستە، تۆ ناتوانیت لە دوبەی یان سەنگاپووردا ترافیکی تارانت هەبێت، لەبەر ئەوەی هەمووشتێك ئیفلیج دەبێت. ئەم دۆخە بەرزەخییە ئەنجامی چەشنێك لە نەبوونی هۆشیارییە ئەگەر تۆ لە سەنگاپووردا شارەکە پیس بکەیت، سزا دەدرێیت یان زیندانیت دەکەن، چونکە شارەکە چکۆلەیە و ئەم فەزا گچکەیە بۆ کەسانێك دروستکراوە کە دەیانەوێت لە چەقی ئابووریی جیهانیدا کار بکەن.

تارانیش لە داهاتوودا وای لێدێت، بەڵام دەبێ بۆ ئەم کارە چەشنە ئاکارێکی شارستانی زاڵ بێت. سەرجەم هاووڵاتیانی تارانی خراپ لە شار کەڵك وەردەگرن و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکان بە باشی نەڕونە پێشێ ئەنجامەکەشی گەورەبوونی لە رادەبەدەری فیزیکیی شارە، بەبێ گەورەبوونی ئەقڵانی، لەم دۆخەدا هیچ چەشنە ئەقڵانییەتێك لە هیچ جێگایەکی شاردا بەسەر پێوەندییەکاندا زاڵ نییە.

لە راستیدا چەشنێك لە نەبوونی ئەقڵێکی گەورە، بە سەر فەزای شاردا زاڵە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆ وەك مرۆڤێکی مۆدێرن نەتوانی لەوێدا بژی.

*** بۆ من مەتەڵی مریشك و هێلکەکەی دێتە پێشێ، هەنووکە ئەم کولتورە دەبێ جەستەکەی بگۆڕدرێت، یان دەبێ جەستە بێت تا دیسپلینی سەقامگیر بێت؟ جگە لەوەش کولتور لە یەك ساتدا سەقامگیر نابێت، بەڵام جەستە ساناتر دەگۆڕدرێت . ئایا بە گۆڕانی جەستە دەتوانین بەو ئەقڵانییەتە بگەین؟ لە لایەکیترەوە لە وڵاتانی وەك سەنگاپوور و دوبەی دا کە بە بۆچوونی جەنابتان هێشتا لە ئەقڵانییەتی مۆدێرن بێبەشن، دواجار دەبێ ئەم بێبەشییە چۆن لە جەستەدا خۆی دەربخات؟ رای جەنابتان چییە؟**

– من نەمگوتووە کە لە سەنگاپوور یان دوبەی، ئەندێشەی رەخنەگرانە نییە، لەوانەیە فەلسەفە نەبێت بەڵام ئەو هەلومەرجەی کە لەم شارانەدا پێك هاتووە، بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێك لە بابەتەکانی هاووڵاتیبوون بێنە گۆڕێ. ئێستاکە دەبێ بپرسین جیاوازیی ئەم شوناس و هاووڵاتیبوونە لەگەڵ ئێرانی سەردەمی رەزاشادا چییە کە ئەم بابەتانە بە زۆرەکی سەپێندران؟ ئەم

شارانە خەریکن لە رەوتی جیهانیدا کاردەکەن. بەم پێیە تەنیا بە زورەملێ نۆژەن ناکرێنەوە بەڵکو بە بۆچوونێك پۆست مۆدێرنن، واتە فەزاگەلێك کە لە هەندێ رەهەندەوە لە هالیڤوود دەچن. واتە کەسانێك لە شوێنە جیاوازەکانی جیهانەوە کۆبوونەتەوە و ئەم شارانەیان دروست کردووە تا بتوانن لەوێدا بازرگانیی خۆیان بکەن. لەبەر بوونی ئەم پێوەندییانە تەشکێکی تایبەت لە هاوولاتیبوون دروست کراوە، ئەم تەشکە تایبەتە خاوەنی کارکردە و بە شێوەیەکی پێویست بەرزەخی نییە. رەنگە دۆخێکی تاقیکارییانەی هەبێت. دوبەی و سەنگاپوور تاقیگەگەلێکن بە رەنگامەیی کولتورییەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان لە نەتەوە جۆربەجۆرەکانەوە هاتوون لە پاڵ یەکتریدا دەژین، ئەو شارانە فەزاگەلێکی شارین کە خەڵك دەتوانێ بە باشترین شێوە پێکەوە پێوەندیی ئابووری و بازرگانییان هەبێت، کە ئەمە لە تاراندا نییە. ئێستا ئەو ئاماژەیە کە سەبارەت بە مریشك و هێلکەکە کرا، بە بڕوای من ئەم پێوەندییە لە گوڕێدا نییە. لە پێوەندی لەگەڵ دونیای مۆدێڕندا، پێوەندییەکانی هاوولاتیبوونی بە چڕوپڕی لەنێو جەستە و ئەقڵانییەتدا هەن، بەم شێوازە پێوەندییەکانی هاوولاتیبوونی مۆدێڕن دەتوانن ئەقڵانیەتی مۆدێڕن بەرەو پێشەوە بەرن. بۆ وێنە لەڕوانگەی شارییەوە یەکێك لەو شوێنانەی کە ئەقڵانیەت دەتوانێ تێیدا نەشونما بکات، زانکۆیە. زانکۆ ئەنجامی شارنشینییە، ئەنجامی فەزا شارییە مۆدێڕنەکانە. یەکەم زانکۆکانی جیهان، سوربۆن، پادۆئا، بۆلۆنی، ئۆکسفۆرد، کەمبریج، لە فەزاگەلی شاریدا و بە پێوەندیگەلی شاریی مۆدێڕن لە دایك بوون. کاتێك زانکۆ لە سەر جێگای مەکتەب دادەنێین، پێوەندیگەلی شارنشینیی نوێ دروست دەبن. فەزا شارییەکان دەتوانن ئەقڵانیەتیش دروست بکەن و کەسێك لە زانکۆ دێتە دەرێ، کە هاوولاتیەکی نوێیە، بە زەینیەت و دیدی نوێ بۆ شارەکەی خۆی، کەسێك کە مافەکانی خۆی و بەرپرسیارییەتییە شارییەکان و هاوولاتیبوون باشتر دەناسێت.

لە رۆژئاوادا هەمیشە پیشەکان رۆڵێکی زۆر گرنگیان لە بەرگریکردن لە مافەکانی خۆیان و پاشان بەرگریکردن لە مافەکانی تاك هەبووە کە لە زۆربەی سەردەمە جیاوازە مۆدێڕنەکاندا بوونەتە هۆی دروستبوونی گرێبەستی کۆمەڵایەتی. یەکێك لە یەکەمین راگەیێندراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ «ماگنا کارتا»یە. ماگنا کارتا گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان پاشا و ئاریستوکراتەکاندا بەم واتایە کە ئێمە لە مافەکانی خۆمان بەرگری دەکەین نامانەوێ تۆ هەمیشە دەستمان لە سەر درێژ بکەیت. پێوەندیگەلێکی هاوولاتیبوونی نوێ لە نێوان خۆیاندا دروست دەکەن کە دەیانەوێ توندوتیژی کەم بکەنەوە و من پێموایە کاتێك باسی ئەقڵانییەت و هاوولاتیبوونی مۆدێڕن دەکرێت ، دەبێ ئەم بابەتە لەگەڵ جەستەیەکی شاریدا کە تێیدا توندوتیژی کەم بۆتەوە، هاوواتا بزانرێت. لەوانەیە لە شوێنێکی شاردا توندوتیژی



هەبێت. چونکە ئەم بابەتە شارەکە ئیفلیج دەکات. لەوانەیە لە هارلمدا بتوانین توندوتیژیمان هەبێت. بەڵام ناتوانین لە تەواوی نیۆیۆرکدا توندوتیژیمان هەبێت. بەم پێیە دەبێ پێوەندییەکان لەسەر بنەمای هاوسەنگیی نێوان ئەو هاوولاتیانەدا بێت کە مافی یەکسانیان هەیە.

*** فەرمووتان کە مۆدێڕنێتە کات و شوێن بە ئەقڵانییەتەکەی خۆی، بە هۆی کارکردەکانیەوە ریکوپێك دەکات و کەڵکی لێوەردەگرێت، یاساکانیش بە سەریدا زاڵ دەکات، داهێنانی کاتژمێر، رۆژ ژمێرەکان، رێکوپێك کردنی ئاڵوویرەکان و جووڵانەوەکان، هەموویان لە دونیای مۆدێڕندا پێناسە دەکرێن.**

**تەکنۆلۆژیا نوێیەکانی پێوەندی کە ئەمڕۆ دروست بوون، ئەم رێکوپێك کردنەی شوێن و کات چلۆن دەگۆڕێت. جەنابتان بە ئاماژەکردن بە شوێن و شکڵ و پێکهاتەی شاری و پێوەندییەکانی هاوولاتیان، گوتتان کە پێوەندییەکانی جیهانی هاوچەرخ شوێنیان نییە. ئێستا پرسیار ئەوەیە پێوەندیی دوورادوور چلۆن فەزای هاوولاتیبوون و پێوەندییەکانی نێوان هاوولاتیان دەگوڕێت؟**

پرسیارێکی سەرنج راکێشە، سەدەی بیستەم چەشنە هاوولاتیبوونێکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە هاوولاتیی جیهانییە. ئێمە تا ئێستا باسی هاوولاتیی لۆکاڵمان کرد نەك هاوولاتیی جیهانی. لە دایکبوونی پێوەندیی جیهانی وەك ئەنتەرنێت و ئەو دونیایەی کە ئێمە بە زووترین کات تێیدا دادەنرێین، دونیایەکە کە هاوولاتیی جیهانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

تا ئێستا هاوولاتیبوونی جیهانی فەیلەسووف و بیرمەند و هونەرمەندان هەبووە کە گوتوویانە ئێمە لە پاڵ ئێرانیبووندا جیهانی بیر دەکەینەوە، یان من لە پاڵ فەرەنسایی بووندا جیهانیم. مرۆڤگەلێك وەك گۆتە و ڤۆڵتێر بە چەمکێك کە گۆتە باسی ئەدەبیاتی جیهانی دەکات.

ئەدەبیاتی جیهانی واتە من خەڵکی ئەڵمانیام و دەتوانم حافیز بخوێنمەوە و چێژی لێوەربگرم. لە دونیای ئەمڕۆدا ئەم بابەتە سەبارەت بە مرۆڤە تایبەتییەکان نییە بەڵکو خەڵکی ئاساییش دەگرێتەوە. بابەتەکە ئەوەیە کە پێوەندییە نوێیەکان، خێرایی لە چەقی ژیانی ئێمەدا دادەنێن. واتە تۆ وەك بەکارهێنێك لە تۆری ئەنتەرنێت لەوانەیە لەگەڵ ئەمریکییەك یان چینیەکدا ئیمەیل بگۆڕیتەوە. ئێوە لە یەك شوێن و فەزادا نین بەڵام هەست دەکەن پێکەوە نزیکن، لەوانەیە پێکەوە«وێب سایت»ێك دروست بکەن یان رێکخراوە و دامەزراوەیەکی نادەوڵەتی (ئین.جی.ئۆ) دروست بکەن. بە بڕوای من رووداوێکی لەم چەشنە هەلومەرجی تایبەتیی خۆی هەیە کە لەگەڵ

ئەو هەلومەرجە تایبەتە فەزاییەدا کە ئێمە لە بابەتی شاردا قسەمان لەسەر کرد، نایەتەوە و بەتەواوی جیاوازە. تۆ کاتێك خەریکی لە ئەنترنت کەڵك وەردەگریت، لەو فەزایەدای، کاتێك سواری پاس دەبیت یان لە شاری تاراندا ئۆتۆمبێل لێدەخوڕی، لە فەزایەکی هاووڵاتیبوونیتردایت کە یاساگەلێکی تایبەتی هەیە کە ئێمە تا ئێستا قسەمان لەسەر ئەوە دەکرد. ئەقڵانییەتی مۆدێڕن بەسەر فەزای یەکەم واتە فەزای هاووڵاتیبوونی جیهانیدا زاڵە، بۆ وەی لە بنەڕەتدا بنەما تەکنۆلۆژیکەکەی، ئەوەی پێویستە و لەگەڵ خۆیدا بەرەبەرە ئەم ئەقڵە ئامێرییە بەجیهانی بووە و ئەندێشەی رەخنەگرانەی بە جیهانی بووش دەهێنێت. بەڵام لە فەزا لۆکاڵەکاندا بە شێوەیەکی پێویست بابەتێکی لەم چەشنەمان نییە. هاووڵاتیبوونێکی ئەقڵانیمان نییە، ئێمە هێشتا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە ئێراندا دوو فەزامان هەیە کە لە پاڵ یەکتریدا دەژین یان کەسانێك لە شاری تاراندا دەژین کە ئەمانە لە سەتەلایت و ئەنتەرنێت کەڵك وەردەگرن و بە جۆرێك بە رۆحیەیەکی جیهانییەوە بەرەو رووی دەچن، بۆ وێنە کاتێك لە کافینێتەکاندان، بەڵام هەر لە کافینێتەکان هاتنە دەرێ، دەبنە کەسایەتییەکیتر. راست وەك «جەکیل» و «هاید» بە دوو کەسایەتییەوە دەبنە شتێك کە زۆر کەس «ئسکیزۆفرنیا»ی پێ دەڵێت. واتە ئێمە لەگەڵ چەشنە ئسکیزۆفرنیایەکداین. ئێمە لە یەك کاتدا و لە رۆژ و شەوێکدا دوو ژیانی جیاوازمان هەیە. یان لە بەشێکی رۆژدا دوو ژیانی جیاوازمان هەیە.

*** ئایا ئەم دوو ژیانە کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە نییە؟**

– کاریگەری هەیە. بەڵام مەسەلەکە لێرەدایە کە تۆ تا چەندە هۆشیارانە و چالاك بتهەوێت ببیتە ئەو هاووڵاتییە جیهانییە کە کاریگەری پێویستی بەسەر هاووڵاتیبوونی لۆکاڵی تۆوە هەبێت. ئەگەر کار لەسەر کراو نەبیت و تەنیا رۆڵی کار لەسەر کراوت هەبێت لێرەشدا هەر بەکارهێنیت. واتە لە راستیدا تۆ دەبیتە بەکارهێنی بەرنامەکانی سەتەلایت و ئەنترنێت. تۆ چالاکانە ئەم بەشدارییە بەڕێوە نابەیت. سەرجەم باسەکەی من ئەوەیە کە ئەگەر بمانهەوێت وەك هاووڵاتیانی مۆدێڕن لەم رەوتی بە جیهانیبوونەدا بین، دەبێ ئەقڵی ئامێری و ئەقڵانییەت لەگەڵ خۆماندا بۆ زەینییەتی رۆژانەی خۆمان بهێنین و ئەودەم دەتوانین بڵێین بووین بە جیهانی. نەك ئەوەی تەنیا بەکارهێنی کار لەسەر کراو بین، کە هەر شتێك هات ئێمە تەنیا کەڵکی لێوەر بگرین. بۆ وێنە ئەگەر خاتوو «مادۆنا» لە پاریس جلوبەرگێك لەبەر دەکات، منیش ئەو جلوبەرگە لەبەر بکەم. ئەو کچەی وەك مادۆنا جلوبەرگ لەبەر دەکات، نابێتە مادۆنا. بە



لاساییکردنەوە ئاکاری شارستانی دروست نابێت. لاساییکردنەوە لە راستیدا لە خۆی دیکۆری هالیڤ-وودی دروست دەکات کە لە پێشەوە دێکور و لە پاشەوە بیابانە. ئەوە مۆدەیە و ئێمەش بەردەوام شوێنکەوتووی مۆدەین، بەڵام مۆدێڕن نین لە کاتێکدا هەردووکیان لە یەك چاوگی لاتینەوە هاتوون.

**– هاووڵاتی و هاوڵاتیبوون گیرۆدەی بەرزەخ و قەیرانن. لەم بارودۆخەدا لە چوارچێوەی نەتەوەیی و لە تاراندا، بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە دەبێ چی لەم قەیرانە بکەین؟ و پاشان بۆ وەی کە ئاوڕێکمان لە باسە پێشووەکان دابێتەوە، بە رەچاو کردنی ئەو بابەتانەی کە جەنابتان سەبارەت بە رێکخراوەی شاری وەك تایبەتمەندییەکی گشتیی هاووڵاتیی مۆدێڕن و یاسا هەڵگریی هاووڵاتیان، هێناتانە گۆڕێ، پێوەندیی ئەم مەسەلەیە لە کۆمەڵگەی شاریی ئێران یان تاران لەگەڵ دەوڵەتدا، پلاندانانی شاری یان سیستەمی پلاندانان چییە؟ ئایا ئەم هاووڵاتییە دەبێ یاسادانەر و یاساهەڵگر بێت؟ ئاکاری شارستانیی هەبێت؟ دەبێ لەگەڵ سیستەمی پلاندانان یان دەوڵەتدا چ کارلێك یان سەودایەکی هەبێت؟ و ئایا ئەمە سەبارەت بە کولتور و ئابووریش هەروایە؟**

– بە بڕوای من شتێك کە ئێستا بەرۆکی پێ گرتووین، بابەتی نەبوونی هاوسەنگی یان زێدەڕۆیی‌یە. کەواتە رێچارە ئەوەیە لە چوارچێوەی نەتەوەییدا بگەڕێینەوە بۆ چەشنێك لە هاوسەنگی. لە راستیدا بەرەو زێدەڕۆیی نەرۆینە پێشێ. من هاوسەنگی زیاتر لە نێو پێوەندیی هاووڵاتی و دەوڵەتدا دەبینم. جێگای سەرنجە کە زۆربەی ئێرانییەکان وا بیردەکەنەوە کە یاسادانەری لە پێوەندییەکانی هاووڵاتیبوون دەبێ بە شێوەی ئەستوونی پێك بێت و سەرجەم بەرپرساییەتییەکە لە لایەن دەوڵەتەوەیە. ئەگەر ئێمە بمانەوێت هاووڵاتیی مۆدێڕن بین، دەبێ ئەوە قەبووڵی بکەین کە پێوەندییەکانی هاووڵاتی بە تەنیا ئەستوونی نین، بەڵکوو ئاسۆییشن. واتە تا ئەو رادەیەی کە یاسادانان لە ئاستی وڵاتدا ئەنجام دەدرێ و ئەو بەرپرسیارییەتییانەش کە لە ئاستی وڵاتدا دابەش دەکەین گرنگن، بە هەمان ئەندازەش یاسادانن و یاساهەڵگری لە ئاستی خەڵك و هاووڵاتیاندا گرنگە. بۆ وێنە ئەنجومەنەکانی شار و پیشەگەرەکان دەبێ لە بڕیارداندا دەسەڵاتێکی زۆرتریان هەبێت. ئەم بەرپرسیارییەتییە دەبێ لە ئاستی ئاسۆییشدا بێتە گۆڕێ. ئاکاری شارستانی لە ئاستی ئاسۆییدا دێتە گۆڕێ، ئەگەر هەر هاووڵاتییەك بۆ هاووڵاتی دیکە مافگەلێکی قەبووڵ بێت. لە راستیدا کەسانیتری وەك مرۆڤ قەبووڵ بێت و مافەکانیان پەسەند بکات، لەوێدایە کە پێوەندییەکی هاوسەنگ لەنێو دوو هاووڵاتیدا پێك

دێت، تا ئەو کاتەی ئەم هاوسەنگییە دروست نەبووە، دەوڵەت هەر چەندەش هەوڵبدات، گرفتەکە لەسەر جێگای خۆی دەمێنێتەوە.

کەواتە لە پێوەندییە ئەستوونی و ئاسۆییەکاندا یەکەم چێکردنی پێوەندییەکی هاوسەنگ پێویستە، دووهەم ئەوەی کە هێزی داوەریی هاووڵاتیان زۆرتر بێت. واتە چێکردنی چەشنێك لە هاوسەنگی لە جیاتیی هەرچەشنە زێدەڕۆییەك. چونکە بەم شێوەیە رۆڵی هاووڵاتیبوونی ئەوان زۆرتر دەبێت و رۆڵی بەکارهێنەرییان کەمتر دەبێتەوە و ئەمەش لەگەڵ شارستانییەتدایە و لەگەڵ خۆیدا وتووێژ دەهێنێت. پێش ئەوەی کە ئێمە وتووێژی دەرەوە شارستانیمان هەبێت، دەبێ وتووێژی دەروون شارستانیمان هەبێت ، یان وتووێژی نێوان هاووڵاتیان. ئەم وتووێژە لە راستیدا فەزای وتووێژیی پێویستە. فەزاکانی وتووێژ دەتوانن سمینار، گلەری، گۆڤار و راگەیاندنەکان بن. کەشوهەواکانی وتووێژ چەشنە فرەییخوازییەکی هاووڵاتیبوون دروست دەکەن. فرەییخوازی شارستانی واتە جێگایەك کە ئاکاری شارستانی بتوانێت پێك بێت و پێوەندیی نێوان هاووڵاتیان بە شێوەی بەرپرسانە بێتە گۆڕێ. لەم دۆخەدا زۆربەی توندوتیژی و دژایەتییەکان نامێنن و ئەمەش باشترین سەرچەشنێکە دەتوانێت بێتە ئاراوە، لانیکەم لەباری شار و هاووڵاتیبوونەوە لە شارێکی وەك تاراندا.

*** ئەگەر ئەم هاوسەنگییە دروست بێت، لە مەسەلەکانیی تریشدا سەرکەوتوو دەبین، بۆ نموونە لە مەسەلەکانی ژینگە و وتەزای گەشەسەندنی بەردەوامدا، نە لەسەر جێگای خۆماندا دەمێنینەوە و نە ناکۆکیش بەرهەم دەهێنین.؟**

– هەر ئەو ژینگەیە کە وەك سەرچەشن هێناتەوە، نموونەیەکی زۆر گرنگە. هاووڵاتیانی ئێرانی بە تایبەت تارانییەکان چاوەڕوانی ئەوەن کە دەوڵەت گرفتەکانی ژینگە چارەسەر بکات. من پێموایە ئەو کارانەی کە ئەمڕۆ لە شاری تاراندا بە شێوەی پەرشوبڵاو بەڵام زۆر راستەوخۆ لە لایەن هاووڵاتیانەوە دەکرێن، ئەنجامگەلی باشتریان هەیە. من زۆر لاوی ئێرانیم دیتووە کە دەچنە شاخ و کێوەکان پاکیان دەکەنەوە. گروپە نادەوڵەتییەکان دەتوانن لە پاراستنی ژینگەدا رۆڵی زۆر کاریگەریان هەبێت. نابێ خەڵك تەنیا چاوەڕوان بن تا دەوڵەت کارەکانیان بۆ جێبەجێ بکات، بۆ خۆیان دەبێ ئەم کارانە بکەن. لە راستیدا کارێك کە دەوڵەت دەتوانێت بیکات ئەوەیە کە رێکوپێکی و دیسپلینی بخاتە نێو کارەکانیانەوە. دەوڵەت دەتوانێت سمینارگەلێك پێك بهێنێت کە نوێنەرانی ئەم رێکخراوە نادەوڵەتییانە و دەوڵەتییەکان رێچارە



بدۆزنەوە. من پێموایە ئەو ئاکارە شارستانییەی کە ئێمە رۆژانە قسەی لەسەر دەکەین، دەتوانێ لە تاراندا لە پاراستنی ژینگەوە دەستپێبکات. ئەمە باشترین کارێکە کە تارانییەکان دەتوانن بۆ خۆیان بیکەن و لە نزیکیشەوە بیبینین. ئەوەی کە هۆشیارییان بەرامبەر پیسکردنی هەوا هەبێت کە بۆ خۆیان لە تاراندا دەیکەن. شتێك کە بۆ ئەم بابەتە پێویستە ئەوەیە کە تۆ بەرامبەر شارەکەت هەست بە بەرپرسیارییەتی بکەیت. من دڵنیانیم ئەو دروشمانەی کە شارەوانیی تاران بەرزیان دەکاتەوە بۆ وێنە وەك «شاری ئێمەماڵی ئێمە» کە چەمکی بەرپرسیارییەتیی تێدایە، لە راستیدا هەمووخەڵکی لێی تێ دەگەن یان ئەم لێکگرێدراوییە یەکەم هەنگاو لە ئاراستەی چێکردنی ئاکاری شارستانی و پتەوکردنی مەسەلەی شارستانییەتە. کەس لە رێگای زۆرەکییەوە بە ئەنجامی دڵخواز ناگات. چونکە سیاسەتە زۆرەکییەکان لە زۆربەی شوێنەکانی دۆنیادا تێك شکاون. ئەم مەسەلانە کاتێك سەردەکەون، کە بەرپرسیارییەتیی شارستانییانەی تاکەکانی کومەڵگەیان لەگەڵ بێت. خەڵك دەبێ خۆی قەبووڵ بکات، ئەو کارانەی کە دەوڵەت دەیانکات، لە بەرژەوەندیی ئەواندایە و بۆ خۆشیان دەبێ بەشداریی چالاکانەیان تێیدا هەبێت. لە سەردەمانێکی مێژووی رۆژئاوا بۆ وێنە لە شۆڕشی فەرەنسادا چەند دەوڵەتێك دەبینین کە دەیانەوێت گۆڕانکاریگەلێك بکەن بەڵام خەڵکیش چالاکانە بەشداری دەکەن یان لانیکەم دەستەبژێرەکانیش بڕوایان پێیان هەیە. من دڵنیا نیم ئەو پێوەندییە ئەستوونییە کە ئێستا هەیە، لە لایەن هاووڵاتیانی تارانییەوە قەبووڵ کرابێت ، چونکە ئەگەر قەبووڵ کرابا ، پێوەندیی ئاسۆییش دروست دەبوو، لە کاتێکدا رووداوێکی لەم چەشنە رووی نەداوە. لە راستیدا خەڵك چاوەڕوانی ئەوەن کە دەوڵەت وەڵامدەری گرفتەکانیان بێت و کاتێك دەبینن کە دەوڵەت وڵامدەر نییە بۆ خۆیان هەوڵنادەن بە دوای گرفتەکاندا بچن و چارەسەریان بکەن. شتێك کە پێوەندییە مۆدێرنەکان دروستی دەکەن، کۆمەڵگەی شارستانیی گەشە سەندووە. ئەوەندە ئێمە لەمساڵانەی دواییدا باسی کۆمەڵگەی شارستانیمان کرد، دەبێ ئەنجامەکەی ئەوە بێت کە ئێمە لە کۆمەڵگەدا، ئاکارێکی شارستانیمان هەبێت. چۆن دەکرێ مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی شارستانی بە بێ ئاکاری شارستانیدا بێت. لە دۆخێکی لەم چەشنەدا کۆمەڵگەی شارستانی گەشە ناکات. ئەگەر کومەڵگەکە داواکاری ئەوەیە کە لەسەر بنەمای ئاکاری هاووڵاتیبوون دامەزراوە، بەڵام ئاکاری شارستانیی نەبێت، ئەو کۆمەڵگە شارستانییە تەنیا دروشمێکە. ئەم دۆخە زۆرەکییە کە تۆ باسی دەکەیت دڵنیانیم بتوانێت بە دۆخی دڵخواز کۆتایی بێت. ئەگەر لەنێو سیاسەتەکانی دەوڵەت و رەوشتی

هاووڵاتیان بەو ئەقڵانییەتەوە کە هەیانە، بەشێوەی زەینی مەودا هەبێت، بە بڕوای من ئەم بابەتە کردەنی نییە. دووبارە بابەتی هاوسەنگی دێنمە گۆڕێ، مرۆڤ لە دۆخێکدا کە هاوسەنگیی نییە، ناتوانێت بابەتی هاوسەنگی بهێنێتە گۆڕێ.

*** باسەکەمان لە دۆخی گەورە گێتی و جیهانەوە بە ئاستی شار و گەڕەك گەیشت. لە درێژەیدا کۆمەڵە پرسیارێکم هەیە کە دەمهەوێت پێکەوە تەرحیان بکەم. بە دیمەنی کۆمەڵگە شارییەکان لە ئێراندا، بە تایبەتی دیمەنی تارانییەکان دەست پێدەکەم. تاران شارێکی گەورەیە و باسی ئەوە دەکەن کە بگاتە دە ملوێن کەس، تەنانەت ئەگەر بمانەوێت بە شێوەی زۆرەکی ئەم کارە بکەین، زۆر دژوارە کە دیسپلینییەکی لە پێشدا دیاریکراوی بەسەردا بسەپێنین، بەڵام ئەگەر لەسەر ناوۆکە گچکە شارییەکاندا لە ئاستی گەڕەکەکاندا چەق ببەستین، و بە سەریانەوە کار بکەین و شوناسبەشی بکەین، رەنگە کردەنیتر بیت، ئەوەشی لەسەر بێت کە ئێمەی ئێرانی تا هەر چەندەش لە بەرزەخدا گیرۆدەبین و لاسایی دونیایەکیتر بکەینەوە، بە هەر شێوە مێژینەیەکی کولتوریی دەوڵەمەندمان هەیە. لە ماڵی هەمووماندا دیوانەکانی فیردەوسی و حافیز هەن، سەردەمگەلی سیاسیی شکۆمەند و دەسەڵاتدارێتیی گەورەمان هەبووە و بەشی هەموو ئێرانییەك لەم مێژووە، لە رەگ و خوێنی دایە و هێشتا دەرفەتی خۆدەرخستنی پەیدا نەکردووە. هەروەك دەبینین گرووپە ئێرانییەکانی دەرەوەی ئێران سەرکەوتوو بوون. لەوانەیە ئەم بەرزەخە ناوەکییە بەلێدانی دوگمەیەك دروست بێت و لە ئێرانیشدا ئاپاو بێت. من دەمەوێ سەبارەت بە دیمەنی ئەم کۆمەڵگە شارییانە قسە بکەن و رۆڵ لە داهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوریی وڵاتدا روون بکەنەوە.؟**

– تۆ وشەی شوناست بەکارهێنا ، بە بڕوای من وشەی شۆناسە پێوارە گەڕەکییەکان راستترە. من پێم وایە لە ئێراندا سێ توێژی شارستانی لە زەینی هاووڵاتیاندا هەیە کە ئاماژەیان پێدەکەم.

توێژێك ئێرانی کەونارایە کە سەرجەم ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەسەریەوە رۆنراوە، دووهەم توێژی ئیسلامی شیعە، سێهەم توێژی مۆدێڕن یان لانیکەم ئەوەی کە ئێمە لە مۆدێڕنێتە وەرمان گرتووە کە ئەڵبەت تا ئەمڕۆ ناتەواوە. ئەم سێ توێژە لە راستیدا بەو چەشنەی کە دەبێ پێکەوە لێکگەیشتنیان هەبێت، نییانە. لەباری شاری و هاووڵاتیبوونەوە توێژی مۆدێڕن بە سەر دوو توێژەکەی تردا زاڵە.



توێژی مۆدێڕنی هاووڵاتیی تارانی، ئەو توێژە کە لە مودێرنیتە تێگەیشتووە، سەرجەم پێوەندییە شارییەکانی دیاری دەکات. توێژەکانی تر، یەکیان توێژی ئیمانی دیاری دەکات و ئەویتریان دەبێتە توێژێکی خەیاڵاوی. ئێرانی کەونارا لە راستیدا توێژی خەیاڵیی هاووڵاتیی ئێرانی یان تارانی دیاری دەکات، لەبەر ئەوەی کە ئێرانییەکان بڕوایان بەوە هەیە کە مێژوویەکی گەورە و پڕ لە شانازییان هەیە.

توێژی گرنگی ئیسلامیش توێژی ئیمانییە، ئایینە، کە لەگەڵیدا دەژین و بۆ ئەوان توێژی گرنگە. بەڵام توێژێك کە پێوەندییەکانی هاووڵاتیبوونی ئەوان دیاری دەکات، توێژی مۆدێڕنە. لەبەر ئەوەی کە ئەو شارانەی کە دروست بوون، گیرۆدەی مۆدێڕنێتەن. شاری تاران هەنووکە گیرۆدەی ئێرانی کەونارا نییە، شارێکە کە گیرۆدەی دونیای مۆدێڕنێتەیە. مۆدێڕنێتە لە گەرووی شارەکانی ئێمەدا گیری کردووە و ئەم شارانە هەوڵدەدەن خۆیان لەم دۆخە رزگار بکەن کە ئەڵبەت ئەمەش تەنیا بە تێگەیشتنی دروست لە مودێرنیتە دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین لە هەلومەرجی جیهانی رابکەین. ئەوەی کە ئێمە چاوی خۆمان بنووقێنین و نەمانهەوێت سەیری جیهان بکەین لە راستیدا نابوودییە. رۆڵێك کە میراتی کولتوریی ئێمە دەتوانێت هەیبێت و ناوۆکە گچکە شارییەکان دەتوانن بیگێڕن، هەوڵدانە بۆ ئەوەی کە ئێمە دەتوانین لە دونیای ئەمڕۆدا هاووڵاتیی ئێرانی بین. من هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایەم کە ئێمە دەتوانین پێوەندییەکی راساڵ لەنێو نەریت و مۆدێڕنێتەدا دروست بکەین، پێویست نییە یەکیان بە قازانجی ئەویتریان قوربانی بکەین. تا ئەو جێگایەی کە نەریت دەتوانێت لەگەڵ مۆدێڕنیزمدا وتووێژ بکات، دەپارێزرێت و ئەگینا تێدا دەچێت. مۆدێڕنێتەش ئەگەر نەتوانێ لەگەڵ کەشوهەوای نەریتیی کۆمەڵگە و شاردا پێوەندیی لەبار دروست بکات، هەمیشە لەگەڵ گرفتدا دەستەویەخەیە. ئەگەر دەبینرێت کە لە ژاپۆندا ئەم تێکەڵاوکردنە باش دروست بووە، لەبەر ئەوەیە کە ژاپۆنییەکان ئەم وتووێژەیان کردووە.

مەترسیدارترین شت بۆ هاووڵاتیانی ئێرانی بێ کولتورییە. واتە ئەوەی کە مرۆڤ لەڕووی کولتورییەوە شتێکی نەبێت، چ بۆشایی کولتوری نەریتی، چ مۆدێڕن. واتە ئەوەی کە مرۆڤ ببێت-ە بەکارهێنێکی پەتی، بەبێ شوناس و ونبوون یان چەشنە هیچگەرییەکی شاری. هێشتا دوو کولتوری بوون لە زۆر رەهەندەوە زۆر باشە، واتە ئەوەی کە مرۆڤ وێڕای

ئەوەی کە خاوەنی کولتووری شاریی خۆی بێت، لە هەمان کاتدا کولتورێکی شاریی جیهانیی هەبێت و هۆشیاری لەمەڕ ئەم بابەتە و لێرەدایە کە قەیرانەکان چارەسەر دەبن.

*** لە کاتێکدا رۆژئاواییەکان بۆ خۆیان مۆدێڕنیزم و ئەقلانیەتەکەی دەبەنە ژێر رەخنەوە، ئێمە چۆن بڵێین هاوولاتیبوون بە چەمکی هەبوونی ئاکاری شارستانییە و ئەویش لەسەر بنەمای مۆدێڕنیزم پێك دێت. ژمارەیەکی زۆر هەوڵدەدەن تووڕی بدەن و شتێك لەسەر جێگاکەی دابنێن، پێتان وانییە ئێمە لە باسەکانماندا تۆزێك لە دواوەین؟ رۆژئاواییەکان ئەم سەردەمەیان تێپەڕ کردووە و لەبەر ئەوە هەوڵدەدەن ئەقلانییەتی مۆدێڕن رەتبکەنەوە، ئێمە هێشتا بە دوای وەدەستهێنانی هاوولاتیبوونی مۆدێڕنەوەین.؟**

- پرسیارەکەی تۆ باسێکە کە من هەمیشە دەیکەم. لانیکەم سەبارەت بە پۆست مۆدێڕنیزم لە ئێراندا یان لانیکەم ئەو رەخنەیە کە پۆست مۆدێڕنیزم لە مۆدێڕنێتەی دەگرێت، لە رۆژئاودا. بابەتێك کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا هەمانە ئەوەیە کە ناتوانین بەسەر شێوەکەدا باز بدەین. ئێمە بە بێ تێپەڕکردنی مۆدێڕنێتە ناتوانین بە پۆست مۆدێڕنیزم بگەین. جێگای سەرنجە کە ئێمە سەرنج لە رەخنەی رۆژئاواییەکان لە مۆدێڕنێتە دەدەین بەلام بەڕادەیەکی پێویست سەرنج لە خودی مۆدێڕنێتە نادەین، رۆژئاواییەکان بەو کارە خەریکن بە ئەنجامەکانی زاکیرەی مێژوویی خۆیاندا دەچنەوە، شیکارییان دەکەن، وەك جەنگی جیهانی دووهەم یان ستالینیزم. بەلام ئەو وەلامەی کە وەدەستی دێنن بە هیچ شێوەیەك بردنە ژێر پرسیاری هاوولاتیبوون یان ئاکارە شارییەکەیان نییە.

ئەوان لە شوێنی هەبوونناسانە، هزرە فەلسەفیەکەیان لە جێگای مۆدێڕنیزمەوە هەیە و رەخنە لە لایەنە نایاوەکانی مۆدێڕنێتە دەگرن. نەك لەبەر فڕێدانی ئەقڵ، بەڵکو دەیانەوێت بزانن ئەقلانییەت تا چ رادەیەك دەتوانێت رۆڵی رەخنەگرانەی هەبێت. هەر بەم هۆیەوەیە کە لە دەروونی مۆدێڕنیزمەوە پۆست مۆدێڕنیزم لە دایك دەبێت. رێك لەبەر ئەوەیە کە بیناسازیی پۆست مۆدێڕنی ئێمەش دۆخێکی لەم چەشنەی هەیە. وەك منارەکەی «مەیدانی ئەرجەنتین»، کە کۆپیی منارەی «فیلادلفیایە» و هەموان رەخنەی لێدەگرن، سیمای پشتەوەی ئاجۆر و سیمای پێشەوەی هەمووی شووشەیە. خەوشەکە لێرەدایە.



*** ئێمە لە بیناسازیدا بازدانێکمان نەبووە، سەردەمی زۆر خراپی مۆدێڕنیزمان هەبووە؟**

- ئەو سەردەمەی کە تۆ پێی دەڵێی خراپ، بە بڕوای من هێندەش خراپ نییە. ئێمە مرۆڤگەلی وەك فرووغی و «وارتانمان» هەبووە کە لە پاڵ کەسانی وەك «گەدار»دا، «یاریگەی بانکی سوپایان» دروست کرد. یان بیناگەلێکمان لە تاراندا هەن کە بۆ یەکەمجار لە بتون دروست دەبن. ئەمانە واتایان هەیە و زۆریشیان هەروا ماونەتەوە. ئەمە لەگەڵ سەردەمی قاجارییەکاندا جیاوازیی هەیە کە لە رووی کارت پۆستاڵەوە، قاندرمەی خڕ دروست دەکەن کە بە بڕوای من لە باری لاساییکردنەوەوە شتێکی ناحەزە و هەروەها لە نێوەڕاستی شاری تاراندا منارەگەلێکی ناحەز دروست دەکەن و پێیان دەڵێن منارەی پۆست مۆدێڕن، بۆچی؟ بیناسازیی وارتان لە سەردەمی رەزاشادا واتای هەیە. بۆ وێنە «باخی میللی»، «بینای وەزارەتی دەرەوە»، «بانکی سوپا»، «زانکۆ»، «رێگای ئاسن» کە بە یارمەتیی ئەڵمانییەکان دروستی دەکەن. ئەمانە هەموویان واتایان هەیە و بەرەو سیاسەتێکی تایبەت دەکشێن. تۆ پێم نالێی بینا پۆست مۆدێڕنەکانی تاران چ ئامانجێکیان هەیە؟ واتای چییە؟

*** ئێستاکە بیناسازی بە تەواوی لە خزمەتی مامڵەکردن و لە لایەنی رێکخستنی فەزاوە بە دوورە، کالایەکە بۆ کڕین و فرۆشتن.**

- وایە!

*** ئەو سەردەمە بەم جۆرە نەبوو؟**

- تۆ قسەکەی من قەبووڵ دەکەی. گەورەبوونی فیزیکیی لە رادەبەدەری شار، بەبێ گەورەبوونی ئەقلانی و ئاکاری. بۆچی بیناساز و شارسازی ئێرانی ئەم گەورە بوونە ئاکاری و ئەقلانییەی نییە؟ لە بەر ئەوەی کە پێوەندیگەلێکی هاوولاتیبوونی دروست چێنەکرا. ئێمە خانووی وامان هەیە کە لە کەبابخانە دەچن. خانوو لەگەڵ کەبابخانەدا جیاوازیی هەیە. خانوو بۆ ژیانە و بۆ پاراستنی کەشوهەوای زەینییە.

من له وێنەیەكدا له گۆڤاری فیگارودا دیتم له ماڵێكدا له گەڕەكی «ئیلاهیە»ی تاراندا له پاڵ ئەستێرێكی ئاودا فەرش و قاڵییان ڕاخستبوو، ڕێك ئەو كارەی كه له پاڵ حەوز و باخچەدا كردوویانه، دوو شتی جیاواز له پاڵ یەكتریدا و ئەمەش به واتای قەیرانه.

*** بیناسازیی پۆست مۆدێرن شێوەی نوستالۆژیكی هەیە و دەیهەوێت هەندێك له نەریتەكان زیندوو بكاتەوە و ڕەنگە هۆی ئەوەی كه بیناسازی پۆست مۆدێرنی ئێمه ئەم دۆخەی هەیە، ئەوەیه كه ئێمه به شێوەیەكی دروست نەریتەكانمان ناناسین و ڕەنگە سەردەمی مۆدێرن دابڕانێكی وەهای دروست كردووە كه ئێمه نازانین چبكەین؟**

- قسەكەی تۆ ڕاستە، له بیناسازیی پۆست مۆدێرنی ڕۆژئاوادا، زیندووكردنەوەی نەریتە ڕۆژئاواییەكان هەیە، بەڵام ئێمه له شارێكی وەك تاراندا بە لاساییكردنەوە، خەریكی ژیاندنەوەی نەریتە ڕوژئاواییەكانین نەك نەریتەكانی خۆمان. ئەم تەشكە هەندەسییانه و سیماكانیان هیچ پێوەندییەكیان به ئێمەوە نییە و له «یەزد» و «كاشان»دا نین.

من پێموایە لاوەكانمان بەرەبەرە پێوەندیی خۆیان لەگەڵ كولتورەكەیاندا هەم به شێوەی زەینی و دەروونی له دەست دەدەن، چونكە لەگەڵ كولتوری فەلسەفیی شاعیرانه پێوەندییان نییە و هەم له باری فەزاییەوە. چونكە لەبەر چاوانی لاوی بیست ساڵەی ئێمەدا تەنیا منارە پۆست مۆدێرنەكان بەرز دەبنەوە. له شارگەلی نەریتیی وەك یەزد، كرمان و كاشاندا خانووە نەریتییەكان جگە له «چەند بابەتێكی هەڵواردە» هەموویان تێدا چوون. له لایەن چ كەسێكەوە؟ لەلایەن خودی خەڵكەوە و ئەمەش واتە نەبوونی ئاكاری هاووڵاتیبوون. یەكێك له بابەتەكانی هاووڵاتیبوون پاراستنی فەزای شاریيە. له ڕاستیدا بەشێك له میراتی وڵات به دەستی مروڤەكان تێدا دەچێت و بەم چەشنەیە كه قەیرانی واتا دروست دەبێت چونكه تەنیا پێوەندیی بەكارهێنی و پارە له گۆڕێدایە.

لێرەدا یەكێك لەو كارانەی كه ئێوە وەك گۆڤاری «شهرنگار» (ناوەندی زانیارییە جوگرافییەكان) دەتوانن بیكەن، وریاكردنەوەی خەڵك سەبارەت به دۆخی فیزیكیی شار و گەڕەكەكانه و ئەوەی كه ئەم گەڕەكه چ گرنگییەكی هەیە و نەبوونی، چ زەبرێك له ڕۆحی شار دەدات. نەك هەر فیزیكی شار بەڵكو روحی شاریش، هەموو شارێك ڕۆحی هەیە و له جەستە و ڕۆح پێكهاتووە. شارە گەورەكانی دونیا هەموویان خاوەنی ڕۆحن. ئەم ڕۆحە ناتوانێت نەخوش بێت و دەبێ ئەم ڕۆحە دەرمان بكرێت و ڕۆحی شاریش تەنیا هاووڵاتیان دەتوانن دەرمانی بكەن.



*** بۆ كۆتایی باسەكە، ئایا دەتوانن هەڵسەنگاندنێك له نێو كۆمەڵگە شارییەكانی ئێران و وڵاتێكی ڕۆژهەڵاتیی‌تری وەك هیندستاندا ئەنجام بدەین؟**

- پێموایە بۆ هەڵسەنگاندنی فەزای شاریی ئێرانی و هیندستان دەبێ كولتوری ئێران و هیندستان پێكەوە هەڵسەنگێنین. له ڕاستیدا هەڵسەنگاندنیان نیشانەی ئەوەیە كه چەندە پێكەوە جیاوازییان هەیە. بەشێك له مێژووی ئەم دوو وڵاتە ئێمه لێك نزیك دەكاتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی كه هیندستان ناوەندی بوودیسم و هێندوویزم و قەدەرگەری بووە، مێتود و ڕوانین بۆ جیهان لەگەڵ ڕوانینی ئێرانیدا جیاوازە.

هیندستانی كاتێك سەیری ئاسمان دەكات شتێك دەبینێت و ئێرانیش شتێكی‌تر و لەڕاستیدا كاتێك سەیری زەویش دەكات، كاریگەری ئەو جۆرە تێڕوانینەی بە سەرەوەیە. من پێموایە ئێرانیەكان و هیندستانییەكان جیاوازیگەلی زۆریان هەیە. فەزا شارییەكانیشیان جیاواز له ئێمه دروست كردووە و به شێوەیەكی‌تر تێیاندا دەژین و به شێوەیەكی‌تریش دەچنە ژێر قەیرانی فەزا شارییەكانەوە. بۆ وێنە ئێرانییەكان بە دژواری دەتوانن بەرگەی هەژاری له ئاستێكی بەربڵاودا بگرن. هیندستانییەكان بە هۆی قەدەرگەری و له بەرئەوەی كه چارەنووس خێراتر له ئێرانییەكان قەبووڵ دەكەن، ساناتر توانیویانه له ئاستێكی بەربڵاودا هەژاری قەبووڵ بكەن. له گەورەترین شارەكانی هیندستاندا خەڵكانێك هەن له شەقامەكاندا دەنوون، لەوێ له دایك دەبن و دەمرن، بەڵام له شاری تاراندا تا چەندە دەتوانین دۆخێكی لەم چەشنەمان هەبێت. تێڕوانینی ئێمه بۆ بابەتە هەژارییە شارییەكان زۆر خەماوییە بەڵام بۆ هیندستانییەكان شتێكی قەبووڵ كراوە و بەشێكه له فەزای شاری. من به هیچ شێوەیەك داوەری ناكەم تەنیا خەریكم وەسفی دەكەم. هیندستان له ڕاستیدا گیرۆدەی هەندێ مەسەلەیە، كه ئێمەش گیرۆدەی ئەو مەسەلانەیین. له ڕووی پیسیی كەش و هەواوە، «دێهلی» هەمان ئەو گرفتانەی هەیە كه ئێمه له تاراندا هەمانن و هێشتا نەیتوانیوە وەڵامێك بۆ ئەم مەسەلەیە پەیدا بكات. بەڵام ئەوەی سەرنج ڕاكێشە ئەوەیە كه ڕەنگە بەرپرسیارێتیی شارستانی له ئاستی ئاسۆییدا زۆرتر كار دەكات. واتە ژمارەیەكی زۆر ڕێكخراوەی نادەوڵەتییان هەیە كه ئەمانە بە هاووڵاتیاندا ڕادەگەن. و به تەندروستیی ڕۆحی و جەستەیی ئەم فەزاگەلە ڕادەگەن. هیندستان تا ڕادەیەكی زۆر دەتوانێ بۆ ئێمه نموونە بێت. ئەڵبەت ڕۆڵی مەعنەوییەت له هیندستان زۆرترە و ئەم بابەتە له فەزا شارییەكاندا دەبینرێت. ڕەنگە یەكێك لەو هۆیانەی

که خەڵکی ئەوێ دەتوانن بە بێ توندوتیژی لەم دۆخەدا لە پاڵ یەکتریدا بژین، مەعنـەوییت بێت. «بەمبەئی» لەبـەر ئـەوەی کـە «ناوەنـدی سـینەمایی و بازرگـانی»ی هیندسـتانە، شارێکە کە تێیدا لە یەك کاتدا ژمارەیەکی زۆر «رولزرویس» لە پاڵ مرۆڤگەلێکی ئێجگار هەژار و رووت وقووتدا دەبینرێن.

بە بڕوای مـن دۆخێـك کـە لـە شـارێکی وەك لـۆس ئـانجلێس دا هەیـە، لـە نـەبوونی مەعنەوییەتەوە دێت، بە هۆی پلـەی لـە رادەبـەدەری زۆربـوونی کۆمەڵگـەی شارسـتانی. هیندستانی لە بێنـارێس لـە لێـواری رۆخـی رووبـاری کۆنگـدا دانیـشتووە و بـە پاڵێـدا رولزرویس رەت دەبێت و ئەویش بەشێوەیەکی ئاسایی سەیری دەکات.

لە هیندستان چاوچنۆکی و بەخێڵی بوونی نییە. ئەگەر تەماح و بـەخێڵی وەك هەنـدێك واتـا بێنـە نـاو فـەزا شـارییەکانەوە، لەگـەڵ خۆیانـدا کەمبوونـەوە و داڕمـانی ئاکـاری هاوولاتیبوون دەهێنن و ئەمەش رووداوێکە کە بە بڕوای من لـە شـاری تاراندا قـەوماوە. دەبێ ئەوەش بڵێم بە هۆی کۆمەڵگەی بەکارهێن و گەورەبوونی نائەقڵانی و ئاقڵانـەی شـار و گەورەبوونی فیزیکی، ئەم تەماح و بەخێڵییە هەیە، چونکە هەموان دەیانەوێت بەکارهێن بن. بەڵام لەگەڵ خۆیدا دابـەزینێکی ئاکـاریی ترسـێنەری هەیـە. دەبـێ ئـاوڕ لـەم گرفتـە بدرێتەوە ئەگینا دەتوانێت ئەنجامگەلێکی زۆر خراپی هەبێت. **(فصلنامەی شهرنگار)**

## بەشی چوارەم:

# توندوتیژیی مۆدێڕنێتە و جێگرەوەکانی توندوتیژی

## توندوتیژیی مۆدێڕنێتە

زۆر جاران چەمکی مۆدێڕنێتە لەگەڵ چەمکەکانی وەك ئازادی، پێشکەوتن، یەکسانی و ئەقڵانییەتدا بووە. ئەم چەمکانە لە دروشم و بەرنامە فەلسەفییەکانی بزاڤی رۆشنگەری و شۆڕشی فەڕەنسادا و پاشان، پاش سەردەمێکی لێکدابڕان، لە دوو وانەی سیاسیی بەناوبانگی سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەم واتە لیبرالیزم و سۆسیالیزمدا خۆیا بوون. لە لایەکی‌تریشەوە روخسارگەلی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی وەك هیتلەر و ستالین دیمەنێکی جیاوازیان لە پێوەندی لەگەڵ ئامانجەکانی روشنگەری و مۆدێڕنێتەی سیاسیدا کردەوە. لە دیمەنێکی رەشبینانەوە دەتوانین بڵێین کە مۆدێڕنێتە رێگای رەهاگەریگەلێکی وەك نازیسم و ستالینیزمی کردەوە و ئەمەش لە خەونەکانی نازیسمدا وەك دروستکردنی کومەڵگەیەکی ئەتنیکی و کومەڵگەیەکی گشتخواز پێك هات.

زیگمۆند باومەن، لە تێڕوانینێکی پۆست مۆدێڕندا روانگە رەشبینانەکانی خۆی لە قاڵبی ئەندێشەیەکدا دەردەبڕێت کە پێوەندییەکی راستەوخۆ لە نێو ئەقڵانییەتی ئامێری و کوشتنی بە کومەڵی جوولەکەکان لە ئاشویتسدا دەبینێت. فیلیپ. ك. لارێنس لە کتێبەکەی لە ژێر ناوی مۆدێڕنێتە و جەنگدا دەنووسێت کە نێواخنی سەرەکیی مۆدێڕنێتە «زاڵبوونی شارستانییەتە رۆژئاواییەکان بە سەر زەوی و خەڵکانی‌تردا، جێگای زانست لە رۆنان و رێکخستنی کۆمەڵگە و خێزبردنی ئەقڵانییەتی ئامێری و تەکنۆلۆژییە». بە وتەیەکی‌تر توخمە بنەڕەتییەکانی مۆدێڕنێتە لە وجودیەت، زانستگەرایی و ئەقڵانییەتی ئامێری، وەك بیانووگەلێکیان لێ هاتووە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ئەو کولتورە بیانی و غەوارانەی کە لە هێڵی ئایدیۆلۆژیی یاسای پێشکەوتن و گەشەسەندنیدا پەردەی لە رووی چییەتیی کاولکارانە لاداوە. لەم پێوەندییەدا، یەکێك لە کاراکترەکانی فیلمی پارچەکانی وتووێژ دەرهێنانی لوکینو ویسکونتی دەڵێت: «تاوانی پێشکەوتن مەرگە».

لە دونیای ئەمڕۆدا، کاریگەری بەردەوامی مۆدێڕنێتە و وێنەی مرۆڤ وەك تاکێکی ئەقڵانی و سەربەخۆ دێتە پێش چاو کە خاوەنی ئیرادەی ئازادە. تاکی مۆدێڕنی سەدەی بیست و یەکەم سروشتێکی تاکخوازانەی هەیە: خۆخواز، خودتەوەرە و هەوڵدەدات دەسەڵات، سامان و پلەی کۆمەڵایەتیی زۆرتر و زۆرتر وەدەست بخات. تاکی مۆدێڕن لە بیرکردنەوە سەبارەت بە چەمکی



مەعنەویی ژیان راوەستاوە و ژیانی لە نێوان مەبەست و ئامانجگەلێکی دابەشکراو کە لە لایەن دەوروبەرەوە لە سەری بار کراون و بۆ وەدەستهێنان پێویستییان بە خێرایی و کارامەیی هەیە و بە شێوەیەکی گشتی رێگری هەرچەشنە گەشەسەندن و پێگەیشتنی واتایی لە ژیاندان. مەك ئینتایر لە باسە روشنگەرانەکەیدا سەبارەت بە سەردەمی ئێستا، بۆچوونی ئەوەیە کە «مۆدێڕنێتە ژیانی مرۆڤ بە سەر بەشگەلێکی جیاواز دابەش دەکات و جوێیان دەکاتەوە کە هەر کامە و نۆرم و شێوەگەلی رەوشتی تایبەتی خۆیان هەیە. لە ئەنجامدا کار لە کاتی پشوودان جوێ کراوەتەوە. ژیانی تایبەتی لە ژیانی گشتی و ژیانی ئیداری لە ژیانی تاکی جودایە. بەم چەشنە سەردەمی منداڵی و پیریی مروڤ، لە سەردەمەکانیتر ژیانی مرۆڤ دابڕاوە و جودایە و قەڵەمرەوگەلی تایبەتیان لێ دروست کراوە و سەرجەم ئەو جوێکردنەوانە بە جۆرێك جێبەجێکراون کە سنوورەکان و رادەی هەرکامیان (نەك یەکگرتوویی ژیانی تاکی) رۆڵی تەوەرییان لە شێوازی ئەندێشە و هەستی ئێمەدا پەیدا کردووە.»(After Virtne.190)

جگە لەمانەش، کومەڵگە ئیدی بەرپرسیارییەتیی ئەو دەستە پێوەندی و هەڵسوکەوتە مرۆییانە کە بە هۆی فەزیلەتەکانەوە، گەورە دەبن، لە ئەستۆ ناگرێت. مۆدێڕنێتە کە ئازادیی لە ژێر چنگ نەریتە جیاوازە ناسێکولارەکاندا دەرهێنا، زۆرتر چووە پێشەوە و بەخێڵی و تەماحە داپۆشراوەکانی قووڵایی دڵی مروڤەکانی ئازاد کرد. لەم کولتورەدا رازیکردنی تەماحداری، توندوتیژیی ئەقلانی، لە پرۆسەی لە رێبردنی ئایدۆلۆژی و وەدەرنانی ئەوانەی کە لە بەرانبەر گوتاری مەعریفەییدا خۆ بەدەستەوە نادەن، رۆڵێکی کاریگەری هەیە. بەکورتی بزۆزیی مۆدێڕن لە پرۆسەی بە شارستانیکردن پێوەندییەکی چڕوپڕی لە نێوان کەسایەتیی تاکی مۆدێڕن و پەیکەربەندیی سیاسیی دەوڵەتدا پێك هێناوە. لە بەستێنی ئەم نزیکایەتی و پێوەندییەدا، زۆربەی مێژوونووسە کۆمەڵایەتییەکان و بیرمەندە سیاسییەکان لەگەڵ بەبەرباسە سەرەکییەکانی نوربێرت ئەلیاسدا هاودەنگن، ئەلیاس دەڵێت: قووڵبوونەوە و شیکاریی قووڵ و بەرەبەرەیی لە خود-دیسپلیندا، تێپەڕینێکە لە چاوەدێرییە کۆمەڵایەتییەکان، لە سەر بنەمای سووکایەتیکردنی گشتی، زۆربوونی چاوەدێرییە جیرانییەکان،تاوانبارکردنی هەڵەی رۆحانییە کڵیساییەکان و ترسان لە دەروونیکردنی نۆرمەکان و بەهاکان بۆ دۆخێکی مۆدێڕن کە تاك بۆ هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی (لە رەگەزەوە تا مەسەلە سیاسییەکان و نانخواردن) سنوورگەلێکی نوێ لە بەرچاو دەگرێت. تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەندێشەی ئەلیاس سەرنجی بێڕادە لە پاوەنکردنی توندوتیژی و بەهێزکردنی بازنەکانی گرێدراویی کۆمەڵایەتییە. ئەلیاس بنەمای باسەکەی خۆی لە

سەر توندوتیژی و خەسڵەتگەلێك دادەمەزرێنێت کە لە ڕەوتی مێژووی ئەورووپادا ڕۆڵێکی گرنگیان لە پرۆسەی«بەشارستانیکردن» بە واتای دەروونیکردنی کۆت و بەندەکان و بەرتەسکایەتییە کۆمەڵایەتیەکان گێڕا. ئەلیاس هەروەها وەبیرمان دێنێتەوە کە دەوڵەت نەتەوەکان بەرەبەرە لە دیمەنێکی سیاسیی پەرشوبڵاوی سەرەتای سەدەکانی نێوەڕاستەوە خۆیابوونە و دەتوانین ئەم سەرهەڵدانە وەك پرۆسەی پاوەنکردنی توندوتیژی و چەقبەستووکردنی دەسەڵات، تاوتوێ بکەین. ئەلیاس، ڕوانگەی فرۆید سەبارەت بە گۆڕانکارییە دەروونناسانەکانی مرۆڤ لە تێپەڕینی مێژوودا وەك تایبەتمەندییەکی گرنگ لە بەرباسە کۆمەڵناسییە مێژووییەکانی خۆیدا دادەنێت. ئەلیاس هیچکات لە ناوی «شارستانییەت» کەڵك وەرناگرێت بەڵکو سەبارەت بە «پرۆسەی بەشارستانیکردن» واتە شێوازی ڕوانین لە شارستانیەت قسە دەکات کە لەگەڵ تێڕوانین و ئەندێشەی فرۆیدیشدا نزیکایەتی هەیە. ئەلیاس بە باشی وریایە کە پرۆسەی شارستانییەت و شارستانیکردن شیاوی گەڕانەوەیە و دەتوانێت ببێتە سەردەمگەلی ژیارسڕینەوەی توند و قەیرانیی وەك جەنگە جیهانییەکان و سەرهەڵدانی ڕایشی سێهەم. بە پێی قسەی ئەلیاس، سەرهەڵدانی هەلومەرجی دەوڵەتی مۆدێڕن و پاوەنکردنی توندوتیژی نەشونماکردنی وابەستەیی ئەندامانی کۆمەڵگە بە دەوڵەتەوە، پێویستی بەخود چاوەدێری زۆرتری تاك هەیە. لە ڕوانگەی ئەلیاسەوە بە دەستپێکردنی سەردەمی مۆدێڕن، ڕۆژئاواییەکان دەستیان بە چاکسازیکردنی تێڕوانینی خۆیان بۆ هەموو شتێك، لەوانە خۆراك و خەوتن و تەنانەت پێوەندییە سێکسییەکان کرد. بەڵام لەم نێوەدا گرنگترین توخم ئەوەبوو کە ئەقڵانییەتی مۆدێڕن لە توندوتیژیی دەوڵەت بۆ سزادانی تاکەکان کەڵکی وەردەگرت تا هاووڵاتیان ناچار بکات کە لەگەڵ سروشتی هاووڵاتیبوونی مۆدێڕندا ڕابێن. تێڕوانینی ئەلیاس بۆ بەستێنی توندوتیژیی مۆدێڕن میشل فۆکۆمان وەبیر دێنێتەوە و شیکارییەکەی لە دامەزراوە سیاسی و قانوونییە مۆدێڕنەکان وەك ڕواڵەتگەلی هاودەنگ کەری پێوەندییە دوو لایەنە مرۆڤانەکان کە لە پرۆسەی شاردنەوە و شەرعییەتدان بە میکانیزمی مولزەمکردنی توندوتیژ بەناوی «دیسپلینی» دەتوانن ڕۆڵێکی ئامێریی تایبەتیان هەبێت. تێڕوانینی فۆکۆ لێرەدا لەگەڵ تێڕوانینەکەی لەمەڕ سەرهەڵدان و زۆربوونی کردە دیسیپلینییەکان لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی هەژدەهەمی ئەورووپادا لە پێوەندی دایە. سەرنجی سەرەکیی فۆکۆ لەم شیکارییەدا نەك هەر لە دامەزراوە نوێنەرەکانی دەسەڵاتە، بەڵکو زۆرتر لە جاران سەرنج لە تەشکگرتنی دیاردەیەکە کە فۆکۆ بە «دەسەڵاتی ژین» ناوی دەبات، وات-ە دەسەڵاتی حاکمیەت لە سەر ژیانی تاکەکان و کاریگەرییان لە پتەوکردنی یاسا و هاووڵاتیبوون لە



لیبراڵ دیموکراسییەکاندا. فۆکۆ بە چەمکی دوو چەشنی بوونی تاکی سیاسی، وەك بکەری مەعریفەیەك کە لە ڕەوتی کردە نۆرمسازەکاندا شکڵ و شێوەی وەرگرتووە و وەك هاووڵاتییەك خاوەنی ماف و ئازادییە، ئاماژە دەکات. مەبەستی فۆکۆ لە پیشاندانی جموجوڵی دەسەڵات و توندوتیژی لە ناوەوەی بونیادی دەسەڵات، ئەوەیە کە کاریگەرییەکانی ئەم کۆمەڵەیە کاڵتر و کەم مەترسیتر بکات. پێوەندییەکانی دەسەڵات نە زیاد دەبن و نە هەڵدەواسرێن و نە تێدا دەچن. بەڵام دەتوانین لە سەرهەڵدانەوەیان لە ناوەوەی بونیادەکانی توندوتیژیدا پێشگیری بکرێت.

لە بیردۆزە سیاسییە مۆدێڕنەکاندا، چەمکی «سیاسی» لە گەڵ وشەی «دەوڵەت»دا وەکیەك ناسراوە. هزری دەوڵەت زۆربەی کات لەگەڵ دیسپلینیی یاسایی ناتایبەتیدا وەسف دەکرێت کە توانای بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی توندوتیژی و چاوەدێریکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەی هەیە. کاتێك بیرمەندانی زانستە سیاسییەکان، سەیری مێژووی هزری سیاسی دەکەن، حەز دەکەن، مەکیاڤێللی وەك یەکەمین بیرمەند لە بەستێنی «توندوتیژیی دەوڵەت»دا لە ئەژمار بدەن. بە تایبەتی حەز دەکەن کتێبی میری مەکیاڤیلی وەك یەکەم نامیلکەی سیاسی بۆ تێکەڵاوکردنی تێڕوانین بۆ بابەتە سیاسییەکان لەگەڵ ڕۆحی بوونی دەوڵەت لە ئەژمار بدەن. چەمکی مەکیاڤێللی لە سیاسەت لە کتێبی میر دا بە شێوەیەکی ڕوون، لە شێوازی تێگەیشتنی مەکیاڤێللی لە هونەری جەنگ وەرگیراوە. بە بۆچوونی مەکیاڤێللی سیاسەتیش هەروەك جەنگ، خەباتێکی خراپکارانە بو زاڵبوون، کونترۆڵ و سەرکەوتن بەسەر هێزەکانی بەرانبەرەوەیە. هەربۆیە مەکیاڤێللی لە کتێبەکەیدا ئامۆژگاریی میردەکات کە «هیچ ئامانج یان ئەندێشەیەکی تری ...جگە لە جەنگ، ڕێکخستنی جەنگ و دیسیپلینی و دیسیپلینی پێویست لە سەردا نەبێت» (میر ٥٣). هەر ئەم هونەرە بە تەنێ بۆ سەرکەوتن و گەشانەوە لە سیاسەتدا پێویست-ە. مەکیاڤێللی، وەك ڕێکخەری سوپای شاری فلۆرانس دەزانێت کە لە نێوان مرۆڤە چەکدارەکان و مرۆڤە بێ چەکەکاندا شتێك بۆ هەڵسەنگاندن بوونی نییە. سەرکەوتن لە شەڕدا پێویستیی بە زانست لە مێتۆدە فێڵکارانەکانی هێرش و هەروەها شەڕی چەکدارانەی دەستەویەخەیە. مەکیاڤێللی لە بەشی شەشەمی کتێبی میردا لە نێوان دوو چەمکی کەڵك وەرگرتنی دروست لە دڵڕەقی  و کەڵك وەرگرتنی هەڵە لە دڵڕەقی جیاوازیی داناوە. کەڵك وەرگرتنی دروست لە دڵڕەقی جۆرە وەحشیگەرییەکە کە کەسێك لە جووڵانەوەیەکی خێرادا بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی دەیکات. کەڵك وەرگرتنی هەڵە لە دڵڕەقی بە بۆچوونی مەکیاڤێللی دەتوانێت بڕیارێکی ئاکاریی دروست بێت، بۆ وێنە لە دۆخێکدا کە دەسەڵاتی میر پتەوتر بکات. لە ڕاستیدا مەکیاڤیلی کەڵك

وەرگرتنی نادروست لە دلڕەقی فامدەکات، چونکە دەتوانێت بۆ ئارامیی دەروونیی دەوڵەتێك مەترسیدار بێت. ئەگەر میر بیەوێت بە بێ هۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بکوژێت، سروشتییە کە پشتگیریی خەڵك لە دەست دەدات. روانگەی گشتیی مەکیاڤێللی سەبارەت بە توندوتیژی لە سیاسەتدا، پێوەندییەکی نزیکی بە تێڕوانینەکەی سەبارەت بە چییەتی و سروشتی مرۆڤەوە هەیە و لێرەدا، شیکارییەکەی لە شیکاریی هۆبز سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ زۆر نزیك دەبێتەوە.

بە بۆچوونی مەکیاڤیللی مرۆڤ لە کۆت و بەندی عاتیفەکانی خۆیدا گیرۆدە بووە. مرۆڤ کورتبین و لاساییکەر و دەسبەسەرداگرە. مەیل و ویستەکانی بێ سنوورن و لەگەڵ رادەی تواناکانیدا پێوەندییەکی لاوازیان هەیە. ئەم خۆخوازییە دەبێتە هۆی جەنگی نێوان ئەو کەسانەی کە حەز لە زاڵبوون دەکەن و ئەو کەسانەی کە حەز لە ئازادی لە بەندی زاڵبوون دەکەن. زاڵبوون بۆخۆی یەك لە مەیلە عاتیفییەکانی مرۆڤە. هەربۆیە بە بۆچوونی مەکیاڤێللی، جەنگ و پێکدادان، هەم لە ئاستی شارستانی و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا لە نێو گرووپە مرۆییەکاندا دەستپێدەکات. لەبەر ئەوەی کە جەنگ لە بنەماکانی سروشتی مرۆییەوە ئاخێز دەکات، کەواتە لانیکەم لە سەرجەم کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بوونێکی شاراوەی هەیە و هەربۆیە رێگەلێنەگیراوە. یەکێك لە سەرقاڵییە بنەماییەکانی مەکیاڤێللی لە سیاسەتدا، کۆنترۆڵ و بەکارهێنانی توندوتیژی لە خزمەت و بەرژەوەندیی دەوڵەت دایە. بەوتەیەکی تر، جەنگ و سیاسەت گشتێکی زیندوو دروست دەکەن. لە کاتێکدا جەنگ ئامێرێکی سیاسییە، سیاسەت بۆخۆی چالاکییەکی جەنگ ئاسایە. ئێمە هەمووومان لە گەڵ رستە بە ناوبانگەکەی کلاوس ویتزدا ئاشنایەتیمان هەیە کە دەڵێت جەنگ سیاسەتێکە بە هۆی کەرەستەیەکی تر (توندوتیژی)ەوە بە کار دێت. ئەم روانگەیە لە لایەن لێنینیستەکانەوە لە سەردەمە مۆدێڕنەکاندا قەبووڵ کرا. لە راستیدا لێنینیستەکان بە روانگەی سەرەکیی مەکیاڤیللییەوە، واتە ئەوەی کە سیاسەت هەر جەنگە، بەڵام بە کەرستەیەکی کەمتر توندوتیژەوە، نزیك بوونەوە.

هۆبزیش لە یەکەم بیرمەندە سیاسییە مۆدێڕنەکانە کە رۆڵی توندوتیژیی بۆ داهێنان و پاراستنی دەسەڵات فامکردووە و رەچاوی کردووە. بە بڕوای هۆبز سیاسەت شێوەیەکە لە توندوتیژی کە بۆ پاراستن و سەقامگیربوونی چەشنێك لە لۆیاتان بە کار دێت، کە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەقڵانیی تاکەکان لە بەرهەڵستی لەگەڵ جیهانی ترس و بێ ئارامی‌یە. هۆبز لە رێگای بیردۆزەیەك لە سەر بنەمای چییەتی و سروشتی مرۆیی دەسەڵاتی حاکمییەت و بەڵێندەریی سیاسی دەسەلمێنێت و پێی وایە کە هۆکاری بوونی دەوڵەت وەك توندوتیژییەکی



کۆتایی، چ سەرەڕۆ و چ شەرعی بۆ ئەم مەبەستەیە کە بۆ هەمیشە گێچەڵی پاشاگەردانی ببڕێتەوە. هۆبز بە هێنانەگۆڕی بەرباسگەلی لەم چەشنە، بە دوای دروستکردنی فەلسەفەی سیاسییەوەیە کە بۆخوی خاڵێکی دەسپێکی سەرنج راکێش بۆ تاوتوێکردنی بیردۆزیی مۆدێڕنی توندوتیژییە. ئەنجامگرتنە سیاسییەکانی هۆبز لە سەر پێویستیی بوونی دەوڵەتێکی بەهێز و تووڕە بۆ دانانی یاساکان و دابینکردنی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی داکۆکی دەکەن. داکۆکیکردنی هۆبز لەسەر ئەم خاڵەیە کە «هەمیشە مەیلێکی گشتیی ماندوویی نەناس بۆ دەسەڵات هەیە کە تەنیا بە مەرگی مرۆڤ- دادەمرکێت». (لۆیاتان١٦١). ئەنجامی ئەم مەیلە، جەنگی بەردەوام بۆ مانەوەیە. هەر بۆیە تاکەکان دەبێ لە رێگای گواستنەوەی مافەکانیان بۆ حاکمیەتێکی بەهێز، لەو دەسەڵاتەدا داوابکەن کە لە تەناهیی گیانی وماڵیی ئەوان بەرگری بکات. بەڵام لە روانگەی هۆبزەوە ئەم گواستنەوەیە تەنیا لە دۆخێکدا دەلوێ کە حاکمییەت یەکپارچە بێت و تاکەکانیش هەرکامەو بە بەڵێنەکانی خۆیان وەفادار بمێننەوە. پێوەندیی یەکپارچەی دەسەڵات بۆخوی دەبێتە هۆی رەزامەندیی هاووڵاتیان لە حاکمییەت. دەسەڵاتێکی سیاسیی یەکپارچە لە بەکارهینانی دەسەڵاتی حاکمییەتەوە لە دایك دەبێت. لێرەدا دەتوانین دەسەڵاتی بیردۆزیی سیاسیی هۆبز بدۆزینەوە و لەوە بگەین کە ئەندێشەی لۆیاتانێکی بەدەسەڵات و تووڕە تا چ رادەیەك پێویست دێتە پێش چاو. چونکە ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتەکان لە سەدەی بیستەمدا لە ژێر دەسەڵاتی «خوداوەندانی مردوو» (هیتلەر، ستالین، مائۆ)دا بوون. هەروەها رۆڵی یاسایی و یاسادانەرانەی دەوڵەت، وەك دەسەڵاتێکی پتەو و یەکگرتوو، لەگەڵ توندوتیژیی شاراوە و ئاشکرادا، بە شێوەیەکی هەژێنەر مۆدێڕن و هاوچەرخە. لە روانگەی هۆبزەوە، مەسەلەی سەرەکیی فەلسەفەی سیاسی دۆزینەوەی وەڵامێك بۆ سنووردارکردنی توندوتیژیی هەموان دژی هەموانە. ئەم سنووردارکردنە دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر لە لایەن حاکمییەتێکەوە بەکار بهێنرێت کە مافی کەڵك وەرگرتن لە توندوتیژیی بە شێوەی پاوانکراو و بە جۆری یاسایی و گرێبەستی هەیە. بە وتەیەکیتر حاکمییەت لە روانگەی هۆبزەوە، بریتییە لە فاکتەرێك کە پاوەنکردنی دەستپێکردنی توندوتیژیی لە کۆمەڵگەدا هەیە. حاکمییەتی هۆبزی بە کەڵك وەرگرتن لە دەستپێکردنی توندوتیژی بەرامبەر کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی تێداچوونی «دۆخی سروشتی» و چێبوونی هەلومەرجی تەناهیی ئەوان. کەواتە رێچارەی هۆبز بۆ دەرچوون لە جەنگی ناوەکی، واتە ئەوەی کە هۆبز بە جەنگی هەموان دژی هەموان ناوی دەبات، سەقامگیربوونی لۆیاتانە کە لە راستیدا بۆخۆی تەشکێکی‌تر لە توندوتیژیی رێکخراو و بە ئەقڵانی کراوە. بەم پێیە

له روانگەی هۆبزەوە ئەنجامی سیاسیی ئەم ئەندێشەیە کە گەوهەری سروشتی مرۆیی توندوتیژە، توندوتیژییەکی دروونیکراوە کە دەستەبەریکەری ئارامییە. هۆبز لۆژیکی توندوتیژیی مۆدێرنی لە بینینی هەلومەرجی کۆمەڵگەی تاکخوازی مۆدێرن وەرگرتووە کە تێیدا مەرجی یەکسانیی ویست و مەیلەکان هەیە. هەروا کە هۆبز دەڵێت: «ئەگەر دوو مرۆڤ حەز لە شتێکی وەکیەك و یەکگرتوو بکەن و هەردووکیان نەتوانن کەڵکی لێوەربگرن، ئەوانە دەبنە دوژمنی یەکتر» (لۆیاتان فەسڵی١١). لە روانگەی هۆبزەوە، تاقە رێگا بۆ ئەقڵانیکردن و چاوەدێریکردن بەسەر توندوتیژیدا، کە لە هەلومەرجی یەکسانی لە مەیلەکاندا دروست دەبێت، ئەوەیە کە توندوتیژییەکی زۆر بەهێزتر لە رێگای گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە دروست بێت. بەم پێیە لە روانگەی هۆبزییەوە دەوری دەوڵەتی مۆدێرن هاوسەنگکردنی خۆخوازی، خۆ بەرژەوەندی و خودتەوەریی مرۆڤی مۆدێرنە.

به پێچەوانەی هۆبزەوە، چەمکی دەوڵەت لە روانگەی هیگڵەوە (یان چەمکی «دەوڵەتی سیاسی») هەرواکە بۆخۆی هەندێ جار بەم جۆرە ناوی دەبات)، پێش لە هەمووشتێك کۆمەڵگەیەکی ئاکارییە هەروەك ئەوەی کە ئەرەستۆ «کۆینۆنیا پولیتیکە» ناوی دەبات. هیگڵ بەگرێدانی چەمکی دەوڵەت بە کۆمەڵگەی ئاکارییەوە دەیەوێ لە گەڵ شتێکی جیاواز لە کەڵك وەرگرتنی پەتی لە توندوتیژی بیکاتەوە. بەم پێیە چەمکی هیگڵیی دەوڵەت، نەك لە بەر چییەتییە توندوتیژەکەی، بەڵکو لە بەر ئەوەی کە کۆمەڵگایەکە لە تاکەکان کە لە دەوری هەندێ چەمکی هاوبەشی وەك ژیانی بەختەوەرانەدا کۆبوونەتەوە و یەکیان گرتووە، شیاوی جیا کردنەوەیە. بەڵام دەوڵەتی هیگڵی ناتوانێت یەکگرتوویی ئاکاریی خۆی بەبێ بوونی توندوتیژییەکی دەرەکی بپارێزێت. بەوتەیەکیتر، جەنگ لە بۆچوونی هیگڵدا بو بەردەوامبوونی ژیانی ئاکاریی دەوڵەت بابەتێکی بەنرخە. هیگڵ لە باسی دیاردەناسیدا، جەنگ وەك دەسەڵاتێکی «رەتکەرەوە» دەناسێنێت، کە تێیدا «مومکین بوونی» جیهانی ماددی بەرچاوە و شیاوی رەچاو کردنە. لە راستیدا نرخی پۆزەتیڤی جەنگ لەوەدایە کە لە رێگای یەکگرتووکردنی مرۆڤەکان بەدەوری ئامانجگەلی هاوبەشدا لە گرێدان بە شتەکان و سامانەوە رزگاریان دەکات (دیاردەناسیی زەین ٤٧٤). هیگڵ لە کتێبی فەلسەفەی حەقدا بۆ جەنگ بەکارهێنانێکی تایبەت لە چوارچێوەی دەوڵەتی قانوونیدا لە بەرچاو دەگرێت، لە روانگەی هیگڵەوە، جەنگ ئیدی کەرەستەیەك بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو کەرەستەیەکە بۆ پاراستنی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی دەوڵەت لە بەرانبەر ململانێ دەروونییەکاندا کە بە هۆی شوێندانانەکانی



کۆمەڵگەی شارستانی و بازاڕەوە لە دایك دەبن. بەم چەشنە بۆ هیگڵ جەنگ وەك خوێندنگەیەك وایە بۆ فێرکاریی شارستانیی بورژوازیی مۆدێرن. جەنگ ئەم رۆڵە لە رێگای بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەگێڕێت کە تێیدا لە رێگای لە مەترسیدانانی ژیانی تاکێك و لەئەنجامدا بەختکردنی جێگای کەسێك لە کۆمەڵگەی شارستانی و بنەماڵەدا وەك بکەری ئاکاری، تاکەکان دەتوانن بەرژەوەندییە هاوبەشە «گشتییەکان» لە جیاتیی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی «هەر تاکێك» گەشە پێ بدەن. هیگڵ لە دەلاقەیەکیترەوە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە جەنگ سەرچاوەیەکی ئاکاریی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی رزگایدەرە و لە بەرانبەر گوشارێکی مەرگهێنەردا کە لە لایەنی دابەشکردنەکان و جیاییەکان لە کۆمەڵگەی شارستانیدا پێك دێت، سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگە کۆ دەکاتەوە و یەکگرتوویان دەکات و وەك هاوولاتیانی دەوڵەت، بەستێنی ژیانێکی یەکپارچەیان بۆ پێك دەهێنێت. نرخاندنی جەنگ لە لایەن هیگڵەوە وەك سەرچاوەیەکی ئاکاریی سەرەکی لەسەر بنەمای سێ گریمانەی سەرەکی دانراوە، یەکەم: ئەم گریمانە کە خودهۆشیارکردنی تاکەکان بەرامبەر بەها رۆژانەکان خاوەن گرنگییەکی ئاکارییە. دووهەم: خراپییەکانی کۆمەڵگەی شارستانیی «تاکخوازانە» تەنیا لە رێگای زێدەڕۆیی جەنگەوە کونترۆڵ دەکرێن، سێهەم: ئەوەی کە بەرژەوەندیی تەواوی تاك لە دیمەنی کۆمەڵایەتیدا تەنیا لە رێگای ملکەچی بۆ دەوڵەتەوە وەدی دێت. بەم چەشنە گەرچی هیگڵ هیچکات وەك چەشنێك لە توندوتیژی ستایشی جەنگ ناکات، بەڵام وا دێتە پێش چاو هیچ کاتیش سیاسەتی مۆدێرن بە ئەندێشەی ئاشتی و نەبوونی توندوتیژییەوە گرێ نادات.

نیتچە لە روانگەیەکی زۆرجیاواز لە هیگڵ، دەس بەرەخنەگرتن لە گرێبەستی کۆمەڵایەتیی لیبراڵی دەکات و لە سەر توخمی توندوتیژیی شاراوە لە چەمکی «ئیرادە»دا جەخت دەکات. بە پێی بۆچوونی نیتچە ئەگەر مرۆڤی مۆدێرن دەیهەوێت دیسپلینیی سیاسی لەسەر بنەمای ئیرادەی خۆی دابنێت، کەواتە دەتوانین ئەو ئەنجامە بگرین کە بنەما و بنەڕەتی سروشتی مرۆیی ئیرادەیە. ئەگەر مرۆڤ ئیرادەیە، کەواتە مێژوو بەرهەمی ئیرادەی مرۆڤەکانە. نیتچە لێرەدا رەخنەی خۆی لەسەر دیموکراسی و پرەنسیپی نوێنەرایەتیی سیاسی دەستپێدەکاتەوە. لە روانگەی نیتچەوە، مرۆڤی دیموکرات ئازایەتیی ئیرادەکردنی بۆخوی نییە، لەبەر ئەوەی ملکەچی ئیرادەی زۆرینەیە. بە پێی بۆچوونی نیتچە: «تێدا چوونی مرۆڤی ئەورووپایی گەورەترین مەترسییە بۆ ئێمە، چونکە روالەتەکەی هەراسانمان دەکات، لەگەڵ ئەم ترسە لە مروڤ، ئێمە ئەوینەکەیمان لە دەست داوە، رێزگرتن و هیواکانی ئێمە بە ئەو و تەنانەت ئیرادە بۆ ئەومان لە کیس داوە». شیکاریی نیتچە

لە دەوڵەت لە کۆمەڵگە ئەوروپاییەکاندا بەم چەشنەیە و لەگەڵیدا ئەم هزرە هەیە کە ئەگەر بڕیار بێت ئەوروپا نەکەوێتە داوی نیهیلیزمەوە، دەبێ بتوانێ مرۆڤی رەسەنی بەرەڵڵاش ببینێت. نیتچە دەسبەکاری شیکردنەوەی ئەخلاقییاتی رەسەن بوون دەکات و خەریکی رۆنانەوەی ئەخلاقییاتێك دەبێت کە بۆ تاقە جارێك لە سەردەمگەلێکی زۆر دووردا لە لایەن «خەڵکی رەسەن،بەدەسەڵات، بیربەرز»ەوە کە لە بێ قیمەتی و پیسیی خەڵکی ئاسایی بە دوور بوون، پێك هاتبوو. ئەمە مەودایەك بوو کە نیتچە لەگەڵ  هاوچەشنەکانی خۆیدا هەستی پێدەکرد. نیتچە لە سەرجەم مێژوو و ئێستاشدا، وای دەدیت کە خەباتێکی ترسێنەر لە نێو بەهاگەلی دژبەری وەك «باش» و «خراپ» و «لەش ساغی» و «نەخوشی» لە ئارادا بووە. لە راستیدا مرۆڤی نەخوش رقی لە مرۆڤی ساغە و ئەخلاقیاتێك دادەهێنێت کە رەخنە لە ساغی دەگرێت. نیتچە بە بێ بایەخبوون و رەوتی بەرەو دارمانی مرۆڤی نەخۆش سووکایەتی دەکات کە لە روانگەی نیتچەوە ئەنجامی «داکەوتنی مرۆڤی فریشتە ئاسا بۆ حەیوانێکی دەستەمۆ، لینی، شارستانی و ماڵی» یە. شتێك کە ئەم بێ بایەخییە لە نێو مرۆڤەکاندا بەردەوام دەکات، چەشنی کۆمەڵگە یان دەوڵەتێکە کە هەنووکە لە ژمارەیەکی زۆری شوێنەکانی جیهاندا باوە. بەم پێیە نیتچە لەگەڵ هەر چەشنە کۆمەڵگەیەك کە لە سەر بنەمای گریمانگەلێکی مافی یەکسان و مافی دەنگدان دانرابێت، دژایەتیی هەیە. نیتچە سۆسیالیزم و دیموکراسی رتدەکاتەوە و لە جیاتیی، ئامانجی ئاریستوکراتییەت کە بە تەشکێکی پێشکەوتووتری دەزانێت، قەبووڵ دەکات. بە پێی بۆچوونی نیتچە، ئەو غەریزەیە کە مرۆڤەکان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات و ئازادی ناچار بە جەنگ دەکات، بە هۆی دەزگای دەوڵەتییەوە سەرکوت دەکرێت. کەسانێك کە دەیانەوێت لەسەر بنەمای ئەم غەریزانە کار بکەن، بە خراپکار و بکوژ تاوانبار دەکرێن و لەنێو کومەڵگە وەدەر دەنرێن. بەم پێیە پیاوەگەورە و راستەقینەکان کە دژی بیروڕای مێگەڵ ئاسای کۆمەڵگە کار دەکەن، بە خراپکار ناو دەبرێن. نیتچە لە نووسراوەکەیدا «ئەخلاقییات وەك توندوتیژیی سەنگ ئاسایی» پێی وایە کە مروڤەکان لە دڵی خۆیاندا هیچ نین، جگە لە حەیوان و ئەو ئەخلاقییاتە فێرکردەنی نییە، بەڵکو تەنیا وەك کۆمەڵە بیردۆزیگەلێکی هاوڕێژ بۆ دامەزراوە کومەڵایەتییەکان وەبیر دەهێنرێتەوە. مرۆڤەکان بە زۆری لە رێگای دووپاتکردنەوە و سزادانەوە فێری ئەم یاساگەلە دەبن. واتای ئەم سزاگەلە بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ تەبابوون لەگەڵ هەلومەرجی گۆڕدراوی مێژوویی راڤە دەکرێت، هەربۆیە نیتچە پێی وایە کە توندوتیژی لە نێو مرۆڤەکاندا بە بێ سنوور و رادەیەکی میتافیزیك، شیاوی پاساودانە.



لەنێو گوتارە رۆژئاواییەکاندا سەبارەت بە توندوتیژی، وتارەکەی واڵتێربێنیامین بەناوی «رەخنە لە توندوتیژی» پلەوپایەیەکی بەرزی هەیە. ئەم وتارە بۆچوونەکانی بێنیامین دەکاتەوە کە دامەزراوە سیاسییەکانی دیموکراسیی پەرلەمانی ئەڵمانییای پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، نەیانتوانیوە ئەو چاوەڕوانی و بەڵێنگەلەی کە دابوویان، بە جێیان بهێنن. لەم وتارەدا هەروەها باسی ئەو نیگەرانییانەی کە بەرهەمی دەستێوەردانە توندوتیژاوییەکانی دەوڵەت لە رێگای کەسانێکەوە کە بە هۆی ئەندامبوون لە دەوڵەتدا دەسەڵاتی بەرپرسیارییەتیی پاراستنی یاسایان پەیدا کردووە، کراوە. وتارەکەی بێنیامین بە جۆرێك دەسەڵات وەرگرتنی نازییەکان و توندوتیژیی تەواوی کوشتنی یەهوودییەکانی پێشبینی کردووە. بێنیامین بە رەچاوکردنی کتێبەکەی جۆرج سورێل (رامانگەلێك لەمەڕ توندوتیژی) لە چەند خاڵێکدا لە گەڵیدا هاوڕا دەبێت. بێنیامین هەر وەك سورێل، یۆتۆپیاخوازی (بە واتای هەڵواسراویی هەمیشەیی شتێك کە لە لایەن سیاسەتڤانەکانەوە لە دیموکراسیی پەرلەمانیدا بەڵێنی دەدرێت) رەت دەکاتەوە. بێنیامین و سورێل هەردووکیان لە ئەندێشەی توندوتیژی شۆرشگێرانەی پرۆلیتاریا لە تەشکی جەنگێکی گشتیی چینایەتیدا پشتیوانیان کردووە و بەم چەشنە توندوتیژیی پاشاگەردانیخوازی دژەسیستەمیان قەبووڵ نییە. ئەڵبەت شایانی باسە کە بێنیامین داگەڕانگەلێکی بۆ ئانارشیسمی ئاکاری هەبوو. بەڵام خاڵگەلێکی نوێ بە ئەندێشەی توندوتیژیی سورێل زیاد دەکات. سورێل لە نێوان «توندوتیژی» و«زۆر»دا جیاوازی دادەنێت. سورێل دەنووسێت: «وشەی توندوتیژی تەنیا دەبێ سەبارەت بە کردە شۆڕشگێڕانەکان بەکار بهێنرێت. بەم چەشنە دەبێ بگوترێ کە بابەتی زۆر ئەوەیە کە بڕیاربێت دیسپلینییەکی کۆمەڵایەتی بسەپێنرێت و کەمینە حاکمییەت بکات، لە کاتێکدا توندوتیژی لە ئاراستەی کاولکردن و شێواندنی ئەو دیسپلینییەدایە». خاڵی گرنگ لەم جیاوازیدانانەی سورێلدا ئەوەیە کە ئەگەر توندوتیژی شەرعییەت پەیدا بکات، دەبێتە زۆر. شەرعیبوون کاتێك دروست دەبێت کە ئەو کەسانەی  بوونەتە بابەتی زۆر، وەك دانراوەیەکی یاسایی سەیری بکەن. یاسا بە هۆی توندوتیژییەوە دادەنرێت، نەك زۆر. بێنیامین جیاوازییەکیتر دێنێتە ئاراوە و لە نێوان «توندوتیژیی یاساسازی» و «توندوتیژیی پارێزەری یاسا» جیاوازی دادەنێت. توندوتیژیی یاساساز، توندوتیژییەکی بە رەگەز مێتۆلۆژیاییە کە لە راستیدا رەنگدانەوەی هێزی چارەنووس بە سەر مرۆڤدا (وەك میتۆلۆژیاکانی یۆنان)یە. بێنیامین بەرهەڵستی ئەم دەزگا تیۆرییە دەکات و لە جیاتیی ئەوە باسی تێڕوانینی مەعادخوازیی یەهوودی دەکات کە تێیدا بەڵێنی دادپەروەریی دەزگای خودایی دەدرێت. روانگەی بێنیامین

ئەوەیە کاتێك توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە کە بنەڕەتی دامەزراوە سیاسییەکانی داناوە، بۆ بەڕێوەبردنیان بە ناچاری ڕێگای زۆر دەگرێتەبەر، بەرەو گەندەڵی هەنگاو دەنێن. بەم چەشنە، بێنیامین مێژوو بە تێداچوونی زۆر ناودەبات. پێی وایە کە دونیای کات و مێژوو داڕماوە و لە ژێر گەندەڵی و تێداچووندایە و تێیدا بە تەنیا وەهمی پێشکەوتن هەیە و هیچ ئازادی و رزگارییەك جگە لە «توندوتیژی پەتیی خودایی» وەدی نایە.

بەم پێیە، لە روانگەی بێنیامینەوە توندوتیژی مێتولۆژیایی وەدیهێنەری گوناە و سزایە، لە کاتێکدا توندوتیژیی خودایی هەڵگری بەرەکەت و رزگارییە. بێنیامین بەم بۆچوونەوە دەیەوێ چەمکێکی نوێ لە مێژوو لە ڕێگای پاککردنەوەی چەمکی «ئەزموونی مێژوو» لە پیسییەکانی روانگە مێژوو خوازانەکان لەمێژووی جیهاندا، پێشکەش بە ئێمە بکات. بێنیامین لە نامیلکەکەیدا لە ژێر ناوی «پێویستیگەلێك سەبارەت بە فەلسەفەی مێژوو» لە سەردەمێکی مێژووی مودێرنیتەدا دەنووسێت کە لەو سەردەمەدا بابەتی ئەزموونی مێژوویی یەکێك لە گەرموگوڕترین باسەکانی سەردەمە. چونکە لەم سەردەمەدا، توندوتیژیی مۆدێڕنێتە، بەتەواوی لە لایەن نازیەکانەوە دەروونی کراوەتەوە. وەڵامی بێنیامین بۆ ئەم توندوتیژییەی مۆدێڕنێتە، لەم رستەیە لە نووسینەکانیدا رەنگی داوەتەوە کە: «نەریتی چەوساوەکان فێرمان دەکات کە ئەو دەوڵەتە تەنگەتاوەی ئێمە تێیدا دەژین، هەڵاواردە نییە، بەڵکو ڕێسایییە. ئێمە دەبێ بە چەمکێك لە مێژوو بگەین کە لەگەڵ ئەم دیمەنەدا هاودەنگ بێت. لەو دۆخەدا بە روونی فامدەکەین کە ئەرکی ئێمەیە یارمەتیی سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی تەنگەتاویی راستەکی بدەین. ئەم کارە دۆخی ئێمە لە خەبات دژی فاشیزمدا باشتر دەکات. یەکێك لەو هۆکارانەی کە فاشیزم لە سەر تەختی دەسەڵات رۆنیشتووە ئەوەیە کە بەرهەڵستکارەکانی بە ناوی پێشکەوتنەوە، وەك نۆرمێکی مێژوویی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن. ئەم سەرسوڕمانە کە ئێمە هێشتا لە سەدەی بیستەمدا شتگەلێك ئەزموون دەکەین، نامومکێن دێنە پێش چاو، لایەنی فەلسەفیی نییە. ئەم سەرسوڕمانە سەرەتای ناسین نییە، بەڵکو ناسینی ئەم خاڵەیە کە ئەو روانگەیە لە مێژوو کە وەدیی هێناوە، شیاوی بەرگریکردن نییە».( ئاخاوتن لە زانستگەی ئەمریکیی واشنتۆن، رەشەمەی ١٣٨٠)



## نەبوونی توندوتیژی و حاکمییەتی دیموکراسی

لە نیو سەدەی رابردوودا جیهان بینەری شەپۆلانی چاوەڕواننەکراوی بزاڤگەلی بەدوور لە توندوتیژی بووە و لە زۆر شوێنی جیهاندا، لەوانە لە ئەمریکای لاتین و ئاسیادا، واتە ئەو ناوچانەی کە سەردەمێك تاقە ڕێگای رزگارییان بە خەباتی چەکدارانە دەزانی، هەنووکە بزاڤگەلی دوورەپەرێز لە توندوتیژی وەك شێوازگەلی دەروونیکراو لە ڕێگای خەبات بۆ ئەندێشەی دیموکراسی و حاکمییەتی دیموکراسی قەبووڵ کراون، یەکێك لەو ئەرکە گرنگانەی کە بزاڤە ناتوندوتیژەکان قەبوولێیان کردووە، لە راستیدا ڕێکخستنی سەرکەوتووی «حاکمییەتێکی هاوسەنگ و هاورێژ»ە. لای ئەمانە پرۆڤەی واقیعی دیموکراسی، پرۆسەی تێپەڕینی ئاشتیانە و یەکگرتنی ساناگیرانە لە نێو دامەزراوە دیموکراسیەکاندایە. لەلای بەرگریکارانی نەبوونی توندوتیژی لە جیهاندا، دیموکراسی نەك هەر «ڕێچارەی سیاسی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەی سیاسی» یە، بەڵکو وەك تێڕوانین و بۆچوونێکی نوێ بۆ مەسەلەی دەسەڵاتیش لە ئەژمار دەدرێت. پاش روخسارگەلی وەك بوودا، مەسیح، ئاشۆکا، تۆلستۆی، گاندی و مارتین لۆتەرکینگ، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی حاکمییەتی دیموکراسی پێویستیی بەوە هەبوو کە لەگەڵ پرسگەلی خودفەرمانی، خودچاوەدێری و دەسەڵاتی خود دا رووبەڕوو بێتەوە. بەلای ئەم بیرمەند و چالاکانەی ناتوندوتیژی، دوو وانەی خوددیسپلین و تێگەیشتن و تێگەیشتنی دوولایەنە بۆ کونترولکردنی دەسەڵاتی نادادپەروەرانە پێویستە.

گاندی دیموکراسیی لە تەشکی بەدیسپلین و رۆشنگەرانەیدا وەك جوانترین شتی جیهان دەزانی. مەبەستی ئەوە بوو کە حاکمییەتی دیموکراسی، دەسەڵاتێك نییە لە سەرەوەی کومەڵگەوە بێت، بەڵکو دەسەڵاتێکە لە ناوەوەی کۆمەڵگەدایە. بە واتایەکیتر، ئەگەر دیموکراسی لەگەڵ خودفەرمانی و خودچاوەدێریی کۆمەڵگەدا، یەك بێت، لەم دۆخەدا بەهێزکردن و پتەوکردنی کۆمەڵگەی شارستانی و توانا هەرەوەزیەکان بۆ حکوومەتی دیموکراسی یەکێك لە هەلومەرجە پێویستەکانی حاکمییەتی دیموکراسیە. بەم پێیە دیموکراسی و ناتوندوتیژی جیایی هەڵنەگر و تێکەڵاوی یەکترین، لەوێدا کە دیموکراسی زاڵە مروڤەکان لەبەر ئەوشتەی کە هەن ستایش دەکرێن. بەڵام ئەم بابەتە پێویستیی بە گواستنەوە و تێپەرینی پێوەندییە مرۆڤانەکان بۆ قوناغێکە کە ئیدی دەستدرێژی و ستەم لە هیچ کەس نەکرێت، چونکە هەموان لە دەسەڵاتی

دیموکراسیدا هاوبەش و بەشدارن. دەسەڵاتداری لە هەلومەرجی دیموکراسی دا بە واتای بەشداریکردن لە بڕیاردانێکدایە کە پێوەندیی بە چارەنووسی هەمووانەوە هەیە. ئەمە بە واتای خود دامەزراوی و سەربەخۆییە.

بۆ زۆربەی بیرمەندان و خاوەنڕایانی ناتوندوتیژی و چییەتی و واتای ناتوندوتیژی لە بنەڕەتدا لە بەڵێندان بە سەربەخۆیی، خودفەرمانی و خو دیسپلینیدا پێوارە. بڕوایەکی لەم چەشنە دەبێ وەبەرگری سەرنجی قووڵ لە حەقیقەت و خوشگوزەرانیی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کۆمەڵگە بێت. چەندین سەدە پێش ئەوەی گاندی باسی چەمکی «سواراج» بەواتای خودفەرمانی، سەربەخویی و چەمکی «ساتیاگراها» بە واتای خەبات بۆ حەقیقەت بکات، جایینیزم و هێندوئیزم، لە باشووری ئاسیادا، بە داکۆکییەوە لەسەر چەمکی «بێ ئازاری» جەختیان کردووە. وشەی ناتوندوتیژی بۆخۆی وەرگێڕانێکی نوێ لە وشەی سانسکریتیی «ئەهیمسا»یە کە گاندی لە دەقە کۆنەکانی هێندوەکانەوە وەری گرتووە. ئەهیمسا لە چاوگی هیمس و لە کرداری «هان»، بە واتای ئازار و خەسار وەرگیراوە. پێشگری «ئە» وشەکە نێگەتیڤ دەکات کە بە واتای دەق واتە «نەبوونی مەیل بە ئازار دان»ە. لە ئۆپانیشادەکان، یوگاشوترا و لە بهاگاوادگیتادا، وشەی ئەهیمسا بە واتای «بەرزترین ئەرك» بۆ ئەوانەی کە بەدوای کەماڵدا دەگەڕێن، لە قەڵەم دراوە. لە خوێندنەوەی وردی بهاگاوادگیتادا، کە بۆخۆی بەشی نێوەڕاستی کتێبی حەماسی مەهاباراتایە، روون دەبێتەوە کە ئەهیمسا لە لایەن کریشناوە خولقێندراوە و وەك تایبەتمەندی و خەسڵەتی کەسانێك کە بە چارەنووسی خوداکان لە دایك دەبن، زانراوە. وانەکانی کریشنا لە بهگاوادی گیتادا بە راشکاوی ئازاردان رەتدەکەنەوە. ئەم وانەگەلە بوونەتە نموونەی ژیانێکی تێکەڵ بە ناتوندوتیژی و خود فەرمانی و سەرخۆیی.

جێگای تەوەریی ئەهیمسا لە نەریتی ئەندێشەی جایینیزمدا کە لە لایەن پارسوا کە ٨٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح لە باشووری ئاسیادا بنەڕەتی دانرا و دووسەد ساڵ پاشتر لە لایەن ماهاویراوە چاکسازیگەلێکی تێداکرا، پرشنگدار و بەرجەستەیە. جایینیزم گەرچی وەك بزاڤی کەمینەیەك بەردەوام بوو، بەڵام تەشەنەی فەلسەفیی لە سەر بەشگەلێکی بەربڵاوی هیندستاندا لەڕادەبەدەر بووە. کاتێك سەرنج لە ژیانی گاندی دەدەین، دەزانین کە لە کەشوهەوایەکی ئایینی لە ژێر کارتێکەریی جایینیزمدا گەورە بووە و پەروەردە کراوە. لە نەریتی جایینیزمدا ئەهیمسا وەك سوێند و بەڵێنێك بۆ سەرکەوتن بە سەر تەشەنە و کاریگەرییە نیگەتیڤەکانی کارما بە کار دەهێنرێت، بەو واتایە کە لە کردەگەلی تێکەڵ بە



توندوتیژی دوورەپەرێزی دەکرێت. چونکە توندوتیژی رێگری رزگاری لە داهاتوودایە. بە پێی قسەی ئاچارانگاشوترا کە خۆی یەکێك لە دەقە سەرەکییەکانی فەلسەفەی جایینیزمە، چالاکیگەلی خەسارگەر بەرهەمی داگەڕانگەلی خود بەرژەوەندی و خۆخوازانە بە هەلومەرجی ئەهریمەنی و رەشپەرستانە کۆتایی دێت. ئەم پرەنسیپە کومەڵگەی جایینیزم پابەند دەکات کە دوورەپەرێزی لە توندوتیژی وەك پرەنسیپ و بنەمایەك بۆ سەرجەم چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە بەرچاو بگرێت. رەوشتی گاندی و تێڕوانینی بۆ فەلسەفەی جایینیزم رەنگە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم راستییەدا بێت کە حەقیقەت لە روانگەی گاندی و نەریتی جایینیزمەوە ناتوندوتیژی دەگرێتەوە و ناتوندوتیژی کەرەستەیەکی پێویست و جیانەبووە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت.

بزاڤێکیتریش لە بەستێنی ئەندێشە و کرداری کۆمەڵایەتی و ئایینیدا کە بە توندی کاریگەری بەسەر گاندییەوە هەبووە و ئەمڕۆ وەك وەڵامی تایبەتی ئاسیایی بۆ پرسەکانی حاکمییەتی دیموکراسی ناسراوە، بوودیزمە. گوتاما بوودا بە جودابوونەوە لە ئایینخوازیی مەزهەبی وێدایی، توانیی نموونەیەکی پرشنگدار لە بەڵێنی تایبەتی بۆ رێچارەی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی لە رێکخراوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی دونیادا، پێك بهێنێت. وانەکانی بوودیزم داکۆکییەکی بەرچاو لەسەر چەمك و پرەنسیپی«بێ ئازاری» دەکات و لەسەر ئەم بنەمایە فەلسەفەی ناتوندوتیژی دادەمەزرێنێت. راهێبە بوودابییەکان یەکێك لە پێگەیشتنە دڵخوازەکانیان بە «ناتوندوتیژی» دەزانن و وەك بەهایەکی بنەڕەتی لە بەرچاوی دەگرن. فەلسەفەی بوودایی لە «خود»ەوە دەست پێدەکات و لەویش تێپەڕ دەبێت تا بە ئەویتر بگات. لە روانگەی بوودیزمەوە، مرۆڤ لە دۆخێکدا دەتوانێت بە ئەویتر بگات، «خوی» بۆ«ئەویتر» بگوێزێتەوە. ناتوندوتیژی لە روانگەی بوودیزمەوە بەواتای هۆشیاربوون لە پێوەندییەکی دوو لایەنە و دەروونیکراو لە ژیاندایە. بەم پێیە رێچارەی توندوتیژی لە فەلسەفەی بوودابییدا زیاتر لایەنی تاکیی هەیە تا کۆمەڵایەتی. ناتوندوتیژی لە تێڕوانینی بووداییدا لە سەر بنەمای بیردۆزیی «ئازاردانی خود» دانراوە. بە شێوەیەکیتر، توندوتیژی نەك هەر لەبەر ئەوەی کە دەبێتە هۆی ئازاردانی کەسانیتر، بەڵکو لە بەر ئەوەی کە دەبێتە هۆی ئازاردانی خود، بێ بایەخە.

ئاشوکا، یەکێك لە کوڕەزاکانی چاندراگوتپا (بناغەدانەری بنەماڵەی موریان) کە لە ساڵی ٢٨٦ی پێش زاییندا، بوو بە پاشا، یەکێك لە روخسارە دیارەکانی ئایینی بوودایی‌یە. مێژوونووسی بەریتانی ئەیچ، جی. وێڵز نووسیوێتی: «لە نێو هەزاران ناوی پاشاکان و

شازادەکاندا کە پانتاییی مێژوویان پڕکردۆتەوە...ناوی ئاشوکا وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسماندایە». ئەفسانەی ئەم پاشایە لە چیرۆکی پاشایەکی بێرەحم و گوناهبارەوە دەسپێدەکات کە دێتە سەر ئایینی بوودا و پاشان قەڵەمڕەوێکی پیاوچاکانە دروست دەکات. ئاشوکا لە تەقەلاکانیدا بۆ راگەیاندن و برەوپێدانی بوودیسم، لە زۆر شوێندا پەرستگە دروست دەکات و لەسەر بەردی دیوارەکان و کۆڵەکەکانیەوە وانەکانی بوودا هەڵدەکۆڵێت. ئاشوکا سەبارەت بە ئایینەکانیتریش ساناگیری دەکات و لەڕووی داراییەوە یارمەتییان دەدات. ئاشوکا داوا دەکات کە سەرجەم ئایینەکان لە خۆپەرستی و خۆخوازی و ئازاردانی کەسانیتر دوورەپەرێزبن. ئاشوکا زانیی کە حاکمیەتی حەقیقی ناتوانێت لە رێگای زۆرەوە بکرێت، بەڵکو تەنیا لە رێگای «دارما»وە دەکرێت. دارما بە بڕوای ئاشوکا، ئاکار، سەرنج و ویستی کۆمەڵایەتیی چالاك، هۆشیاری لەمەڕ ژینگە و ساناگیریی ئایینی و هۆشیاری لە پرەنسیپەکانی ئاکاری کرداری و حاکمیەتی چاکەکارانەیە. ئەگەر ئەم وتەیەی تاگوور شاعیری گەورەی هیندستانی قەبووڵ بکەین کە دارمای بە «شارستانییەت» زانیوە و گاندیش «شارستانیەتی» بە«کردەوەی چاکەکارانە» زانیوە، لەم دوخەدا دەتوانین بڵێین کە شۆرشی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئاشۆکا، لەسەر بنەمای بیردۆزیی دارمەحاکمیەتی توندوتیژیی کرد بە سیاسەتێکی مرۆڤخوازانە. ئاشوکا ئەزموونی حاکمیەتی دوور لە توندوتیژیی خۆی، بە فەلسەفەیەکی نوێ و روانگەیەکی نوێوە دەست پێکرد و بەم چەشنە بوو کە هاواری دوورەپەرێزی لە توندوتیژیی ئەو لە رێگای سەدەکانەوە لە ئەندێشە و کردەوەی گاندیدا رەنگی دایەوە.

گاندی لە پیشانی خەڵکی جیهانی دا کە زۆربەی ئەندێشە شۆرشگێڕانەکان لە مێژووی مرۆڤدا، هەڵگری حەقیقەتی دوورەپەرێزی لە توندوتیژین. بەو جۆرەی کە گاندی دەڵێت: «تەمەنی ئەندێشەی ناتوندوتیژی ئەوەندەی تەمەنی چیاکانە»، و لە نێو کەسانی وەك ماهاویرا، بوودا و مەسیح و پاشان تۆڵستۆی و خاوەنڕایانی وڵاتانی جۆربەجۆردا لە ئارادا بووە. بەڵام تەنیا ئەزموونی گاندی بوو کە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بە خەریك بوون بە چەمکی «حەقیقەت»ەوە سەلماندی کە دەتوانرێت لە ئەندێشەی ناتوندوتیژی لە پێوەرێکی بەرفراوان لە لاگیری بەرەو حاکمییەتی دیموکراسی هەنگاو بنرێت. ناتوندوتیژی لە روانگەی گاندییەوە هەڵگری شتگەلێکی زۆرتر لە نەهێشتنی چەکە ناوەکییەکانە و بەر لە هەموو شتێك پێوەندیی بە ئەندێشەی دیموکراسی لە قاڵبی«سواراج» یان سەربەخۆیی هەیە. زۆر پێشتر لەوەی کە گاندی وەك رێبەری بزاڤی ناتوندوتیژی لە هیندستاندا هەڵبژێردرێت و بەنازناوی یی بگات،



لەو سەردەمەیدا کە لە ئەفریقیای باشووردا دەژیا، خەریکی چەمکی سواراج ببوو. بە بۆچوونی گاندی، ئامانجی «سواراج» تەنیا لە رێگای دەرکردنی بەریتانیا لە هیندستان و سەقامگیرکردنی حاکمییەتی هیندستانییەوە، دابین ناکرێت، قووڵتر و ئاڵۆزتر لەم شتانەیە و پێویستی بە گۆڕانکاری لە واتا و تایبەتمەندیی حاکمییەتە. هۆکاری ئەم بڕوایەی گاندی دەتوانین لە بەرهەم و نووسراوەکانیدا لەوانە لە بابەتگەلێکدا کە لە بڵاوکراوەکەی خۆیدا بەناوی هەریجن لە مانگی دووی ١٩٤٦دا نووسیویەتی، بدۆزینەوە. گاندی لێرەدا دەنووسێت: «کامڵ بوونی ناتوندوتیژی بەواتای جێبەجێکردنی بەرنامەی وەدەستهێنانی دەسەڵات نییە، بەڵکو بەرنامەی دروستکردنی تێپەڕین لە هەڵسوکەوتەکان و گەیاندنیان بە تێپەڕینی ساناگیرانە لە دەسەڵاتدایە. بەواتایەکیتر لە روانگەی گاندییەوە رزگاریی هیندستان لە کۆت و بەندی حکوومەتی بیانی تەنیا یەکەم هەنگاوە بەرەو رۆنانەوەی ریشەییی رێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هێندستان و دواجار لە سەرجەم وڵاتەکاندا. سەبارەت بە هێندستان، ئەم پرۆسەیە وەبەرگری کۆمەڵگەیەکی ناوەندسڕاوەی ریشەیی و نازنجیرە پلەییە کە تێیدا هەرتاکێك دەتوانێت و دەبێ لە چەقی «بازنەیەکی زەریاییدا» دا بێت. هەروەك دەزانین ناوەندسڕینەوەی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی دوورەپەرێز لە روانگەی گاندییەوە جێگایەکی گرنگ و بڕاوەی هەیە. گاندی ئەم چوارچێوە سیاسییە دڵخوازەی خۆی بە «پانچایات راج» یان «کۆماری گوندەکان» ناو دەبات. فەلسەفەی سیاسیی گاندی بە چەشنێکە کە تێیدا حاکمییەتی دیموکراسی بە پێش گریمانە و ئاشکرا لە بەرچاو دەگیردرێت. گاندی بیردۆزەیەکی هەیە کە تێیدا روانگەی تاکخوازانە لە مرۆڤی لەگەڵ روانگەیەکی کۆمەڵگەخوازانە لە کۆمەڵگە تێکەڵاو کردووە. بە پێی بۆچوونەکەی گاندی، پرۆسەی بڕیارسازیی چەقنەبەستوو، دابینکەری خوشگوزەرانیی سەرجەم ئەوکەسانەیە کە لە پرۆسەی ئەم بڕیارانەدا دادەنرێن. ئەقڵانییەتی ئەم گریمانەیەی گاندی لەم بابەتە دیموکراسیەوە وەردەگیردرێت کە سەرجەم ئەو کەسانەی بەرژەوەندییەکانیان لە داوێنی بڕیارەکاندایە، دەبێ لەم پرۆسە و بزاوتنەدا بەشدارییان هەبێت. بە واتایەکیتر، دابەشکردنەوەی سروشتیی دەسەڵات لە وڵاتدا بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی مەیلی توندی گوندەکان و یەکە سیاسییە گچکەکان بۆ سەربەخۆیی. هەربۆیە بە بۆچوونی گاندی، ئازادیی تاکی دەبێ مانشێتی بەرنامەکانی وڵاتێکی سەربەخۆ بێت. گاندی هاورێژییەکی هاوسەنگ لە نێوان «بەرهەڵستیی دوورەپەرێز لە توندوتیژی» و «کاری سازێنەر»دا دروست دەکات. «بەرنامەی ئاوەدانکردنەوە» پێویستی بە توانای هەرەوەزی بۆ رۆنان و پاراستنی کۆمەڵگەی

پتەوی شارستانییە. پتەوکردنی کۆمەڵگەی شارستانی ڕێگای گەیشتن بە شتێکە کە گاندی «پۆڕناسواراج» یان سەربەخۆییی تەواو لە ڕێگای بە کارهێنانی حەقیقەت و ناتوندوتیژیی ناوناوە. بەواتایەکی‌تر، بە بۆچوونی گاندی بەرزبوونەوە و پتەویی حاکمییەتی دیموکراسی و ئازادیی ئابووری دوو دیوی یەك شتن.

گاندی و بیرداڕێژەران و پراگماتیستەکانی تری ناتوندوتیژی لە ئاسیادا فێرمان دەکەن کە درێژە پێدان و پتەویی حاکمییەتی دیموکراسی و چێکردنی کۆمەڵگەیەکی شارستانیی فرەییخواز کارێکە بێ پشوودان و بەردەوام کە پێویستیی بە سەرنج و بەرپرسیارییەتیی هەمیشەیی هەیە. هەروا کە یەکێکی‌تر لە ڕێبەران و پراگماتیستە ناودارەکانی پانتایی ناتوندوتیژی، واتە دالایی لاما گوتوویەتی: «ڕاستە کە هیچ سیستەمێکی حکوومەتی کامڵ نییە، بەڵام دیموکراسی نزیکترین شێواز بە گەوهەری زاتیی مرۆڤە و گەورەترین دەرفەت بۆ چاندن و برەوپێدانی بەرپرسیارییەتیی جیهان بە دەستەوە دەدات». پرۆسەی تێپەڕین بۆ دیموکراسی لە سەدەی بە جیهانی بووندا هێشتا کۆتاییی نەهاتووە. هێشتا ڕێگایەکی درێژ و خەباتگەلی زۆر بۆ پتەوکردن و سەقامگیرکردنی دیموکراسی لە جیهاندا و بە تایبەتی لە وڵاتە موسڵمانەکاندا لە بەردەمی ئێمە دان. هێرشی تیرۆریستی لە یازدەی سێپتەمبەردا بۆ تاوەرەکانی بازرگانیی جیهانی، گەرچی دژی ئەمریکا ڕێك خرا بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا زەنگێکی هۆشیارکەرەوە بۆ سەرجەم وڵاتانی ئیسلامی بوو کە دەستەویەخەی مەسەلەگەلێکی گرنگی وەك ساناگیری، فرەییخوازی و دیموکراسین. ئەمڕۆ خەباتی حەقیقی بۆ کۆمەڵگەی موسڵمانی جیهان لە ململانێ لەگەڵ تاریکبینییە مەزهەبییەکاندا، لەوەدایە کە یارمەتی گەشەسەندنی مەسەلەی دیموکراسی و مۆدێرنێتە لەناوەوەی جیهانی ئیسلامدا بدەن. ئەم خەباتە دەتوانێت دەرفەتێکی لەبار بۆ دروستکردنی دیمەنێکی بەرفراوان بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی موسڵمانەکان بڕەخسێنێت و توێژەران و بیرمەندان بۆ دیاریکردنی جێگرەوەیەکی دوورەپەرێز لە توندوتیژی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا، بەدەوری یەکدا کۆ بکاتەوە.

لە ڕوانگەی گاندییەوە «بڕوا بە ناتوندوتیژی لە سەرئەم گریمانەیە دانراوە کە گەوهەری مرۆڤ یەکێکە و بەم پێیە بە شێوەیەکی ڕێگەلێنەگیراو، هەڵگری گەشەسەندن و بڵاوبوونەوە و عیشقە. میتۆدگەلی دوورەپەرێز لە توندوتیژی سەرکەوتنەکەیان بە هۆی ئامانج و مەبەستە خێرخوازنەکانی زۆرداران و دیکتاتۆرەکان نییە، چونکە خەباتێکی دوورەپەرێز لە توندوتیژی لە بەرەکەتی ئەندێشە مەعنەویەکان تێرئاو دەبێت و بەم پێیە لە بەرانبەر ئەو گرفتانەیدا کە



بەربڵاو و دژوار دێنە پێش چاو، خۆڕاگری دەکەن». ئەو موسڵمانانەی کە بە دوای وانەکانی گاندی دا دەگەڕێن، ئەم وانانە بە نامۆ نازانن. لە ڕاستیدا دەتوانرێ شوێنی ئەندیشەی ئیسلامی لە تێڕوانینە مەزهەبی و دوورەپەرێز لە توندوتیژییەکانی گاندی کە پێوەندییان بە ئیرادەی خودای بەتوانا و تاقانەوە هەیە، هەڵبگیردرێت. بەڵام نزیکایەتیی نێوان ئەندێشەی ئیسلامی و تێڕوانینی ناتوندوتیژی دەتوانین لە ئەندێشە و کارەکانی «عەبدولغەفارخان»دا بدۆزینەوە کە گاندی بە «بادشاخان» ناوی دەبرد. جەواهیر لەعل نەهرۆ دەڵێت: «کاتێك مێژووی وڵاتی هێندستان دەنووسرێت ڕەنگە تەنیا ژمارەیەکی زۆرکەمی ڕوخسارەکان و کەسایەتییەکان جێگای سەرنجی هەموان بن کە قسەیەکیان بۆ کردن هەبووە. بەڵام لە نێو ئەم ژمارە کەمەشدا، ڕوخسارگەلی دیار و بەرجەستەی وەك بادشاخانیش دەتوانن پەیدا بکەن».

بادشاخان موسڵمانێك بوو کە هەوڵیدا چرای ناتوندوتیژی لە دڵی لاوە پشتوونەکاندا داگیرسێنێت. بادشاخان نیوەی تەمەنی لە بەندیخانەدا بوو، بەڵام هەمیشە بەرگریکاری دوورەپەرێزی لە توندوتیژی بوو بۆ خەڵکەکەی. بادشاخان لەنێو شوناسی سێ چەشنیی خۆی (پشتوونی، هیندستانی، مرۆیی)دا ناکۆکی و دژبەرییەکی نەدەدیت و وەك بوونێکی یەکگرتوو و یەکپارچە سەیری دەکردن. بڕوای قووڵی عەبدولغەفارخان بە دروستی و کارامەییی ناتوندوتیژی لە ریشە قووڵەکانی بڕوا تایبەتییەکانیەوە وەك موسڵمانێك سەرچاوەی دەگرت. عەبدولغەفارخان دەڵێت:«لە داوەریی کۆتایی مندا، بە ڕاستی ئیسلام کردەوە، دڵنیایی و خۆشەویستی‌یە». عەبدولغەفارخان موسڵمانێکی خاوەن بڕوا و شوێنکەوتووی ڕاستەقینەی ماهاتماگاندی بوو کە نزیکەی ٨٠ساڵ لە ڕێگای مافی گەلەکەی خۆیدا شەڕی کرد، بە بێ ئەوەی بچووکترین چەکێك هەڵبگرێت. نموونەی عەبدلغەفارخان دەیسەلمێنێت کە لە بەرزترین بەها مەزهەبییەکانی ئیسلامدا دەتوانین تایبەتمەندییەکانی هزری ناتوندوتیژی بدۆزینەوە. ئەندێشەیەك کە بەهرەی چارەسەرکردن و ساماندانی ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تەنانەت لە دژوارترین هەلومەرجدا هەیە. عەبدولغەفارخان لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی هاواری موسڵمانەکان بۆ ساناگیری و دیموکراسی بوو. بادشاخان بەلای گاندییەوە ڕێزی هەبوو و گاندی عەبدولغەفارخان و شوێنکەوتووە پشتوونەکانی وەك نموونەیەکی ئازایەتیی ژیان وەك لایەنگرانی ناتوندوتیژی لە ئەژمار داوە. عەبدولغەفارخان لە ساڵی **١٩٢٩**دا ڕێکخراوەیەکی بە ناوی «خودای خزمەتکار» بەمەبەستی چێکردنی چاکسازیی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەر بنەمای ئیسلام دامەزراند. پرەنسیپی ناتوندوتیژیی عەبدلغەفارخان لەو ڕێکخراوەیەدا تەنانەت

لەو پرەنسیپەی کە لە لایەن کۆنگرەی نەتەوەییی هیندستانەوە قەبووڵ کرابوو، قووڵتر بوو، بە چەشنێك كە ئەندامانی ڕێکخراوەی «خودای خزمەتکار» ناتوندوتیژییان نەك تەنیا وەك سیاسەتێك، بەڵكو وەك شێوازی ژیان بۆ خۆیان لە ئەژمار دەدا. ئامانجی ڕێکخراوەی «خودای خزمەتکار» ئەوەبوو کە لە ڕێگا و خزمەتی خودا دابن و بە خزمەتکردن بە مرۆڤایەتی بە خودا بگەن. ڕێکخراوەی «خودای خزمەتکار» خاوەنی بەرنامەیەکی ناتوندوتیژی بوو کە دەیتوانی حکوومەتێکی هاوسەنگی کورتخایەن لە پیشاوەر دابمەزرێنێت. عەبدولغەفارخان دەیگوت: «جێگای سەرسوڕمان نییە کە موسڵمان یان پشتوونێکی وەك من لە پرەنسیپی ناتوندوتیژی بەرگری بکات، چونکە ئەم پرەنسیپە لەلایەن پێغەمبەری خوداوە و کاتێك کە لە مەککەدا دەژیا، ئاماژەی پێ کراوە». عەبدولغەفارخان جێگای ڕێزی کۆمەڵگەی موسڵمانان بوو، چونکە پیشانی دا کە دوورەپەرێزی لە توندوتیژی لە ئیسلامدا ریشەگەلی قووڵی لە ژیان و کردەوەی موسڵمانەکاندا هەیە. ئەم ئەندێشەیە هەم لە کردەوەی یەك بەیەکی تاکەکان و هەم لە ڕەوشتی کۆیی کۆمەڵگەی موسڵمانەکاندا تەنراوە و یەکپارچەیە. پشتیوانی لە بابەتی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی لە لایەن موسڵمانە خەباتکارەکانی ڕێگای ئازادی پیشان دەدات کە دیموکراسی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بابەتێکی نامۆ و نابەردەستەکی نییە. بەداخەوە، زۆرتر بەرباسەکانی پێوەندیدار بەشەپۆلی دیموکراسی لە وڵاتانی ئیسلامیدا، تەنیا بە دەوری دیموکراسی لە میکانیزمەکانی بازاڕدا دەگەڕێت. تێپەڕین بۆ دیموکراسی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بە شتێك زیاتر لە میکانیزمەکانی بازاڕ پێویستیی هەیە. بۆ گەیشتن بە حاکمییەتێکی سەقامگرتووی دیموکراسی دەبێ سەربەخۆیی کۆمەڵگەی شارستانی لە ڕووی یاساوە بە رادە و ئاستی پێویستی خۆیان بگەن.

کۆمەڵگەیەکی شارستانیی دوورەپەرێز لە توندوتیژی، بە توانای بەرهەمهێنان و توێژینەوەی وردی ئەندێشەکان و بەهاکان و چێکردنی ئەنجوومەنی یەکێتی گەلی پێکهاتوو لە هاووڵاتیان، هەنگاوگەلێکی کاریگەر و قازانجمەند بۆ تێپەڕین بەرەو دیموکراسی و پتەوکردن و قووڵکردنەوەی هەڵدەگرێت. حاکمییەتی دیموکراسی پێویستی بەوە هەیە کە کولتوری قەبووڵکردنی نۆرمەکان و ئەو شێوازانەی دژی دیسیپلینی دیموکراسین پەرە بستێنن. یەکێك لە هەنگاوە بنەڕەتییەکانی پرۆسەیەکی لەم چەشنە کەڵك وەرگرتن لە کردەوەی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی لە ئاستە بەرزەکاندایە. هێز و دەسەڵاتی ئەم بیردۆزەیە کە دیموکراسی بەهایەکی جیهانی لە سەرجەم کۆمەڵگە و کولتورییەکانەوە، دواجار لە کارکردە سازێنەرەکەیدا بۆ



پتەوکردنی بەهاکان و کردەوەی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی پێوارە. بێگومان مێتۆدە نادیموکراسیەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە بە هۆی تابۆکان و ئەو بەرتەسکایەتییە کولتورییەکانەوە کە باپیرانی ئێمە بە سەر ئێمەیاندا سەپاندوون، بۆخۆیان بوونەتە سەرچاوەی توندوتیژی لە جیهانی هاوچەرخدا، لە مەیدانەکە وەدەرنانرێن. لەم بەستێنەدا میرات و نەریتی نەبوونی توندوتیژی لە باشووری ئاسیا، تەنیا لە چوارچێوەی مێژووی خۆیدا نییە کە گرنگ هەیە، بەڵکو تایبەتمەندییەکی گرنگیشە لە مێژووی دیموکراسیدا. دەسکەوتەکانی گاندی و عەبدولغەفارخان لە باشووری ئاسیادا و ئەزموونی خەڵکی ئاسیای باشوور لە بەستێنی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی بۆ خەڵکانی دیکەی جیهان هەم موسڵمان و هەم ناموسڵمان بۆ وەدەستهێنانی حاکمییەتی دوورەپەرێز لە توندوتیژیش زۆر گرنگ و جێگای سەرنجە. (ئاخاوتن لە کۆنفرانسی ناوەندی خوێندنەوەکانی دیموکراسی، داکا، بەنگلادێش، ڕەشەمەی ١٣٨٠)

## توندوتیژی لە ڕوانگەی فانۆن و گاندییەوە

نەوەی سێهەمی ڕۆشنبیرانی ئێرانی زیاتر خۆی بە فرانتیز فانۆن و ڕوانگە توندوتیژ خوازانەکەی لە خەبات دژی ڕۆژئاوای ئیمپریالیست و چەوسێنەردا نزیکتر دەزانی تا بە گاندی و ئەزموونی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی. گەرچی گاندی بە ئێمەی پیشان دەدا کە دوورەپەرێزی لە توندوتیژی کاریگە پێوەندیی بە داهاتووی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام فانۆن وەك قارەمانێکی هزری لە خەباتی توندوتیژ دژی ڕۆژئاوا لە یادەوەریی ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا کاریگەر بوو و مایەوە.

مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشکردنی شیکارییەکی بەراوردکارانە لە نێوان مرۆڤناسیی فەلسەفیی فانۆن و بیردۆزیی دوورەپەرێزی لە توندوتیژیی گاندییە و لەم کارەدا هەوڵدەدرێت تا چییەتیی ڕوانگەکانی فانۆن سەبارەت بە توندوتیژی و بەرۆژبوونی بیردۆزیی گاندی سەبارەت بە دوورەپەرێزی لە توندوتیژی، لە چوارچێوەی بەرباسە هزرییە هەنووکەییەکاندا لە بەستێنی کۆمەڵگەی شارستانی، پلۆرالیزم و ساناگیریی دوولایەنە لە ئێراندا پیشان بدرێت.

## مرۆڤناسیی فانۆن:

فانۆن لە بەرهەم و نووسراوەکانی خۆیدا، شێوەیەکی روونی لە چییەتی و گەوهەری مرۆڤ بە دەستەوە نەداوە. سەرەڕای ئەوەش وادێتە پێش چاو کە فانۆن پێی وایە کە مرۆڤ خاوەنی گەوهەرێکی بنەڕەتی‌یە. جگە لەم گەوهەرە بنەڕەتییە، مرۆڤ هەلومەرجی وجودی تری (لەوانە وەك رەنگی پێست یان کولتور) هەیە. تاکێتیی مرۆڤ پێکهاتەیەك لە جیهانی بوونی «خود بنەمایی» و تایبەتی بوونی «هەلومەرجی وجودی»ی ئەوە. لە روانگەی فانۆنەوە، مرۆڤی کۆمەڵگەی کولۆنیاڵی خاوەنی هاودەنگیی نێوان «خودبنەمایی» و «هەلومەرجی وجودی» نییە، چونکە لە خۆی نامۆیە. «لەخۆنامۆبوون» یەکێك لە گرنگترین رێگرەکانی ئازادی بۆ مروڤی چەوساوەیە. فانۆن وشەی «لەخۆ نامۆ» بۆ پیشاندانی هەلومەرجی جوێبوونەوەی تاك لە تاکێتی خۆی بەکار دەبات. یەکێك لەو شێوازانەی کە لەخۆناموبوونی مرۆڤی چەوساوەی تێدا پیشان دەدرێت، دەربڕینی هەستی زەبوونتر بوونە. مرۆڤی چەوساوە بە هۆی ئەم هەستی زەبوونتربوونەوە، ناچار دەکرێت تا لاسایی چەوسێنەرەکەی خۆی بکاتەوە. فانۆن لێرەدا دەوری «توندوتیژیی» لە «خۆناموبوون»ی کۆلۆنیالیدا زۆر گرنگ زانیوە. هەروەها هەوڵیداوە رێچارەگەلێك بۆ دەربازبوون لە «خۆناموبوون» پێشکەش بکات. ئەم هەوڵە بەرەو«توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە» راپێچی کردووە. فانۆن لە چەمکی توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە وا تێگەیشتووە کە خەڵکی چەوساوە تەنیا لەم رێگایەوە دەتوانن بە ئازادی بگەن. بەواتایەکی‌تر فانۆن لەسەر چەمکی توندوتیژی وەك ئامانجێك لە خۆیدا و نەك وەك مێتودێك پێداگری دەکرد. لە تێڕوانینی فانۆندا توندوتیژی چالاکییەکی کلینیك دەرمانییە کە لە راستیدا دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕان و هەستکردن بە چاکبوونەوەی پەرچەکردارگەرەکان. توندوتیژی لەلایەکەوە، دەبێتە هۆی ئازادی و هۆشیاری و لەلایەکی‌تریشەوە دەبێتە هۆی وێرانبوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کۆلۆنیالی. بەم پێیە بە بۆچوونی فانۆن «توندوتیژی» تەنیا خەباتێکی رێکخراوەیی چەکدارانە بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم نییە، بەڵکو ئامێرێکی زەرووری و ناچارانەیە کە لە رێگای ئەم ئامێرەوە تاك تێکەڵاوی شۆڕش دەبێت. لە بەستێنی ئەم کارکردە دووهەمەی توندوتیژیدایە کە فانۆن دەڵێت توندوتیژی خاوەنی بەهایەکی بەهێز بۆ پاقژکردنەوە و پاککردنەوەی ژێردەستەکانە. لای فانۆن، توندوتیژی هۆی ئازادبوونی لۆکاڵەکان لە گرێی ژێردەستەبوون و خۆبەکەم زانین و رزگاربوونیان لە نائومیدی و ناچالاکی‌یە. نەترس رایان دهێنێت و بەخۆڕاپەرموون و کەسایەتییان پێ دەبەخشێت. بەم چەشنە سڕینەوەی کولۆنیالیزم



پرۆسەیەکی توندوتیژە کە نەك هەر دەبێ-تە هۆی وێرانبوونی بونیادە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سیستەمی کولۆنیال، بەڵکو «مرۆڤێکی نوێ» دەخولقێنێت. لە روانگەی فانۆنەوە توندوتیژی کارکردن بە بەڵێن و پیشاندەری «پراگماتیزم»ی رەهایە. لەلایەکی‌تریشەوە بە جۆرێك خەڵك یەکگرتوو دەکات کە تاکی کۆیی لە خەڵك دروست دەکات.

فانۆن بە ووردبوونەوە لەجیهانی سێهەمدا، چوار چینی کۆمەڵایەتیی سەرەکی دیاری دەکات و لێکیان دەکاتەوە. فانۆن باسی لێهاتوویی هەر چینێك لە توندوتیژیی شۆرشگێڕانە دەکات. ئەم چینانە بریتین لە: بورژوازیی نەتەوەیی، پرۆلیتاریای شاری، جووتیاران و پرۆلیتاریای لومپەن(*).

بە پێی بۆچوونی فانۆن، ئەندامانی بورژوازیی نەتەوەیی و چینی کرێکار بۆ جێبەجێکردنی خەباتێکی سەربەخۆ شیاوی متمانە نین. چونکە ئەوان «بەرژەوەندییە گشتییەکان» فام ناکەن و حەزیان لە پێکەوە گونجانی چاکسازیخوازانە و بێ توندوتیژییە. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەندامانی چینی جووتیار و تا رادەیەکیش لۆمپەن پرۆلیتاریا، لە توندوتیژی ناترسن. بەم چەشنە فانۆن بە گۆڕینی ئاراستەی بیردۆزیی مارکس، جووتیاران بە تاقە هێزی رەسەنی شۆڕشگێڕ لە قەڵەم دەدات. لەبەر ئەوەی کە فانۆن پێی وایە جووتیاران راستبێژن و ژیانیان پێوەندیی بە کۆمەڵگە نەریتییەکانی خۆیانەوە هەیە و هەروەها گوندییەکان پەیوەندی راستەوخۆ و راشکاویان لەگەڵ ستەمدا هەیە.

لە کۆتاییدا و پێش ئەوەی بچینە سەر روانگەکانی گاندی، پێویس-تە روانگەکانی فانۆن لەمەڕ توندوتیژی لەگەڵ روانگەکانی سورێل دا هەڵسەنگێنین. جورج سورێل نووسەری کتێبی بەناوبانگی «رامانگەلێك لە توندوتیژی»یە کە لە١٩٨٠چاپ کراوە. روانگەکانی سورێل لەم کتێبەدا کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر بزاڤی فاشیستیی ئیتالیاوە هەبووە. لە روانگەی سورێلەوە، سۆسیالیزم بە هۆی ئەوەوە کە توندوتیژیی هەیە، بە بەهاگەلی بەرزی ئاکاری گەشتووە و دەتوانێ دونیای نوێ رزگار بکات. هانا ئارێنت لەم بارەدا دەنووسێت کە فانۆن بە توندی لە ژێر کاریگەری هاوکێشەکەی سورێل سەبارەت بە توندوتیژی، ژیان و داهێنەریتیدا بووە. دەتوانین بپرسین کە ئایا شێوازی ئەندێشەی فانۆن سەبارەت بە توندوتیژی لە بنەڕەتدا هەر ئەندێشەکانی سورێلن؟

* Lompan: بریتییە لە پەسترین خەڵکی کۆمەڵگایەك وەك شەلاتی و دز و چەقۆکێش.

لایەنە هاوبەشەکانی فانۆن و سۆرێل ئەوەیە کە هەردووکیان تەنیا تەشکی خەباتی هەژارەکان دژی دەوڵەمەندەکانیان بە چەشنی توندوتیژ زانیوە. هەردووکیان، ستەمیان لە هەژارەکاندا بە مەسەلەیەکی دەروونی زانیوە. سورێل پێی وایە کە توندوتیژی مەسەلەیەکی سروشتی و غەریزی و هەمیشەیی دەروونی مرۆڤە. فانۆنیش توندوتیژی لە بەستێنە مێژوویی و ئابوورییەکاندا وەك دیاردەیەکی هەستاو لە هەلومەرجی کۆلۆنیالی شی دەکاتەوە. لە ئەندێشەکانی سورێلدا چەمکی «ئوستوورە» جێگایەکی گرنگی هەیە. بەڵام لە لای فانۆن، ئەم چەمکە بە هیچ شێوەیەك شیاوی قەبووڵکردن نییە. بە بۆچوونی فانۆن، شۆڕشی جووتیاری ئوسوورە نییە، بەڵکو واقیعییەتێکە. ئوستوورە لە دۆخی هەنووکەییدا ناتوانێت ئامێری کردەوە بێت، بەڵکو ئامێرێکە بۆ بە جێ هێشتن و تووڕدانی هەنووکە.

چەمکی توندوتیژی لە روانگەی فانۆنەوە و هەروەها ئەم راستییەش کە مرۆڤ لە رێگایەکی توندوتیژەوە خۆی دەخولقێنێتەوە، بوو بە بابەتێك بۆ مشتومڕ و جیاوازیی بیر و را لە نێو شیکارەکاندا. ژمارەیەك وەك ئێمەسیزەر، چەمکی توندوتیژیی فانۆنیان بە «توندوتیژییەکی ناتوورە» لە ئەژمار داوە. دەیڤیدکات لە کتێبەکەیدا چەمکی توندوتیژیی فانۆنی بە «توندوتیژییەکی ناتوورە» لە ئەژمار داوە بەڵام ئاماژە بەوەش دەکات کە فانۆن مێتۆدی دوورەپەرێزی لە توندوتیژیی گاندیی بە هۆی نارەسەنبوونی لە کۆلۆنیان سڕینەوەدا رەت کردۆتەوە.

بۆ تێگەیشتنی بیردۆزەکەی فانۆن سەبارەت بە توندوتیژی و ئەو مەودایە کە لە دوورەپەرێزی لە توندوتیژیی گاندی جوێی دەکاتەوە، نابێ پێشنیارەکەی فانۆن کە ژان پول سارتەر لە پێشەکییەکەیدا بۆ «دۆزەخییەکانی سەرزەوین» دووپاتی کردۆتەوە، لە بیر بکەین: «لۆکاڵەکان بە وەدەرنانی کۆلۆنیالیستەکان بە هێزی چەك، نەشیاوییەکانی کۆلۆنیالیزم دەرمان دەکەن، کوشتنی ئەوروپاییەك تیرێکە و دوونیشان و لە راستیدا لەنێوبردنی هاوکاتی چەوسێنەر و چەوساوەکەیەتی».

**گاندی:**

ئێستا بگەڕێینەوە لای گاندی و بزانین چ هەڵسوکەوتێکی لەگەڵ چەمکی توندوتیژی و ناتوندوتیژیدا هەیە. چەمکگەلی وەك ناتوندوتیژی، ئازادی و یەکسانی لە ئەندێشەکانی گاندیدا بنەمایەکی هاوبەش و لێك ئاڵاویان هەیە. بە بێ دوورە پەرێزی لە توندوتیژی نە ئازادی هەیە و نە یەکسانی. بە بێ ئازادی، یەکسانی و ناتوندوتیژی بوونیان نابێت و دواجار،



بە بێ یەکسانی، ئەم دوو چەمکەی دیش بوونیان نابێت. گاندی زیاتر لەباتیی وشەی ئینگلیزیی ناتوندوتیژی، لە وشەی سانسکریتیی «ئەهیمسا» کەڵك وەردەگرێت و لە وشەی ئەهیمسا واتایەکی بەرفراوان دەردەهێنێت. ئەهیمسا، بە شێوەی گشتی وەك رەتکردنەوە و کشانەوەی ژیان دەزانرێت. نەك هەر ژیانی مرۆیی، بەڵکو ژیانی گیانلەبەری و هەروەها هەندێ جاریش ژیانی گژوگیاش دەگرێتەوە. رادەی کۆتایی سەرهەڵدان و مانەوەی ئەهیمسا بە نەریتەکانی جایینیزم و وایشناواوە گرێ دەدرێت. گاندی لە ژێر کاریگەری ئەم دوو نەریتی بیر کردنەوەیەدا بوو و هەوڵیدەدا کە لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا گرێیان بدات. گاندی لەگەڵ ئاراستەی نێگەتیڤی ئەهیمسادا، وەك پرەنسیپێکی سانا کە پیشاندەری ناتوندوتیژی بێت، تەبا نەبوو و پێی باشتر بوو کە ئەهیمسا لە قاڵبی وشەیەکی پۆزەتیڤ و سازێنەردا کە پیشاندەری «ناتوندوتیژیی چالاك» بێت، بە کار بهێنێت. ئەم واتایە یەکسانە لەگەڵ خۆپاراستنی تەواو لە توندوتیژی، لە سەر بنەمای عیشق. گاندی لە رێگای بەرهەمەکانی تۆلستۆیەوە لەگەڵ واتای قووڵی عیشقدا ئاشنایەتیی پەیدا کرد، گاندی پاش خوێندنەوەی «رۆحی خودا لە دڵی ئێوە دایە»، بەم ئەنجامە گەیشت کە گەوهەری ئینجیلی مەسیحی لەگەڵ ئەهیمسادا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. گاندی پێی وابوو کە تەنیا لە رێگای ئەهیمساوە دەتوانین بە حەقیقەت بگەین. لە روانگەی گاندییەوە، حەقیقەت ئامانج بوو و ناتوندوتیژی ئامێرێك بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. بەو چەشنەی کە لە دووتوێی بەرهەمەکانیدا دەردەکەوێت، حەقیقەت بەتەواوی دەربڕی شتێکە کە واقیعییەتی میتافیزیکیی بنەمایی پێك دەهێنێت. لە روانگەی گاندییەوە ئەهیمسا و حەقیقەت بە چەشنێك تێکەڵاون کە جوێکردنەوە و جیاوازیدانان لە نێوانیاندا ناکردەنی‌یە و هەروەها پێی وایە کە لە نێوان چەمکی حەقیقەت و چەمکی خودا دا پێوەندییەکی دوولایەنە و بزۆز لە ئارادایە.

کەواتە بە بۆچوونی گاندی «خودا حەقیقەتە» و « حەقیقەت خودایە». بەم پێیە، حەقیقەت بە رەچاوکردنی ئەوەی کە گاندی وەك بەرزترین پرەنسیپی زانیوە، یەکەم پرەنسیپی مەزهەبییە. لە راستیدا، گەوهەری مەزهەبی گەڕانە بە دوای حەقیقەتدا. ناسینی حەقیقەت وەك بەرزترین پرەنسیپ، «خۆ دۆزینەوە» و پشت بەخۆبەستنە. بەڵام ئەم خۆدۆزینەوەیە تەنیا لە رێگای ناتوندوتیژییەوە دەکرێت.

بەم شێوەیە، مەیلی خۆدۆزینەوە لە پرۆسەی دیسپلینیی کۆمەڵایەتیدا، دەبێتە مەیلی بە کردەکردنی بەها مەعنەوی و ئاکارییەکان. بەواتایەکی‌تر، لە روانگەی گاندییەوە، هیچکەس بە

بێ هەوڵدان بۆ ئازادیی کەسانیتر، ناتوانێت بە ئازادی بگات. هەروەك دەزانین گاندیش وەك فانۆن ئاکارخوازە و تەنانەت زیاتر لەویش پێداگری لەسەر دەکات. بەڵام بەرژەوەندییە ماددی و ئابوورییەکان وەك هۆکارگەلی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی قەبووڵ ناکات و لەم بوارەدا زیاتر لە فانۆن پێداگری دەکات. گاندی هەروەها بە پێچەوانەی فانۆنەوە، هەرچەشنە ستراتیژییەك لە سەر بنەمای خەباتی چینایەتی بێت رەتدەکاتەوە. گاندی وەك رەخنەگرێکی پێداگری ئاکاری و کولتوری، رەخنە لە پیشەسازی و سەرمایەداری دەگرێت. بە رەچاوکردنی ئەوەی کە یەکەمین و گرنگترین ئامانجی گاندی لەم پرەنسیپەدا پێوارە کە «بەختەوەریی تاك بە بەختەوەریی هەموانەوە بەستراوە»، بەڵام لە روانگەی گاندییەوە خاوەندارێتیی تایبەتی و خاوەندارێتیی دەوڵەتی هەردووکیان لە سۆنگەی ئاکارییەوە شیاوی قەبوولکردن نین. بەم پێیە گاندی رێچارەی مارکسیستی بۆ بابەتی هەڵسوکەوتە ئابوورییەکان قەبووڵ ناکات، چونکە پێی وایە ئەو رێچارەیە لەسەر بنەمای توندوتیژی و زۆرداری وەستاوە. لە لایەکیترەوە، گاندی رێچارەی روژئاواش قەبووڵ ناکات. چونکە پێی وایە سیستەمی ئابووریی رۆژئاوایی لە سەر بنەمای جەنگ و چەوسانەوە دانراوە. گاندی هەوڵدەدات تا کۆمپانیا تایبەتەکان و کۆمپانیا دەوڵەتییەکان پێکەوە ئاشت بکاتەوە و رێچارەیەکی مامناوەندی وەك دامەزراوەی «یارمەتییانە» پێشکەش بکات کە خاوەنی مەزنایەتیگەل و بەدوور لە زەرەرەکانی ئەو کۆمپانیاگەلە بێت. بە بۆچوونی گاندی، تاك مافی خاوەندارێتیی هەیە، بەڵام چاوەڕوانیی ئەوەی لێدەکرێت کە سامانی خۆی وەك یارمەتی لە رێگای بەختەوەریی کۆمەڵگەدا وەگەڕ بخات. بەواتایەکیتر، ژیانی ئابووری لە کۆمەڵگەیەکی بەختەوەردا دەبێ بە پێی تێبینییە ئاکارییەکان بەڕێوە بچێت. هەربۆیە گاندی بە مەبەستی چێکردنی پیشە بۆ کۆمەڵانی کەڵەکە بوو، لە جیاتیی بەرهەمهێنانی کەڵەکە بوو، بەرەو بەرهەمهێنانی کۆمەڵان دەڕوانێت و ئاستی وەك «ئاکار لە کاردا» و«کار بۆ نان» دێنێتە ئاراوە. بە بۆچوونی گاندی بەرهەمهێنان دەبێ «ناوەندسڕینەوە» بکرێت و هەموو کۆمەڵگەیەك دەبێ لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی خۆیدا بە خۆژێنەری بگات. لێرەدا دەتوانین لە نێوان فانۆن و گاندیدا چەند خاڵێکی هاوبەش پەیدا بکەین. گاندی هەمیشە بەپلەی یەکەم گرنگی بەو ئەتنیستە نەریتییانە دەدات کە بێ تاوان لە لایەن مەیل و هەوەسی شارەوە پێشەل دەکرێن. گاندی بە شێوەیەکی دروست و وەك ئەندازیارێکی کۆمەڵایەتیی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی، بەدوای دیسپلینییەکی کۆمەڵایەتیی نوێوەوەیە. میتۆدی گاندی وەك شێوازی قتکردن لە«جەنگی چینایەتی»ی



مارکسیستیدا نییە، بەڵکو لەم کارەدا شێوازی وەرگرتنی «هاودەنگیی چینایەتی»ی هەیە. گاندی دژی بیردۆزیی مارکسیستیی «جەنگی چینایەتی» بوو، چونکە بە بۆچوونی گاندی، ئەم چەمکە بەواتای لادان لە بەرژەوەندیگەلی چینایەتی و پێکهاتنی رێکخراوەگەلی سەربازی و توندبوونەوەی هەستی دوژمنکارانە و دواجار تێداچوونی چینێك بەدەستی چینێکیترە. جگە لەوەش گاندی، پێویستی بە بەرنامەیەکی کاریی بەردەوام، بە دیسپلین و وەبەرگری وەبیر دەهێنایەوە کە بە بەرنامەی ئاوەدانکردنەوە ناوی دەبرد.

لە روانگەی گاندییەوە، بەرنامەی ئاوەدانکردنەوە بریتی بوو لە چێکردنی کۆمەڵە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئابووریی بەتەواوی چەقنەبەستوو کە لە راستیدا سەرخانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەیان وەدی دەهێنا. بە پێی روانگەی گاندی، بەرنامەی ئاوەدانکردنەوە دەتوانێ ئەم قوناغانەی هەبێت:

١- دروستکردن و سەقامگیرکردنی یەکگرتنی ئەتنیکی، لە رێگای هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم سەرەتی و جیاوازییەکانی نێوان ئەتنیسیتەکان، بە تایبەت موسڵمانان و هیندووەکان.

٢ — هەڵوەشاندنەوەی رەسم و یاسای «گلاوەکان».

٣ — چێکردن و برەوپێدانی جۆلایی وەك بەستێنێکی بەربلاو بۆ پیشەکان و تەشکێکی لەبار بۆ چەقبەستن.

٤ — چاککردنی تۆڕەکانی ئاودێری لە گوندەکاندا.

٥ — چێکردنی ناوەندگەلی فێرکاریی سەرەتایی لە سەرجەم گوندەکانی هیندستان دا.

٦ — چێکردنی یەکسانی و دادپەروەریی ئابووری.

٧ — ئازادیی ژنان.

٨ — رێکخستنی کۆمەڵگەی جووتیاری بۆ چاککردنی دۆخی ژیانی ئەم کۆمەڵگەیە.

گاندی جگە لە پێشنیاری ناوەندسڕینەوە لە ئابووریدا، لە سەر بابەتی ناوەندسڕینەوە لە سیاسەتیشدا داکۆکیی کردووە و لێرەدا لەگەڵ هێنری دەیڤید سۆرۆ دا تەبایە کە دەڵێت: «باشترین حکوومەت ئەوەیە، کەمترین حاکمییەتی هەیە» و بەم پێیە سەبارەت بە دەوڵەتی مۆدێرن ترس و خۆپاراستنێکی زۆری هەیە. گاندی گەرچی ئانارشیست نییە، بەڵام هەڵگەڕانەوەی لە دەوڵەت لەسەر بنەمای دوو بۆچوونی کلاسیکی ئانارشیستەکان دانراوە:

١ — دەوڵەت خاوەنی دەسەڵاتێکە هەڕەشە لە ئازادیی تاك دەکات.

٢ — دەوڵەت نوێنەری توندوتیژییە لە قەوارەیەکی رێکخراودا.

گاندی سیستەمێکی سیاسی وەك جێنشین پێشنیار دەکات کە لەسەر بنەمای دیموکراسیی بەشدارانەیە کە تێیدا، سیستەمی کۆنترۆڵ و چاوەدێری لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە. بونیادی ئەم سیستەمە و پێکهاتنی لە گرووپە گچکەکانەوە دەستپێدەکات. بە چەشنێك کە ئەو حکوومەتانەی بەم چەشنە دروست دەبن، بەکردە تایبەتمەندیی، حکوومەتگەلێك بۆ خەڵك، بەدەستی خەڵك و پێکهاتوو لە خەڵکیان هەیە.

مەبەستی گاندی دیموکراسییەکی بەشدارانە لەسەر بنەمای حکوومەتە لۆکاڵەکان بوو. گرووپی گوندەکان لە ناوچەیەکدا و گروپی ناوچەکان لە پارێزگایەکدا و بەم چەشنە ڕێك دەخرێن و هەرکامێکیان بەدەستی ئەو نوێنەرانەی کە لەلایەن ئەندامەکانەوە هەڵبژێردراون، بەڕێوە دەچن. ئەم ڕەخنەیە لە گاندی دەگیرا کە لەمەڕ سەربەخۆیی و پشتبەستن بە خودی گوندەکان، لە بەرانبەر دەسەڵاتی حاکمدا، زێدەڕۆیی کردووە. بەڵام گاندی بەکردە هەلومەرجێکی نوێی بۆ ناوەندسڕینەوە و سەربەخۆیی پێشنیار کردبوو کە لە ڕاستیدا پێویستی بوونی دەوڵەتێکی ناوەندیی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکان و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕەت نەدەکردەوە. هەربۆیە گاندی بەدوای سڕینەوەی دەوڵەتی مۆدێرنەوە نەبوو، بەڵکو خوازیاری چاکسازی لە بونیادەکەیدابوو. مەبەستی گاندی لە چاکسازییەکان تەنیا بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی نەدەگەڕایەوە، بەڵکو فێرکاریشی لە بەرچاو دەگرت. ئامانجی گاندی تەنیا پێگەیشتنی تاك نییە، بەڵکو چێکردنی دیسپلینیی کۆمەڵایەتیی نوێ لەسەر بنەمای حەقیقەت و ناتوندوتیژییە. چونکە گاندی فێرکاری بە بەستێنی ڕێکخستنی ژیان دەزانێت. بەواتایەکی‌تر ئامانجی تەوەری لە ڕوانگەی فێرکارانەی گاندیدا، کەسایەتی سازییە. لای گاندی کەسایەتی سازی لە ڕێگای کاری دەستی و پیشەگەرییەوە دەلوێت. ئەندێشەی بنەمایی گاندی بەم جۆرەیە کە کاری دەستیی هەڵبژێردراو بە شێوەی دروست و تەواو فێر بکرێت، فێرگە دەتوانێت خەرجی فێرکارەکانی خۆشی دابین بکات. لایەنی خۆژێنەریی ئەم بەرنامەیە دەتوانرێت بە دوو شێواز شیبکرێتەوە.

١ — گەشەپێدانی چەشنێك لە فێرکاری کە یارمەتیی خۆژێنەری بدات.

٢ — دامەزراندنی سیستەمێکی فێرکاری کە لە خودی خۆیدا خۆژێنەر بێت و لە سەرپێی خۆی ڕابوەستێت.

بەم چەشنە ئێمە قەرزداری گاندین چونکە لە بەستێنی ئەزموونەکانی فێرکارییدا میراتێکی گەورەی بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە. لە وانەکانی گاندیدا ئامانجەکانی فێرکاری بۆ پاشەڕۆژێکی



باشتر پێوارن. گرنگترین ئیمکانی ئەزموونی فێرکاریی گاندی بە ئێمە، تێکەڵکردنی زانست و مەعنەوییەتە. ئالبێرت ئەنشتاین دەیگوت: «زانست بەبێ مەعنەویەت کوێرە و مەعنەوییەتی بە بێ زانست، شەلە». ڕوانگەی فێرکاریی گاندی ئەم دوو بەهایە لە ژیاندا تێکەڵ دەکات و بەستێنێکی بەتەواوی لەبار بۆ ژیانی سەدەی بیست و یەکەم پێك دەهێنێت.

بە کورتی، هەروا کە دیتمان وێڕای ئەوەی کە ڕوانگەکانی گاندی و فانۆن زۆر لێکدەچن، بەڵام جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوانیاندا هەیە کە ئەویش ئاکارخوازیی گاندییە کە بەرەو جێبەجێکردنی ناتوندوتیژی ڕینموونیی کردووە، لە کاتێکدا فانۆن بە ئاراستەیەکی‌تردا چووە. فانۆن باسی تێپەڕینی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگە دەکات و گاندی بێگومان چاکسازیخوازە. فانۆن، توندوتیژی لە بەستێنی لۆژیك و پێوەندیی کەرەستە ئامانج بە ڕەوا دەزانێت. بەڵام گاندی هەر لەم بەستێنەدا دوورەپەرێزی لە توندوتیژی بە ڕەوا دەزانێت. لای فانۆن توندوتیژی و شۆڕش تاقە ڕێگاگەلی کاریگەر و کارامەی چێکردنی گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵگەدان. بە بۆچوونی گاندی، «ئامانجە نایابەکان» (ئازادی و یەکسانی) تەنیا لە ڕێگای «کەرەستە نایابەکانەوە» (دوورەپەرێزی لە توندوتیژی) وەدی دێن. گاندی هەرچەشنە جیاوازییەك لە نێو مێتۆدەکان و ئەو ئامانجەی کەڵکیان لێوەردەگیردرێت، بە تەواوی ڕەتدەکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئامرازی کارەکە دەبێ هاوڕێژی ئامانج و وەدیهێنەری هەیکەلی بێت.

لای سەرجەم ئەو کەسانەی کە گاندییان قەبووڵە، لەوانە گرنگترین کەسایەتیی ئەم تاقمە واتە مارتین لۆتەرکینگ، ئامانج و کەرەستە یەك شتن. لۆتەرکینگ پاش گەڕانەوەی لە سەفەری هیندستان لە ساڵی١٩٥٨دا، لە وەڵامی هەواڵنێراندا گوتی: «ئەگەر مرۆڤایەتی دەیەوێت پێش بکەوێت گاندی چرای ڕێگایەتی». لۆتەرکینگ، بە قەبووڵکردن و ڕاستاندنی ڕێساکەی گاندی لە جێبەجێکردنی ناتوندوتیژیدا، پیشانی داین کە زیاتر لەوەی کە ئێمە بیری لێبکەینەوە، گاندی پێویستە و گرنگیی هەیە. ئەم پێویستییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژو زیاتر لە جاران و لە دۆخێکدا کە بە شێتییە توندوتیژەکانی مرۆڤ و ئەو ڕۆڵە ترسێنەرەی کە لە ژیانی ئێمەدا هەیانە، ڕواڵەتی دروست بە خۆیەوە دەگرێت. (ئاخاوتن لە کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تۆرنتۆ، ڕێبەندانی١٣٧٩)

## جێگرەوەکانی توندوتیژی:
## دەلاقەیەك بەرەو سیاسەتی ناتوندوتیژی

**لە دونیای ئەمڕۆدا دوورەپەرێزی لە توندوتیژی ئیدی ئامێرێـك بۆ شیکارییە ڕۆشـنبیرانەییەکان نییـە، بـەڵکو زەروورەتێکـی زانستییە.**

**«مارتین لوتێر کینگ»**

ئەوەی کە دەڵێن توندوتیژی بەشێکی سروشتی و نورماڵە لە ژیان، هەنووکە ئیدی تاڕادەیەك بووەتە شتێکی ئاسایی. جەنگ، شۆڕش، بەندکردن، کوشت وبڕ و کۆمەڵ کوژی، هەزاران ساڵە بۆتە بەشێکی سیاسیی کۆمەڵگەکان. تەنانەت بە چاو خشاندنێك بە مێژووی مرۆڤدا، روون دەبێتەوە کە کۆمەڵگە مرۆییەکان لە دیمەنێکی بەربڵاوی ژیانیاندا لەگەڵ پرەنسیپی توندوتیژیدا ژیاون. بەڵام لە درێژەی سەدەکاندا، تاکەکان هەمیشە میتۆدی دوورەپەرێزی لە توندوتیژییان وەك شێوازێکی ئەندێشە و کار لە رەوتی ئاواژیسازی و دژی دیسپلینیی هەنووکەییی شتەکان، لە بەرچاو گرتووە. ڕێبازی ناتوندوتیژی مێژوویەکی درێژ و دێرینی هەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی نەناسراو و نەخوێندراو ماوەتەوە. لە ئەنجامدا، ئێمە کتێبی زۆر کەمان سەبارەت بە مێژووی کرداری چاکسازیخوازی لە بەردەستدایە. لە راستیدا، پێش گاندی و مارتین لۆتەرکینگ، هۆشیارییەکی زۆرکەم لە نەریتی فەلسەفی و سیاسیی خەباتی ناتوندوتیژی لە جیهاندا هەبوو. ئەمڕۆ ئەم دۆخە گۆڕدراوە. ناتوندوتیژی ئەندێشەیەکە کە ئێستا ئیدی جێگای خۆی لە رەوشتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێمەدا سەقامگیر کردووە. هەنووکە ئیدی خەباتگەلی سیاسی بۆ مافەکانی مرۆڤ بە زۆری لەم روانگەیەوە جێبەجێ دەکرێن. لەم ساڵانەی دواییدا، ناتوندوتیژی وەك شتێك زیاتر لە ستراتیژییەکی تایبەتی لە سەر بنەمای پرەنسیپە ئاکارییەکان گەڵاڵە کراوە و خۆی دەرخستووە. ئەم رۆژانە خەباتی دوورەپەرێز لە توندوتیژی، وەك میتۆدێکی خەبات، لە بزاڤە دیمۆکراتییەکاندا لە ژمارەیەکی زۆری ناوچەکانی جیهاندا، لەوانە لە ئەمریکای لاتین و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە سەردەمێك خەباتی چەکدارانەیان وەك تاقە رێگای رزگاری دەزانی، شێوەی رێکخراوی وەرگرتووە. هەنووکە دوورەپەرێزی لە توندوتیژی وەك ئامێرێکی بیرمەندانە و ورد دژی



سیستەمە دەسەڵاتدارێتیخوازەکان، قەبوڵ کراوە. لە سێ دەیەی رابردوودا، وانەکانی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی و بەکەڵك وەرگرتن لە میتودگەلی وەك مانگرتن، بایکوت، یاخی بوونی شارستانییانە و رێپێوانی جەماوەری، بوونەتە هۆی تێداچوون و لاچوونی حاکمییەتە زۆردارەکان لە نزیکەی بیست وڵاتی جیهان دا.

یەکێك لەو ئەرکە گرنگانەی کە بزاڤە ناتوندوتیژەکان وە ئەستۆیان گرتووە، رێکخستنی خەبات دژی گەوهەری دەسەڵاتی سیاسییە. بە پێچەوانەی لایەنگرانی جیهانبینییە توندوتیژەکان، کردکارە دوورەپەرێزەکانی توندوتیژی بەدوای دەسەڵاتی سیاسییەوە نین. لە باتیی ئەوە ئەوان دەرکیان بەوە کردووە کە دەسەڵات بابەتێکی زاتی لە سەرجەم هەڵسوکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندایە و کۆنترۆڵکردنی بابەتێکی بنەمایی لە بیردۆزیی سیاسی و لە راستیی سیاسیدایە.[1] تاقە رێگای وەدەستهێنانی بابەتی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی، چاوەدێریکردنی دەسەڵاتی نالەبار بە کەڵك وەرگرتن لە گوشار و بەبێ وەکارهێنانی توندوتیژیگەلی جەستەییە. میتۆدێکی لەم چەشنە بۆ ئەوەیە کە لە فەلسەفەی ناتوندوتیژیدا، گوشار وەك رێبازێك بۆ چێکردنی گۆڕانکاری لە ئەژمار دەدرێت نەك بەکارهێنانی تۆندوتیژیگەلی جەستەیی. ئێمە هەرکات ئاماژە بە هۆکارەکانی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی بکەین، لە راستیدا باسی هێزی حەقیقەت و عیشق دەکەین. بەم پێیە پێوەری دەسەڵات، رادەی پێوەندیی نێوان گوشار و توندوتیژییە، بەڵام ئەم دوانە یەك شت نین. لە راستیدا، گاندی لە چەمکی «ساتیاگراها» یان دەسەڵاتی حەقیقەت، و مارتین لۆتەرکینگ لە چەمکی دەسەڵاتی رۆحدا، هەردووکیان لە ئەندێشەی گوشار بۆ بونیادنانی گەڵاڵەی بەرخۆدانی بەبێ توندوتیژی کەڵکیان وەرگرتووە. بەرخۆدانی بە بێ توندوتیژی، لە مێژوودا وەك روانگەیەکی نازۆرەکی دژی یاسا بێدادیەکان هاتۆتە ئاراوە، بەڵام لە جلوبەرگی دژایەتی لەگەڵ ناڕاستی و ئەهریمەنیشدا خۆی نواندووە. ئەم چەمکە دەتوانین هەم وەك ستراتێژی و هەم وەك شێوازی ژیان راڤە بکەین.

لە چەمکی ستراتێژیکدا، دەتوانرێت بەرخۆدان و بەرگری دوورەپەرێز لە توندوتیژی بۆ راوەستان لە بەرانبەر سەرکوتکردن و بێ عەدالەتی، لە سەرجەم تەشکەکانیدا، لە ئەژمار بدرێت. بە شێوەیەکی سروشتی ئەم ستراتیژییە تا ئەو جێگایەی بەکار دێت، وەکار دێت و ئەودەم کە بێ کاریگەر دەمێنێتەوە، وەلاوە دەنرێت. لەم چوارچێوەیەدا، بەرخۆدانی دوورەپەرێز لە توندوتیژی ئامێرێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێك. ئەم ئامانجە تێك شکاندنی توندوتیژییە جەستەییەکان و یاسا بێدادییەکانە. بە واتایەکیتر لە چوارچێوەی توندوتیژی سڕینەوەی

ستراتیژیکدا، کاری چاکسازانە لە دۆخێکدا کاریگەرە، کە کەڵك وەرگرتن لە توندوتیژی بەرتەسك بێتەوە. چونکە ئەم هەلومەرجە خاوەن توانای چێکردنی کەشوهەوایەکی سیاسیی دڵخواز و چێکردنی ئاقارێکی فیزیکیی بێ مەترسی و ئارام و خاوەنی لێهاتوویی کەم کردنەوە یان لەناوبردنی دژایەتییە نێگەتیڤەکان لە هەلومەرجی ترس، تووڕەیی و نائۆمیدییە، لە ڕێگای دابینکردنی تەناهی، شوناس و پشتبەستن بە خۆوە. هەروەها خاوەنی لێهاتوویی مرۆییکردنی هەلومەرجی کردکارەکان لە بەرچاوی بەرهەڵستکاراندایە.[2]

بەڵام چەمکی بەرگری بەدوور لە توندوتیژی وەك شێوازێکی ژیان، ئیدی ئامێرێك بۆ ئامانجێك نییە، بەڵکو ئامانجێکە لە خۆیدا و بۆخۆی. بەلای ژمارەیەکی زۆری بیرمەندان و چالاکانی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی، وەك بوودا، تۆڵستۆی، گاندی و مارتین لۆتەرکینگ گرنگی ناتوندوتیژی لە بنەڕەتدا لە بەڵێنێکدا پێوارە کە خاوەنی پرەنسیپگەلی خوددیسپلینی و ریازەتکێشانەیە. بەڵێن و پێبەندییەکی لەم چەشنە دەبێ هەڵگری سەرنجێکی قووڵ لە حەقیقەت و خۆشگوزەرانیی هەموان لە کۆمەڵگەدا بێت. چەمکی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی وەك شێوازی ژیان، زۆر پێشتر لە چەمکە ستراتێژیکەکەی، لە مێژووی ئەدەبیاتی فەلسەفی و مەزهەبیی جیهاندا سەری هەڵداوە. چەندین سەدە پێش ئەوەی کە گاندی سەبارەت بە چەمکی ساتیاگراها و خەبات بۆ حەقیقەت قسەی کردبێت، ڕێبازگەلی وەك جایینیزم، بوودیزم و هیندوئیزم، بیردۆزیی دوورەپەرێزی لە توندوتیژییان لە ئایدیا و هزرەکان و ڕێبازەکەیاندا بە کار هێناوە.

وشەی «ناتوندوتیژی» بۆخۆی وشەیەکی نوێ و وەرگێردراوی وشەی سانسکریتیی «ئەهیمسا» یە کە گاندی لە دەقە کۆنەکانی هیندوئیزم وەری گرتبوو. ئەهیمسا لە ریشەی «هیمس» لە کرداری «هن» بە واتای خەسار و زەرەر وەرگیراوە. پێشگری «ئە» وشەکە دەکاتە نێگەتیڤ و ئەهیمسا بەواتای «نەبوونی مەیل بە زەرەر» وەرگێردراوە. لە دەقەکانی «ئوپانیشادەکان» و«یوگاشوترا» و «بهاگاوادگیتا»، ئەهیمسا وەك «بەرزترین ئەرك»ی هەرکەس کە دەبێ بۆ کەماڵی خۆی لەوە دەستهێنانیدا، هەوڵبدات، لە ئەژمار دراوە. لە خوێندنەوەی وردی بهاگاوادگیتا (بە واتای گۆڕانیی خوداکان)، کە لە راستیدا بەشی نێوەڕاستیی کتێبی گەورەی پیرۆزی هیندووەکان مەهابەهاراتایە، دەر دەکەوێت کە ئەهیمسا لە لایەن کریشناوە خوڵقێندراوە و وەك تایبەتمەندیی کەسانێك کە بە «چارەنووسی ئاسمانی»[3] لە دایك بوونە، دەزانرێت. بە واتایەکیتر، وانەکانی کریشنا، لە کتێبی بهاگاوادگیتا بە روونی لە



سەر خۆدوورخستنەوە لە خەسار و زەرەر جەخت دەکەن. ئەم وانەگەلە بوونەتە ڕێنوێنگەلێك بۆ ژیانی بەڵێندەر بە دوورەپەرێزی لە توندوتیژی و بوونەتە ڕێگایەکی بنەمایی بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو حەقیقەت.

ڕۆڵی ناوەندیی ئەهیمسا لە نەریتی جایینیشدا کە نزیکەی ٨٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح لە لایەن پارسواوە دانرا و لە سەدەی شەشەمی پێش زایینیدا لە لایەن ماهاویراوە چاکسازیگەلێکی تێدا کرا، زۆر پرشنگدار و بەرجەستەن. گەرچی جایینیزم بوو بە بزاڤێکی کەمینە، بەڵام کاریگەرییە فەلسەفییەکەی بە سەر بەشێکی بەربڵاوی هیندستانییەکانەوە بەرچاو بوو. ئەگەر سەیری ژیانی گاندی بکرێت، وادێتە پێش چاو کە لە کەشوهەوایەکی مەزهەبی و لە ژێر کاریگەری قووڵی جایینیزمدا پەروەردە کراوە. لە جایینیزمدا، ئەهیمسا وەك سوێندێك بۆ سەرکەوتن بەسەر کاریگەری نیگەتیڤی کارما لە ئەژمار دەدرێت. واتاکەی ئەوەیە کە کردە توندوتیژیخوازانەکان فڕێ دەدرێن، چونکە لە داهاتوویەکی نزیکدا وەك ڕێگری ئازادییان لێدێت. یەکێك لە دەقە بنەماییەکان لە فەلسەفەی جایینیزمدا، بەناوی ئاچارانگاشوترا، پێویستبوونی ئەهیمسا بە شێوەی خوارەوە روون دەکاتەوە:

«ئەو کردە خەسارمەند و زەرەردەرانەی کە لە خۆخوازییەوە سەر هەڵدەدەن، بەرەو ئەهریمەن و تاریکی دەڕۆن و ئەمەش شتێکە کە بە کۆت و بەند و وەرچەپین و مەرگ و دۆزەخ ناو دەبرێت. ئازاردانی کەسانیتر لە راستیدا ئازاردانی خودە. هەربۆیە، تۆ هەر ئەو کەسەی کە دەتهەوێ بیچەوسێنیتەوە، هەرکە ویستمان کەسانیتر خراپ و نابوود بکەین، خومان خراپ و نابوود کردووە. ئەگەر دەمانەوێ کەسانیتر بکوژین، خۆمان کوشتووە».[4]

ئەم واتا و تێبینیگەلە، وایان لە جایینیستەکان کردووە تا ئەهیمسا وەك بنەمای سەرجەم چالاکیەکان و کردارەکانی خۆیان لە ژیانی رۆژانەدا لە بەرچاو بگرن. لە خوێندنەوەیەکدا کە ئەبرهاردفیشەر و «جیۆتیندارجین» سەبارەت بە بنەماڵەیەکی جایینی کردوویانە، ئەم بابەتانە بە باشی روون بوونەتەوە:

«رۆژ بە گسگدانی ناو ژوورەکان دەستپێدەکات، بەڵام گزگەکە ئەوەندە نەرم و هێواش دەکێشن کە تەنانەت تۆز و کێرو و زەرەریان نەگاتێ. پاشان ئاوی خواردنەوە و چێشت لێنان چەندین جار دەکوڵێنن و سافی دەکەن».[5]

یەکێکیتر لە بزاڤە کۆمەڵایەتی، مەزهەبی و فەلسەفییەکان کە بە شێوەیەکی قووڵ مێژووی ناتوندوتیژیی لە ژێر کاریگەری خۆیدا داناوە، بوودیسمە. گوتما بوودا لە ساڵی

پێنجسەدی پێش زایین، پاش جوێبوونەوە لە دابونەریتی ئایینی ڤیدا، سەرچەشنێکی گەورە و پرشنگداری لە بەڵێنی تایبەتی بە ژیانی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی پێشکەشی خەڵکی جیهان کرد. وانەکانی ئایینی بوودایی لە سەر چەمکی«بێ ئازاری» بە توندی داکۆکی دەکەن و هەر بەم داکۆکیکردنە یارمەتییەکی گەورەی فەلسەفەی ناتوندوتیژییان داوە. ئەخلاقییاتی بوودایی شوێنکەوتوانی خۆی هاندەدات تا بە پێنج سوێند پێبەند بن: دووری لە توندوتیژی، دزی، درۆ، خواردنەوە و پەیوەندییە ناشەرعییەکان. پەساپۆرتی ئاکاریی «دووری لە مرۆڤ کوشتن» لە «هەشت رێگای شەرافەت» دا پێوارە کە لە بوودیسمدا ئامێری دەرچوون لە بەڵاکان و رۆیشتن بەرەو نیروانا پێك دەهێنێت. لە نێوان ئەو سیفەتە باشانەیدا کە راهیبە بوودایییەکان و لە راهێنانی ئەواندا زیاتر هەوڵدەدرێت، نەریتی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی وەك پرەنسیپێکی بەهایی لە ئەژمار دەدرێت. لە یەکێك لە دەقە سەرەکییەکانی بووداییدا بەناوی ئەنگوتارانیکایادا بەم پەندە ئاکارییە دەگەین کە: «ئاراهانەکان تا ئەو کاتەی زیندوون، لە کوشتنی بوونەوەری زیندوو خۆ دەپارێزن...و بە خۆشەویستی و دلۆڤانییەوە سەیری سەرجەم بوونەوەرەکان دەکەن»[٦]. فەلسەفەی بوودایی لە خودەوە دەستپێدەکات لەوێوە بۆ کاریگەری کردنە سەر کەسانی ترەوە، دەبزوێ. لە ئایینی بووداییدا ئەگەر لە خۆت ببووری، کەسیتریش بێوەی دەبێت. کەسێکی بوودایی هەوڵدەدات تا «خود» لە دوورەوە رابگرێت و خۆی لە کەسی تردا بدۆزێتەوە. بۆ تێگەیشتنی چەمکی توندوتیژی سڕینەوەی بوودایی، دەبێ بەرامبەر ئەم پێوەندییە دوولایەنە لە ژیاندا هۆشیار بیت. بەم پێیە لە ئایینی بووداییدا، رێگای گەیشتن بە ناتوندوتیژی، زیاتر تاکییە تا کومەڵایەتی. ئایینی بوودایی لە بەر ئەوەی پشتیوانی ناتوندوتیژی دەکات کە ئەم ئەندێشەیە بە توندی لە سەر بنەمای بڕوا بە «رەنجی خود» و گەڕان بۆ چارەسەرکردنی دانراوە. توندوتیژی لە بەر ئەوە قەدەغە و ناپەسەندە کە نەك لە کەسانیتر، بەڵکو لە راستیدا و پێش هەمووشتێك، زەرەر لە خود دەدات.

ئایینی بوودایی بۆ بەرگری لە ناتوندوتیژی لە خودەوە دەستپێدەکات، بەڵام مەسیحیەت لە سەر پرەنسیپی «پاراستنی کەسانی تر» داکۆکی دەکات. سەرجەم ئەو مەسیحییانەی کە ناتوندوتیژییان وەك رێگا و شێوازی ژیان هەڵبژاردووە، رێك وەك ئەزموونێکی لە خۆبوردوویی عیسای مەسیح و وەك نیشانەیەك لە هاودەردی و دلۆڤانیی مەسیح لە بەرانبەر مرۆڤایەتیی رەنج کێش دا زانیوە. جگە لەوەش، بەرگریکارانی مەسیحی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی، لە لاگیریکردنی ئەم رەوشتە ئاکارییەدا، لە کتێبی ئینجیل و بەتایبەتی بەشی«مەوعیزەی



سەرچیا» و بەشەکانی پێنجەم (دێڕەکانی٣-١٠) و عیشق بە پەیما (دێڕەکانی ٣٨- ٤٨) باس دەکەن. وانەکانی مەسیح لە «مەوعیزەی سەرچیا»دا بۆ چەندین سەدە وەك رێنوێنیکەر بۆ کردکارانی مەسیحی و نامەسیحیی دوورەپەرێز لە توندوتیژی لە جیهاندا کەڵکی لێوەرگیراوە. گاندی نووسیوێتی:

«مەوعیزەی سەرچیا هەر ئەم یاسا و رێسایە بە زمانێکی سەرسوڕهێنەر دەردەبڕێت. عەهدی جەدید سوکنایی و چێژیکی بێ پەڕم دەداتی ...ئەمڕۆ گریمان، گیتاشیان لێ ستاندم، دووبارە نوسخەیەك لە عەهدی جەدیدم هەیە کە هەر ئەو رەزامەندی و چێژەم دەداتێ، کە گیتا پێم دەدات».[٧]

هەر لەم دیمەنەوە، دووبارە ئێمە پرەنسیپی «دوورەپەرێزی لە بەرخۆدان»یش وەك لایەنێکی گرنگ لە کردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی، لە«مەوعیزەی سەرچیا» دا دەبینین. عیسای مەسیح دەڵێت:

بیستووتانە چاو لە جیاتیی چاو، ددان لە باتیی ددان، بەڵام هەنوکە من پێتان دەڵێم لە بەرانبەر خراپەکاندا بەرخۆدان مەکەن، ئەگەر زللەیەکیان لە لای راستت دا، لای چەپیش بەرەو پێشەوە، ئەگەر تۆیان بردە دادگا تا عەباکەت لێ بستێنن، کراسەکەشت پێشکەش بکە. ئەگەر ناچاریان کردی فەرسەخێ دوور بکەویتەوە، دوو فەرسەخ دوور بەوە، هەرکات شتێکیان لێ ویستی بیان دەیە، هەر شتێکیان بە ئەمانەت لێوەرگرتی، وەرینەگریتەوە. بیستووتە کە هاوسێکەتت خۆش بوێ و رقت لە دوژمنەکەت بێت، بەڵام ئێستا پێت دەڵێم: دوژمنەکانت خۆش بوێ و ئەوانەی کە نەلەتت لێدەکەن و جنێوت دەدەنێ، ببوورە، بەوانەی کە رقیان لێتە، چاکە بکە و ئەوانەی دەسخەڕۆت دەکەن و ئازارت دەدەن، دۆعایان بۆ بکە[٨].

مەوعیزەی سەرچیا مەسیح بە تەواوی بە ئەندێشەی «سەبر لە بەرانبەر خراپەکان» و بڕوا بە ناتوندوتیژی لە سەردەمە جیاوازە مێژوویەکاندا پێوەندیی هەیە. چوار پیاو وەك شوێنکەوتوانی حەقیقی و نموونەگەلی بەرچاوی وانەکانی مەسیح لە دوورەپەرێزی لە توندوتیژی و ئاشتیخوازیدا سەریان هەڵداوە، فرانسیس ئاسیسی، لئۆ تۆلستۆی، گاندی و مارتین لۆتەرکینگ. فرانسیسی قددیس بە پێچەوانەی ئەو سێ کەسەی ترەوە، گەرچی وەك باوك و بونیادنەری ئەندێشەی ناتوندتیژی لە سەردەمە نوێیەکاندا نییە، سەرەڕای ئەوەش یەکێك لە روخسارە کلیلییەکان لە فەلسەفەی ئاشتیخوازی و بەخشەندەییدایە. بە پێی بۆچوونی نیکۆس کازانتزاکیس شاعیر و نووسەری گەورەی یۆنان، فرانیسی قددیس «ئەو نهێنییەی کە

کیمیاگەرەکانی سەدەکانی نێوەڕاست دەیاندۆزییەوە» واتە ئەوەی کە چۆن دەتوانرێ تەنانەت دەست بە سەر بێ بایەخترین ئاسندا بگیردرێت و زێڕی لێ دروست بکرێت، دۆزییەوە، بۆچی؟ چونکە لە لای فرانسیس، گەوهەری فەلسەفی شتێکی نابەردەستەکی و لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ نەبوو...بەڵکو لە راستیدا، لە دڵی خودی مرۆڤدا بوو»[9]. فرانسیسی قددیس وەك پیاوێکی عارف بۆ گەیشتن بە ئاشتی و ئارامیی رۆح و یەکگرتن لەگەڵ خودا دا، بڕوای بە ناتوندوتیژی بوو. بۆ گەیشتن بە سوکنایی رۆحی، سەرەتا و پێش هەموو شتێك دەبێ بە توانا بەخشین و ئاشتیخوازی بگەین. لە روانگەی فرانسیسی قددیسەوە، دوورەپەرێزی لە توندوتیژی دیارییەکە لە لایەن خوداوە کە مرۆڤ لە رێگای پرۆسەی دەروونیی پاکبوونەوە لە خۆدا و ئاشتی و تەبایی لەگەڵ گشت هەبووندا وەدەستی دێنێت. فرانسیسی قددیس لە بەشی سێهەمی کتێبەکەیدا بەناوی «یاسای ژیان» دەنووسێت:

ئەمە پەندی منە و تکای جیددی من لە هاوئایینەکان و بڕوامەندان بە خودای عیسای مەسیح ئەوەیە کە کاتێك لە دونیادا سەفەر دەکەن، شەڕ نەکەن و لە کێشە و مشتومڕی کەلامی دوورەپەرێزی بکەن. ئەوان دەبێ ئارام، ئاشتیخواز، بێ دەمارگرژی و شەریف بن و خۆیان بە گەورە نەزانن، لەگەڵ کەسانی تردا بە رێزەوە قسەبکەن، بەو چەشنەی چاوەڕوانییان لێدەکرێت...سەر بە هەرماڵێکدا دەکەن، سەرەتا دەبێ بڵێین، ئاشتی بڕژی بەسەر ئەم ماڵەدا.[10]

فرانسیسی قددیس، عارفێکی گەورە و بەخشش خواز لە سەدە تاریك و توندوتیژەکاندا بوو. بەڵام تۆلستۆی پەیامبەری عیشق و دوورەپەرێزی لە بەرگری کردن لە بەرانبەر خراپەکاندا، لە سەردەمێکی تەژی لە جەنگەکان، چەوساندنەوە و خوشگوزەرانیخوازی لە جیهاندا بوو. لە رووسیادا بە نووسەری گەورەی نیشتمانی ناوبراوە. بەڵام بە پێچەوانەی زۆربەی نووسەرە گەورە و ناودارە ئەوروپاییەکان، تۆلستۆی خزمەتکاری هاوچەشنەکانی خۆی و بڕگەی هەستی عیشق و ناتوندوتیژیی مەسیحی بوو. لە روانگەی تۆلستۆیەوە، بەختەوەریی حەقیقی تەنیا کاتێك دەستەبەر دەبێت، کە ملکەچی فەرمانەکەی مەسیح لە بەندی سەرچیا بین. ئەم تێڕوانینە تۆلستۆی ناچار کرد دان بە پێنج خاڵدا بنێت:

١ - دوورەپەرێزیی رەها لە تووڕەیی.
٢ - پاککردنەوەی دڵ و پاککردنەوەی ژیان لە پەیوەندییە ژن و مێردایەتییەکان.
٣ - خۆ پاراستن لە سوێند و پەیماندان.



٤ - دوورەپەرێزی لە توندوتیژی لە کاتی بەرگری لە بەرانبەر خراپەکاندا.
٥ - عیشقی یەکسان بەرامبەر سەرجەم مرۆڤەکان تەنانەت بۆ بیانییەکان و دوژمنەکانیش.

بڕیاری چوارەم پێوەری واقیعی لە ئەخلاقییاتی تۆلستۆیدایە. راڤەی تۆلستۆی لە دەقی ئینجیلی بەم چەشنەیە:

«هەرگیز بە زۆر نەبیتە رێگری خراپکارەکان و توندوتیژی بە توندوتیژی وەڵام مەدەرەوە. ئەگەر لێیان دای بەرگە بگرە، ئەگەر سامانەکەتیان زەوت کرد، با زەوتی بکەن. ئەگەر بێگارییان پێکردی، بیکە و ئەگەر شتێکیان لێ ویستی کە بە هی خۆتی دەزانی، پێیان بدە»[11].

تۆلستۆی لەم دیمەنەوە بە ئەنجام دەگات کە رێکخراوە و شەرعیبوونی توندوتیژی لە دەستی ژمارەیەکی دیاریکراو لە مرۆڤەکاندایە کە «حکومەت»یان پێدەڵێین. واتە کەسانێك کە بە میتۆدی زۆرکارانە سەرانە وەردەگرن، لە خاوەنداریێتیی تایبەتی لە سەر زەوی و سامان و سیستەمی پارە پارێزگاری دەکەن و هۆکاری بەرهەمهاتنەوەی خراپەگەلێکی بنەمایی وەك بێ عەدالەتی لە جیهانی نوێدان. تۆلستۆی لە نامەیەکدا کە بۆ «دکتۆر یورگن هاینریش شمیت»ی نووسیوە، لە سەر ئەم بڕوایەی خۆی جەخت دەکات کە:

«حکومەت، توندوتیژییە و مەسیحییەت، ئاسوودەیی، دوورکەوتنەوە لە بەرخۆدان و عیشق. بەم پێیە حکومەت ناتوانێت مەسیحی بێت و کەسێك کە دەیهەوێ مەسیحی بێت، نابێ ئەندام و لە خزمەتی حکومەتدا بێت»[12].

تۆلستۆی لە بەرهەمە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی «مەلەکوتی (فریشتەکان) خودایی لە ناخی تۆدایە (١٨٩٣)، فەلسەفە سیاسییەکەی خۆی سەبارەت بە ناتوندوتیژی روون کردۆتەوە. تۆلستۆی بە تایبەتی ئەو تەشکە نۆێیەی توندوتیژی کە حکومەتەکان ئەنجامی دەدەن، دەخاتە بەر رەخنەوە. تۆلستۆی دەڵێت:

وابووە کە ژمارەیەك لە خەڵك، بە بێ رەچاوکردنی هیچ شتێك و بە بێ هیچ لەمپەرێك، تەنیا بە قازانج و بەرژەوەندیی تاکەکەسی، توندوتیژی دەکەن و کەسانیتر بەو توندوتیژییە مل دەدەن، لە بەر ئەوەی توانای بەربەرەکانێیان نییە...ئامادەبوونی توندوتیژی هەنووکە لە سەر بنەمای بڕوابوون بە زەروورەتی بوونی توووندوتیژی نییە، بەڵکو تەنیا لە سەر ئەو راستییە راوەستاوە کە لە مێژەوە باو بووە و ئێستا بە دەستی کەسانێك جێبەجێ دەکرێت، کە

توندوتیژی قازانجیان پێ دەدات (واتە پیاوانی حکوومەت و چینی دەسەڵاتدار) و ئەمانە کەسانێکن کە ناتوانن و نایانهەوێت لێی جویێ ببنەوە و خۆیان رزگار بکەن».[١٣]

یەکەمجار لە ساڵی ١٨٩٤دا، گاندی نوسخەی ئینگلیزیی کتێبی «مەلەکوتی خودایی لە ناخی تۆدایە»ی تۆلستۆی کە دلانو وەریگێڕا بوو خوێندەوە و عاشقی بوو، بە شێوەیەك کە پاشتر گوتی، لەوە پاش لە قەیرانی گومانگەرایی مەزهەبیدا ژیاوە. چەمکی مەسیحیی تۆلستۆی لە عیشق و ناتوندوتیژی، زیندووکەرەوەی نەریتەکانی «ئەهیمسا» بوو کە گاندی لە منداڵیدا فێری ببوو و لە ژێر کاریگەری ئەوەدا، گاندی بڕوای پەیدا کردبوو کە هەڵوێستی ناتوندوتیژی بەرامبەر دۆخی بێ عەدالەتی و کێشەی کۆمەڵایەتی، دەربڕی یەکێك لە بنەماییترین توخمەکانی حەقیقەتە. تۆلستۆی لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە عیشق بەرزترین یاسا لە ژیانی مرۆڤدایە و لە نەبوونی عیشقدا، توندوتیژی بە سەر جیهاندا زاڵ دەبێت. گاندی ئەوەی بۆ زیاد کرد کە حەقیقەت و ناتوندوتیژی دوو تەشکی یەك واقیعییەتن. گاندی کە جگە لە حەقیقەت سەرنجی لە هیچ شتێکی دیکە نەدەدا، سەرجەم ژیانی خۆی وەك کۆمەڵە ئەزموونێك لە حەقیقەت دەزانی. گاندی کاری ستراتیژیکی خۆی بۆ خەبات لەگەڵ بەرهەڵستکارەکانیدا بە ساتیاگراها ناو دەبرد.

«ساتیا» بە واتای حەقیقەت و «گراها» بە واتای پێداگرتنە. ساتیاگراها لە روانگەی گاندییەوە بە واتای «خەبات بۆ حەقیقەتە». بەم پێیە گاندی ناتوندوتیژیی نەك وەك ستراتیژییەکی سیاسی، بەڵکو وەك پرەنسیپێکی ئاکاری و مەزهەبیی لە ئەژمار دەدا. هەربۆیە بۆ پێوەندیی نێوان کەرەستە و ئامانج گرنگییەکی بێڕادەی لە بەرچاو گرتووە. گاندی بە گشتی جیاوازیی نێوان ئەو میتۆدانەی کەڵکیان لێوەر دەگیردرێت و ئامانجە دڵخوازەکان رەت دەکاتەوە. لە روانگەی گاندییەوە ئامانجێکی باش بە هیچ شێوەیەك پاساودەری کەڵك وەرگرتن لە کەرەستەی توندوتیژ نییە. گاندی لە ساڵی ١٩٢٤دا لە **هیندستانی لاو** دا نووسیی: «ئەوان دەڵێن لە هەر دۆخێکدا ئامێرە. بەڵام دەبێ بڵێم کە ئامێر لە هەر دۆخێکدا دەتوانێ هەر شتێك بێت». ئامێرەکانیش وەك ئامانجەکانن. شوورە و هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێو کەرەستە و ئامانجەکاندا نییە...، بڕوای قووڵم هەیە کە لە نێو کەرەستە و ئامانجدا پێوەندییەکی زاتی هەیە، هەروا کە ئێوە هەرگیز ناتوانن بە کەرەستەیەکی نادروست بە ئامانجێکی باش و دروست بگەن.[١٤]



بڕوای گاندی سەبارەت بە ناتوندوتیژی بریتی بوو لە سەرچەشنگەلی درێژخایەن بۆ دروستکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری. گەرچی لە روانگەی گاندییەوە ئامانجێکی کورتخایەنی وەك وەدەستهێنانی سەربەخۆییی هیندستان، لە رێگایەکی ناتوندوتیژەوە وەدی دەهات، بەڵام ئامانجی درێژخایەنی چێکردنی کۆمەڵگەیەکی ناتوندوتیژ و تێکەڵ بە حەقیقەت بوو کە وەك خۆی دەڵێت لە رێگای«پاڵپشتەکانی سواراج (سەربەخۆیی) و «سیاسەتی سارۆدایا»وە بەرهەم دێت. بەم پێیە، تیۆرانینی گاندی بۆ چەمکی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی دوولایەنەیە. لایەنێکی«بەرخۆدانی شارستانی و خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی» و لایەنەکەیتری «خوشگوزەرانیی هەموان و بەرنامەی ئاوەدانکردنەوە»یە. گاندی گرنگی کاری ئاوەدانکردنەوە و خەباتی ناتوندوتیژی تاکەکان بۆ مافە سیاسییەکانی خۆیان، بە یەکسان دەزانێت و لە ساڵی ١٩٣١دا نووسیی: «کاری من بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی بە هیچ شێوەیەك کەمتر نییە لە کاری سیاسی. راستییەکەی کاتێ دیتم کاری کۆمەڵایەتیی من، بە بێ بوون و یارمەتیی رادەیەکی دیاریکراو لە کاری سیاسی ئیمکانی نییە، من ئەو رادە دیاریکراوەم هێنایە نێو کارەکەمەوە».[١٥] چەند ساڵ دواتر گاندی پێی زیاد دەکات کە: «ئەگەر لە بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەدا سەربکەوین، لە راستیدا سواراج (سەربەخۆیی)ی هیندستانمان بەبێ کەڵك وەرگرتن لە نافەرمانی شارستانی وەدەست هێناوە»[١٦]. بە واتایەکیتر، لەپلەی یەکەمدا بوونی گۆڕانکاری لە پەیامی ژیانی دوورەپەرێز لە توندوتیژیی گاندیدا، خاوەنی گرنگاییەکی بەرچاوە. ئامانجی گاندی پێکەوەنانی کۆمەڵگەیەك بوو کە تێیدا بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانیی هەموان وەدی بێت. کۆمەڵگەی دڵخواز لە خەونەکانی گاندیدا، راماراجایە کە لە راستیدا پاشایەتی و حکوومەتی عیشق، دادپەروەری و راستییە. لێرەدا دەوڵەت تەنیا بۆ نوێنەرایەتیکردنی گوندە خۆژێنەر و سەربەخۆکان بوونی هەیە. بەم چەشنە بابەتی یەکەمی هەموو گوندێك ئەوەیە کە دانەوێڵەی پێویست بۆ خۆراك و لۆکە پێویست بۆ پۆشتەمەنیی خەڵکەکەی خۆی دابین بکات. هەر چالاکییەك تا ئەو رادەیەی کە بۆی دەلوێت، لایەنی هەرەوەزیی دەبێت. لە کۆمەڵگەیەکی لەو چەشنەدا ئیدی بنەمای کاست بوونی نییە و پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەك گلاو و ناگلاو کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە زەقی دیارن، تێدا دەچێت. دوورەپەرێزی لە توندوتیژی لە رێگای ساتیاگراها و بەشدارینەکردن، بەشێك لە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی گوندین.[١٧] بەم چەشنە گاندی خوشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و دادپەروەریخوازی وەك یەکێك لە تایبەتمەندییەکان و بەشە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ناتوندوتیژی لە ئەژمارداوە. ئەم

تایبەتمەندییانە سەر بە ئەو هەژدە پرەنسیپەن کە گاندی لە بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی خۆیدا ئاماژەی پێکردوون. هەندێك لە پرەنسیپەکانی بەرنامەکەی بریتی بوون لە: یەکگرتنی ئەتنیکی، فێرکاریی سەرەتایی، هەڵوەشاندنەوەی پۆلێنبەندیی خودی و ناخودی و پێشخستنی دۆخی ژنان و...

شۆڕشی بەدوور لە توندوتیژیی گاندی، پاش کوژرانی خۆی لە مانگی یەکەمی **١٩٤٨**دا، لەلایەن **وینوبابهاواوە** درێژەی پێدرا. بزاڤی سارۆدایا، بە ڕێبەرایەتیی چالاکی بهاوا ستراتیژییەکی نوێی ناتوندوتیژی وەبەر گرت کە لە بەرنامەگەلی **بهودان** (دابەشکردنی زەوی و زار) و **گرامدان** (چاکسازییە گوندییەکان)دا ڕەنگی دایەوە. وینۆبا لە جێگایەکدا گوتوویەتی کە «ناتوندوتیژی بە تەنیا بەشداری نەکردن لە چالاکیی ئاوەدانکردنەوەدا نییە، لایەنی سەرەکیی، وەکیەك زانینی چالاکییەکانی ئاوەدانکردنەوە بە خزمەت بە مرۆڤایەتی‌یە».[١٨] جگە لەوەش وینۆبا پێی وابوو کە توندوتیژی بە شکست کۆتایی پێ دێت، لە کاتێکدا لە ناتوندوتیژیدا، هەمووکەس سەرکەوتوویە، سەرکەوتنی مرۆڤێك، سەرکەوتنی مرۆڤێکی دیکەشە».[١٩]

بزاڤی سارۆدایای وینۆبا، بە مەرگی خۆی کۆتایی هات. بەڵام بە ڕێبەرایەتیی **جایا پراکاش نارایان** و لە ژێر کاریگەری ئەندێشەی سارۆدایای گاندی و وینۆبادا، بۆچوونێکی قووڵ بینانە بۆ ئەم بیردۆزەیە و ستراتیژیی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی وەك ئامێرگەلێکی بەهێز بۆ شۆڕشی ئاکاری لە کومەڵگەی هیندستاندا دەستی پێکرد. نارایان لە پاڵ ساتیاگراهادا، بە پیریی ستراتیژیگەلی ناتوندوتیژی‌تری گاندییەوە چوو، لەوانە بەشدارینەکردن و نافەرمانی شارستانییانە. نارایان نەك هەر بەستێنە ئاکارییەکان، بەڵکو لایەنگەلێکی کرداری بۆ دوورەپەرێزی لە توندوتیژی گەڵاڵە کرد. نارایان جەختی دەکرد کە:

ڕەخنەگرتنی من لە شۆڕشی توندوتیژ تەنیا لە لایەنە ئاکارییەکانەوە نییە، بەڵکو لە ڕەخنەم لە بنەماکردارییەکانیشیەیی... ئایا ئێوە ئەو تالآن و بڕۆیەی کە لە ژێر ناوی بزاڤی شۆڕشگێڕانەدا لە گوندەکاندا جێبەجێ دەکرێت، بە باش دەزانن، ئایا پێتان خۆشە شەڕێکی ناوخۆ لەم وڵاتەدا دەست پێبکات؟ ئەمانە ڕێك ئەو شتانەن کە ئەگەر هەوساری توندوتیژی بەربدەن، دەقەومن. خەڵکی پێکەوە بەشەڕدێن، هەروا کە لە مێژووی هیندستان دا ڕووداوگەلی لەم چەشنە قەوماون.[٢٠]

پاشان دەڵێت:



ئەو سەرکەوتنە گچکانەی کە شۆڕشە توندوتیژەکان وەدەستیان هێناون، پاش هەوڵی زۆر و درێژخایەن بووە. لە لایەکی تریشەوە بنەڕەتدانانی دیسپلینیی نوێش ماوەیەکی زۆری دەوێ و بەرەبەرە دروست دەبێت. لە کاتێکدا لە شۆڕشە ناتوندوتیژەکاندا، پرۆسەی دوولایەنەی فڕێدانی دیسپلینیی کۆن و پێك هێنانی دیسپلینیی نوێ، شانبەشانی یەکتر دروست دەبن. ئەمە جوانیی شێواز و میتۆدی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی‌یە.[٢١]

تێڕوانینەکانی نارایان لە سەرچەشنی ناتوندوتیژیی گاندی، وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ سیاسەتە دەسەڵاتخوازانەکانی حیزبەکان لە ئەژماردرا. ئەوەی کە بۆچی نارایان نەیتوانی لە ئەندێشەی «شۆڕشی گشتی»دا سەرکەوتوو بێت و ئەوەی کە بۆچی هەنووکە هیندستان لە لایەن حیزبە سیاسییەکانەوە بەڕێوە دەچێت، حیکایەتێکی دیکەیە. بەڵام بیردوزیی سارۆدایای نارایان ئەم ڕاستییەی بەرجەستە کردەوە کە فەلسەفەی گاندی سەبارەت بە زۆرترین بەرژەوەندی بۆ هەموان، لە میتودی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گەورەترین دەسکەوتی دەبێت.

تا ئێستا هیچ کەس نەیتوانیوە وەك مارتین لۆتەرکینگ لە ئەندێشەکان و ستراتیژییەکانی گاندی کەڵك وەربگرێت. مارتین لوتێر وەك یەکێك لە وەستاترین کردکاران لە بابەتی ناتوندوتیژی لە مێژوودا لە ئەژمار دەدرێت. فەلسەفەی لۆتەرکینگ سەبارەت بە بەرگریکردنی بەدوور لە توندوتیژی، کە لە بزاڤی مونتێگری لە ١٩٥٥دا ڕەنگی دایەوە، ئەنجام و کۆبەندیی فێرکارییەکانی عیسای مەسیح و گاندی بوو. لۆتەرکینگ بە وتاری مەوعێزەی سەرچیا، چەمکی مەسیحیی عیشقی کە عیسا لە بەرچاوی گرتبوو، وەرگرت. ئەم چەمکە لە زمانی یۆنانیدا بە وشەی «ئاگاپە» و بەواتای عیشقی بێمەرج و بێلایەن بۆ هەمووان، دیاری کراوە. بەڵام لە گاندییەوە فێری میتۆدی بەرگری بەدوور لە توندوتیژی وەك کردارێکی ڕاستەوخۆ دژی بێ عەدالەتی بوو. وانەکانی گاندی وایان لە لۆتەرکینگ کرد کە ئەخلاقییاتی عیشق لە بۆچوونی عیسادا بە واتای بەرهەڵستی نەکردن لە بەرانبەر خراپەکاندا نییە، بەڵکو بەرگرییەکی دوور لە توندوتیژییە. لە ڕوانگەی کینگەوە، دوورەپەرێزی لە توندوتیژی بە واتای دوورەپەرێزی لە خەبات نییە. لۆتەرکینگ پێی وابوو کە دوورەپەرێزی لە توندوتیژی میتودێکە بۆ خەبات دژی چەوساندنەوە، بە بێ ئەوەی ستەم و گوشارێك بخرێتە سەر خەڵکی ترەوە. ئەم ڕوانگەیە بۆ قەبووڵکردنی ڕەنجی کەسانی تر لە سەر خود، پێویستی بە هێزێکی ئاکاری هەیە. لە ڕوانگەی کینگەوە، بەرهەڵستکاری بەدوور لە توندوتیژی دەبێ بتوانێت بەرگەی ڕەنج و ئازار بگرێت،

بەبێ ئەوەی دەست لە خەباتی خۆی بکێشێت. کینگ لە لێکدانەوەی ئەندێشەی گاندیدا دەنووسێت:

ئێمە ئامادەبوون و تاسەی ئێوە بۆ قەبووڵکردنی رەنج، لەگەڵ ئامادەبوونی خۆمان بۆ بەرگەگرتنی رەنج تەواو دەکەین. ئێمە هێزی جەستەیی ئێوە بە هێزی رۆحیی خۆمان قەرەبوو دەکەینەوە، ئێمە رقمان لە ئێوە نابێت، بەڵام بە هەرشێوە ملکەچی یاسا بێدادەکانی ئێوە نابین. ئەوەی کە دەتانەوێت لەگەڵ ئێمەدا بیکەن، ئێمە دووبارە ئێوەمان خۆش دەوێت.ماڵەکانمان کاول بکەن و منداڵەکانمان بترسێنن، پیاوە تووڕەکانتان بۆ گەڕەکەکانی ئێمە بنێرن، ئێمە لە ماڵ بهێننە دەرێ و لە کوێرە رێگاکاندا بە خاك و خۆڵماندا بکێشن، لێمان بدەن و بەنیوە گیانی وازمان لێبێنن، بەڵام دووبارە ئێوەمان خۆش دەوێت و ئێمە بە زووترین کات بەو خۆڕاگرییەی کە لە رەنج کێشاندا هەمانە، ئێوە شەرمەزار دەکەین و لە رێگای وەدەستهێنانی ئازادیدا، ویژدانی ئێوە ناچار دەکەین تا لەم رێگایەدا خۆتان بە دەستی ئێمەوە بدەن.[22]

لە فەلسەفەی ئاکاری و سیاسیی لۆتەرکینگیشدا، هەروەك گاندی، بەرخۆدانی بەدوور توندوتیژی بە واتای ئامادەبوون بۆ رەنج کێشان چەشنێکی داهێنەرانەیە تا ببێتە هۆی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی. بەم پێیە وەدەستهێنانی دادپەروەری، بەستراوە بە بەردەوامی لە بەرگەگرتنی رەنجەوە، هەروا کە مەسیحیش ئەم کارەی کرد. ئەم «دانی تاوانە لە قاڵبی رەنج کێشان» دا، بابەتی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی وەك شێواز و خەسڵەتی خەڵکانی ئازا و نەك ترسنۆك بەرز دەکاتەوە. ئەم چەشنە بەڵگە هێنانەوەیە، لۆتەرکینگی بە بڕوای قووڵ لە بوونی خودا وەك هێزێکی داهێنەر و بزۆز کە دژی هێزە شەیتانییەکان خەبات دەکات و دادپەروەری سەقامگیر دەکات، گەیاند. لۆتەرکینگ لە جێگایەکدا دەڵێت:

دووبارە دەبێ وەبیرمان بێتەوە کە خۆدا لە کاری گێتی دایە، خودا لە دەوری گێتی دا نییە کە بەبێ لایەنانە بابەتەکانی جیهان سەیر بکات...هەروا کە ئێمە دژی خراپەکان و بۆ تێك شکاندنیان شەڕ دەکەین، خودای گێتیش لەگەڵ ئێمەدا، لە شەڕ دایە.[23]

بە واتایەکیتر و بە تەعبیری کینگ، بەرخۆدانی بە بێ توندوتیژی، لەم ئەندێشەیەوە سەر هەڵدەدات کە گێتی پڕ لە دادپەروەرییە و هی ئەو کەسانەشە کە بە شێوازێکی دوورەپەرێز لە توندوتیژی، دژی بێدادیی سیستەمێك رەنج دەکێشن و بەرخۆدان دەکەن. لۆتەرکینگ لە سەر ئەو باوەڕیە کە مەرجی بەرخۆدان لە بەرانبەر بێدادیدا، خۆش ویستنی دوژمنان و چاکەکاری و پێکەوە نانی کۆمەڵگەیەکی برایانە لە رەش پێست و سپی پێستەکانە. ئامانجی لۆتەرکینگ



خەبات بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو کە مەرجی سەرەکیی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دڵخوازە. کینگ دەسەڵاتی سیاسیی بە ئامانج نەدەزانی. ئامانجی ئەو گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکپارچە و یەکگرتوو بوو کە تێیدا سەرجەم ژن و پیاوان لە هەر نەژاد و پلەیەکدا، بتوانن لە پاڵ یەکتریدا و بە شێوەیەکی هەماهەنگ بژین. کینگ دەیگوت:

ئامانجی من نە دەسەڵاتی سیاسی و نە تەنانەت دەسەڵاتی ئابووریشە. ئەمانە لە رێگایەکدا کە ئێمە بەدوویدا دەچین بابەتگەلێکی لاوەکین. من وا بیر دەکەمەوە کە ئامانج یان مەبەستی ئێمە، گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی برایانەی راستەقینە و چێکردنی کۆمەڵگەیەکی خۆشەویست و دڵخوازە.[24]

بەم چەشنە لە روانگەی کینگەوە، پاش خەباتی ناتوندوتیژی لە نێو کەسانێکدا کە دژی یەکتر بوون، تێگەیشتن و رێزێکی تایبەت زاڵ دەبێت. بۆ گەیشتن بەم مەرجە ئاشتیخواز و تەبایانەیە، کینگ سەرنجی لە هەماهەنگی نێوان میتۆدەکانی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی و رۆحی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی دەدا. چوارچێوەی ئاکاریی کینگ لێرەدا لەگەڵ روانگەکانی گاندی دا هاوجووت دەبێت. کینگ دەیزانی کە ناتوانین بە کەڵك وەرگرتن لە میتۆدگەلی توندوتیژ، بە ئامانجگەلی ناتوندوتیژ بگەین و داکۆکیی دەکرد:

ئێمە نامانهەوێت بەسەر سپییەکاندا زاڵ بین، چونکە ئەم کارە تەنیا ئەو کەسانەی کە لە خوارەوەی کۆمەڵگەدان، بۆ سەرەوەی کۆمەڵگە پەلکێش دەکات. بەڵام ئەگەر بتوانین هەم لە کردەوە و هەم لە ئەندێشەدا بە ژیانێکی دوورەپەرێز لە توندوتیژی بگەین، لە راستیدا کۆمەڵگەیەکی دڵخوازمان لە سەر بنەمای ئازادی بۆ هەموان پێك هێناوە.[25]

بۆ کینگ ئەمە ئەرکێکی ویژدانی لە ئەژمار دەدرا کە دژی هەر چەشنە توندوتیژییەك کە لە لایەن ئەمریکییەکانەوە لە ناوەوە و دەرەوەی ئەمریکا دەکرێت، رابوەستێت. بە بڕوای کینگ نەژاد پەرستی، هەژاری و شەڕی ڤیەتنام هەموویان پێکەوە بەسترابوونەوە. کینگ روانگەی خۆی لەمەڕ خەبات بۆ مافی شارستانی و بزاڤگەلی دژی جەنگ بەم شێوەیە دەردەبڕێت:

بۆ من زۆر دژوارە کە لەم هەلومەرجەدا دەست بە مەوعیزە و فێرکاریی ناتوندوتیژی بکەم، بەڵام لە بەرانبەر ئەو توندوتیژییەدا کە ئەم جەنگە ماڵ وێرانکەرە هەزاران کەس لە گەورە و گچکەی لە خوێندا گەوزاندووە، بێدەنگ دەبم.[26]

کینگ مەودای پێنەدرا کە کۆتایی جەنگی ڤیەتنام بە چاوی خۆی ببینێت. (لە ساڵی **١٩٦٧** دا، کاتی ئاخاوتن لە سەر بالکۆنی هۆتێلی لۆرێن، تەقەی لێکرا و کوژرا)، بەڵام خەون و ئاواتەکانی بۆ مرۆڤایەتی، نەك هەر لەلایەن ئەمریکییەکانەوە، بەڵکو لە لایەن سەرجەم خەڵکی جیهانەوە، بە شێوەیەکی جیددی بوونە جێگای سەرنج. پەیام و راسپێردراوی کینگ لە لایەن زۆربەی رێبوارانی رێگای ناتوندوتیژییەوە، لەوانە نێلسۆن ماندێلا، دزموند توتو، قەشەکلاور، ئۆنگ سان سوچی، لێخ والسا ، واتێسلاو هاوێل، دالایی لاما و کەسانیتریشەوە درێژەی پێدراوە. سەدەی بیستەم لە کاتێکدا لە بەرچاوی هەمواندا کۆتایی هات کە گاندییەکان و کینگەکان لە سەرجەم کیشوەر و وڵاتەکاندا دەدرەوشانەوە. بزاڤگەلی چاکسازانە و دوورەپەرێز لە توندوتیژی، کە لە شەستەکاندا لە قوناغی بیردارێژەریدا بوون، بە ئەو گۆڕانکارییە بنەمایانەی کە لە هەڵسوکەوتە نێونەتەوەییەکاندا هاتنە پێشێ، لە سۆنگەی سیاسییەوە، چالاکتر بوون. لە ئەمریکای لاتین دا بزاڤی «پرزئێسکی وێل» و «سرویسیو پازی جوستیسیا » (خزمەتکارانی دادپەروەری )، بۆ رەخنەگرتن لە زۆرداری و دیکتاتۆرە سەربازییەکان رۆڵێکی بەرچاویان گێڕا. لە فیلیپین قەشەکلاور یەکێك لە یەکەم روخسارە مەزهەبییەکان بوو کە بوو بە پێشەنگی بەرخۆدانی ناتوندوتیژی دژی فردیناند مارکوس. مەیلی قەشەکلاور لە بەرخۆدانی ناتوندوتیژی دژی زۆرداری، هەروەك مارتین لۆتەرکینگ، لە دەقی ئینجیلەوە هەستابوو، قەشەکلاور دەڵێت:

دوورەپەرێزی لە توندوتیژیمان تەنیا وەك ئامانجێك بۆخۆی و لە خۆیدا و یان راستتر، وەك بەشێکی ئامانجێکی گەورەتر کە تێیدا دادپەروەری لایەنی پێش مەرجی هەیە، هەڵبژاردووە...بە کورتی ئێمە ناتوندوتیژی بەرانبەر دەزانین لەگەڵ خودی ئینجیل دا.[٢٧]

لە پۆلۆنیا، لێخ والسا، خەڵاتی نۆبێلی **١٩٨٣**ی بردەوە و بزاڤە برایانەکەی وەك «یەکەم خەباتی هەمەگیر دژی دەسەڵاتی سۆڤیەت»،[٢٨] ناسرا. پۆلۆنیا یەکەم وڵاتی کومۆنیست بوو کە دەستی بە رووخاندنی سیستەمێکی سەرەرۆ کرد. لێخ والسا لەم بارەوە گوتوویەتی:

ئێمە هەمیشە لە سەرجەم تەشکەکانی توندوتیژی کەڵکمان وەرگرتووە. بەڵام تەنانەت بۆ جارێکیش لە مێژووی مرۆییدا لەم توندوتیژییە شتێکمان وەدەست نەهێناوە.[٢٩]

لە پاییزی **١٩٨٩**دا، دەوڵەتانی تر شوێنکەوتەی سۆڤیەت گیرۆدی گۆڕانکاریی بوون. لە چکسلۆڤاکیادا، واتێسلاو هاوێل گەلاڵەی بەرخۆدانێکی ناتوندوتیژی لە بەرانبەر گوشاری کومونیستی دا دارِشت و بە رابوونی حەقیقەت دژی درۆ یان راستگۆیی دژی ناڕاستی و



رابوونی دڵی مرۆڤدژی توندوتیژی ناوی برد. هاوێل بە بیرکردنەوە لە سەر چەمکی ساتیاگراهای گاندی، بە ئەندێشەی «ژیان لە حەقیقەتدا » و وەك رێگایەکی ناتوندوتیژ بۆ تێك شکاندنی درۆ و چێکردنی هەستی بەرپرسیارییەتی لەمەڕ کۆمەڵگە گەیشت. دالایی لاما، روخساری دیاری بزاڤی دوورەپەرێز لە توندوتیژی لە سەدەی بیست ویەکەمدا، هاوێلی وەك «یەکێك لە رێبەرە دەگمەنەکانی مێژوو...کە بە تەواوی لە خزمەتی ئاشتی، ناتوندوتیژی و بەرپرسیارییەتی ئاکاریدایە»، ناوبرد. پاش دارِمانی کومۆنیزم لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتدا، نێلسۆن ماندێلا لە ساڵی **١٩٩٠**لە بەندیخانەیەکی **٢٧**ساڵەدا ئازاد کرا و لە ساڵی **١٩٩٤**دا وەك یەکەم سەرۆك کۆماری رەش پێست لە کۆماری ئەفریقیای باشووردا هەڵبژیردرا. بەڵێن و وەفادارێی ماندێلا بە ستراتیژیگەلی ناتوندوتیژ لە ئەفریقیای باشووردا، وەك چاکسازیخوازێکی گەورە لە وڵاتێکدا کە سەردەمێك موهانداس گاندی گەلاڵەی ئەندێشەی ساتیاگراهای دامەزراند، ماندێلای بە هەموو دونیا ناساند. ماندێلا لە ئاخاوتنەکەیدا بۆ پەرلەمانی ئەورووپا، ئەزموونەکەی خۆی لە ناتوندوتیژیدا بەم شێوەیە روون کردەوە:

فێربوومە کە مەرجی مانەوەی وڵاتەکەم لەوەدایە کە بەرەو عیشقێکی رەسەن و رێزێکی راستەقینە بۆ سەرجەم مروڤایەتی بڕومە پیشەوە و وەفاداری بم.[٣١]

ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهاندا دەستە دەستە خەڵك سەبارەت بە پرەنسیپەکان و کردەگەلی ناتوندوتیژ بە دەوری یەکدا کۆدەبنەوە و وەك ئەلتەرناتیڤ و وەڵامێکی کاریگەر لە بەرانبەر گوشار و زۆرداری توندوتیژیدا و هەروەها وەك کردێکی ستراتیژیك بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا لە ئەژماری دەدەن.

ئەمانە لە لایەنی دڵخوازدا، لەگەڵ بەرهەڵستکارانی خۆیاندا خەبات دەکەن تا پابەندی ئەو واقیعییەتانەیان بکەن کە گاندی بەناوی «حەقیقەت»، لۆتەرکینگ بە ناوی «ئاگاپە» و هاوێل بەناوی «ژیان لە حەقیقەتدا » ناویان دەبرد. بەم پێیە، کرداری راستەوخۆی ناتوندوتیژی دەتوانرێت وەك کردەوەیەکی سوکراتی لە ئەژمار بدرێت کە بە گوێی ئێمەدا دەهێنێت تا لە جیهانی خۆماندا، توندوتیژی بە بێ خەبات و وەڵام نەهێڵینەوە، چونکە هەروەك مارتین لۆتەرکینگ گوتی:

ناتوندوتیژی لە راستیدا وەڵامێکە بۆ ئەو گرفتانەی کە بە هۆی قەیرانی ئاکاری و سیاسییەوە، لە سەردەمی ئێمەدا هەن.[٣٢] **(بەشێك لە کتێبی سەبارەت بە توندوتیژی کە لە لایەن یۆنسکۆوە لە پاریس چاپکراوە)**

## پەراوێزەکان:


1. Gene sharp The Politics Of Nonviolent Action (Boston: Proter Sargent publisher 1973.P.7.
2. Robert J Burrow The Strategy of Nonviolent Defense(Albany State University of New York Prees 1996) P. 242.
3. Richard Goshalk Bhgavd Gita Translation and Commentary(New Dehli Montal Banasidass 1985. pp.38. 56. 57.
4. Acaranga Sutra L.1.2.L. 55. In Kenneth Karfet (Edited) Inner Peace Word Peace(Albany State University of New York Press 1992) p.51
5. E.Fischer and J. Jain Art and Ritual- 2500 years of Jainism In India (New delhi Sterling Publicstion 1977) P. 17
6. Quted In Trevor Ling The Buddha (Penguin Books 1979)P.170
7. Mohandes k. Gandhi Gita The Mother (Lahor Free inda publications 1648) p. 51.
8. see The Holy Bibler (Nashville Broadman & Holman 1996) p. 987
9. Nikos kazantzakis Report to Greco (London faber and faber 1965)p. 378
10. Quted in Edward Guina ed… peace and Nonviolence (New York Paulist 1973 p. 60
11.L.N. Tolstoy; "what I Believe" in The tolstoy Centnnial Edition (London; Oxford University press 1938-1937) Vol 11.p.398
12. L.N. Tolstoy Writing on Civil Disobedience and Nonviolence (NewYork Bergam Publishers 1967) p. 172
13:L.N. Tolstoy. The kingdom of Gode and peace Essays (London Oxford University;press) p.p.227-229
14. Quted in Mary king Mahatma Gandi and Mqrtin luther king Jr..;The power of Noviolent Action (Paris UNESCO 1999 p.280
15. M.k. Gandi; yoang india August 6; 1931
16. Quoted in Pyarela; Mohatma Gandi: The Last Phase (Ahmedabad University Publishing House 1956) Vol.1. p.44





17. M.k. Gandi; Harijan Juy 26. 1942
18. Quoted in Shriman Narayan Vinoba; His Life and Work (Bombay popular Prakashan 1970) p. 187
19. Ibid p. 139
20. J.P. Narayan Total Revolution (Varanasi Sarva Sewa Sangh 1975) p.77.79
21. Ibid; p. 82
22. Martin Luther King; Jr… Stride Toward Freedom (NewYork Harper and Row. 1958) p.217.
23. Martin Luther King; Jr…The Streng to Love (NewYork ; Hayper and Row 1963) p.64.
24. Quoted in the Wisdom of Martin Luther king Edited by Akex Ayres (NewYork Meridion Book.1993) p.21
25. Quoted in Mary king; Op; Cit. p. 284.
26. Quted in Peter D. Bishop; A Technique for Loving (London SCM press 1981) p. 125
27. Quoted in Mary king; op Cit p. 378.
28. Ross A. Johnson Poland in Crisis (santa Monica Rand Corporation 1982) p. 4.
29.Carolin Lazo leach Walsa (NewYork Dillon prees 1993) p. 11
30. Quoted in Mary king; op Cit. p. 443.
31. Nelson Mandela; Symbol of Resistance and Hope for a Free South Africa (London kliptown Books 1990) p. 70.
32. Martin Luther king Jr… A Testament of Hope (NewYork Harper & Row 1986) p. 244

## پێکەوەهەڵکردن و پلۆرالیزم

پێکەوە هەڵکردن هاوواتای دوو وشەی tolerance ی فەڕەنسی و tolerationی ئینگلیزییە. ئەم دوو وشەیە هەردووکیان لە چەمکی لاتینیی tolerantia وەرگیراون کە بۆخۆی لە کرداری لاتینیی tolera بە واتای تەحەممول کردن و لە گەڵدا بوونە. لە راستیدا tolerantبە کەسێك دەڵێن کە توانای قەبووڵکردن و تێگەیشتن و تێگەیشتن لە ئایدیا و رەوشتی جیاوازی هەیە. پێموایە لێرەدا چەمکی (under standing)ی ئینگلیزی یان ( com prehension ی فەڕەنسی) گرنگترە لە چەمکی قەبووڵکردن.

تێگەیشتن و تێگەیشتن لە کەسێك یان شتێك واتە دانانی وەك بابەتی ئەندێشە و بیرکردنەوە. بەواتایەکیتر واتە ناسینی واتاییی ئەو کەسە. بە بڕوای من کاتێك باسی چەمکی «پێکەوەهەڵکردن» دەکەین، دەبێ لە سەر وشەی ناسین یان ناسینەوە داکۆکی بکەین.

سەرجەم بنەما و بنەڕتی فەلسەفیی «پێکەوەهەڵکردن» مەسەلەی «ناسینەوەی کەسی ترە» بەواتای واقیعییەتێکی هەبووناسایە، واتە لەباری هەبووناساسانەوە فەرمیکردنی تاکێکیتر بەواتای کەسی ترە.

هەروەك دەبینین، چەمکی«پێکەوەهەڵکردن» پێش ئەوەی کە بە هەرچەشنە دۆخێکی کولتوری یان کۆمەڵایەتی و سیاسی بگوترێت، نێوەڕۆکێکی فرەییخوازی هەیە. فرەییخوازی بەشێك لە واتای فەلسەفیی چەمکی«پێکەوەهەڵکردن» پێك دەهێنێت.

چوارچێوەی ئەم هەبوونناسییە فرەییخوازە لەم بابەتەدا کورت دەبێتەوە کە وەك هانا ئارێنت دەڵێت هەموو تاکێك لەم بابەتە تێدەگات کە مرۆڤەکان و نەك مرۆڤ، بە سەرگۆی زەوییەوە دەژین.

بە شێوەیەکیتر، ژیانی مرۆیی لە خودی خۆیدا، کارێکی کۆیی و فرەییخوازە. فرەییخوازی نێوەڕۆکی سەرەکیی ژیانی مرۆیی پێك دەهێنێت.

کەواتە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوونی تاك یەکسانە بە هۆشیاری تاك لە بوونی کەسی تر. لە هەر جێگایەکدا «من»ێك لە ئارادا بێت، «کەسێکی»تریش دێتە ئاراوە. «کەسی» هەر ئەو کەسەیە کە «جگە لە منە».



ئێستا لە هەر کات و ساتێکدا بابەتی «جگە لە من» لە ئارادا بێت، مەسەلەی جیاوازی لە گۆڕێدایە، چونکە«من» لەگەڵ «جگە لە من»دا جیاوازیی هەیە.

ئەم پرەنسیپی جیاوازییە ، بنەما و بنەڕەتی هەبوونناسیی فرەییخوازە کە لە بابەتی رووبەڕووبوونەوە و پێگەیشتنی تێڕوانینەکان و ئاکامگەلی جۆربەجۆردا خۆی دەردەخات.

لەبەرئەوەی کە دیتن و ئاکامەکانی ژیان پێکەوە جیاوازن، هیچ کات ئاکامێك ناتوانێت لە پلەی حەقیقەتی رەهادا دیاریکەری بەختەوەریی مرۆیی بێت. ئەگەر بەمجۆرە بێت، ئێمە لە لۆژیکی فرەییخوازیی بەهایی دوور دەکەوینەوە و بابەتی«پێکەوە هەڵکردنیش» تێدادەچێت و لەبیر دەچێتەوە. چونکە «پێکەوەهەڵکردن» لە چوارچێوەی ئەو دۆخە هەبوونناسانەیەدا کە بڕوای بە یەکگرتووخوازی و تاقانەیی و هاودەنگیی ئاکامە مرۆییەکان هەبێت، نایەتە ئاراوە.

ئەوەی کە ئاکامە مرۆییەکان جیاوازن و هەرکامەو بە شێوەیەك دۆخی مرۆڤلە جیهاندا دەکێشن، مەسەلەیەکە کە بەبڕوای من دەلالەت لە سەر ئەم قسەیەی کانت دەکات کە ناتوانین لە داری لاری مرۆڤایەتی شتێکی ساف و سەرڕاست دروست بکەین، چونکە تەنانەت لە جیهانێکی ئارمانجی کە پێکهاتوو لە خەڵکانێکی بەتەواوی باش و بەئاوەز و رۆشنبیرە، ناتوانین وەڵامگەلێکی بڕەر و بێ چەندوچۆن لە بەستێنی چارەنووسی مرۆییدا پەیدا بکەین. کەواتە دەبێ قەبووڵی بکەین کە مێژوو جێگای فرەیی بەهاکان و هەمبەری و رووبەڕووبوونەوەی نێوانیانە. کاتێك ئەم ئاکام و بەهاگەلە لە بەرانبەر یەکتریدا دادەنرێن، لەڕووی فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەوە سێ دۆخ سەر هەڵدەدەن:

١- یان ئەوەی کە بەها و ئاکامێك بەسەر بەها و ئاکامەکانیتردا زاڵ دەبێت و ئەوانیتر تێدا دەبات و لەم کاتەدا ئێمە لە دۆخێکی هەبوونناسانەی فرەییخواز دێینە دەرێ و دەچینە هەرێمی تاکخوازی و تاکوێژی و یەکگرتووخوازییەوە، کە لێرەدا بە شێوەیەکی پێویست رێچارەی توندوتیژی لە سەر جێگای پێکەوە هەڵکردن دادەنرێت.

٢- دۆخی دووهەم دۆخێکە کە ئاکامەکان و بەهاکان لە پاڵ یەکتری دادەنرێن، بەڵام بە شێوەیەکی پێویست رووبەڕووی یەکتری نابنەوە. لێرەدا ئێمە لە دۆخێکی بێ لایەندا دادەنرێین کە بنەما و بنچینەی تاکخوازیی خۆخوازانەیە.

ئەگەر لە دۆخی یەکەمدا جیاوازییەك بوونی نییە، لە دۆخی دووهەمدا ئێمە بینەری جیاوازییەك لەگەڵ بێ لایەنی داین. دیسان لێرەدا فرەییخوازی بە شێوەی چالاك و بزۆز بوونی نییە.

٣- دۆخی سێهەم دۆخێکە کە بەهاکان و ئاکامەکان لێك جیاوازن، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرامبەر یەکتری بێ لایەن نین.

لێرەدا ئێمە دۆخێکی گوتوبێژمان هەیە کە بەدیکەری دۆخی پێکەوە هەڵکردنە. چونکە پێکەوە هەڵکردن هاوکات لەگەڵ وتووێژ دا پێك دێت نەك بە بێ لایەنی و یان تاکخوازی و تاکوێژیی زۆرەکی.

لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە پێکەوە هەڵکردن پارادایمێکە کە بە پێی میکانیزمی ئەم پارادایمە بەهاکان و ئاکامە جیاواز و دژبەرەکان پێکەوە دەست بە وتووێژ دەکەن و رکەبەرایەتییەکی راساڵ لە نێوان بەڵگە هێنانەوە و ئەندێشە جۆربەجۆرەکاندا دروست دەبێت.

رەنگدانەوەی ئەم پێکەوە ژیانە، لە بوونی لێك گەیشتنێکی تێکەڵ بە کێشەدا دەتوانین ببینین کە دەستەبەریکەری فرەییخوازی لە کۆمەڵدایە.

ئەم لێك گەیشتنە تێکەڵ بە کێشەیە، پێویستی بە قەبووڵکردنی چەمکی پێکەوە هەڵکردن وەك پرەنسیپێکی بزۆز لە کۆمەڵگەدا هەیە.

کەواتە پێکەوە هەڵکردن بە دۆخێك دەگوترێت کە تێیدا کێشەی نێوان ئایدیاکان و ئەندێشە جۆربەجۆرەکان هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا رێککەوتنێکە لە نێوان سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە دا کە دەبێ دۆخێکی وتووێژی لە دڵی ئەم کێشەیەدا بێت. بەڵام ئەم جۆربەجۆری و فرەییی ئایدیاگەلە دوو پرەنسیپی گرنگ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت:

١- بە بێ چەمکی ئیرادەی ئازاد، بەرپرسیارییەتی و پێکەوە هەڵکردنخوازی هیچ واتایەکی نییە. واتە ئەگەر ئەم گریمانەیە قەبووڵ بکەین کە سەرجەم کاری مرۆڤەکان لە پێشدا دیاری کراوە، ئەودەم چەمکی پێکەوە هەڵکردن و گەڕان بە دوای پێکەوە هەڵکردندا ناپێویست دێتە بەرچاو ، و وێنا ناکرێت.

٢- رێزدانان بۆ سەربەخۆیی تاك وەك بڕوا بە لێهاتوویی ئەقڵانیی تاك لە ئافراندن و داهێنانی سامانی دیموکراسی و فرەییخوازی کۆمەڵگە.

ئەگەر کاری پێکەوە هەڵکردن جێبەجێ دەکرێت، هۆکارەکەی ئەوەیە کە من و ئەویتر لە ئایدیا و بۆچوونەکانی یەکتر، ورد دەبینەوە. ئەگەر ئەم وردبوونەوەیە نەبێت، رێزیش بوونی نابێت و لەوێڕا کە رێزی دوولایەنە نەبێت، پێکەوە هەڵکردنیش ناتوانێت وەك پرەنسیپێك پێك بێت.



مەبەستم لە ووردبوونەوەو سەرنج، دروستکردنی هەستی بەرپرسیارییەتی هاووڵاتیبوونە. واتە سەرنجێك کە تاکێك وەك هاووڵاتیەك لە تاکێکیتر وەك هاووڵاتی دەیدات. بە بێ ئەم هەستی بەرپرسیارییەتییە، پێکەوە هەڵکردن نێوەڕۆکێکی نییە، چونکە پرۆڤەی پێکەوە هەڵکردن لە گەڵ پرۆڤەی بەرپرسیاریەتیدایە و ئەم کرد و پرۆڤانە بنەما و بنەڕەتی پرۆڤەی فرەییخوازیی بەهایی و سیاسییە.

ئەگەر بۆ چاوگی وشەی بەرپرسیارییەتی لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا بگەڕێینەوە، دەبینین کە بەرپرس بوون responsableیان responsible بە واتای وەڵامدەر بوونە ( etre capable de reponse). بەڵام وەڵامدەر بوون لە بەرانبەر چ کەسێکدا؟

لە راستیدا هەر تاکێك دەبێ وەڵامدەری دوو کەس بێت. لە پلەی یەکەمدا ویژدانی خۆی و لە پلەی دووهەمدا ویژدانی کەسیتر، بۆچی؟ چونکە مرۆڤ هەم بەرپرسی ئەو شتەیە کە هەیە، واتە مرۆڤ بوون و هەم بەرپرسی ئەو کارەیە کە دەیکات واتە ، مێژوو. کەواتە مرۆڤ هەمیشە بەرپرسی خۆی و مرۆڤەکانی دیکەیە.

لەم سۆنگەیەوە، بەرپرسیارییەتی بابەتێکی تاکخۆازانە و خۆخوازانە نییە، بەڵکو دۆخێکی مرۆڤدوستانەیە. بەرپرسبوون واتە دەستەبەربوون. مرۆڤ بەرپرسی تاکێکە کە دەستەبەریکەری ئازادی و سەربەخۆیی تاکێکیترە. ئەم گەرەنتییە بەشێکە لە گەوهەری فرەییخوازی.

هۆی ئەم گەرەنتیکردنە، ناسکیی فرەییخوازییە. ئەگەر بابەت یان شتێك ناسك نەبێت گەرەنتیی ناوێ.

وەك پۆل ریکۆر دەڵێت: «بابەتی بەرپرسیارییەتی ئەو شتەیە کە لە خۆیەوە لە بەردەم تێدا چووندایە».

لە بەرئەوەی کە لە بەردەم تێداچوون و نەماندایە، ئێمە بەرپرسین کە رزگاری بکەین. بەرپرسبوونی ئێمە لە ئاستی کەسیتر و هەروەها لە ئاستی خودی پێکەوە هەڵکردندا بە هۆی ناسکبوونی پێکەوە هەڵکردنە. پێکەوە هەڵکردن بابەتێکی ناسکە کە ئەگەر بە شێوەی وردبینانە و دروست پرۆڤە نەکرێت ، تێدا دەچێت.

ئەم ناسکییەی پێکەوەهەڵکردن ئێمە لەمەڕ ئەم بابەتە هۆشیار دەکاتەوە کە پێکەوەهەڵکردن بژاردنێکی رۆشنبیرانە نییە، بەڵکو پێویستێکە بۆ هەرچەشنە کردار و کارێکی کۆمەڵایەتی.

پێکەوەهەڵکردن باشترین ڕێگایە بۆ ژیان لە حەقیقەتدا و بۆ حەقیقەت. چونکە لەوێڕا کە پێکەوە هەڵکردن چێکەری باس و وتووێژە، درۆ و دەلەسە هیچکات ناتوانێت بە سەر حەقیقەتدا زاڵ بێت.

لێرەدا ئەم قسەیەی تۆماس جێفرسۆنم وەبیردێتەوە کە دەیگوت:

حەقیقەت بەهێزە و هەمیشە دەتوانێ لەگەڵ دوژمنەکەیدا واتە درۆ، بەربەرەکانێ بکات، بە مەرجێك لە تفەنگە سروشتییەکانی واتە باس و وتووێژی ئازاد داینەماڵێن.

ڕەنگە لە بەر ئەوە بێت کە جێفرسۆن لە یادداشتەکانی ڕۆژانەیدا لە ساڵی ١٧٧٦دا لەگەڵ ئەم بۆچوونەی جۆن لۆك دا کە«دەبێ لەگەڵ دوژمنانی پێکەوە هەڵکردندا هەڵبکەین» دژایەتی دەکات و دەڵێت: «جۆن لۆك بە ڕێگایەکی دووردا ڕۆیشت و لە جێگایەکدا ڕاوەستا، بەڵام ئێمە درێژە بەو ڕێگایە دەدەین».

تێرامان لەم قسەیەی جێفرسون دەتوانێت شێوازێك بێت بۆ ئەوەی کە هەموومان بزانین پێکەوە هەڵکردن بابەتێکە کە هەمیشە لە بەرانبەر وەرنەگرتنی پێکەوە هەڵنەکردندا دەکرێت. چونکە ئەوەی کە پێویستی بە پێکەوەهەڵکردن هەیە، ئەو شتەیە کە لە لایەن ئێمەوە قەبووڵ ناکرێت و لەگەڵیدا دەرنابڕێت. چونکە ئەوەی کە لەگەڵیدا هەڵدەکەین، دژی ئایدیای ئێمە نییە و شیاوی ئەوەیە کە لەگەڵیدا هەڵبکەین. بەڵام ئەوەی کە قەبووڵی ناکەین و لەگەڵیدا دژایەتیمان هەیە، بابەتێکە کە دەبێ ببێتە بابەتی پێکەوە هەڵکردن.

پێکەوە هەڵکردن پرەنسیپی دژایەتی و جیاوازیی ئەندێشەکان مومکین دەکات، لە کاتێکدا پرەنسیپی دژایەتی و جیاوازیی ئەندێشەکان پێکەوە هەڵکردن وەك بابەتێکی پێویست پیشان دەدەن. بەم هۆیەوە بەرگری لە ئەندێشەی پێکەوە هەڵکردن بە واتای دوژمنایەتی لەگەڵ دەمارگرژان و دوژمنانی پێکەوە هەڵکردندا نییە، بەڵکو خەباتی هزری و فەلسەفی دژی تاکوێژی و تاکخوازییە کە خۆی بە تاقە دەلاقەیەك دەزانێت کە بەرەو گەوهەری ژیان دەڕوانێت.

لە کاتێکدا وەك ئایزایا بێرلین دەڵێت، فرەییخوازی فێرمان دەکات کە «دەتوانین لە پەنجەرەی جۆربەجۆرەوە سەیری ژیان بکەین، کە هیچیان ڕووناکتر یان تاریکتر لەوی تر نین». قەبووڵکردنی ئەم گوتەیەی بێرلین وەك پرەنسیپێکی خەباتکارانەی ڕۆژانەیە کە هەموومان دەگرێتەوە. **(ئاخاوتن لە سمیناری دەفتەری تۆژینەوە کولتورییەکاندا، یانەی هونەرمەندان بەفرانباری١٣٨٠).**



## ئازادی لە ڕوانگەی کانت و هیگڵەوە

چەند سەد ساڵە ڕۆشنبیران لەسەر پێناسەی چییەتیی ئازادی خەباتێکی دژواریان گرتۆتە بەر و هەوڵیانداوە پێناسەیەکی تەواو و کۆتایی بۆ ئەم بابەتە بدۆزنەوە و یان بەتاوتوێکردن و پێداچوونەوە بە بۆچوونی ڕەقیبەکاندا، بە دوای گۆڕینی ڕێساکانی یارییەکەوە بوون. ئەمانوێل کانت لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، لە بەرهەمەکانیدا بە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەندیشە و ئایدیا زانستییەکانی سەردەم، هەوڵیداوە تا بیردۆزیی ئەقڵانیەتی ڕادیکاڵ وەك باشترین ئامێر بۆ پێناسە و وەدیهاتنی ئازادیی جیهانی، پەرەپێدەدات و بەرەو پێشەوەی ببات. نامیلکەکەی لە ژێر ناوی «ئاشتیی پایەدار» ئەم بۆچوونەی لە قاڵبی دروستکردنی فدراسیۆنێکی جیهانی لە نەتەوەکان، کە ئامانجەکەی گەیشتن بە ئاشتییەکی ئەقڵانییە، هێناوەتە گۆڕێ. کانت پێی وابوو کە بە جیهانیبوونی ئەقڵانییەت، بەرانبەرە لەگەڵ بە جیهانیبوونی ئازادی دا، بە پێچەوانەوە دژایەتیکردنی سەرسەختانەی هیگڵ لەگەڵ کانت دا، ڕێگرێکە بە سەر ڕێگای ئەو مەترسییە پێوارانەیدا، کە لە چەمکی کانتیی بەجیهانیکردنی ئەقڵانییەتی ڕۆژئاواییدان و ئەم بیردۆزەیە لە سەر بنەمای وەدیهاتنی ئازادی لە قاڵبی حاکمییەتی ئەو دەوڵەتانەیدا کە نوێنەری ئایدیا و بەها ئەقڵییەکانی هاووڵاتیانی خۆیانن، تەرح دەکات . لای ، فدراسیونی دەوڵەتەکان بابەتێکی نابەجێ، دەسکرد و تەق و لەقە و بەرەو تایبەتیبوون دادەگەڕێت و ئاراستەکەی پێچەوانەی ئازادییە. لە ئاراستەی بە هێزکردن و وردکردنەوەی چەمکی ئازادیی نەتەوەیی، بۆ سەر پێشگریمانی بنەمایی کانت کە بە پێی ئەو پێشگریمانە ئاشتی بابەتێکی دڵخوازە، هێرش دەکات: لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەکان ڕوانگەی ئەقڵانیی خۆیان لە ئازادی دیاری دەکەن و جوێی دەکەنەوە، کەواتە ئەقڵانی دەبێت کە ئەم ڕوانگە جیاوازە نەتەوەییانە وەك بەشگەلێك لە پرۆسەی وەدیهاتن و ژیانەوە، پێکەوە دەست بە بەربەرەکانێ بکەن. بەڵام چەمکی ئازادیی جیهانیشی بەبێ بایەخ نەزانیوە. وای بیردەکردەوە کە لە پێوەندیی دوولایەنەی ئەم دەوڵەتە جیاوازانەدا، ڕۆحێکی جیهانی زاڵ دەبێت کە لە کۆتاییدا ئاستی تایبەتیبوون، تێپەڕ دەبێت و بە ئاستی جیهانیبوون دەگات. بەم چەشنە، بە جیهانیبوون پێویستیی بە بڕیار و ئیرادەی جیهانی هەیە، نەك ئەوەی کە تەنیا ئەزموونێکی ڕوژئاوایی بێت.

بیردۆزیی ئازادیی کانت خاڵێکی دەستپێکی جیددی و دیاریکەرە بۆ دەرك کردنی ئامانجی ئەو لە ئاشتیی پایەدار. نامیلکە کورتەکەی بە ناوی «روشنگەری چییە؟» رێسایەکە بۆ مرۆڤتا لە قەبوولکردنی چاوبەستراوانەی رێساکان دوور بکەوێتەوە و لە پرۆسەی گەڕانەکانی خۆیدا لە ئەقڵ کەڵك وەربگرێت: «ئەم رۆشنگەرییە جگە لە ئازادی پێویستی بە هیچ شتێکیتر نییە، ئازادیی کەڵك وەرگرتن لە ئەقڵی ئاشکرا لە سەرجەم بوارەکاندا». کانت دەڵێت: ئەگەر خەڵك لە ئەقڵ کەڵك وەربگرن ئازادتر دەبن. کانت ئەم روانگانەی پاشتر لە ساڵی ١٧٩٣دا و لە نامیلکەی: **سەبارەت بە پەندی پێشینیان: ئەوەی کە بە تیوری راست دێتە بەرچاو، لەوانەیە لە کردەوەدا راست نەبێت**، پەرەپێدا. کانت لەمەڕ دەوڵەتی شارستانی دەڵێت کە بنەما و بنەڕەتی یاساکان دەبێ ئەقڵی پەتی و پێش ئەزموونی بێت. واتە ئەو ئەقڵەی کە پرەنسیپەکانی لە ناخی ئێمەدا پێوارن، نەك ئەوەی کە لە رێگای ئەزموونەوە وەرگیرابن. لەبەر ئەوەی کە ئەم رێساگەلە لە سەر بنەمای پرەنسیپە ئاکارییەکانن، گەرچی دەتوانن زۆرەکیش بن، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ئازادیی مرۆڤدا دەستێوەردان ناکەن.

بەشی سێهەمی نامیلکەکە باسی مافی نێونەتەوەیی دەکات. کانت دەڵێت مرۆڤەکان لە گرێبەستێکی بنەڕەتیدا شارستانی دەبن. ئەم گرێبەستە، بۆ دەرچوون لە توندوتیژیی جیهانی خاوەنی رێساگەلی ئەقڵانیی زۆرەکییە. هەر بەم چەشنە زۆر و گوشاری جەنگە یەك لە دوای یەکەکان «دواجار ئەوان بەرەو گەیشتن بە رێككەوتننامەیەکی جیهانی و تەنانەت بە پێچەوانەی ئیرادەی خۆیان» راپێچ دەکات. بیردۆزیی ئازادیی کانت لە نامیلکەی «ئاشتیی پایەدار»دا وابەستەیە بە ئامانجی کۆتایی جەنگی پایەدار دەشکێتەوە. بەشی یەکەم بریتییە لە پێش مەرجگەلی وەك قەدەغە بوونی گرتنی نەتەوەیی بوونیان لە لایەن نەتەوەیی بوونێکیترەوە و دەستێوەردان لە پێڕەوی نەتەوە و حکوومەتێکدا. کانت لە گەڕان بەدوای رێچارەی گەیشتن بە ئاشتیی پایەداردا دەڵێت: پێڕەوی شارستانیی هەموو نەتەوەیەك دەبێ کۆماری بێت، تەنیا لەم دۆخەدا ئازادیی مرۆڤەکان دەستەبەر دەبێت، چونکە ئەوان هەموویان لەگەڵ یاساکاندا هەڵدەکەن و لە سێبەری ئەو یاساگەلە و نوێنەرایەتیی ئەواندا، یەکسان دەبن. کانت لە وتاری دووەهەمی نامیلکەکەدا، نەتەوەکان بە تاقمێك دەزانێت کە دەبێ لە رێگای گرێبەستێکی وەك گرێبەستی شارستانییەوە، مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن و ئەم فدراسیۆنی دەوڵەتە ئازادانە، یان نەتەوە نەتەوەکان، لە سەر بنەمای یەکسانی و بەبێ حاکم و مەحکووم دەبێت. کانت دەڵێت کە هەر نەتەوەیەك بەهۆی نەبوونی سنووردارییەتییە دەرەکییەکان و هەروەها، نەبوونی



مافەکانی خۆی، بە شەڕەنگێزی بایەخێکی بەرز دادەنێت. بەڵام ئەقڵ جەنگ رەت دەکاتەوە و دەخوازێت نەتەوەکان ئازادیی هیچ وپووچی نێوان جەنگە بەردەوامەکان وەلاوەبنێن و خۆیان لە چوارچێوەی یاسایەکی گشتی لە نەتەوەی خەڵکدا دابنێن. ئەم بابەتە لە دۆخێکدا کردەنییە کە ئیرادەی گشتی بەرەو ئەقڵ بڕواتە پێشێ.

بەشی کۆتایی نامیلکەکە لە سەر بابەتی ململانێ و خەباتی نێوان ئاکار و سیاسەت، بە رەچاوکردنی ئاشتیی پایەدار چەق دەبەستێت. کانت دەڵێت: هەرچەندە مرۆڤ حەز ناکات کارێك بکات کە بۆ گەیشتن بە ئاشتیی پایەدار پێویستە، بەڵام یەکگرتووکردنی کۆمەڵگەی شارستانی بۆ شێوازێکی لەم چەشنە هێزی دەوێت و لەوانەیە یاسادانەرێك بتوانێت بەم شێوەیە خەڵك یەکپارچە بکات و پاشان بواریان پێ بدات تا لە رێگای ئیرادەی گشتیی خۆیانەوە پێڕەوێکی یاسایی دروست بکەن. کانت دەڵێت کە ئەرکی سیاسەتڤانێکی ئاکاری، چاکسازیکردن لە پێڕەوی نەتەوەکەی خۆیدا، بە شێوەیەکە کە لەگەڵ مافە ئەقڵی و سروشتییەکاندا هاودەنگ و تەبا بێت. بەڵام تاکی پراگماتیست، رێچارەکە بە سانایی لە سەر ئەزموونی خۆی پێشکەش دەکات. لە لایەکیترەوە، سەرچەشن و نموونە بۆ بزاوتن بەرەو ئاشتیی پایەدار راست نییە. هەربۆیە ترس و قایمکاریی سیاسی بە ئامانج و ئەنجامێکی دڵخواز ناگات. لە لایەکیتریشەوە، لێهاتوویی سیاسی وا دەخوازێت کە دەبێ سەرەتا بەدوای ئەقڵی پەتییەوە بین «... و ئەودەم، ئامانجی ئێوە (فەزیلەتی ئاشتیی پایەدار) بۆخۆی بە پیریی ئێوەوە دێت. چونکە رێنوێنییەکانی لێهاتووییەکی لەم چەشنە راستەوخۆ لە چاوگی ئیرادەیەکی گشتیی زاتییەوە دێنە دەرێ. هەربەم شێوەیە مافەکان دەخوازن کە نەتەوەیەك پێڕەوێکی لە سەر بنەمای مافە سروشتییەکان هەبێت و نەتەوەکان بۆ چارەسەرکردنی یاساییی جیاوازییەکانیان پێکەوە یەکگرتوو بن. ئەوان دەبێ بەرامبەر ئەم مافانە پێبەند و بەوەفا بمێننەوە، چونکە ئەم مافانە لە ئەقڵی پەتیی پێش ئەزموونەوە سەریان هەڵداوە و بەم چەشنە ئامانجی ئاشتیی پایەدار بەرەبەرە وەدی دێت.

لە کتێبی پرەنسیپەکانی فەلسەفەی «حەق»دا خەریکی پاڵاوتنی چەمکی کانتیی ئەقڵانییەتی جیهانی رۆژئاوا، وەك نوسخەیەك بۆ ئازادی دەبێت. بە بۆچوونی ، رەوتی فێرکاری لە رێگای بنەماڵە و کۆمەڵگەی شارستانییەوە دواجار بە وەدیهاتنی ئازادیی تاك لە دەوڵەتدا دەگات. هەربۆیە لە کاتێدا خەریکی رۆڵی ناوەندیی ئەقڵ بۆ ئازادی دەبێت، هاوکات توخمە کولتورییە تایبەتەکانی هەر نەتەوەیەك بە خاوەنی رۆڵ دەزانێت. لەم کارەدا، پێناسەیەکی تەواوی ئازادی دەکات کە لە چەمکی کانتیی ئەقڵانییەتی جیهانی رۆژئاوایی دەترازێ. بۆ

سەربەخۆیی و بابەتی نەتەوەیی رۆڵی سەرەکی، چونکە بە رۆڵی سەرەکی نەتەوە وەك پانتایی وەدیهاتنی ئازادی ئاشنا بوو. هیگڵ دواجار کەشوهەوایەکی نێونەتەوەیی وێنادەکات کە تێیدا دەوڵەتەکان وەك تاکگەلێکی ئازاد پێکەوە پێوەندی دەگرن و رۆحێکی جیهانی دروست دەکەن کە تێیدا بە جیهانیبوون بەسەر تایبەتی بووندا مەزنایەتی پەیدا دەکات.

گەوهەری دژایەتیی لەگەڵ چەمکی ئاشتیی پایەداری کانتدا لە جیاوازیی روانگەی ئەم دوانە لە سەر ئازادی، پێوارە. لە روانگەی ەوە «سەربەخۆیی دەوڵەتەکان پرەنسیپی رێك و پێککەری پێوەندییە دوو لایەنییەکانیانە. ئەوان بەم پێوەرانەوە لە دۆخێکی سروشتی و پێوەندییەکی دوولایەنەدا پێکەوە دەژین و مافەکانیان، نەك بە هۆی ئیرادەی جیهانی و زاڵبوونی دەسەڵاتە رێککەوتننامەییەکانەوە، بەڵکو لە رێگای ئیرادەی تایبەتی خۆیانەوە، وەدی دێن». لە لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکەی کانتدا، لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتنی فێدراسیۆنی دەوڵەتەکان بۆ پاراستن و گەرەنتیی ئاشتیی پایەدار، دەڵێت کە لەم بیردۆزەیەدا، رێککەوتنێکی زۆرەکی لە سەر بنەمای تایبەتی بوونی ئەقڵانییەتی کانتی دەبینێت و بەم چەشنە، «تێکەڵ بە شیمانەکان» لێکی دەداتەوە. هەروەها لە چەمکی رێککەوتن و تەبایی فدراسیۆنی نەتەوەکان سەبارەت بە سەربەخۆیی نەتەوەیی، چەمکی رێککەوتن لە سەر ئاشتی پەیدا دەکات. کانت لەوانەیە لە بەرانبەر ئەم داواکارییانەدا بەرگری لە خۆی بکات و بڵێت کە پرەنسیپە ئەقڵانییەکان لە ناوەوەی ئێمەدا بە شێوەی پێش ئەزموون بوونیان هەیە. ئەم پرەنسیپانە جیهانین، چونکە لەگەڵ مافدا هاوجووت و تەبان. کەواتە:

«ئەقڵ تەنیا کاتێك دەتوانێت نەتەوەکان لە هەلومەرجی بێ یاسایی (کە تەنیا جەنگ دەگرێتەوە)، رزگار بکات، کە ئەوان ئازادییە وەحشیانەکەی خۆیان (بێ یاسا) فڕێ بدەن (هەروا کە سەرجەم تاکەکان وادەکەن) و بە تەباکردن و هاوجووتکردنی خۆیان لەگەڵ بەرتەسکایەتییەکانی یاسای گشتیدا، لە فدراسیۆنی خەڵك نەتەوەیەك دروست بکەن».

ئەم نەتەوە پێکهاتووە لە خەڵك، ملکەچی یاسای جیهانی دەبێت و لەم کارەدا ئازادییەکەی خۆی وەدی دێنێت. پێك گەیشتنی روانگەکانی هیگڵ و کانت سەبارەت بە ئازادی، بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بەستێنی ئەقڵانییەتی جیهانییە. مەیلەکانی کانت بۆ ئەقڵانییەتی جیهانی، بەشێکە لە هەلومەرجی یەکگرتووی مێژوونووسانی رۆژئاوایی لە سەردەمی رۆشنگەریدا. ئەوروپییەکان هەستیان کرد کە ئیدی پێویستییان بە بیروبڕوای مەزهەبیی ئاشتکەرەوە نییە و بەم چەشنە دەتوانن تەنیا بە ئەقڵەوە خەریك بن و پاڵی پێوە بدەن. بەڵام کامە



ئەقڵ؟ لە راستیدا پێناسەی کۆمەڵگەیەك لە چەمکی ئەقڵانی دواهاتی ئەزموونە هزری، مێژوویی و کولتورییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە. لە رۆژئاوادا ئەقڵانییەت لە راستیدا لە سەر چەمکی بێ لایەنیی زانستی کانتی دانراوە. بەڵام لەو وڵاتانەدا کە ئەزموونە هەرەوەزییەکانیان لە سەر بنەمای بێ لایەنیی زانستی نییە، چەمکی«ئەقڵانی» پێناسەیەکی بەتەواوی جیاواز پەیدا دەکات. بەداخەوە کانت لە سێ نامیلکەکەیدا باسێکی گشتگیری ئەنجام نەداوە هەربۆیە، پێناسەی روژئاوا لە چەمکی«ئەقڵانی» تەنیا پێناسەیەکی دروستە و بەم پێیە، رەتکەرەوەی سیفەتی خود وەك جیهانی‌یە. سەیر ئەوەیە کە کانت، کاتێك دەست بە ئەم باسە دەکات کە لە روونکردنەوەی ئەقڵ وەك بنەمای ئاشتیی پایەدار، لە ئینجیلەوە وتەیەکی رقاوی دەردەهێنێت: «کەواتە، دەتوانین بڵێین: سەرەتا بە شوێن مەلەکوتی ئەقڵی کرداری تەواو و حەقیقەتەکەیدا بگەڕێ، پاشان ئامانج (فەیزی ئاشتیی پایەدار) بۆخۆی بە پیریتەوە دێت». بیردۆزیی ئازادیی، بە پێچەوانەی کانت، دەتوانێ وەرگری پێناسەگەلی جیاوازی کولتوری سەبارەت بە ئەقڵانییەت بێت و بەم چەشنە کەموکورتی و مەترسیگەلێك کە کانت لە گەڵیاندا رووبەڕووە نییەتی.

کانت لە نێوان ئازادی و بەجیهانیکردنی زۆرەکیی یاسا ئەقڵانییەکان لە دەوڵەتی شارستانیدا، دژایەتییەکی نەدەدیت و ئەمانەی بە بونیادنراو لە سەر ئەو پرەنسیپانەی کە لە پێشدا لە ناخی مروڤدا پێوارن، دەزانی. ئەو ناچارکردنە سەرەکییەی کە کانت لە ئاستی جیهاندا دەیکێشا، زۆری جەنگە بەردەوامەکان بوو کە مرۆڤەکان ناچار بە کۆبوونەوە و دروستکردنی فدراسیۆن بۆ دەرچوون لە توندوتیژی دەکات. کانت لە راستیدا بۆ راکێشانی مرۆڤەکان بۆ لای کۆبوونەوە جیهانییەکەی خۆی، بەشێوەیەکی سەرەکی پاڵی بە هێزی ئەقڵەوە دەدا و دەیگوت «...ئیرادەی گشتی لە سەر بەستێنی ئەقڵە». یەکێك لە لایەنە هێماییەکانی ئەم بابەتە، داکۆکیی کانت لە سەر پێڕەوێکی کۆمارییە. تەنیا کاتێك کە خەڵك لە خراپەکانی جەنگ خەسارمەند دەبن، تەگبیر دەکەن کە ئایا دەست بە خەباتێك بکەن کە تێیدا ئەقڵانیەتێکی لەم چەشنە سەر دەکەوێت یان نا. بەڵام لە ژێر تیشکی ئەم راستییەدا کە ئەقڵی کانتی، تەنیا لە رۆژئاوادا بەم بەربڵاوییە قەبووڵ کراوە، روون دەبێتەوە کە بیردۆزەکەی کانت دژبەرییەکی لەم چەشنەی هەیە کە ئایا دەتوانین بە زۆر نەتەوەکان ناچار بکەین تا ملکەچی گریمانەکان و رێساکانی بن؟ داسەپاندنێکی لەم چەشنە، بێگومان و بە شێوەی گشتی لەگەڵ نەریتە هزری، کولتوری و مێژووییەکانی نەتەوەکانی‌تردا، لە دژایەتیدایە. ئەم نەبوونی هاوەدەنگییە درزێکی دەروونی دروست دەکات کە بە توندی دەیانباتە ژێر کاریگەرییەوە. بەڵام بیردۆزەی ئازادیی نەتەوەیی ، گەرچی لە سەر بنەمای ئەقڵ دانراوە، بەڵام

نەك ئەقڵێكی بەرتەسك و دیاریكراو، كە دواجار دەبێ بەسەر كەسانی تر بسەپێت. تەنیا لە یەك بابەتدا دەتوانین داواكاری ئەوەبین كە داسەپاندنی شتێك بە سەر خەڵكدا بۆ تەواوكردنی ئازادییەكەیان بەسوودە ئەوەش كاتێكە كە ئەو شتە هاوجووتی پرەنسیپەكانی بێت. بەڵام داسەپاندنی شتێك ئەگەر بەناوی ئازادیشەوە بێت، بە تەواوی دژبەر دێتە پێش چاو.

لە بەرگریكردن لە ئازادیی نەتەوەیی، لە راستیدا گریمانەی بنەمایی كانت كە دەڵێت ئاشتی دڵخوازە، دەباتە ژێر پرسیارەوە. هیگڵ زانیی كە جەنگ وەك داكۆكیكردن لە سەر تایبەتیبوونی نەتەوەكانە و هەربۆیە ئەوان بە سەربەخۆ دەزانێت تا مافەكانی خۆیان بپارێزن و داوایان بكەن. لەوەش گرنگتر ئەوەیە كە، جەنگ تەندروستی و ساغیی ئاكاریی نەتەوەكان دەپارێزێت، «هەروا كە«با»كان، دەریاكان لە ئارامی دەپارێزن و ناهێڵین كە دەریا خەوێكی بەردەوام بیباتەوە، كەواتە ئیمكانی ئەوەی كە ئاشتییەكی بەردەوام (ونەك پایەدار) لە نێو نەتەوەكاندا بێ جووڵەیی دروست بكات، هەیە. ئەم هەڵویست گرتنەی هیگڵ، لەوانەیە بۆ كانت ناخۆش بێت، چونكە بە بۆچوونی كانت مرۆڤەكان پێویستییان بە ئاشتییەكی زۆردارانە هەیە تا نەتەوەكەیان دەسەڵات و مەزنایەتی پەیدا بكات. بەڵام ئەو دەڵێت كە سروشت بە هۆی جیاوازیگەلی زمانی و مەزهەبی رێگری ئەم پلەیە لە پێكەوەلكانە و بەم چەشنە هاوسەنگییەك لە نێو دەسەڵاتە رەقیبەكاندا دروست دەكات. لە هەمان كاتیشدا، سروشتی مرۆڤەكان بە هۆی مەیلی ئەوان بۆ ئەزموونەكان، پێكەوە نزیك و یەكگرتوو دەكات. كانت، جگە لەم هەورازونشێوانە لە هەڵسوكەوتە جیهانییەكاندا، زانیی كە دەبێ دواجار ئاشتی زاڵ بێت، چونكە «...ئەقڵ وەك ئامێری دیاریكردنی مافەكان، جەنگ بە شێوەیەكی رەها مەحكووم دەكات و گەڕان بەدوای هەلومەرجی ئاشتی دەكاتە ئەركێكی تایبەتی بۆ تاك».

بەم چەشنە، دژایەتیی ئەم دوو بیرمەندە لەگەڵ یەكتریدا، دیسانەوە سەبارەت بە چەمكی بە جیهانی بوونی ئەقڵانییەتی كانتی‌یە. بە بۆچوونی كانت ئاشتی ئامانجێكی رێگەلێنەگیراوە. چونكە لەگەڵ ئەقڵدا هاوجووتە. بەڵام بە رەچاوكردنی ئەوەی كە پێشتر گوترا بابەتەكە ئەوەیە كە كامە ئەقڵ؟ بەرگریی ئەقڵانی لە ئاشتی لە رۆژئاوادا شیاوی پاساودان و شیاوی قەبووڵ كردنە، چونكە رۆژئاوا چەمكی بێ لایەنیی كرداری كانت قەبووڵ دەكات. كەواتە بە جیهانیكردن ئامانجی «ئەقڵانیی» ئاشتیی كانتی، بە شێوەیەكی پێویست دادەسەپێندرێت و لەگەڵ نەری‌تەكانیاندا دەست بە دژایەتی دەكات. بەڵام بە پێچەوانەی كانت، روانگەی هیگڵ بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ بە شێوەیەكە كە ئازادییەكەی لە رێگای خەبات دژی نەتەوەكانی تر، دیاری دەكات و دەیپارێزێت و



گیرۆدەی ئەو دژایەتییە داسەپێندراوەی ئەقڵانییەتی رۆژئاوایی، كە كانت هێناویەتە گۆڕێ، نابێت. لێرەدا ئیزن دەدرێت تا سەرجەم نەتەوەكان بە پلەگەلی زۆرتر لە ئازادی بگەن. شایانی باسە كە بە هەرشێوە كانت و هیگڵ هەردووكیان لە سەر رادەگەلێكی دیاریكراو بۆ جەنگ رێك كەوتوون. كانت داكۆكی دەكات كە دەبێ سوپا و یەكە سەربازییەكان هەڵوەشێنرێنەوە، چونكە بۆ ئاشتی مەترسییەكی بەردەوام لە ئەژمار دەدرێن. كانت هێرش دەكاتە سەر سەرمایەی نەتەوەیی، چونكە بە گەل تا هەر رادەیەك بۆ تەدارەكی جەنگ پێویست بێت، پارە بە قەرز دەدات. كانت بەدوای دۆزینەوەی رێگرەكانی جەنگەوەیە. چونكە جەنگ ئایندەی ئاشتی نامومكین دەكات. یش خوازیاری «پاراستنی ئیمكانی ئاشتییە، بە شێوەیەك كە بۆ وێنە، بالوێزی وڵاتەكان دەبێ رێزیان هەبێت و جەنگیش نابێ بە هیچ نرخێك تەنانەت لە نێو دامەزراوە ناوەكییەكاندا روو بدات. هیگڵ خوازیاری ئاشتی لە ئاستی ژیانی تایبەتی و بنەماڵەیی تاكەكانیشدایە. بەم چەشنە هیگڵ بە دڵنیاییەوە جەنگانێكی وەك جەنگی جیهانی یەكەم و دووهەمی تاوانبار دەكرد. چونكە ئەم جەنگانە لە ئاستی پێكدادانی دوو سوپا دەترازێن و وەك جەنگی گشتگیر، پانتایی ژیانی سەرجەم نەتەوەكان دەكەنە مەیدانی تاخت و تاز و هەبوونیان دەبەنە ژێر مەترسییەوە.

وێڕای ئەو هێرشە توندەی كە هیگڵ كردوویەتییە سەر بیردۆزەكەی كانت سەبارەت بە بەجیهانیبوونی ئەقڵانیەتی رۆژئاوا، بەڵام بنەمایەكی جیهانیی بۆ ئازادی رەت نەكردۆتەوە. بۆ دەرككردنی دروستی بیردوزەكەی هیگڵ سەبارەت بە یاسای جیهانی، دەبێ سەرنج لە چەمكی رۆحی جیهانیی هیگڵ بدرێت. لە روانگەی هیگڵەوە، دەوڵەتەكان سەربەخۆ و ئازادن كە بنەما گشتییەكانیان، لە پێوەندیی دوولایەنەی ئەوان لەگەڵ یەكتریدا پێك دێن. لەم پێوەندییە دوولایەنەنانەدا، رۆحی دەوڵەتە یەكگرتووەكان چییەتییەكی مشتومڕیی هەیە كە دواجار روحێكی جیهانیی لێ دەر دێت كە لە سەرجەم سنوورەكان ئازادە. هیگڵ تایبەتی بوونی دەوڵەتە سەربەخۆیە جیاوازەكان (و ئەوكەسانەش كە ئەم دەوڵەتانە پێك دەهێنن)، وەك سازێنەرانی كۆیی ئەم رۆحە جیهانییە لە ئەژمار دەدات كە پێكەوە گشتێكی گەورەتر پێك دەهێنن كە ئەوان لە باوەشی خۆیدا بەرەو قۆناغێكی بەرزتر لە مێژووی جیهانیدا دەبات. بەم چەشنە شیاوی باسە كە لە روانگەی هیگڵەوە، گەیشتن بە قوناغێك كە تێیدا بە جیهانیبوون بە سەر تایبەتبووندا زاڵ بێت، بەتایبەتمەندیی پێشووی دەوڵەتە سەربەخۆیەكانەوە بەستراوەتەوە.

بە جیهانیكردنی ئەقڵانییەتی كانتی، ئەم تایبەتیبوونە بە هۆی زۆرەكی بوون لە گەیشتنی خێراتر بەو قۆناغە بەرزترە، وێران دەكات و بەم چەشنە، هەرچەشنە هیوایەك بە بونیادی حەقیقی

جیهانی بۆ ئازادی، دەبێتە نائۆمیدی. هیگڵ لە روونکردنەوەی ئەم رۆحە جیهانییە، بەردەام دەبێت کە ئەم رۆحە بە شێوەیەکی سەرەکی بە هۆی نەتەوەیەکەوە دروست دەبێت کە لە مێژووی جیهانیی سەردەمی خۆیدا زاڵ و سەربەخۆ بووە. بەڵام ئەم نەتەوەیەش دواجار بەرەو کەموکورتی و داڕمان دەڕوات و دەبێ «لە تێپەڕینی مێژووی جیهانیدا جێگاکەی خۆی بە نەتەوەیەکی‌تر بسپێرێت». بەم چەشنە گەرچی هیگڵ قەڵەمڕەوی ئەڵمانیایی بە باڵاتر زانیوە، بەڵام لە هەمان کاتدا و دواجار ئیمکانی گوێزرانەوەی ئەم قەڵەمڕەوەی بۆ نەتەوەیەکی دی، نامومکین نەزانیوە.

دژایەتیی هیگڵ لەگەڵ کانت لەو بارەیەوە کە جیهانیکردنی ئەقڵانییەتی رۆژئاوایی، سەرجەم مرۆڤایەتی رزگار دەکات، تەنیا هەڵسوکەوتێکی زانکۆیی و مێژووناسانە نییە، لە راستیدا تەقەلایەکە بۆ وەڵامدانەوە لە بەرانبەر دەستپێکردنی سەدەی بیست و یەکەمدا. حکوومەتە رۆژئاواییەکان سەرجەم ئەقڵی کانتیان وەك تاقەبنەمای شەرعی بۆ گەشەپێدانی یاسا قەبووڵ کردووە و تیۆری بە جیهانیکردنی ئەم یاسایەیان وەك تایبەتمەندی و بەردی بناغەی سیاسەتە دەرەکییەکانی خۆیان داناوە. لە روانگەی هیگڵەوە ئازادی لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا وەدی دێت کە نوێنەری بەهاکان و بیروبڕوا ئەقڵییەکانی هاووڵاتییەکانی بێت. بەم پێیە فدراسیۆنی دەوڵەتەکانی کانتیش، وەك داسەپاندنێك دێتە پێش چاو کە ئازادییەکان دەباتە ژێر مەترسییەوە. بەم شێوەیە هیگڵ هێرش دەکاتە سەر ئەم گریمانەیەی کانت کە تەنانەت ئەگەر ئاشتیی پایەداریش دڵخواز بێت، دیسانەوە پێی باشترە کە روانگە یەکگرتووەکانی هەر نەتەوەیەك لە پرۆسەی ژیانەوەی ئاکاریدا رکەبەرایەتی بکەن. هیگڵ دواجار وای بۆ دەچێت کە ئەم روانگە تایبەتانە لە پێوەندی لەگەڵ یەکتریدا ، رۆحی جیهانی پێکدەهێنن و پاشان ئەم رۆحە جیهانییە بە سەر تایبەتبوونیاندا زاڵ دەبێت. بەم چەشنە هیگڵ هەوڵدەدات لە دژبەریی کانتی لە داسەپاندنی ئەقڵانییەتی رۆژئاوایی بە سەر جیهاندا حاشا بکات، گەرچی بۆخۆی لە سەر بە جیهانیبوونی راوەستاو لە سەر ئەقڵانییەت بیردەکاتەوە. هیگڵ لەم کارەدا هیوای پێناسەیەکی جیهانیی حەقیقی لە ئازادی و لە رێگای ئیرادەی جیهانییەوە بەڵێن دەدات. بەڵێنێك کە وەدیهاتنی، پاش تێپەڕبوونی ٢٠٠ساڵ، هێشتا زەینەکان بە خۆیەوە خەریك دەکات و پڕ گیروگرفتە. **(ئاخاوتن لە کۆلیژی فەلسەفەی زانکۆی تۆرنتۆ رەشەمەی ١٣٧٩)**.



## حەقیقەت لە روانگەی «نەسر» و تاگوورەوە

## (لێکۆڵینەوەیەکی تەتبیقییە)

ئەفلاتون دەڵێت هاوڕێیەتیی شیعر و فەلسەفە مەترسیدارە. هۆکاری تێڕوانینێکی لەم چەشنە رەنگە ئەوە بێت کە فەلسەفە لە کاری لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانە واقیعییەتێکە کە ئەقڵی پەیبرد بە دواوەیەتی. بەڵام شیعر وەك ڤۆڵتێر دەڵێت «موسیقای رۆحە». بەڵام ناتوانین بۆچوونەکەی ئەفلاتون سەبارەت بە سەیید حسێنی نەسر و رابیندرات تاگوور بە راست بزانین. لای تاگوور و نەسر، شیعر و فەلسەفە لێك ئاڵاون و دەستیان بە دەستی یەکترەوە داوە، چونکە هەردووکیان چاویان لە حەقیقەت بەرز بڕیوە.

بە بۆچوونی تاگوور، شیعر ستایشی واقیعییەتە بە شێوە و زمانێکی جوان. نەسریش پێی وایە کە فەلسەفە ستایشی واقیعییەتە لە قاڵب و روانگەی حەقیقەتەوەیە. رادکریشنان دەڵێت:«فەلسەفە پەرستگەی حەقیقەتە و شیعریش پەرستگەی جوانییە». ئەم دوانە دژایەتییەکیان پێکەوە نییە، چونکە حەقیقەت جوانی و جوانی حەقیقەتە. تاگوور و نەسر هەردووکیان لە بەرزترین و بنەماییترین مەسەلەکانی ژیانی مەعنەویی مرۆڤ سەرنج دەدەن. تاگوور و نەسر هەردووکیان شاعیر و فەیلەسووفن، بەڵام تاگوور زیاتر شاعیر دێتە پێش چاو، لە کاتێکدا نەسر، زیاتر لە شیعر فەلسەفەی پێوەیە. گەرچی شیعریش دەڵێت و سەبارەت بە تەکنیکەکانی هونەرە جوانەکانیش شارەزایە.

تاگوور فەیلەسووفێکی ئەکادیمی نییە و هیچ کات وانەی فەرمیی فەلسەفەی نەخوێندووە. بە بۆچوونی تاگوور فەلسەفە «راساڤاستۆ» یەکە، واتە شتێك کە بتوانرێت قازانجی لێ وەربگیرێت و چێژی لێوەربگیرێت، نەك تیۆرێك بۆ شیکاری و روونکردنەوە. تاگوور خەریکی بیرداڕێژەریی حەقیقەت نابێت. بەڵام لە گەڕان بەدواییدا تام و چێژێکی زۆر وەردەگرێت. تاگوور و نەسر هەردووکیان دۆزەرەوانی حەقیقەتن. یەکێکیان زیاتر شاعیرە و یەکێکی تریان زۆرتر فەیلەسووف.

سەیید حسێنی نەسر فەیلەسووفە، بەڵام فەلسەفەکەی تا ئەو رادەیە لەگەڵ شیعردا تێکەڵ بووە، کە خوێنەر بەرەو جێگاگەلێك لە ئەو پەڕی سنوورەکانی ئەقڵ و لۆژیکی پەتی رێنوێنی دەکات. نەسر حەقیقەت و جوانیی ئاوێتە کردووە چونکە بە دوای بە جیهانیبوون و پایەدارییەوەیە. هەر بۆیە فەلسەفەکەی بەر لەوەی کە سەرنجی بابەتە ئەقڵانییە میتافیزیکییەکان بدات، رەنگدانەوە گەلێکە لە رۆح و لە جیاتیی ئەوەی کە سیستەمێکی

فەلسەفی بێت، ڕێگایەکە. فەلسەفەی نەسر ڕێگای عیشقە و هەوڵدەدات ئێمە لە جیهانێکدا کە تێیدا مروڤی سنووردار و فانی، بە دوای وەبەرنانی خود وەك توخمێکی گرنگ لە پێکهاتەی جیهاندایە، بەرەو بێ سنووری و نەمری ڕێنوێنی بکات. نەسر دەڵێت: «فەلسەفە لە جیاتیی روونکردنەوەی سیستەمێکی ئەقڵانی، دەبێ بە دوای شیکاریی پێکهاتەی واقیعییەت و بە ئامانجی تەدارەکی گەلاڵەیەکی جیهانییەوە بێت کە مرۆڤبە یارمەتیی ئەو بتوانێت لەم جیهانە رزگاری بێت و دوور بکەوێتەوە». (نەسر: ئەندێشە و ژیانی ئیسلامی ل/٦٧)

لێرەدایە کە رۆڵی سەرەکی لە روژهەڵاتدا تەدارەکی روانگەیەك لە جیهانی مەعنەوی بووە و بەم چەشنە فەلسەفە پێوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ ئافراندندا پەیدا کردووە. بە واتایەکی‌تر، لە روانگەی نەسرەوە فەلسەفە هەمیشە لە پێوەندی لەگەڵ حەقیقەتگەلی مەزهەبی و لە بنەڕەتدا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو شتەیدا بووە کە **ئیشراقی** پێدەڵێین. ئەگەر لەم دیمەنەوە سەیری فەلسەفە بکەین، ئەودەم فەلسەفە لە بنەمادا، لە پێوەندی لەگەڵ تەشکێك لە حەقیقەت دادەنرێت کە لایەنی وەحیانی هەیە. لەم حەقیقەتە سرووشییەدایە کە بە پێی بۆچوونی نەسر دەتوانین یەکگرتنەوەی نەریت و میتافیزیك، واتە ئەو لایەنە لە ئەقڵمەندی کە بەستێنی هاوبەشی ئەقڵ و ئیمان پێك دەهێنێت، وەربگرین. نەسر وەك ڕێبوارێکی فەلسەفەی نەمری ئاوەز، بەدوای ئاوەزی نەمر و فەلسەفەیەکی پەیامبەرانەوەیە کە تێیدا ئەقڵ و ئیمان تەبا و هاودەنگ بن. بە بۆچوونی نەسر، ئەم فەلسەفە پەیامبەرانەیە لە ئیسلامدا بە رادەی کامڵ و تەواوی خۆی نزیك دەبێتەوە.

لە روانگەی نەسرەوە، فەلسەفەی ئیسلامی خاوەنی روانگەیەکی تاقانەخوازە، روانگەیەکە لە پێوەندیی دوولایەنە و دەروونیی نێوان سەرجەم قەڵەمڕەوەکانی مەعریفە. بەم پێیە هۆکاری وجودی فەلسەفەی ئیسلامی بەرگری لە تیۆری یەکتاپەرستی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی سەرچاوەی سەرەکیی کیمیایی و تێکەڵاویی نێوان بەستێنە جیاوازەکانی مەعریفەیە. لەم دیمەنەوە، بنەمای فەلسەفەی ئیسلامی جیهانییە و لە تەبایی و هاودەنگی لەگەڵ دیمەنە بەربڵاوە جیهانییەکاندایە، چونکە نەریتی ئیسلامی خاوەنی میراتی شارستانییەتە سەرەتاییەکانە. نەسر دەڵێت: «ئیسلام یەکێك لە دەوڵەمەندترین نەریتە فەلسەفییەکانی داهێناوە کە خاوەن گرنگییەکی مەعنەویی گەورەیە بۆ خودی ئیسلام و وەك نەریتێکی پایەدار تا ئێستا ماوەتەوە... فەلسەفەی ئیسلامی، وەك فەلسەفەیەکی نەریتی لە سەر بنەمای ئەقڵمەندیی پەڕتاکی و نەك تاکخوازانە ڕێبازگەل و روانگەگەلێکی پەروەردە کردووە، کە



چەندین سەدە بەردەوام بوونە و بەدەستی ئەم یان ئەو فەیلەسووف گۆڕانکارییان بە سەردا نەهاتووە و نەپووکاونەتەوە. (نەسر: ئیسلامی نەریتی لە دونیای مۆدێرندا ١٣١- ١٣٣).

لە دووتوێی ئەم گوتانەی نەسردا وا دەردەکەوێت کە فەلسەفەی ئیسلامی بە بێ لایەنە مەعنەوی و بەستێن سازەکانی فام ناکرێت. نەسر دەڵێت کە فەلسەفەی ئیسلامی، بە هۆی عەرەبی یان ئێرانی بوونی، ئیسلامی نییە، بەڵکو لە بەر ئەوە ئیسلامییە کە لەگەڵ بابەتە سرووشییە ئیسلامییەکاندا پێوەندیی هەیە. بە واتایەکی‌تر، لە فەلسەفەی ئیسلامیدا، رۆڵی سەرەکی چەمکی «حەقیقەت» دەیگێڕێت نەك چەمکی «مێژوو». بەم پێیە بە بۆچوونی نەسر، فەلسەفە لەڕێی مێژووی فەلسەفەوە دیاری ناکرێت، بەڵکو لە دۆزینەوەی حەقیقەتدا شێوەی خۆی وەردەگرێت. نەسر لە بەرگی یەکەمی مەعنەوییەتی ئیسلامیدا دەنووسێت: «ئەم چەمکە جیهانییە لە حەقیقەت، هەمیشە تایبەتمەندیی فەلسەفەی ئیسلامی بووە، بەڵام حەقیقەتێك کە لە بەند و سنوورەکانی ئەقڵدا نەماوەتەوە، بەڵکو حەقیقەتێکی بێ سنوور کە بە هۆی ئەقڵمەندیی (ئەلکەندی و فەیلەسووفانی تری لە ئەقڵ جیاییان کردووەتەوە و وەك هێزی شیکارانەی زەین ناویان بردووە) وەردەگیرێت». ئەم ئەقڵمەندییە هەروەك ئامێری سرووشی دەروونی وایە کە سرووشکارانی جیهانی چوارچێوەیەکی بەرینی بۆ دیاری دەکەن.

فەیلەسووفە ئیسلامییەکان سەدای حەقیقەتیان بە بەرزترین سەدای فەلسەفە زانیوە، بەڵام ئەم تێڕوانینە بەو واتایە نییە کە بابەتە سرووشییەکان بە پێچەوانەی هەندێ فەیلەسووفەوە لە بەرانبەر ئەقڵمەندیدا وەلاوە بنێین. بەڵکو بەواتای گەیشتن بە حەقیقەت لە ناخی سرووش و کەڵك وەرگرتن لە ئەقڵە، کە لە دەربڕینی جیهانیی خۆیدا، وەك سرووشی جوبرەئیلی دیاری دەکرێت. جوبرەئیل بۆ خۆی کەرەستەی سرووشە».(هەمان٤١١). لێرەدا نەسر سەرنجی خوێنەرانی خۆی بۆ ئەم خاڵە رادەکێشێت کە ناتوانین میتافیزیك بۆ ئاستی فەلسەفەیەکی ئەقڵانی، کە تەنیا ئەرکی «دیاریکردنی میتۆدەکان و شیکاریی نێواخنی لۆژیکیی زانستەکانە» کەم بکەینەوە. لە روانگەی نەسرەوە، میتافیزیك لە بنەڕەتدا لە پێوەندی لەگەڵ بیردۆزەیەکی فەلسەفیدایە کە هەر لە سەرەتاوە، جیهانی و نەمرە. نەسر لە رستەی یەکەمی بەشی سێهەمی کتێبە بە ناوبانگەکەی، واتە **رووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ و سروشت** دەڵێت: «میتافیزیك کە لە راستیدا یەکێکە و دەبێ بە شێوەی تاك واتە هەمان میتافیزیك، ناوی بەرین، زانستی شتێکی واقیعییە، زانستی ئاخێزگە و ئەنجام و کۆتاییی کاروبارەکان و زانستی رەهایە و لە ژێر تیشکی ئەم رەهایەدا، زانستی کاروبارەکان رێژەییە. بەم پێیە لەگەڵ فەلسەفە

لە پێناسە باوەکەیدا جیاوازە. میتافیزیك تیۆری واقیعییە. بەڵام واقیعییەتێك کە وەدیهاتنی بەرانبەرە لەگەڵ کارێکی پیرۆز و پێگەیشتندا. بەم پێیە تەنیا لە چوارچێوەی بابەتی سروشیدا شیاوی تێگەیشتن و تێگەیشتنە. (نەسر رووبەڕووبوونەوەی مرۆڤو سروشت ل ٨١). بە واتایەکی‌تر، نەسر لەسەر ئەوباوەڕەیە کە حەقیقەتی میتافیزیکی کە لە ناوەندی تیۆری «تاقانەیی» کە بۆخۆی واتابەخشی سیمبۆلەکان و ئەو شێوازانەیە کە میتافیزیك بۆ وەدیهاتنی خۆی، دەبێ پاڵیان پێوە بدات، دانراوە. نەسر بە گەلاڵەکردنی ئەم رۆحە تیۆرییە کە لە جیاتیی دتاکان و واقعییەتەکان، پاڵی بە سێمبۆلەکانەوە داوە، لە راستیدا وریامان دەکاتەوە کە روانگەی سیمبولیك لە دیاردەکان، بە هۆی لە کیسچوونی هاودەنگی لە نێوان مرۆڤو سروشتدا بەتەواوی لەبیر چۆتەوە. نەسر دەڵێت ئەو مەترسیانەی کە بە هۆی زاڵبوونی مرۆڤبە سەر سروشتدا هاتوون، هێندە روونن کە پێویستیان بە روونکردنەوە نییە». و پاشان پێی زیاد دەکات:«سروشت ئیدی لای مرۆڤی مۆدێڕن تقدس سڕینەوە کراوە...و جگە لەوەش ئەم سروشتە وەك شتێك لە بەرچاو دەگیرێت کە دەبێ تا ئەو رادەیەی دلوێ، کەڵکی لێوەربگیرێت». لە کاتێکدا دەبێ وەك ژنێکی بە مێردی بزانین کە گەرچی مێردەکەی قازانجی لێوەردەگرێت، بەڵام لە بەرانبەریشیدا، بەرپرسە. بەڵام مرۆڤی مۆدێڕن سروشتی وەك ژنێکی سۆزانی لە بەرچاو گرتووە کە بە بێ هیچ بەرپرسیارییەتی و بەڵێنێك کەڵکی لێوەردەگرێت. (هەمان ل٨١). لەم رستەیەی دکتۆر نەسر دەردەکەوێت کە لە روانگەی ئەوەوە، میتافیزیك بەشێکی جیایی هەڵنەگر و تێهەڵکێش کراو لە چەمکێکی گشتی و جیهانییە کە لە ناوەندەکەیدا چەمکی «حەقیقەت» دانراوە.

لە نێوان بیرمەندەکانی تردا، رابیندرات تاگوور زیاتر لەوانی دی باسی چەمکی «حەقیقەت»ی کردووە. تاگوور سەرنجێکی تایبەتی لە بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە پێوەندیی نێوان تاك و جیهاندا داوە. روانگەی تاگوور بۆ «حەقیقەت» لە راستیدا بۆچوونێکی مرۆڤدۆستانە بۆ فەلسەفەی «مرۆڤی جیهانی»یە. جیهانیبوونی حەقیقەت لە روانگەی تاگوورەوە بەرانبەر لەگەڵ ئەزموونی گشتیبوونی بنەمای مرۆڤ لە سەرجەم سەردەم و کومەڵگەکاندا لە قەڵەم دراوە. بە پێی بۆچوونی تاگوور، ئەگەر مرۆڤ تێبگات کە بۆخوی پرۆسەیەکە بەرەو یەکگرتوویی جیهانی، دەبێتە مرۆڤێکی جیهانی. کاتێك کە مرۆڤ چەمکی «سوهام» «من ئەوم» و یان«من هەموانم» وەك یەکگرتوویيەکی جیهانی فێر بێت، دەرگای «مانوابراهما» یان بە جیهانیبوون لە پانتایی هەبووندا، بەڕوویدا دەکرێتەوە و ئێرە پانتاییی



وەدیهاتنی مرۆڤی تەواوە کە بۆخۆی لە رێگای وەدیهاتنی ویژدان و هۆشیارییەکی جیهانی یان بێ سنوور و نەمرەوە، بە پلەی خودایی دەگات. «خود»ی مرۆڤ هەمان گشتیبوونی مرۆڤە. «رۆح - هۆشیاری» بە «خودا - هۆشیاری» دەگات کە چەشنە خودهۆشیارییەکی جیهانییە. تاگوور دەڵێت: «دۆزینەوە و تێگەیشتنی یەکتایی وەك دارابوونی هەموانە». بنەما و چاوڵی یەکگرتوویی نەژادی مرۆیی لە رۆحی جیهانێکدایە کە بۆخوی لە سەرانسەری گێتیدا لە ئارادایە. بەم پێیە، بە بۆچوونی تاگوور مرۆڤ و خودایەتی یەك شتن. مرۆڤ سنوورێکە لە بێ سنوورییەوە سەرهەڵدەدات. مرۆڤ تەنیا لە رێگای پەروەردەکردن و بزۆزیی کەسایەتیی بێ سنووری خۆیەوە، دەبێتە مرۆڤێکی حەقیقەتی. یەکتابینی و تاقانەیی ناوەندی ئەندێشە مەعنەویەکانی تاگوورە کە لە دەقەکانی ئوپانیشادەکاندا وتەگەلێك لەم بەستێنەدا دەگێڕێتەوە و بە یەکتایی واقیعییەت بڕوایەکی قووڵ پیشان دەدات. لە ئوپانیشادەکان جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە:«تۆ ئەو یەکتایە بناسە» و تاگوور دووپاتی دەکاتەوە کە: «ئێمە لەم دونیایەدا واقیعییەتێکی وشك وخاڵی وەك قلۆەبەرد نین، ئێمە کەسین و بەم پێیە شایانی ئەوە نین کە وەك خەوش و خاڵێك بەدەم گێژەڵۆکەوە و یان رێڕەوی رووبارێکەوە بەرەو لایەك بمانتارێنن. ئێمە عیشقێکی تەوەری دڵخوازمان هەیە کە بوونی ئێمە هەماهەنگ دەکات، ئێمە دەبێ لە ژیانی خۆماندا خاوەنی سەرچەشنێکی حەقیقەت بین کە بۆخۆی پێوەندییەکی لەگەڵ تەواو کەسی بێ سنووردا (ئەندێشەکانی تاگۆڕ ل١٩). لە روانگەی تاگۆڕەوە، کەسی بێ سنوور و نەمر بە هۆی رەنجەکان و چەوساندنەوە و ئازارگەلێك کە بە هۆی حەقیقەتەوە دەیکێشێت، رێبەری گشت مێژووی جیهانییە. تاگۆڕ بەم وتەیە، کەسایەتی بە واقیعییەتی غاییەوە گرێ دەدات. وەدیهاتنی حەقیقەتی غایی بە تەنیا گەشانەوە و دەرکەوتنی کەماڵ لە مرۆڤدایە. بەم پێیە مرۆڤ لە رێگای وەدیهاتنی  بە وزەی خۆیەوە (کە تاگوور بە واقیعییەتی جیهانی ناوی دەبات)، بۆ خۆی دەبێتە کەماڵی خوازراو. خودای نەمر و مرۆڤی فانی بە توندی لێك ئالاون و حەقیقەتی پێوار لەم یەکگرتنە حەقیقییەدایە کە یەکگرتوویی تێدایە. نەمر خۆی لە فانیدا پیشان دەدات و حەقیقەت و جوانی خۆی لەگەڵیدا دەردەخاتەوە. گەوهەری رەسەنی فێرکارییەکانی **شانکارا** ئەوەیە کە:«من دەبمە براهما، چونکە من ئەوم». تاگووریش هەر ئەم نێواخنە بەکار دەبات و دەڵێت: «بەڵێ، من دەبمە براهما من جگە لەمە ناتوانم گراوی هیچ ئەندێشەیەکیتربم. من بە راشکاوی دەڵێم کە بێ سنووردەبم...هەروا کە رووبار دەڵێت دەبمە دەریا. ئەم داواکارییە ئازایەتی نییە، بەڵکو حەقیقەتە و هەربۆیە مرۆڤایەتییە» (تاگوور:

شانتی نیکتان، بەرگی دووهەم، **٣٣٦**). بەشێوەیەکی‌تر، لە روانگەی تاگوورەوە، حەقیقەت لە مروڤدا، لە راستیدا سەرکەوتن بە سەر سنوورەکان یان دژبەرییەکان لە رێگای وەدیهاتنی نەمری یان کەماڵی بە توانایە لە مرۆڤدا. ئەم بوون و هەبوونە جیهانییەی مروڤ لە رێگای کەسایەتیی چەند رەهەندیی ئەوەوە وەك دیاردەگەلی جیاوازی توخمە داهێنەرانەکان و پیشاندەری جیهانیبوونی حەقیقەتە، شیاوی دەربڕینە. بە پێی بۆچوونی تاگوور، نرخاندنی ئەم ئەندێشەیە لە حەقیقەت، وەك «خوێندنەوەی زەینی مرۆڤ» و تێگەیشتنی لایەنەکان و دیاردە جیاوازەکانی حەقیقەت لە گۆشەگەلی جیاوازەوەیە (تاگوور: ویشواباراتی: بیرئانینی ئەنجوومەن).

تێگەیشتنی حەقیقەت لە ناخی مرۆڤدا لە دیمەنگەلی جیاوازەوە، تێگەیشتنی گرنگی جیهانیبوونی کەسایەتیی مرۆڤە کە بە شێوەی تێڕوانین و ئامانجگەلی جیاوازی مرۆیی لە جیهان دەردەبڕدرێت. لە بیروبڕوای تاگووردا، حەقیقەت لە مرۆڤدا، بەرانبەرە لەگەڵ سەرکەوتن بەسەر سنووردارەکان و دژبەرییەکان لە رێگای نەشونماکردنی پێوەندیی دۆستانە لە نێوان مرۆڤ و خەڵکانیتردایە. تاگوور دەڵێت « ئەم گەشە هەماهەنگی کەسایەتیی مرۆڤ ئەستوونی سەرەکیی نێوان هاوولاتیانە». تاگوور لەم پرۆسەی وتووێژەدا ئەندێشەی وەدیهاتنی یەکگرتوویی و حەقیقەت لە رێگای لێکدرانی نێوان مرۆڤ و سروشت و مرۆڤ و مرۆڤ لە بەستێنی عیشقدا، بە خاوەنی رۆڵ دەزانێت. بەم چەشنە تاگوور لە سەر وەدیهاتنی  حەقیقەت یان رەها لە مرۆڤدا، لە رێگای پرۆسەیەکی سروشتخوازانەی بە جیهانیبوونەوە (کە لەگەڵ روانگەی نەمری ئاوەزی دکتۆر نەسردا شیاوی بەراورد کردنە) داکۆکی دەکات.

ڕەها لە روانگەی تاگوورەوە «ساتیام» یان حەقیقەتە. تاگوور هەروەها رەها بە«ئانانـدام» یان بەخشین دەزانێت و رەها بە«سوندارام» یان جوانی ناو دەبات. چوونکە روخساری بەخشین لە جوانیدا پێك دێت. تاگوور لە کتێبی **سادانادا** دەنووسێت: «ئەمە دوایەمین ئامانجی غایی بوون و ژیانی ئێمەیە و دەبێ بزانین کە جوانی حەقیقەتە و حەقیقەت جوانییە» (تاگوور: سادانا ل١٤١).

تاگوور و نەسر هەردووکیان لەسەر ئەو بڕوایەن کە حەقیقەتی مرۆڤ حەقیقەتێکی ئاکارییە و ئازادییە حەقیقییەکەی، کارێکی سیاسی نییە، بەڵکو مەعنەوییە. بەم پێیە کۆمەڵگە دەربڕینی ئەو بەشە لە سرووش و ئاواتە ئاکاری و مەعنەوییەکانی مرۆڤە کە سەر بە گەوهەری بەرزی مرۆڤن. لەم پێوەندییەدا هەردوو بیرمەند پرسیارێکی زۆر گرنگ دێننە پێشەوە کە: ئایا



مرۆڤی ئازاد، ناسراو بە مرۆڤی مۆدێڕن، بە راستی ئازادە؟ ئازادی چییە؟ ئایا ئازادیی پەتیی سیاسی، ئازادیی حەقیقییە؟ تاگوور جەخت دەکات کە: «ئازادیی سیاسی کاتێك کە زەینەکانی ئێمە گیرۆدە و ئەسیرن، ئازادیمان پێ نادات». تاگوور لە کتێبەکەی‌تریدا واتە **نەتەوەگەرایی** دەڵێت: «خۆخوازی و دەمارگرژی هۆکاری بنەمایی زۆربەی خراپەکانی جیهانی مۆدێڕنی ئێمەن». بەڵام لە پێشەوەی سەختەوەرییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، سەختەوەریگەلی بەرهەمی زانیاری و تەکنۆلۆژیای مۆدێڕن سەر هەڵدەدەن. لەم پێوەندییەدا دەبێ بزانین کە تاگوور و نەسر لەگەڵ ئەو جۆرە تەکنۆلۆژیایەدا کە ژیان ناکوژێت و خوێنی ژین هەڵنامژێت، دژایەتییەکیان نییە. تاگوور لە کتێبی **مەزهەبی مرۆڤدا** بە دڵنیاییەوە دەنووسێت: «دەبێ بزانین کە ئەو پیشەسازییانەی یارمەتیی ژیانی مرۆڤ دەدەن، چاکن، بەڵام ئەگەر ببنە هۆی کوێلایەتی و وێرانبوونی ژیان، ئیدی هیچ چاکیەکیان نییە. زانست لەوێڕا کە دەبێتە هۆی تێداچوونی خراپەکان شکۆمەند و خۆشەویستە، بەڵام کاتێك لەگەڵ خراپەدا هاوپەیمانیی ناپیرۆز دروست دەکەن، ئیدی وەها نی‌یە»(تاگوور، مەزهەبی مرۆڤ ١٦٤). نەسریش لە پێشەکیی کتێبەکەیدا واتە **رووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤ و سروشت** ئەم روانگەیەی هێناوەتە پێشەوە و نووسیوێتی: ژمارەیەکی کەم قەبووڵی دەکەن کە توندوترین گرفتی کۆمەڵایەتی و تەکنیکیی مرۆڤی ئەمڕۆ، لە پەرەنەسەندووییەوە سەر هەڵنادات، بەڵکو  ئەنجامی پەرەسەندنی لە رادەبەدەرە. کەمن ئەو کەسانەی بەو چەشنەی کە هەیە، سەیری واقیعییەتی بکەن و قەبووڵی بکەن تا ئەو کاتەی کە رەوشتی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و بە شێوەیەکی گشتی لە گەڵ ئاقارێکی سروشتیدا لە سەر بنەمای جەنگ و توندوتیژی بێت، ئاشتی و ئارامی لە کۆمەڵگەی مرۆییدا سەقامگیر نابێت. جگە لەوەش رەنگە هەموان تێنەگەن کە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ سروشتدا ، سەرەتا دەبێ دیسپلینی و دیسیپلینی مەعنەویی ئاشتی فەرمانڕەوایی بکات. لە ئاشتیدابوون لەگەڵ زەویدا، پێویستی بە لەئاشتیدا بوون لەگەڵ ئاسمان و رۆحدایە (هەمان ل١٣- ١٤). هەرواکە لە نووسراوەکەی ئەم دوو بیرمەندەدا دەردەکەوێت، تاگوور و نەسر بڕوایان بە تەبایی و ئاشتیی رۆحی جیهانی و رۆحی تاکی هەیە. بەڵام ئەم تەبایی‌یە لە کوێ‌یە؟ ئاخێزگەکەی لە وەدیهاتنی بە جیهانیبوونی ژیانی مرۆییدایە، واتە ئەوێ کە مرۆڤ لە سەرجەم سنووردارێتی و کۆت و بەندەکان رزگار بێت بەم چەشنە خۆی بە سەرجەم مرۆڤەکانەوە گرێ بدات. ئەم وتووێژەی نێوان مرۆڤ و جیهان، رێگا خۆشکەر و رێکخەری وتووێژی نێوان شارستانیەتەکانە. لەم سەردەمەی ئێمەدا کە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر حەقیقەت لە پێواردا دادەنرێت، شیعری داهێنەرانە و

ئافراندنیی تاگوور هێشتا بازنەی پێوەندیی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوایە و نەسریش هەر ئەم رۆڵە لە رێگای روانگە و راڤە فەلسەفی و مەعنەوییەکانی خۆیەوە، بەرامبەر حەقیقەت دەگێڕێت. روانگەکانی پیشانمان دەدەن کە رۆحی حەقیقەتی لە روخساری ئاوەزی ئەبەدی و نەمری سەرجەم مرۆڤەکانە و سەرەڕای جیاوازییەکان، لە هەموو جێگایەکدا یەك شتە و بۆ هەموانە. بەڵام ئێمە هەندێ جار لە بیرمان دەچێتەوە کە ئەو راستییانەی ئازادیمان پێ دەبەخشن، هەندێ جار سەر بە ئەو حەقیقەتانەن کە زۆر ساکارن. **(ئاخاوتن لە سمپۆزیۆمی رێزگرتن لە سەیید حسێنی نەسر، زانکۆی جۆرج واشنتۆن خەزڵوەری ١٣٨٠).**

## لەوپەڕی پێکدادانی فەرهەنگەکانەوە

پالادیۆس سەبارەت بە دیداری ئەسکەندەر و داندامیس چیرۆکێکی هێناوە کە سێنت ئامبرووز لە سەدەی چوارەمی پاش زایینیدا بۆ سەر زمانی لاتینی وەرگێڕاوە و دوکتۆر رادکریشنان سەرۆك کۆماری پێشووی هێندستان بە ئێمەی گەیاندووە.

ئەسکەندەر لە راستییەکانی ژیان و دەسەڵات و چاپوکی فەلسەفیی بیرمەندێکی هیندستانی سەری سوڕ دەمێنێت. پاش ئەم دیدارە، ئەسکەندەر لەوەی کە سەرجەم غەیرە یۆنانییەکانی بە بەربەڕ و شیاوی کۆیلایەتی زانیوە، پەژیوان دەبێتەوە. بە قسەی پلۆتارك ئەسکەندەر سەرجەم خەڵکی جیهانی کۆکردەوە و هەموویانی لە یەکەیەکی کولتوری و سیاسیی گەورەدا دانا. ئەم یەکپارچەبوونە وەبەرگری دۆخی ژیانی خەڵکەکان، کەسایەتییە جۆربەجۆرەکانیان و سەرجەم داب و نەریتەکانیان بوو. ئەسکەندەر جیهانی سەردەمی خۆی وەك وڵاتی باو و باپیرانی خۆی دەدیت. ئەسکەندەر وای بیر دەکردەوە کە راسپاردەیەکی پیرۆزی لە سەرشانە کە سەرجەم مرۆڤە چاکەکار و باشەکان لە بنەماڵەیەکی گەورەدا جێ بکاتەوە. ئەسکەندەر لە ئێران، میسر و باکووری رۆژئاوای هیندستاندا، رەنگدانەوە و شوێنەوارەکانی شارستانییەتی گەورەی رۆژهەڵاتی دیت و دەیەویست ئەم شارستانییەتە گەورەیە هاوبەشێکی بە نرخی شارستانییەتی یۆنان بێت. ماوەیەکی کورت پێش مردنی، رێورەسمێکی شکۆمەندی بە بۆنەی کۆتایی هاتنی جەنگەکانی خۆی بەڕێوە برد و نۆهەزار خەڵکی لە یۆنان و وڵاتانیترەوە بانگهێشت کرد. لە کۆتایی رێورەسمەکەدا بۆ ئاشتی دوعای کرد و ئاواتە خوازی جیهانێك بوو کە لە سەربنەمای هاوبەشی و یەکگرتنی هزرەکان و دڵەکان بێت.



ئەمە رێك ئەو ئەرکەیە کە ئەمڕۆ لە سەرشانی ئێمەیە: جیهان دەبێ بە پشتبەستن بە کەرامەتی مرۆڤ و دۆستایەتیی خەڵکان، یەکپارچە بێت. لە دەیەی رابردوودا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپادا، وتووێژگەلێك سەبارەت بە پێك گەیشتنی شارستانییەتەکان دەستی پێکرد کە وا دەهاتە پێش چاو کرداریترین رێگا لە داهاتووی مرۆڤایەتیدایە. سامۆییل هانتیگتۆن لە وتارێکدا لە ساڵی١٩٩٣دا نووسیی کە: جیهان لە جیاتیی پێشکەوتن بەرەو مۆدێرنێتە و پتەوکردنەوەی دامەزراوەگەلی وەك دیموکراسیی لیبراڵ و سەرمایەداریی پیشەسازانە، لەداوی «پێکدادانی شارستانییەتەکاندا»گیرۆدە بووە و شەش یان حەوت گرووپی سەرەکیی کولتوری هەنووکە سنوورگەلی نوێیان لە کێشەی جیهانیدا دروست کردووە. روانگەی هانتیگتۆن بە هۆی کارەساتی یازدەی سێپتەمبەرەوە بە رواڵەت راستە، بەڵام وا دێتە پێش چاو کە روانگەی هانتیگتۆن لە کۆبەندیی ئاکامیدا هەڵە بێت. لە راستیدا «پێکدادانی شارستانییەتەکان» پێکدادانی نێوان مەسیحییەت و ئیسلام و یان مەسیحییەت و ئایینە کونفوسیۆسییەکان نییە، بەڵکو شەڕی نێوان ساناگیری و ناساناگیری، نەزانی و دەمارگرژی و نێوان فاناتیزم و گەورەبوونی هزری لە هەرکام لەم کولتورانە دایە. بەم جۆرە «شارستانییەتی جیهانی» لە قاڵبی پرەنسیپێکی زاڵی رێکخەری جیهاندا، گەشە دەسێنێت. شارستانییەتی جیهانی، بە هۆی تەوەرێکی فەلسەفیی هاوبەش لە نێو سەرجەم کولتووەکاندا لە تەشکی ئەندێشەی «مرۆڤایەتی»دا، شیاوی دیاریکردن و ناساندنە. لە هەر جێگایەکدا مرۆڤێك لەگەڵ مرۆڤێکیتردا لە پێوەندییەکی زیندوودا رووبەڕوو دەبێتەوە، ئەم دیدارە واتای واقیعی خۆی لە ئەندێشەی «مروڤایەتی»دا وەدەر دەخات.

ئەم رەنگدانەوەیە نیشانەی گشتیبوونی بوونی مرۆڤە. مرۆڤ دەزانێت کە هەرچی زیاتر هەوڵبدات، ئەگەر پێوەندی بە ئەندێشەی مروڤایەتییەوە نەگرێت ناتوانێت دونیاکەی خۆی لە سۆنگەی کولتوری یان سیاسییەوە دروست بکات. مرۆڤ دەزانێت کاتێك لە قەڵەمڕەوی ژیانبەخشی یەکگرتوویی داهێنەرانەی مرۆڤایەتی بچێ-تە دەرێ و لە هەڵوێستی دەمارگرژی بۆ کولتور یان ئایدیۆلۆژیایەك دابنرێت، لە راستیدا خۆی خستۆتە باوەشی شێتییەوە و خۆی لە تەنگەبەریدا داناوە و گەوهەری خۆی پێشل کردووە.

ئەگەر ویژدانی مرۆیی پاڵی بە بەستێنی گشتیبوونی مرۆییەوە نەدابێت، بە پێوەندیی پەتیی قازانجخوازی بەرتەسك دەبێتەوە و مافەکان و پێداویستییە قووڵەکانی گەوهەرەکەی لە بەرچاو ناگیردرێن. گەوهەرێك کە دەتوانێ لە رێگایەوە بە حەقیقەتی خۆی و کەماڵ بگات.

شاعیر و فەیلەسووفەکان هەمیشە بە دوای سڕینەوەی تەمی روخساری ویژدانی مرۆیی و دەرکێشانی لە قوولایی لێڵی و تاریکیدا بوونە و هەوڵیانداوە وێنەیەکی روون لە پێگەیشتنی داهێنەرانەی مرۆیی لە بوونی مرۆڤدا و سەرووتر لە هەر رێگرێکی وەك نەژاد، رەنگ، زمان و ئایین، پیشان بدەن. بانگەوازی ئەوان داهێنان، لە مرۆڤ هەڵدەستێنێتەوە و لێی دەخوازن کە وەك یەکگرتنێکی داهێنەرانە و جێگایەك بۆ شارستانییەتی جیهانی سەیری جیهان بکات.

ئەمڕۆ سەرجەم خەڵکانی جیهان بەرامبەر یەکتری هۆشیارن و رەوتی بە جیهانیبوون ناچارمان دەکات تا بۆ ژیانی جیهانی لێك نزیکتر بینەوە و هەموومان لە شارستانییەتێکی یەکگرتوودا نیشتەجێ بین. هەربۆیە ئێمە زیاتر لە جاران لە جیاوازییەکانی یەکتر و لە«کەسی تری بوونی» تایبەتی خۆمان ئاگادار دەبین. هەنووکە ئێمە دەتوانین سەیری یەك چەشنە حەقیقەتی و یەك چەشنە مرۆڤایەتی بکەین. مرۆڤ لە چاوگێکی هاوبەشەوە سەری هەڵداوە، گەرچی بە لقگەلی کولتوری جۆراوجۆر جوێ کراوەتەوە. لە راستیدا جیاوازیی نێوان کولتورەکان لە جیهانی مۆدێڕندا، زیاتر لە هەر سەردەمێکی دیکە رۆڵێکی گرنگی لە گەیشتن بە ژیانێکی مرۆییی رەسەنی جیهانی هەیە. ئەگەر بەشێکی ئەم ئەزموونە پرۆسەی پێشکەوتن بێت، واتە رێزی مرۆڤ بۆ شتێك کە بەرەو پێشەوەی دەبات و بە بێ ئەوە هیچ نییە و لەگەڵیدا بەشێکی لکێندراو و جیایی هەڵنەگر لە گشت مرۆڤایەتییە. ئەم مەسەلەیە ئەندێشەی مروڤایەتی‌یە. لەم دۆخەدا سەرجەم کولتورەکان، جیا لە جیاوازییەکانیان، ئەگەر بتوانن لە پاڵنەری هاوبەش و لە سەر بەستێنێکی هاوبەش دابنرێن، لە رۆحی ئەو رێزە پڕ دەبن، ئەم مەسەلەیە ئەڵبەت، بەو مەرجەیە کە سەرەتا کولتورە جۆربەجۆرەکان، جێگایەك بۆ ئەو پاڵنەر و داهێنەرێتی و وتووێژ و هەروەها بەرپرسیارییەتی و بەرپرسیاریەتی وەرگرتنە، بکاتەوە. لەم نێوەدا، کولتورەکان ئیتر ناتوانن جێگای مشتومڕ و رق وقین و ناساناگیری و دەمارگرژی بن.

یەکێك لەو حەقیقەتە گرنگانەی کە ئێمە زۆربەی کات، لە بیری دەکەین، ئەوەیە کە هیچ کولتورێك ناتوانێت بە شێوەیەکی دروست لە گەڵ کولتورێکی‌تر دەست بە وتووێژ بکات ئەگەر لەگەڵ خۆیدا خەریکی وتووێژ نەبێت. بەواتایەکیر ناتوانین لە هیچ مۆمێکی کوژاوە، مومێکی‌تر داگیرسێنین. تەنیا لە کۆمەڵەی شارستانییەتێکی جیهانیدا دەتوانین پێوەندییە دوولایەنە و هاوبەشەکانی نەژادی مرۆیی بە رێزگرتن لە مرۆڤایەتی رۆبنێینەوە و تەنیا لەم رێگایەوە کولتوری هەموان دەتوانێت پێش بکەوێت. تا ئەو کاتەی کە دەسەڵاتی شارستانیی «مرۆڤایەتی» لە ئارادا نییە، دەسەڵات و دەسەڵاتدارێتی دیسپلینیی جیهانی سەقامگیر



نابێت. ئەم دەسەڵاتدارێتییە تەنیا لە رێگای سەقامگیربوونی بەها جیهانییەکانەوە دەستەبەر دەبێت کە بۆ مرۆڤ نرخێکی بەرزتر لە دەسەڵاتی سیاسی و پێشکەوتنی ئابووری لە بەر چاو بگرێت.

بەم چەشنە یەکگرتنی داهێنەرانە لە جیاوازییە کولتوری و شارستانییەکاندا، پێویستی بە دیموکراسی و راکێشانی بەشداریی واقعی هاووڵاتیانی جیهانی هەیە، ئەگەر بەم ئامانجە بگەین، وتووێژە نێوان کولتورییەکان، دەتوانن ئاقارێکی جیهانی پێك بهێنن کە تێیدا کۆمەڵێك لە بەها بنەماییە مرۆییەکان بەشێوەیەکی واقیعی و حەقیقی توانای بەرزکردنەوەی کولتوری ئاشتی وەربگرن.

نەریتی دیموکراسی باس و هاوپرسیی ئازاد، لێهاتوویی دروستکردنی وتووێژیکی نێوان کولتوریی لە وڵاتەکاندا بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی، هەیە. بەم هۆیە کولتور و دیموکراسی لە وتووێژی نێوان کولتورەکاندا جوێ نابێتەوە.

ئەگەر ئەم پەندی پێشینانە قەبووڵ بکەین کە دەڵێت: جەنگ گرنگتر لەوەیە کە تەنیا لە ئەستۆی سەردارەکان بێت، دەتوانین بڵێین کە وتووێژی نێوان کولتورەکانیش گرنگترە لەوەی کە تەنیا لە ئەستۆی سیاسەتمەدارەکان و دیپلۆماتەکان دەبێت. وتووێژی هەنووکەیی لە نێو کولتورەکاندا لە جیهانی ئێستاکیدا دەتوانێت چارەنووسی سەرجەم گێتی لە تەشکی جیهانێکی سنووردار و لە پێشدا دیاریکراو بۆ تەشکی جیهانێکی بێ سنوور و پڕ لە بابەتگەلی نوێ بگۆڕێت. لەم بەستێنەدا هۆشیاریی دوولایەنە بەرامبەر جیاوازییەکان، بە شێوەی پێویست بە پێکدادان و جەنگ ناگات، بەڵکو دەبێتە هۆی لێك تێگەیشتن و تێگەیشتنی دوولایەنە و ئیرادەی روون و پاك بۆ ژیان لە ئاشتی لەگەڵ یەکتریدا. ئاشتی لە گوندی جیهانیدا پێویستی بە هەوڵ و گەڕان بۆ پێکەوەنانی وتووێژیکی بەپێز و روشنگەرانە هەیە و سروشتییە کە لە داسەپاندنی کولتورێك بە سەر کولتورەکانی‌تردا بێزارە. بەم چەشنە، پێویستی کەڵك وەرگرتن لە جیاوازییە کولتورییەکان یان وەك رێمون ئارۆن دەڵێت «ناهەماهەنگی» شارستانییەتەکان، بۆخۆی وەك هۆکاریی کاریگەر لە دەستەبەرکردنی بابەتی فرەییخوازی لە شێوازەکانی ژیاندا لە ئەژمار دەدرێت. ئەمڕۆ ئیدی روانگەی وەهماویی کومۆنیستی لە جیهانخوازی بەسەر چووە، بەڵام نابێ لە جیاتیی ئەوە روانگەی وەهماوی و خەیاڵاشۆیی‌تری وەك جیهانخوازی بە شێوازی مەکدونالد و میکی ماوس لە سەر جێگاکەی دابنێین. ئەمڕۆ جیهان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگەیەکی ئەتنیکیی جیهانی لەسەر بنەمای یەکگرتن و هاودەنگی، بەڵام جیاواز لە

یەکپارچەیی و ڕێککەوتنی بە بێ هۆکار، مەیلی هەیە. دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێت کە فێرکارە گەورەکانی جیهان داکۆکییان لە سەر ئەوە کردووە کە نابێ جیاوازییەکان تێدا بچن، بەڵکو دەبێ لە چوارچێوەی تێگەیشتنی دوولایەنە و تێگەیشتندا بمێننەوە و پەرەیان پێ بدرێت. ئێمە دەبێ لە بڕواکان و ئەزموونەکانی خەڵکانیترەوە فێر بین. دەبێ بەو بڕوایە بگەین کە جیاوازیی ڕوانگەکان لە کولتورەکاندا نابێ لە ڕێگای جەنگ و پێکدادانەوە کە بۆخۆیان دوو خەسڵەتی جیاکەرەوە و مەودا دروستکەرن، بڕەوێنەوە. دەبێ بزانین لە نێوان جەنگ و پێکداداندا نەکەس براوەیە و نەکەس دۆڕاو، نە سەرکەوتوو هەیە و نە ژێرکەوتوو. جیاوازی لە ڕوانگەکاندا دەبێ لە پرۆسەیەکی درێژی تێگەیشتنی دوولایەنە لە مرۆڤایەتی و ڕەنگدانەوە جۆربەجۆرەکانیدا لێك نزیك بکرێتەوە. ئێمە تەنیا بە دەمارگرژی و نەزانیی ئایدۆلۆژی و یان تووڕەیی، بەشێوەیەکی چاوبەستراو سەرجەم بوونی وتووێژ و سەرجەم مرۆڤایەتی ڕەتدەکەینەوە. ئەگەر مرۆڤەکان دەیانەوێت شارستانیەتێکی جیهانی دروست بکەن، دەبێ بزانن کە ئەم شارستانیەتە، لە ڕێگای دووبارە دۆزینەوە و گەشەپێدانی بەهاکانی کولتورێك یان ڕوانگەیەکەوە وەدی نایەت، بەڵکو ڕێگاکەی گەشەپێدان و دۆزینەوەی بەرەبەرەییی لایەنە هاوبەشەکانی سەرجەم شارستانییەتەکان واتە دامەزراوەکان، بەهاکان و فەلسەفە و ئاکاری هاوبەشە کە دەبێ بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە پێوەندیی بگرن.

ئەگەر بتوانین تا ڕادەیەك لە چێکردنی پێویستی وتووێژی نێوان کولتورەکاندا سەربکەوین. پرەنسیپی سیاسەتی کرداری بۆخوی خاڵێکی دەستپێکی پرشنگدارە بۆ دابینکردنی سیاسەتی ئاشتیی نێونەتەوەی. ئێمە ڕێگچارەیەکی ترمان نییە و ئەگەر بمانەوێت بەها هاوبەشەکانمان تەواو بکەین و بیانپارێزین، دەبێ سەبارەت بە یەکتری زۆرتر فێر بین. ئەگەر سەربکەوین، دەتوانین کەشوهەوایەك بۆ پانتایی سیاسەتگەلی جیهانی ئامادە بکەین کە تێیدا وانە نێوان کولتورییەکان جێنشینی کۆمەڵەیی جیهانی دەبێت. ئەم پێویستییە نە ڕەنگ و بۆنی ڕۆژئاوایی دەبێت و نە ڕۆژهەڵاتی. وتووێژی نێوان کولتوری، بە واتای فێربوون بۆ تێگەیشتنی جیاوازییەکانە و نەك ڕەت کردنەوەیان لە ڕێگای وەبەرگرتنی ڕوانگەگەل و مێتۆدگەلی دژی ڕوژئاوایی و یان دژی ئیسلامی و یان دژی بوودایی. لەو کەسانەی کە زیاتر جیاوازیەکانی شارستانیەتە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکان بەرجەستە دەکەنەوە، تەنیا ئاماژە دەکەین کە موحەمەد ئیقباڵی لاهووری سەبارەت بە پێوەندیی دوو لایەنەی ئیسلام و ڕوژئاوا دەڵێت: دیارترین دیاردە لە مێژووی مۆدێرندا خێراییەکی سەرسوڕهێنەرە کە جیهانی ئیسلام لە



بۆچوون و نزیکایەتیی هزری لەگەڵ ڕوژئاوادا بەخۆیەوە گرتووە. ئەم پرۆسەیە هەڵە نییە. نابێ لە بیری بکەین کە ئاشنایەتیی ڕۆژئاوا لە گەڵ ئەرەستۆدا، لە ڕێگای ئێرانییەکان و عەرەبەکانەوە بووە کە یەکەم کەس بوون لەگەڵ فەلسەفەکەیدا ئاشنا بوون. بۆ ئێمە پێویستە کە هەر ئێستا وتووێژی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەست پێبکەین و نەبا درەنگ بێت. ئەگەر کاتی ئەم کارە، یەك کات بێت و ئیدی دەرفەتێکیتر نەبێت، ئەو کاتە هەر ئێستایە. وتووێژ کارێکی سانا نییە. بە تایبەتی لەو کاتەدا کە جیهان بە هۆی بوونی خراپکاران و ئەو جەردانەوە کە بە هۆی ئەوەوە کە ئێمە مەیلمان بە ڕێککەوتن و یەکگرتن سەبارەت بە جیاوازیەکان هەیە، ڕقیان لە ئێمەیە و هەروەها لە بەردەم گەندەڵیگەلی مالی و سیاسی، دەبێتە جیگایەکی مەترسیدار، دژواریی وتووێژ زۆرتر دەبێت. ئەم بابەتە لە ڕاستیدا ڕوحیکیتر و تەشکێکیتر بۆ خەبات بانگهێشت دەکات. ئەم تەشکە ناتوانێ جێگای نوێنەرانی دەسەڵاتی سەربازی و توندوتیژیی سیاسی بێت، بەڵکو تەشکێکە کە هەڵگری داگەڕان بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی باسەکان و لە بەرچاو گرتنی ئاڵۆزی و جیاوازییەکان، ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی و عیشق بە زانست و حەقییقەتە. **(ئاخاوتن لە سمپۆزیۆمی ناوەند و دەوروبەر، ئیسفەهان، گولانی١٣٨١).**

## وتووێژ لەدوای یازدەی سێپتەمبەر

ئەم بۆچوونەی کە ئایا ڕووداوی هێرشی تیرۆریستیی یازدەی سێپتەمبەر جیهانی گۆڕیووە یا نا، لە دوازدە مانگی ڕابردوودا بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ بێزیان بیدەنگیدا ڕووبەڕوو بووەتەوە. بەڵام ئەوەی کە جیهان تا چ ڕادەیەك بەم هۆیەوە گۆڕدراوە، هێشتا وەڵامێکی ڕوونی پێ نەدراوەتەوە. بەڵام هیچ نەبێ، شتێك گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. میدیاکانی ئەمریکای باکوور سەبارەت بە چەمکێکی وەك «ئیسلام» گیرۆدەی هەستی گرێ و کورتبینی بوون. ئەم چەمکە لە وشەدانی کەمدەرەتان و ناهۆشیارانەی ئەواندا تا ئیستا یەك واتای هەبووە ئەویش: مەترسییەکە بۆ سیستەمی دیموکراسی لە جیهانی ڕۆژئاوادا. زۆرن ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژئاوادا، کۆمەڵگە موسڵمانەکان تاوانبار دەکەن کە ئەم کۆمەڵگانە ڕقیان لە دیموکراسییە و لەگەڵ بەها سیاسییەکانی ڕۆژئاوا دژایەتییان هەیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هێرشی تیرۆریستییانەی یازدەی سێپتەمبەر، گەرچی دژی ئەمریکا ڕێك خرابوو، بەڵام هێرشێك بوو بۆ ئەو نەتەوە موسڵمانانەش کە پێبەندی ساناگیری، فرەییخوازی و دیموکراسی بوون. ئەمڕۆ

خەباتی راستەقینە روو لە رووی موسڵمانەکان دژی کورتبینی و دمارگرژی خوازییە مەزهەبییەکانییەتی کە چلۆن یارمەتیی مەسەلەی گەشەسەندن و گۆڕانکاریگەلی دیموکراسی و لاگیری بەرەو مۆدێڕنیێتە و نوێخوازیی لەناوەوەی جیهانی ئیسلام یارمەتی بدەن. ئەگەر قەبووڵی بکەین کە دیموکراسی بەهایەکی جیهانییە و هی سەرجەم مرۆڤەکانە، کەواتە دەبێ رێگاگەلێك بۆ ئاشتکردنەوەی دیموکراسی و ئایینی ئیسلام بدۆزینەوە. ئەم پرۆسەیە پێویستی بە گەشەسەندن لە بنەماکاندا هەیە. ئەم کێشەیە دەتوانێت بۆ گرووپێکی بەرفراوانی چالاکانی کۆمەڵایەتی و بیرمەندانی موسڵمان دەرفەتی هاریکاری و پێوەندی لەگەڵ یەکتردا، بۆ دۆزینەوەی رێچارەکان و ئاسانکاری بۆ ئەڵتەرناتیڤگەلی دوورەپەرێز لە توندوتیژی، لە پانتایی بابەتە هەنووکەییەکاندا پێك بهێنێت. بەڵام بەداخەوە، زۆربەی هێزە هەنووکەییەکان بۆ پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتە موسڵمانەکاندا لە سەر لێهاتوویی گریمانیی بە دیموکراسی کردنی میکانیزمەکانی بازاڕ چەقیان بەستووە. حاشا هەڵنەگرە کە بۆ تێپەڕینی دیموکراسی لە وڵاتە موسڵمانەکاندا، بابەتگەلێکی زیاتر لە میکانیزمەکانی بازاڕ پێویستن. دەبێ بابەتی سەربەخۆیی کۆمەڵگەی شارستانی و دوورەپەرێزی لە توندوتیژی لە ژێر ئاڵای یاسادا بە پلەی پێویست بوون بگات. حاکمییەتی دیموکراسی پێویستیی بەوە هەیە کە بابەتی تایبەتی لەگەڵ نۆرمەکان و شێوازەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی دیموکراسی پەرەبستێنن. بەڵام کردەوەی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی بە تایبەتی لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا، بە شێوەیەکی گشتی بە تێگەیشتنی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی لە جیهانی ئێمەدا بەستراوەتەوە. توندوتیژی لە دونیای ئەمڕۆدا، یەکێك لەو کێشە جیهانیانەیە کە روبەڕوی ئێمە بۆتەوە.

جۆن گرەی، مامۆستای کۆلێژی ئابووریی لەندەن، لە پێوەندی لە گەڵ رووداوی یازدەی سێپتەمبەر رایگەیاند کە«سەردەم بە جیهانیبوون» بەسەر چووە. ئەم بۆچوونەی گرەی لە نێوان ژمارەیەکی زۆری راڤەکاراندا رەنگی دایەوە. ژمارەیەکی زۆر رووداوی یازدەی سێپتەمبەریان وەك دوایەمین بزمار لە تابوونی بە جیهانیبوون نرخاند. راستە کە رەنگە قووڵترین خەساری ئایدۆلۆژیی یازدەی سێپتەمبەر سەرهەڵدانی ئەم ئایدیایە بوو کە بە «جیهانیتربوون» بە شێوەیەکی پێویست لە تەناهیی زۆرتردا نییە، بەڵام پرۆسەی بە جیهانیبوون هەنووکە لە بەردەم ئێمەدایە و ئێمە لەگەڵ کێشە زۆر و بۆرەکانیدا روبەرو بووینەتەوە. گرفتە روو لە زیادە جیهانییەکان، بۆخۆیان وەبەرگری کێشەگەلی جێگای داخن. پێرستی کارەکانی پرۆسەی بە جیهانیبوون، هیچکات تا ئەم رادەیە جێگای نیگەرانی نەبووە. بەرگریکاران و



بەرهەڵستکارانی بە جیهانیبوون هەردووکیان هەوڵدەدەن لە قاڵبی داگەڕانەکانی خۆیاندا پێناسەیەك لە بە جیهانیبوون پێشکەش بکەن. لە راستیدا بە جیهانیبوون وەبەرگری هۆنەیەکی کەڵەکە بوو لە پێوەندییە دوو لایەنەکانە کە لە ئاستگەلی سەرەتایی (برەوداربوونی نەخۆشی) تا ئاستگەلی ورد و تێکچنراو (برەوداربوونی ئەندێشەکان) جیاوازییان هەیە. ژمارەیەك لە پێناسەی بە جیهانیبووندا روانگەیەکی گشتی‌تریان قەبووڵ کردووە کە دەڵێت ئەم پرۆسەیە رەنگدانەوەیەکی‌تر لە ئەرکەکانی کۆمپانیا فرە رەگەزەکانە. لای ژمارەیەکی‌تری وەك «ئێستانلی هافمەن» بیرمەندی سیاسی لە زانکۆی هاروارد، بەجیهانیبوون تەنیا لایەنی ئابووریی نییە بەڵکو خاوەنی لایەنگەلی سیاسی و کولتوریشە. بە پێی بۆچوونی هافمەن، بەجیهانیبوونی کولتوری لە شۆڕشی پیشەسازییەوە سەرچاوە دەگرێت. هافمەن جەخت دەکات کە «بەجیهانیبوون لە راستیدا بە تەنیا کۆی ئەو تەکنیکانەیە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەکان و هۆکارە تایبەتییەکانی دایە». هافمەن سەبارەت بە جیهانیبوونی سیاسی پێیوایە کە ئەم لایەنە بە دوو دیاردە دیاری دەکرێت: یەکەم ئەوەی کە مەزنایەتیی ئەمریکا و دامەزراوە تایبەتییەکان تایبەتمەندییەکی حکوومەتییان نییە و دووهەم ئەوەی کە بە تەواویش نەتەوەیی نییە. خۆشبەختانە ئەم بابەتە تێگەیشتنێکی ریالیستانە و بە پێزتر پێشکەش بە ئێمە دەکات.

چۆن دەتوانین ماڵی جیهانی بۆ ژیانێکی باشتر ئامادەبکەین؟ ئەم پرسیارە بۆ ئێمە لایەنێکی تەوەریی هەیە و وەڵامەکەی، پێویستی بە شێوازێکی ئەندێشە هەیە کە بتوانێت ئەو کێشە نوێیانەی کە لە جیهانی خێرای ئێمەدا سەر هەڵدەدەن، بەڕێوە ببات و لە هەمان کاتدا بۆ خەڵکێك کە بەهاگەلی جیاوازیان هەیە، لە روانگەی ئاکارییەوە دروست و لە روانگەی فەلسەفییەوە شیاوی قەبووڵکردن بێت. بەواتایەکی‌تر، ئێمە وێڕای سەرنجدان لە بەرتەسکایەتییە سەرەکییەکانی جیهان، دەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە لە چوارچێوەیەك بە ناوی «بەجیهانیبوونی»ی ئاکاریدا تێبکوشین. لۆژیکی بەجیهانیبوونی ئاکاری بۆ کردە کاریگەرەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا زۆر کاریگەرتر لە جیهانیبوونی سیاسی و ئابوورییە. لۆژیکی بەجیهانیبوونی ئاکاری لە راستیدا لۆژیکی ئاشتی و دیموکراسییە. راستە ویست و مەیل بە ئاشتی، دیموکراسی، دادپەروەری و ئازادییە بنەماییەکان هەمیشە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی هاوبەشماندا لەگەڵ ئێمەدا بوون، بەڵام لە جیهانی پێکەوەلکاوی هەنووکەییدا، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێ باشتر لەمە بجووڵێتەوە و بێگومان دەتوانێ باشتر کار بکات. ئەزموونەکانی ئێمە لە هاریکاری و یان بەکارهێنانی توندوتیژی لە سەدەی رابردوودا، لەگەڵ

زۆر سەرکەوتن و شکستدا بووە کە بۆخۆی بەستێنێکە بۆ ئەوەی بتوانین کۆمەڵگەی شارستانیی جیهانی بە یارمەتیی ئەم ئەزموونانە بینا بکەین. ئێمە زۆر شت فێر بووین، بەڵام هێشتا سەبارەت بە پێوەندیی وڵاتێك لەگەڵ وڵاتێکیتردا، شتێکی ئەوتۆ نازانین. ئەمڕۆ هەلومەرجەکان گۆڕدراو و جیاوازن. ئاسانکارییە ئازادتر و خێراترەکان لە سنوورەکاندا نەك هەر بوونەتە هۆی دروستبوونی ڕێگاگەلی باش بۆ گواستنەوە و بازرگانی و کاروبارە دارایییەکان، بەڵکو بەرهەمگەلێکی ژەهراوی و مەرگهێنەری وەك تیرۆریزم، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان و گەندەڵیی مالیشیان بەرهەم هێناوە. هەندێ بابەتی نەتەوەییی وەك هەژاری، کاری منداڵان و مافی مرۆڤ دەبنە بابەتگەلی ئاکاری نێونەتەوەیی. هەروەها ئەو تەکنۆلۆژیاگەلەی کە دەتوانن کۆمەڵە مرۆییەکان لە یەك کات و ساتدا نابوود بکەن، ئەمڕۆ جیهانیان لەگەڵ کۆمەڵێك بابەتی ئاکاری ڕووبەڕوو کردۆتەوە. ژمارەیەکی زۆر پێیان وایە کە زانیاریخوازی و بازاڕخوازی بوونەتە تەشکگەلی زاڵی کولۆنیایی بە سەر کۆمەڵگەی هاوچەرخدا. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە، پێ لە مەزنایەتیی ئاکاریی ئەقڵی زانستی و بازاڕی دەنێن. ئەم داواکارییە ئەقڵییە لە کردی ئەو کەسانەیدا کە بازاڕیان بەدەستەوەیە و سامانی دەدەن، ڕەنگ دەداتەوە. بەڵام ئیمان بە زانست و بازاڕ وەك ڕێچارەگەلێك بۆ تەدارەکی کۆمەڵگەی ساماندراوتر، لە سەر بنەمای بڕوایەکی نەسەلمێندراو، لە سەر بنەمای بوونی کۆمەڵگەیەکی دەرکەوتوو لە مەیلی پیشەگەرەکان ڕاوەستاوە.

کێشەی ئاکاریی سەدەی بیست و یەکەم ئەوەیە کە بەرهەمێك لە دایك ببێت کە بتوانێت زانست و ئاکار لە ئاستێکی پێشکەوتووتر لە فەزیلەت و دادپەروەریی کۆیی، پێکەوە کۆ بکاتەوە و تێهەڵکێشیان بکات. لە سەدەی تازەداهاتووی بیست و یەکەم و لە ڕێگای بە دونیاییکردنی سەرجەم بابەتەکانی ژیان، ژمارەیەك بابەتی کۆمەڵایەتیی نوێ لە ئاستی جیهانیدا سەریان هەڵداوە کە زۆربەیان لەگەڵ بابەتی بە دامەزراوکردنی دوورەپەرێزی لە توندوتیژی و بابەتەکانی دیموکراسی لە کێشەدان. ئەگەر شیکارییەکەی ئێریك هۆبز باوم سەبارەت بە کۆتاییی سەدەی بیستەم وەك «سەردەمی کۆتاییەکان» قەبووڵ بکەین، دەبێ دەیەی یەکەمی سەدەی بیست ویەکەم بە «سەردەمی پەرتەوازییەکان» ناوبەرین. کە تایبەتمەندییەکەی، توندتربوونەوەی چالاکییە سەرمایەدارانەکان، قەیرانی جیهانی و هەروەها هۆشیاریی دوولایەنە لە جیاوازییەکانە. لەم پرۆسەیەدا گۆڕانکارییە بزۆزەکان کە هەڵگریی بەهاکانیشە، هۆشیاری دوولایەنە لە جیاوازییەکان، نەك هەر نابێتە هۆی پێکدادانی



شارستانییەتەکان، بەڵکو لە لایەکیتریشەوە، بە تێگەیشتنی دوو لایەنەی کۆمەڵگەکان و ئێرادەیەکی ڕوون بۆ ژیانی ئاشتییانە، هاریکاریی یەکتری دەکەن.

ڕاستە بڵاوبوونەوەی شێوازگەل و تەشکی جۆربەجۆری توندوتیژی لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا لەوانە هەڵەکاریی ژینگەیی، بێبەشکردنی کۆمەڵایەتی، توندوتیژیی ڕەگەزی و نەژادپەرستی و بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لە فێرگەکاندا، هەیە ، بەڵام توندوتیژی وەك بابەتێکی نوێی جیهانی، بۆخۆی دژکردەوەگەلێکی نوێ و فەلسەفەگەلێکی تازەی لە دوورەپەرێزی لە توندوتیژیدا، بەرهەم هێناوە. سەدەی بیست و یەکەم هەروەها بینەری بڵاوبوونەوەی گەڵاڵە و بەرنامەگەلی نەهێشتنی توندوتیژی لە جیهانی ئێمە دایە کە وەك بەدیل و ڕێچارەگەلی نوێ لە دەستەبەرکردنی مافە جیهانییەکانی هاووڵاتیان لە ئەژمار دەدرێن. ئێمە بەشێوەیەکی کرداری لە سەردەمێکی بەرنامە بۆ «جیهانی مومکینی دیکە»داین. جیهانێك کە تێیدا، بابەتی گەڕان بۆ دۆزینەوەی بەستێنەکان و بەها هاوبەشەکان گرنگییەکی زۆرتری لە داسەپاندنی جیهانیخوازی کولتورێك بە سەر کولتورەکانی تردا، پەیدا کردووە.

پێویستە کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە گەورەکانی داهاتووی مرۆییدا، جێگایەك بۆ جیاییخوازی نەبێت. گرفتە جیهانیەکان ڕێچارەگەلی جیهانییان دەوێت و ئەوەی لەم نێوەدا پێویستە تێگەیشتنی باشتری یەکدییە. ئەگەر بەڕاستی دەمانەوێ بەها هاوبەشەکانمان بپارێزین، لەم دۆخەدا هیچ ڕێچارەیەکمان نییە جگە لەوەی کە لە یەکدی فێر بین. ئەگەر سەربکەوین چاخێکی نوێ لە سیاسەتی جیهانیی بەرپرسانە لە دایك دەبێت کە تێیدا، وانە نێوان کولتورییەکان جێگای کولتوری کۆمەڵ دەگرنەوە و ئەگەر بتوانین تەنیا تاڕادەیەك لە سەلماندنی پێویستبوونی وتووێژە نێوان کولتورییەکان و ڕێسای سیاسەتە کارکردارییەکاندا سەربکەوین، ئەمە خاڵێکی دەستپێکی پرشنگدار بۆ دابینکردنی ئاشتیی نێونەتەوەییە. ئامیتای ئەتزیۆنی دەڵێت: «مەسەلەکە ئەوە نییە کە خەڵکانێکی لۆژیکی ئەم پێویستییە فامبکەن بەڵکو ئەوەیە کە خەڵکانێك بە ڕوانگەگەلی لێکجیاواز و جۆربەجۆرەوە بەستێنی نۆرمیی هاوبەش پەیدا دەکەن». وتووێژ لە نێوان کولتورەکاندا بە واتای فێربوون بۆ تێگەیشتنی جیاوازییەکانە ، نەك ڕەتکردنەوەیان لە ڕێگای داگەڕانگەلی وەك دژی ڕۆژئاوابوون ، یان دژی ئیسلامی و یان دژی بوودایی. تێگەیشتنی باشتری ویستەکان و گرێدراوییە هاوبەشەکانی خەڵك، یارمەتیمان دەدات، تا بتوانین شتەکان لە ڕێگای قسەکردن (لۆگۆس)ەوە ڕوونتر ببینین. بەواتایەکیتر، پێوارەکان ئاشکرا بکەین و بەستێنەکان یان

بنەماکانی شارستانییەتی خۆمان روون بکەینەوە. لەم دۆخەدا ئەرکی وتووێژی نێوان کولتووری ئەوەیە کە لە روانگەی فەلسەفی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئاکارییەوە سەرجەم ئەوانەی کە لە نێوان ئێمەدا هاوبەشن و دەتوانن بە شێوازێکی ئاشتییانە لە پاڵ یەکتریدا بن، روون بکاتەوە. ئەگەر مرۆڤەکان دەیانهەوێت شارستانییەتێکی جیهانییان هەبێت، دەبێ بزانن ئەم بابەتە بەرەبەرە و لە رێگای دووبارە دۆزینەوە و گەشەسەندنی ئەم هاوبەشییانەوە دەلوێت. تەنیا بەم شێوازەیە کە بیرکردنەوە بۆ بینای کۆمەڵگەیەکی شارستانیی جیهانی بە تایبەتمەندیی داهێنانەوەی تەشکەکانی تێك گرێدراوە و نەهێشتنی هەرچەشنە تەشکێکی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی، دەکرێت. ئەنجامی دروستی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە توندوتیژی هەرچی زیاتر و زۆرتر لەجاران لە شەرعیبوونی خۆی دەکەوێت و خەباتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان زیاتر لە بەستێنی پانتاییە دوورەپەرێزەکانی توندوتیژی دەقەومن.

ئەم پرۆسە دوورەپەرێز لە توندوتیژییە، دەبێ لە سەر بنەمای فەلسەفەیەکی شارستانییەت دابڕێژرێت. لێرەدا ئێمە دەبێ دووبارە بۆ گاندی و ئەندێشەکانی سەبارەت بە شارستانییەت بگەرێینەوە. لە روانگەی ئەندێشەکانی گاندییەوە، بە جیهانیبوون گەرچی پرۆسەیەکی شارستانییە، بەڵام تەنیا هەمووی ئەوە نییە. شارستانییەت لە روانگەی گاندییەوە بابەتێکی رۆحی یان مەعنەوییە و نەك پرۆسەیەکی ماددی. گاندی بەر لە هەموو شتێك، شارستانییەت وەك دەزگایەکی ئاکاری پێناسە دەکات. گاندی دەڵێت «شارستانییەت چەشنێك رێنوێنییە کە رێگای ئەرکناسی پیشانی مرۆڤ دەدات». گاندی بە پێناسەکردنی شارستانییەت لە چوارچێوەی ئاکاردا، دژی تێڕوانینی بنەمایی روژئاوای مۆدێرن کە بە بڕوای ئەو، بە شێوەیەکی قووڵ لە سەربنەمای دوو پرەنسیپی «دەسەڵات حەقە» و «مانەوەی باشترین» رۆنراوە، رادەوەستێت. بەواتایەکی‌تر ئامانجی گاندی ئەوەیە کە چەمکی شارستانییەت لە قاڵبی «دارما»(چەمکێك کە لە سەر بنەمای دیسپلینی و چۆنیەتییەك لە رۆحی ئەرکناسی لە بەرانبەر مرۆڤ) دا زیندوو بکاتەوە. لەم کارەدا گاندی دەیەوێ لە رێگای پێناسەکردنەوەی چەمکی خودفەرمانی لە قاڵبی خودوەدیهاتن دا بەم مەبەستە بگات. لە روانگەی گاندییەوە چییەتیی دارماییی شارستانییەت لە جیهانی ئێمەدا تێدا چووە و لە بیر چۆتەوە، چونکە گەڕانێك بەدوای حەقیقەتدا پێك نایەت. هەروەك دەزانین، گاندی لە سەر ئەو باوەڕەیە کە حەقیقەت بە کردە هەمان رۆحی گەڕان بەدوای حەقیقەتدایە. ئەگەر ئەم چەمکە سەر بە ژیانی مرۆڤدا بکات، مروڤ دەست بە ئەزموونکردنی حەقیقەت دەکات. گاندی ئەم ئەزموونە لە حەقیقەت، هەر وەك خانوویەك دەزانێت کە دەرگا و



پەنجەرەکانی بە رووی سەرجەم خەڵکانی جیهاندا بە کولتور گەلی جیاوازەوە کراوەیە. گاندی بە گێڕانەوە لە دوعایەکی رێگ وێدا دەڵێت: « با «با» ماندووەکان لە سەرتاسەری جیهانەوە سەر بە ماڵەکەی مندا بکەن» بەم پێیە پرۆسەی شارستانییەت لە بنەمادا بە واتای «کرانەوە و رۆشنی لە بەرانبەر کەسانی تردایە». بەڵام لە هەمان کاتدا، کەسێتی پەروەراندن لە رێگای ژیاندا لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی ئاکاریش دا واتای هەیە. لە روانگەی گاندییەوە کاتێك شارستانیەتێك لە باری مەعنەوییەوە لە بەردەم حەقیقەتدا دابنرێت، سەرجەم شارستانیەتی مرۆیی لەگەڵ خۆیدا بەم ئاستە دەگەیێنێت و ئەگەر شارستانییەتێك لە باری ئاکارییەوە دابڕووخێت، لە راستیدا سەرجەم جیهان لەگەڵ خۆیدا بەرەو رووخان راپێچ دەکات. لەم پێوەندییەدا، گاندی جەخت دەکات تا لە سنوورەکانی شارستانییەتێك بترازین و بیر لە بەختەوەریی سەرجەم جیهان بکەینەوە. گاندی بۆ ئەم مەبەس-تە شاندێکی حاکمی جیهانی پێشنیار دەکات کە سەربەخۆیی و یەکسانیی نەتەوەکان بە فەرمی بناسێت. لە روانگەی گاندییەوە، یاسای زێڕین دۆستایەتی لەگەڵ جیهان و زانینی گشت بنەماڵەی مرۆڤایەتی وەك ئەندامانی پەیکەرێکە. بەواتایەکی‌تر، وتووێژ و حەقیقەت دەبێ هەروەك رێگایەك بێت کە تێیدا مرۆڤەکان بە ژیانی هاوبەش و شان بەشانی یەکتر بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێن. مەرجی گەڕان بە دوای حەقیقەتدا، وتووێژ لە نێو کولتورە جۆربەجۆرەکاندایە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئامانجی وتووێژ حەقیقییە. بەم پێیە وتووێژیکی شارستانییانە دەبێ لە سەر بنەمای فەلسەفەیەکی ناخودتەوەر بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەریتێك لەگەڵ نەریتەکانیتردا، دیاردە کولتورییەکان و سیستەمە بەهاییە جیاوازەکان و هەروەها شێوازگەلی ژیانی جۆربەجۆر بینا بکرێت. بە کورتی شارستانییەتێك کاتێك دەتوانێت بە شێوەیەکی تەواو گەشە بە خۆی بدات، کە بتوانێت بە شارستانیەتەکانی ترەوە پێوەندی بگرێت. من پێموایە ئەم بۆچوونە دوو لۆژیکییە لە ئەندێشەی گاندیدا تەنیا ئاڵتەرناتیڤێکە کە دەتوانێت جێگای دەسەڵاتی پێکدادان و زاڵبوون بگرێتەوە. هەروەك دەزانین، لۆژیکی دەسەڵات و پێکدادان تەوەری ئایینی ئەندێشەی دیسپلینیی نوێی جیهانییە و پارادایمە پەیوەستەکەی، هەڕەشەگەلی گریمانی بۆ تەناهیی نێونەتەوەیی لە مەڵبەندی پێکدادانی شارستانییەتەکانەوە دەزانێت.

ساموئیل هانتیگتۆن، لە هاوینی ١٩٩٣دا کتێبێکی بەناوی **پێکدادانی شارستانییەیەتەکان و رۆنانەوەی دیسپلینیی جیهانی**، چاپ کردووە و تێیدا هەوڵیداوە تا چییەتیی پێوەندییە جیهانییەکانی پاش سەردەمی جەنگی سارد پێشبینی بکات. هانتیگتۆن

گوتوویەتی کە کێشەکانی داهاتوو ئایدۆلۆژی نابن، بەڵکو کولتووری دەبن و شارستانییەتەکانیش، کە بە بڕوای ئەو سەرەکیترین گرووپگەلی شارستانیی خەڵك لە بەستێنەکانی ئایین، مێژوو، زمان و نەریتن، سەنگەرەکانی کێشە لە جیهانی داهاتوو پێك دەهێنن.

هانتیگتۆن یەکێك لە دوایەمین کەسەکانی نەوەی پڕئەژماری ئەو فەیلەسووف و مێژوونووسانەیە کە بۆ جیاوازیی نێوان شارستانییەتەکان بیرداڕێژەرییان کردووە. یەکێك لە سەرچەشنە دیارەکانی ئەندێشەی جیایی و جیاوازیی نێوان شارستانیەتەکان لە کتێبی ئسوالد ئشپنگلەر بە ناوی ئاوابوونی **ڕۆژئاوا** دا ڕەنگی داوەتەوە. هانتیگتۆن بە پێچەوانەی ئشپنگلەر شارستانییەتەکان هەروەك پرۆسەگەلێك دەزانێت کە لە خۆیابوونەوە تا داڕمان پێدەگەن و ڕێگای گەورەبوونیان تا داڕووخانی کۆتایی، بێ وەستان و بە بێ هەوراز و نشێوە. بەڵام لە دەلاقەی روانگەی گاندییەوە، هەڵەی هانتیگتۆن لەوەدایە کە تێگەیشتنێکی هەڵەی لە شارستانییەت و سنوورەکانی هەبووە. بۆ تێگەیشتنی ئاڵۆزییە روو لە زیادەکانی شارستانییەت دەبێ بزانین کە ئەمڕۆ شارستانییەتەکان زیاتر لە جاران لە ئەوپەڕی سنوورەکانی نەتەوە-دەوڵەتەکان بڵاو دەبنەوە و لە هەمان کاتدا تاکخواز، وەستاو و تاك ڕەهەندی نین. دەبێ لێك جودایی لە ناوەوە و لە نێوان شارستانیەتەکان بپارێزرێت و بەرەو پێشەوە ببرێت، تا لەم ڕێگایەوە باشتر بتوانرێت یەکگرتوویی مرۆڤایەتی دابین بکرێت. زۆربەی شارستانییەتەکان پێکهاتەیەك لە توخمگەلی سەربەخۆ و توخمگەلی بەقەرز وەرگیراو لە ژمارەیەکی زۆری شارستانییەتەکانیترن کە خەڵکەکەی هەرکامێکیان بۆخویان خاوەنی خودێکی دیاریکراون کە چییەتی ئەوان دروست دەکات. گرفتی سەرەکیی تیۆرەکەی هانتیگتۆن لەم بڕوایەدایە کە سەرجەم کولتورەکان بە پارچەگەلی تاك و جودا لە بەر چاو دەگرێت کە بەم هۆیە دەکەونە بیری مەزنایەتیخوازی. بەڵام کولتورەکان دەتوانن لە جیاتیی مەزنایەتیخوازی، لە پلەی ڕێز و پێکەوە ژیاندا بن. دەتوانین لە جیاتیی ئەوەی جۆربەجۆریی شارستانییەتەکان بە پاڵنەری پێوەندییە کێشەدارەکان بزانین، وەك سەرچاوەی ئەزموونگەلێك بۆ تەواوکردنی شارستانییەتی خۆمان بزانین. ئەم پێوەندی و وتووێژە لە نێو کۆمەڵگەی جیهاندا، یارمەتییەکی گەورەی نەهێشتنی تەحەممول، دەمارگرژی و پێشداوەری و نەزانی و کێشە دەدات و لەم ڕێگایەوە شارستانییەتەکان فێر دەبن کە لە جیاتیی تەحەممولی زۆرەکی، یەکدی باشتر فام بکەن.



لە روانگەی گاندییەوە، دەبێ بەڵێنێك بۆ بیستنی یەکدی بێتە ئاراوە. بە چەشنێك کە بتوانین ئەو سنوورانەی بوونەتە هۆی جیایی ئێمە، تێپەڕ بکەین. رستەی «وتووێژی نێوان کولتورەکان» کە لە راستیدا دەبێ بە پرۆسەی بیستن و فێر بوون لە نێوان شارستانییەتەکان بزانرێت، لە سەر بنەمای ڕەوتی گەڕان بە دوای حەقیقەتدا دانراوە. گوندی جیهانی، گوتنی تەنیا و تاکوێژی نییە، بەڵکو جیهانی بیستن و فێربوون لە پرۆسەی وتووێژ دایە. وتووێژی نێوان شارستانییەتەکان دەبێ بتوانێت ئێمە لە بەدواداچوونی ئامانجگەلێکی بەرزتری وەك ساناگیری، ئاشتی و دوورەپەرێزی لە توندوتیژی تەیار بکات. ئەڵبەت وتووێژ سانا نییە. تەنانەت لەوە دژوارتریش، تەدارەك و کردنەوەی ڕێگای شارستانییەتەکان بەڕووی یەکتردایە. بەڵام بڕوا بە وتووێژی نێوان شارستانییەتەکان بۆخۆی ڕێگایەکە بەرەو هیوادارییەکان: هیوا بەوەی کە لە جیهانێکدا بژین کە تێیدا دڵگرمیگەلێکی نوێ لە هەر نەتەوە و کولتورێکدا لە دایك بن و ئاستی یەکپارچەیی و یەکگرتوویی کولتوری بەرز بکاتەوە. ئەم کێشە نوێیە، لە روانگەی گاندییەوە، لە ڕێگای «قەبووڵکردنی بەرپرسیارییەتییەوە» شیاوی چارەسەر کردنە. گاندی بەرپرسیاریەتی بە واتای«وەدەستهێنانی دەسەڵات لە لایەن ژمارەیەکی کەمەوە» نازانێت، بەڵکو بە«وەدەستهێنانی لێهاتوویی لە لایەن هەمووانەوە بۆ بەرگری کردن لە بەرانبەر دەسەڵاتێکدا کە دەیهەوێت لە دەسەڵاتەکەی خراپ کەڵك وەربگرێت»، لە ئەژماری دەدات. بە وتەیەکیتر لە روانگەی گاندییەوە، پارادایمی وتووێژ لە نێوان شارستانییەتەکاندا پێویستی بەوە هەیە کە ئێمە لە مەیل بە دەسەڵات و پاوەنخوازی دەست هەڵگرین و پرەنسیپی «جیهانخوازی» پەرە پێ بدەین. ئەڵبەت دروشمی «جیهانخوازی» نابێ ببێتە بیانوویەك بۆ کاولکردنی دەوڵەمەندیی لێك جودایی و یان ئەندێشە و دەسکەوتە شارستانییەتیەکان لە نێو نەژادە مرۆییەکاندا. نابێ دەست بە وەکیەك کردن و ستانداردکردنی کولتورە جیهانیەکان بکەین، بەڵکو دەبێ لە پرۆسەی وتووێژی شارستانییەتەکاندا، بە هێزکردنی ئاخێزگەی هاوبەشی بەهاکان و ئەو پرەنسیپانەی کە مرۆڤایەتیی ئێمەی لە سەر دانراوە، لە بەرچاو بگیردرێت. وتووێژ دەبێ بتوانێت سەرجەم ئەو لایەنە یەکگرتوانەی کە لەگەڵ چارەنووسی مرۆڤدا پێوەندییان هەیە، لە شارستانییەکان کە مایەی ڕەسەنایەتین و گشتیبوونی دەوڵەمەندیی مرۆڤ زیاد دەکەن، بپارێزێت.

رزگاریی جیهانی ئێمە لە ڕێی داهێنان میکانیزمەکانی پێکەوە ژیان لە ڕێگای تەکنۆلۆژیای دیسپلینیی جیهانییەوە بەرهەم نایەت. تاقە ڕێگا، دۆزینەوەی ڕۆحێکی نوێ و

سیفەتگەلێکی نوێ بۆ وتووێژ و پێکەوە ژیانە. چەمکی شارستانییەت لە روانگەی گاندییەوە، لە ساتەوەختی ئەم خێراییە شێتانە و توندوتیژاوییەی ئێمەدا، لە چاوەڕوانی گوێیەکی بیسەر و چاوێکی بینەردا لە سەرخۆ بەرەو پێشەوە دەڕوات. لە هەزارەی نوێدا، ئێمە پێویستمان بە پارادایمێکی شارستانییەتیی نوێ هەیە کە لەگەڵ نەریتە مەعنەوی و ئاکارییەکانماندا تەباتر بێت. ئەگەر بتوانین پەرە بە سەرچەشنێکی لەم چەشنە بدەین، ئەودەم دەتوانین خراپەی توندوتیژی و دژایەتیکردنی حەقیقەی لە پانتایی ژیاندا بسڕینەوە. ئەگەر بڕیار بێت شارستانییەتێکی جیهانی و دیموکراسی سەر هەڵبدات و بمێنێتەوە، دەبێ بەدوای جێگیرەوەیەکی ناتوندوتیژەوە بین کە لە سێبەری ئەواندا، جەنگ و هەرچەشنە ستەم و زۆرێك بە سەر تاکەکان و دەوڵەت - نەتەوەکانەوە نەمێنێت. ئێمە دەبێ درێژە بە خەبات دژی بێدادی و چەوساندنەوە و دروستکردنی خوشگوزەرانی و بەختەوەریی کۆمەڵایەتی بدەین. بە دەستپێکردنی ژیان لە یەکەمین دەیەی هەزارەی سێهەمدا، پێویستیی دووبارە دۆزینەوەی زانست و ئەزموونی گاندی سەبارەت بە دوورەپەرێزی لە توندوتیژی و بەکارهێنانی لە سیاسەت، ئابووری و زانستەکاندا، زیاتر هەست دەکرێت.

ئەرك و بەرپرسیارییەتی ئێمە لەوەدایە کە وریا بین تا میکانیزمەکانی بەجیهانیبوون نەبنە هۆکارگەلێکی قەوی و قوڵ بۆ پاساودانی نایەکسانییە شارستانییەتەکان و وەکیەك کردنی جیهانی ئێمە. تەنانەت ئەگەر چەمکی دوورەپەرێزیی رەها لە توندوتیژیی گاندی قەبووڵ نەکەین(هەروا کە ژمارەیەکی زۆری رەخنەگران بە چەمکێکی ناکردای و تەنانەت نائاکاریی دەزانن)، بەڵام لانیکەم دەتوانین بە یارمەتیی ئەم چەمکە ئەنجامە راستەکییەکانی توندوتیژی بناسین و لە خەونەکانی گاندی سەبارەت بە پرۆسەی چەککردنی ئاشتییانەی نێونەتەوەیی بیربکەینەوە کە بە دوای چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان لە رێگای دوورەپەرێزی لە توندوتیژی و بەدوور لە رێچارەگەلی سەربازییەوەیە. ئێمەش دەتوانین هەروەك فەیلەسووف جودیت شکلار، چارەنووسی قوربانییەکانی توندوتیژی وەك سەرچەشن و خاڵی دەستپێك بۆ روانگەکانی فەلسەفە سیاسییەکەمان هەڵبژێرین. دەتوانین لە گاندی فێر بین کە چلۆن بە خۆڕاگری و راست بیرکردنەوە لەگەڵ ئەم بابەتانەدا رووبەڕوو بینەوە.

رووداوی دڵتەزێنی یازدەی سێپتەمبەر پیشانی داین کە ماڵجیهانیی ئێمە لەگەڵ رواڵەتگەلێك لە توندوتیژیگەلی ترسێنەر، کە لە ژێر دەستی ئامانجخوازە دەمارگرژەکانی سەرتاسەری جیهاندایە، رووبەرووە. بەڵام ئەم رووداوە لە هەمان کاتدا حەوجەی بە دۆزینەوەی



رێگاگەلێکە بۆ پێناسەیەکی دووبارە لە جیهان و تێگەیشتنی بابەتەکانی بە گوێی ئێمەدا دەهێنێت.

وتووێژ سانا نییە و لەم ساتەوەختەدا کە جیهان لە دۆخێکی مەترسیدار دایە و لە ژێر هەڕەشەی تێرۆریستەکان، مرۆڤ کوژ و خراپکارانێکدایە کە لە یەکگرتن و رێککەوتنی ئێمە لە سەر جیاوازییەکان قەڵس دەبن، تەنانەت دژوارتریش دەبێت. لە راستیدا ئێمە رۆحێکیتر و تەشکێکیتری خەباتمان پێویستە، نەك ئەو چەشنە خەباتە کە بە دەسەڵاتی سەربازی و توندوتیژیی سیاسی شانازی بکات، بەڵکو لەو چەشنە کە بە دەسەڵات لە وتووێژ و تێگەیشتنی ئاڵۆزییەکان و هەروەها لە خۆ بوونەوە و عیشق لە بەرانبەر حەقیقەتدا بڕوای هەیە.

جارێکیتر دووپاتی دەکەمەوە کە مودیلی داهاتووی جیهان ناتوانێت مودێلێك لە چەشنی پێکدادان و مشتومڕی کولتورەکان بێت، بەڵکو دەبێ لە چەشنی وتووێژ و هاریکاریی نێوان کولتورەکان بێت. بۆ جیهانی ئێمە کاتی ئەوە هاتووە کە جارێکیتر ئاوڕ لە گاندی و چەمکی باشتری گاندی لە شارستانییەت، واتە «بەرزترین تەشکی ئاکاری»، بدەینەوە تا بتوانێن بە سەر ئەو گرفتانەیدا کە دەستەویەخەین، سەر بکەوین. ئەگەر بڕیار بێت جیهانی ئێمە بە سەر ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەیدا کە بەدەوری سەریدا دەخولێنەوە، سەر بکەوێت، ئێمە دەبێ لە پرۆسەی وتووێژی شارستانییەتەکاندا یەکەمین دیاردەکانی ئەم بەرپرسیارییەتییە نوێیە بە چاو ببینین. **(ئاخاوتن لە کۆنفرانسی ریۆدۆژانیر خەرمانانی ١٣٨١)**

## ئینگلیزی — کوردی

| | |
|---|---|
| ئێستاکی بوون- ئێستایی- هەنووکەیی | actualite |
| تایبەت | ad hoc |
| دژی راڤە | against interpretation |
| رکەبەرایەتی | agonism |
| لەخۆنامۆبوون | alienation |
| دیترخواز | altrustic |
| رۆح خوازی | animism |
| پێش ئەزموون | per- modern |
| وزەی ژیان | biopower |
| زۆرەکی | coercive |
| ئەقڵی راساڵ | common sence |
| ئەقڵخوازیی کیشوەری | continental rationalism |
| گرێبەستی بنەڕەتی | constitution |
| رێککەوتننامەیی — دەستووری | constitutional |
| گەڵاڵەی ئاوەدانکردنەوە | constructive program |
| گیتی تەوەر | cosmocentric |
| گەردوون | cosmos |
| شار لە مێژوودا | city in history |
| بیرکردنەوەی رەخنەگرانە | thinking critical of |
| رەخنە لە توندوتیژی | critiqe of violence |
| رێنوێن شار | cyber polic |



| | |
|---|---|
| بونیادشکێنی | deconstractinism |
| جادوویی سڕینەوە | disencharted |
| خودتەوەری | egocentrism |
| جادووخواز | enchanted |
| عادەت | enthos |
| رووداوەکان | event |
| بوونەوەری (بوونی) | existental |
| لە دەرەوەی هەڵوێست | exotopic |
| فەنداسیۆنیزم | fondutionism |
| پەرتەوازەیی | fragmentation |
| ناسکی | frgility |
| ئورگانیك | gemeinschaft |
| کۆمەڵەی گرێبەستی | gesellschaft |
| فێرکارەکان | give of lesson |
| بەجیهانیبوون- گلۆباڵیزم | globalization |
| ئاکار | gospel |
| گێڕانەوە گەورەکان | grand narrations |
| گشتخواز | holistic |
| کۆمەڵگەی گشتخواز | holistic community |
| دوو رەگەزی | hybrid |
| سەروو راستی | hyper real |
| بەڵێنی رۆشنبیرانە | intellectual engagement |
| ئەقڵمەندی | intellect |
| ئەندێشەی نێوانزەینی | intersubjectivity |

| | |
|---|---|
| بێلایەن | impartiality |
| مەعریفە | knowledge |
| یارییە زمانییەکان | language games |
| مارکسیزمی سەردەمی کۆتایی | late marxism |
| ئەدەبیاتی بێدەنگی | literature of silence |
| گێڕانەوە گچکەکان | little narrations |
| لۆکاڵگەری | locality |
| ئەقڵی تەوەر | logo centric |
| ئەقڵ تەوەریی میتافیزیکی | logo centric metaphtsics |
| ئەقل تەوەری | logo centrism |
| ئەقڵ | logos |
| سەرووگێڕانەوە | matanarrative |
| دەژبەگەکان | manor |
| تاکبکۆمەڵی | mas individuai |
| میدیا تەوەر | media oriented |
| روانینی لاساییکارانە | mementic apprpach |
| بەڵێنگەرانە | messianic |
| فەزیلەتی خود | metis |
| لاسایی | mimesis |
| ئەقڵانییەتی مۆدێرن | modern rationality |
| شێوازی ئەندێشە | modus cognoscendi |
| شێوازی ژیان | modus vivendi |
| تاقانەخوازانە | monistic |
| نۆژەنکردنەوە | modernization |



| | |
|---|---|
| یاسادانەریی ئاکار | moral legislators |
| ناونان و پێویستی | naming and nessety |
| قولەڕەشبوون | negritade |
| پووچگەرایی | nihilism |
| یاساکان | nomos(nomi) |
| ناتوندوتیژی | non- violence |
| هەبوونناسی | ontological |
| پارادایم | paradigm |
| پراگماتیك | paragmatic |
| پێش مۆدێرنێتە | per modern |
| سروشت | phusis |
| گەوهەری فەلسەفی | philosophers stone |
| دەوڵەتشار | police |
| مێتۆدی سیاسی | policy |
| سیاسی | political |
| سیاسەت | politics |
| رێکخراوەی سیاسی | polity |
| ئازادیی ئایاو | positive freedom |
| پاش شۆڕش | post-revolutionary |
| پرسپێکتیڤیست | perspectivist |
| راستەکی - واقع | real |
| دەوڵەتی قانوونی | rechtsstaat |
| ئایینداری | rellgiosty |
| پیشاندانەوە | repersentation |

| | |
|---|---|
| ژیانەوە | revitalisation |
| ئەقڵمەندی | sapientia |
| خۆد - داهێنەری | self - creative |
| خود- دیاریکەری | self - detrmination |
| خۆڕاگری | self – hood |
| خود- بیری | |
| هەستی گشتی | sensus communis |
| نەرمونیان | soft |
| ئاوەز | sophia |
| دەوڵەتی سەربەخۆ | soveregn |
| بونیادگەری | structuralism |
| سەلیقە | tast |
| ئاکامناسانە | teleological |
| ئامانج | telos |
| بیرکردنەوەی یۆتۆپیایی | thinking utopian |
| ناسینی پێشکەوتنخوازانە | transcendent knowledge |
| حەقیقەی | truth |
| پووچەڵکەرەوە | under |
| بەرژەوەندیخوازانە | utilltarian |
| ئەتنیکی | volksgeminschaft |
| ئەدەبیاتی جیهانی | welt literatur |



## فارسی – کوردی

| | |
|---|---|
| آزادی مثبت | ئازادیی ئایاو |
| آموزگاران | فێرکاراکان (مامۆستا)یان |
| اجباری | زۆرەکی |
| احساس عمومی | هەستی گشتی |
| اخلاق | رەوشت |
| ادبیات جهانی | ئەدەبیاتی جیهانی |
| ادبیات سکوت | ئەدەبیاتی بێدەنگی |
| ازخودبیگانگی | لە خۆنامۆبوون |
| افسونزدایی | جادووسڕینەوە |
| افسونگرا | جادووخواز |
| اقطاع داران | زەویدارەکان |
| التقاتی | دووڕەگەزی |
| انداموار | ئورگانیك |
| اندیشهٔ بین الاذهانی | ئەندێشەی نێوان زەینی |
| بازنمایی | پێشاندانەوە |
| بازی های زبانی | گەمە زمانییەکان |
| برنامهٔ زندگی | بەرنامەی ژیان |
| برون موضعی | لە دەرەوەی هەڵوێست |
| بنیادگرایی | بونیادگەرایی |
| بومی گری | لۆکاڵگەری (ناوچەگەریی) |
| بیطرفی | بێ لایەنی |
| پارادایم | پارادایم |
| پراکندگی | پەرتەوازەیی |
| پسانقلابی | پاش شۆڕشی |

| | |
|---|---|
| پهنهنگر | پرسپێکتیویست- پرسپێکتیڤیست |
| پیش تجربه | پێش ئەزموون |
| پیش مدرنیته | پێش مۆدێرنێتە |
| تجدید حیات | ژیانەوە |
| تعقل | بیرکردنەوە |
| تعهد روشنفکری | پەیمانی رۆشنبیری |
| تفکر انتقادی | بیرکردنەوەی رەخنەگرانە |
| تقلید | لاسایی |
| توافق نامۀای | رێککەوتننامەیی |
| جامعه قراردادی | کۆمەڵگەی گرێبەستی |
| جامعه کلگرا | کۆمەڵگەی گشتخواز |
| جان گری | رۆح خوازی |
| جهانی شدن | بەجیهانیبوون |
| خاص | تایبەت |
| خرد | عەقڵ، بیر |
| خود – آفرینی | خود - خولقێنەری |
| خود – اندیشی | خود - بیری |
| خود – تعینی | خود - دیاریکەرێتی |
| خود – مداری | خود - تەوەری |
| خویشتن داری | خۆڕاگری |
| دولت حقوقی | دەوڵەتی قانونی |
| دولتشهر | دەوڵەتشار |
| دولتمستقل | دەوڵەتی سەربەخۆ |
| دیگرخواه | ئەوی دەخواز |
| دینداری | دینداری |
| رسانهسویه | میدیا تەوەر |
| رقابت | رکەبەرایەتی |



| | |
|---|---|
| روایتهای بزرگ | گێڕانەوە گەورەکان |
| روایتهای کوچک | گێڕانەوە گچکەکان |
| روش سیاسی | مێتۆدی سیاسی |
| رهنماشهر | رێنوێن شار |
| ساختارشکنی | بونیاد شکێنی |
| ساختارگرایی | بونیادخوازی |
| سازمان سیاسی | رێکخراوەی سیاسی |
| سلیقه | سەلیقە |
| سیاست | سیاسەت |
| سیاسی | سیاسی |
| سیاه بودن | رەشبوون |
| شکنندگی | ناسکی |
| شهر در تاریخ | شار لە مێژوودا |
| شیوه تفکر | شێوازی بیرکردنەوە |
| شیوه زندگی | شێوازی ژیان |
| طبیعت | سروشت |
| عادت | عادەت (خوو) |
| عدم خشونت | ناتوندوتیژی |
| عقل | ئەقڵ |
| عقلانیت مدرن | ئەقڵانییەتی مۆدێرن |
| عقل سلیم | ئەقڵی راساڵ |
| عقلگرایی اروپایی | ئەقڵگەرایی ئەورووپی |
| عقل محور | ئەقڵ تەوەر |
| عقل محوری متافیزیکی | ئەقڵ تەوەریی متافیزیکی |
| علیه تفسیر | دژی راڤە |
| عملگرا | پراگماتیست (کردار گەرا) |
| غایت شناسی | ئاکام ناسی |

| | |
|---|---|
| فراروایت | سەروو گێڕانەوە |
| فراستخود | فەزیلەتی خود |
| فراواقعی | سەروو راستەقینەیی |
| فرد توده ای | تاکی کۆمەڵی |
| قانونگذاری اخلاق | یاسادانەریی ئاکار |
| قدرت زیست | وزەی ژیان |
| قراردادا‌ساسی | گرێبەستی بنەڕەتی |
| قوانین | یاساکان |
| کل نگر | گشتخواز (گشت بین) |
| کنونی بودن | هەنوکەیی بوون |
| کیهان | جیهان، گیتی |
| کیهان محور | گیتی تەوەر |
| گوهر فلسفی | گەوهەری فەلسەفی |
| لطیف | نەرمونیان |
| مارکسیزمدورانآخر | مارکسیزمی سەردەمی کۆتایی |
| معرفت | مەعریفە |
| موعدگرایانه | بەڵێنگەرانە |
| نامذاری و ضرورت | ناونان و پێویستی |
| نقد خشونت | رەخنەی توندوتیژی |
| نگرش تقلیدی | روانینی لاساییکارانە (تەقلیدی) |
| نوسازی | نۆژەنکردنەوە |
| نیستانگاری | هیچگەری |
| واقعی | راستەقینە |
| وجودی | وجودی |
| وقایع | رووداوەکان |
| هستیشناختی | بووناسانە |
| یکتانگارانه | تاقانەخوازانە |

## ئیندێکس

ئاچانگارا سوترا ((acarengra sutr
ئادام سمیت (Adam smith
ئادۆرنۆ adorno))
ئاگاپە(Agap)
ئەهمیسا(Ahimsa)
ئێمە سێزەر (Aime cesair
ئالکۆیین (Alcuin)
ئالیسۆن (Alison)
ئانگۆتارا نیکایا(Anguttara nicaya )
ئاکویناس (aquinas)
ئارێنت (Arentd)
ئەرەستوو (Aristotle )
بادشاخان (Badshah khan)
بهاگاواد گیتا(Baghavada Gita)
بالاندییە (Balandier)
بۆدلێر (Baudelaire)
بۆدریار (Baudrillard)
بێندیکت دو سپینۆزا (Bendict de Spinoza)
کۆنستانت (Benjamin constant)
بوودێن (Bodin)
برۆت (Brut)
کارێل (Carrel)
سێروانتس (Cervantes)
چاندرا گوتبا (Chandrangupata)



چارلز ئۆلسۆن (Charles olson)
چارلز تایلۆر (Charles taylor)
سیسرۆن (Ciceron)
کلاوزویتس (Clausewitz)
دانییێل بێل (Daniel Bell)
دەیڤید کات (David cuate)
دونیسۆن (Denison)
دریدا (Derrida)
دارما (Dharma)
دیدرۆ (Diderot)
ئێبرهارد فیشر(Eberhard fisher)
ئی.جی. بێرگس (E.G. Burguess)
ئێرنێست فوکس (Ernest fuchs)
ئێسپرای (Esprit)
ئێتۆد (Etude)
فێرناندۆ هێنرۆك کاردسو (Fernando Henrogue Cardeso)
فیدلێر (Fiedler)
فۆکۆ (Foucault)
فرانسیس ئاسیسی (Fransis of Assissi)
جورج سورێل (Georde Sore)
گێرهارد ئێبلینگ (Gerhard Ebeling)
گودار(Godard)
جی. ستاینێر (G. Steiner)
گواتما بوودا (Guatma Buddha)
هان (Han)
هاریجان (Harijan)
گۆستاڤ گوتیەرز (Gustavo Gutierrs)

هایدگەر (Heidegger)

هی.جی ویڵز (H.G. wells)

هابز (Hobbes)

هورکهایمێر (Horkheimer)

ئیهاب حەسەن (Ihab Hassan)

ئەمانوێل کانت (Immanuel Kant)

ئێروینگ هاو (Irving Howe)

جایینیزم (Jainism)

ژان ژاك رۆسۆ(Jean Jacques Rousseau)

ژان فرانسوا لیۆتار (Jean Francois Lyotard)

جێنکس (Jenks)

جۆن لۆك (John Loke)

جان ستوارت میل (John Stuart Mill)

جیۆتیندرا جین (Jyotindra Jain)

لایب نیتس (Leibnis)

لێئۆنارد مەییێر (Leonardo Mayer)

لێئۆپۆڵد سنگور (Leopold Senghor)

لۆییس مامفۆرد (Lewis Mumford)

ماکیاڤیلی (Machiavell)

مەك گرێس (Mac Grath)

مەك ئینتایر (Mac Intayre)

ماهاویر (Mahavira)

مالارمێ (Mallarme)

مانوا براهما (Manava Brahma)

مارسیلۆس پادوئایی (Marsillus of Pudua)

موریان (Mauryan)

ماهاباراتا (Mohabharata)



مونتێن (Montaigne)

نیلوفر گۆلێ (Nilufer Gole)

نیتچە (Nitezche)

نوربێرت ئەلیاس (Norbert Elias)

ئۆکتاڤیۆ پاز (Octavio Paz)

ئۆلیڤەر مونزن (Oliver Mongine)

پاژت(Padgett)

پانچایات راج (Panchayat Raj)

پارسوا (Parsva)

پولڤالێری (Paul Valery)

پیێرز ئێسکی ڤێل (Perez Esquivel)

فیلیپس(Phillips)

پایلێت (Pilate)

پورنا سوئاراج (Poorna Swaraj)

ر. و. ئێمرسۆن (Ralpha Waldo Emerson)

راماراجا (Ramaraja)

راسو ڤاستو (Rasa Vasta)

ر. ج. واتسۆن (R.G. Watson)

ریچارد رۆرتی (Richard Rorty)

رامبۆ (Rimbaud)

راستۆ (Rostow)

مارکی دو ساد(Sade)

سادانا (Sadana)

شۆوێن (Schwen)

سەپۆلڤێدا (Sepulveda)

سرڤیسیۆ پازی جاستیکا (Servicio Pazy Justica)

سوکرات (Socrate)

سوهام (Soham)

سونتاگ (Sontag)

ویلیام سپانوس (Spanos)

شتراوس (Strauss)

سوئاراج (Swaraj)

تالمون (Talmon)

توماس هابز (Tomas Hobbs)

ئۆپانیشاد (Upanishad)

وایشناڤا (Vaishnava)

ڤانهوزێر ((Vanhoozer)

ڤینۆلا بهاوا (Vinola Bhava)

ڤێنتۆری (Ventori)

والّتیر بێنیامین (Walter Benjamin)

وێبێر (WeberWells)

و.ج. بلانت (W. C. Blant)

ڤۆلفگانگ ولش (Wolfgang Welsch)

یوگا شوترا (yoga sutra)

زیگمنۆد باومەن (Zygmunt Bauman)